
# پاشازادە



رۆمان

نێوەندی Aram

چاپی نوێ
٢٠٠٩

## عەزیز نەسین

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئەحمەد نوری




دلۆپێك له باران

What did you study in undergraduate school at Soran University?

من کورمmale

2 wk · Edit

Post

Update Info

Activity Log

More

Lives in **Soran, Iraq**

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

# پاشازادە

عەزیز نەسین

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد نووری
یەکەم چاپ 2009

Scanned by CamScanner

نێوەندی ئارام بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
ئاسیا 07701918565
کۆرەک 07501241518

ناوی کتێب : پاشازادە
نوسینی : عزیز نەسین
وەرگێرانی لە عەرەبیەوە : ئەحمەد نووری
پێداچوونەوەی : وەرگێڕ
تابلۆی بەرگ : ئەیوب
چاپ : یەکەم چاپ
چاپ و بلاوکردنەوەی : نێوندی چاپەمەنی ئارام
شوێن و سالی چاپ : سلیمانی 2009
تیراژ 5000

هەموومافەکانی چاپکردنەوەی پارێزراوەبۆنێوەندی ئارام

Scanned by CamScanner

# پێشەکی:

پاڵەوانی ئەم چیرۆکەم لە زیندانی ( دەرگای پاشا ) ناسی ، کە یەکێکە لە زیندانەکانی تورکیا ، من لەو کاتە کە ساڵی 1951 بوو ، بە تۆمەتی خۆ هەڵقورتاندن لە سیاسەت دەستگیر کرابووم ، تا پێش هاتنی ئەم پیاوە کە بە ( پاشا زادە ) ناسرا بوو ، زۆرم دەربارەی بیستبوو ، ئەویش لە ڕێی ئەو ڕۆژنامانەی کە لەو سەردەمە دەر دەچوون دەگەیشتە دەستمان یەکێک لەو ڕۆژنامانە تایبەت بوو بە باری ئاسایشی ناوخۆ لە بیست و چوار کات ژمێری ڕابردوودا ، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کابرایەکی بە تەمەن بوو تەمەنی لە سەروو پەنجا ساڵەوە ئەبوو ، جگە لەوەی کە زیندانیەکان هەموویان ئەیانناسی ، ئاشنایەتیشی لەگەڵ گرتووخانەکەیشدا هەبوو ، کە لە سەرەتای دامەزراندنیاوە لەو کارەیاندا ئەم پیاوە میوانیان بوو هەمیشە ( پاشا زادە ) گەورەترین کەڵکچی و ساختە چی بوو لە ناو تورکیا خەڵک زۆر بەپەرۆشەوە بەدوای بەسەرهاتەکانیدا تامە زرۆ بوون جیاوازی من لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ئەوە بوو کە ئەم ویست بزانم کە چ ڕابووردوویەک لە ژیانی ئەم پیاوەدایە کە ئاوای لێ دەرچووە ؟ بەسەرهاتی ژیانی چی بووە ؟ بێگومان ئەو کەسانەی لە جۆری ( پاشا زادە ) لە پرێکدا نەبوون بەو کەسە ، من ئەم ویست بزانم کە چۆن بیری لە کاری ساختەچیەتی کردۆتەوە ؟ پاش ئەوەی کە بینم و لە نزیکەوە ناسیم ، لە شانسی مندا هێنایان بۆ ئەو زیندانەی کە خۆم تیادا بووم هەرچەندە خۆیشم دەستم لەو کارەدا هەبوو ، واتە هەوڵم دا کە بیهێنن بۆ لای خۆم ، چونکە بە هۆی ئەو تۆمەتەی پێی تاونبار کرابووم ، بە چاوێکی تایبەتەوە سەیریان دەکردم و داواکانیان جێ بەجێ ئەکردم ، ناڵێم کە باسی ئەم پیاوەم کردووە بەتەواوی تەنانەت ئەو پیاوەی کە باسی ئەکەم لەم چیرۆکەدا ( پاشا زادە ) نیە ، بەڵام بێ گومان دەبێت نووسەر ووشەکانی لە بنەڕەتەوە سەرەچاوەی گرتبێ بۆیە توانیومە ئەو ڕووداوەنەی پاشا زادە بە شێوازێکی وەها دابڕێژم کە کورتەی ئەو ووردە کارییانە بێ کە ئەو بۆی باس کردوم ئەم کابرایە قسەکەرێکی زۆر لێ هاتوو بوو ، زۆرێک لەو ڕووداوەکان کە ئەیگێڕایەوە بەو جۆرە باسی ئەکرد کە بەڕاستی ڕووی دابێ ، لە ڕاستیدا ئەم پیاوە ئەوەندە لە درۆکانیدا نقووم بوو بوو لە خۆی کردبوو بە واقعێکی بینراو ، بۆیە کاتێک کە باسی ئەو ڕووداوانەی ئەکرد ئەستەم بوو درۆ لە ڕاست جیا بکەیتەوە ، وە چونکە بەر لە تۆ خۆی قەناعەتی هێنا بوو بەوە ، ئەوەی کە سەرنج ڕاکێش بوو لە لام ئەوە کە ئەم پیاوە هەرچەندە باسی تاوانەکانی ئەکرد ، بیانوی ئەوەی ئەهێنایەوە کە تەنیا ڕێگەیەک لە بەردمیدا مابوو بۆیە ناچار بوو کە پیایدا بڕوات بەڕای ئەو کۆمەڵگاکەی دەورووبەری ناچاریان کردبوو کە پەنا بباتە بەر ئەو ڕێگایە ئەمە قسەکانی بوو دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکتر ناسینمان ، پێی وتم کە



Scanned by CamScanner



# پاشازادە

ئەو ئێستا ناتوانێ کە جیاکاری بکات لە نێوان ئەوەی ڕوویداوە و ئەوەی بە درۆ باسی کردووە چونکە ون بووە لە ناو درۆکانیدا . بەڵام بەرای من تەنانەت ژیانی منالی و کەسێتی و یادگاریەکانی هەمووی درۆیە چونکە پێی وتم کە ئەو درۆیانە بووەتە ڕاستیەکی ژیانی و بنیات ناوە بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە مرۆڤ هەرچەندە درۆ بکات و شت دروست بکات ئەو درۆیانە دەروازەیەکی هیوایە بۆ خەون و ئاواتەکانی ئەو کەسە چونکە ئەو مرۆڤەی ئەوەی کە شتێک لەو درۆیانە ئەبێت پەیوەندی بە ناخیەوە ئەبێ . بۆیە هەر درۆیەک کە کردی لایەنێکی شاراوەی ڕاستی لە ناخی ئەودا تیا بوو . بۆیە پاشا زادە باسی ناخی خۆی ئەکرد کە ڕاستیەکانی بەدرۆ هەڵئەگێرایەوە پاشا زادە هیچ کردارێکی ساختەکاری یان دزی ڕەت نەکردووە کە کردویەتی چونکە بە درێژایی چەندەها ساڵ چووەتە چەندەها زیندانەوە و لێی هاتوتە دەری . گەیشتوتە ڕادەیەک کە ناتوانێ نکوڵی لەتاوانەکانی بکات . بەڵکو کە باسی ئەکات زیادەشی پێوە ئەنێ و تاوانی زیاتریش ئەنێتە پاڵ کە دروستکراوە . بۆیە بە ڕای من بووەتە بێزەر و هونەرمەندێکی چاک لە باس کردنیاندا پاشا زادە هەمیشە ووشەیەکی لەسەر زمان بوو ئەویش ئەوە بوو " جیم نکرادیە " ئەوەی لە ناوچەوان نووسراوە هەر دەبێ چاو بیبنێ " بە واتایەکی تر بیانویەکی بۆ خۆی دوزیبووەوە تاوەکو ویژدانی بێ دەنگ بکات لە کاتی کردنی تاوانێکدا هەمیشە دەیگوت " یەک ڕێگا ماوە ساختە کاری " یان " هیچ هیوایەکم نەبوو بۆیە ناچاری ساختەچیەتی بووم " یان " هەموو دەرگاکان بەڕوومدا داخرابوون تەنها یەک ڕێگەچارەم لەبەر دەمدا بوو " .

هاوڕێیەکم هەبوو ڕۆژنامە نووس بوو جاران بەڵام دوایی چێشتخانەیەکی کردەوە لە کەنار دەریای ( بندک ) لە ساڵی ( 1967 ) منیش لەگەڵ چەند هاوڕێکمدا چووین بۆ ئەو چێشتخانەیە لە شەوی لە شەوەکاندا چی ببینم ؟ پاشا زادە لەوێ کاری دەکرد وەک سەرۆکی خزمەتگوزارەکان ( واتا چاودێر بۆ بەسەریانەوە ) بە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشەوە وە کراسێکی سپی . لە دبلوماسیک دەچوو کە تەمەنێکی لە وەزراتێکدا بردبێتە سەر لە پۆستێکی گرنگدا وەک لەوەی زیاتر لە چاودێر بچێ . کاتێ کە بینمی هەموو گیانی لە ترسدا دا کەوت وە لێم پاڕایەوە کە ئاشکرای نەکەم لە لای خاوەن چێشتخانەکە . پاشازادە لە هەموو کارێک دەر ئەکرا کاتێ خاوەنی کارەکە دەیزانی چ ڕابردوویەکی هەیە . یان کاتێ پۆلیس ئەیانناسیەوە پێی وتم کە بێزار بووە لە پەشێوی ، وە نایەوێ جارێکی تر بگەڕێتەوە زیندان دوای ئەم هەموو تەمەنە وتی :

— " ئێستا ئەبینێت کە من کاری شەریف دەکەم تا بوار نەیەم بە ڕێگاکان داخرێنەوە بە ڕووما . تا مەجبور نەبم کە پەنا بیەمەوە بەر ئەو تاکە ڕێگایەی کە ناوی ساختەیە "



Scanned by CamScanner

لێرەدا من بیرم کردەوە کە ئایا پێویست ئەکات کە ڕبووردووەکەی پاشا زادە ئاشکرا بکەم لای هاوڕێکانم " خاوەن چێشت خانەکە " ؟ بەلاّم وتم ئەگەر وا بکەم بە دڵنیایەوە ئەگەڕێتەوە سەر هەمان ڕێبازی کۆنی و دەگەڕێتەوە زیندان ، وە ئەگەر ئاشکرای نەکەم ئەوا بیانوویەک ئەدۆزێتەوە لەم کارە شەرعیەدا پەنا دەباتە بەر ساختە کاری ئەگەر بۆی بلوێ زیان بە هاوڕێکەم دەگەیێنێ ، ئەبوایە هاوسەنگیکم بدۆزیایەتەوە لە نێوان هەردوو ئەگەرەکەدا ، ئەو شەوە پاشا زادە باسی سەرکەوتنە گەورەکانی بۆ ئەکردم لە بواری چێشت لێناندا ، بەلاّم ئەوەی گێڕایەوە زۆر قێزەوەن بوو وتی کاتێ لە یەکێک لە چێشتخانەی ئوتێلە گەورەکاندا کاری ئەکرد لە کاتێکی زۆر درەنگدا شەوێک ئافرەتێکی فەرەنسی کە لەو ئوتێلەدا بوو داوای خواردنێکی کردبووە کە دابین کردنی لەو کاتەدا زەحمەت بوو بۆیە هەستاوە بە کارێکی زۆر سەیر و ئەو تا داوایە جێ بەجێ بکات پاشا زادە وتی :

- " گۆرەوەیە کۆنە ڕەشە دڕەواکەم ورد ورد کرد و تۆزێ پیازم لەگەڵدا جنی سورم کردەوە بە بەهارات و خوێ و شتی ترەوە وە چەندەها سەوزەم لە دەوری دانا لەسەر قاپەکە و پێشکەشم کرد بە ئافرەتە کە ئەویش خواردی زۆر بەدڵی بوو بانگی کردم تا دەست خۆشیم لێ بکات " .

من ئەزانم کە ئەم چیرۆکەی هێلنج بە گەدەی زەلام ئەهێنێت هەمووی دروستکراو بوو بەلاّم ئەو ئەوەندە چووە ناو ووردەکاری چیرۆکەکەوە هەر کەسێک بوایە بڕوای پێ دەکرد ، پاشا زادە بە بەروار و ناو شوێن و زۆ وردەکاری ترەوە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە بۆیە ئەستەم بوو ڕاست لە درۆ جیا بکەیتەوە کاتێ بیرم کردەوە کە ئاشکرای بکەم یان نا ، هاوڕێکەم " خاوەن چێشتخانەکە " هاتە لام پرسیاری لێ کردم و وتی :

- " چاودێری خزمەتگوزارەکانم ئەناسی ؟ " .

نەمتوانی بڵێم نایناسم چونکە ئێمەی بینی کە قسەمان ئەکرد بەلاّم من لێم پرسی :

- " ئەی تۆ ئەیناسی بەباشی ؟! " .

وتی :

- " بەڵێ بە دڵنیایەوە ئەزانم کە خاوەن ڕابردوویەکی ساختەکارییە و لە زیندانا بووە .. " .

وتم :

- " لە کوێوە زانیت ..؟!! " .

وتی :

- " پۆلیس هاتن بۆ لام و پێیان وتم ...بەلاّم ئەو نازانێ کە من باش ئەیناسم ... " .

وتم :

- " جا بەتەمای دەری بکەی یان نا ؟ " .

ووتی :



Scanned by CamScanner





- " چۆن دەری ئەکەم ؟ چەندەها ساڵە من بەدوای کەسێکی وادا وێڵم ئەم کابرایە ئیشی چێشت لێنان ئەکات ، وە ئەگەر پێویست بوو خواردن دا ئەنێ و ئیشی پاک کردنەوەش و خزمەتگوزاری تریش ئەکات بەشێوەیکی تەواو گونجاوە وە لەسەرو هەموو ئەمانەیشەوە بەکرێیەکی زۆر کەم کار دەکات .

Scanned by CamScanner





# هەڵەی حەڵواکە ....

ناوبانگم " پاشا زادە " یە ، بەڵام زۆر بەلاتانەوە سەیر ئەبێ کە هەڵە ئەکەم لە نێوان کەسێتی ڕاستەقینەم و ناوە ڕاستەقینەکەم چەندەها ساڵە من بە ژمارەیەکی زۆر کەسایتیەوە ئەژیم ، بۆیە ئێستا ناتوانم خۆن بدۆزمەوە ، ناسنامە ڕاستەقینەکەی کەسێتی من ئاوێتە بوو لەگەڵ ڕابردوویەکی زۆر دووردا ، کە تەنانەت ئەو ڕابردووەشم بیر نەماوە ، ئەگەر یەکێ لە دواوە بە هەر ناوێک بانگم بکات ، دەبێ دەست بە جێ ئاوڕ بدەمەوە ، چونکە هەموو ئەو ناوانەم بە کار هێناوە لە کاری ساختە کاریدا ، جارێک " صەفوەت بەگ " بووم سەرۆکی فەرمانگە و جارێکیش چاودێر بووم بە ناوی " ئیبراهیم فەدان " ، جارێکیش مقاول بووم بە ناوی " وەهبی بەگ " جارێک دکتۆر ڕەشاد " بوم جارێکیش ئەندازیار " ڕەفعەت " بووم ئێستا ناتوانم هەموو ئەو ناو و کەسایتیانە بژمێرم و باس بکەم کە لە کاری ساختەدا بەکارم هێناوە زۆر لەو وردەکاریيانەی لە ژیانمدا هەیە و بەبێ بایەخی دائەنێن لەوانیە ڕێڕەوی ژیانمان بگۆڕێ بە شێوازێکی چاوەڕوان نەکراو لامان بدات لەو ڕێگەی کە خۆمان بۆمان دروست کردبوو ، باوای دابنێن کە بەر بەدێک ئەکەوین لە ڕێگا ، چەند خولەکێکمان ئەوێت تا هەڵ دەستینەوە و خۆمان ئەتەکێنین وە دەست ئەهێنین بە شوێنی ئازارەکەداو ئەکەوینەوە ڕێ ، ئینجا ناسیاوێکمان ئەبینین و لەگەڵیدا ئەڕۆین بۆ شوێنێک و لەوێ کچێک ئەناسین خۆشمان ئەوێت و داوای دەکەین ، چی ئەڵێن دەربارەی ئەم قسانە ؟ ئەگەر بەر ئەو بەردە نەکەوتینایە لەڕێگا و تۆزێک نەهاتینایەتە سەر خۆ ، کەواتە ئەو ئەگەرانەی کە هەن لە ژیاندا و لەماوەیەکی کورتدا ژمارەیان بێ کۆتاییە ، ئەمەش دەری دەخات کە چەند هەوڵ بدەین ژیانمان بگۆڕین ئەوا ئەو هەوڵانە دەبنە قوربانی چەند چرکەو خولەکێک لە ڕووداوێک کە تووشمان دەبێ لەوانەیە بڕواتان بەمە هەبێ کاتێ کە دەزانن چۆن ئەو قاپە حەڵوایە



Scanned by CamScanner





ڕیزەوی هەموو زیانی منی گۆڕی و بە پێچەوانەی ئاراستەکەی من خولی خوارد من لە ناوەندی سەربازی بووم ، زەیرەک نەبووم بەڵام هەموو ساڵێک دەردەچووم تا گەیشتمە ساڵی کۆتایی ، چەند مانگێکمان مابوو بۆ ئەوەی دەربچین بۆ کۆلێژی سەربازی ، گەنجێکی زیان بەخش و هار و هاج بووم لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا و هاوڕێکانم خۆشیان ئەویستم ، حەزیشم لە یاری و دووگۆلێ و زۆرانبازی بوو لە بیرکاریشدا هەمیشە یەکەم بووم ، بە هۆی ئەوەی باوکم زۆر درەنگ ناوی تۆمار کردم لەو قوتابخانەیە بۆیە لە برادەرکانم زلتر و بە تەمەن و گەورەتر بووم ، ئەوان لە تەمەنی ( 18 – 19 ) ساڵدا بوو تەنانەت مامۆستاکەشم لە من منالتر دیار بوو چونکە زۆر کەتە بووم .

لەو ناوەندیەدا سەرەی چێشت لێ نانم هەبوو لە هەفتەیەکدا ، خوێندکارە نزیرەکەکان حەزیان بەو سەرەیە نەبوو تا لەوانەکانیاندا هەوڵی بکەن زیاتر بدەن بەڵام بۆ ئێمەی گێرە شوێن خۆشترین شت بوو ، چونکە لەو ڕۆژەی ئەوەی سەرەی چێشتخانەی بوایە نەئەچووە پۆلەوە وە ئەوەش مافی خۆی بوو ، لە چێشتخانەیە وەکو ڕاهێنانێکیش بوو بۆ تەلەبەکان بۆ کۆلێژی سەربازی برادەرێکمان هەبوو ناوی " رەجائی " بوو ناومان نابوو " ڕەجائی بێ سوکنا " ڕەجائی کاتێ سەرەی چێشتخانەی ئەهات نیوەشەو بەدزیەوە خواردنی ئەهێنا بۆ ژوورەکەمان کە بریتی بوو لە گۆشت و جگەر و برنج و شلە و حەلوا ، کاتێ ئەهات بە شەق و زەللە و گوێ ڕاکێشانەوە و بەتانی لایان و ئاو کردن بەسەرمانا خەبەری ئەکردینەوە تا هەڵسین و دەست بکەین بە خواردن ئەی وت هەستن سەگ باببنە ، باوکتان خواردنی بۆ هێناون ، هەستن بێ قیمەتینە نەئەکرا هەڵنەستین چونکە دوای ئەو هەموو لێیانە خەو لە کوێ ئەمێنێ ؟ لە نێوان پێخەفەکاندا لەسەر زەوی دائەنیشتین و دەستمان ئەکرد بە خواردن ئەمە پیشەی هەموومان بوو لەگەڵ یەکتر کاتێ سەرەی چێشتخانە ئەهات ڕۆژێکیان زۆر مەشقم کردبوو ڕام کردبوو بە حەوشەی سەربازگەکەدا بۆیە زۆر هیلاک بووم و کاتی نووستن وەک مردوو خەوتم ، وا بەئاسانی خەبەرم نە ئەبۆوە ، دیسانەوە سەرەی ڕەجائی نا سوکنا بوو لە چێشتخانەکەدا ، لە پڕا دەرپەڕیم لە جێگەکەم وەک شێت کە زۆر بە زەحمەت چاوم هەڵهێنا بەسەر لێیان و گوێ ڕاکێشانما کە شەڕ لە چاو ئەوەیا هەر زۆر ئاسان بوو ، بگرە بە دار لێیان بامایە ئەوەندە عەزیەتی ناخۆش نەبوو ، بە چرنووق و شەقازلە و ئاو بەسەرا کردن و بۆکس و بیجامە داکەندن و ختوکە خەبەریان کردمەوە هاوڕێکانم بریتی بوون لە " بەدرییە گەڕ " و ڕەجائی نا سوکنا " و بورهان زوڕنا " و " کەمالی زەنگ " هەموویان دەتوت بۆ ڕوح کێشانم هاتوون لە چواردەوری پێخەکەمدا ... تا بیرم نەچێ برادەرێکی تریشم بوو بە ناوی " ڕەجەب چرا " ئەم نازناوانە لە خۆڕایی نەبوو ، بەڵام دوایی دێمە سەر باسکردنی کە بۆچی نازناویان هەبوو ، ئەوەی سەیرە بەلامەوە کە ئەو کاتە من نازناوم نەبوو بەڵام ژیان پێی بەخشیم دوای ئەو کارەساتە خەو چۆن ئەمێنێ ؟ بۆ دان پیانانیشت بەرن وات لێ ناکەن ! وات لێ ناکەن ئەفسەرێکمان هەبوو ناوی " حەقی مەهدی بوو " ، پیاوێکی پۆلایی بوو ، بۆکسی وەک ئاسن ئەکەوت



## یاسارادە

بەسەرو دەم و چاوماندا ، برادەرێکمان جارێکیان ویستی رابکات لەو ناوەندەییە ، بۆیە هەوڵی دا لە پەنجەرەیە ی تاسییەوە رابکات بەڵام کاتێک گیربوو تیایدا لە ناو ئازاری کەلەکەی دەستی کرد بە هاوار کردن کەسمان نەمان توانی بە بیاکێشان و راکێشان دەری بکەین لەو پەنجەرەیە وە لەوەش ناخۆشتر کاتێ برادەرێکمان بەپرتاو هات و ووتی فریای خۆتان بکەون " حەقی مەهدی " بەرەو ئێرە هات ، هەمووومان لە ناو عەررەتی رۆحی خۆمان وەک هەلم ون بووین و ئەو برادەرە داماوەشمان وەک مشک هەوڵی خۆ رزگار کردنی بوو چونکە بە جێمان هێشت بەلەقازەی تێ کەوتبوو ، لێیانی " حەقی مەهدی " زۆر و گیر بوونی ئەویش لەوێ نەیکرد بە پیاو بۆ باوکی بەڵام حەقی مەهدی زۆر بە هێمنییەوە هات و بەو دەستە پۆلاییانەیەوە هەر دوو شیشی پەنجەرەکەی لەکەلەکەی ئەو داماوە دوور کردەوە تا توانی بێتە دەرەوە کاتێ ئەوەمان بیست لە دوورەوە تەماشامان کرد بزانین چی روو ئەدات ئەوەی کە وەکو موعجیزە وا بوو ئەوە بوو کە برادەرکەمان لە پەنجەرەکە رزگاری بوو حەقی مەهدی زۆر بە ئاسایی بە جێی هێشت ! ، بە نەراندی بەسەریا و نە لێی دا ، باشە دوایی ئەمە ئەو کورە چۆن رووی بەهێت رابکات ؟ بە جێی هێشت و چووە نوسینگەکەی خۆی حەقی مەهدی پیاوێکی ئاوابوو هەموومان لێی دەترسین و رێزمان لێ دەگرت ،ئەشمان زانی کە ئەویش ئێمەی خۆش دەوێ بەڵام دەری نەدەخست و نەیدەهێشت بزانین تا نەیخۆین !! .

کاتێ جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا حەقی مەهدی لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەکەمان بوو وە لە بەر ئەوەی زۆر لە ئەفسەرەکان لەو جەنگەدا دەکوژران ژمارەیان کەم بووەوە ، بۆیە خاوەن لاشە زلەکانی پۆلی کۆتاییان هەڵدەبژارد و مەشقیان پێ دەکردن و بەپەلە رەوانەی جەنگیان دەکردن ، بەڵام کاتێ ئەوانیش تیا چوون ، سەرەی پۆلەکانی یەکەم و دووەم هات ،، بۆیە حەقی مەهدی بەهۆی لاشە زلەکەیەوە هێشتا ناوەندی تەواو نەکردبوو نێردرا بۆ جەنگ ، وە لە نێو ئاگر و تۆپ و وێرانیدا ئەو پیاوەی لێ دەرچوو هەرچەندە تەمەنی منداڵ بوو بۆیەهەمیشە هەستی بە ئازاری ئەوە دەکرد کە خوێندنەکەی تەواو نەکرد بەتەواوی لەبەر ئەمەش بوو کە دەیویست بە ئێمە قەرەبووی ئەوە بکاتەوە ، کاڵتەی لەلا نەبوو زۆر رەق بوو لە دەم و چاویدا هێڵت نە ئەبینی ، هەرگیز زەردەخەنەش نەی ئەگرت ، زۆریش نورە نەبوو ئەگەر یەکێکی ببینایە تەنانەت زەردەخەنەش بیگرێ هەمیشە ئەیوت " پێکەنین نارمایە بەسەر و چاوی سەربازەوە ، لەسەرباز نایەت بە پێکەنین خۆی بشوبهێنێت بە ئافرەت ، پیاو نابێ پێبکەنێ " .

ئەوەی دەبارەی حەقی مەهدی پێان وتبووین ئەوە بوو کە هەشت برین لە لەشیاتی هی سەردەمی جەنگە ئەگەر یەکێک لە هەر برینێکی بایە لەو برینانە ئەوا حەقی مەهدی بیری خوای نە ئەما ئەو کەسەی نیوە مردوو ئەکرد بەڵام حەقی مەهدی یەک تایبەت مەندی تیا بوو ئەویش ئەوە بوو کە لە هەر خوێندکارێکی بایە ئەوا دوایش وەک بەزەییەک لەو لێیانە قورسە واستەی بۆ ئەکرد لای

مامۆستاکان تا لەو دەرسەدا هەولی لەگەڵ بدەن کە لاوازە تیایدا ، بۆیە لێیانی هەر تەلەبەیەک جەژن و شایی بوو بۆ ئەو تەلەبەیە چونکە دەرئەچوو جارێکیان کەمالی زەنگ بەبۆکسێکی حەقی مەهدی بووە تۆپ لە نێوان دیواری ژوورەکەدا تا لە هۆش خۆی چوو بوو ، بەڵام کە هۆشی هاتەوە زەردەخەنەیەک گرتی و وتی" ئۆخەی شکور دەرچووم "

" ڕەجەب چرا " ی هاوڕێم کاتێ دڵنیا بوو لەوەی کە خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵبێت ئەم لە دەرسی بیرکاریدا دەرناچێت ، بۆیە هەوڵیدا لێیان بخوات بەدەست حەقی یەوە ، تەنانەت سەعیشی نەئەکرد چونکە ئەی زانی بە لێیانەکە دەرئەچێ ، بۆیە ڕۆژێکیان کە دەرسمان تەواو بوو ڕەجەب لە نێو قەرەباڵغیەکەدا دەنگێکی زۆر زل و ترسناکی بەگوێی حەقی مەهدی دا وەک "بررررررررر" . جا نازانم بەهۆی تورەبوونەوەی بوو یان ترس کە حەقی مەهدی لە جێی خۆی بەرز بووە ڕەجەبیش بۆی لێیانەکە بخوات زیاتر سەری بردە پێشەوە بەڵام حەقی مەهدی بە گوێچەکە بردیە ژوورەکەی خۆی هەموومان لە دەوری ژوورەکە کۆبینەوە تا کفن حازر بکەین دوای ڕۆح کێشانی ڕەجەب ، بەڵام هیچ دەنگێک لە ژوورەکە نەهاتە دەرەوە ، زۆرمان بەلاوە سەیر بوو وەک هەتک وابووین لەدەوری دەرگاکە زیاتر گوێمان ئەنا بە دەرگاکەوە تا هەناسەیەک ببیستین کەمالی زەنگ وتی :

- " بەدڵنیایەوە ئەو داماوەی خنکاندووە بۆیە هیچ نابیستین.... "

بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر ڕەجەب بەدەم گریانەوە هاتە دەرەوە لێمان پرسی چی ڕوویدا ؟! وتی :

- " حەقی لێی نەدام چەند لێی پاڕامەوە بەڵام سوودی نەبوو پێی وتم مەپاڕێرەوە وەک ژن هەر چییەک بکەی لێت نایەم ، چەند دەست و قاچیم ماچ کرد شانیم ماچ کرد گریام کەوتم بەسەر قاچیا ، پاڕامەوە هەر لێی نەیام ، بەڵام کاتێ بەو شتانە تۆزێ دڵی نەرم بوو وتی سەربازیتان پیس کردەوە ئێوەی ئافرەت بڵێ بزانم لە چ دەرسێکا لاوازی ؟ منیش بۆم ژمارد جەبر ، هەندەسە ، فیزیا ، کیمیا ، مێژوو ، جوغرافیا دین .......کاتێ بینمی لە ژماردنی دەرسە لاوازەکان تەواو نابم هاواری کرد بەسەرما و وتی بەسە سەگباب جا تۆ لە چییا باشی ؟؟ خۆ دەرس نەما نەیژمێری !! وتم گەورەم لە وەرزشا کەس نیە وەک من من لێهاتوو بێ ...وتی تەواو کوڕم بەهیچ وخۆڕا خۆت هیلاک مەکە ، لێت نایەم !! ، وە دەری کردم " .

بەڵام ئەوەی وای لە حەقی مەهدی کرد دەری بچێنێ شتێکی زۆر سەیر بوو یەکێک لە تایبەت مەندیەکانی حەقی مەهدی ئەوە بوو کەسی خائین و فیتنەی خۆش نەئەویست بۆیە جارێکیان کە هاتە ژوورەوەکەمانەوە سەیری کرد قومار ئەکەین فریای ئەوە کەوتین ڕابکەین و نەی بینێ کە کێ و کێ بووین ، بەڵام ڕەجەب بەدەرپێ و فانیلەیەکەوە ڕووی نەئەهات ڕابکات ، ئەوەی کە ڕەجەبی خۆشەویست کرد لە لای حەقی ئەوە بوو کە چەند بە لێیان نێوە مردووی کرد ناوی هاوڕێکانی پێ بڵێ هەر نەیوت ، ناو بە ناو حەقی بۆ پشوو جگەرەیەکی ئەکێشا و قاوەیەکی ئەخوارد دەستی بە لێدانی



Scanned by CamScanner

ڕەجەب نەکردەوە بەڵام ڕەجەب هەر نەی درکاند ، کاتێ کە پشووی سەری ساڵ هات نەیهێشت ڕەجەب بڕواتەوە ماڵەوە لەگەڵ چەند خوێندکارێکی زیرەکدا بەندی کرد لە ناوەندیەکە تا سەعی پێ بکەن ئەو خوێندکارانە کە سیان نەبوو بۆیە لەوێ دەمانەوە چەند مامۆستایەکیشی ڕاسپارد کە یارمەتی بدەن هەمووی لەبەر ئەو هەڵوێستەی کە نواندی.

شەوی چێشت لێنان شانس لەگەڵ ئەو کەسدا بوو کە سەرە ئێشکگریەکەی هەر کەسێ بێ جگە لە حەقی مەهدی چونکە لە ترسی ئەو نەی ئەتوانی خواردن بەرێ بۆ برادەرەکانی نیوەی شەو بەدزییەوە چونکە حەقی دایم بەزوور و هۆڵەکانەوە بوو شەوی ئێشکگرتنەکەی تا نیوەی شەو و جاری واش هەبوو زیاتر لە ناکاودابوو ، بەڵام بەدریە گەڕ قورەکەی خەست کردەوە بۆم کە سەرەکەی خۆی پامێ بە بیانووی نەخۆشیەوە وە دڵنیایی کردمەوە کە ئەفسەری ئێشکگر " بەشیر گۆگۆم " ە نەک حەقی هەرچەندم کرد کەسی تر ڕازی نەبوو ئەو سەرەیە بگرێت چونکە زۆر هیلاک بووم بەڵام کەبیرم لە خواردن و حەڵوا بەلەزەتەکان کردەوە خەو هیلاکیم لە خەیاڵدا نەما .

" بەشیر گۆگۆم " ئەفسەرەیێکی زۆر سادە بوو ، لە نۆرە ئێشکگرتنی ئەودا زۆر جار باو بوو ئەو کەسەی سەرەی بوو لە چێشتخانەکەدا برادەری تریشی ئەبرد بۆ ئەوێ بۆیە جارێکیان کە بەشیر گۆگۆم بەسەردا هاتووە و بردارەکان لە ژێر مێزی قاپەکاندا خۆیان شاردۆتەوە ، کە زانیویانە بەشیر بەم زوانە ناچێتە دەروە لە ژێر مێزەکەوە دەستیان بردووە بۆ قاپە حەڵواکان بە ئاوڕدانەویەکی بەشیر لە مێزەکە 3 قاپ حەڵوا دیار نە ئەما ، تووڕە و کەللەیی ئەبوو ئەیوت " کە هاتمە ژوورەوە مێزەکە 10 قاپی لەسەر بوو ئێستا 7 قاپ بۆ ؟؟ " .

لەم مشت و مڕەدا بوو لەگەڵ ئەو کەسەدا کەسەرەی چێشتخانەکەی بوو 3 قاپی تر دیار نەئەما بەڵام ئەوەندە ساویلکە بوو تەنیا بەسەر زەنشت کۆتایی بەکارەکە دەهێنا کاتێ سەرەکەم لە بەدریە گەڕ وەرگرت بەیانیەکەی هەموو شتەکانم حازرکرد و زۆر خواردن و حەڵواشم بۆ شەو شاردەوە لە شوێنی زۆر نهێنیدا ڕۆژی پێش ئەو سەرەیەم گەورەی چاودێری سەربازیەکان سەردانی ناوەندەیەکەمانی کرد بە " پاشا " ناسرا بوو ، بەسەر هەموو پۆلەکاندا گەڕا ، دوو ئەفسەر و بەڕێوبەری ناوەندەیەکەمان لەم گەڕانە هەمیشە بە دوایەوە ئەڕۆیشتن کاتێک سەرەی پۆلەکەی ئێمە هات خۆی کرد بە ژوورا و مامۆستای کیمیامان دەنگی بەرزکردەوە وتی :

- " هەستنە سەر پێ ... ئامادەبن " .

هەموو هەستاین دەممان داچەقاند بوو سەرسام بوو بووین بە " پاشا " یەکەم جار بوو ببینین ، زۆرمان دەربارەی بیستبوو ، بەڵام جلەکانی بەری لە هەموو شتێ سەرسوڕهێنەرتر بوو ، بە مامۆستاکەمانی وت " باسی چیت بۆ ئەکردن .؟ " مامۆستاکەمان وەڵامی دایەوە وتی : " باسی دەرهێنانی ترشی گۆگردم بۆ ئەکردن گەورەم " . ئەگبەتی ئەبێ بۆچی لەو هەموو خوێندکارەدا



پەنجەی بۆ من درێژ کرد ؟ تووەمەس من لە هەموویان گەورەتر و زلتر دیارم ؟ لێی پرسیم " هەستە بۆمان باس بکە " منیش لە کیمیادا بەس ئەوەندەم دەزانی کە ئۆکسجین هەڵدەمژین و گازی دوانۆکسیدی کاربۆن دەدەینەوە .

بەترس و لەرزەوە زمانم تەتەڵەی ئەکرد بەڵام دەستم کرد بەباسکردنی بابەتێکی کیمیایی تر کە باش ئەمزانی و کاتێ تەواو بووم " پاشا " ووتی :

- " بەردەوام بە بۆ وەستای ..؟ ".

وتم :

- " گەورەم تەواو ....! ".

وتی :

- " ئافەرین کورم بەس هەوڵ بدە باشتر لەبەری بکە چونکە زۆر ووردەکاری تیا بوو باست نەکرد ،دانیشە .. ".

من چۆن بزانم نۆرەی چێشتخانەی ئەو شەوەم لە بەدریە گەڕ وەرگرت لە جیاتی ئەوەی ببمە گەورەترین ئەفسەر لە وڵاتدا ئەم کاتە گەروەترین ڕاونراو لە وڵاتدا ؟! .

کاتێ کە نیوەی شەو داهات و کاتێ ئەوە هات تۆڵەی لێیانەکە لە برادەرکانم بکەمەوە بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە خۆشترین خواردنەوە بچم بۆ لایان ، بەهۆڵەکەدا بەرەو ژوورەکەمان ئەچووم بەئەسپایی و هێمنی و بێ دەنگ بە ووریایەوە کاتێکم زانی دەنگی پۆستاڵ یەت لە دوورەوە ، ئەو ئاسنانەی ئەزرنگانەوە بە پۆستاڵە کەوە تەنیا حەقی مەهی لە پێیدا بوو لەبەرمان کرد بوو ، چونکە کە هەمیشە گوێمان لە زرنگانەوەی ئەبوو وەک مشک خۆمان ئەکرد بەکونا ئەڵێن چی کە ئەو شەوە ڕاست بوو سەرەی ئێشکگری بەشیر گۆگۆم بوو بەڵام لەبەر کارێکی زۆر گرنگ دابوویە دەست حەقی مەهدی کاتێ دەنگی پۆستاڵەکە زۆر نزیک بووەوە بە قاپی خواردن و حەلواکە وە خۆم کرد بە ژوورەێکدا کە دەرگاکەی زۆر بە کەمی کرابۆوە ؟ ئەی ئەڵێت چی کە ئەو شەوە پاشا واتا ئەو چاودێرە سەربازیە کە هات بۆ پۆلەکەمان لە ناوەندەیەکەدا مابووەوە چونکە ئەبوایە بەیانی بەرێ کەوتایە بۆ ناوەندەیەکی نزیک خۆمان نەیدەتوانی بگەڕێتەوە ماڵەوە ، ئەو ژوورە تەرخان کرابوو بۆ جەنابی چاودێر ، جەنابی چاودێر کابرایەکی زۆر بەتەمەن بوو ، هەموو ژیانی لەو چاودێریە سەربازیەدا بەسەر برد بوو کە بەسەر کۆلێژو ناوەندەیە سەربازییەکاندا بگەڕێ ، لەهەمان کاتتدا هەموو جۆرە خواردنێکی لێ قەدەغە بوو کە چەورو شیرین بێت چونکە نەخۆشی نەمابوو لە دەرگای جەستەی ئەم پیاوە بەتەمەنی نەیابێ کاتێ خۆم کرد بە ژوورەکەدا ، سەیرم کرد لە ناو هۆڵی ژوورەکەدام و پرخەی پاشاش لە ژوورەوە پەردەی گوێچکە ئەدڕێنێ کە دڵنیاش بوومەوە لەوەی حەقی مەهدی شوێنەکەی تێپەڕاندووە وە بەرەو قاتەکانی سەرو تر سەرکەوتووە ویستم بە قاپە خواردنەکانەوە بڕۆم بۆ لای برادەرەکانم و ژوورەکە



Scanned by CamScanner

جی بهێلم بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەو چاکەت و پانتۆڵە سەربازییەی جەنابی چاودێر بوو کە لە هۆڵەکەدا هەڵواسرابوو شەیتان چرپاندی بە گوێما کە لەبەری بکەم جا کێ حەز ناکات بۆ چرکەیەکیش بێت بەو شێوەیە و جلانەوە تەماشای خۆی بکات ، بەبرخە برخی پاشاش دا دیار بوو کە توبانەیەکەت بهێنایەتە تەنیشت گوێچکەی توێێکت بتقاندایە خەبەری نەئەبۆوەوە ؟ بیرم لەوە ئەکردەوە وە ئەگەر هەستێ بۆ سەر ئاو لە ناکاو هەڵوێستی من چی ئەبێ ؟ زیاتر لەوەی خۆم ببینم بەو جلانەوە خۆشتر ئەوە بوو کە بەو جلانەوە و بەکڵاوەکەوە لەسەرما لە جیاتی ئەوەی خواردن بۆ برادەرکانم بەرم ، سەرو دارێکیان تێ بسرەوێنم ، کێ ئەوێرێ قسە بکات ئەفسەریش ناتوانێ قسە بکات قاپە حەلوا و جگەر و گۆشتە سورکراوەکەم لەسەر مێزێکی هۆڵەکە دانا سەیری جلەکانم کرد بەسەر سامیەکەوە ئەستێرە بریقەدارەکانی سەر شانی چاکەتەکە و پانتۆڵە سوورەکە کە لە لاتەنیشتەکانی خەتی ڕەشی پێوە بوو کڵاوە سەربازییەکەیش هەروەها زۆر حەزم ئەکرد کە ببینم ئەگەر بووم بە پاشا لە داهاتوودا شێوەم چۆن ئەبێ ؟ جلەکانم لەبەر کردو لەبەر ئاوێنەکەدا لاسایی خۆمم ئەکرد و سەرزەنشتی خۆمم ئەکرد کە کارەکان بۆچی ناتەواون لەبەر دەم ئاوێنەکەدا سزای کارمەندەکانم ئەدا و بە خەیاڵەوە دام نابوو بەم شێوەیە بچم بۆ لای برادەرکانم و تۆزێک پیان ترسێنم و پێیان ڕبوێرم تا عاقڵ ببن بۆ حەوت پشتیان پاشان بێمەوە ژوورەکە و جلەکانم داکەنم و قاپە خواردنەکەیان بۆ بەرم بە پێکەنینەوە .

زۆر بەپەرۆشەوە بووم تا بزانم سەرو سیمای برادەرەکانم چۆن ئەبێ کاتێ ئەبینن چاودێر بەو هەموو مەزنییەوە بەسەریانەوە ئەبێ ؟ کێ حەز ناکا بزانێ ؟ بەڵام تاکو نەمناسنەوە کڵاوەکەم خوارکردەوە سەر دەموچاوم تا دایپۆشێ ئەوسا چاودێرەکان گۆچانیان بە دەستەوە بوو ، هەر وا باو بوو بۆ ئەوەی کە برادەرەکانم هەست بکەن کە بەرەو ژوورەکەیان ئەچم ناو بە ناوگۆچانەکەم ئەیا بە زەویدا تا زیاتر دڵنیاش بن ئەوەی کە بەڕێوەیە جەنابی چاودێرە ، لە دوورەوە گوێم لەغەڵبە غڵبەیان بوو ، دیار بوو نەخەوتوون چەند دانەیەکیان لە دوورەوە سەریان دەرهێنا و بەپەلە چوونەوە ژوورەوە هاواریان ئەکرد " جەنابی پاشا هات " زۆر بە خاوی ئەڕۆیشتم هەتا گومانم لێنەکەن هەروەها بواریان بەمێ خۆیان بشارنەوە ئەبوایە زوو زوو بکۆکیمایە بەڵام نەم توانی هەموو وەک مردوویان لێ هاتووە ، ، گوێت لە هەناسەشیان نابێ ئەگەر بۆ بەیانیەکەی بموتایە کە من بووم بەو جلانەوە ڕۆڵی پاشام ئەگێڕا کەسیان بڕوایان پێ نەئەکردم بۆیە ئەبەبوایە شتێکی وام بکردایە کە بڕوا بکەن چاویانم ئەبینی لە ژێر چەرچەفەکەوە وەک چاوی پشیلە ئەبریسکێتەوە ، هاتمە تەنیشت پێخەفەکەی ڕەجائی نا سوکنا ، ئەم نازناوەی لێ نرابوو چونکە دەنگی زۆر بوو دەنگی زۆر بوو دایم بە شانازیەوە باسی ئەوەی بۆ ئەکردین کە هەموو هەفتەیەک کچێک ئەگرێ و دووان بەرئەیا ، باسی ڕووداوی خۆشەویستەکانی خۆی بۆ ئەگێڕاینەوە ، قەت بە کەسێکەوە نەئەنیشتەوە بەیەکجاری هەمیشە لە دڵە ڕاوکێ و هەڵبەدابوو بۆ



Scanned by CamScanner

ئاسینی ژمارەیەکی زۆر لە کچان بۆیە جێگیر نەبوو " سوکنایی نەبوو " ئێمە بەس ئەوەندەمان ئەزانی کە کچ قژی درێژە و سنگی بەرزە و هیچی تر پێخەفەکەیان لە دوو قات پێک هاتبوو ، و قاتی سەرەوە هی بەدریە گەڕ بوو کە بە قاچ ڕاوەشاندن ئەو سەگیانە دیار بوو ئەخۆش نەبوو قاتی خوارەوەش ڕەجائی نا سوکنا بوو لەو بەرەوەش پێخەفەکەی بورهان زورنا بوو ، ئەوسا بە جۆرە ئامێرێک کە دەنگ و سیمایی لە زوورنا ئەچوو ئاگاداری کاتی نان خواردنیان ئەکردین بەڵام بورهان لە هەمووان زیاتر پەرۆشی ئەو دەنگە بوو ، هەر لە سەرتایی دەرسەوە بە ئاواتی ئەو دەنگەوە ئەهاتە ژوورەوە و ئاگای لە وانەکە ئەما زۆر جار هەڵەی ئەکرد کە گوێی لە زورناکە ئەبوو بە هەڵیەوە پێش مامۆستا کە ڕای ئەکردە دەروە بەڵام مامۆستاکە لە پشتە ملیەوە ئەیهێنایە ناو ژوورەوە ولەیەکی لێ ئەیا خواردنی لە بیر ئەبردەوە

کە برادەرەکانم لەو حالەتەدا بینی لە دڵی خۆمدا وتم " ئەم هەڵە بە هیچ شێوەیەک جارێکی تر دروست نابێتەوە گۆچانەکەت پێیە ، دارکاریەکی وایان بکە ، کە بزانن خوا هەیە مردنیش ڕەوایە ، لەم بێنەو بەرەیەی ناو مێشکمدا بووم ئەشبوایە هەر لێم بدانایە چونکە بەیانی کاتێک ئەیانزانی من بووم و هیچشم ئەکردایە لەت و پارچەیان ئەکردم گۆچانەکەم بۆ سەر سمتیان بەرز کردەوە لەو کاتەیا گوێم لە بەدریە گەڕ بوو بە هێواشی بە ڕەجائی ئەووت کە ئەفسەری ئێشکگر نازانێ پاشا هاتووە بە ژوورەکاندا ئەگەڕێ ئەگەر بیزانیایە بە داوایەوە پاسەوانی ئەکرد ئەڵێی چی هەر کە پاشا ڕۆی پێی بڵێن ؟ سەیری ئەمانەکە ئێستا لە شیان بۆ لێیان هاتە خوروو ، بەڵام ئەشم زانی کە کات لەبەرژوەندی مندانیە و ئەبێ بەپەلە بچم جلەکانم داکەنم .

کاتێک کە گوێم لە پیلانە کە بوو ترس دایگرتم و هاتمە دەرەوە لە ژوورەکە خەریک بوو بە ڕاکردن بگەڕێمەوە ژوورەکەی پاشا و جلەکان دانێمەوە ، ئەوەشم خستبووە بەرچاوم کە ئاشکرا بوونم مانای چی ئەگەیێنێ ، چونکە دەبوو ژوورەکانی تریش بەسەر بکەمەوە هەتاکو شکم لێ نەکەن و ئابڕووم نەبەن ، بۆیە بە خاوی ئەڕۆیشتم و ا خۆم نیشان دا کە ژوورەکانی تر دەپشکنم بیرم لەوە ئەکردەوە تاکو ئەوان ئەچن بەئەفسەرەی خەفەر ئەڵێن من دەمێکە جلەکانم داناوەتەوە و بەقاپە خواردن و حەڵواکانەوە گەڕاوەمەتەوە ژوورەکەمان ، لەم بیرکردنەوەیەدا بووم خۆم لەبەردەم کێدا ببینمەوە ؟ حەقی مەهدی توومەز کەمالی زەنگ حەوت زەمانە بەدزی منەوە چووە پێی وتووە ، چۆن گومانم ئەکرد ئەو کاتە کە چوومە ژوورەکەیان ئەوی لێ نەبوو ؟! یەکسەر پشتم کردە حەقی مەهدی ئەویش بەدوامەوە کەوتبووە پرسیار کردن :

- " چی بووە گەورەم ؟ هیچ ڕووی داوە ؟ ".

حەقی مەهدی زۆر لای سەیر بوو کە بەو نیوە شەوە پاشا تێکچوە و ژوورەکان ئەگەڕێ ، هەوڵم ئەدا بەو شێوەیە بەڕێ بکەومی و چەند ژوورێک بپشکنم تا خوا دەرووی خێرم لێ ئەکاتەوە ، هەوڵم ئەیا بە



Scanned by CamScanner

هیچ شێوەیەک دەم و چاوی من نەبینێ . زۆر لای سەیر بوو کە بەم بێ دەنگیە وە بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە یان پرسیاری لێ بکەم دەرگای ژوورەکان ئەکەمەوە و سەیری ئەکەم و سەر ئەلەقێنم و دایئەخەمەوە هاتە بەردەمم تا لە باسەکە بکۆڵێتەوە وە بەڵام ئەمجارەش رووم کرد بەو لاباو بەرێی خۆما ئەرۆیشتم بەڵام بە هەنگاوی خێرا تر هەرچەندە لەبەر رێز دوو هەنگاو لە پشتمەوە دوور تر ئەڕۆی بەڵام هەر کە هەنگاوەکانم خێرا تر ئەکرد تا لە چنگی رزگارم بێ ئەویش ئەوەندەی تر خێرا تر ئەڕۆی بەدواما ئەیویست تێ بگات کە ئەم بێ دەنگی و بەسەر کردنەوەبە هۆیەکەی چی یە ؟ و بەم نیوە شەوە ؟ بە لاچاو بەترسەوە سەیرێکم ئەکرد لەدواوەم بوو چاوی لە پرسیارا ئەبریسکایەوە زوو زوو گۆچانەکەم ئەدا بەزەویدا تا هەستم پێ ئەکات برادەرەکانم لە دوورەوە تەماشای ئەم رووداوە سەیر و سەمەرەیان ئەکرد لە ناویاندا کەمالی زەنگم بەدی کرد لە دلی خۆمدا بەسەر داخستنەوە تا حەقی ئەم ئاسێتەوە وە ئەمووت :

" سەگباب ئەمە ئیش بوو کردت ؟؟ ئەوە شیعرێکی دوو دێڕی بوایە بە دوو هەفتە لەبەرت ئەئەکرد خوا بتباتەوە ؟ " .

هۆڵە دوور و درێژە کەمان بڕی ولامان شکانەوە بەلای ئەولایەدا کە بۆ هۆڵەکانی تر ئەڕوانێ . باشە ئەگەر ئەمەپیشەمان بێ تا بەیانی خۆ کۆتایی نایەت ئەگەر کۆتایشی بێت ئەوا زانراوە کە چۆن تەواو ئەبێ ؟! هات بەمێشکما بەو جلانەوە بکەوم بەسەر قاچی حەقی مەهدی دا و تکای لێ بکەم کە بمبەخشێ بکات ، بەڵام ئەمتوانی چونکە لێپانەکەم زووتر ئەخوارد ، ئەوەلا یا درەنگتر بەشکو خوا دەروویەک بکاتەوە بیرم لەوە کردەوە بەپەلە ڕاکەمەوە ژوورەکەی خۆمانی و هەتا حەقی مەهدی فریام ئەکەوێ من جلەکانم داکەنم و خۆم بخەمە ناو جێگاوە ئەو کاتە نازانێ کە کێ لە ئێمە ئەو جلەی لەبەر کردەوە ، چونکە برادەرەکانم ئەیان زانی کە کەسی خائین و فیتنەچی چۆن سووک ئەبێ لای حەقی بەڵام ئەوەش بەکەڵک ئەئەهات چونکە ئەگەر برادەرەکانم ببینن کە پاشا بەو مەزنیەوە خۆی ئەکات بەژێر بەتانیەکەدا هەموو لەترسا واق و وڕ ئەمێنن وە ئەوەستن بە پێوە تا بزانن چی ڕوویداوە ؟ ئەو کاتە حەقی مەهدیش ئەگاتە سەرمان و کە ئەبینێ هەموو بەدەوری مندا وەستاون ئەوجا ئەزانێ کە کێ ئەم کەتنەی کردووە وە کوێت ئیشێ ؟ کاتێ لەم بیرکردنەوەدا بووم و حەقی هەر بەدوامەوە بوو بە ڕێزەوە نزیک بووینەوە لە ژوورەکەی پاشا لە خۆشیا ئاهێک بە لەشما هات وتم خوا ناردی بۆ هەر لەسەرەتاوە ئیشم پێی ئیشم پێی ئەماوە چا هەبوو ؟ ، خوا لە ناو دەمت بات کەمال ئینجا تۆزێک ئەوەستم تا حەقی ئەڕوات و ئەگەڕێمەوە جاران ، کاتێک لە دەرگای ژوورەکە نزیک بووینەوە چی ببینم ؟ پاشا هەڵساوە و لەسەر کورسیەک دانیشتووە وەک مێش کەوتۆتە قاپی حەلواکە کە لەگەڵ قاپەکانی تردا لەسەر مێزەکە جێم هێشتبوون

ئەگەر لەو دززی دەرگایەوە بەمبینایە چی رووی ئەدا ؟ بەو جلانەوە بچمە ژوورەوە پاشا سەی ئەکات پاشایەکی تر خۆی ئەکات بە ژوورکەیدا ، باش بوو حەقی مەهدی نەیزانی کە کەسێک لە ژوورەوە دانیشتووە بە بیجامەوە خوایە گیان چۆن تووش بووم ؟ حەقی لێم نزیک بووەوە وتی :

- " گەورەم فەرمانتان بەچیە گەورەم بەلکو بتوانم جێبەجێی بکەم ! " .

نەمئەتوانی وەلام بدەمەوە چونکە بەکسەر بەدەنگما ئەزانرێ کە پاشا نیم سەرم لەقاند بەواتای هیچ فەرمانێکم نیە ، بووین بە باری دیسان سەر کەوتینەوە قاتی سەرەوە بۆیە حەقی مەهدی کەوتە گومانەوە بەلام لەگەلَ ئەوەشدا بەدەم رۆیشتنەوە ژمارەی ژوورەکانی پێ ئەوتم منیش سەرم رادەوەشاند بەواتای ئەوەی کە وایە کە ژمارەی ژوورەکانی ئەوت دەمی لە گوێچەکەم نزیک ئەکردەوە تا بەتەواوی گوێم لێ بێ چونکە پاشا گوێی گران بووە زۆر ئەترسام بۆیە هەنگاوەکانم لە جاران خێراتر کرد پاشا رای ئەکرد و ئەفسەریش بەدوایا بیهێنە بەرچاوتان حەقی مەهدی وای ئەزانی لەبەر هۆیەک رائەکەم ئەویش بەدواما ، گومانی ئەوەی کرد کە زۆر ئەنگاو بم بۆیە کە لە دەرگای سەر ئاوەکە نزیک بووینەوە وتی :

- " گەورەم سەر ئاوەکە لێرەدایە .... " .

لەگەلَ وتنی ئەو چەند وشەیە و بە هۆی ئەوەی گلۆپی سەر ئاوەکە ئەکوژابووەوە پاشایەکی منالَکاری بینی لە ژێر کلاوەکەوە ، هاوارێکی کردو و تی :

- " ئەی سەگی کوڕی سەگ ، دەستی خستە سەرشانم بەلام هەر بەتەواوی نەیناسیمەوە وە لە ژێر دەستی خۆم دەرباز کرد و بەراکردن رام کرد بەلام ئایا ئەکرێ لەدەست حەقی رابکەی ؟ من رام ئەکرد و ئەویش ببوو بەکەنغەر ، لە من خێرا تر بوو ، بەلام چونکە نەیناسیمەوە ، بەدەم راکردنەوە دەستم کرد بە داکەندنی جلەکانی پاشا ، کاتێک چاکەتەکەی پاشام لەبەر کرد لەژوورەکە یەکەمجار قۆپچەکانی ئەوەندە زۆر نەبوون وەک لەو کاتەیا کە بەدەم راکردنەوە هەولم ئەیا بیانکەمەوە ، زۆر زیاتر بوون لەبەر چاوما ، کەچاکەتەکەم داکەند حەقی مەهدی خێراییەکەی کەم کردەوە و گەرایەوە بەپەلە تا چاکەتەکەی هەلَگرێتەوە ، چونکە بە جێهێشتنی جلەکانی پاشا لە زەویدا بەلا ئەوەوە تاوان بوو هەر بەگەشتی ئەو شتە لەسەربازیدا بە تاوان و سەرپێچی دائەنرا بۆیەکە جلەکانم فرێ ئەدا بەدەم راکردنەوە ئەویش هەلی ئەگرتەوە وە بواری زیاتر ئەدامێ تاکو پانتۆلَ و کلاو گۆچان و پۆستالَەکەش دابکەنم بەپەلە برادەرەکانم و هەرچی تەلەبەی هۆلەکانی قاتی سەرەوە و ناوەراست و خوارەوە بوو کۆببونەوە تەماشای ئەفسەریان ئەکرد راوی پاشای ئەنێ هەموو بەسەر سورماویەوە ئەیان ویست بزانن ئەم گەمەی مشک و پشیلەیە بەرەو کوێ ئەڕوات ؟ بزانن حەقی مەهدی چی لە پاشا ئەکات ئەگەر فریای کەوت و گرتی ؟ مابووەوە سەر پانتۆلەکە ، چونگە ئەو بەهەلَگرتنەوەی کلاو و چاکەت و پۆستالَ و گۆچانەکەوە درەنگ کەوت لە گرتنم لە پەلەکردنا ویستم پانتۆلەکە داکەنم بێ ئەوەی



Scanned by CamScanner

قایشکەی لێ بکەمەوە چونکە ئاسنێکی زۆر گەورەی لە شێوەی چوار گۆشە پێوبوو ، بۆ لەم کاتەیا پانتۆڵەکەم بەدەم راکردنەوە بە هەزار زەحمەت ئەگەیانە ناوەڕاستی ڕانم تا زەنجیری پانتۆڵەکە لەگەڵ و گونمی گەست لێ نەئەبووەوە ، بەدەم هاوار و راکردنەوە دەستم بەو شوێنەوە بوو کەوتم بەعەرزا لە عەززەتا کە بینیم حەقی بەراکردنەوە بەرەو رووم یەت و جلەکانیش بە بەرباخەڵەیوە ئازارم لە بیر خۆم بردەوە هەرچۆنێک بێ پانتۆڵەکەم داکەند و رام کردە ژوورەکەی خۆمان دڵم زرمە زرمەی بوو خەریک بوو لە سنگم ئەهاتە دەرەوە بەدەرپێ و فانیلەوە بەپەلە خۆم کرد بە ناو جێگایا و بەتانیەکەم دا بەسەری خۆما دوای تۆزێک حەقی مەهدی بەهەناسە برکێوە خۆی کرد بە ژوورا دەرگاکەی کردەوە و جلەکان بەدەستیەوە هاواری کرد کێ بوو ؟ ئەمزانی ئەگەر حەقی مەهدی ڕیزمان بکات و یەکەیەکە بە کون هەڵمان بواسێت کەس ناوم نابات ئەپیرسی بەلام قەت لەو کەسە خۆش نەئەبوو کە ناو بەرێ ئێمەش ئەوەمان ئەزانی ، بەڵام ئەوەشی هەبوو کە ئەپیرسی ئەیویست تاوانبارەکە خۆی قسە بکات ئەو هەر بەتوورەییەوە وەستا بوو ئەیوت :

- " کێ بوو ؟ " .

کەس فزەی نەئەکرد چەند جارێ ویستم لەژێر بەتانیەکەوە بێمە دەرەوە و بڵێم من بووم بەلام نەم ئەزانی بڕی ئەو تاوانەی کە کردوومە گەورەییەکەی تا چەندە ؟ بۆیە زیاتر چوومە ژێر بەتانیکەوە لە پێخەفەکەم نزیک بوومەوە وەک ئەوەی گومانی لە من کردبێ بەهۆی زلی لاشەمەوە ، ڕووم کردبوە تەنیشتی خۆم لە ترسا ، پۆستاڵەکەی بە هێواشی پیاکێشام و وتی :

- " تۆ بینیت ..؟ ".

من وتم :

- " نەمبینیوە ... ".

حەقی دیقەتی شتێکی زۆر سەیری یا ناوەڕاستی زستان بوو بەفر کرێوەی ئەکرد زەلام لەبەر ئاگر دانیشتایە ئەی بەست سەیری کرد من چەرچەفێکی تەنکم پاوە بەسەر خۆما و بەفانیلەو دەرپێوە نووستووم وتی :

- " هەستە قەلەموون .... ".

کەهەستام بەوشێوەیە وتی :

- "جلەکان لەبەر بکە ، کوا جلەکانت ؟ ".

وتم :

- " جلم نیە ".

وتی :

چۆن جلت نیە ساختەچی کوا جلەکانت ؟ ".



Scanned by CamScanner

بەدەم لەرزینەوە گیانم ترس دایگرتبوو وتم :

- " هین ........ لە .... جل .... پاشا ... ".

وتی :

- " دوام کەوە ".

ئەو جلەکانی پاشای بەدەستەوە بوو وەکو بۆری ڕێک ئەڕۆی منیش بەدەریێ و فانیلە و بەپێی پەتی و بەپشتی چەماوەوە لەسەرما ئەرۆیشتم بەدوایەوە گەیشتینە ژوورەکەی و حاڵم پەرێشان بوو بیرم لەوە کردەوە کە لێی بپاڕێمەوە بەڵام ئەمزانی کە ئەو بەپاڕانەوە زیاتر تووڕە ئەبێ لەو کاتەیا لە ژێر سەیرکردنە پڕ توڕەییەکەوە چەقی بووم کاتێ لەدەرگا درا سەربازێک هاتە ژوورەوە و سەلامی عەسکەری کرد و بەپەلە ووتی :

- " گەورەم جەنابی چاودێر پاشا .... فریای کەون ... حاڵی پەرێشانە ... ".

حەقی مەهدی بەراکردن ڕای کرد و گوێم لە هات و چۆی خەڵکێکی زۆر بوو لە ناو هۆڵەکاندا سەریان لێ هاتبووەوە یەک ، لەو کاتەشدا جل و بەرگیان بۆ هێنام هەتا لەبەری بکەم نەمئەزانی بڕۆم یان لە شوێنی خۆم چاوەڕێی حەقی مەهدی بکەم تا ئەگەڕێتەوە پرسیم لەسەربازی ئێشکگری بەر دەرگای ژوورەکە چی بووە ؟ وتی " جەنابی چاودێر لە هۆش خۆی چووە " زانیم کە بەپەلە دکتۆریان بانگ کردووە بۆیە غەڵبە غەڵب ئەهات لە ژوورەکە بەهێواشی هاتمە دەرەوە بەری کەوتم بەرەو ئەو هۆڵەی کە ژوورەکەی پاشای تیایە چونکە ئەبوایە لەوێوە ڕەت بوومایە بۆ ژوورەکەی خۆمان سەیرم کرد بەر ژوورەکەی پاشا بەرناکەوێ لەبەر خەڵک پاشا لە زەویدا کەوتووە و پزیشکیش بیجامەکەی داکەندووە دەرزی لێ ئەیا حەقی مەهدی لەناو خەڵکەکەیا منی بینی هاتە پێشەوە گوێچەکەی گرتم و وتی :

- " ئەوە هێشتا هاتووی سەیریش ئەکەی ؟ فیلمە ؟ بڕۆ ملت بشکێنە بەیانی دووقسەت لەگەڵ ئەکەم ".

بەهۆی ئەوەی بەسەر پاشا یا هات هیچ نەبێ تا بەیانی لە لێیانی حەقی ڕزگارم بوو بەڵام نەم ئەزانی کە ئەوەی بەسەر جەنابی چاودێرا هاتووە بەهۆی منەوە بووە کە چوومە ژوورەکەی خۆمان برادەرەکانم بەپێکەنینەوە و پرسیاریان لێ کردم :

- " چی بوو ؟ چی ڕووی یا ؟ کوا قاپی خواردن و حەڵواکە ؟ ".

ڕەجەب چرا کە لە هەمووومان زیاتر لێیانی خواردبوو بەدەستی حەقی و وتی :

- " لێی نەئەیایی ، من ئەزانم کە بیەوێ لەیەکێ بات شێوەی چۆن ئەبێ .... ".

وتم :

- " ئەی باشە چیم لێ ئەکات ئەگەر لێم نەیات ؟ ".

ووتی :



Scanned by CamScanner

- " ئەت باتە زیندانی تاکە کەسی بۆ برادەرەکانم باس کرد کە چۆن بە جلی پاشاوە هاتم بۆ لایان و بوو بوون بە مەری مردوو لەبەر دەستما بیشتر نامەیەکم بۆ باوکم ناردبوو کە ئەوەندەی ئەماوە لە ناوەندەی سەربازی دەرچم و بچم بۆ کولێژی سەربازی باوکم زۆر پیر بوو ، و خانە نشین کرابوو 7 سەر خێزانی لە ئەستۆ بوو من گەورەکەیان بووم بەهەزار حاڵ ئەیژیانن هەموویان ئاواتیان بەمنەوە بەستبوو هەمیشە باوکم نامەی بۆ ئەناردم و دوای هەواڵ پرسین دڵنیایی ئەکردم کە 2 لیرەو نیوم بۆ ئەنێری بۆ جاری داهاتوو بەڵام ئەو پارەیە قەت نە ئەگەیشت باوکم دەست کورت بوو دایکیشم لە جێگەدا بەهۆی نەخۆشیەوە کەوتبوو ، بەیانی بوو لە ژوورەکەما دانیشتبووم نامەیەکی تر بنووسم بۆ باوکم چونکە زۆر دڵم لەلایان ئەبوو رەجەب و بەدری کولارەی کاغەزیان ئەکرتە پە و رەجائی و بورهان وانەیان لەبەر ئەکرد کاتێکم زانی رەجەب بەئەنقەست رووی کردە من و کولارەکانی ئەکرتە من منیش چونکە دەرفەتی نە ئەهاتم بەردەوام بووم لە نامە نوسینا بەڵام کە زیاد رۆی بۆی هەستام و پەلاماری یەکترمان یا و بەدەرگاکەوە نوسانم لەو کاتەیا بەدەم شەڕەوە و لەو دیو کەسێک پاڵی بە دەرگاکەوە تا بیبیم سەیرم کرد حەقی مەهدی یە بەرۆکی رەجەبم بەر یا و گەڕامەوە دواوە رەجەب بەهەڵی زانی و خۆی بۆ هەڵیام و لەگەڵگەمەوە بەرزی کردمەوە پامی بە زەویدا و هاتە سەرم نەیئەزانی کێ لەناو دەرگاکەیا وەستاوە وە دیقەتی ئەم بەزمە ئەیا لەپڕ حەقی مەهدی یەک شەقی لێ یا بە پۆستاڵەکانی و لەپەل و پۆی خست و کێشای بەسەرپرەکەیا ، روویشی لە من کرد و وتی :

- " دوام کەوە .. ".

کە دوای کەوتم لە ڕێگا مەشقی ئەوەم ئەکرد کە زلەی لێیام ناو سنگم پڕ بکەم لە هەوا یان توانایەک بەم بە خۆم تا بەرگەی ئەو لێیانە بگرم کە بەتەماییە لێم بات چونکە کاتێ هاتە ژوورەوە لە رەجەبی یا ، ئاگام لە چاوی رەجەب بوو کە چۆن یەکەسەر خێل بوو ، گەیشتینە ژوورەکەی چووینە ژوورەوە لەبەردەم مێزەکەیا وەستاو بێ ئەوەی سەیرم بکات وتی :

- " بۆچی وات کرد کوری خۆم ... بۆ ...؟ ".

وتم :

- " گەورەم بەقورعان سووچی رەجەب بوو ئەو دەستی پێ کرد " .

وتی :

-" کەی من پرسیاری ئەوەت لێئەکەم ؟ بۆچی وات کرد ؟ " .

وتم :

- " گەورەم بەخوا ئەمجارە وا ناکمەوە بەڵێن بێ ... ".

وتی :



Scanned by CamScanner





جاریکی تریش ئەو جلانە لەبەر بکەیتەوە

- " مەبەستت چیە ؟ ئەمجارە واناکەمەوە ، بۆ بە نیازیت

؟ " .

- " من ئەو شتەم لە خەیالاً نەبوو لەو کاتەیا ".

حەقی مەهدی درێژەی بەقسەکانی یا وتی :

- "بابڵێن شەیتان ئەمەی پێ کردی ، باشە ئەو قاپە حەڵوایەت بۆ لەوێ بەجێ هێشت کورم ؟ پاشا لە مردن گەڕاوەتەوە ".

یەکەم جار بوو ووشەی " کورم " بەکار بهێنێ ، بۆیە بێ دەنگ و سەرسام بووم بەڵام ترسی ئەوەش دایگرتم کە نازانم تاوانەکەم سزاکەی چیە ؟ یان کۆتایی ئەم قسانەی حەقی مەهدی بەرەو کوێ دەڕوات ؟ بەڵام بەقسەکانیدا وا دیار بوو ئەیویست شتێکم پێ بڵێ کە زۆر کاریگەرە و ئەچێتە چوار چێوەی سزاوە بەڵام سزاکەی چیە و تا چەند کاریگەرە ، ئەم ئەزانی ؟ ئەمویست بزانم و ئەش ترسام کە بزانم ، بینیم چاوی پڕ بوو بەڵام هەر بە هێمنی کەوە لە قسەکانیا بەردەوام بوو ، لە پڕا وتی :

- " کورم زۆرم هەوڵ بۆ یای هەرچییەک لە دەستما بوو درێخیم نەکرد تا بەوە نەگەیت ... بەڵام هیچ دەسەڵاتێکمان بۆ نەمایەوە لە کۆتاییدا قسەی قسەی جەنابی چاودێر بوو کە زانی ئەو شەوە تۆ سەرەی چێشتخانەت وەرگرتووە فەرمانی دا بە دەرکردنت لە ناوەندەیەکە بڕیاری پاشاش گەڕانەوەی تیا نیە ، خۆت چاک ئەوە ئەزانیت " .

هەموو دنیا لەبەر چاوم ڕەش بوو ، سەرم خولایەوە زەوی و سەقف و دیوارم لێ تێکەڵاو بوو بە بیستنی ئەو قسەیە بەدەیاها حەقی مەهدی ئەهاتنە بەر چاوم بە شێوەیەکی بازنەیی بەرز ئەبوونەوە وە دائەوکەتنەوە ئەتوت چل کەس ئەم قسەیەم پێ ئەڵێ ، پڕ بەدڵ دەستم کرد بە گریان ئەو بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە کە من هێشتا ناڵم و هەلی زیاتر لەبەردەمایە لە ژیاندا ، ئەو هەلانەی ئەو باسی کرد هەموویان لە پاشەڕۆژدا ڕەوانەی زیندانیان کردم ، لەبەرئەوەی تەمەنەکەم ڕێ نەئەدا بە زیندان بۆیە هەر بەوە وەستا کە دەرم بکا لە ناوەندەیی سەربازی و بمنێرێتەوە ماڵەوە بەو شێوەیە و پاش ئەوەی ویستم نامە بنێرم بۆ ماڵەوە وە هەواڵیان بپرسم ، ئەوا بەپێی خۆم ئەچمەوە بۆ لایان یەکمجارە کە مرۆڤ پێش نامەکەی بگاتە جێ .

ئێمەی مرۆڤ گەمەین بەدەست چەند ڕووداوێکی قەدەرەوە کە بەخەیاڵدا نایەت وە بەهۆی قاپە حەڵواکەوە منیش ڕێڕەوەی ژیانم بەرەو لادان چوو ، ئایا تاوانی منە کەجەنابی چاودێر ڕەچاوی شەکرەکەی خۆی نەکرد و ئەو قاپە شیرینیەی خوارد ؟ ئەی ئێستا لەم تەمەندا بۆ لە زیندانم ؟ بۆچی کابرایەکی خاوەن ڕابردوویەکی ساختە کاریم؟ بۆچی ئەفسەرێک یان ڕامیاری ناسێک یان بازرگانێک نیم ؟ ئەگرا کە ئەو ڕۆژە ئەو سەرەیەی چێشتخانەکە وەرنەگرم یان لەو ڕۆژەدا شیرینی دروست نەکرایە یان بەشیر گۆگۆم خەفریانەکەی نەدایە دەست حەقی مەهدی یان حەقی مەهدی ئەو پۆستاڵە

زرنگاوەی لەبی نەکردایە و منیش لە ترسانا نەچوومایە ژووری پاشا یان ...یان..یان .....ئەگەرەکان زورن بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئێمەی مرۆڤیش بە دەستی خۆمان بەشداریمان کردووە لە دروست کردنی ئەو ئەگەراندا یان با بڵێن بەبێ بوونی ئێمە قەدەریش ئەو ڕووداوە شاراوانەی بەو شێوەیە بە نهێنی ئەمایەوە ئایا ئێمە هۆ کارین یان قوربانی ؟ ئەوە پرسیارەکەیە ....!..

عەزیز نەسین



پاشازادە

# کا زەرەر ئەکات ..؟

کاتێ باوکم چاوەڕەێی ئەوە بوو کوڕەکەی لە کۆلێژی سەربازی وەرگیرێ ، زۆر بەلامەوە ناخۆش بوو کە بمبینێ ، ئالآیەکم بەدەستەوەیە گەڕاوەمەتەوە ماڵەوە ، سەرۆکی بەشی سەربازگە دڵنەوایی ئەدامەوە و ئەیوت :

- " خۆ دنیا وێران نەبووە تۆ کەوتییتە ژێریەوە کوڕم ؟ چی تیایە کە ناوەندەیت تەواو نەکردوە ؟ چیت زەرە کردەوە ... گرنگ ئەوەیە گەیشتیتە دوا پۆل ، ئینجا باسی کوڕەکەی خۆی بۆ کردم کە نەبە پارە و نە بە لێدان هەر نەیتوانی مەکتەب تەواو بکات بەڵام ئێستا بازرگانە و لە باوکی زیاتر دەست ئەکەوێت ؟ خوێندنمان تەواو کرد ،بەڵام بووین بە چی ؟ تەنیا نووسەری ئەم بەشە ".

ئینجا باسی برادەرەکانی بۆ کردم کە لە قوتابخانە دەرکرابوون وە ختی خۆی لە کۆتاییدا وتی :

- " قوتابخانەی ژیان لە هەموو قوتابخانەیەک گرنگترە " .

لە ناخما بڕیارمدا لە قوتابخانەی ژیاندا نمرە بهێنم نەگەڕێمەوە ماڵەوە تا بڕوانامەی ئەم قوتابخانەیە نەهێنم کە باسی کرد ، وە سەر کەوتوو بم تیایدا ، بەناو شاردا گوزەرم ئەکرد ، لە ناخما حەزی باخچەکانیش ، لەگەڕەکاندا بەم خەیاڵەوە ئەسوڕامەوە لە ژێر پاڵنەرەی شکستیدا ئیش ئەکەم ئامادەم لە هەر بوارێکدا بێ ئیش بکەم بیرم لە دەوڵەمەندی ئەورپا و ئەمریکا ئەکردەوە کە لە هیچەوە بوون بەو پیاوە ،بەلای منەوە ئەکرا کە مرۆڤ بێ بە ملیۆنێر ئەگەر بە جادە پاک کردنەوەش دەست پێ بکات ..! تەنیا ئەم ئاواتانەشم بۆ ڕزگار کردنی خێزانەکەم بوو لەو هەژارییەی تیایدان ..



Scanned by CamScanner

سەیری بینا گەورەکانم ئەکرد وەک ئەوەی کە موڵکی تایبەتی خۆم بن ، بەڵام هەر چۆنێک بێ دوای ماوەیەک ئەبێ بەهی خۆم کە پیاسەم ئەکرد بەدەم ئەو ئاواتانەوە دەستیشم لە گیرفانە دڕاو و بەتاڵەکەی گیرفانما بوو

لە ناکاو برسێتی دایگرتم . ئەمووت ئەبێ بەرگەی برسێتی و هەژاری بگرم تاکو ئەو سەرکەوتنە مەزنانە بەدەست بهێنم .ئەگەر دەست بکەم بە کار پاش ماوەیەکی کەم ئەبمە هاوبەش لەم بینایانەدا و پاشان ئەبمە خاوەنیان . لە ژێر کاریگەری ئەو پەستانە دەروونیەی کە دەرکردنە کە دروستی کردبوو لەلام ناو ناو بڕوام بەوە ئەهێنا کە لێهاتوویی زوو دەوڵەمەندبوونم تیا هەبێ . دام نابوو بچمە یەکێ لە چێشتخانە گەورەکان و بە خاوەنەکەی بڵێم "من هەموو شتێک ئەکەم ... زەوی ئەسڕم قاپ ئەشۆم .پارەم ناوێ تەنیا بۆ خەو خواردنی خۆم کار ئەکەم " . بەدڵنیایەوە خاوەن کارەکەم پێشنیارەکەم ڕەت ناکاتەوە . چونکە دوای ئەوەی لێهاتوویەکەمی بۆ دەر ئەکەوێ لە دەستیم نایا و پاش ماوەکیش پارەم ئەیاتێ و پارەکان کۆئەکەمەوە . کاتێ بڕیارم دا ئەم شتە جێ بەجێ بکەم هەستم بەشتێ کرد کە ئەموەستێنێ لە کردنی ئەم کارە . چەند خولەکێک لەبەردەم یەکێک لە چێشتخانەکاندا وەستام بەڵام ئەوەتە لە خۆم را نەئەبینی کە ئەو کارە ئەنجام بدەم . دوای بینەو بەردەیەکی زۆر لەگەڵ خۆمدا لەبەر دەم دوکانێکی برژاو خۆمم بینیەوە . کاتێ کە غیرەتم یا بە خۆم تا بچمە ژوورەوە سەرم لە شاگردکە سوڕما فەرمووی هاتنە ژوورەوەی لێ کردم بردمیە سەر مێزەکە و کورسیەکی بەتاڵ و دانیشانم نەمتوانی هیچ بڵێم .شاگردەکە وای ئەزانی کڕیارم . بەرێزەوە کورسی یەکەی بۆ ڕاکێشام . نەئەکرا بڵێم " من هەموو کارێ ئەکەم . برنج پاک ئەکەم . پیاز ئەجنم خوڵ ئەرێژم ... کارم پێ بکەن بەرامبەر بە تێر کردنی گەدەم " .

بۆیە لە ژێر کاریگەری ئەو ڕێزەدا بێ دەنگم کرد شاگردەکە وتی :

- " فەرمان بە چی ئەکەن ؟ ".

چارم ناچار بوو داوای شۆربام کرد لە تاوا تا شۆرباکەی هێنا هەزار جار ئەو پارانەم ژمارد کە لە گیرفانما مابوو تا بزانم بەش ئەکات یان نا ؟ پاشان بەپێی بڕی ئەو پارەیە داوای خواردنی زۆرم کرد لە خەفەتا دەستم کرد بە نان خواردن تا خەمەکانم بیربچێتەوە .

بە گەدەیەکی پڕەوە ، وەک ئەوەی بڵێی جارێکی تر برسیم نابێتەوە دیسان بەدڵێکی خۆشەوە دەستم کردەوە بە پیاسە کردن ، تا لەبەر دەم بینایەکدا وەستام کە لە دروست کردنا بوو بیناکە چوار قات بوو . کرێکارەکان بە عەرەبانەی دەستی لم و چیمەنتۆیان ئەبردە ژوورەوە و هەموو بەکاری خۆیانەوە سەرقاڵ بوون خۆمم لە بیر چووەوە کە ماوەیەکی زۆرە بەدیاریانەوە وەستاوم سەیریان ئەکەم . لە ناکاو هات بە خەیاڵما کە ئایا ناتوانم کار بکەم لەگەڵیاندا؟ نەم زانی بچم بۆلای کێ تا داوای کار بکەم . چوومە کارگێری وەرشە لە ناو بیناکەدا ، هەموو سەرقاڵ بوون کەسیان بواری سەرخوراندنیشی



Scanned by CamScanner

نەبوو ، کەس سەری بەرز نەکردەوە تا بمبینێ ، لەو کاتەدا ئوتومبێلێک وەستا لەبەردەم دەرگای وەرشەکەدا ، هەرچی کرێکار و فەرمانبەر و ئەندازیار بوون بەرەو پیری ئوتومبێلەکە چوون . . لە سەیارەکە کابرایەکی بە تەمەن پەنجا ساڵانی خاوەن جل و بەرگێکی رێک و پێک هاتە دەرەوە چووە ژوورەوە و لەبەردەم کارخانەدا دەستی کرد بە پرسیار کردن دەربارەی بەرێوەچوونی کارەکان و نەخشەکان گوێی گرت لە پێشنیارەکان و هەندێ پرسیاریشی کرد کاتێ لەوێ هاتە دەرەوە منی بینی لێی پرسیم :

- " بۆچی لێرە راوەستاوی ...؟ ".

وتم :

- " هیچ ... هەروا ...".

وتی :

- " چۆن هەر وا ؟! تۆ کارت نیە ؟ لە کوێ کار ئەکەی ؟ ".

بێدەنگ بووم لە خەڵکەکەی پرسی :

- " ئەمە کێیە ؟ ".

هەموو واق ورمابوون تەماشایان ئەکرد وەک ئەوەی بونەوەرێکی تر ببینن کە لەوەو پێش نەیبینرابێ هەرگیز بەهەزار حاڵ وتم :

-" بەدوای کاردا دەگەڕێم ".

وتی :

- " وەرە لەگەڵما با بزانین ....".

چووینە ژوورێکەوە و لەوێ پرسیاری کرد :

- " چ کارێک ئەتوانی بکەی ؟ " .

وتم :

- " هەرچی کارێک بێ ئەیکەم ..".

وتی :

- " ئا ... تۆ لەوانەی کە بەکەڵکی هیچ کارێک نایەن ... بۆیە هەموو کارێک دەکەن ، وانیە ؟ ".

سەرم داخست و هیچ قسەم نەکرد پاشان پرسی کە ئایا خوێندەواریم هەیە ؟ وتم بەڵێ دەستی نا بە زەنگەکەداو بەپرتاو پیاوێک هاتە ژوورەوە و ڕایسپارد کە بمبات بۆ لای " حەسان " ناوێک تا بمخاتە جێگەی ئەو کەسەی کە نووسەری کەرەستە هاتوو ڕۆیشتووەکان بوو لەوێ نەمابوو .

کاتێ بەرەو لای " حەسان " ناوەکە ئەڕۆیشتن دڵم خەریک بو لە خۆشیدا بوەستێ . حەسان ناوەکە لەسەر کورسی و مێزێک دانیشتبوو هاواری لە کرێکارەکان ئەکرد و ڕێنمایی ئەکردن دەربارەی



Scanned by CamScanner

نیشەکە ، پاشان کە پیاوەکە منی برد بۆ لای پێی وت کە گەورەمان ئەڵێ ئەم کورەم بۆ دامبەزرێنن لە کارێکدا ، ئەویش پرسی کە بۆچ کارێک نێرداروە وتی بۆ جێگرتنەوەی نووسەرەکەی پێشوو ئەم پیاوە زۆر سەیر بوو ، لەسەرەتایی چوونە بەردەمی هەتاکو ڕۆیشتنم لەلای بۆیەک چرکەش سەیری نەکردم بەڵام جۆری کارەکەمی پێ ڕاگەیاندم و وتی :

- " ئەو کەرەستانەی بۆمان ئەهێنرێ ئەبێ هەمووی بە ووردی تۆمار بکەیت و پاشان بیدەیتە دەست فەرمانبەری مەخزەن و ئەویش وەصلێکت ئەداتێ بەوەرگرتنی ئەو شتانە وە بۆ ئەو کەرستانەی ، کەلێرە دەر ئەچێ و ئەبرێ بۆ پێداویستی بیناکە ، دەبی هەمان شت پەیڕەو بکەیت پاشان تۆ کاریشت ئەوەیە کە ناوی کرێکاری حازر نەبوو دەنوسیت و ڕۆژانەکەیشان دەدەیتێ ، ئینجا فەرمانی پێدام کە بچم ئەو پەڕاوە وەربگرم لە مەخزن بۆ لەو مەبەستە بەڵام کاتێک ئاوڕم دایەوە ئەو پیاوەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنامی بۆ لای ئەم ڕۆیشتبوو ، نەم زانی کۆگای کارێگێڕی کارخانە لە کوێیە تا بچم پەڕاوەکانی وەربگرم بەڵام باش بوو کە گەڕام بەدوای پیاوەکەدا بردمی و پەڕاوەکانی ی سەرەتا سەرم سوڕما لەوەی کە زۆر بە خێرایی کارم دۆزییەوە پاشان ئەو کەسانەی منیان خستە ئیشەوە وە نامناسن تەنانەت پرسیاری ناویشیان نەکردم چۆن یەکسەر متمانەیان پێ کردم ئەی چی بەم پەڕاوەنە ژێر دەستم بکەم کارەکەم چییە ؟ چەندەم ئەیەنێ کاتێ کەلەم پرسیارانە نقووم بوو بووم ئەو چەسان ناوە پەیا بوو کە پرسیاری ناوم لێ بکات ، ناوی خۆمم پێ وت بەڵام سیفاتێکی سەیری ئەم پیاوەشم بۆ دەرکەوت ئەم پیاوە چۆن ناسیمیەوە کە هات بەرەو ڕووم چونکە کاتێ قسەی لەگەڵما ئەکرد بۆ چرکەیەکیش سەیری نە ئەکردم بەدەم قسەوە ڕێنمایی کرێکارەکانی ئەکرد ، کە ئەیوت " هەتیو لەگەڵ تۆمە ...؟ " ئەموت : بەڵێ ئاگام لێتە "، ئەیوت : " ئەو تەختانە جوان ببستە ...، فەرموو بۆچی هاتوون ؟ " سەرم لێشوا بوو ، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ڕستەی یەکەمی ئاڕاستەی کرێکارەکان ئەکرد و ڕستەی دووەمی بەرەو ڕووی من ، ئەم پیاوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا یا کە لە خوار پۆستی خۆین لە ڕووی کرێ و کارەوە بەبێ ئەوەی سەیریان بکات قسەی لەگەڵ ئەکرد ، ئەیبینین بەبێ ئەوەی سەیریان بکات بەڵام لەگەڵ سەرۆکی نیشەکە و مقاول و ئەندازیارەکاندا شتێکی تر بوو زۆر بەڕێزەوە قسەی لەگەڵ ئەکرد و چاوی لێ نە ئەتروکاندن سیفەتێکی تری ئەم پیاوەش ئەوە بوو کە لە یەک کاتدا ئەیتوانی لەگەڵ چوار کەس قسە بکات ، ئەوەندە شارەزایی لە کارەکەیدا پەیدا کردبوو کاری ئەندازیاریشی خستبووە گیرفانیەوە ، زۆر لێهاتوو بوو خاوەن ئەزموون بوو کاتێ کە پشتی لە من کرد بوو پێی وتم :

- " لە بەیانیەوە دەست بەکار ئەکەیت ؟ ".

وتم :

- " باشە ".

وتی :



Scanned by CamScanner



عەزیز نەسین

## پاسارادە

- " کار لەسەعات 8 وەیە بەلام تۆ ئەبێ 7:30 لێرە بیت تاوەکو ناوی کرێکارە و وەستاکان تۆمار بکەیت ماڵتان دوورە لێرەوە "

قسەم ئەکرد و وتی :

- " ئەگەر ماڵتان دوورە ئەتوانی لێرە بمێنیتەوە " .

بەدەم پشت تێ کردن و ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوەوە وتی :

- " برۆ بۆ لای لێپرسراوی کۆگا و بڵێ کە من ناردوومی با جێگەیەکت بۆ دابین بکات .. "

ئەمشەو وەرزی زستان بوو ، ئەو شوێنەش کە تیا ئەمامەوە زۆر ناخۆش بوو لەسەر داری ڕەق و تەق ئەبوایە بەبێ پێخەف بخەوتمایە بۆنی دووکەڵەداری داگیرساویش بە هەموو ژوورەکەدا بڵاو ببووەوە .

ئەماوەی دوو سێ ڕۆژدا فێری کارەکە بووم لە کۆتایی هەفتەی سێیەم لەکارکردنم لەوێ 14 لیرەم پاشەکەوت کرد لەڕۆژانەکەم قەت بیرم ناچێتەوە دام نابوو هەموو شەمەیەک 10 لیرە بنێرم بۆ ماڵەوە ئینجا لەگەڵ پارەکەیشدا نامەیەکیشان بۆ ئەنووسم بەوەی کە بە سەرما هاتووە دڵنیا بووم لەوەی کە کاتێ پارەکە ئەبینن کاریگەری ئەو کەتنە کە کردوومە کەمتر ئەبێ لە سەریان ، بڕیار بوو ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ناردنی پارەم بێ بۆ ماڵەوە بەڵام چونکە درەنگ لە کار ئەبوومەوە فەرمانگەی پۆستە دەمێک بوو دەوامیان تەواو بوو بوو بۆیە ڕۆژێکیان چوومە لای حەسان و داوای مۆڵەتی نیو کاتژمێرم لێکرد وە دەستی کرد بە هاوار کردن بەسەر کرێکارەکاندا :

-" ئەو چیمەنتۆیە بۆ ناگرنەوە خوا بتان برێ ....چیت ئەوێ هاتووی ؟" .

وتم :

- " نیوسەعات نیو کات ژمێر مۆڵ.......... " .

هاواری کردەوە بەسەرکرێکارەکاندا :

- " ڕۆڵە کار وا بڕوا ئیشمان ئەبێ بە دوو ئیش ..... بڵێ بزانم چیت ئەوێ ...؟" .

ئەمویست قسەکانی لەدەم بفرێنم و ئەژمارێکی بۆ بکەم بزانم کام ڕەستەیەیان ئاراستەی منە و کامەیان ئاراستەی کرێکارەکانی ئەکات هەر ئەمووت مۆڵەت .... کات ژمێر ... کارم هەیە .... نیو .... کاتێ ئەمویست پێی بڵێم بۆ مۆڵەتەکە قسەکەمی ئەبڕی و دیسان هاواری لە کرێکارەکان ئەکردەوە ، زۆر تورە بووم چونکە سەرەڕای هەموو شتێ پشتیشی تێکردبووم ، بڕیارم دا بچمەوە بەردەمی چاو بخەمە چاوی ، ڕووی کرد بەو دیوا خەریک بوو کابرا شێت بکەم بەڵام هەر بەردەوام بوو لە پشت لێ کردنم لەو بێنەو بەرەیەدا پیاوێک هاوری کرد :

- " لۆرییە تەختەکانیان هێناوە کاک حەسان " .



Scanned by CamScanner

نەمتوانی بەردەوام بم لەسەر داواکردنی مۆڵەت چونکە تەنیا کەسێک کە هەبوو ئەو بارە تەختەیە تۆمار بکات و وەسڵ بدات بە هاتنە ناوەوەی بۆ ناو کۆگاکە من بووم بۆیە بەڕاکردن گەڕامەوە بۆ ناو ژوورەکەی خۆم و پەراوەکانم دەرهێنا ئەو پیاوەی کە ئەندەری بارە تەختەکانی بۆ دەرچوو بوو وتی :

- " سەرجەمەکەی 24 مەتری چوار گۆشەیە وەسڵێکمان بەرێ با بڕۆین ، منیش بۆ ئەوەی کە هیچ کەم و کورتیەک لە کارەکەمدا نەدۆزنەوە ، زۆر بەرووردی کارم ئەکرد وتم :

- " بە پارمەتیتان ئەیپێوم .. ".

کابرا وتی :

- " پێوانی چی کوڕم وەسڵێکمان بەرێ درەنگە ".

گوێم بەقسەکانی نەیا دەستم کرد بە پێوانە کردنی تەختەکان کابرا زۆر پەست بوو وتی :

- " کەواتە تۆ متمانەت بە ئێمە نیە ! ؟ ".

وتم :

- " مەعز بۆ خوا ، بۆچی متمانەت پێ ناکەم بەس وا باشتر نیە کە بیپێوم ؟ چونکە منیش ئەیدەمە دەست ئەکەم بە لێپرسراوی کۆگا ناکرێ ئەو بەکەم کورتیەوە لێم وەربگرێ ، شتی وا پەسەند ناکات :

کابرا زۆر تووڕە بوو وتی :

- " سەیری ئەمە بکەن خەڵکینە کێ ئەم دەبەنگەی داناوە لێرە ....!؟ ".

بەسەیرکردنێکی خێرا و پێوانێکی سەرپێی بۆم دەرکەوت کە تەختەکان کورت وەک لەوەی کە 24 مەتری چوار گۆشە بن و لە 18 ئەچوون کابرا چوو بۆ لای لێپرسراوی کۆگا و قسەی لەگەڵدا کردبوو لێپرسراوی کۆگاش هات و پێوەرەکەی لە دەست سەندم و وتی :

- " وەری بگرە وە وەسڵیان بدەرێ ".

وتم :

- " چۆن وەری بگرم ؟ کەم و کورتی تیایە ، 5 خولەک بوەستە تا ئەیپێوم ".

ئەمین مەخزەن وتی :

- " چ پێویست ئەکا کوڕم وەری بگرە ".

گومانم لەم سووربونەیان کرد کە بەو شێوەیە قسەیان ئەکرد پێم وت :

- " باشە تۆ پەسەندی ئەکەی کەرەستەیەکم لێ وەربگریت بەم جۆرە ؟ ".

وتی :

- "بابە گیان کەم و کورتیشی بێ وەری ئەگرم تۆ کارت چییە بەسەرەو ؟ ".

وتم :

- " کەواتە تۆ وەسڵێکم ئەیتێ بەوەی کە 24 مەتر چوارگۆشە بووە بارە تەختەکەت وەرگرتووە ؟! ".



Scanned by CamScanner

وتی :

- " ئەی هەمیشە وا نەبووە بۆ من خۆم ئەیان پێوم تا تۆ بیان پێوی ؟" .

کابرای ئەندەر دەستی کرد بە گیرفانیا 10 لیرەی دەرهێنا و دەستی درێژ کرد بۆم و وتی :

-" ها ئەمە وەرگرە و بچۆ نانێکی باش بخۆ لەسەر حیسابی من کارەکەمان لەوە زیاتر درەنگ مەکە دیارە کورێکی لێهاتوویی ماشەلا زوو چاوت کرایەوە " .

کابرای لێپرسراوی کۆگاش هەمان قسەی کرد و وتی :

- " کاکە گیان ژیان وایە ئەمانە یەکەمجار بەستە زمانن بەڵام دوایی کل لە چاو ئەفرێنن " .

بەڵام من دەستی کابرای تەندەرم بردە دواوەوە وتم سوپاس نامەوێ دەستم کردە بە پێوانەکردن کابرای ئەمین مەخزەن وتی :

- " دیارە پارەکە کەمە بەلایەوە "

کابرای تەندەر وتی :

-" کورم هەوڵ مەیە ئەوەندە چاوچنۆک کار بی ئای چەند ئازارمان چەشت تا گەیشتین بەم ڕۆژە ئینجا پارەکەی کرد بە 20 لیرە وتم پارەم لە تۆ ناوێ من کرێی خۆم وەر ئەگرم ڕۆژانە ڕێم بدەن با لە پێوانە کردندا بەردەوام بم وتی :

- " ئاخر زەرەر ئەکەیت ؟" .

کاتێ کە بینمی هەر بەو کارەوە خەریکم و دەنگم لێ نایەت بانگی سەرۆک حسان ی کرد بۆم کە سەرۆک حەسان هات یەکەمجار بوو سەیرمان بکات بەڵام من سەرقاڵ بە پێوانەوە کردنەوە کابرا وتی

- " کاک حەسان ئەمەتان لە کوێ دۆزیوەتەوە ؟ " .

سەرۆک حەسان وتی :

- " چی بووە ؟! چی کردووە ؟" .

من دڵنیا بووم لەوەی کە ئەگەر سەرۆک حەسان بە باسەکەی بزانێ پشتم ئەگرێ و متمانەم زیاد ئەکات لەلای و لەوانشە ڕۆژانەکەشم بۆ زیاد بکات ، چونکە ئەمەی بە تەمابوو بکرێ پێی ئەوترێ دزی بە ڕۆژی ڕووناک کابرا وتی :

- " نایەوێت وەسڵمان باتێ بەوەرگرتنی تەختەکان تا بڕۆین بەلای کارمانەوە ، هەرچی لۆریە هەمانە بە سەرپێچی لەسەر ڕێگەکە ڕامان گرتووە ،" .

زۆرم لا سەیر بوو سەرۆک حەسان ووتی :

-" چی بووە هەتیوو ..؟! بۆچی وەریان ناگری ؟ " .

کاتێ کە ئەمەی ووت هەر پشتی لە من بوو ئەتووت لەگەڵ هەوادا قسە ئەکات وتم :

- " ناتوانم وەری بگرم چونکە کەم و کورتی هەیە .." .



Scanned by CamScanner





ووتی :

- " تۆ سەیری ئەمە ناکەی خۆی کردووە بە ئەسحابە بەسەرمانەوە ؟ لەسەری مەڕۆ و لێیْ وەرگرە ....".

وتم :

- " ئاخر من ئەی دەم بە مەخزەن ، چۆن ئەبێ بەو شێوەیە بیدەمە دەستی ؟؟ ".

وتی :

- " تۆ هەقت چییە ؟ گرنگ ئەوەیە لەوێ وەسڵێکت ئەیەنێ بەوەکە کە پێوانەکەی 24 مەترە ، " .

ئەم کارە خوێڕیێیەکی تیا بوو ، بەڵام نەمئەتوانی بەتەواوی تێ بگەم وتم :

- " ئەمە لێپرسراوی سەر شانی منە ناتوانم .." .

سەرۆک حەسان زۆر توڕە بوو بوو بەڵام لەگەڵ جوابانەوە قسەی بۆ خاوەن تەندەرکە ئەکرد ، هەر چەندە قسەکان ئاراستەی من ئەکرا ووتی :

-" بابە گیان لێرسراوی چی ؟ تۆ ئەوەندەت شت ئەنووسیت و هیچی تر ؟!! " .

وتم :

- " ئەی باشە ئەو 6 مەترە ؟؟ " .

وتی:

- " کوڕە ئەمە پیاو کەللەبی ئەکات پیاو ئەهێنێتە قسە ، هەتپوو وەسڵەکەیان بۆ بکە ، خێرا کە دەی ...".

وتم :

- " نا پیرم ... " .

وتی :

- " کوڕم کێ زەرەر ئەکات ؟! 24 مەترە یەتە ژوورەوە دوایش 24 مەتر دەبرێ بۆ بەکار هێنان تۆ مافت نیە بەسەرەوە ؟ " . .

بیرم کردەوە وتم دیارە ئەمانە هەموویان ڕێ کەوتوون کە لە مقاولە گەورەکە بدزن وتم :

- " نایکەم " .

وتی :

- " لێرە دەرت ئەکەم ها ..." .

وتم :

- " منیش بە مقاولە گەورەکە ئەڵێم " .



Scanned by CamScanner

عەزیز نەسین



یاسارادە

" مقاولی گەورە " ئەو پیاوە بوو کە منی دامەزراند ، حکوومەت بیناکەی دابووە دەست ئەو دروستی بکات کابرای تەندەر شوێنەکەی جێهێشت و لەگەڵ سەرۆک حەسان ڕۆیشتن کابرای لێپرسراوی کۆگاکە وتی :

- " ئەتکرد وانیە ...؟ باشە 20 لیرەت لە دەست خۆت یا و لە کارەکەش دەر ئەکرێیت "

هیچ قسەم نەکرد وتی :

هیچت زەرەر نەئەکرد ... 24 مەتر هاتووە و دەستت 24 پشت ئەدا بە ئێمە ... "

وتم :

- " ئاخر مقاولی گەورەمان زەرەر ناکات وتم باشە لەو 6 مەترەیا کێ زەرەر ئەکات ؟ "

وتی :

- " هیچ کەس ... "

- " ئای خوایە گیان خەریکە شێت ئەبم چۆن کەس زەرەر ناکات ؟ چۆن کەرەستەکە 18 مەترە و بە بڕی 24 مەتر وەری بگرم ؟ ئەی ئەو شەش مەترەی تر کوا ؟! فڕی ؟ "

وتی :

- " باشە تۆ بڵێ کە کێ زەرەر ئەکات ؟ " .

من تەواو مێشکم لەکار کەوتبوو کابرای لێپرسراوی کۆگا وتی :

- " یا من پێت بڵێم ، تەنیا کەسێک کە زەرەر ئەکات تۆی 20 لیرەت لە دەست خۆت یا وە دەرکرای ئێمە بارەکە هەر وەرئەگرین " .

خۆم ئامادە کردبوو کە بچم بە مقاولی گەورە بڵێم هەرچەندە لە ناوەندەییەکە وا فێر کرابووین کە قسە گێڕانەوە شتێکی قێزەوەنە ، بەڵام ئەمەیان بەدزی دادەنرێ لەو کاتەدا کرێکارێک هات و وتی :

- " جەنابی مقاولی گەورە بانگت ئەکات " .

ئاهێکم پیا هات و وتم " ئێستا هەموو شتەکان ئاشکرا ئەکەم و ڕزگارم ئەبێت کابرای تەندەر و سەرۆک حەسان لە ئەنیشتیەوە دانیشتبوون مقاولی گەورە وتی :

- " بۆچی ئەو وەسڵەیان بۆ ناکەیت ؟ " .

وتم :

- " گەورەم ئەوان 18 مەتر چوارگۆشە تەختەیان تەسلیم بە من کردووە وەسڵی 24 مەتریان لە من ئەوێ " .

وتی :

- " ئینجا چی بووە ؟ وەسڵەکەیان بەرێ ... " .

وتم :



Scanned by CamScanner



- " گەورەم دیارە ئەمتوانی بە تەواوی بۆ بەڕێزتی ڕوون بکەمەوە جیاوازی 6 مەتر هەیە لە کارەکەدا ".

وتی :

- " دەبەنگ ئەگەر هیچیشت نەیاتێ و داوای وەسڵی 100 مەتریشی لێ کردی ئەبێ بیدەیتێ ".

دەمم داچەقی و سەرم زیاتر سوڕما وام ئەزانی ئەو کارە کە من ئەیکەم بەتەواوی فێری نەبووم ئینجا هاواری کرد بەسەرما وتی :

-" وەسڵەکەی بەرێ ...".

وتم :

- " وتم ئاخر گەورەم .....؟! ".

وتی :

- " زۆر درێژ دادڕێ ... ئەڵێم وەسڵەکەی بەرێ ، بەپەلە ..".

خەریک بوو بڵێم بەسەر چاو گەورەم بەلام سەر سوڕمانەکەم زمانمی لە قسە کردن خستبوو مقاولی گەورە بەو سەر سوڕماویەم پێکەنی ووتی :

- " کە تۆ وەسڵی 24 مەتریان بۆ ئەکەی ، لێپرسراوی کۆگەش هەر ئەو ووەسڵەت ئەداتێ بەو بڕە تەختەیە وانیە ..؟ ".

وتم :

- " بەڵێ ئەمداتێ ... بەلام ....".

وتی :

- " کەوایە ئەوەی کە ئەچێتە مەخزەن هەر ئەوەیە کە پەتە دەرەوە لێی ...؟ ".

وتم :

- " ئاخر جیاوازییەکە 6 مەترە ... ".

وتی :

- " هەتیو خەڵەفاوی 6 مەتری چی ؟ ".

وتم :

-" ئاخر زەرەرێک هەیە گەورەم ".

وتی :

- " کێ زەرەر ئەکات کاکە گیان ؟ ".

کە وای وت ڕووی زۆر ڕەش داگیرسابوو ، هەناسەی توند بوو بوو لە تورەییدا وتم :

- " بەدڵنیایەوە زەرەرێک هەیە .. ".



Scanned by CamScanner





مقاولی گەورە وتی :

- " باشە تۆ بڵێ کێ زەرەر ئەکات ؟ خاوەن ئەندەرەکە ؟ ".

وتم :

-" نەخێر ...".

وتی :

-" لێپرسراوی کۆگە ...؟ ".

وتم :

- " نەخێر ...".

وتی :

-" کاک حەسان ..؟ ".

وتم :

-" نەخێر ...".

وتی :

-" تۆ ...؟ ".

وتم :

- " بە دڵنیایەوە نەخێر .. ".

وتی :

- " کە تۆیش زەرەر ناکەیت بۆ لوتت ئەخەیتە شتێکەوە کە پەیوەندی بە تۆوە نیە ...؟ ".

وتم :

-" ئاخر گەورەم چی لە 6 مەترەکە بکەین کە کەمە ؟ ".

زۆر تورە بوو هاواری کرد و وتی :

- " هەتیو شێتت کردم مێشکم نەما ، 6 مەتری چی ؟ زەرەری چی ؟ ".

وتم :

- " گومانی ئەوە ئەکەم کە ئێوە زەرەر بکەن ".

بە پێ ڕابواردنێکەوە وتی :

-" کەس نەماوە کە تۆپێم بڵێی کە زەرەر ئەکەم یان نا ؟ ".

وتم :

- " بێ گومان یەکێک زەرەر ئەکات .. ".

کابرای مقاول زۆر پەرێشان بوو بە دەستمەوە وتی :



Scanned by CamScanner

- " تا ئێستا کەرێکی کەللەرەقی وەک تۆم نەبینیوە ، ئەمەتان لە کوێ دۆزیوەتەوە ؟ ".

وتیان :

- " جەنابت خۆت ناردت تا ئیشی بدەینێ ؟ ".

وتی :

- " من ؟ کەی ؟ ".

وتیان :

-" ئەمڕۆ تای لێهاتووە لە مەسەلەی ئاسن و چیمەنتۆکەدا وای نەکرد ".

" ئەو کاتە زانیم کە پێشتر لە زۆر شتی ترا کڵاویان کردۆتە سەرم " وتی :

-" تا چەندت تەواو کردوە ؟ ".

وتم :

- " تا ناوەندی بەڵام لە بەر لە کۆتایی ساڵدا وازم هێنا ".

ووتی :

- " بۆ وازت هێنا ؟ ".

وتم :

- " دەرکرام ".

وتی :

-" تا ئێستا تێ گەیشتم ، بزانە چ کەتنێکت کردوە وا دەرکراوی ئاخۆ چ ڕابردوویەکت هەبێ !! ئێمە کەسێکمان ئەوێ جێگەی متمانە بێ !! ".

خەریک بوو قسە بکەم قسەکەی پێ بڕیم و وتی :

- " ون بە لەبەر چاوما دەرم کردیت تەواو نەتبینمەوە لێرە .. ".

لەوێ هاتمە دەرەوە نەم ئەزانی چیم بەسەردا هاتووە چووم جلەکانم کۆبکەمەوە کابرای لێپرسراوی کۆگام لێ پەیا بوو پرسی چی ڕوویدا ؟ وتم :

- " دەریکردم .. ".

ووتی :

- " تۆ بەم مێشکەتەوە تووشی دەرکردنی تریش ئەبی لە داهاتوودا ".

وتم :

- " باشە ئەگەر ئەو کەرەستانە نا پێون ئەی منتان بۆچی داناوە ؟ ".

وتی :

- " ڕۆتینی کارەکە وایە لێ خۆ ئەبێت کەسێک هەبێ وەسڵەکان ببڕێ ".



Scanned by CamScanner

وتم :

-" باشە مقاولی گەورە مەبەستی چی یە ؟ کە ئەڵێ کەسێکی خاوەن متمانەمان ئەوێ .. ؟ ئەی ئەوەی من کردم قسەکەی ئەوی نەگرتەوە ؟ من تێ ناگەم ".

وتی :

- " بابە گیان تۆ پێم ڕائەبوێری ؟ یان هەر خۆت دەبەنگی ؟ ".

وتم :

- " بۆ ..؟؟؟ ".

وتی :

- " کەسێکی خاوەن متمانە بەو مانایە دێت کە هیچ لە کۆگاکە نەباتە دەرەوە و بۆ خۆی بفرۆشێ . تا ئیستا چەندەها کەس لە جێگەی تۆ دەرکراون چونکە ئەوەیان ئەکرد ، تۆ هەرچەندە دزیەکەت نەکرد بەڵام کەریەتیەکی ترت کرد ".

وتم :

- " بمبورە بکە . بەس پرسیارێکی تریش ماوە خەریکە مێشکم ئەتەقێ و تێ ناگەم ؟ ".

وتی :

- " بپرسە ..؟ ".

وتم :

-" باشە .. ئەگەر من وەسڵ بدەم بە وەرگرتنی 24 مەتر و وەسلیش وەرگرم بە هەمان شت من زەرەر ناکەم تۆ زەرەر ناکەی ، کاک حەسان زەرەر ناکات ! وایە ؟ ".

وتی :

- " وایە ... ".

وتم :

- " کابرای خاوەن تەندەر زەرەر ناکات ! ، مقاولی گەورەش زەرەر ناکات باشە ئەی کێ زەرەر ئەکات ؟!! ".

وتی :

- " کەس زەرەر ناکات ..! ".

وتم :

- " خەریکە شێت ئەبم ئەی ئەو 6 مەترە چی لێهات ، فڕی ؟ ".

لەو کاتەدا کاک حەسان هاواری لێ کردم و وتی :

- " ئەوە هێشتا لێرەیت ، بڕۆ نەتبینمەوە لێرە .. ".



Scanned by CamScanner

ئینجا رووی کردە لێ بەرپرسراوی کۆگا وتی :

- " ئەم سەگە ئەیبەنەوە بێرایە .......... ".

جارێکی تر کە چوومە دەرەوە بە جادەکانا ئەسورامەوە دەستم کرد بە گریان بەڵام بیریشم لەوە ئەکردەوە کە ئەو 6 مەترە چی لێهات ؟ یەکێک زەرەر ئەکات کێیە خوایە ؟! هەر نەمزانی ئەو کەسەی کە زەرەر ئەکات کێیە خوایە ؟! تا چەند ساڵێک تێپەڕی ئینجا زانیم !! ئەو بینایەی دروست ئەکرا بۆ دەوڵەت بوو کە درابوە دەست مقاولی گەورە ئەویش لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی بە ئارەزووی خۆیان دزیان تیا ئەکرد واتە ئەو کەسەی کە ئەتیا لەو ئیشە زەرەری ئەکرد دەوڵەت بوو کە بە پێی وەسڵەکان پارەی کەرەستەکانی دابین ئەکرد .



عەزیز نەسین

# ئەو ڕاستیەی کە لە هەموو درۆیەکدا هەیە...

ئایا ئەوەی کە پاشازادە بۆ منی ئەگێڕایەوە ڕاست بوو ؟ یان خۆی دروستی ئەکرد ؟ زۆر بیرم لەوە کردەوە ، ئەو ئەیزانی کە من شەوانە چی بۆ گێڕاومەتەوە ئەمنوسیەوە . لەوانیە لە ناخی خۆیدا پێی هەڵخەڵەتاوم بەڵام پاشا زادە چ سوودێک ئەبینێ لەوەی درۆم لەگەڵ بکات و فێڵم لێ بکات ؟ دیارە هەست کردن بە خۆبە تەنیا و هیچی تر . من پێم نەوتووە کە ئەم چیرۆکانەی ئەو لە ڕۆژنامەیەکدا پەخش ئەکەم ، بەڵام ئەو بە دڵنیایەوە ئەزانێ کە وا ئەبێ ، چیرۆکی ژیانی پەخش ئەکرێت . بۆیە بەڕای من ئەو باسی ئەو ژیانە ناکات کە ژیاوە ، باسی ژیانێک دەکات بەهۆی ووردکاریەکانی ناویەوەوە ئەو کارەساتانەی کە گوایا بەسەریا هاتووە بەنەمری بمێنێتەوە ، بەڵام لەلایەکی تریشەوە بڕوام نەئەکرد کە هەموو ئەوانەی کە باسی کردووە هەمووی درۆ بێت ، چونکە بڕوای پێ نەهێنام کاتێ ئەیگێڕایەوە ، ئەگەر لەسەدا سەد دڵنیا بوومایە کە درۆیە ، بۆچی پاڵنەرێکی وام تیا دروست ئەبوو کە تا نیوە شەو دانیشم و تۆماریان بکەم ؟ .

پاشا زادە زۆر بە قوڵیەوە باسی ڕووداوەکان ئەکرد بواری ئەوەی نە ئەیاێ کە ڕاست لە درۆ جیا بکەیتەوە ، چونکە هەردووکیان لە ناویەکدا ئاوێتە بوو بوون بەڵام ئەوەی کە من لێی دڵنیا بووم ئەوە بوو کە زۆر ڕووداو هەیە لە ژیانی مرۆڤدا هەتاوەکو پیایدا تێپەڕ نەبووبێ ناتوانێ بە درۆ باسی بکات لەوانیە پاشا زادە مرۆڤێک بێ لە ناو خەون و خەیاڵ و بۆچوونی خۆیدا ژیابێ و بنەمای لەسەر دروست کردبێ لە بیرکردنەوەکانی ژیانیدا وەک لەوەی زیاتر لەواقیعەوە تاڵ و کارەسات ئامێزەکەدا هەستی هەبووبێ ، کاتێ کەشتە کەش بەم جۆرە بێ کەواتە ئەو خەون و ئاواتانە پاشا زادە یان لەو واقیعەوە



Scanned by CamScanner

هێناوەتە دەرەوە و بەرگری درۆ و دەلەسەیان بەبەردا کردووە ، تا ئەو ڕادەیەی بڕوای بە خۆی هێناوە کە زیانی ئەو زیاتر بەو ڕێرەوەدا نیەرێوە و بووەتە بەشێک لە کەسێتی ئەو .

کاتێ کە بیرم لەو شتانە ئەکردەوە بیری بەرتوکێکم کەوتەوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر خوێندبوومەوە ، زۆر شتی ئەو بەرتووکەم لیر چوو بووەوە وەکو ناوی نوسەرەکەی و ناوی کتێبەکە خۆی و ناوەرۆکەکەی ، بەلام ئەوەی کە قەت لە بیرم ناچێتەوە بەشێکی ئەو کتێبە بوو کە باسی لە ڕووداوێک ئەکرد ڕوویدا بوو لە نێوان شیوعیەکی چینی و یەکێک لە ئەندامەکانی ئاسایشی گشتی چیندا ، ئەو زەمانە کە حیزبی شیوعی چینی بە نهێنیەوە کاری دەکرد ئەم ئاسایشە چینیە کە ڕاسپێردرابوو بە چاودێری کردنی ئەو پیاوە کە ئەندام بوو لەو حیزبە قەدەغەکراوەدا ئەو چاودێرە هەنگاو بە هەنگاو بە دوای ئەم حیزبەوە بوو ، کابرای حیزب زۆر پەریشان بوو بەدەست ئەو چاودێرە ووردەوە تەواو سەری لێشوا بوو ، زۆر ئەترسا لەو چاودێرە بەلام ئەوەی زۆر سەیر بوو ئەوە بوو کە ڕۆژێک کابرای ئاسایشەکە هاتە بەردەمی و وتی :

- " ئەزانم کە تۆ لەم چاودێری و ڕاوەدونانە تەواو ژیانت تاڵ بووە هەستت پێ ئەکەم ، بەلام وا مەزانە کە من ئاسوودەم ، منیش وەک تۆ ژیانم شێواوە بێزار بووم لەم کارە بەس چی بکەم ئەمە ئەرکی منە ئەوان مووچەم لەسەر ئەم کارە ئەیەنێ ، هەموو ئێوارەیەک ئەبێ ڕاپۆرتێک پێشکەش بە فەرمانگەکەم بکەم دەربارەی هاتووچۆ کردارەکانی ئەو ڕۆژەت کێت بینوە لەگەڵ کێدا قسەت کردووە چیت کردووە بەلام چاودێری کردنی تۆ وا ئاسان نیە تۆ زۆر ئازارم ئەیەی ، ئەچیتە بینایەکەو خۆت درەنگ ئەخەیت تا بێم بەدواتا سەیر ئەکەم لە دەرگاکەی ترەوە هاتوویتە دەرەوە باشیش ئەزانم کە چونت بۆ کتێبخانە گشتی و دانیشتنت بە چوار سەعات بۆ خوێندنەوەی کتێب تەنیا بۆ ڕوح کێشانی منە منیش داوی ئەم ساڵە بێزار بووم لەم ئەشکەنجەدانەی تۆ بۆ من ، وەرە با ڕێکەوتنێک ئەنجام بدەین لە نێوانماندا ... "

کابرای چینی نەیزانی کە هیچ ناکرێ متمانە بە ئاسایشی گشتی بکرێ ، بۆیە پرسیاری لێ کرد کە ئایا ئەو ڕێکەوتنە چۆنە چاودێرەکەش لە وەلامدا پێی وت " چیتر چاودێریت ناکەم و دوات ناکەوم ، بەلام ئەبێ هەموو ئێوارەیەک لەفلان چایخانە یەکتر ببینین و ڕاپۆرتێکم بەیێ دەربارەی ڕۆژەکەت کە چیت کردەوە تیایدا منیش هەر بەو شێوەیەی بۆت ئەنووسم بەرزی ئەکەمەوە بۆ سەرۆکی فەرمانگەکەم "

بەلام کابرای شیوعی گومانی هەبوو لەم قسەیە و لێی پرسی :

- " چۆن متمانە بەوە ئەکەیت کە ڕاستیت بۆ ئەگێڕمەوە ؟ ئاترسی هەمووی درۆ بێ ......؟؟! "

کابرای چاودێر وتی :

- " من متمانەم پێتە ...... "



Scanned by CamScanner

کابرای شیوعی دەستی کرد بە پێکەنین و تی :

- " من ئەندامی حیزبێکی قەدەغەکراوم تۆیش چاک ئەزانی کە من راستیت بۆ ناگێرمەوە ":"

کابرای ئاسایش وتی :

- " مەرج نیە راستیم پێ بلێی ! یان درۆ گرنگ ئەوەیە ئەو راپۆرتەم بەرم بۆیان و ئەمەش بەسمە . ئەتوانیت درۆم بۆ بکەیت گرنگ ئەوەیە چی ئەنووسی بنوسە بۆم بەو شێوەیەی کە رێک کەوتین "

بەلام کابرای شیوعی برادەرەکانی راسپراد کە دیقەتی بدەن بزانن کەس بەدوایەوە نیە ؟ دەرکەوت کەس دوای ناکەوێ دوای ماوەیەکی زۆر شتی زۆر سەیر رووی ئەدا . ئاسایشی گشتی هەموو پەیوەندی شوێنکار و نهێنیەکانی ئەم کابرا شیوعیەیان بۆ دەرکەوت هەرچەندە کە کابرای چاودێر بەهیچ شێوەیەک لەو رۆژەی کەرێکەوتنەکە کراوە دوای ئەم پیاوە شیوعیە نەکەوتووە . باشە ئەگەر وا بێ کەواتە چۆن ئەمە روویدا ؟؟ لایەنە هەواڵگریەکان دەریان خست کە ئەو راستیانەیان دەر ئەخست لە نێو درۆکانی کابرادا خۆی حەشار دابوو چونکە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ درۆ بکات ئەگەر ئەم درۆیانە لە راستی ناخیەوە هەڵ نەقوڵابێ هەموو درۆیەک راستیەکی شاراوە لە ناخیدا حەشاردراوە . بۆنموونە ئەگەر کابرای شیوعی ئەو رۆژە چووبێ بۆ خۆر ئاوای وڵات ئەیوت چووم بۆ خۆرهەڵات . کەواتە راستیەکە لەوەدایە کە بە پێچەوانەوەیە مرۆڤ کە درۆ دەکات بۆ ئەوەیە کە لەو کات شوێنەی خۆی دەرباز بکات کە تیایدا ئەژی کە ئەمانەم بیر نەکەوتەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر پاشازادە درۆیشم لەگەڵ بکات ئەوا بەدڵنیایەوە راستیەکان لە نێوان ئەم درۆیانەدا خۆیان حەشار داوە . بۆ نموونە لەوانەیە لە ناوەندەیەکە خۆی هەر کەسێکی گێرە شوێن بوو بێ نەک قوربانیەکی دەستی قاپە حلواکە .

یاسارادە                                        عەزیز نەسین



# بووم بە تۆپی پا

چەندەها ساڵە کەس بڕوا بەبێ تاوانی من ناکات ، بڕوا ناکەن کە من بەبێ تاوان کەوتوومەتە زیندانەوە ، تەنانەت زیندانیەکانیش بڕوا ناکەن ، پێم ئەڵێن " وا جاری یەکەم بێ تاوان بووی ؟ ، جاری دووەم ستەمت لێ کرا ؟ جاری سێیەم بەدەست خۆت نەبوو ، ئەی جاری چوارەم و پێنجەم و شەشەم ؟؟ ئەمانەش هەمووی ستەم بوون لێت کران ؟! ستەم هەر بەدوای تۆدا ئەگەڕێ ؟ "، نەمئەتوانی وەڵام بدەمەوە ، ئیتر تا ماوەیەکی زۆر بەکەسم نەئەوت کە ستەم لێ کراوە .ئەمزانی کە کەس بڕوام پێ ناکات چونکە ئەگەر منیش لە جێی ئەوان بوومایە بڕوام نەئەکرد ئەم هەموو ستەمە بکەوێ بەسەر سەری تاقە کەسێکدا بەڵام کاتێ قسە بۆ تۆ ئەکەم ئەو شتانەت بۆ ئەگێڕمەوە هەست بەئارامیەک ئەکەم چونکە تەنیا تۆ کەسێکیت کە گرنگی بەوە ئەدەیت بزانیت بۆچی وام لێ هاتووە ؟ چۆن دەبێ ئەم هەموو ستەمە بەسەر تاقە کەسێکدا ببارێت ؟ وەڵامی ئەم پرسیارەم لە شێتێک وەرگرت لە شێتخانەی ناوەندی بەر لەچەند ساڵێک لەمەوبەر ، کاتێ کە پێی ئەڵێم شێت بەو مانایە نایەت کە یەکسەر بە مێشکی هەمووماندا دێت ، واتا شێتێکی تەواو نەبوو بەڵکو ئەتوانی پێی بڵێت نیوە شێت . تەنانەت بەلای منەوە ئەو کابرایە شێت نەبوو من لە هەموو ئەو کەسایەتیانەدا کە هەمبووە کەسێتی شێتیشم کردە بەر خۆم تەواو لە ستەم و زۆریەک لەدوای یەک مێشکم دارمابوو ، کاتێ لە زیندان کرابووم بیرم نایەت بەباشی کەبەهۆی چیەوە بوو ؟! وا بزانم بەهۆی ئەوەوە کە کەسێتی پزیشک یان مامۆستایەکم نواندبوو ، کە لە بارێکی دەروونی ڕوخاوی زۆر ناخۆشدا ئەژیام لە زیندان ، بیرم لەوە ئەکردەوە کە خۆم بکوژم ، بەدەم خۆمەوە بەدەنگی بەرز قسەم ئەکرد کاتێ کەلە



عەزیز نەسین

حەوشەکەی زیندانادا پیاسەم ئەکرد دەستم ڕائەوەشاند بەهەوادا و جوێنم ئەدا ، ستەمکارەکانم ئەهێنایە بەر چاوم کە ستەمیان لێ کرد بووم ، دەمەتەقێم لەگەڵدا ئەکردن و ئەم کرد بەشەڕ لەگەڵیاندا زیندانیەکان گاڵتەیان پێ ئەکردم لەم بارودۆخەدا دیار بوو کە ئەو بارەی منی تیا بووم لە ژێر پەستانی ئەو زوڵم زۆرەدا بوو کە پێوەی ئەتلامەوە لە نێوان چوار دیواری زینداندا داوایان کرد کەبمبەت بۆ خەستخانەی زیندان . ئەوجا هەستم کرد کە هیوای ڕزگار بوونم نزیک بوەتەوە چونکە لەژێر پەستانی داوای زیندانیەکان ناچار بوو کە ڕەوانەی نەخۆشخانەم بکەن ، لەبەردەم پزیشکەکە زۆر بە جوانی و شێوەیەکی زۆر ڕێک و پێک ڕۆڵی شێتیم نواند پزیشکەکە ناردمی بۆ شێت خانە .

ژیان لەوێ جۆرە گۆڕانکارییەکی پێوە دیار بوو ، بیرم لەوە کردەوە کە من شێتی تەواو نیم لەبەر ئەوەی هەر کاتێ بمەوێ خۆم ئاسایی ئەکەمەوە و لەو پێش ڕزگارم ئەبێ . ئەو کابرایەی کە لەوێ ناسیم بۆی ڕون کردمەوە کە چۆن ئەو هەموو ستەمە تووشی کەسێک ئەبێ ، ئەم ئەتوانی ڕزگارم بێ لەدەست زیندان ، ئەویش لەدەست نەخۆشخانە بۆیە هەردووکمان چارەنووسمان لەیەک ئەچوو .

ئەم کابرایەش هەروەکو من خاوەنی ڕابردوو بوو وەختی خۆی لە یەکێک لە پارێزگا دوورەکان سکرتێری کابرایەکی پارێزەر بوو ، ڕابردووەکەی ئەم کابرایە جوێنەکانی بە نامە ئەنارد بۆ ئەو کەسانەی لەهەر جێگەیەکدا هەواڵی کەسێکی گەورە یان لێپرسراوێکی بەناوبانگی ببیستایە و شوێنەکەی بزانیە بە نامە جوێ‌ی بۆ ئەنارد بەدرێژایی چل ساڵ ئەمە پیشەی ئەم کابرایە بوو تا وای لێهات کە ئەیویست نامەکە بخاتە سنوقی پۆستەکەوە دەست بەجێ ئەیان گرت ئەوە ناسرابوو سەرەتا ئەیان نارد بۆ دادگا لەوێ سزایان ئەیا ئەنێردرا بۆ زیندان بەڵام ئەیانتوانی بەمە زاڵ بن بەسەریا ، چونکە هەر کە بەر ئەبوو ئەگەڕایەوە سەر پیشەکەی جارانی تەنانەت کە لەزیندانیشدا بوو نامەکانی بەخەڵک ڕەوانە ئەکرد تا لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە ئەم کابرایە شێتە و تووش بووە بە نەخۆشەیەکی زۆر سەیر نەخۆشی جنێو دان بە لێپرسراوەکان پزیشکەکان هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی نەخۆشیەکەی ئەم کابرایە هیچ چارەیەکی نیە جگە لەوەی هەتا ماوە لە شێتخانەدا بمێنێتەوە ئەو داماوە نەینەزانی کە بەیەکجاری ڕزگاری نابێ لەو خەستەخانەیە بۆیە هەر بەو ئاواتەوە ئەژیا کە بگەڕێتەوە سەر ناردنی پڕ جنێوەکانی بۆ گەورە پیاوان .

ئەم کارەی ئەم کابرایە زۆر لەلام سەیر بوو ، چونکە زۆر پیاوێکی ماقوڵ دیار بوو خاوەنی ژن و منداڵ بوو ، هۆی ئەم لادانە سەیرەیم نەئەزانی ڕۆژێکیان پێم وت کە هۆی چییە وا ئەکات ؟ . ئەو زوڵم لە خۆیی و خێزانی ئەکات ئاوا و وتی :

- " هەرچییەک بێ هەر چۆنێک بێ تازە بووم بە تۆپی پێ ... " !!! .

نەمتوانی لە مەبەستەکەی تێ بگەم هەر کە پرسیاری ئەو هۆیەم لێ ئەکرد بەمە وەڵامی ئەدامەوە دواتر باسی ژیانی بۆ کردم سەرەتا بڕوام بەوە نەکرد کە بۆی گێڕامەوە چونکە درۆی ئەکرد . چونکە



Scanned by CamScanner



هەمیشە ئەبوت ئەو ستەمی لێکراوە و هەموو خەڵک خراپەیان کردووە بەرامبەری بەقەد 100 کەس زوڵمی لێکراوە ڕۆژێکیان باسی یەکێک لە ستەمەکانی بۆ ئەکردم کە لێی کراوە ، لە پڕا قسەکەی بڕی و بە نیگراوانیکی ووردەوە زۆر تەماشای کردم جوان لێم ڕوانی و وتی :

- " تۆ بڕوام پێ ناکەی ؟!! ".

وتم :

- " توخوا بەسە توبڵێی ئەو خەڵکە هەمووی دژی تۆ وەستابن ؟! ".

وتی :

- " بەدڵنیایەوە ... کاتێ ئەبیت بە توپی پێ هەموو شەقت تێ هەڵ ئەدەن ".

منیش بە هەلم زانی و پرسیاری ئەو ڕستەیەم لێ کرد کە هەرگیز لێی تێ نەگیشتم وتی :

- " هەموو کەسێک ئەگەر ئەوەی هەیە کە تووشی ستەم لێ کردن بێت زۆر کەس هەن ناتوانن هەڵسنەوە لە دوای ئەوەی ستەمەکەش پشتیان ئەشکێنێ چونکە بۆ ئەوەی بە ڕاوەستاوی بمێننەوە پەنا ئەبەنە بەر کەسێکی ناسیاو یان خزمی خۆی باسی ئەو ستەمەی بۆ ئەکات کە تووشی بووە داوای یارمەتی دەست گرتنی لێ ئەکات تا ژیانی تیا نەچێت بەڵام ئەو کەسە ناسیاوە کە بەم حاڵە پەریشانە و لاوازیەوە ئەیبینێ و لە ترسی ئەوەی نەبا بێ بە ئەرک بەسەر شانیەوە بە توپێکی پێ پەتە بەرچاوی و شوتێکی چاکی تێ هەڵ ئەیا ( ڕایی ئەکات ) کاتێک دیسان ئەکەوێتەوە بە زەویدا لە ئەنجامی ئەو شووتە بەهەزار حاڵ خۆت هەڵئەسەنێتەوە و پەنا ئەبیتە بەر ناسیاوێکی تر و باسی هەردوو ستەمەکەی بۆ ئەکەیت ئەویش ئەکاتە ئەو بڕوایایەی کە ناکرێ تاوانی تۆیشی تیا نەبێ وا ئەم هەموو ستەمەت لێ ئەکرێ بۆیە ئەویش لە ترسی خۆی شوتێکی ترت لێ ئەیات تا ئەمجارەیان بەتەواوی ئەکەویت و ئەبیت بە توپێ پێ ".

کابرا درێژەی بەقسەکەی دا و وتی :

- " ئەگەر ئێستا بەیەکەوە لەم نەخۆشخانەیدا نەبووینایە و بهاتایە لام ئاوا بەسادەیی گوێت لێ نەئەگرتم و ئەتووت تۆ بڵێی ئەم هەموو ستەمە بەسەر تۆدا باری بێ ؟ تۆیش شوتێکت لێ ئەیام ، بەڵام ئێستا حاڵمان لەیەک ئەچێ و یەک قەدەر چاوەڕێمانە ، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ کە بەو شووتانە نەفەوتێ و بتوانێ هەڵبستێتەوە ، ".

قسەکانی ئەو کابرا شێتە وەکو زەنگێکی ئاگادار کردنەوە وا بوو بۆم ، بۆیە بڕیارم دا کە هێز بەم بە خۆم و لەسەر پێ بوەستم و نەبمەوە بە توپی پی و خەڵکی بە ئارەزووی خۆیان شووتم لێ نەدەن چووم بۆ لای پزیشکی نەخۆشخانەکە و وتم من لە سەرەتاوە نەخۆش نەبووم بەڵام زۆر بێزار بووم لە زیندان وە بە مەبەستی ڕزگار بوونم لەو حاڵەتە خۆم وەکو شێتێک نیشانداوە دکتۆرەکە زەردەخەنەیەکی گرت و لەوەڵامدا وتی :



Scanned by CamScanner





- " ئەوەش جۆرێکە لە جۆرەکانی شێتی ".

ئەمەی وت گەڕاندمیەوە بۆ ناو زیندان دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو پزیشکە شووتی لێیاوم ڕاپۆرتێکی ناردبوو بۆ زیندان لە سەر ڕۆشنایی ئەو شتانەی بەسەرمدا هاتووە لە ژیانمدا و بۆم گێڕابەوە و نوسیبوی " ئەم کابرایە شێت نیە بەڵام هەموو هەوڵێکی ئەوەیە لە زیندان رزگاری ببێ تا بگەرێتەوە سەر کارەکانی پێشووی " ئەم شووتەیان زۆر قورس بوو بەلامەوە کە لێیان دام چونکە ئیتر نەمتوانی خۆم لە کاری ساختەکاری ڕزگار بکەم ، نەک تەنیا داد پەرەوەری بەڵکو پزیکیش بەو تاوانە دادگایی کردم نەمئەتوانی چیتر بەخەڵک بڵێم کە من ساختەم لەکەس نەکردووە و ستەمم لێ کراوە ئیتر بەکەس ناڵێم ئەی باشە چۆن ئەکرێ کە مرۆڤ بەبێ ساختەکاری نەژی ؟ کە ئەم پرسیارەم کرد لە وەڵامدا پێیان وتم کە ئەمە نەخۆشیەکە خاوەنەکەی گیرۆدەیە بە خەوەنی حەز بە دەوڵمەند بوون ، سەلماندنی کەسێنی خۆیەوەیەتی هەیانە بەدوای خشڵ و زێڕدا ئەگەڕێن لە ژێر زەوی دا هەیانە پارە ساختە ئەکەن هەیانە ئەدزن هەشیانە کەسێتی کەسانی تر ئەپۆشن لەبەری خۆیاندا ئەم قسانەی پزیشکەکان پێیان وتم ، بەڵام ئەوەی کە هەرگیز ڕزگارم نەئەبوو لە دەستی ئەوەبوو کە تازە من بوو بووم بە تۆپی پێ .



Scanned by CamScanner

# چۆن بووم بە پاشازادە ؟

دیارە ئێوەش وەکو زۆر کەس حەز ئەکەن بزانن کە ئەم نازناوەم چۆن لێنرا ؟ زۆر کەس هەن وا ئەزانن کە پاشازادەی راستەقینەم یان زۆر چین و توێژ هەبووە کە وبستوویانە پاشا زادە بم چونکە ئەو کەسانەی کە لە گەرەکە هەژارەکاندا ژیاون لە دایک بوون تیایاندا دزو ساختەکار هەڵکەوتووە بەڵام بەلای ئەو چین و توێژانەوە لەوە خۆشتر نیە کە کەسێکی پایە بەرز دابەزێتە ئاستی خۆیانەوە خەڵک گرنگی ئەدەن بە هەر شتێک کە ئاسایی نەبێ وەک ئەوەی کە لە یەکێک لە وولاتە ئەورپیەکاندا هەبوو ، لەوێ دیسکۆیەکی شەوانە هەبوو ئەوانەی کاریان تیا ئەکرد ئافرەت بوون ، ئەم ئافرەتانە لە بنەرەتدا خۆیان بەد رەوشت بوون بەڵام هێنرابوونە ئەوێ و جلی قەشەیان لەبەردا بوو . خواردنەوەیان پێشکەش ئەکرد ، ئەو دیسکۆیە هەمیشە جمەی ئەهات بەدەست خەڵکەوە زۆر قەرەباڵەغ بوو شەوانە هۆیەکەشی ئەوە بوو کە قەشە و کاری شەوانەی دیسکۆ دژی یەکن ئەوەش بوە هۆی سەرنج راکێشانی پیاوان چێژێکی زۆر گەورەیان لەوە ئەبینی کە لەگەڵ قەشەیەکدا بخەون ، هەرچەندە ئافرەتەکان زۆر ناشرینیش بوون .

خەڵکی هەستێکی وایان لا دروست بوو کە حەز ئەکەن منالی خەڵکە دەوڵەمەندە و خاوەن پلە و پایەکان لەرێگەی چەوتا ببینن ، ئەوەی بەسەر خۆیاندا هاتووە بەسەر ئەوانیشدا بێت دابەزنە ئاستی ئەوانەوە بەهەر شێوەیەک بێت ئەو کاتە وا هەست ئەکەن کە تۆڵەی خۆیان وەرگرتۆتەوە لەو ستەم و نا داد پەروەریە کۆمەڵاتیەی کە خۆیان تیادان لە هەموو ئەو کەسایەتی و ناوە درۆیانەی کە لە خۆمم نابوو تەنیا نازناوی پاشازادە لە ئەندێشەی من و خەڵکیش بەگشتی دا مایەوە ئەمەش لەبەر ئەو

هۆیانەی که لەسەرەوە باسم کردن هەر کاتێ بەکارێکی ساختە کارییەوە بکەوتمایەتە داوای پۆلیسەوە ، هەرچی وێنەگر و رۆژنامەنوس هەوو لێم کۆ لەبوونەوە رۆژێک دوای ئەوەی لە گۆڤار و رۆژنامە کانیاندا بڵاویان کردوە کە پاشا زادە لەمجارەیان بە ئۆمەلی خۆ نیشاندان بە ئەفسەر یان پزیشک یان مامۆستا دەست پۆلیس کەوتووە .

بیرم لەمە ئەکردەوە کاتێ ئەم ناز ناوەم بڵاوبۆوە و جێگەی خۆی گرت لای خەڵک رووداوەکەشی بەم شێوەیە بوو کاتێ کە باری نا ئاسایی سەپێنرا بوو بەسەر ئەستەنبوڵ دا و لەو رۆژگارەدا بە شێوەیەکی زۆر توند رێی و شوێنی ئاسایش لەگیرایە بەر ، هەر چەندە هەموو شتێک لەسەرەتاکەیەوە وایە بەڵام لەگەڵ تێپەر بوونی رۆژگاردا کاڵ ئەبێتەوە ، بۆیە سەرەتایی دەستپێکردنەکەی بۆ من زۆر ترسناک بوو چونکە ئێمەی خاوەن رابردووی ئاوا زیاتر بەرچاوین و هەر شتێ لەو کاتەدا بکرێ بە ئێمەی دا ئەنێن کە بچمە شوێنێکی تر و بە کارێکی پیاوانەوە خەریک ببم هیوام لەوە دانەبڕاوە کاتێ لە زینداندا بووم زیندانمان لەگەڵ بوو کە بە هەندێ شت پەست ئەبێ کە هەر چەندە بچوکیشبوو ، هەبوو بە جیرەی دەرگا ، تەنانەت لە زیندانە پیاوێکم ناسی بە دەنگی ددان پاک کردنەوە شێت ئەبوو هەموو مرۆڤێک خەسڵەتێکی تایبەتی تیایە کە بە شتێک پەست ئەبێ ، ئەوەی کە منی شێت ئەکرد و پەستی ئەکردم ئەوە بوو یەکێ ببینم تف بکاتە سەر زەوی ، بە دەست خۆمم نەبوو لەوەش قێزەوەنتر کە بە قاچیشیان بڵاویان ئەکردەوە بەرچاوم لەوە رەش ئەبوو .

لەو رۆژگارەدا لە یەکێ لە رۆژنامەکاندا ووتارێکم خوێندەوە کە نووسەرێک نوسیبووی زۆرم خۆش ئەویست و و حەزم لە زۆر لە وتارەکانی بوو ، نوسیبووی " ئەی خەڵکی بەشەرەفی ئەستەنبوڵ ، ئەگەر شارەکەتان خۆش ئەوێت ئەبێ هەر یەکەتان لە لایەن خۆیەوە بێ بە چاودێرێکی پاک و تەمیزی چونکە فەرمانبەرەکانی شارەوانی بەش ناکەن ئەبێ رێگر بن لە بەردەم هەر کەسێ کە شارە جوانەکەمان پیس ئەکەن جا چ ئەوانەی کە پاشماوە فڕێ ئەدەن یا تف ئەکەنە سەر زەوی" من تەواو وتارەکە چوو بوو بە دڵما چونکە زۆر دڵرفێن بوو تەاوو هەستی نەتەاویەتی دایگرتبووم ، لە یەکێک لە جادە گەورەکانی شاردا پیاسەم ئەکرد وەرزی بەهار بوو زۆر خۆش بوو پیاوێک بەبەردەما بە خێرایەکی تێئەپەڕی من زۆر دیقەتم نەیا ، بەڵام کاتێ لێی ئاگادار بووم کە بەڵغەمێکی لە قورگیا کۆکردەوە فڕێی دایە سەر زەوی کابرایەکی پیس و چەپەڵ بوو ، شێت بووم ، رام کردە بە دوایدا و لە قۆڵیەوە گرتم هاوارم لێکرد :

- " کاکە بۆ تف ئەکەیتە سەر زەوی ؟ ".

کابرا هەوڵیدا قۆڵی لە دەستم رزگار بکا و وتی :

- " بەرمە کاکە پاسەکە خەریکە جێم ئەهێڵێ ، کارێکی بەپەلەم هەیە ،".

من هەر قۆڵیم بەر نەدا لەو کاتەیا خەڵێکی زۆر لێمان کۆبوەوە ، پێم وت :



Scanned by CamScanner

-" بەرت نایەم بۆچی تف ئەکەیتە سەر زەوی ؟ ".

وتی :

- " تۆ هەقت چییە ؟! ".

وتم :

- " چۆن من هەقم چییە ؟ ".

- " قوڵم بەربە ...! ".

- " بەری نایەم ، بۆچی زەویەکە پیس ئەکەی ".

- " تۆ ناتوانی خۆت هەڵقورتێنی لەم کارە ".

- " خۆم هەڵ ئەقورتێنم ".

- " کاکە بەرم کاری بەپەلەم هەیە ".

وتم :

- " جارێ ئەبێ سزای سەرپێچەیەکەت لێ وەرگرم ".

وتی :

- " پاسەکە ڕۆی بەرم بە ".

قەرەباڵغییەکە زیاتر بوو ، خەڵکی زیاتر لێمان کۆبوەوە ،لە ڕاستیدا ئەم زانی کە من زیاد لە پێویست شتەکەم گەورە کردەوە بەڵام نەم ئەزانی چۆن واز لە کابرا بێنم پاش ئەوەی بەو وورەیەوە گرتم ، کاتێ ئەیویست خۆی ڕزگار بکات ئەیوت :

- " بەرم بە کاکە گیان خۆ تۆ چاودێر نیت ..؟! ".

وتم :

- " بەخێر چاودێرم لاریت هەیە ؟".

هێشتا لەژێر کاریگەری ووتارەکەدا مابومەوە کە خوێندوبومەوە کە فەرمانبەرانی شارەوانی فریای هەموو شتێک ناکەون ئەبێ ئێمە لە جێی خۆمانەوە کاری ئەوان بکەین کابرا بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات وتی :

- " ئەگەر چاودێری سەرپێچیەکەم بۆ بکە و بزانم سزاکەی چەندە تا بیدەم تۆ ئەوەنەت لەسەرە خێراکە ئیشم هەیە بابڕۆم ".

وتم :

- " قەدەغەیە تف ڕۆکردن لەسەر زەوی ".

وتی :

- " تف ئەکەم و هەر بە ئارەزوو " .



Scanned by CamScanner

ئەوجا لە جیاتی ئەوەی ئەمجارەیان تف بکاتە سەر زەوی کردی بە دەم و چاوما وتی :

- " دەی بزانە سزای ئەمە چەندە بڵێ ؟ ".

لە گیرفانی 10 لیرەی دەرهێنا و فڕی یاو و تی ڕای کردە بەرەو پاسەکە ئەمتوانی لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم ئەبوایە دەم و چاوم بسڕایە بڕۆیشتمایە بەڕێی خۆما ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەوە بکەم دانەویمەوە تاوەکو پارەکە هەڵگرمەوە ، لە ناکاو خەڵکەکەی کە لێمان کۆببونەوە دانەیەکیان قۆڵی گرتم و وتی :

- " تۆ چاودێری چیت جەناب ؟ ".

وتم :

- "تۆ هەقت چییە ؟ ".

وتی :

- " چۆن هەقم نیە ؟ ".

یەکێکی تریان وتی :

- " دیارە ئەمە چاودێری تفەکەیە ...! کە ڕۆژنامەکان باسیان ئەکرد ".

ئافرەتێک هاواری کرد :

- " وای ساختە چی وای ، پارە لە خەڵک وەرئەگری بەو کارە ؟ تەواو گومانیان لێ کردم چونکە هەموو گیانم ئەلەرزی و ترس سەروو چاوی داگرتبووم ، هاواریان لە پۆلیس کردو پۆلیسیش بە فڕکە چاوێ پەیا بوو ، بڕوام پێ بکەن ئەگەر لەو شوێنیا سەری زەلامێکت بە مشار ببڕیایەتەوە کەس هەقی نە ئەبوو بەسەرتەوە ، بەڵام ئەڵێی چی لە شانسی من لە جیاتی پۆلیسێک سیان پەیا بوو یەکێک لە خەڵکەکە وتی :

- " کاکی پۆلیس ، ئەم کابرایە خۆی کردوە بە چاودێر بە بیانوی تف کردنەوە پارە لە خەڵک وەر ئەگرێ ".

کاتێ پۆلیس بردیانم بۆ بنکە ، خەڵکەکەش هەموو وەک شایەت هاتن بەدوامانا لە دڵی خۆمدا بە خۆمم ئەوت " باشە تۆ هەقت چی بوو ؟ کابرا تف ئەکات خوای ئەکرد لە جیاتی ئەوە زیاتریشی ئەکرد ئەگەر تەنگاو بوایە ، تۆ چ پەیوەندیەکت هەیە ؟ " دیسان کەوتمەوە دەست پۆلیس ، لەوێ پۆلیسە بەتەمەنەکان کە باش ئەیانناسیم بە پێکەنینەوە هاواریان ئەکرد :

- " ئەوە چییە هەتیو ؟ بووی بە چاودێری تف کردنەوە ؟ ".

هەموو ڕۆژنامە نووس و وێنەگرەکانیان بانگ کرد بۆ ڕۆژی دواتر لە ڕشۆژنامەکاندا وێنەو ناوم بڵاو کرایەوە و نوسرابوو



Scanned by CamScanner

" کابرایەک بە جل و بەرگی چاودێرەوە گیراوە " بەڵام شانسیشم هەبوو چونکە جاران یەکسەر ڕەوانەی زیندان کرام بەڵام ئەمجارەیان بەشی ئەوەندە پارەم پێ بوو کە بەکەفالەت بەربم تا ماوەیەک کە لە دادگا هاتمە دەرەوە برادەرێکی کۆنی زیندانم بینی ، ناوی " نیاز سەید پاشا " ئەم کابرایە وا ڕاهاتبوو بەهەر کەسێک بڵێت سەید پاشا وەک ڕێز لێگرتنێک بۆ ئەو کەسە جا ئەو کەسە منال بێ یا گەورە فەقیر بێ یان دەوڵەمەند بۆیە ئەم نازناوەی بەناوەکەیەوە لکا کاتێ کە خەڵک قسەیان لەگەڵ ئەکرد ئەیان وت " نیاز سەید پاشا " ئەم " نیازە " بە منداڵی هاتبوو بۆ ئەستەنبوڵ ، لە یەکێ لە شوێنەکانی حەوانەوە نزیک بەدەریا کاری دەکرد ، ئەو ڕۆژەی کە نیازم بینی زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە بە پارەی کەفالەتەکە بەریان دام و " نیاز " من بەو بۆنەیەوە داوەت کرد بۆ خواردنەوە خەیاڵی ئەوەم نەمابوو کە بارەکە خراپە و باری نائاسایی ڕاگەیەنراوە ، خاوەنی عەقڵ ئەو کەس بوو کە نزیک نەکەوێتەوە لەو حاڵەتەدا بەو دڵخۆشیەوە چووین بۆ گازینۆیەک لەسەر دەریای " بسبفۆر " بەو بۆنە خۆشەی هەواوە کە دەریا پێی دەبەخشی و هێمنی ئاوی دەریاکە وە تا ئێوارە درەنگ ماینەوە کە شەو داهات شاگردێکم بانگ کرد و ڕووم کردە نیاز و پێم وت :

- " فەرمان بەچی ئەکەن سەید پاشا ؟ ".

ئەویش ڕووی کردە شاگردەکە و وتی :

- " قاپێ گۆشت بێنن ".

جارێکی تریش شاگردەکەم بانگ کردەوە و تم :

-" سەید پاشا فەرمانتان بە هیچی تر هەیە ؟ ".

وتی :

- " یا دوو شوشە وێسکی بهێنن ".

وتم :

-" خێراکە کورم بیهێنە ".

من زۆر ئاسایی بە نیازم ئەوت سەید پاشا چونکە من و هەموو خەڵک وا ڕاهاتبووین کە وای پێ بڵێن بەڵام شاگردەکە بە جۆرێکی تر تێگەیشتبوو ، شاگردەکە وی ئەزانی کە نیاز پاشایەکی ڕاستەقینەیە " لەتورکیا بە هەموو خاوەن پلەو پۆستێک ئەوترێ پاشا تەنانەت بە ژەنەراڵیش ". ئیتر شاگردەکە خۆی زوو زوو ئەهات و ئەیوت :

- " گەورەم سەید پاشا فەرمان بەچی ئەفەرموون ؟".

بەسەر چاو گەورەم فەرمانتە سەید پاشا ، هەر ئێستا فەرمانتە گەورەم .... ئەوەی کە زیاتر ئەم بڕوایایەی لای شاگردەکان چەسپاند ئەوە بوو کە لەو بارە نا ئاسایەی سەپێندرابوو بەسەر ئەستەنبوڵدا تەنیا ئەم جۆرە کەسایەتیانە ئەیانتوانی بەئازادی بسوڕێنەوە شاگردەکە ڕای کرد بوو بۆ

لای خاوەن چێشتخانە ڕووسیەکەو ووتبوی گەورەم جەنابی سەید پاشا لێرە دانیشتووە من خزمەتی ئەکەم ، کاتێ کابرای ڕووسی ئەمەی بیست لە خۆشیدا عەقڵی فڕی و وتی :

- " ئەوە بەڕاستە هەتیوو ؟ پاشای ڕاستەقینە ؟ ".

هات بەرەو پیرمان تۆزێک دانەوییەوە و بەخێر هاتنی کردین و وتی :

-" شوێنەکەتان ئاوەدان کردەوە گەورەم ".

نیاز وتی :

-" سوپاس ... سوپاس ... ".

نیاز لە خۆیی بایی بوو لەم بەخێراهاتنە بۆیە بەدەستی ئاماژەی بۆ خاوەن چێشتخانەکە کرد کە بڕوات دوور بکەوێتەوە ، بەڵام خاوەن چێشتخانەکە وەک تێبینی ئەوەی نەرکردبێ بە شاگردەکەی وت :

- " ڕاکە سنگی مریشک و کەباب و جگەر بهێنە بۆ ئەم مێزە لەگەڵ شوشەیەک ویسکی تردا ".

کابرا گوێی بەوە نەدا کە وتمان " نامانەوێ " هەر کە نیاز ئەیوت بەسە نامانەوێ خاوەن چێشتخانەکە داوای شتی زیاتری ئەکرد بۆمان بهێنرێ ، ڕاکە ماسی بێنە ئاوی گۆشت ، بریانی ، لە ناکاو نیاز هەستایە سەر پێ و زۆر تورە بو وتی :

-" بوەستە کاکە پارەکەی لە گیرفانی تۆ دەر ئەچێ یان ئێمە ؟ ".

کابرای ڕووسی وتی :

- "پارەی چی گەورەم ، شوورەیە ، ئێمەتان شەرمەزار کرد پارەی چی و شتی چی ؟ ".

کابرای ڕووسی هەتا ئەڕۆی شتی زیاتری بۆ بانگ ئەکردین هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە حاڵەتە ناناساییەکەوە وەکو ئەوەی ئەو کاتە زۆر لەو گازینۆکان دائەخران بەفەرمان بۆیە کابرا لە خۆشیدا گەشکەی گرتبوو کە ئەبینی لە گازینۆیەکدا 2 پاشا دانیشتووە ئێمە ئەمان ئەزانی کابرا ئێمە بەو شێوەیە تێگەیشتووە نیازی ڕووی تێکردم و وتی :

- " ئەزانی لەوە ئەچێ ئەم کابرایە ئێمە بە ئاغا و بەگ تێبگات ؟ ".

لە ڕاستیدا ئێمە پارەمان پێ بوو بۆیە گوێمان نەئەدایە ئەشمانزانی کابرا بەهیچ شێوەیەک پارەمان لێ وەرناگرێ وتم :

- " بێ دەنگی لێ بکە شەوەکەمان لێ تێک مەیە با ئەو هەر وا بزانێ کە واین " .لەو کاتەدا خاوەن چێشتخانەکە بە نیازی ئەوت " گەورەم پاشا ". سەید پاشا ڕووی ئەکردە منو ئەیوت " پاشازادە " بەمانای هاوەڵ یان بەردەستی یەکێ لە خۆت گەورەتر بەپلەو پایە و پۆست من نازناوەکم تەواو چووبوو بەدڵما زۆر خۆشە کاتێ مرۆڤ نازناوێکی واهای لێ ئەنرێ چاوچنۆک نەبووم نەم ئەویست پێم بوترێ پاشا چونکە ئەم زانی کە بەڵای زۆری بەدوایەوە ئەگەر گیرام بەڵام پاشازادە تاوان نەبوو بەزۆر کابرای ڕووسیمان لەکۆڵ خۆمان کردەوە بەڵام لە جیاتی خۆی سێ شاگردی بەدیارمانەوە دانابوو



Scanned by CamScanner

دیقەتی دەمیان ئەیان تا هەر ووشەیەک بڵێن ئەوان جێ بەجێی بکەن کاتێ بەرەو سەر خۆش بوون ئەچووین مۆسیقای خۆش لێ ئەدرا و شێوەی دەریا تا بهاتایە جوانتر ئەبوو لە ناکاو ئافرەتێک هەستاو بەدەم مۆسیقا لێیانەوە دەستی کرد بەگۆرانی ووتن هەر دووکمان چاومان تێ بڕیبوو ئافرەتێکی تریش هات و دەستی کرد بە گۆرانی ووتن دوای ئەمانیش کوڕێک هات و ئەویش دەستی کرد بە گۆرانی ووتن خەڵکەکەش هەستابوون سەمایان ئەکرد منیش خۆشیەکی وا دایگرتبووم ڕووم کردە نیاز و ووتم

- " سەید پاشا وا هەست ئەکەم کۆتایی ئەم ئیشەمان زۆر قوڕ ئەبێ " .

وتی :

- " کام کار ..؟ " .

وتم :

- " ئەم دڵخۆشیەمان " .

وتی :

- " بۆ وا ئەڵێی ؟ ئێمە بەپارەی خۆمان دڵمان خۆش ئەکەین ؟ " .

بەڵام من وەک ئەوەی هەست بکەم کە چی ڕوو ئەیا ووتم :

- " زۆر تاقیم کردۆتەوە کاتێ کە زۆر دڵم خۆش ئەبێ لە ئەنجامدا بەڵایەکم بەسەرا یەت ، گومانم لە کۆتایی ئەم خۆشیە لێهاتووە " .

ووتی :

-" تۆ بڵێی چی ڕوو ئەیات ..؟ بەردەوام بە لە دڵ خۆشیا ژیان زۆر کورتە " .

من چاوم بڕیبوە ئافرەتەکە کە گۆرانی ئەوت کابرای چێشتخانەکە هات بۆ لام دانەوی و چاوێکی داگرت و وتی :

- " فەرمان دەکەن گەورەم " .

وتم :

-" نا ، تەواو بەسە توانای خواردنمان نەماوە لەمە زیاتر بەس ئەوەندە و پسکی ترمان بۆ بهێنە " .

بەڵام نیاز زانی مبەستی چییە وتی :

- " بۆ نا بەس زمانی ئەو تێناگەین ..؟" .

کابرای ڕووسی وتی :

- " تورکە گەورەم ... "

چوو ئافرەتەکەی بانگ کرد لامان و هێنایە لای ئێمە داینیشان ئێمە هەر بەردەوام بووین لە خواردنەوە نیاز چاوی بڕیبوە ئەو کوڕەی کە هەستا بوو گۆرانی بڵێ ، نیاز ئافرەتی خۆش نەئەویست چونکە زۆر لە زووەوە کەوتبووە ناو زیندان بەڵام ئەو خووە ناشرینەی تری کرتبوو ، وەکو زۆرێک لەو کەسانەی لە



Scanned by CamScanner

زیندانیدا بوو ئەویش وای لێ هاتبوو ئامازەی بۆ شاگردەکە کرد و پێی وت کە خاوەن چێشتخانەکە بانگ بکات کابرای رووسی بەسەرمەو قولات گەیشتە لامان و وتی :

- " بفەرموون . گەورەم سەید پاشا ".

نیاز چرپاندی بە گوێیدا . نەم زانی چی پێ ووت . کاتێکم زانی کابرای رووسی کورەکەی بانگ کرد بۆ لامان و نیاز رووی کرایەوە دڵی خۆش بوو زۆر سەرخۆش ببوین هەرچییەکمان بویستایە لە خزمەتماندا بوو . نیاز رووی کردە تیپە مۆسیقیەکە و فەرمانی دانێ کە جۆرە ئاوازێک لێبدەن کە ئەم ئەزانی چی یە کابرای رووسی رای کردە بەرەو رووی تیپەکە و وتی :

- " لێدەن . فەرمانی پاشایە ".

خەڵکەکە زۆر وەرەس بوو ن لەم رەفتارەی نیاز بەڵام کەسیان نەی ئەوێرا قسە بکات . کێ هەبوو قسە لە قسەی جەنابی پاشادا بکات ؟ زۆر لێیان ئەروانین و ژێر بە ژێر باسیان ئەکردین بەڵام ئەوەی کە چاوەروان کراو نەبوو ئەوە بوو کە دوو ئەفسەری گەورەی سوپا لەوێ دانیشتبوون ئێمە نەمان ئەزانی چونکە جل و بەرگی ئاساییان لەبەردا بوو لەگەڵ خێزانەکانیان هاتبوون . ئەوان لەو کردارەی نیاز زۆر بەست بوون . بەڵام وا تێگەیشتبوون کە پاشای راستەقینەیە . کاتێک کە تیپەکە ئەو ئاوازیان لێ ئەدا کە نیاز ویستی . کورەکە قۆڵی نیازی گرت و هەڵی ساند و دەستیان کرد بە سەما ئافرەتەکش هەمان شتی لەگەڵ مندا کرد تا ئەو چرکەیەش هیچ شتێکی نا ئاسایی رووی نەدابوو . بەڵام نیاز لە پڕدا داوای کرد کە تیپەکە جۆرە ئاوازێکی تر لێبدەن و دەستی برد بۆ سەرپۆشی مێزەکەمان و رای کێشا و چی لەسەری بوو خستیە خوارەوە و چاکەتەکەی داکەند و پەرۆکەی لەکەلەکەی بەست و دەستی کرد بە کەلەکە بابان لەو کاتەدا توورەیی دوو ئەفسەرەکە گەیشتبووە لوتکە بۆیە تەلەفونیان کرد بۆ کارگێری گشتی و حاڵەتەکەیان بۆ باس کردبوون و داوایان کردبوو کە ناسنامەی ئێمە بناسن کە کێین ! . ئەوانیش وەڵامیان دابووەوە کە هەر ئێستا یەن تاوەکو بارودۆخەکە بزانن کاتێ نیاز لە سەما کردن هیلاک بوو لەسەر کورسیەک دانیشت و جدەستی کرد بەورێنە کردن سەری خستبووە نێوان لەپی دەستی یەوە و قسەی نەبیستراوی ئەکرد جارو باریش و دیسان سەری ئەخستەوە نێو دەستی جارێکی تر و بوڵەی ئەهات . من کە هەستم کرد بارەکە بەرەو خراپ ئەروات پێشبینی ئەوەم کردبوو کەچی رووئەدات خاوەن چێشتخانەکەم بانگ کرد و داوای بری پارەکەم لێکرد پێمان بڵێ کە چەندە ؟ کابرای رووسی وتی :

- " شتی وا نیە گەورەم پاشا زادە چۆن پارەتان لێ وەرئەگرم . هەرگیز شتی وا ناکەم "

وتم :

- " بۆ ...!!؟ "

وتی :



Scanned by CamScanner



- " ئێوە بەڕێزتان یەکەم جارتانە تەشریف بهێننە ئێرە ئەمە یەکەم جارە پیاوی گەورە وەک جەنابتان رووومان تێکەن ".

لەم کاتەدا کارگێڕی گشتی سەربازی چەند ئەفسەر و پۆلیسێکی ناردبوو تا بزانن کە ئێمە کێین ، ئێمە ئاگامان لەمە نەبوو ، بەڵام نازانم بۆ درێژەمان بەدانیشتنەکە دا نیاز سەید پاشا کەوتبوو بەسەر مێزەکەدا کاتێ کابرای رووسی ئەفسەرەکانی بینی بەرەو لای ئێمە دێن زانی کە ئێمە ساختەکار دەرچووین لەم کاتە لە ژێر کاریگەری ئەو هەموو مەشروبەی خواردبوویە نیاز دوگمەی کراسەکەی سەر سنگی بۆ هەوای دەریاکە کردبووەوە و دەستی کرد بە گریان ئیتر نازانم هۆشی بۆ گەڕابووەوە یان بەتەواوی لەدەستی دابوو پێم وت :

- " چی رووی داوە گەورەم سەید پاشا ".

ئەمویست بێدەنگی بکەم وتی :

- " ئەمە خووی منە کە ئەخۆمەوە دەست ئەکەم بە گریان ، با تۆزێ بگریم و ئاهی سنگم دەر ببرم ، لە ڕاستیدا دوای ئەوەی کە تۆزێ گریا خەم دایگرت لەو کاتەشدا لە دوورەوە پاپۆڕێک بە ئاوەکەدا رەتی ئەکرد ئێمە بەو ئەفسەرانە دەوورە درا بووین کە هاتبوون بۆ ناسینمان وەستابوون گوێیان لێ ئەگرتین بەنیازم ووت :

- " گەورەم سەید پاشا خەفەت دایگرتن " .

لەپڕا دەستی بۆ پاپۆڕەکە بەرز کردەوە و هاواری کرد :

- " ئەی پاپۆڕەکە ، پاپۆڕە نەناسراوەکە تۆ ڕزگارکەری منی .... بم بە و دەربازم کە "

کار گەیشتە ئەوەی هاواری لە شاگردەکە کرد و وتی تەکسیم بۆ بگرە لەو کاتەدا یەکێ لەئەفسەرەکان ووتی :

- "ناوتان چییە ؟ " .

ویستم پێیان بڵێم نیاز دەستی بۆ پاپۆڕەکە بەرز ئەکردەوە چرنوقێکم لێ گرت و وتم :

-" گەورەم بەخەبەر بەرەوە " .

یەکێ لە ئەفسەرەکان وتی :

- " تۆ لە چ ناووچەیەک پاشایت ؟ " .

نیاز وەکو ئاگای لەو پرسیارە بێ و وتی :

-" لە مەحمود پاشا ... حەیدەر پاشا " ( ناوی دوو گەڕەکن لە ئەستەنبوڵ )

ئەفسەرەکە رووی کردە من و پرسی :

- " ئەی تۆ لەوە ئەچێ یاریدەدەری بیت ".



Scanned by CamScanner

بەکـسەر لـەرز دایگـرتم هۆشـم هاتـەوە لەسەرخۆشیەکە و بردیـانین خـستیانینە سـەیارەکەوە کـابرای رووسی خاوەن گازینۆکە رای ئەکرد بەدوامانا و ئەیوت :

- " حسابەکەیان نەیاوە ... بوەستن ... مەڕۆن هیچ پارەیان نەیاوە ".

لە بنکـەی پـۆلیس سـەرو شـەقازلەیەکمان خـوارد لـە هـۆش خـۆمان چـووین جا نـازانم بـەهۆی قورسی دەستی کابرای ئەفسەرەوە و بوو یان بە هۆی خواردنەوەمان بۆ ڕۆژی دواتـر بردیـانین بـۆ لێکۆڵینـەوە ، لـەوێ وتم کـەنازناوی ئـەم کابرایە هـۆی وایـە ، خـەڵـک زۆر هـەیـە شـایەتی ئـەم قـسەیەی مـنن ، هەروەکو ئەو خەڵکە وا بانگی ئەکەم بەڵام قسە بۆ کێ ئەکەی ، بڕوایان بـەم قـسەیەی من نـە ئـەکرد ، ئەو هەواڵە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبـووەوە ، دوای چـەند ڕۆژێـک بـەم شـێوەیە بـوو " دوو کـەس گیراوە کـە یـەکێکیان خـۆی بـە سـەید پاشا ناسـاندوە و ئـەوی تریـشیان هاوکـاری بـووە " ، بـەڵام لـەوە زیـاتر تەشەنەی سەند وترابوو " ئەگەری زۆر بەهێز هەیە کە ئەم دووانە جاسوس بن " چونکە کاتێـک کـە گیراین ئەو بارەدا گیرباین کە نیاز ئاماژەی بۆ پاپۆڕەکە ئەکرد و هاواری ئەکرد و ئـەیوت " پاپۆڕەکـە دەرکـەوت ڕووسی بـوو ئێمـە بەچی دا بـزانین کـە پاپۆڕەکـە ڕووسیە ؟ لێکۆڵینەوەکـە چەند مانگی بەردەوام بوو پرسیان " بۆچی بانگ هێشتی ئەکرد " وتم :

- " من نەبووم ، نیاز بوو ".

وتیان :

- " ئەی باشە بمبە بۆ دورگە هێمنەکان مەبەستی کوێ بوو ؟ ڕووسیا ؟ ".

وتم :

- " کەورەم نیاز زۆری خواردبۆوە ، خۆیشی نەی ئەزانی بۆچی وا ئەکات !! ".

وتیان:

-" شتی وا نابی کە مرۆڤ سەرخۆش ئەبێ ئەڕشێتەوە دەست ڕاناوەشێنێ ؟ ".

وتم :

- " کەورەم دیارە بە پێچەوانەوەیە .. ".

وتیان :

-" بەچی تریش دەستی ڕانەوەشان ؟ ".

وتم :

-" بەهیچ .. ".

وتیان :

- " ئاشکراوە کە بە ئاڵا ئاماژەی بۆ پاپۆڕەکە کردووە وا نەبوو ؟ " وتم :

- " نا ئەوە دەستە سڕەکەی گیرفانی بوو تا فرمێسکەکانی بسڕێ " وتیان :

- " تۆش بینراوی کە پەڕۆیەکی شینت بەدەستەوە بێ ئەویش دەسڕ بوو ". وتم :
- " گەورەم ئێمە کە لە گازینۆکە بووین شەوبوو ... تاریک بوو لە کوێ ئەوان ئاڵای شین بەدەستمەوە ئەبینن ؟ ". وتیان:
- " ئەگەر دنیا تاریک بووە وەکو خۆت ئەڵێی چۆن پاپۆرەکەتان بینی ؟ " . وتم :
- " گەورەم گڵۆپی زۆر پێوە بوو ".

ئەوان هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەوەی بەدەست منەوە بوو ئەو کات و رام ئەوەشاند ئاڵایەکی شین بوو لە ناکاو بیرم کەوتەوە کە ئەوکات بۆینباخەکەی بەرم بووە و هەوا بەرزی کردۆتەوە دوای ئەوەی کە چەند مانگ لە زیندان خەوتین نیاز بە تاوانی خۆنیشاندان بە پاشایەک تۆمەتبارکرا و زیندانی کرا ئەوانەی کە شایەتیان لەسەردا کابرای خاوەن گازینۆ و شاگردەکان و کورەکەو ئافرەتەکان بوون لەگەڵ هەندێ لە کەسانی ئەو شەوە لەوێ بوون وتیان نیاز وا خۆی پێشان داوە تاوەکو پارەنەیات بەلام پاشازادە کەی من بە تاوان دانەنرا لەو کاتەوە تا ئێستا من بە پاشازادە ناسراوم هەر بەوە بانگم ئەکەن پێش ئەم ڕووداوە چەندەها تاوانم کردووە بەچەندەها ناوی جۆراو جۆرەوە .بەلام هیچ کام لەو نازناوانانە بەمنەوە نەمانەوە .بەلام چەند دێڕێکی کەم وکورت لەو ووشانەی ڕۆژنامەکە دەربارەی من نوسیبووی دوای ئەو ڕووداوە دەربارەی پاشازادەییەکەم لەناو خەڵکیدا بڵاو بووەوە زۆر بیرم لە هۆی ئەمە کردەوە وایەتە بەرچاوم کە خەڵکی ژێرکەووتوو ئەیانەوێ کە خەڵکی چینی گەورەو دەوڵەمەند و پلە و پایەدا دابەنە ئاستی ئەوانەوە تێکەڵاویان بن و ببنە یەکێک لەوان بەو شێوەیە تۆڵەی خۆیان لەو کەسانە ئەسەنتەوە ، یان بەشێوەیەکی تر هاتووە ئەوان ئەیانەوێ بڵێن " چۆن خۆ ئەوە یەکێک لە ئێوە کەوتووەتە ناومانەوە ؟ "هەرچییەک بڵێم سوودی نابێ چەند ووتم کە من پاشازادە نیم هەر بڕوایان نەکرد ، لەسەروو ئەمانەوە هەمووی . هەموو ئەو چیرۆک و داستان و ڕۆمانانە بوو کەسەبارەت بەڕابردووی ژیانی من هەڵ ئەبەستران لەسەروو هەمووشیانەوە چونیەتی پەیدا بوونی پاشازادەییەکەم هەر بەوانەشەوە نەوەستابوو بەڵکو کە تاونێکم بەسەردا دەسەپا ودادگایی دەکرام و دەنێردرام بۆ زیندان لەوێ دەمێک بوو ناوبانگی منیان بیستبوو ئەوەی لەم قسانەی پاشازادەیا تێبینی ڕەستەیەکم دا بوو کە تیایدا ئەڵێ " ئەو تاوانانەی سەپێندراوە بەسەرما " کەوانە پاشازادە زۆر بەتەواوی بڕوای بەو شێوە دارشتنە کردبوو کە خۆی بۆخۆی دانابوو ئەوەی کە تەنیا ڕێگەیەک لەبردەمی مابوو بۆ بەردەوام بوون لە ژیان ئەو ڕێگەیەش خەڵک و کۆمەڵگا و دەوڵەت خستویانەتە بەردەمی بەدەست خۆی نەبوو .



# هاتنی پاشازادە

من وەکو هەر زیندانەیەک چاوەڕێی گەیشتنی نامە بووم لە جۆری " سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتیت ئینشائەللا بەر نەبیت " . لەو هەفتەیەدا کە چوومە زیندانەوە نامەم لە چەندەها کەسی بەناوبانگەوە بۆ ئەهات . بۆیە بە زیندانێکی ئاسایی دانەئەنرام . کەسێکی تایبەت مەند بووم لە نێوان زیندانیەکاندا بە زیندانێکی ئاسایی دانەئەنرام . بەڕێوبەری زیندانەکە بانگی کرد بەدوامدا لە ڕێی سەرۆکی پاسەوانەکانەوە نەک پاسەوانێکی ئاسایی ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕێزێک بوو لە من ئەگیرا .لەو کارەوە زانیم کە گۆڕانکاریەک ڕوو ئەدات لە ژیانمدا چوومە ژووری بەڕێوبەر و وەکو هاوڕێیەک بەخێرهاتنی کردم . ئیشارەتی دا بە شوێنی دانیشتنم و پرسیاری لێ ئەکردم کە ئایا چی داوا ئەکەم ؟ وتم " ئەگەر هەبێ چایەک باشە "

فەرمانی بەپاسەوانەکەدا کە چایەکم بۆ بێنن . باسی زۆر شتمان کرد . ئینجا پرسی کە ئایا هیچ سکالایەکم هەیە لە حالی ناو

زیندان ؟ . لە ڕاستیدا من لە شوێنێکی زۆر باش دانرا بووم کە پێی دەوترا ژووری تەندروستی بەلای زیندانیەکانەوە وەکو ئوتێل وابوو چوار پێخەفی تیا بوو کە هەر پێخەفێک دووو قات بوو . بۆیە ئەو ژوورە 8 زیندانی تیا بوو ئەوانەی کە لەو شوێنەدا بوون زیندانی نوێ بوون لەوێ 15 ڕۆژ ئەمانەوە هەتاوەکو دەربکەوێ کە ئایا نەخۆشیان هەیە ؟ لەو ماوەیەدا دەرنەکەوت ئەگەر وابوایە ئەوەی لە

زیندانـدا بـاوبوو ئـەوە بـوو کـە زینـدانی تـازە پـارەی لێ ئەسـەنرا وەک سـەرانە لـە لایـەن زیندانیـە کونەکانەوە . بەڵام لەو شوینەی مندا سەرانەکە زیاتر بوو بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە باسم کرد . بە بەرێوبەرەکەم ووت کە حەز ئەکەم لە شوێنی خۆم بمێنمەوە ماوەی سزاکەمی هەموو تیا بەرمە سەر . ئەگوێزرێمەوە بۆ شوێنی تر دەست کرد بە باس کردنی ئەوەی کە ئەتوانم ئەگەر لە ژووری زیندانیەکە وەرس بوم ئەوا ئەتوانم بە ئارەزووی خۆم و لە هەر کاتێکدا بمەوێ بە شوێنەکانی ناو زیندانەکەدا بسورێمەوە بە ژووری بەرێوبەر خۆشیەوە ، تا هەست نەکەم کە زیندانیم ، من لە راستیدا چیروک نووسم . بەڵام لەبەر ئەوەی نوسینەکانم بەلای سیاسەتدا برد لە ماوەیەک لە ماوەکانـدا .ئـەوەش وای کـرد پـێش ئـەوەی زینـدانی بکـرێم دنیـا لـە ژێـر پێمـدا بلەرێتـەوە . ئـەو دیموکراتیەی کە هەبوو رێگر بوو لەبەر دەم ئەشکەنجەدانم لە زینداندا لەسەر ئەو نوسینانە .

کاتێ گەرامەوە زیندانەکە . گۆرانێک لە زیندانەکەمدا رووی دا 7 کەسەکەی تریان گواستبووەوە بۆ زیندانێکی تر . بۆیە بە تەنیا مامەوە لەوێ بۆیە بە ئاسوودەییەکی زۆرەوە دانیشتم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکانم . کاتێ کە بێزار ئەبووم . پاسەوانەکە دەرگاکەی بۆ ئەکردمەوە و بەهۆڵەکانـدا پیاسـەم ئـەکرد . جاروبـار سـەرم ئـەدا لەبەشـی کـارگێری زینـدان و زۆرجـارانیش ئەچـووم بـۆ لای سەرتاشەکەمان و کاتم بەسەر ئەبرد . بەتایبەت ئێواران کە زیندانی تازە ئەهێنران بۆ سەرتاشین لە هەموویان وورد ئەبومەوە ئەدا شەوان رۆژنامەمان ئەگەیشتە دەست . زۆربەیان باسی هەواڵی دزین و کوشتن و چەندها تاوانی تیا بوو زۆربەی زیندانیەکان خاوەنی ئەم تاوانانەیان ئەناسیەوە . بۆیە هەر یەکیان هاوێنجێک لەو رۆژنامانەی لە لا بوو کاتێ چوومە زیندانەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە رۆژنامانە . چونکە پیشتر گوێم پێ نە ئەدان و هەستم بە بوونی نەئەکرد . چونکە زۆربـەیان زیادەیان ئەنا بەرووداوەکانەوە وەکو لە زیندانیەکان خۆیانم بیستبوو . رۆژێکیان ناونیشانێکم خوێندەوە زۆر سەرنجی راکێشام نوسرابوو " پاشازادە بەتۆمەتی خۆنیشاندان وەک پۆلیس گیراوە " لەژێر ئەو ناونیشانـەوە ووردەکاریی تـەواوی رووداوەکـەی تیا بـوو کـە بـەم شێوەیە بـوو " هـەواڵی پـۆلیس ئـەو راپۆرتەیە کەرووداوی ئاسایشی تیایە لە ماوەی 24 کات ژمێری رابردوو لە ناو شار ئەم ڕیۆرتەی ناوی دزو پیـاو کـوژ و تاوانبـاران و سەرخۆشـی و سایەقی ناشـی و بەکارهێنـەری دەرمانـە بیهۆشـکەرەکان و لەگـەڵ جێگـای لـەش فرۆشـی . لـەرووداوی شـەوی رابـردوو نـاوی پاشـازادە هـاتووە کـە بـەناوبگترین ساختەچی یە لە تورکیا بەهۆی ئەو کارە سەمەرانەی کە ئەیکات ، ناوی خۆی ناونابوو فەرید و لەیەکێک لە بنکەکانی پۆلیس دەست بەسەر کرابوو . بەپێی قسەکانی بێ کە باسی ئەکرد ئەبووت کە ئەو نەیتوانیوە خەونی ژیانی بهێنێتە دی و ببێ بە پۆلیس . بەهێش شێوەیەکیش نەیتوانیوە ئەم حەزە لە ناخیدا بمرکێنێ بۆیە بە هەر شێوەیەک بووبێ توانیویەتی ناسنامەی پۆلیسێک بەدەست بهێنێ بۆ خۆی و خۆی بەو شێوەیە نیشانداوە . دوای ماوەیـەک سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشاوە بەهۆی ئەو

هەستی پارەیەی کە لە ناخیدا بەدی کردەوە بەدوای ساختەکاران وە نەرویزجی و دەرەکاندا رای کردوە و گرتوونی بەلام ئەوەی کە بوە هوی گرتنی پاشازادە زۆر شتێکی سەیر بوو ئەویش ئەوە بوو کە هەموو کیشەیەکی بەردەست کەوتنی بەشێوازی ئاشیانە چارەسەری کردەوە . یەک لە ڕێی بنکەو پۆلیسەوە . ئەمە زیاتر سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکیشاوە . یەکێک لە کارەکانی ئەوەبوو بەدوای ئەو ئافرەتانە گەڕاوە کە لەگەڵ پیاواندا نووستوون و پارەکانیان دزیون دواتریشیان ئەو ئافرەتە لەش فرۆشەی کە دوای ئەوەی لەگەڵ دیپلۆماسێکی ئەڵمانیدا نوستووە ، لای نیوە شەو هەستاوە و هەرچیەک هەبوو بردویەتی ئافرەتەکەی دۆزیوەتەوە ە پارەکانی لێ سەندووە و بردویەتەوە بۆ میوانخانەکە بۆ کابرای ئەڵمانی بۆیە ئەمە لە لای کابرای ئەڵمانی بووەتە جێگەی سەرسامی و بێزانین کابرای ئەڵمانی بەو کردەوە جوامێرانەیەی پاشازادە کە خۆی وەک پۆلیسێک ناساندووە بەناوی فەرید کابرای ئەڵمانی چووە بۆ بنکەی پۆلیس و لەبەردەم بەڕێوەبەرکەش فەرمانی داوە کەبەدوایدا بگەڕێن و تاوەکو پاداشتی ئەو کارەی بدەنەوە چونکە ڕووی ئاسایشی سپی کردووە لای ئەڵمانیەکان . بۆیە لە کۆتاییدا زانراوە کە ناسنامەکەی ساختەیە هەرچەندە پاشازادە زیانی بەکەس نەگەیاندووە . بگرە لە ئاسایشێک چاکتر کاری کردەوە .

پیاوێک هەبوو لەزیندان حل و بەرگی ئەفرۆشت خۆیشی هەر زیندانی بوو کاتی بەزیندانەکایە ئەگەرا گەیشتە نزیک زیندانیەکەی من و لێم پرسی کە ئایا پاشازادە ئەناسی کە خاوەنی ئەم وێنەیەی ڕۆژنامەکەیە ؟ ووتی :

- " ئەکری نەیناسم؟ کەس هەیە نەیناسێ ؟ چی کردووە دیسان ؟ دیارە ئەمجارە دادوەرە یان پزیشکی یان قایمقامی نواندووە ؟ یان خۆی کردووە بەئەفسەر ؟ "

چووم بۆ لای بەڕێوبەر و لێم پرسی کە ئایا پاشا زادە ئەم ئێوارەیە ئەهێنری بۆ ئێرە ؟ وتی :

چاری بەهەموو بنکەکاندا ئەیگێڕن تاوەکو بزانن تاوانی تری کردەوە یان نا ؟ وانا دوو سێ ڕۆژ ئەبات تا ئەگاتە ئێرە ".

ئەوەی کە دەربارەی پاشازادە باس ئەکرا زۆر بەلامەوە سەیر بوو تا ئەو رادەیەی هەموو ئاواتم ئەوەبوو کە ئەم پیاوە ببینم . ببووە ئارمانیەک لەلام لە لاشەی هەموو زیندانیەکەدا ئەمینی ئەمویست بزانم کەسێتی ئەم پیاوە چۆنە ؟چۆن بیر ئەکاتەوە چۆن ئەم هەموو کارەی ئاوا ئەنجامداوە ؟

بە بەڕێوبەرەکەم وت کە بە تەنیا مانەوەم لەو ژوورەدا سەرنجی زیندانیەکان ڕائەکێشی چونکە ژوورەکانی تر زۆر قەرەباڵغە ئینجا لێم پرسی کە ئایا ئەکری پاشازادە دابنری لەلام کاتی کە هات ؟ وتی :

- " ئەگەر خۆت حەز بکەی بۆچی نا ؟ "

وتم :



Scanned by CamScanner



- " ئاسایی یە "

و سوپاسم کرد و رویشتم . دو روژی دواتر لە هەواڵی گرتنی پاشازادە لە قسەی زیندانیەکان وا تێگەیشتم کە کەسێکی خوشەویست بیە لە ناوباندا یەکێکیان بوی گێرامەوە و وتی :

-" کاتی پاشازادە بەسەر پردی ( گەلەتە سەرای ) ئەپەڕی بەبەرگی مولازمیەوە ، سلاوی لە راندیک کرد بە دەستی چەپی بویە ، راندەکە گومانی لەم کارەکرد و پرسیاری ناسنامەکەی لێکرد و بوی دەرکەوت کە ساختەچی یە یەکێک لە

زیندانیە بەتەمەنەکان ووتی :

-" ئێستاکەش وەکو خوی ئەگێرایەوە ".

وتیان :

-" چون .. ؟ هەموو لە روژنامەدا هەر بەو شێوەیە خوێندومانەتەوە .. "

کابرای بەتەمەن وتی :

-" کورە گەوجینە .. کێ بروا بەروژنامە ئەکات ؟ من ئەزانم ".

یەکێکیان وتی :

- " ئەی ئێستاکە چون بووە ؟ تو بومان باس کە با بزانین ؟ ".

ووتی :

- " بەهوی سلاو کردنەکەیەوە گیرا بەلام سلاو کردنەکەی بە دەستی چەپ نەبوو .تو بلێی پاشازادە دوای ئەم هەموو ساڵە نەزانی کە بەچ دەستێک سلاو بکات ؟ ئەم مانگایە هەوەسی جلی سەربازی زور لێداوە وە لەبەر ئەوەی کە ساختەچی یە و ، ناچارە کە بەرێک و پێکی لەبەرەیان بکات تاوەکو بروا بەخەڵک بهێنێ . هەمیشە کلاوەکەی بەسەر سەرەوە بوو . بیرم بەت کە لە ئەنقەرە خوی کرد بوو بە بەرپرسیاری یەکێک لە فەرمانگەکان کاتێک کە یەکێکی ئەبینی دەستی ئەبرد بو کلاوەکەی و دای ئەکەند و ئەچەمایەوە و ئەیووت " خوا تەمەنتان درێژ بکات گەورەم " ، ئەیویست خوشەویست بێ لەلای خەڵک هەمیشە ئەمەی دووبارە ئەکردەوە بویە کاتی کە زانرا ساختەچی یە جل و بەرگی ئەفسەری پوشی و رای کرد بەرەو ئەستەنبول کە گەیشتبووە ئەوێ عەقیدێکی بینبوو ئینجا چونکە راهاتبوو کلاوەکەی دابکەنێ و بلێ " خوا تەمەنتان درێژ بکات گەورەم " بیری چوو بوو کە چلەکانی بەری سەربازین ، بویە کە ئەمەی کرد عەقیدەکە پێی وتبوو " هەتیو کەی تو مولازمیت ؟ سلاو ئاوا ئەکری ؟! " . و پرسیاری ناسنامەکەی لێکردبوو ئینجا هەموو شتێک ئاشکرا بوو "

لێرەدا زیندانیەکی تر خوی لە باسەکە هەڵقورتاند و وتی :

- " کەسنان رووداوەکەتان وەک خوی نەگێرایەوە . پاشازادە هەر لە کاتی گەنجیەوە راهاتبوو کە بەرگی مولازم بپوشێ . قەت بەرگێکی سەربازی پلە گەورەتری نە پوشیوە . ئەم بێ عەقڵە کاتێ کە

بەتەمەندا چووە بۆیە کاتێک کە تەمەنی گەیشتوتە پۆستی پاشا و بگرە ئەبوایە خانەنشینش ببوایە ئەو کاتە ئەم هەر بەرگی مولازمیەکەی پۆشیوە ئی باشە خۆ هیچ نەبێ بەرگی نەقیب بپۆشە تا لەگەڵ تەمەنەکەتدا بگونجێ دوو ئەستێرە بکرە و بیخەرە سەر شانت ، بەڵام هەیهو ، هەر کەسێ بێ و پاشایەک ببینێ بە پۆستی مولازمەوە سەری ئەسورمێ بۆیە گرتیان " .

ئەو ئێوارەیە مانگی دوو بوو ، پاشازادە لەگەڵ چەند زیندانیەکی تردا لەسەیارەکان دابەزانـد بەدەستی بەستراوەوە و دایاننە دەست سەرۆکی زیندانیەکاندا تا هەرچییەکیان پێ بێت تەسلیم بەکارگێری زیندان بکرێ سەرۆکی پاسەوانەکان سەرقاڵ بوو بەقسەکردن لەگەڵ هەندێ لە زیندانیەکان چونکە کەسانی وای تیا بوو ئەوەندە سەریان کردبوو بە زینداندا ئاشنایان بوبووە یەکێک لە پاسەوانە بەتەمەنەکان رووی کردە پاشازادە و بە پێکنینەوە وتی :

-" ئای کافر ئەوە دیسان هاتیتەوە ؟ ".

یەکێکی تریان وتی :

- " ڕێوی هەرچەندە بسورێتەوە دوا مەنزڵگا هەر لای فەروو فرۆشە ".

پاشازادە بە نەرمیەکی زۆر سەیرەوە وەڵامی دایەوە و وتی :

- " چی بکەم باوکە ، نەمتوانی جێتان بهێڵم ".

کابرای پاسەوان جانتاکەی پاشازادە گەڕاو و ئەو پارانەیشی ژمارد کە بەدەست پاشازادە وە بوو بینی کە بە 500 لیرە تێپەڕ ناکات کابرای پاسەوان لێی پرسی :

- " هیچ پارەی شاراوەی ترت پێ نیە ؟ ".

بەڵام پاشا زادە ئەوەی چاوەڕوان نەئەکرا لێی وەکو پارانەوە وتی :

- " نە بەشەرەفم " .

کابرای پاسەوان وتی :

- " کورە تۆ هەرگیز بەم پارە کەمەوە نایتە ئێرە ڕاست قسە بکە ؟ ".

ئەویش لە وەڵامدا وتی :

- " ئەمجارەیان بە پاکی کەوتمە ناو داوەکەوە ".

کاتێک کە پارەکەی درایەوە دەست لەبەر کەمی یەکەی دەستکرا بە ناونوسین من لە پاشازادەم ئەڕوانی کە ئەیوت لەمە زیاتر پارەم پێنیە هەستی بە شەرمێکی زۆر ئەکرد یان لەبەر ئەوە بوو کە پارەکانی کەم بوو یان لەبەر شتێکی تر هەر کەسێک پاشازادەی ببینایە بەو شێوەیە کە پێی هات بۆ زیندان ئەیوت ئەمە چاودێرە و هاتووە بۆ پشکنین .

زیندانە تازەکان ئەنێردران بۆ سەر تاشین دوای ناونوسکردنیان ، ئەو سەرتاشانەی زیندان گوێیان بە هیچ نەئەدا سەری زیندانیان ئەکرد بەهێلکەی پاکراو بۆیە پاشازادە بە نهێنیەکی بەکجار گەورە 50



Scanned by CamScanner

لیرەی دایە دەست یەکێک لەسەر ئاشەکان ئاوەکو بەشێوەیەکی ئاسایی سەری بتاشێ دوای سەرتاشین ئەبوایە زیندانیەکان بچوونایە بۆ گەرماو و خۆیان بشتایە لێرەشدا پاشازادە دیسان پارەی دایە دەست ئەو کەسەی جلەکانی ئەشوات ئاوەکو تۆزێک بەکرێی پێدانەوە بۆی بشوات و بەپاکی بیئەوە دەستی زیندانیەکان هەر بە ناو خۆیان ئەشت چونکە هەر ئەوەندە خۆیان ئەدایە بەر ئاوە گەرمەکە پاشازادەش لە

گەرماوەکە دانیشتبوو قاوەی ئەخواردەوە من هەر لەسەرەتاوە لە پاشازادەم ئەروانی کە ئەهاتە زیندان و بەو قۆناغانەدا تێئەپەری بێ ئەوەی کە هەست بکات کە من وا تەکەم لەم کاتەدا کە ئەبوایە زیندانیەکان بەرەو ژوورەکان بیرانایە بۆیە سەرۆکی پاسەوانەکان دەستی بۆ من راکێشا و بە

• پاشازادەی وت کە لەگەڵ ئەو پیاوەدا ئەنیشی ، لەگەڵ پاشازادە چووینە ژوورەوە دەستم کرد بەدیقەت دانی شێوەی بەدزییەوە کابرایەکی ناشرین بوو لە وێنەکاندا باشر بوو چاوی چەند گەورە بوو بەڵام رەشایی چاوی زۆر وورد بوو . سینەی قژی لە رەشیەکەی زیاتر بوو ، پێستی زۆر ئەسمەر بوو لاشەیەکی کە تەیشی هەبوو بروێەکی زۆر پری هەبوو وەک ئەریتێک چا پێشکەش دەکرێ بەزیندانیە تازەکان کە تازە هاتوون دوای ئەوەی چاکەی خواردەوە 100 لیرەیەکی لەسەر سینیەکە دانا و بە چایچی یەکەی وت :

- " دەست خۆش بێ کورم ، چاکەت زۆر بەلەزەتە ، تامەزرۆی چای زیندان بووم دوانی ترمان بۆ بێنە لەگەڵ برادەرەکامان بیخۆینەوە ".

پاشازادە بەپاسەوانەکەی وتبوو کە لەو 500 لیرەی زیاتر پێ نیە ، بەڵام هەر لەگەڵ چوونە ناو زیندانەوە زۆربەی ئەم پارانەی دابەش کرد بەسەریاندا ئیتر یان ئەوەیە هەر ئەوەندەی پێ بووە یان ئەوەتا هیتری شاردۆتەو پاشازادە زۆر بە رێزەوە قسەی لەگەڵما ئەکرد منی ناچار ئەکرد کە هەر بەو رێزەوە تەماشای بکەم ئەیوست کە لە قاتی خوارەوەی پێخەفەکەدا بخەوێ چونکە خۆی ئەیوت کە بەتەمەندا چووە و ناتوانێ سەربکەوێتە قاتی سەرەوە سەرەرای ئەوەش پێخەفی نوستنی پێ نەبوو بۆ کە ئاگاداری ئەوە بوو بانگی ئەو کەسەی کرد کە جل و بەرگ ئەفرۆشێ پاش کەمێک ئەو کابرا جل فرۆشە کە ئەم قسەی لەگەڵ ئەکرد پێخەفێکی بۆ هێنا ، کاتێ کە بەدەنگێکی نزمەوە قسەی لەگەڵ ئەکرد زانیم کە نایانەوێ گوێم لە قسەکانیان بێت بۆیە چوومە دەرەوە و بە هۆڵەکاندا گەرام دوای تۆزێک بینیم کە پاشازادە لە ژوورەکە هاتۆتە دەرەوە بانگی یەکێک لە گەنجەکانی نێو قەرەباڵغی هۆڵەکەی کرد و پارەی دایەوبە دەنگێکی نزم داوای دوو جۆر پاکەتی جگەرەی لێ کرد من توانیم گوێم لە داواکەی بێت من هەر پیاسەک ئەکرد بەناو هۆڵەکاندا ئەویش لە بەردەم ژوورەکەدا وەستا بوو چاوەرێی پاکەتە جگەرەکانی دەکرد ، گەنجەکە پاکەتەکانی هێنایەوە و لێی وەرگرت ، بەڵام پاکەتە

گرانبەهاکەی وەک ماددەیەکی بێهۆشکەر شاردەوە ، دوای ئەوەی کە بێزار بووم لە پیاسە کردن گەرامەوە ژوورەکەم تاکو دەست بکەم بە نانخواردن ، بانگهێشتم کرد بۆ نان خواردنەکە ، ووتی :

-" من پێشت کەوتم " .

من ئەمزانی کە نانی نەخواردوە چونکە نەمبینی شتی وا بکا دوای ئەوەی کە نانەکەم خوارد وتی :

- " فەرموو با چایەک بخۆینەوە... "

وە بە یەکەوە لە قاتی سەرەوەی پێخەفەکە دابەزیم و لە تەنیشتیەوە دانیشتم . یەکێک لە پاکەتە جگەرەکانی دەرهێنا کە دیار بوو پاکەتە گرانبەهاکە بوو جگەرەیەکی لەو پاکەتە پێشکەش کردم لەو کاتەدا وەک بیەوێ نەیبینم بە خێرایەکی زۆرەوە جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی ژێر پێخەفەکەیەوە دەرهێنا و دایگرساند ئەو کاتە تێگەیشتم کە ئەو لە پاکەتە هەرزانەکەی بۆ خۆی دەرهێنا و بۆ منیش لە پاکەتە گرانەکە ئەیویست پێم بڵێ " کە زیندان لە ڕەسەنایەتی من کەم ناکردۆتەوە هەروا ماوم " . بەدوای ئەم هەلوێستە هەستم بەسۆزێکی برادەرایەتی کرد بەرامبەری پاشان تێگەیشتم کە ئەو ئەو کارەی بۆ خۆنواندن نەکرد بۆ ئەوە بوو کە زات و ڕێزی لەلای بەرامبەرەکەی وەک خۆی بمێنێ و کەم نەکاتەوە ئەم ویست کە هەر لەگەڵ یەکەم دانیشتن و گفتوگۆماندا بەیەکەوە هەست بەوە بکات کە پەروشی ئەوەم کە هەموو شتێک دەربارەی ژیان و ڕابردووی بزانم بەلام بۆ ئەوەی باسەکە بکاتەوە وە دەستی پێ بکات پێم وت کە ئەو چوار ڕۆژ درەنگ کەوتووە و بۆ هاتن بۆ ئێرە لە پاش بلاوبوونەوەی هەوالی دەستگیرکردنی لە ڕۆژنامەکاندا پاشازادە تکۆلی لەو تاوانانە نە ئەکرد کە کردوویەتی ، چونکە ئەیوت کە دوای ئەم هەموو تەمەنە و ناوبانگە چوونە ناو زیندان و هاتنە دەرەوە لێی کەس ئیتر بڕوا ناکات کە بە بێ تاوان ناوی لێ بەسەر هاتووە و کۆمەلگا بە تەنیا تاوانبارەکە بەرەو ئە ڕێگەیە ناچاری کردوە تکاتان لێ ئەکەم کە وەلامم بدەنەوە " ئایا ئەم کردەوەی پۆلیسە کە لە کارەکەی دا تاوانەکەی کەمترە لە تاوانی ئەو کەسەی گیراوە یان نا ؟ کە لەوانەیە بۆ یەکەم جار بێ ئەوەی تاوانی ئەنجام دابێ ؟ بەلای منەوە تاوانی پۆلیسەکان گەورەترە ، چونکە هیچ کەسێ کاتی یەکەم تاوانی ئەکات دڵنیابە کە بەئارەزووی خۆی ئەو تاوانەی ئەکردووە کێ ئەیەوێ لەم جیهانەدا بێ بە دز یان ساختە کار ؟ هیچ کەسێ کاری وا ناکات . تاوەک لە بارێکی دەرامەتیی تەنگدا نەبێت ، یان کاتێ کە ڕێگە چارەی تری نامێنێ بەلام هیچ بیانویەک نیە بۆ ئەو پۆلیسەی بەو شێوەیە مامەلە دەکات و کەسێکی وا شەرمن بەزۆر نیشانی وێنەگرەکان بدات ، باشە ئەگەر دزی تاوان بێت ئایا لێ کردنەوەی هەستی شەرم کردن لەو مرۆڤە تاوانێکی تر نیە ؟" .

دیار بوو بە لامەوە کە پاشازادە ئەیەوێ چی لە ناخیدا هەیە دەری ببڕێ دیسان جگەرەیەکی لە پاکەتە گران بەهاکە دەرهێنا و پێشکەشی کردم و خۆیشی لەجگەرە هەرزانەکەی دەرهێنایەوە بەهەمان شێوزای جاران و وتی :



Scanned by CamScanner

- " با بڵێین کە یەکێکیان بەزەبری هێز گرتووە ؟ وەک ئەوەی بڵێن ئێمە ئەمان دەستگیر کردەوە تەنانەت ئەگەر ئەوانیش دەستگیریان نەکردبێ ، کەواتە هەر تەنیا ڕاوچی شێرەکە بەتەنها نیە کە قاچی خستوتە سەر تەرمەکە و ئەویەوێ ڕەسمی لەگەڵدا بگرێ بەڵکو هەر کەسێ کە لەو شێوازە دابێ لێم پرسێ کە ئایا ئەوە تەنیا هۆ بوو بۆ ئەوەی کە دوا بکەوێ لە هاتن بۆ زیندان پاش ئەوەی چوار ڕۆژ تێپەڕ بووە بەسەر دەستگیرکردنەکەدا ؟ "

وتی :

- " بەدڵنیایەوە تەنیا ئەمە هۆکارەکە نیە ، کاتێ کە یەکێکی خاوەن ڕابردوو ئەگرن ئەیانەوێ هەموو تاوانی ساختە کارییەکان بەسەریدا ساغ بکەنەوە ، پاشان نیشانی ڕۆژنامەنووسەکانی بدەن ، بۆ ئەم مەبەستە منیان بە هەموو بنکەکاندا گێڕا کە لە ئەستەنبوڵدا هەیە ، چوار ڕۆژ سوڕانەوە بەم هەموو بنکەیدا لە چوار ساڵ زیندانی کردن ناخۆشترە نیشانی ئەو کەسەنشمان ئەدن کە بەئاگری ساختەچیەکان داغ بوون ئەوانیش لەبەر بێ هیوایان لە دۆزینەوەی کابرا ئەڵێن کە من هەڵم خەڵتاندووە لە هەمووی سەیرتر ئەو پۆلیسەیە کە ئەمان گێڕێ بە بنکەکاندا و ڕووبەڕومان ئەکاتەوە لەگەڵ ئەو کەساندا کە هاتوون شکات بکەن لەسەر ئەوەی کە فێڵیان لێ کراوە ئەڵێن جوان لێی وورد بنەوە .... هەر ئەبێ ئەمە ئەو کابرایە بێت کە هاتووی شکاتی لێ بکەی ، بەدڵنیایەوە ئەوە کابرای سکاڵاکەر ئەگەیننە ڕادەی بڕوام کە من بووم : هەرچەندە ئەو لەوان باشتر ئەزانێ کە من نەبووم جارێکیان ئەوەندە زۆریان لە ئافرەتێک کرد کە بڵێ من هەڵم خەڵتاندووە و فێڵم لێکردووە و دزیم لێ کردووە ؟ هاواری کرد " تۆبڵێیی کە ئێوە لە من باشتر بزانن کە کێ فێڵی لێ کردوم ؟ من فێڵم لێ کراوە یان ئێوە ؟ " کابرای چاودێر زۆر بەم قسەیەی ئافرەتەکە دڵ نیگەران بوو گوێم لێ بوو ئەیوت : " ناتوانین بڕوا بە هاوڵاتیان بهێنین کە تاوانباران دیاری بکەین " یەکێک لە چاودێرەکان پێی وتم " کە ئەیەوێ دوو تاوانی ساختەکاریم بخاتە ئەستۆ کە خەڵکی نادیار کردویانە" ئەیووت کە ئەگەر بیگرێتە ئەستۆ چی ڕوو ئەیا هیچت لێ زیاد نابێ و نەکەم " ئەیویست سەرکەوتنێک بۆ خۆی تۆماربکات " .

بکات لەو سەردەمەدا ئامێری تۆمارکردنی دەنگ زۆر بڵاو نەبوو ئەمویست تەنها هەر کۆکەیەکیش کە پاشازادە کۆکیبێ تۆماری بکەم ،بەڵام ئەو ئامێرانە نەبوون ئەگەر هەشبوایە زۆر دەگمەن بوون یان بەدڵنیایەوە گرتووخانەکە نەی ئەهێشت شتی وا بچێتە ناو زیندانەوە بەڵام دوو ئەگەر هەبوون لێرەدا یەکەمیان ترس لە پاشازادە ئەنیشت و نەی ئەویرا شتی وا بکات و بەڵگە بدات بە تاوانەکانی یان بەو شێوەیە باشتر دەر نەئەچوو وەک ئەوەی کە خۆم دام ڕشتووە چونکە من لەسەرەتاوە وتم کە گەورهەری ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتی قسەکانی پاشازادەوە سەرچاوەی گرت چونکە ئەو کاتێک باسی ڕووداوێکی بۆ ئەکردم بەجگەرەکێشانێک هەمووی تەواو ئەکرد پاشازادە بەڕۆژ باسی ڕووداوەکانی ژیان و ڕابردووی خۆی بۆ ئەکردم منیش بەشەو دائەنیشتم ئەمنووسیەوە ، من ئەوم ئەنوسیەوە کە لە

مێشکمدا مابوو وانا زۆر وردەکاری هەبوو کە لە بیرم ئەچووەوە ، تکام لێکرد کە زۆر بەووردی چیرۆکی ژیانیم بۆ بگێڕێتەوە زۆری پێ خۆش بوو کە وام ووت وای دانابوو کە چیرۆکی ژیانی سوودی بۆ خەڵکی تر ئەبێت ؟.



Scanned by CamScanner

پاشـــازاده  عەزیز نەسین

# شێخ سەعیدی موبارەک

کاتێ کە لە زیندان دەرچووم ئەمزانی کە ناتوانم لە ئەستەنبوڵ بمێنمەوە ئەگەر هەرچی کارێکیشم بکردایە بۆ بژێویم ، پۆلیس ناهێڵێ بژیم لەم شارەدا ، ئینجا چونکە خاوەن ڕابردووم بێ گومان بەبێ هۆ ئەمگرن تەنانەت لەوانەیە لەشارە گەورەکانی تریش نەتوانم جێگیر ببم ، پارەم پێ بوو ، چونکە لەو ماوە درێژەی کە لە زینداندا بووم چەند کارێکم کرد نامەم بۆ نەخوێندەوارەکان ئەنووسی و بۆم ئەنارد و چەند کارێکی تریشم ئەکرد ، دام نابوو کە لە یەکێک لە شارۆچکە بچوک و دوورەکانی وڵات خۆم حەشار بەم لەوێ کارێک بۆ بژێوی ژیانم دابین بکەم و لەچاوی ئەو پۆلیسانە بەدوور بم کە لەوێ ئەم ناسن بەڵکو بتوانم دوکانێکی بچووک بکەمەوە هەرچییەک بێ من تەنیام وانیە ؟ کە لە ئەستەنبوڵ بۆوم تەنانەت لە شوێنگای حەوانەوەش ئەترسام ،چونکە بێ تاوان ئەیانگرتم و تاوانی زۆر تاوانی نادیاری تریشیان ئەخستە ئەستۆم سواری پاسێک بووم بەرەو یەکێ لە پارێزگاکانی خۆر هەڵاتی وڵات هیچم لەو شوێنە نەئەزانی کە بۆی ئەچم جگە لە ناوەکەی نەبێ ، و کەسی لێ ناناسم دوای ئەوەی کە سەفەرەکەم ڕۆ ژێکی تەواوی برد ، شەویش هەر بەردەوام بووین ، شاخەکان دەوری ئەو ڕێگەیان ئەدا کەپیایدا تێئەپەڕین ، بە شوێنە سەخت و بەرز لارەکاندا زۆر تێئەپەڕین کە مەترسی کەوتنە خوارەوەی هەبوو ، لە شەوێکی تاریکدا کە مانگ تیایدا دیار نەبوو ، ئێمەی تاوانبار کە بەدەر لەکۆمەڵگاین دەبینە گاڵتەچی ئەو کۆمەڵگەیە وەک پێشتر پێم ووتبون بەڵام لەوە گومانتان نەبێ کە هەمیشە خەوەن بەوەوە ئەبینین کە ببینە کەسانێکی پاک و خاوەن متمانە ، و ڕێزدار بین لە ناو کۆمەڵگادا کاتێ کە پاسەکە بەو شوێنە لارەکاندا تێئەپەڕی من لە خەیاڵی خۆمدا نوقومم بوو بووم ، بیر لەو چارۆچکەیە ئەکەمەوە کە بۆی ئەچم و کەسی تیا ناناسم بەتەنیشت پەنجەرەی پاسەکەوە



Scanned by CamScanner





دانیشتم ، لە تەنەیشتمەوە کابرایەکی جل و بەرگ دڕاو دانیشتبوو سکی بە پشتیەوە نووسابوو پرسیارم لێ ئەکرد دەربارەی کاتی گەیشتنمان بەو شارۆچکەیە دەستێکی هێنا بە سمێڵیدا و وتی :

- " ئەگەر خوا ویستی و ........ ".

وتم :

- " چی ؟ چیتر ؟!! ".

وتی :

- " ئەگەر دز و جەردەمان لێ پەیا نەبێ ، سەبەینێ بەیانی ئەگەین ".

وتم :

- " جەردە ...؟! جەردەی چی ؟!! ".

ووتی :

- " جەردە ئەوەی هەمومان ئەیزانین ".

دەستم خستە سەر ئەو پارانەی کە لە گیرفانی پنتۆڵەکەمدا هەبوو لە ترسا وتم :

- " لێرە جەردە هەیە ؟ ".

ووتی :

-" مەبەستت چیە ؟ ئەی بە شوێن ئەوترێ شوێن ئەگەر جەردەی لێ نەبێ ؟ ، شاخ تامەزرۆی جەردەیە و جەردەیش بە هەمان شت ، ئێمە لێرە جۆرە جەردەیەکمان هەیە نمونەیان لە هیچ شوێنێ نیە ،".

کابرا وەک ئەوەی شانازی بکات بەجەردەی شارۆچکەکەیانەوە وا بوو ، لێم پرسی :

- " باشە ئەی پۆلیس نیە ؟ "

لە وەڵامدا وەک ئەوەی باسی شتێکی ئاسایی بکات وتی :

- " هەیە .... ئەی تۆ بڵێی نەبێ ؟ هەموو شوێنێ جەردە و پۆلیسی خۆی هەیە تۆ بۆ ئەم شتەت بەلاوە سەیرە ؟ ".

وتم :

- " ئاخر چۆن جەردە لە شوێنێکدا هەیە ئاسایشی لێ بێ ؟ ".

وتی :

-" ئەی خوایە کاکە ئایا نەخۆش دا ئەبڕێ لە پزیشک سوپاس بۆ خوا ناوچەکە هەروەک چۆن پزیشکی هەیە هەیە لە خوا بەزیاد بێ نەخۆشیشی تیایە ، لەسەر ئەم ڕێرەوە ئیشی پۆلیس شتێکە و ئیشی جەردەش شتێکە کەسیان دەست وەرنادەنە کاری یەکترەوە ، مەگەر لە چەند کاتێکی کەمدا نەبێ "

وتم :

- "کێ دەست وەر ئەدات ؟ ".

وتی :

- " جەردەکان هەرگیز دەست وەرنادەنە کاری پۆلیسەوە ، بەڵام هەندێک جار پۆلیس ئەوە ئەکات ؟ ".

وتم :

- " وەکو چی ..؟ ".

وتی :

- " تۆ بڵێی وەک چی ..! هەندێک جار ئاسایش ئەیەوێ کاری جەردە بکات ئەو کاتە سیستەم تێک ئەچێ " .

کاتێ کە سەرسام بوو لە پرسیارەکانم وتی :

- " تۆ لە کوێوە هاتووی ..؟؟ ".

وتم :

- " ئەستەنبوڵ . .. ".

وتی :

- " ئەی لەوێ دز ساختەکار و تەزویرچی و جەردەی لێ نیە ..؟ ".

وتم :

- " با لێەتی ... ".

وتی :

- " پۆلیستان هەیە وا نیە ..؟ ".

وتم :

- " ئەوانیش هەن "

وتی :

- " سەیرکە بینیت چۆن ؟ پۆلیستان هەیە و جەردەشتان هەیە کاریش لێرە هەمان شتە ، لە خوا بەزیاد بێ جەردەی خۆشمان هەیە و پۆلیسشمان هەیە ، هەر یەکەشمان سەرچاوەی بژێوییەکەی جیاوازە لەوی تر ئەمە ویستی خوایە ؟ ڕوحم فیدای بێ ، یاسایی ژیان وایە ، براکەم بەڵام جەردەی ئەم ناوچەیە زۆر پیسن ، ناوبانگیان لە حەوت شارۆچکەدا هەیە ".

وتم :

- " باشە ئێستا تۆ بڵێی ڕێگەمان لێ بگرن ؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner





- " خوا ئەزانێ ... ئەوە نسیبە براکەم ، ئەگەر ناوچەیەکی تریان هەڵبژاردبێ ئەمشەو ڕوو ناکانە ئێرە و بەسەلامەتی ئەگەین بەڵام ئەگەر سەرەی ئەم لابوو زۆر دڵنیابە "

کابرا ئەتووت باسی وادەی هەڵسانی فڕۆکەی ئەکرد کاتەکان هەمووی شارەزابوو من ئەو شارۆچکەیەم بۆیە هەڵ بژارد چونکە زۆرم دەربارەی بیستبوو لە برادەرێکی زیندانیمەوە لە ناو زیندان ئەیووت :

- " لەوێ هیچ پارە نیە ئەوەی 100 لیرەی پێبی لەوێ بە دەوڵەمەند دائەنرێ ، 1000 لیرەی پێبێ ئەتوانی لەوێ گەورەترین بازرگانی بکات لەوێ پارە کەمە ، بۆیە ئەوەندە بەهای بەرزە " .

منیش ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە بیر لەوێ بکەمەوە چونکە 3000 لیرەم پێ بوو لە دڵی خۆمدا وتم " بەم پارەیە ئەتوانم بە پیاوانە کارێک بکەم لەلایەکی تریشەوە ماقوڵ نیە بۆلیسی ئەو ناوچەیە من بناسن ئەوەم زۆر لا مەبەست بوو بەدرێژایی ڕێگا چ خەونێکم هەبوو ؟ دووکانم ئەکردەوە و هەمووشتێکم تیا ئەفرۆشت هەتا زیاتر ئەو ناوچە ترسناکەمان ئەبڕی و دوور ئەکەوتینەوە ، خەریک بوو هێواش هێواش ترس لە دڵمدا نەئەما ، خەریک بوو ڕۆژمان لێ بێتەوە ، خەریک ئەگەیشتینە شارۆچکەکە ئەوەندەمان نەمابوو ، لە ناو پاسەکەدا کابرایەکی پۆلیسمان لەگەڵدا بوو کە یەکەم جار بینیم ترسام بمناسێتەوە و سەر لەونوێ تووشی نەهامەتیک بم ، بەڵام کە لەو کابرایەوە باسی جەردەکانم بیست ،ئەو ترسە لە دڵما نەما و زیاتر هەستم بە ئاسایش و هێمنی کرد ، چونکە لەگەڵمان بوو ناو ناو بەناو ئەنوستم و هەڵئەسام ،ئەو ڕۆژگارە داهاتووانە ئەژیام کە لە بیرمدا بیرم لێ ئەکردەوە ، ئەوەندەی نەمابوو خۆر هەڵ بکات کەش و هەواکەش لەو کاتەدا زۆر سارده چونکە بە تەنیشت شاخەکانەوە تێپەڕ ئەبووین ، لە ناکاو گوێم لە چەند تەقەیەک بوو ، پاسەکە لە ناکاو وەستا و سەرم کەوت بە کوشنەکەی بەردەمدا هاوار لە ئافرەت و منالەکانی ناو پاسەکە بەرز بووەوە کابرای شۆفێر و و شاگردەکەی دابەزین دوای ئەوان ئێمەشیان دابەزاند لەبەردەم و دواوەی پاسەکەدا دوو پیاوی چەکدار کە گۆرەوەی ڕەشیان کردبووە سەریان وەستابوون هەمووومان دەستمان بەرز کردەوە و چاوم گێڕا بۆ ئەو کابرا پۆلیسەی کە لەگەڵمان بوو بینیم کە ئەویش چەکەکەی فڕێ داوە دەستی بەرز کردۆتەوە داماو ئەلەرزی بەڵام دیار بوو بەستەزمانە سەرمای بوو سێ پیاو لەو جەردانە دەستایم کرد بە پشکنینمان هەر چییەکیان لێ ئەسەندین ئەیان خستە ناو کیسەیەکەوە پارەو سەعات و گوارە و ئاڵتون هێشتا نەگەیشتووە سەری من من زۆر دڵم لە لای پارەکانم بوو بەڵان تازە کار لە کار ترازوە ....!.

لە زیندان یاسایەک هەیە ئەڵێ " دز دزی لە دز ناکات " ئایا ئەگەر پێان بڵێم بردارینە منیش لە خۆتانم " بەرم ئەیەن لەو پیلانەدا بووم کاتێ یەکێکیان چەکەکەی خستە سەر سەرکم و زمانم لەکار کەوت ، لە ترسا هەناسەم توونَد بوو ، هەرچی لەگیرفانمدا بوو خاڵیان کردەوە بەوەشەوە نەوەستا وتی :



Scanned by CamScanner

- " دایکەنە ".

ئاماژەی بۆ قوونەرەکانم کرد کە زۆر تازە بوون لە ئەستەنبوڵ کڕیبووم کاتێ کە ڕووت کردنەوە کۆتایی پێ هات سەر پاسەکەیان خستینەوە و سپاییان سەرکەوتن لەگەڵماندا هەر کە ناوچەیەکمان ئەبری یەکێکیان لە ئێمە دائەبزاند جارو باریش یەک کەسیان دا ئەبەزاند منیان بەتەنیا لە شوێنێکدا دابەزاند و پاسەکە کەوتە رێ قوونەرەم لە پیا نەبوو لەسەرما خەریک بوو رەق ئەبوومەوە ماوەیەک بەدەم لەرزینەوە ڕۆیشتم هەتا خۆر هەڵ هات خۆمم لەسەر شاخێک بینیەوە تەواو لێبووبوومەوە لە برس و هیلاکی ئەترسام وورچێک پەیا بێ و لەت و پەتم بکا لە ناوەندەییە سەربازیەکە بەرێوەبەرێکمان هەبوو بە پلەی عەقیدروکن هەمیشە ئەیووت :

- " قەت وا مەزانن کە نەهامەتیتان بەسەردا هات ئەوە کۆتایی ژیانە هەروەها بۆ ڕووداوی بەختەوەریش وا مەزانن ئەوە خۆشی ژیانە ، چاوەرێی کۆتاییەکەی بکەن و بزانن چی ڕوودەدات لەوانەیە نەهامەتیەکە بۆ خۆشی کۆتایی بێت بەختەوەریەکەش بە کارەسات " .

نمونەیەکیشی بۆ هێناینەوە وتی :

-" وەختی خۆی کە لە خۆرهەلاتی وولات دا جەنگێک هەڵگیرسا ئێمە لەوێ بنکەمان هەبوو ، مولازمێکیان بۆ ناردین ، ئەم گەنجە ئەوەندە منال کار بوو لە دەنگی فیشەکەیش ئەلەرزی هیچ ڕێگەیەک نەمابوو نەیگرێتە بەر تا کاری خزمەتگوزاری پێ بدەن لەوێ ئەمە جگە لە گریان و پاڕانەوە داماوە تازە زاوا بوو پێش ئەوەی کچەکە بگوازێتەوە نێردرا بوو بۆ جەنگ وەکو منال ئەگریا بەرێوەبەرەکەمان نەقیب بوو بەرگەی ئەو هەموو گریان و پاڕانەوەی نەگرت دەسەلاتی ئەوەی هەبوو کە ئەرکەکەی بۆ بگۆڕێ بۆ ماوەی مانگێک ناردیەوە ئەستەنبوڵ کوڕە گەنجەکە لە خۆشیدا کەوت بەسەر پێلاوەکانی نەقیبەکەدا وتی :

- " بەختەوەرترین ساتی ژیانتان بۆ بەدی هێنام ، خوا تەمەن درێژتان بکات ".

بەرێوەبەرەکەمان درێژەی بەقسەکان دا وتی :

-" خۆزگە نەم ناردایەتەوە ، چووزانم ئەوە ڕوو ئەدات .."کاتێ مولازیمەکە لە شەمەندەفەرەکە دابەزیبوو بەر لەوەی قاچی بنێتە سەر زەوی بەفیشکە شێتەیەک گیانی لەدەست دابوو لە شوێنی خۆیدا ، چونکە لەو کاتەدا دوو کەس شەڕیان بوو نەقیبەکە خۆی بەلێپرسراو دا ئەنا لەو کارەساتە ئەگەر نەیناردیاتەوە ئەوە ڕووی نەئەدا و ئەیوت ئەو داماوە بە قاچی خۆی ڕای کرد بۆ ئەو مەرگەی بە شادی دای ئەنا ، بەڵێ مرۆڤ لەسەرەتاوە ناتوانێ ئەوە دیاری بکات کە ئایا ئەوەی کە بەسەری داهاتووە نەهامەتیە یان بەختەوەری ؟! ئەی من وام دا ئەنابوو کە ڕووت کردنەوەم لەگەڵ نەفەرەکانی ناو پاسەکە لەلایەن جەردەکانەوە و فرێ دانم بە تاقی تەنیا و پێپەتی لە شوێنێکی نادیاردا نەهامەتی بوو ؟ بەلام کۆتاییەکەی ئەم کارە بەختەوەری بوو ، لەو کاتەدا بیرم لەوە ئەکردەوە کەپێویستە چی بکەم ؟



Scanned by CamScanner

ئەکری لەسەر شاخەکە دابەزم و برۆم بەرەو رووی شارۆچکەکە لەوێ روو بکەمە پۆلیسەکان ئەوێ بیان بڵێم کەچیم بەسەر هاتووە ؟ نەء ..... ترسام پرسیاری ناسنامەکەم لێ بکەن و بۆیان دەربکەوێ کە من کێم !! ئەگەر پرسیارم لێ بکەن تۆ کێیت ؟ و لە کوێوە هاتووی ؟ ئەو کاتە کۆتاییەکەی زانراوە . لەو کاتەدا باران دەستی کرد بە بارین بەدوای شوێنێکدا ئەگەرام کە خۆمی تیا پەنا بدەم لە ناکاو ئەشکەوتێکم دۆزییەوە و خۆمم تێ فڕێ دا پێنج خولەکی پێ نەچوو بارانەکە وەستا بەڵام جلەکانم تەواو تەر بوو بوو پێش ئەوەی ئەشکەوتەکە بێتە بەر چاوم بۆیە هەموویم داکەند و بووم بەو کاتەی لە دایک بووم تۆ بڵێی کێ لەوێوە ئەڕوات تا بەو حاڵە بم بینێ ؟ ویستم جلەکان وشک بینەوە ، لە هەمان کاتدا لەسەرمایا گیانم ئەلەرزی خۆمم تەواو پێچابوووەوە ، کاتێ کە بیرم کردەوە کە ئەبێ چارەنووسی من چی بێ ؟ گوێک لە دەنگێک بوو کە لە ئەشکەوتەکە نزیک ئەبووەوە ئەگەر ئەشکەوتەکە قوڵ بوایە زیاتر ئەچوومە ناوەوە بەڵام زۆر بچوک بوو چی ببینم چەتەکان کە رووتیان کردمەوە ئەوان بوون هەر لە بەرگەکەکانیانەوە ناسیمنەوە باشە ئەگەر نەشیان بینیم خۆ جلەکانم بەرن ئەبم بە تەرەزان ئەبێ هەتا مابم لەسەر شاخەکە بمێنمەوە .ئەوان پەیتا پەیتا لە دەرگای ئەشکەوتەکە نزیک ئەبوونەوە دەستم کرد بە نزا کردن جگە لە نزا پیاو چی لە دەست یەت لەو سات و بارەدا کەمنی تیا بووم ؟ خوایە گیان بەس نەبێ ئەوەی کە بەسەرما هات ؟ پارەم نەما و پێم پەتیە ؟ هیچ نەبێ با بێ ذەرپێ نەمێنمەوە لەسەر ئەم شاخە هەرددو دەستم خستە سەر ئەژنۆم سەرم کرد بە بەینی قاچما لە ترسا وەکو سەرو چاوی چەتەکان نەبینم کە لێم نزیک ئەبوونەوە قاچیانم ئەبینی کە بەرو رووم ئەهاتن تەواو لێبوومەوە منیان بینی هاتنە بەردەمم و هاواریان کرد سوبحان اللە ئەمە مرۆڤە یان جنۆکەیە ؟! لە راستیدا ناهەقیان نەبوو هیچ شتێکم تیا نەمابوو کە ئاماژە بەوە بکات کە مرۆڤم نەئەتوانرا لە جنۆکە جیا بکرێمەوە ئەوان هەر سوبحان اللە یان بوو ئەیان وت :

- " ئەمە مرۆڤە یان جنۆکە ؟ ".

باشە سەر بەرز بکەمەوە و بڵێم من ئەوە بووم کە رووتان کردمەوە ؟ یان بێ دەنگ بم ؟ بێ ئەوەی خۆم تێک بدەم زیاتر رام کردە ناو ئەشکەوتەکەوە چەتەکان تۆزێک وەستان و لە نێوان خۆیاندا دەستیان کرد بە چرپە چرپ یەکێکان هاتە ناوەوە و دەستی راکێشام من نەمهێشت چونکە ئەو کاتە ناو کەڵیان ئەبینم لە رووت و قوتی ، بەڵام چیم بەدی کرد کابرا ئەم جارە کە دەستی راکێشام و ماچێکی کرد و خستیە سەر سەری ئەوانەی تریش بەهەمان شێوە بەدوایدا هەمان کارەیان کرد پاشان رۆیشتن دوای ئەوەی کەرۆشتن بە ماوەیەکی زۆر هاتمە دەرەوە بینیم جل و پۆشاکیان بۆ بەجێ هێشتووم کیسەیەک خواردنیشیان دانابوو ، وەکو شێت نان و پەنیرەکەی ناویم خوارد خەریک بوو لە برسا ببورێمەوە ، کە تێر نانم خوارد جلەکانیشم لەبەر کرد و چوومە ژوورەوە دوای ئەوەی کە ماوەیەکی کورت بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئاخۆ چیم بەسەردا بێ خەوتم پاش کەمێک لە خەوتنم لەدەنگە دەنگێک

بەئاگا هاتمەوە بوومەوە بەڵام من هەر خۆم کرد بە نووستو خەڵکێکی زۆر لەدەورم کۆبوونەوە گوێم لێ بوو ئەیانووت :

-" شێخ سەعید ، شێخ سەعیدی موبارەک ".

نەم ئەزانی باسی چی ئەکەن ئەمانە ، ئەمویست بزانم کارەکە تا کوێ بەردەوام ئەبێ باشە ئەمانە چۆن بە منیان زانی لێرەدا ئەوەندە دارو درەختی لێ نەبوو تاوەکو بۆ دار برینەوە هاتبن ؟ ئەی ئەم شێخ سەعیدە کێ بووە کە بەسەر سامیەوە بە منیان ئەوت ؟؟ زۆر لە ئەنجامی ئەم شتانە ئەترسام ئافرەتێک وتی :

-" ئەمە ئەو پیاوە بوو کە لە خەوما بینیم هەر ئاوا رووت و قووت بوو هاتم وە دەستیم ماچ کردوو پێم وت بەرەکەتی ناوتانم پێ بڵێ حەزرەتی شێخ ئەبوش پێی وتم خوا لێت رازی بێ کچم ناوم شێخ سەعیدی مووبارەکە لەسەر فلان شاخ و لە فلان ئەشکەوتا دەر ئەکەوم بچۆ بەخەڵکی شارۆچکەکە رایگەینە و پێیان بڵێ کە بەزوویی بە کامەرانی دەگەن ".

ئەم خەڵکە گەوجە وا دیار بوو باسی منیان ئەکرد و بەزمانی منەوە قسەیان ئەکرد دڵنیا بن کە ئەم دەویست ئاوانێکی تری ساختەکاری زیاد بکەم بۆ فایلی ئاوانەکانم بەڵام ئەبێ مرۆڤ بەویستی دەوربەرەکەی بڕوات بەرێوە ، هات بەبیرمدا .. هەستامە سەر پێ و وتم :

-" یا الله لەسەر ویستی تۆ خوایە بە پشت و پەنای تۆ ؟".

جلەکانم تەواو لە خۆم پێچابووەوە چونکە پێتشر بە تەواوی لەبەرم نەکردبوون ئەترسام ئافرەتەکە گەلو گونم ببینێ ، خەڵکەکەش سەرسام بکەم کابرایەکی سمێڵ زل کە لە بەردەمم وەستابوو وتی :

- " بەخێر هاتن حەزرەتی شێخ نوور و بەرەکەتان هێنا ." .

بەڵێ ئەم ویست ساختەکاری زیاد بکەم بەڵام ناشڵێم بێ فرت و فێڵ نەبووم ، چیم بکردایە لە شوێنێکدا دوای ئەوەی جەردەکان رووتیان کردمەوە و بە برسیەتی و تونێتی خۆم لەسەر ئەو شاخە دۆزیەوە ؟ نەمتوانی بڵێم " من شێخ سەعید نیم " خەڵکەکە دەستیان کرد بە ماچ کردنی دەست و قاچم منیش بە ئافرەتەکەم ئەوت :

- " خوا لێت رازی بێ کچم "

ئینجا لە دەروم کۆبونەوەو بە چواردەورما دانیشتن ، من لە ناوی دەرگای ئەشکەوتەکەداو ئەوانیش لە دەرەوەیدا دەستم کرد بە باس کردنی ئەو چیرۆکە ئاینیانەی کە لە ژیانمدا بیستبووم خۆم لێ ببوو بە شێخی تەریقەت و قسەم ئەکرد بۆیان چەند رۆژێکی خۆشی ژیانم ژیام ، زۆر دڵخۆش بووم تیایدا هەرچەندە ئەمزانی کە ئەم خۆشیە بەردەوام نابێت ، چارەنووسی خۆم ئەزانی بووم بە شێخ سەعید موبارەک هەرچی نەخۆش و دڵتەنگ بوو لە لادێ نزیکەکانەوە ئەهاتن بۆ لام تاوەکو پیرۆزی نزا و چاک بوونەوەیان پێ ببخەشم ناوبانگم رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندا بوو خەڵکی ئەهاتن و خوڵی بەردەم



Scanned by CamScanner

ئەشکەوتەکەمیان ئەبرد بۆ چاک بوونەوە ، بەردەم ئەشکەوتەکەم وای لێهات ئەتووت 10 ئافرەت
گسکیان لێ داوە ئەوەندە خۆڵیان برد زۆر تکایان لێ ئەکردم کە لەسەر شاخەکە دابەزم و بچم بۆ
لادێکەیان و شوێنی حەوانەوەم بۆ دابین بکەن بەڵام من خۆم لێبوو بوو بە ئەولیا وتم فەرمانم لە
ئاسمانەوە بۆ هاتووە کە هەر لە شوێنی خۆمدا بمێنمەوە ئەمەم کرد هەتاوەکو مەزنیەکەم زیاتر
بەردەوام بێ کەس ئەی پرسی کە من لە کوێوە هاتووم ، بەڵام چیرۆک و داستانیان دەربارەم دروست
کردبوو ، بەلای هەندێکیانەوە وا بوو کە من لە ناوچە فراوانەکانی ئێرانەوە هاتووم ، هەندێکیان ئەیان
وت کە من لە شیراز یان لە سەمەرقەندەوە هاتووم ئەگەر بچوومایە بۆ یەکێک لەو لادێیانەی نزیک
ئەوێ بێ گومان ئەیانگرتم ، تێ نەئەگەیشتم بۆچی ئەو بڕوایەیان لا دروست بوو بوو کە من شێخ
سەعیدی موبارەکم کە ئافرەتەکە لە خەویدا بینبووی ؟!بەڵام ئەمە بۆ من باش بوو بۆیە بڕیارم دابوو
کە نەڕۆم وتم با بۆخۆم بژیم کارێک بوو وەک خەون وا بوو ئەو ڕۆژگارە خەوێک بوو بڕوای پێ
نەدەکرا ، بەڵام بێ گومان هەر لەو ئەشکەوتەدا مامەوە کاتێ کە ڕەتم کردەوە کە دابەزم بۆ
دێیەکەیان لەسەر شاخەکەماڵیان بۆ دروستکردم دوو گەنجیش لەبەردەمماڵەکەدا پاسەوانیان
ئەکرت ئافرەتەکانیش ئەهاتن هەرچی خزمەتکردن بوو بۆیان ئەنجام ئەدام دواتر ، تێگەیشتم کە
دانەبزێنم بۆ دێکە کارێکی ڕەوا بوو چونکە بەو بڕیارەم وا ئەهاتە بەر چاویان کە من بەڕاستی پیاوێکی
نوورانی و لە خوا ترسم لەوانەیە ئەولیا بم لە پێناوی تۆزێک خۆڵی بەردەم ماڵەکەم دنیایەک مەڕو بزن
و مانگایان ئە هێنا ، پەنیر و هەنگوین و ڕۆن و نان لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئەو هەموو مەڕو بزنەی
کە لە لام بوو ئەتوت شوانم شاخەکەشم بەرز بوو بە بەرزی سەیریان ئەکردم جارێکیان هاتنە لام و
تیان " جەنابی ئاغا ئەیەوێت سەردانتان بکات داوای مۆڵەتی لێکردووی چی جواب بدەینەوە ، جەنابی
شێخ ؟ " نەمتوانی لێیان بپرسم کە جەنابی ئاغا کێیە چونکە من وا خۆم نیشان ئەدەم کە هەموو شتێ
ئەزانم عیلمی غەیبیشم لایە ، وتم :

- " با بفەرموێ هەستم بە بێزاری گەورە ئەکرد ئەو ساتانە پشووک زیاد لە ڕادەی خۆی بوو لەگەڵ
کەسیشدا قسەم نەئەکرد تاوەکو ئاشکرا نەکەن لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوە بوو ڕێزم
بمێنێ زۆر حەزم ئەکرد کە ئاغا ببینم ئەم ویست زانیاری زۆر شتی لێ وەربگرم ئەم ئاغایە خاوەنی 18
لادێ بوو ئەو لادێیەی کە منی تیا بووم هی ئەو بوو ئەو لادێیەی کە منی ساختەکار بوو بووم بە شێخی
کاتی نوێژ کردن بەدەوربەرەکەم ئەوەت کە کاتی نوێژ کردن هاتووە ! ئەچوومە ژوورەکەم و
پەردەکانم دائەدایەوە و تێر لێی ئەخەوتم ئەوەندەم ئەخوارد نەم ئەوتوانی بە ئاسانی بەئاگا بێمەوە
ئەو ڕۆژەی کە ئاغا هاتبوو لە ژوورەوە نوستبووم وایان ئەزانی کە خوا ئەپەرستم و یادی ئەکەم لە
مەلکەوتی خوایا ئەفڕم ، من خەوم بە ئەستەنبوڵەوە ئەبینی خەوم بە ناوەندیدیەکە و بەزمەکانی ترمەوە



Scanned by CamScanner

ئەبینی کاتێ کە لە خەو خەبەرم ئەبووەوە بە حیسابی ئەوان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و ئێوارەم هەمووی کردەوە گوێم لێ بوو بە ئاغایان ئەوت :

- " جەنابی شێخ لە زیکری خودادایە خوا ئەپەرستێ ".

بەڵام گوێم لە یەکێک بوو بە تووڕییەوە وتی :

- " زیکری چی هەتیوو ..؟! لاچۆ لەبەردەم دەرگاکە حەزرەتی شێخ بە پرخە پرخ شوشەی بە پەنجەرەوە نەهێشتووەدیواری لەرزانووە ئەم حەزرەتی شێخە ماڵەکەتان بەسەردا وێران ئەکات هەڵی سێنە ، خێراکە ".

گەنجەکە دەرگاکەی گرتبوو هەر ئەیووت :

- " زیکرە .... زیکر ".

زۆر بەدڵەوە وای ئەوت خەڵکی لادێی ئەزانن چۆنە زۆر باوەڕدارن ..ئەیوت :

- " جەنابی شێخ کە زیکر ئەکات پێنج دەستە سۆپا ئەهێنێتە لەرزە ئەو لەبەر دەستی خوادایە ، بەقوربانی خاکی بە پێی بم کە ئەڵێی اخودا الەڵێی هەورە تریشقەیە کە ئەڵێ ( پێغەمبەر ) ئەڵێ بوومە لەرزەیە ، ببمە قوربانی .. خەمتان نەبێ کە لەزیکر بۆوە ئیستخارە ئەکات و دەست بەجێ خۆی یەتە دەرەوە ".

لە پشت دەرگاکەوە لە ترسا هەڵئەلەرزیم بەڵام کابرای سەر بە ئاغا وتی :

- " بابە گیان چۆن ئەبێ جەنابی ئاغا لە دەرەوە لەسەر ئەسپەکەی بمێنێتەوە ؟ ".

زانیم کە ئاغا لە دەرەوەیە هاوارم لە گەنجەکە کرد کە با جەنابی ئاغا بفەرموێ گەنجەکە بە کابرای وت :

-" بینیت جەنابی شێخ چەند موبارەکە لە پشت ئەو دیوار دەرگایەوە چوو زانی کە جەنابی ئاغا لە دەرەوە وەستاوە ئەگەر لە زیکری خوایا نەبێ و خوای گەورە پەیامی پێ نەدابێ ؟ ببمە قوربانی شێخ ".

وتم :

- " با جەنابی یاریدەدەری ئاغاش پشو بات ".

وتیان :

- " سوبحان الله ، چۆن زانی کە ئەوە جەنابی یاریدەدەری ئاغایە ژوورەکەم دوو دەرگای هەبوو لە دەرگاکەی ترەوە چوومە ژووری دانیشتنەکە و دانیشتم بینیم 8 پیاو لە پەنجەرەکەوە دیار بوون ئاشکرا بوو کە ئەوەی لە پێش هەموویانەوە جەنابی ئاغایە ، نەم ئەزانی بچم بەروو رووی و یارمەتی بدەم لەسەر ئەسپەکەی دابەزێ وەک رێز لێنانێک ؟ یان لە جێی خۆم نەجوڵێم دەستم ئەهێنا بەو ریشە درێژەما کە لەوەتەی خوا پەیامی بۆ ناردبووم کە ببمە شێخ بەری دابووەوە ، چاوەڕێم ئەکرد تا دەرگا کرایەوە پیاوێک خۆی کرد بە ژووردا تەمەنی لە چلەکاندا بوو بە پشتیەوە 3 پیاو هاتنە ژوورەوە دیار



Scanned by CamScanner

بوو کە پاسەوانەکانی بوون ، من وەک پەیکەرم لێ هاتبوو ، نەجولامەوە ، سەرەتا ئاغا فەرشەکەی بەردەمی ماچ کرد و ئینجا دەستمی ماچ کرد و پاسەوانەکانیشی هەمان کرداری ئەویان کردەوە ، گەنجەکە کە ئاماژەی ب ئاغا کرد کە بە تەنیشت منەوە دانیشێ ئاغا دەستی کرد بە قسە کردن وتی

- " جەنابی شێخ هاتووین خێری نزا و پیرۆزیتمان پێ ببەخشی ".

وتم :

-" من هەمیشە نزام بۆ ئێوە کردووە ، نزام بۆ هەموو کەسێکە کوری خۆم ".

قاوە هات ئینجا کەوتنە باسی زۆر شت لە کۆتاییدا ئاغا داوای کرد رۆژێک تەشریف بێنم بۆ کۆشکەکەی منیش داواکەیم پەسەند کرد پاشان هەروەکو یەکەم جار دەستم و جلەکانیان ماچ کردوو بەرێ کەوتن و رۆیشتن دوای چەند رۆژ هەواڵم نارد بۆ ئاغا کە سەردانی ئەکەم بۆیە ئەویش لەوادەی دیاری کراودا پاسەوانەکانی بەئەسپەوە نارد منیش لەگەڵیاندا سەرکەوتم خۆزگە نەتانبینم کە سواری ئەسپەکە بووم ، بەملاو ئەولادا ئەکەوتم ئەگەر بفریمایە بەلایانەوە سەیر نە ئەبوو بەڵام بکەوتمایە بۆ جەنابی شێخ ئابروو چوون بوو لە رێگەدا بیرم لە فێڵێک کردەو چونکە ئەمزانی کە بێ گومان ئەکەومە خوارەوە بە یەکێک لە پاسەوانەکانم وت :

- " وەحیم بۆ هاتووە کە بەزەییەکم بەم ئەسپە داماوە بێتەوە زۆر هیلاکە ئەمەوێ بە تەنیا خۆم و خۆت بەپێ برۆین ".

ئەویش پاسەوانەکانی تری بەرێ کرد و ئەسپەکانیشی بایە دەستیان ، ئەزانن ئەو کەسەی کە پێم ووت ئەسپەکە هیلاکە کێ بوو ؟ سەردەستەی ئەو چەتانە بوو کە یەکەم جار رووتیان کردمەوە ، زۆرم لە لا سەیر بوو کە نامناسێتەوە بەرێگەیەکی زۆر کورتدا گەیاندمیە کۆشکی ئاغا ، ئەوەندە لە دەست پۆلیس رای کردبوو هەموو رێگە کورتەکان شارەزا ببوو ، کە پێم ئەوت کورم خۆم پێکەنینم ئەهات چونکە بەلایەنی کەمەوە 10 ساڵ لە من گەورەتر بوو شێوەم زۆر پێکەنیناوی بوو بەدوایەوە چونکە زۆر بە خێرایی ئەرۆیی بەسەر تاشە بەردەکانی نا کانیەکەی بەردەماندا خۆی فرێ ئەدا منیش عەباکەم بەدەممەوە گرتبوو هەمان کرداری ئەوم ئەکرد تافریای بکەوم ، خوا گرتمی وتم با ئەسپ نەرۆین ؟؟؟ کە گەیشتینە کۆشکی ئاغا ، ئاغا بەرەو رووم رایکرد و دەستی گرتم تا ماچی بکات منیش نەمهێشت و دەستم ئەهێنا بە ریشما و ئەمووت " ئەستەغفیرو اللە کورم خوا لێتان رازی بێ " ئاغا 15 ساڵ لە من گەورەتر بوو بەویشم ئەوت " کورم " ئاغا بردمیە کۆشکەکەیەوە ، سەرم خولایەوە لە جوانی ناوەوەی ئەو کۆشکە کردمیە ژووری کتێبخانەکەیەوە قاوەمان بۆهات و جەنابی ئاغا فەرمووی لێ کردم ک

دانیشم و قاوەکە بخۆمەوە ، ئینجا دەستی کرد بە قسەکردن و وتی :

-" بەم زووانە ئەچم بۆ ئەستەنبوڵ چونکە من ساڵانە ماوەیەکی زۆر کەم لێرە دائەنیشم ماڵ و خێزانم لە ئەستەنبوڵە دوو کوڕم لە لەندەن ئەخوێنن کچێکیشم لە سویسرایە شوی کردووە ".

من زمانم بەسترا بوو زۆرم سەیر لەوە ئەهات باشە ئیتر ئەمە چۆن ئاغای ئەو مانگایانەی ئەو دێیەیە کە منیان کردووە بە شێخیان ؟!! کە لەم سەر سوڕمانەدا بووم و گوێم لەقسەکانی ئەگرت لە ناکاو قسەی بری و هەستایە و وتی :

- "بە مۆڵەتی جەنابی شێخ ...".

چووە دەرەوە و پاش کەمێک هاتە ژوورەوە و وتی :

- " بفەرموون جەنابی شێخ خواردن ئامادەیە ".

چووینە ژووری نانخواردنەکە ، هەتا ئێستا لە ژیانمدا خواردنی وام نەبینیبوو چیم بینی و چیم نەبینی ئەوە خوا حەزی پێ ئەکرد و دروستی کردبوو لەسەر خوانەکەبوو دوو پیاو سێ ئافرەتیش کەمێک لێمانەوە دوور بوون وەستا بوون تا لە ژێر فەرمانی من و ئاغادا بن بۆ هەر پێویستیەک بەڵام پێش ئەوەی دانیشم بینیم کە شوشە خواردنەوە لەسەر مێزەکە دانراوە خۆم زۆر نیگەران نیشان دا بە بوونی ئەو شوشانە لەسەر خوانەکە هەرچەندە کە یەکەم جار بینیم گرم گرت بۆی ، چونکە لەوەتەی بوو بووم بە شێخ دەمم تێوە نەیا بوو ، بە ئاغام ووت :

- " ناتوانم دانیشم لەسەر ئەم خوانە جەنابی ئاغا حەرامە ".

ئاماژەم بە شوشە خواردنەوەکە دا خۆزگە ئەم قسەیەم نەکردایە و شەکری وام نەشکاندایە جەنابی ئاغا کە تا پێش ئەم قسەیە زۆر ڕێزی لێ ئەگرتم ، لە ناکاو بە پێکەنینەوە وتی :

- " دانیشە سەگی کوڕی سەگ ...! هەی خوێڕی بەسەر منا خۆت ئەکەی بە شێخ ؟! ".

لە جێی خۆما سڕ بووم مانای چیە ئاغا لە پڕدا ئاوا هەڵگەڕایەوە ؟ سەیری دەم و چاویم کرد بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرم کرد زۆر بەڕاستیەتی بیرم کردەوە کەچی بکەم لەم هەڵوێستەدا ؟ ، تەنیا لە شەرمەزاریدا زەردەخەنەیەکەم کرد و وتم :

-" ئێوە فەرموون من دەست نوێژم گرتووە ئەشکێ ".

ئاغا چاوی دا بە یەکدا و زۆر توڕە بوو وتی :

- " هەی گەورەی کافرەکان ئەڵێم دانیشە ".

پاشان فەرمانی کرد بە ئافرەت و پیاوکان کە بڕۆن پێکێکی بەرز کردەوە و وتی :

- " بخۆرەوە .... ".

دەستم کرد بە خواردنەوە " شێخێک پێکی بەدەستەوە بێ !! " لەدڵی خۆمدا ئەم وت باشە ئەم کردەوەی ئاغایە چی بوو کردی ؟ ئێنەئەگەیشتم تەواو سەرم لێشێوا بوو ئەو هەموو ڕێزە چی لێهات ؟!!



Scanned by CamScanner

ئەگەر سەر خۆش بووبێ ئەو هێشتا دەمی نەبردووە

جی رووبداوە تا ئاوا لە ئاکاو خوێنم پێ بدات " 

بۆ خواردنەوەکە کە وای کرد ، کاتێ کە پێکەکەم خواردەوە وتی :

- " ئافەرین گەورەی گەوادەکان ئەگەر نەتخواردبایەوە مشتێکم ئەکێشا بەسەرەتا ئەو کاتە بەراستی

دەست نوێژەکەت ئەشکا چونکە خۆت پیس ئەکرد "

ئاغا لەو قسە ناخۆشانەدا بوو زۆر زیادە رەوێی ئەکرد وتی :

- " ئێستا دڵنیام کە نوانددنت تەواوە ئێستا تۆ شێخی ... "

ئەم ئەتوانی وەڵام بدەمەوە بیرم لەم بەڵایە ئەکردەوە کە کەوتووە بەسەرما ئەمووت " خوایە

رزگارم بکە " ئاغا لە پردا وەک ئەوەی چەکوشێکم بەسەردا بکێشێت وتی :

- " لە کوێوە هاتووی ؟ "

جی پێ بڵێم ؟ ئەگەر بڵێم لەمەکەوە هاتووم ریشم ئەسووتێنێ هیچ قسەم نەکرد وتی :

- " یا بڵێن لە دۆزەخەوە هاتووی ، راست قسە بکە زیندانت بینیووە ؟ "

زۆر گومانم لەوە کرد کە ئاغا وەختی خۆی لە زیندان منی بینێ وا بەفێڵەوە ئەم پرسیارە ئەکات وتم :

- " حاشا بۆ خوا ... من ئەو شوێنانەم لە کوێوە بینیوە ؟ ، مەعازللا خوایە "

وتی :

- " تۆ سەیرکە چەند بێ ناموس و سەرسەریە ؟ بەس پێم ناخۆشە ئەگەر زیندانت نەبینێ ، چونکە

ئەگەر بینیبایە بەبێ کەم و کورتی لە شێخایەتیەکەدا بەردەوام ئەبی زۆڵی کوری زۆڵ ".

وتم :

- " شێخایەتیەکەم لە باپیرەوەیە "

وتی :

- " هەتیو بادانەکانت نەخەمە دەمتەوە خوێری بۆ باڵندە ئەتوانێ لەم ناوچەیە بەبێ فەرمانی ئێمە

بفرێ؟ کە لە ئەشکەوتەکە بەرووت و قوتی دۆزیانیتەوە یەکەم جار هەواڵکەت بۆ لای من هات و تیان

کابرایەکی رووت و قوتە هیچی پێ نیە تا لێی بدزین جێمان هێشتووە بۆ گورگ و واشە چی بکەین

گەورەم ؟ "

کە ئاغا ئەم قسانەی ئەکرد من لە شەرما زەوی دوولەت بوایە بچووما یتە ناوی وتی :

- " کەبیرم کردەوە شێخمان نیە زۆر سەرکەدانیش بووین بۆ شێخێک ؟ بڕیارمان دا بتکەین بە شێخ

فەرمانم بەو پیاوانەدا کە هاتن بۆ لات و بینیتن کە رێزت لێ بگرن و خواردنت بۆ بەرن لەگەڵ جل و

بەرگدا دەست و قاچت ماچ بکەن و ناو ناوبانگت بە لادێکەدا بڵاو بکەنەوە بەڵام وریا بن کابرا

هەست بە هیچ فێڵێک نەکات "



Scanned by CamScanner

جوان لە ئاغام ڕوانی بینیم کە قسەکانی زۆر بە ڕاستە بڕوام پێ ناکات وتی :

- " گەواد بەهۆی ئێمەوە بووی بە شێخ ....".

وتم :

- " بەهۆی ئێوەوە ...؟!".

کە پیاوەکانم هاتنەوە بۆ لام پێیان ڕاگەیاندم کە ناتەوێ لەسەر شاخەکە بێتە خوارەوە وتم ئەم گەورە کافرە زۆر لەوە ساختەچی ترە کە وامان ئەزانی ئەو هەڵوێستەتم بەدڵە چونکە ئەگەر دابەزیتایە بۆ لایان ئەو کاتە ڕا نەهاتن لەسەرت و بەدرێژایی ماوە ئەو ڕێزەیان نە ئەما بۆت ... ئەبێ پیاوانی وەک من وتۆ دوور بن لە چاوی خەڵکەوە تا بە گەورەیی و ڕێزەوە تەماشایان بکەن و وا بزانن کە ئێمە لەوان نین کەوات کرد وم ئەم بێ ئیمانە مەشقی زۆری کردوە لە زیندان لەسەر ساختە چیەتی و شارەزایی ئەم فێڵە بووە بۆیە دانەبەزیوە ، ئێستا ڕاست پێم بڵێ زیندانت بینیوە یان نا ؟ درۆم لەگەڵ بکەی خوا هاوار .... ".

بوار نەبوو درۆی تر بکەم ئەوەندە تەنگی دابووم زەردەخەنەیەکم گرت و وتم :

- " نا ... تۆزێک تیایدا نووستوین ... ".

وتی :

- " بەچ تاوانێک ...؟ ".

وتم :

- " تەقەم لە قاچی کەسێک کردبوو ... ".

ئاغا زۆر لێم وورد بۆوە و وتی :

- " ڕاست قسە بکە بێ قیمەت سەروچاوت لەوە ناچێ ... بڕوا ناکەم بتوانی جانتای ئافرەتێکیش بفرێنی ڕاست قسە بکە نارەسەن شێخی کوفر و زەندقیەکان ".

زۆر ترسام چارەیشم نەبوو ، هەر درۆیەکم بکردایە بەسەرو چاوماوە دیار بوو بۆیە کە وتم بە تاوانی ساختەچێتیەوە گیراوم ، ویژدانم ئاسوودە بوو بەڵام وتم :

- " بڕوا بکەت جەنابی ئاغا ، لە هەموویدا بە بێ تاوان چوومە زیندانەوە ".

ووتی :

- " ئا ئەمە ڕاستیە ..... کەواتەزیاتر سەرم پێت سوڕماوە لە شێخایەتیکدا سەرکەوتوو ئەبیت زاڵم ئەگەر بەدوای یەکێکی وەک تۆدا بگەڕاینایە تا بیکەین بە شێخ دەستمان نەئەکەوت ، خوا ناردیتی ".

ئەی خوا بەدەست ئاغاوە چی پێ کردم ؟ چی بە شێخ نەکرد ؟ دوای ئەوەی کە هەرچی لە ژێر بەرە بوو هێنایە سەر بەرە وتم :

- " ئەتوانم پرسیارێک بکەم ...؟ ".



Scanned by CamScanner



وتی :

- " فەرموو .... " .

وتم :

- " هۆی چیە کە ئاوا بەدوای شێخدا ئەگەڕێن ؟! " .

وتی :

- " جا تۆ بڵێی بێ شێخ کارمان بڕوات بەڕێوە ؟ خەڵکی ئەم ناوچەیە پێویستیان بە شێخە ، شێخەکمان هەبوو چەند تایبەمەندیەکی باشی تیا بوو ، تایبەتمەندی خراپیشی هەبوو ، کاری ئەبرد بە ڕێوە گەوادێکی عەجایب بوو حەدی نەبێ لە ڕووتاندا .... ، بەڵام کاتێ کارەکانی شێواند بەڵای بەسەر خۆیدا هێنا ، دەرمان کرد خەڵکەکە بەبێ شێخ مایەوە ، لێرە خەڵک ئەتوانن بەبێ نان بژین بەڵام ناتوانن بەبێ شێخ بژین ، زۆر دەمێکە ئێمە بە دوای شێخدا ئەگەڕێن هەواڵمان بۆ هەموو لایەک نارد کە ئەگەر شێخی باشیان دەست کەوت بۆمان بنێرن بەڵام هەر سوودی نەبوو ، خەڵک زۆر هەبوو کەوت بەدەست و قاچمدا کە بیکەم بە شێخ بەڵام کەسیانم پێ پەسەند نەبوو " .

وتم :

- " باشە بۆ ...؟؟ " .

وتی :

- " ئابێ ئەگەر شێخەکە خۆماڵی بێ ئەبێ لە باپیرەیەوە بۆی مابێتەوە یان بێگانە بێ چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەوا ئەو کاتە خۆ خەڵک هەموو بنچینە و بنەڕەتی ئەزانن ئیتر چۆن بڕوای پێ ئەکەن و ڕێزی ئەگرن ؟ ئەگەر کەرێکی وەک تۆیش بێ ، بۆیە بەدڵمە کە نەهاتیتە خوارەوە لەسەر شاخەکە شێخەکەی پێش تۆ چوو ناو خەڵکەکە و پاساکەی شکاند بۆیە وای لێهات " .

وتم :

- " ئەو پاسایە چی بوو شکاندی ...؟ " .

وتی :

- " پەلە مەکە هەموو وانەکانت لەسەر خۆ فێر ئەکەم :

وتم :

- " ئاخر ئەترسم منیش ئەو پاسایە بشکێنم بەبێ ئەوەی کە بە خۆم بزانم " .

وتی :

- " وەڵا ئەو کاتە ئەتسوتێنم بە زیندوویی هیچ کەرێتیەک ئەکەی بەبێ ئەوەی پرسمان پێ بکەی شێخی درۆزنەکان " .



Scanned by CamScanner

ئاغا زۆر زیادە رۆیی ئەکرد لە جنێوەکاندا بەڵام من نەم ئەوێرا قسە بکەم بەردەوام بوو لە قسەکانیدا وتی :

- " دوایی هێواش هێواش یاسەکە فێر ئەبی ، ئێستا خۆت مشڵەژێنە ، بەڵام ئێستا پێت ئەڵێم کە ئەم یاسایە سێ لایەنی هەیە هەموویان بەیەکەوە بەستراونەتەوە ، ئەبێ ئەم بەستنەوەیە بەرنە بێت گوێ لەم نموونەیە بگرە ئەم سێ لایەنە کە پەیوەندیان هەیە بەیەکەوە وەک ئەو بازرگانی مادە بێهۆشکەرە وایە کە لە زیندانە ئەگەر ویستی لە ناو زینداندا ئەو کارە بکات چی پێویستە ؟ یەکەم شت بازرگانێکی وەک خۆی کە لە دەرەوەی زیندان کاڵاکەی بۆ رەوانە بکات ، دووەم ئەم کابرا بازرگانە ئەبێ زاڵ بێ بەسەر زیندانیەکانی تردا بەڵام لە هەمووی گرنگتر لەوەیە کە ئایا چۆن ئەو کاڵایە ئەهێنێتە ناو زیندان ؟؟ ئەبێ دەستێکی نهێنی هەبێ یارمەتی بدات لە ناو بەڕێوەبەریتیەکەی زینداندا ، ئەگەر ئەم سێ مەرجە بەردەست نەبوو ، کاڵاکە نایەتە ناو زیندانەوە و زیندانە فێرکراوەکانیش لەسەری پێچ ئەخۆنەوە بە دەوری خۆیاندا وەک مار لە پێویستیدا ،ئەم کارەی ئێمەیش وەکو ئەوە وایە من کە ئاغام و دوومیان تۆ کە شێخیت سێ یەمیشیان بەڕێوەبەری پۆلیسە ".

کە ناوی ئاسایشی هێنا هەموو گیانم کەوتە لەرزە وتی :

- " چیتە گەوادی کافرەکان کە ناوی پۆلیست بیست هەزار رەنگت گۆڕی مەترسە گەواد ".

وتم :

- " کەواتە شێخەکەی پێشوو .... ".

وتی :

- " مەمان گەڕێنەوە سەر ئەو گەوادەی تریش ئەو هەموو شتەکانی تێکەڵاو کرد ، یاساکەی بیرچۆوە ".

وتم :

- "ئەگەر وای نەکردایە ئەمایەوە ... ؟ ".

وتی :

- " ئەگەر یەکێ لە گەورە پیاوانی حیزب هات ئەبێ سیاسەتێکی زۆر لێزانانەی لەگەڵدا بەکار بهێنی کە ئەم شێخەمان نەیزانی وا بکات بۆیە کۆتایەکەی دەرکردن بوو گرنگ ئەوەیە کە تۆ ئەم وانەیەی جوتیارەکانی ئێرە وەکو حەشیشە خۆریان لێ دێ خوا بمان پارێزێ ئەمە هۆی گەرانمانە بەدوای شێخدا ئێستا شێخێکی خاوەن کەرامەتی ئەزانی کە کاتێ گەیشتیتە ئێرە سەرۆکی پاسەوانەکانم وتی چی ؟ من ئەزانم کە ڕێگەیەکی کورتتان گرتە بەر بۆیە زووتر گەیشتن ، وەک لەوانی تر بێ گومان ئەویش



Scanned by CamScanner

ئەوەی پێ ئەوەتم بەڵام ئێمە نامانەوێ پاسەوانەکانی تر وا تێبگەن ئەبێ ئەوەی کە پێیان ئەکاتەوە بیگەیەنە گوێ خەڵکی دیکە چیان پێ ئەڵێ ؟ ئەڵێ کاتێ کە پاسەوانەکەمان ڕایی کرد شێخ سەعید وتی با نوێژ بکەین چونکە کاتی نوێژ هاتووە .. ".

وتم :

-" ئاخر ئاغا من شتی وام نەوتووە ".

وتی :

- " بەدڵنیاییەوە وات نەوتووە ، گوێ بگرە تا کۆتایی قسەکە وەستان هەردووکتان بۆ نوێژ کردن تۆ لە پێشەوە و گەورەی پاسەوانەکانیشم لەدواتەوە لە نیوەی نوێژەکەتدا سەرۆکی پاسەوانەکان شتێکی زۆر سەیری بینی .... ".

وتم :

- " چی بینی ....؟؟؟ ".

وتی :

- " لە ناکاو دەستیت گرت و فڕین بە ئاسماندا و پێش پاسەوانەکانی تر کەوتن بە 2 کات ژمێر ئەویش بەهۆی ئەو بڕواو و لە خوا ترسیەوە کە هەتە ، خوا ئەو موعجیزەیی پێ بەخشیت بەم شێوەیە سەرۆکی پاسەوانەکانم دەنگ و باسەکە بڵاو ئەکاتەوە خەڵکیش واقیان وڕ ئەمێنێ و دەم ئەکەنەوە بەسەر سوڕمانەوە ئەڵێن ( سبحان الله ) ".

وتم :

- " درۆیە چونکە ئێمە ڕێگەیەکی کورتمان گرتە بەر بۆیە زوو گەیشتینە ئێرە ... ".

وتی :

-" ئەزانم درۆیە ..تەنانەت ئەوانەیش کە ئەڵێن ( سبحان الله ) ئەزانن کە درۆیە من و سەرۆکی پاسەوانەکانیشم ئەزانین کە درۆیە خەڵکی لادێکەش ئەزانن کە درۆیە تۆ بڵێی ئەوەندە نەزانن بن بە ناوچەکەی خۆیان نەزانن بەو ڕێگە کورتە ؟ منداڵیش ئەزانێ ئەو کافرەی جێگرم ئەزانی چییان پێ ئەڵێ ئەڵێن سبحان الله بەسەر ئەسپەوە بووین سەیرمان ئەکرد هەورێکی سپی ڕێک بەسەر سەرمانەوەیە ئەسپێکی سپی لەسەرە و لەسەر ئەسپەکەش شێخ سەعیدمان بینی وەک ئەوەی بڵێی شێخ سەعید ئەفڕێ ... پاریدەدەرکانیشی ئەویش بۆ دڵنیا کردنەوەی قسەکەی ئەو لەلای خەڵکەکە ئەڵێن بێ گومان هەر ئەوەبوو کە ئێمەیش بینیمان شێخ سەعیدمان بینی لەبەردەم کۆشکەکە نیشتەوە ".

من لەویا شتێکم هات بە بیردا و مۆڵەتم لە ئاغا وەرگرت کە لێی بپرسم وتی :

وتم :

- " بپرسە شێخی ئاسمان ..... ".



Scanned by CamScanner

-" بەڵام کاتێ لە ئەشکەوتەکە بووم لەسەرما ئەلەرزیم ئافرەتێک هات و بەخەڵکەکەی وت ، کە من ئەو پیاوە پیرۆزەم کە لە خەویدا بینی ".

ئاغا زۆر لە من وورپاتر بوو زانی کە ئەمەوێ راستیەک بدەم بە کارەکەم وتی :

-" هەتیو تۆ لە رێشتەوە بیەستریتەوە بەکلکی کەرێکەوە و راتکێشێ بەو شاخانەدا هێشتا کەمە تۆ چیت لەو داماوانە زیاترە ؟ سەیرکەن ... درۆیەک ئەکات و دوای بروا بە درۆکەی ئەهێنێت بۆچی ؟ چونکە کابرایەکی داماوی پارەت پێ نەماوە ئەزانیت ئەگەر لێرە دەرکرایت بەبرسێتی ئەمێنیتەوە بەدڵنیایەوە دەست ئەکەیت بەکاری خراپ راپێچت ئەکەنەوە بۆ زیندان بەرژەوەندیت لەوەدا بوو کە بروا بەو درۆیە بکەیت کە خۆت کردت ".

لە ئاغام پرسی :

- " کەواتە هەموو بەخەڵکەکەشەوە ئەزانن کە من شێخ نیم ؟ ".

- " ئەزانن ".

- " ئینجا بروا بەدرۆکەیان ئەکەن ؟ ".

- " بەڵێ .. ".

- " باشە بۆ ..؟؟!!! ".

وتی :

-" ئەی لە بەیانیەوە گوێزت بۆ ئەژمێرم مانگا ؟ بۆچی بە نمونە باسم کردیت ووشتر ؟ چونکە تۆ کەوتویتە داوەکەوە تازە رزگاربوونت نیە ، درۆیەک ئەکەیت بروا بەخۆت ئەکەیت لەگەڵ ئەم هەموو پرسیار و دەبەنگیە تا بروا نەکەم لە زینداندا ژیا بیت و فێر بوویت ، تەنانەت بەردی دیوارەکانی زیندانیش فێر ئەبن و ئەبنە هاورێی مرۆڤ ، سەیرکە با پێت بڵێم بۆچی کابرایەکی زیندانی هەمیشە خەریکی گاڵتە جاری و فشقیاتە ؟ چونکە هیوای بە ئازاد بوون نەماوە ... کابرایەکە لە نێوان چوار دیوار بە زیندویی نێژراوە بۆیە ناچارە کە درۆ بکات و بروایشی پێ بکات لە راستیدا ناتوانین بەمە بڵێین درۆ چونکە درۆ هەڵبەستن لەگەڵ دەوروو بەردا لەبەرژوەندیەکی دیاری کراودا خەیاڵە ، تەنیا هیوایەکی کاتی رۆیشتنە بۆیە دەست ئەکات بە جوان کردنی درۆکانی و رازاندنەوەی دووبارەی ئەکاتەوە و زیادەی پێوە دەنێ ئەوەندە باسی ئەکات خۆیشی بروای پێ ئەکات بەڵام لە تەنگیەکی زۆر ترسناک دایە ئەگەر نەفرێ چی بکات ؟ درۆی خەڵکی ئەم ناوچەیەش وەکو هەوڵ دانی ئەو تەیرە وایە کە بیەوێ لە قەفەس رزگاری بێ ، خەڵکی لای ئێمە مەبەستیان هەیە لە درۆکردن و بەر لە هەموو کەس بروا بە درۆکەی خۆی دەکات ، ئەوانیش کە گوێ لێ دەگرن ئەزانن بەر لە هەموو کەس بروا بەدرۆکەی خۆی دەکات ئەوانەش کە گوێ لێ دەگرن ئەزانن کە ئەو درۆ ئەکات بەڵام بروایشی پێ ئەکەن چونکە من ئێستا سوور ئەزانم کەڵکچی وەک تۆ نیە لەم دنیایەدا ، سەرۆکی پاسەوانکانیشم ئەزانێ



Scanned by CamScanner

جیگرەکەشم ئەمە ئەزانێ تەنانەت ئەو ئافرەتەش ئەزانێ کە هاوری لێ کردوویت ! ئەم پیاوە پیرۆز
هاتوتە خەوم ! ئەم درۆیەیان دروست کردو بروایان پێ کرد چونکە زۆر پێویستیان بە شێخێ بوو ؟ ".
وتم :
- " باشە بۆ ؟؟! ".
وتی :
- " جا بۆ ؟ جوان ئاشکرا و دیارە مرۆڤی ئەم ناوچەیە نە پزیشکیان هەیە نەدەرمان نەکار و پیشە
نەپارەش کاتێ کە ئەمانەی نیە ئەڵێ با هیچ نەبێ شێخێکمان هەبوایە .... گەواد ئەو خۆڵەی کە
بەسەریا ئەڕۆیت و ئەوان ئەیکەن بەدەرمان ئەوان سوور ئەزانن کە ئەو خۆڵە نرخی نیە ئەگەر ئاوا
کەساس نەبوونایە ڕیشیان ئەکردیت بەدارا و دەهۆڵیان پێ لێ ئەدایت ".
قسەکانی ئاغا زۆر سنگیان قورس کردم وتم :
- " باشە ... ئەی حوکمەت و ئاسایش؟ ".
وتی :
- " دەوڵەت دەرمانی هەبوایە دەردی خۆی تیمار ئەکرد ! ئەگەر ئاغا و بەگ و شێخ نەبن دەوڵەت
چۆن ئەتوانێ زاڵ بێ بەسەر ئەو هەموو گیانەوەردا ؟! ، ناتوانی ئێستا زانیت ئیشەکەت چیە ؟ ئێستا تۆ
کارمەندێکی نافەرمی دەوڵەتی ، هیچ
مەترسە !! ".
من و ئاغا تەواو مەست بووین ، ئەوەندەمان خواردەوە من ئەو ئێوارەیە میوانی بووم ، شەویش هەر
لەوێ مامەوە بەیانی کە لە خەو هەستام بانگی کردم بۆ بەرچایی و بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی :
- " لەو کتێبخانەیەمدا کتێبێک هەڵبژێرە ، و بڕۆ بیخوێنەرەوە با مێشکت بکەوێتە کار گەورەی
کافرەکان ... ".
کە سەیری کتێبەکانم کرد ، زۆر سەرم سوڕما چونکە هەمووی کتێبی قەدەغە کراو بوو کە لە
ئەستەنبوڵ هەندێکیانم دەست کەوتبوو دژی ئاغایەتی و دەربەگەیاتیە و شێخ و مەشایەخ بوون ، دیارە
ئاغا ئەیەوێ تاقیم بکاتەوە کە ئەڵێ کتێبێک هەڵبژێرە من لە ترسا دوو کتێبم هەڵبژارد کە هی دوو
نوسەر بوو کە نۆ کەری حوکمەت بوو ئاغا کتێبەکانی لەدەست سەندم و وتی :
-" ئابینە بزانم چیت هەڵبژاردووە ....؟ ".
وام ئەزانی کە ئەیەوێ بزانێ کە ئایا سەر بە حوکمەتم یان دژی حوکمەتم خۆی کتێبێکی بۆ هەڵبژاردم
بە ناوی " ئاغایەتی و دەرەبەگی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە " وتی :
-" جوان بی خوێنەرەوە و پێگەمان بناسەرەوە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ".



کاتێ لەبەردەم پیاوەکانیداماڵئاوایی لێ کردم ، ڕێزێکی زۆری لێگرتم وەکو یەکەم جارمان کە یەکرتمان بینی ئەم ڕێزەم زۆر لا سەیر بوو دوای ئەو هەموو جنێوەی شەو یارمەتی دام کە سواری ئەسپەکەم بم پاشان دەستی ماچ کردم و خستیە سەر سەری سەرم دانەوەناند و بەدەنگێکی زۆر نزمەوە بەگوێچەکەیمدا چرپاند و وتم :

- " لە دوێنێوە جنێوم پێ ئەدەی ئەم ڕێز گرتنە لە ناکاوە چیە ئاغا کوڕی ئاغا ؟! ".

وتی :

- " بەرژەوەندی وا پێویست ئەکات من وا ئەکەم تا خەڵکی لادێکەش ڕێزت لێ بگرن ، ".

ئینجا بەدەنگێکی بەرزەوە تا لادێکە گوێیان لێ بێ وتی :

- " جەنابی شێخ ئەی نورانی پیرۆز لە نزاکانتان بێبەشمان مەکەن ئێمەی گوناهباران " .

ئا بەم شێوەیە ژیانی پاشا ئەژیام هەرچەندە زۆر جار بیرم لەوە ئەکردەوە کە کۆتایی ئەم کارە چی ئەبێ ؟ بەڵام زۆر بەو بیرکردنەویە نیگەران نەبووم بە کۆمەڵەکەم ئەوت بە مۆڵتتان کاتی نوێژ کردن هاتووە ئەچووم ژوورەکەم دائەخست و دەستم ئەکرد بە خواردنەوە تاوەکو خۆم بیربچێتەوە .

کاتێ ڕۆژگارم بەم شێوەیە تێئەپەڕاند ڕۆژێکیان هەواڵیان دامێ کە قائیمقام " بەدری " سەرم لێ ئەیات ، بەهەواڵ گەیەنەرەکەم وت :

- " کێیە ئەم قائیمقامە ؟ ".

وتی :

-" کابرایەکی زۆر سەختە ، پێش ئەوەی بێت بۆ ئێرە ، ئەم شاخانە هەمووی جێگەی تاوانبار بوو ، حوکمەت نەیتوانی لەناویان بەرێ وای لێهات خەڵک ئەم ناوچەیەی ئێمەیان تەرک کردبوو ڕۆژنامەکان هەموو دەربارەی ئەوەیان ئەنوسی کە خەڵکی ئەم ناوچەیە ، دڵنیا نین لە ماڵ و حاڵیان ، کەی تیادا ئەچن لە ناکاو بەدەستئەم چەتانەوە هیچ بەرێوبەرێکی ئاسایش سەرکەوتوو نەبوو لەو هەڵمەتی ڕاودوو نانە بۆیە هەموو مانگێ بەرێوبەرەکان ئەگۆڕدرا هەتا ئەم قائیمقام بەدریە هات ، ".

وتم :

- "چۆن ئەم توانی ئەم کارە ئەنجام بدات ؟ ".

وتی :

-" قائیمقام بەدری پەیمانی بە حوکمەت دا کە ئەگەر دەست وەرنەدەنە ئیش و کارەیەوە بۆ ماوەی شەش مانگ ناوەچەکەتان لەم جەردانە بۆ پاک ئەکمەوە ، حوکمەتیش ئەو پەیمانەی بۆ بردە سەر پێیان وت شەش مانگ مۆڵەتەکەمان دایتێ چی ئەکەیت بیکە ئێمە ئەمانەوێ ئەو تاوانبارانە نەمێنن ، بەڵام کاری نایاسایی نەکەیت ئەوەی کارێک بکات کە ناسایی بێت بۆ لەناوبردنی ئەو دز و چەتانە ".

وتم :

- " چۆن ئەمەی کرد ..؟ ".

وتی :

- " ئاسانترین ڕێگەی دۆزییەوە جەنابی شێخ ...، خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ئەبونیدا ئەبێ بەچەتە ئەگە کارمان نەبێ چی بکەین ؟ لە ماوەی نێوان مانگی یەکەم و دووەمی هاتنی قائیمقام بەدری بۆ ناوچەکەمان دەستی وەرنەدایە کارو باری ئاوەبارەکان بۆیە شاخەکان پڕتر بوون لەدزو جەردە ، بوون بەسێ تاقم و دەستیان کرد بەشەڕ لەنێوان خۆیاندا لەسەر شاخەکە یەکتریان لەت و کەلە پارچە کرد لەسەر خاوەندارێەتی ئەو شوێنەی کە تیایدان لە ئەنجامی ئەم شەڕو کوشتارەی نێوان چەتەکان خۆیاندا ژمارەیان کەم بووەوە ، ئەوانەش کە برینداز بوون دەست قائیمقام بەدری ئەکەوتن و ئەویش ئەی ناردن بۆ زیندان ڕۆژێکیان قائیمقام بەدری بانگی سەردەستەی چەتەکانی کرد ئەویش زۆرترسا کە ئەمە تەڵە بێت و بینرێت بۆ زیندان چونکە خەڵک زۆر کەوتبونە ئەو داوەوە بەڵام ئاغا پێی وتبوو کە ترسی لەوە نەبێ و دڵنیایی ئەکا بۆیە کە خۆی بینیبوو لەبەردەم قائیمقام بەدری دا کەوتبوو بەسەر قاچیدا و وتبووی " تکات لێ ئەکەم کارێکم بۆ دۆزەرەوە لە شارۆچکە خوای ئەکرد زەوی پاک کردنەوە ئەبوو ئەوەندەم بەسە کە مانگانە مووچەیەکم هەبێ ئەو کاتە واز لە کاری خراپ ئەهێنم لەسەر شاخ دا ئەبەزم برسیتی منداڵەکانم و نەبوونی کار وای لێ کردم کە بەو ڕێگایەدا بڕۆم هەرگیز و هەرگیز بەویستی خۆم نەبووە " ، بەدری قائیمقام پێی وتبوو " ئافەرین کوڕی سەگ تۆ زۆر لەوە پیاوتری کە بیرم لێ ئەکردەوە ، مادام ناتوانی واز لە تاوانکاری بهێنی بەردەوا بە تیایدا کردمیت بە پاشای ئەم شاخانە ، لە ئێستا بەدەواوە فەرمان لە من وەرئەگریت " ، لە شاخەکە دوو دەستە چەتە مابوو بۆیە یەکەم کار کە پێی ڕاسپارد ئەوەبوو کە تەڵەیان بۆ دابنێ ، چونکە ناتوانێ ببێ بە پاشای شاخ ئەگەر ئەوان مابوون ئەبێ بەتەنیا خۆی تیا بمێنێتەوە ، چونکە تەنانەت لە کارو باری دەوڵەتیش دوو پاشا ناتوانن کۆک بن لەسەر یەک بەڕێوبەردن تاوانیش بەو شێوەیەیە ، کابرای چەتە کاتێ ئەبوێست بڕوات تا بچێ ئەرکی ڕسپێراوی بکات قائیمقام بەدری وەستاندی و پێی وت " ئێستا ئەچیت بۆ سەر شاخ و لەفلان ئەشکەوتدا دائەنیشی و چاوەڕێی ئەکەی ڕۆژنامەنوسێک لە ئەستەنبوڵەوە هاتووە و چاوی بە تۆ ئەکەوێ چونکە ناوبانگت لە هەموو وولاتدا بڵاوبۆتەوە ، هەموو ڕۆژنامەکان باست ئەکەن کابرای ڕۆژنامەنوسیش وێنەت ئەگرێ و بڵاوی ئەکاتەوە دوو پاسەوانی خۆمانی لەگەڵدا ئەنێرین تا بیپارێزن بەڵام ئەبێ هەموو خەڵک بزانێ کە شوێنت نازانین بەو واتایەی ئەبێ بە شێوەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەنوسەکە قسە بکەی کە هەر ئاگات لە ئێمە نیە ، کابرای ڕۆژنامەنوس پرسیارت لێ ئەکات کە بۆچی سەرشاخ کەوتویت و دەست کردوە بەم کارە ؟ ئەکەی بڵێی بەهۆی برسیتی ئەبونیەوە ! ئەگەر ئیسقانت ئەشکێنم ئەبێ بڵێی من لە پێناوی شەرەفدا کەوتمە ئێرە ئەڵێی کاتێک کە لە برەی جەنگ لە

پیناوی وولاتەکەمدا لەگەرامەوە پیاوێک چاوی بڕیبوە ژنەکەم و ناچار بووم کە بەرگری لەشەرەفم بکەم تێگەیشتیت ؟ ئینجا ئەبێ بلێی من کەسم نەکوشتووە من لەدەوڵەمەندەکان ئەسەنم و ئەیدەم بەهەژاران " وتی " فەرمانە گەورەم " ، و ڕۆی چوو لە ئەشکەوتەکەدا چاوەڕێی کرد پاش کەمێک کابرای ڕۆژنامە نوس هات و قسەی لەگەڵدا کرد و وێنەی گرت کابرای چەتە چیرۆکی وای کابرا ڕۆژنامەنووس گێڕایەوە خستیە گریان کابرای ڕۆژنامە نوس وتی " الله چەند جوانە ئەم درۆیانەی بۆ منی لەکەیت لەوانەی کە خوێندەوارن ناتوانن درۆی ئاوا دروست بکەن بەڕاستی منت خستە گریان لەمەی بۆت باسکردم تۆزێک ترش و خوێی پیوە ئەکەم و بڵاوی ئەکەمەوە لە ڕۆژنامەدا خوا ئاگای لێە خوێنەرەکان چاویان سوور ئەبێتەوە لە گریاندا ، کابرای چەتە وتی " سوپاس بۆ خوا چەتە ئەما لەم ناوچەیە جگە لە خۆمان بە پشتیوانی خوا و هاوکاری قائیمقام بەدری ! چەتەم نەهێشت لەم ناوچەیە " خۆم نەبێ !! .

لەوەی کە تێگەیشتم لەم مەسەلەیە ئەوەبوو کە قائیمقام بەدری زۆر زیرەکە وچنکە ئەزانێ کە ئەم ناوچەیە ناکرێ بێ چەتە بمێنیتەوە بۆیە تەنیا تاقمێکی لەژێر دەستیدا هێشتەوە تا ڕێگر بێ لە درووست بوونی تاقمی تر هەروەها پێدوایستی ئەم ناوچەیەش پڕبکاتەوە لە پێدوایستیان بۆ چەتە چونکە بێ گومان چەتەی تر هەن ، بۆیە واباشە ئەم دەستەیە بمێنێتەوە ئەگەر بیەوێ ئەمیش لەناو ببات بێ گومان چەتەی تر دەرئەکەون کە شوێنیان نەزانراوە و ئەبێ ، لە کاتی ئەم باسەدا زانیم کە هۆی دەرکردنی شێخەکەی پێشوو چی بوو ؟ چونکە قائیمقام بەدری زۆر کابرایەکی کۆمار پەرست بووە و کاتێ کە ئەم شێخە کە ڕۆیشتووە بەدری پێی وتووە " کە بەو ڕێگەیە کە دەستەیەکی چەتەمان دروست کرد کە لە ژێر دەستماندابن هەر بەوشێوەیەش شێخێک ئەدۆزینەوە و میللەتەکەمان بێ شێخ ناکەین " بیرم یەت ئاغایش وتی " هیچ ڕەوەیەک بەبەرەڵایی بەجێ ناهێلرێ هەموو دەستە مەڕێ شوان و سەگی خۆی هەیە ، ئەکرێ ئەم مەڕانە کۆمەڵێ سەگی هەبێ بەڵام ناکرێ کە لە شوانێک زیاتری هەبێ میللەتیش وایە بەسەر سەریەوە یەک ئاغا هەیە بەڵام چەتە و ئەوانەی تر زۆر هەن تا بیپارێزن " گەورەی چەتەکان وتبووی قائیمقام " بەدری پیاوێکی زۆر پۆڵاینە ئەگەر تورەی بکەن ئەوەندە لە مرۆڤ ئەبات ئاوەکو لە هۆش خۆی ئەچێت " زۆر ترسام چونکە ئەم پیاوە ئەگەر بەوشێوەیە بێ حیسابم لەڕوات من کابرایەکی خاوەن ڕابردووی پڕ تاوان و تەڵەکە بازیم دارەکەم لێ هەڵگرێ و بگرە کوێت ئێشێ ؟ تۆ بڵێی ناسنامەکەمی زانیبێ ؟ یەت بۆ ئەوەی بمگرێ ؟ بەپەلە نامەیەکەم بۆ ئاغا نوسی و بەیێکیا بۆم نارد وەڵامەکەی ئاغا زۆری نەبرد هاتەوە نوسیبوی :

" ئەی شێخی بەڕێز ئەی ئەوەی کە شوشەی ناموس و شەرەفت شکاندوە ئەگەر قائیمقام بێت بۆ لاتان بەدڵنیایەوە ئاگاداری ئەوەبن ئەی پاشە گەورەی گەوادەکان پێم ئەوتی باڵندە ناتوانێ بەبێ پرسی



Scanned by CamScanner





ئێمە بڤرێ لەم ناوچەیەدا ؟ پیلانی خۆمان بۆ ئەو هاتنە کێشاوە ووشتر لە کۆتایشدا دەستە پیرۆزەکانت ماچ ئەکەم ئەگریس " .

ئەو ڕۆژە قائیمقام بەدری هات وتم :

- " یا بفەرموێتە زوورەوە بەخێرایی " .

ئەوەندە باسی ئەم پیاوەیان بۆ کردبووم زۆر ئەترسام ئێمەی خاوەن ڕابردوو هەمیشە لە ترس ئەژین شەرمەزار بووین سەرمان چەماوەتەوە لەلایەن کۆمەڵگاوە ئەفرەتمان لێ کراوە لە پۆلیس ئەترسین ئەگەر شێخیش بین تۆزێ ئەم هاتنەم بەلاوە قوورس بوو نەم ئەزانی کە ئایا لە کاتی دانیشتندا شێخ ئەبێ لە کام لای بەڕێوبەری ئاسایش و قائیمقام دابنیشێ ؟ بەو واتایەی کێمان لەوی تر گەورەترە ؟ دوای بیرکردنەوە گاڵتەم بەخۆم ئەهات ،چونکە ئەمزانی کە شوێنی من چییە لایان ، هەر ئەوەندە بە تەنیا ماینەوە ، کاتێ لەبەر دەم خەڵکی دا ئەبین ئەڵێ " دەستتان ماچ ئەکەم لە دوعاتان بێ بشەمان مەکەن ، جەنابی شێخ " منیش پێی ئەڵێم " خوا تەمەن درێژتان بکات کوڕم ..خوا لێتان ڕازی بێ ئزام هەر بۆ ئێوەیە " ئایا کە هات چی بکەم ؟ ڕابکەم بەرو دەرگا و لێی بکەمەوە ؟ یان لەدەرەوەی خانووەکە چاوەڕێی بکەم ؟ یان هەر لە شوێنی خۆم دابنیشم و هەڵنەسم و خۆم بکەم بە گەورەی باوەڕداران ؟ پێشتر ئەمزانی کە شێخەکەی پێشوو بەر لە بەخێر هێنانیان نیوکات ژمێر لە دەرەوە ڕای ئەگرتن بەبیانوی نوێژ کردن و زیکرەوە بەڵام من ئەگەر وا بکەم جەنابی قائیمقام بەدار گیانم شین و مۆر ئەکاتەوە چونکە هەستم ئەکرد کە زووتر لە دەمی ئاغاوە بیستبێتی کە شێخی ڕاستەقینە نیم چونکە هەر قائیمقام بەشێخەکەی پێشووی وتبوو کە شێخێک ئەدۆزینەو .. گوێم لە هەورە تریشقەیەک بوو وتی :

- " جەنابی شێخ پێشوازیمان لێ ئەکات ؟ ".

ئەی خوایە بەزەییت ..... ئینجا ئەکرێ پێشوازی لەو دەنگە نەکەین ؟ لە خۆڕایی نیە کە ئەم قائیمقامە ترسی خستۆتە ناو دڵی ئەو چەتە و تاوانبارانەوە ئەگەر بهاتایا سەر ڕێگەیان و هاواری بکردایە وا " هاتم " وەک جرج ڕانەکەن بەدوای کونێکدا بگەڕێن و قورگیان ئەخنکێ لە ترسا ئەو تاوانبارانەی کە دڵیان ئەڵێی بەردە وەک پەموو هەڵدەوەرێن لە بەردەمیدا لە ناکاو شتێک هات بە بیرمدا کە بیکەم ، بیرم لەوە کردەوە وەک کابرای چەتە خۆم بەم بەسەر پێڵاوەکانیدا و داوای ڕەحمەتی لێ بکەم لەسەر ئەوەی بەدرۆوە خۆم کردەوە بەشێخ بەڵان تۆزێک ئەوە ئەستەم بوو چونکە خەڵکێکی زۆر لەگەڵدا بوو ببین ئاوا شێخ داوای بەزەیی ئەکات سەیرە پاشا ن وتم ئەو ئەگەر بشزانێ بەمەسەلەکە بڕواناکەم کە تەڵەکەبازم بەسەلامەتی لێرە نەنەچوومە دەرەوە ، لێرە یاسا نیە و خەڵک ئەکوژرێ و کەس پێی نازانێ ، ترسم لە دڵی خۆم دەرکرد و هەرچۆنێ بێ دیسان گوێم لێبوو وتی :

- " شێخ چی ئەکا ؟ نوێژ ئەکا یان زیکر ئەکات ؟ ".

لەدڵی خۆمدا لەو دەرگاکەوە ئەموویست بڵێن بە قوربانی پێڵاوەکانت بم کاکی قائیمقام ئەری وەڵا دانیشتووم یادی خوا ئەکەم ، خۆزگە بم توانایە لەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە باز بدەم و رابکەم . چی کردمی بە شێخ ؟ هیچ تاوانێ نەمابوو ئەمە نەبێ ؟! پارەم پێیە ، لە پەنجەرەکەوە رائەکەم و ڕێگای خۆ رزگار کردن ئەگرمە بەر ، بەڵام ئەشم زانی کە لەدەستی دەرناچم ، بە ڕێگاکاندا بە ئوتومبێلەکەی دوام ئەکەوێت و ئەمگرێت کەواتە وا ئەکەم باشترە ... لەو بیرکردنەوەیەدا بووم کە بە پۆستاڵەکانی پەشەقێکی زۆر توند دەرگاکەی کردەوە و پای بە دیوارەکەدا چیمەنتۆی دیواری دەرگاکەم پێی کەوتە خوارەوە ، قور بەسەرم وتی :

- " ڕێگە ئەدەن بێنە ژوورەوە جەنابی شێخ ....؟ ".

داماو خۆم ئەمە ڕێگەمان ئەداوەتێ هێشتا دەرگاکەی هێنایە دەرەوە ئەی ئەگەر بەدەم پێمان بوتایە جارێ وەڵا خۆ ماڵەکەی بەسەردا ئەروخانین خۆزگە بتان بینایە چ پیاوێک دەرچوو ؟! یەک شەقازلەم لێبایە یەک هەفتە هەڵ نەئەستایەوە ئەوەندە بچوک و باریک و لاواز بوو سەری کەچەڵ بوو هەر شایەنی ئەوە بوو پێ پێبکەنی و گاڵتەی پێ بکەی ئەگەر لەسەر تەرازوو بم کێشایە 50 کیلۆی بەهەزار حاڵ تیا دەر ئەچوو بەپۆستاڵ و جلەکانیشیەوە بەر لەوەی کە ببینم ئەموت " خوایە هێزی ئەوەم بەری کە بە پیرۆزی شێخێک فوویەکی پیا بکەم لە جێی خۆی بیکەم بە بەرد " بەڵام کە بینیم لە نزاکەم پەشیمان بوومەوە کابرایەکی زۆر ناشرین و لات بوو بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەو نەڕە گەورەیەی کە لەدەمی ئەهاتە دەرەوە وەک هەورە تریشقە زرمەی قاچیشی لە بوومەلەرزە ئەچوو باشە ئەگەر بەدەمی ئەم هاوارەی کردبێ بێگومان دەمی دا ئەپچڕێ ! ئەگەر بە ورگی کردبێتی ئەوە دڵنیا بن ورگی بەرگەی ئەوەی نە ئەگرت و ئەتەقی چەند جارێک هەوڵم دا زمانم نەهاتە دەرەوە و کاتێ کە لەم حاڵەتەدا بینیمی نەڕەیەکی تری کرد بەسەر یەکێک لە پاسەوانەکان و وتی :

- " کەر کوڕی کەر جەنابی شێخ بە لێویدا دیارە کە هێشتا لە نزا و پاڕەوانەدایە پێم نەوتی یەکەم جار پرسی پێ بکەم بزانن ڕێمان ئەدا یان نا ....؟! ".

یەک شەقازلەی لێ دا دووجار بەدەوری خۆیدا خولایەوە من پێش پاسەوانەکە خەریک بوو لە هۆش خۆم بچم من بەرگەی شتی وام نەئەگرت ، لەو کردارەی قائیمقام یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو زللەیەی لەو پاسەوانەدا ، چونکە هەروەکو ئەو زللەیەی گەورەی زیندان وابوو کە لە تیمەی تەیا سەرەتای چوونە ناو زیندانەوە ، ئەگەر بیویستایە زۆرترین سەرانە بستێنێ لە هەر زیندانیەکی تازە بیانوویەک ئەدۆزێتەوە دەست ئەکات بە جوێن دان و لێ دانی یەکێ لەو زیندانیانە کە پێشتر بۆ ئەم کارە ئامادە کردووە ، هەتاوەکو زیندانیە تازەکان بترسێنێ زۆر جار هەر لەگەڵ زیندانیە تازەکە قاچی ئەنێتە ناو زیندانەوە ئەم ئەو کارەی لەبەر دەمدا دەکات ئەم پیاوانەی کە ئەو شەقازللەیە ئەخۆن پاکەتە جگەرە

خواردنیان وەک پاداشت ئەدریتێ بەرامبەر بەو لەو کاتەدا کە شەقازللەکە ئەخوات ، یەکێکی تر سینیەک چا ئەهێنێتە بەردەم زیندانیە تازەکە و ئەویش لە ترسی شەقازللەکە لە جیاتی نرخی پیالە چاکە لە ترساندا 100 پیالە چا فڕێ ئەداتە سەر سینی چاکە لەم کردەوەیەی قائیمقام تێ گەیشتم ئەیویست بەو کارەی کردی من بترسێنێ ، هەرچەندە من لە بارێکی وادا بووم کە بەرگەی ترسی زیادەی نەئەگرت هێشتا لێوم ئەلەرزی گیانم ترس دایگرتبوو ئەمویست بڵێم " بەخێر بێن " بەلام قورگم نوسابوو ، نەئەهاتە دەرەوە و دێڕکەم بۆ تەواو نەکرا :

- " بەخ..............ێر..........بەخ ... ".

کاتێ قائیمقام گوێی لەم " بخە بخە " بوو بەدڵی نەبوو زۆر تورە بوو وتی :

- " چی .....؟! ".

لە ترسا چەند هەنگاوێک هاتمە دواوەوە ، لە کۆتاییدا بە هەزار شەرمەشەق توانیم بڵێم " بەخێر بێن " لـە ناکـاو قائیمقـام زمـانی گـۆڕاو ڕووی بـاش بوویـەوە و ووشـەکانی ناسـک بوونـەوە و نەرمیـەک بـە هەڵویستی دا هات بەلام ئەمە لە ئەنجامی ئەو ترسە بوو کە لە چاوما بینی وتی :

- " تکاتان لێ دەکەم شێخی بەرێزم پشوو بدەن و خۆتان ماندوو مەکەن دانیشن فەرموون ".

ئینجـا قـوڵمی گـرت و دانیـشاندم لەسـەر دۆشـەکەکە لەلایەکـەوە ڕێـزی خـۆی بـۆ مـن نیـشان دا و لەلایەکیشەوە هێز ، من لەوانە نیم کە حەزم لەشەڕە بەلام لـە قوتابخانـە وەرزشکار بووم ئەگـەر هەر خۆم و خۆی بماینایەتەوە بە دڵنیایەوە ئەمتۆپان بەلام چی بکەم ؟ من تەنیام ئەو حوکمەتێکە خوایە !!

وتی :

- " با خۆڵێک بم لە ژێر پێ تاندا شێخی گەورەم دانیشن تو خوا ".

وتم :

- " ئەستەغفیروالله ".

وتی :

- " کەم و کورتیمان هەیە بمان بوورن درەنگ سەرمان لێ دان بە لێبوردنی گەورە پیاوچاکان ".

دەستی ماچ کردم و بەرامبەرم دانیشت و دەستی کرد بە قسە لە ڕاستیدا ئەم پیاوە یەک جار وا قێزەوەن نەبوو وەک باسیان ئەکرد بەلامەوە وا دیار بوو کە بە منی ئەزانیوە لە ناکاو وتی :

- " جەنابی شێخ هەموو شتێک لاتان ئاشکرایە بەلام تاوەکو بیرتان بخەمەوە من ئەو کەسە نیم کە ئاسایش لەم ناوچەیە ئەپارێزم بەڵکو ئێوەن چونکە سوپای ئێمە بە تەنیا ناتوانین هەموو کارەکان بکەن لە باپیرانمانەوە بیستومانە کە ئەیان وت شێخێک لە پێنج سوپا باشترە ، ئێمە متمانەمان بە ئێوەیە لە داوامان لە خوای گەورەیە ، خوا بتان پارێزێ ".

بەراستی بەو شێوەیە نەبوو کە باسیان ئەکرد کابرایەکی زۆر بەرێز دیار بوو ، زۆر دڵم بەو ڕێزە خۆش بوو کە لێی گرتم چونکە ئاغا لەوە پێش منی کرد بوو بە پەڕۆی بێ نوێژ ،بەڵام ئەم ڕێزەی زۆری نەخایاند چونکە ئەم بێ قیمەتە شتێکی تری لە ژێر سەردا بوو بۆیە بە وریاییەوە مامەڵەم لەگەڵ ئەکرد نەوەکا شتێکی لێ ڕوویدات لە ناکاو پرسی :

- " بەڕەگەز ئێوە خەڵکی ئێرانن ...؟؟ ".

سەیرکەن بێ قیمەتیەکەی لێرەوە دەستی پێکرد بەڵام باش بوو کە بواری وەڵام دانەوەی نەدام وتی :

- " بە یەکێک لە برادەرەکانم ئەتان شوبهێنم ئەگەر بفەرموون کەن تۆزێک ڕووبکەنە ڕووناکیەکە " ئەی بێ قیمەت ئەوە ئەتەوێ ئامازە بەچی بەی ؟ خوایە چۆن تووش بووم !! بەدەستی خۆی ڕووی پێ کردمە ڕووناکیەکە تۆزێک ڕوانیە سەر و چاوم ، ئەتووت بۆ کووتاڵ کڕین هاتووە وتی :

- " سوبحان الله ...! ئەگەر ڕیشەکەتان نەبوایە ڕێک لەو برادەرەم ئەچوون ، ناکرێ لێکچوونەکە ئەوەندە گەورە بێ ".

لەو کاتەدا ئەتووت یەک مەنجەڵ ئاوی گەرمیان کرد بەسەرما وتی :

- " کاتێ لەو ناوەندیە سەربازیە بووم برادەرێکی زۆر خۆشەویستمان هەبوو لە تۆێ جیا ناکەینەوە زۆر هار و هاج بوو ، لەسەرەی چێشتخانەکەیدا قاپی پڕ لە گورچیلەو جگەر و گۆشت و حەلوای بۆ ئەهێنایەنەوە بە تایبەت منی بەزلە و شەق هەڵئەستان ئەکردەوە ئەیوت هەستە ( گەڕە ) تا ورگمان ئە ئاوسا هەر شتمان ئەخوارد تۆزێک بێ دەنگ بووم پاشان سەیری سەروچاومی کرد تۆزێک سەیر کردنەکەی ئەوەندە بەدیقەت و ئامازە و گاڵتەجاڕییەوە بوو وەک ئەوەی بە چاو مەبەستی ئەوە بێ بڵێ " هەتیو من ئەتناسمەوە ... کەرە دێز " لە کۆتاییدا منیش ناسیمەوە ئەوە " بەدری گەڕ " ی پۆلەکەمانە خۆشەویسترین هاوڕێم نەیئەویست بەدەم وام پێبڵێ لەبەر هۆیەک کە تەنها خۆی ئەیزانی ، کەواتە دوای ئەو چەند ساڵە بووە بە قائیمقام لێرە چەند سەیرە حەزم ئەکرد باوەشی پیا بکەم و تێر ماچی بکەم بەڵام نەم ئەزانی یاخود نەم ئەتوانی بەتەواوی دڵنیا بم لەوەی کە منی ناسیوەتەوە یان بەخۆمم ئەچووێنێ ؟! ناسیمەوە وای لە خۆی کردبوو کە نام ناسێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بم کە ئەم ناسێتەوە یان نا ؟ لێم پرسی :

- " چی لێهاتووە ؟ ".

وتی :

- " کێ ؟ ".

وتم :

- " هاوڕێکەت ..؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner

- " کام هاوڕێ ...؟! ".

وتم :

- " ئەوەی باستان کرد ".

خۆمم ئاشکرا نەکرد چونکە زیاتر چاوی بە ووردیەوە خستبووە سەر چاوم وتی :

- " لە قوتابخانە دەرکرا چوو بوو جلی پاشای چاودێری لەبەر کردبوو هەتاوەکو بمان ترسێنێ بەڵام حەقی مهدی کە ئەفسەری خەفەر بوو ئەو کاتە گرتی ، ".

لە ناکاو وەستا وتی :

- " زۆر گرنگی پێ ئەدەن وا نیە ..؟ ".

هەردوکمان گاڵتەمان بەیەک ئەکرد هەردوکمان یەکترمان ناسیەوە ئەو ئێستا قائیمقام بەدریە و منیش شێخ سەعیدی موبارەک ، کاتێ کە وەڵامی ئەو قسەیەم نەدایەوە بەمەبەستەوە زەردەخەنەیەکی کرد وتی :

- " ئێوە ئەی ناسن ..؟ ".

وتم :

- " نای ناسم .. ".

وتی :

- " پاشتر بیستمان کە بووە بە گەورەترین ساختە چی و تەزویر چی و کەڵەک چی لە وڵاتدا ، رۆژنامەکان هەمیشە وێنەیان نیشان ئەدا بەڵام ماوەیەکی زۆرە وێنەی دەرناکەوێ لە رۆژنامەکاندا دیارە لە شوێنێکە ئەو خوێریە ... بێ قیمەتی وا خوا ئەزانێ کێ ئەخەڵەتێنێ ئێستا ؟ ".

وتم :

- " لەوانیە لە زیندان بێ ".

وتی :

- " بڕوا ناکەم ... ".

من ئەم ویست لەم گەمەیەدا تا کۆتایی بڕۆم بۆیە لێم پرسی وتم :

- " دوای قوتابخانە نەت بینیەوە ؟ ".

وتی :

- " نەخێر ... ".

وتم :

- " ئەگەر ئێستا بیبینن چی ئەکەن ..؟ ".



Scanned by CamScanner

وتی :

- " یەکسەر ئەیدەم بە گرت ".

وتم :

- " ئەگەر بێ تاوانیش بێ ...؟ ".

وتی :

- " ئەو بێ قیمەتە بێ تاوان نازی دلنیابە ".

ماوەیەک بێ دەنگ بووین جگەرەیەکی داگیرساند و وتی :

- " هۆی هاتنم بۆ لاتان کاریکی تریشە تەلەفونێکم بۆ هات لە ئەنقەرەوە پێیان وتم کە بورهان یەت ، بەدڵنیایەوە بورهان ئەناسن ...؟ ".

وتم :

- " بورهان کێیە ...؟ ".

خەیاڵی ڕۆی وتی :

- " بورهانی خۆمان بورهانی زوڕنا ... ".

بەڵام هوشی دایەوە بەخۆی و زانی کە خەریکە بە تەواوی خۆی ئاشکرا ئەکات بەپەلە وتی :

- " برادەرێکمان هەبوو بە قوتابخانە ناوی بورهان بوو ، ناومان نابوو بورهانی زوڕنا چونکە گوێ لەو زوڕنایە ئەگرت کە هەواڵی نان خواردنی ئەهێنا ، زۆر پەرۆشی ئەوە بوو لە قوتابخانە زۆر دەبەنگ بوو بەڵام ئێستا بووە بە ئەندام پەرلەمان ئێمەیش بە شاخەوەین ".

هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و وتم :

- " نسیبە ......... ".

وتی :

- " ئەم ناوچەیە ناوەندی هەڵبژاردنەکانی کاک بورهانە بۆیە هەفتەی داهاتوو یەت تاوەکو لەگەڵ خەڵکدا کۆبێتەوە چونکە وادەی هەڵبژاردنەکان نزیک بۆتەوە ئەوسا کاری هەڵبژرادن لەمە ئاسان تر بوو بەڵام لەو کاتەوەی کە دیموکراتیەت ڕووی تێ کردووین ئیشەکە قورس بووە ئەبێ بەپێی خۆیان بێن بۆ ئێرە ئەبێ فەقیرانە لەوادەی خۆیدا چوار ساڵ جارێک لە ڕۆژی خۆیدا حازربن فەقیرانە ئەوەندە قسە ئەکەن بۆ ئەم جانەوەرانە و ئەمانیش هیچ ناچێت بە گوێیاندا ، هەز زۆر پەریشان بوو بەدەستیانەوە سەیری ئێمە مەکە ئێمەش کارمان قورس بووە چونکە ئەبێ ئەو پەڕی ئاسایشیان بۆ دابین برەخسێنین کە هاتنە ئێرە امن پێکەنینم ئەهات چونکە ئەم زانی ئاسایش دابین کراوە بەوەی سەردەستەی چەتەکان نۆکەری قائیمقامە ا کاک بورهان هاوڕێمان بوو لە قوتابخانە بۆیە ئەبێ لەم هەڵبژاردنەدا ئەمجارەشیان دەربچێ ئەبێ لەم کارەدا خزمەتمان بکەن جەنابی شێخ ئێمەش لەلایەن



Scanned by CamScanner

خومانەوە هەموو هەوڵیکمان خستوتە گەڕ ، سەرکەوتنی کاک بورهان بەدەست ئیوەیە ، لەم چاکەیە مەحرومان مەکەن "

وتم :

- " ئەستغفیرو اللە بەلام من چیم لەدەست یەت ..؟ " .

وتی :

- " ئیوە زۆر شتان لەدەست دێ کە بیکەن جەنابی شیخ ئەتوانن کە ئەگەر بەو ئاژەلانە بلێن دەنگتان بدەن بە کاک بورهان و بیدەن و کارەکە کوتایی دیت ، ئاتوانن قسەی جەنبتان بشکێنن ئەگەر من پیتان بلێم ئەوا هەر لەبەر ئەوەی بمرم بەداخەوە دەنگ دەدەن بە دوژمنەکەی کاک بورهان ئەو کاتە یەک دەنگ نابات بۆ خوی ئەخەلەتێن خەلکی ئەم ناوچەیەتان بینی کە ڕیزم لێ ئەگرت و لیم ئەترسن ئەوان ئەیانەوێ رسول حەمیدۆ دەربچێ تاوەکو ببێ بەئەندام پەرلەمان و لە زیندان رزگاری ببێ وا ئەزانن کە من ئەمەوێ کاک بورهان دەربچێ تەنیا لەبەر ئەوەی برادەرم بووە لە قوتابخانە کاک بورهان زۆر ئیمانی بە شورش و کومارەکەمان هەیە ، بە پێچەوانەوە رسول حەمیدۆوە کە زۆر کونە پەرستە ، بەراست ئەی ئاغا بیستمان کە بەینی ئیوە و ئاغا زۆر باشە ... ؟" .

وتم :

- " بەڵێ ... ئەمە راستە .. " .

وتی :

- " ئاغا خاوەنی 18 لادێیە ڕۆژێکیان چووم بولای وتم : " تکایەکم هەیە لە جەنابتان..؟ "

ئاغا نەڵێی جنوکەیە یەکسەر لە مەبەستەکەم تێ گەیشت بەلام وا خوی نیشان دا کە نازانێ بۆچی هاتووم وتی:

" فەرمان کە گەورەم فەرمانت لەسەر سەرو لەسەر چاوە وتم ئەمەوێ کاک بورهان سەرکەوتن بەدەست بهێنێ لە هەلبژاردنەکاندا ئەویش لەوەلامدا"

وتی:

" گەورەم داوای 300 ئەسپم لێ بکە بە سوپاوە ئەلێم بەسەر سەر بلێ منالەکنات ئەبم بۆ سوپا ئەلێم ئەوە چوارم هەیە بیان بە بلێ خواردنی یەک مانگی سوپا دابین کە ئەلێم ئەک مانگێ ها ئەوە خواردنی سالیک ڕون و هەنگوین و گوشت شیر بلێ فلان و فیسار دوژمنی منن بوم بکوژە یەکسەر یەکیک ئەدۆزمەوە کە بیان کوژێ بەلام داوای ئەوە مەکە بەخەلکەکە بلێم کاک بورهان هەلبژیرە " .

پەیوەندی رەسول حەمیدۆ لەگەلیدا باش نیە نیوانیان تێکچوە ئەگەر ئیوە بلێن ا بەلێ ا ئەم کارە تەواو ئەبێ و کاک بورهانیش سەر ئەکەوێ وەکو پێم وتیت بورهان زۆر ئەتا تورکیە زۆر ڕێزی شیخی

گەورەش ئەگرێ هاو شێوەی جەنابتان کابرایەکی نوێژ کەر وباوەڕی تەواوە لە خوا ترسە دوای هەفتەیەک یەت من لەگەڵیدا نابم تاوەکو نەڵێن قائیمقام دەستی لەم کارەدا هەیە تکای ئەوتان لێ دەکەم ئێوەش و ئەوانی تریش ئەزانن ".

کە وتی " ئێوەش ئەوانی تریش ئەزانن " وەک ئەوە وابوو بڵێ "لە هینی دایکت ئەیم ئەم کارەمان بۆ نەکەی .. "پاشان بەهەمان دەنگەوە بەبەرزیی هاواری لە پاسەوانەکان کرد وتی :

-" ئەوە لە کوێ کوڕانی حەرام زادە دەست بەسەری کردووە ؟ ".

من لەلای خۆمەوە گیانم دەرچوو تەواو دەرگا کرایەوە سێ ئاسایش هاتنە ژوورەوە و سڵاوێکی سەربازیان کرد بۆ کرد و بەقاچیان کێشایان بەزەویدا قائیمقام لەبەردەمیاندا دەستی کردەوە و بەڕێز لێنانێکی زیاد لە پێویست وتی :

-" من باوەڕم بە نزاکانتان هەیە شێخمان " .

کە چووە دەرەوە گوێم ڕاگرت تاوەکو دەنگی ئۆتۆمبێلەکەی تەواو دوور کەوتەوە لە جێی خۆم کەوتم بەلادا ، زۆر مێشکم هیلاک بوو چاوم قورس بوو ئەتووت سێ تەنم لەسەر پشتم هەڵگرتبوو بەدرێژایی سێ ڕۆژ ، من چی لە هەڵبژاردن ئەزانم ؟ پارەم پێ نیە بیرم لەوە کردەوە کە شتەکانم کۆبکەمەوە و رابکەم ، بەڵام بۆ هەر کوێیەک بچم بەدری وەک نێچیر ئەم گرێ ئەمجارەیان کەوتوومەتە کاری گەورەوە ، لوتم چەقیوە بە سیاسەتەدا هیچ ڕێگە چارەیەکیشم نیە ، ئەبێ بەردەوام بەدەستی خۆم ڕێگا چارم لەبەردەستا نەما گرنگ ئەو ڕۆژیە کە بورهان زوڕنا یەت ، بەدری بەهۆی پاسەوانەکانیەوە بێ ڕاگەیاندم وتی :

-" جەنابی قائیمقام زۆر ڕێزی هەیە بۆ تان و ئەڵێ میوانەکان ئەمڕۆ دوای نیوە ڕۆ لە ئەنقەرەوە ئەگاتە ئێرە و پێتان ئەڵێ بەڵکو تکاتان لێ ئەکات کە ژمارەیەکی زۆر لەو گەوجانە کۆ بکەیتەوە بۆ ئەم هاتنە هەتا ژمارەی خەڵکەکە زۆر تر بێ

باشترە ".

وتم :

- " باشە سڵاوی منی پێ بگەینە ".

هیچ گرنگیەکی تیا نەبوو بە خەڵکی لادێکە بڵێم چونکە قائیمقام خۆی دەمێک بوو بە خەڵکەکەی وتبوو ئەنجومەن و پیاوە بەتەمەنەکان و ژوورەکەم پڕ ببوون لە خەڵک جێ یەک زەلامی تری نەمابوو سەربان و حەوشە و تەنیشت خۆشم هەموویان چاوەڕێی ئەو میوانە بوون کە لەبەر خاتری من هاتبوون بە خێر هاتنی بکەن چونکە زۆر خۆشمان ئەویست ؟!! بەلا م خەڵکەکە هێچیان بەبێ دیاری نەهاتن ناشکرێ ئەو هەموو دیاریە بۆ خۆم بەکار بهێنم ، دابەشم کرد بەسەر هەژارانی لادێکە ، سەریان



Scanned by CamScanner

ئەسورما وایان ئەزانی کە لە ئاسماندا بەسەرما باریوە ، یان وەک ئاغا وتی " وا خۆیان نیشان ئەدەن کە سەریان سورماوە ... " ئەوەم بیرکەوتەوە .

بورهانی زورنا لای ئێوارە هات و دوو پیاویش بەدوایەوە ، من چاک لەگەڵ شێخیاتیدا خۆم گونجاندبوو لە جێگەکەی خۆم هەڵئەئەستام ئەگەر یەکێک بهاتایە بۆ لام هەر کە ئەهاتە ژوورەوە رای کرد بەرەو پیرم و جێگەکەی ماچ کردم و پاشان عەباکەم و ئینجا قاچم وتم :

- " خوا لێتان رازی بێ کورم ... ".

تەماشا کەن کێ قاچی کێی ماچ کرد ، برادەری ناوەندیم کە هەمیشە شەوانە بەشەق و زللە یەکترمان خەبەر ئەکردەوە ، تاوەکو خواردن بخۆین ، قاچی گەورەترین کەڵەک چی ماچ کرد ، لە وڵاتدا بروا ناکەم زانی بێتی کە من کێم ؟ چونکە ئەگەر بیزانیایە کە ئەوم نەی ئەگەیانە ردەی قاچ ماچ کردن ، من زەردەخەنەیەک گرتبوومی ،ئەەی هاوار ئەمە بورهانی خۆمانە وتم :

- " بەخێر هاتن سەرچاوم فەرموو دانیشە ...".

وتی :

-" چەند سەیرە جەنابی شێخ پیرۆزیتان بەسەردا بەخشیم چۆن جەنابت ناوی منت زانی ؟ نەم ئەوێرا ناوی خۆمتان پێ بڵێم ، بەڵام لای جەنابتان هەموو شتێک زانراوە ".

لە دڵی خۆمدا وتم سەیرکە چەند سەگە ئەوەی کە ئەیڵێت وەسف ناکرێ ویستم پەندی پێ بدەم پێم وت :

-" هۆی سەردانەکەتان چییە ؟ ".

وتی :

-" وەک جەنابتان ئەزانن تەنای هۆی هاتنم لە ئەنقەرەوە لەو شوێنە دوورەوە بۆ بینتنانە ، هەتاوکو خێری نزاکانتمان پێ ببەخشن من نۆکەری جەنابتانم ، زۆر ئەسورێمەوە وە بۆ هەر شوێنێک ئەچم باسی پیرۆزی جەنابتان ئەکەن .".

من ئەم قسانە ئەم ئەزانی درۆیە بەڵام ئەگەر درۆیش بێ هەر سەیرە چونکە لەوەتەی بووم بە شێخ هیچ شتێکم نەکردەوە ، بەیانیان ئاغا جوێنم پێ ئەیا ئێوارانیش قائیمقام ئەم ترسێنێ شەوانیش بۆ ئەوەی ئەو شتانەم بیر بچێتەوە یەک قاپ ئارەق لەخۆم و لەخەوم .... وتی :

-" ماوەیەکی زۆر نەبووە بەهۆی ئەوەی کە ژیان سەرقاڵی کردووین بەڵام کاتێک کە لە خەومدا بینیمن وازم لە هەموو شتێک هێناوە و هاتم تاوەکو دەست پێشخەر بم لە ماچ کردنی دەستی پیرۆزتان ئەسیبیشم کەوتە ئەم رۆژە پیرۆزە کە هەر گیز لە یادم ناچێ تەنیا ئەو داوایەم هەیە لە خوای گەورە



Scanned by CamScanner

تان پارێزی بۆ ئێمە و گەردنیشمان ئازاد بکەن کە داوای ئەو هەموو ماوە دوور و درێژە توانیومانە ئێستا سەردانتان بکەین ".

ئەی خوایە چەند سەگە ؟! بۆ ئەوەی بزانێ کە ووشەکانی چەند کاریگەرییان هەیە زوو زوو بەدەم ئەم قسانەوە سەیری خەڵکەکەی ئەکرد وەکو ئەوەی کە بیەوێ بڵێ " ئەها چەند ڕێز لە شێخەکەتان ئەگرم " چونکە بەپێی قسەی خۆی بێ تەنیا هاتووە کە بەرەکەتی دوعامانی پێ ببخەشێن هیچ نیەت و نیازێکی تری نیە چونکە لای پیاو ماقوڵان ڕێزی منی نیشانداوە بۆچی خۆی هیلاک بکات و بگەڕێت بەسەر لادێکاندا و قسەیان بۆ بکات ئەوانە ئەلف و بێ لەیەک جیا ناکانەوە ڕازی بوونی من لەسەر هەڵبژاردنی ئەو کۆتایی بەو هەموو ڕێگە دوورە ئەگرێ کە بە نیازن بیگرنە بەر بۆ ئەوە دوای ئەوەی کە قاوەمان خوارد وتی :

-" من نوێژی ئێوارەم نەکردوە ڕێم بدەن بچم لە یەکێ زوورەکان نوێژ بکەم ".

چەند زۆڵە ئەم خۆنواندنە چیە ؟ بۆکێ لە ئێمە نوێژی کردووە تا تۆ بیکەی زۆل ؟ ".

وتم :

-" ئێمە نوێژمان کردووە و لە خوا داوا دەکەین ، کە قبوڵی بکات ئەبوبست بچێ زوورەکەی دواوە نوێژ بکەن '...! ئەمزانی کە ناچێ نوێژ بکات ئەبوست بچێ قسەی تازەتر ئامادە بکات و بین ڕازێنێتەوە بە درۆ و دووڕیی و ماستاو دوای ئەوەی کە بە حیساب نوێژی کردوە دەستی کرد بە قسە ، قسەکانی لە شێوە لە پاڕانەوە ئەچوو وتی :

- " شێخی هەمووان ئاغا و قائیمقام بۆ جەنابتانی باس کردووە کە .... ".

قسەکەیم پێ بڕی وتم :

- " ئاگادارین ... ".

ئینجا دەستم کرد بە باس کردنی ئەو یادەوەریانەی کە کاتێ لە ناوەندی ئەو ڕۆژگارانە ، بۆی لێی تێبگەم کە ئایا منی ناسیوەتەوە وە یان نا ؟ کاتێک کەبینیم زۆر سەری سوڕماوە دڵنیا بووم کە هیچی دەربارەی من نەبیستووە لە قائیمقام هەر کە باسی هەندێک لە کردەوەکانیم بۆ ئەکرد کە لە قوتابخانە کردویەتی بەدەم سەر سوڕمانەوە ئەیوت :

-" باشە چۆن ئەمەتان زانی ..؟! ".

وتم :

-" بەهەموو شتێک ئاگادارین ... ".

کاتێک باسی ئەو لێیانەم کرد کە بەدەستی حەقی مەهدی خواردی و بورایەوە بە تەواوی سەری سوڕما بوو ئەیوت :

-" بەڕاست خۆ ئەوە ئاگادارن لەو شتانە ".



Scanned by CamScanner

# ئاسارادە



عەزیز نەسین

من باش ئەمزانی کە دوای ئەوەی کە لە لای من ئەڕوات ئەچێ بۆ لای یەدری و پرسیاری لێ ئەکات و ئەویش ئاسنامەی ڕاستی منی پێ ئەڵێ ئینجا ئەو کات بورهان لەسەر سورمانا مێشکی لە کار ئەکەوێ چۆن قاچی ئەم کەڵەک چیەی برادەری ماچ کردووە ؟ گرنگ ئەوەیە بەڵێنم پێ با کە هەرچیەک لە دەستما بوو بیکەم تاوەکو سەری خەیێ لەم ناوچەیەدا لە کوڵ خۆمم کردەوە بۆ ماوەیەک بەڵام ئەوەی بەقسە ئاسانە بەکردوە زۆر گرانە چونکە ئەبوو بەڵێنەکەی خۆم بەرمە سەر ئەبوایە دەربچوایە وتم باشە گەر بەو خەڵکە بڵێم " بورهان هەڵبژێرە " ئایا بە گوێم ئەکەن ؟ بەڵام ئەمە هەڵەیە ئەبوایە ڕاستەوخۆ من بەو خەڵکەم بوتایە " من وەکو شێخێک کە خاوەنی پیرۆزی خۆمم پێتان ئەڵێم دەنگتان بدەن بە فلان چونکە ئەریتەکە وایە "

بەڵام چونکە من ئەو ئەریتەم ئەئەزانی کە یەن بۆ لام و پێم ئەڵێن ئێمە ئەمانەوێ دەنگ بدەین بە فلانە کەس بیرم لەمە کردەوە باشە ئەبێ چی بەو خەڵکە بڵێم تاوەکو دەنگ بدەن بە بورهان و هەڵی بژێرن ؟ ئەبێ پێیان بڵێم " ئەگەر دەنگتان بدەن بە بورهان ئاوا و ئاواتان بۆ دەکات " ئەو کاتە دەنگی خۆیانی ئەیەنێ بەڵام ئەمە ڕای من بوو کە وا بوو زۆر ئەترسام لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست نەهێنم . من بەلامەوە گرنگ نەبوو دەربچێ یان دەرنەچێ . ئەوە هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆمن ئە کاتە کون نامێنێ سەری پیا بکەم هەر ئەمدۆزنەوە زۆر بەختیار ئەبم ئەگەر کارەکەیان بەشەق تێهەڵدانێکم کۆتایی بێت و بڵێن " خوا حافیز " بەڵام لەوە زیاتر ئەبێ بەڵای وام بەسەردا ئەهێنن کە بە مێشکی کەسدا نەیەت ، زۆر دوو دڵ بووم دڵە ڕاوکێ دایگرتبووم کاتێ ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ ئەکەوتە دەستم تەواو ئەم خوێندەوە لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان ڕۆژنامەکانیش گریان گرتبوو هەواڵەکانی پرشنگیان ئەدا ، ناونیشانەکانی ئاگری لێ ئەبۆوە لەم کاتەدا نم ئەوەم ئەخوێندەوە کە زۆر ئەهاتە بەر چاوم ! چاکسازی کشتوکاڵی ! من ئەم ئەزانی ئەمە بە مانای چی دێ ؟ بەڵام ئەوە تێگەیشتم کە دابەش کردنی زەویە بەسەر جوتیاراندا وەک ئەوەی کە لە ڕۆژنامەکاندا ڕوون ئەکرایەوە بۆ خەڵک یەکێ لەسەرۆک حیزبەکان زۆری هاوار ئەکرد و ئەیوت :

- " ئەگەر حکومەتمان پێک هێنا دەست ئەکەین بە چاکسازی کشتوکاڵی ئەم کابرایە لەوانەی تۆ زیاتر هاواری ئەکرد بۆیە ڕۆژنامەکان زیاتر ووتارەکانی ئەمیان بڵاو ئەکردەوە منیش دوای نیوە شەو ناجێگیر ببووم چونکە ئەچوومە ئەو بیرکردنەوانەوە کاتێ کەبیرم ئەکردەوە کەچی بکەم تاوەکو کاک بوهان دەربچێ دۆزینەوەیەکی زۆر گەورەم بەدی کرد لە جێگەکەم ڕاپەڕیم وتم باشە ئاغا کتێبێکی پامێ بۆ خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لێی بەدوای کتێبەکەدا گەڕام و دۆزیمەوە باشە ئاغا بۆ ئەم کتێبەی پامێ ؟ تیایدا نوسرابوو ئەگەر زەوی نەدرێت بە جوتیارەکان ئاسنامەی ئازادی خۆیان بەدەست ناهێنن هەموو ئاغایەک زیاتر لە سەدان هەزار دۆنەم زەوی هەیە و چەند لادێیەکیش بە ناوی خۆیەوەتی هەموو ئاغایەکیش هاو شێوەی حکومەتێکە بۆخۆی ئەبێ جوتیارەکان لەو جۆرە ئاغایانە ڕزگار بکەین .



Scanned by CamScanner

بەلام شێخ و ئاغاكان نایانەوێ ئەو زەویانە دابەش بكرێ هەر ئەو ئاغایەیە كە هات وتی ئەبێ هەڵبژاێردرواكەمان لە هەڵبژاردن سەربكەوێ ، ئەویش هاوار بۆ چاك سازی كۆمەلایەتی ئەكات هیچی تریش نالێت ئەبێ بە جوتیارەكان بڵێن " ئەگەر دەنگ بدەن بە كاك بورهان و سەركەوت ئەو كاتە پەیمانتان ئەداتێ كە زەویەكان دەدا بەشی بكات " زەویەكانیش هی كێن ؟ هی ئاغان كە زۆر برادەری ئەوە ، ئەگەر وا بڵێم ئەوا جوتیارەكان و خەڵكەكە كاك بورهان هەڵ ئەبژێرن ، چونكە كەسیان یەك مەتر زەویان بە ناوی خۆیانەوە نیە ، هەموویان كار لەسەر زەویەك ئەكەن كە بەناوی ئاغایەوە ، ئەگەر بزانن كە زەوی بەناوی خۆیانەوە تۆمار ئەكەرێ ، ، لە خۆشیدا دەست ئەكەن بەچەپلە و سەما بەلام لە كۆتاییدا زەوی بەسەر كەسدا دابەش ناكرێ و بە خۆرایی بەڵێنەكان بەهەوادا ئەبێ بە هەڵم ، قابیلە كاك بورهان ئەو هەموو زەویەی لە كوێ بوو تاوەكو دابەشی بكات ؟ خۆ بازرگانی زەوی نیە ؟! باجارێ سەركەوتن بەدەست بهێنێ و دوایی بیر لەوە ئەكەینەو كە هەنگاوی دواتر چی ئەبێ ؟ ، زەوی و كێڵگەكانتان بەسەردا دابەشكراوە دڵنیابە لەوە و هیچی تر خۆزگە من بنوستمایە ، دوای ئەو دۆزینەوەیەی كە هات بە خەیاڵمدا ، چوومە سەر جێگاكەم و بەلام نوستن بەهیچ شێوەیەك ڕووی نەكردە چاومەوە دوای ئەوە كە چەندها شەو ڕۆژ خۆم ئامادەكردووە بۆ هەڵبژاردنەكان تێر خواردنەوەم خواردەوە و دەستم كرد بە گاڵتە كردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی كە لە ماڵەكەدا خزمەتی ئەكردم ، پاشان هیلاك بووم و زۆر لای درەنگانێ خۆم كرد بە ناو جێگادا بەلام خەو هەر نەهات بە چاوما هات بە بیرمدا كە دەست بكەم بە گاڵتە جارێ وەك ئەوەی لە زیندان فێری ببووم كە لە ناو زینداندا بووم ئەم هێنایە بەر چاوی خۆم كە چۆن زەویەكان لە ڕێی منەوە دابەش ئەكرێ ؟ دەنگە دەنگێك و قەرەباڵغیەكی زۆر ڕووێ ئەیات و ژن و پیاو لەبەردەمم وەستاون هاوار ئەكەن منیش پێیان ئەڵێم " بوەستن .....! ئەم دەنگە دەنگە چیە ؟ بێ دەنگ بن و لە ڕیزدا بوەستن هەركەسێ ڕیز نەبێ زەوی بەر ناكەوێ شوورەییە ئاوا " چوتیارەكانیش بەقسەم ئەكەن و ڕیز ئەبن و ئەنجومەنی هەموو گەرێكێ لە دێ كەدا سەرزەنشتی خەڵكی گەرەكەكەی ئەكات تاوەكو تۆزێك ڕێزی خۆیان بگرن و بەو شێوەیە داوای ئەكەن نابێ وابێ ؟ ئەمجارەیان دەنگە دەنگ لە ڕیزەكە بەرز ئەبێتەوە وە هەر یەكە داوای شتێ ئەكا " من كێڵگەیەكەم ئەوێ كە نزیك ڕێگا بێ " منیش هەروەك ئەو ، ئەگەر بەرز و نزم بێ نامەوێ " ، " من كێڵگەیەكم لە شوێنی نزمدا ناوێ چونكە دوایی لافاو ئەیبات " پاشان لە ناكاو خەڵكەكە دەست ئەكەن بە كوشتار كردنی یەكتری لەسەر دابەشكردنی زەوییەكان ئافرەت و مناڵ و پیریش بەشداری ئەكەن لەو كوشتارە گەورەیدا منیش هاواریان لێ ئەكەم " بێ دەنگ بن " چونكە من شێخی ئەوانم و زۆر ڕێزم لێ دەگرن دابەشكردنی زەوی بەدەست منە نەك كەسی تر ، بە دەنگێكی نزمەوە لە یەكێك لەوانە ئەپرسم كە لە بەردەمدا وەستاون بۆ ئەتەوێ كێڵگەكەت لە كوێ بێ ؟ سەر ڕێگا یان بەرزی یان دوور ؟ ئەویش بێ ئەوەی سەر بەزر بكاتەوە و ئەڵێ " من كێڵگەم ناوێ

مامە شێخ ؟ " " بۆ .... ؟ " ، " ئەی کێڵگەی کێم ئەیەتێ ؟ ئەی هەموو کێڵگەمانی ئێرە هی ئاغا نیە ؟ ! ئەگەر بمانەوێ کێڵگەیەکی لێ بستێنین ئایا بە دار هەموو گیانمان شین ناکاتەوە ؟ دوایش دەرمان ناکات و ژیانمان لێ قەدەغەناکات ؟! ئەو کاتە شوێنێک نابێ کاری تیا بکەین ، نا .. نامەوێ .
ئەستەمە هەرگیز
نامەوێ ".

لە ناکاو لەم خەوانە بەخەبەر هاتم و زۆر ترسام وتم زەوی زاری چۆن دابەش ئەکەم ؟ ئەگەر بزانێ ئەمسوتێنێ ، ئەمجارەیان لە ترسی ئاغا خەوم لێ نەکەوتەوە تازە خۆر هەڵهاتبوو کاتێ لە دەرگای ژوورەکەم درا وتم :

- " کێیە ...؟ چی روویداوە ؟! ".

یەکێ لە پاسەوانەکانی خانووەکەم وتی :

- " ببورە جەنابی شێخ بە رووخسەتی خۆت هەواڵێکم پێیە بۆ جەنابت ، ئاغا زەلامێکی ناردووە و لە دەرەوە چاوەڕێی جەنابت دەکات ".

وتم :

- " تۆ بڵێی چی بووە لەم کاتەدا ؟ ... خۆ سوپایان کۆ نەکردۆتەوە بۆ بەرنگار بوونەوەی دوژمن ؟ ئەگەر ئاغا ئەیەوێ سەفەر بکات با سەفەر بکات ! خوای لەگەڵ ".

پاسەوانەکەم وتی :

- " ئاغا سەفەر ئەکات بەس حەز ئەکات پێش ئەوەی سەفەرە بکات ڕاوێژت پێ بکات جەنابی شێخ "

وتم :

- " جا .. ئاغا بەم تاریکیە هاتووە ؟ ".

وتی :

- " خۆی نەهاتووە خەڵکی ناردووە تا بت بەن .. " .

ناتوانم باسی ئەو ترسە بکەم کە دای گرتبووم ، ترس لە مردنیش بەم شێوەیە نیە ، مردن هەرچیەک بێ هەر مردنە بەڵام ئەم ئاغایە مرۆڤ بەیەکجاری ناکوژێ بەڵکو ئەشکەنجەی ئەدا و منیش بەرگەی ئەوە ناگرم ، باشە ئاغا چۆن زانی کە من بەتەمام کێڵگەو زەویەکانی دابەش ئەکەم وا بەم تاریکیە بانگم ئەکات ؟ من بە کەسم نەوتووە ، دابەش کردنیش بەرە بەو لاوە ، من تەنیا بیرم لەوە کردۆتەوە چی ڕوو ئەیات ئەگەر بیر بکەینەوە ؟ تاوانە ؟! دوای ئەوە من لەم بیرکردنەوەیەش پاشگەز بوومەتەوە ، ئەی خوایە .. تۆ بڵێی ئەم کابرایە ئەوەندە ترسابم لێی لەو ماوە دوورەی کە لە نێوانماندا هەیە بیرکردنەوەکانم بخوێنێتەوە ؟ یان ئەوەتا بەدەم خەوەوە قسەم کردووە و لە کاتی قسەکردندا ئەمانەم هەمووی ئاشکرا کردووە کە بیرم لێ ئەکردەوە ؟ وتوومە" زەوییەکانی ئاغا دابەش ئەکەم



Scanned by CamScanner

..؟! " . دیارە ئەو پیاوەی لەبەردەم دەرگاکەمدا پاسەوانی ئەگری جێی متمانە نیە و سیخوڕی ئاغایە . کە گوێی لەو قسانەم بووە چووە بەئاغای وتووە ئەگەر وا بووبێ ئەوا بەدڵنیایەوە ئاغا ئەمسوتێنێ لەناوم ئەبات ، بەڵان ئەگەر وا بووبێ ئەم هەتیوە بەو شەوە درەنگە خۆی گەیاند بێتە لای ئاغا و تبێتی کە " شێخ سەعیدی موبارەک بەتەمایە زەوی کێڵگەکانت دابەش بکات بەسەر جوتیارەکاندا ؟ " ، ئەی بۆچی ئاگاداری پەشیمان بوونەوەکەم نەبوو لەو بڕیارە ؟ بڕیارم دا کە نەچم بۆ لای ئاغا بەڵام دەرگای ژوورەکەم بەردەوام لێ ئەدارا ، پەردەی پەنجەرەکەم لابرد بینیم کە بەڕاستی ئاغا خەڵکی ناردووە بۆ لام تا بمبەن بۆ لای ، ژمارەیان زۆر بوو بەڵام بێ گومان بە زەبری هێز ئەمبەن ، هێزم لێ بڕابوو . بەهەزار ئەم لاو ئەولا خۆم گۆڕی و چوومە دەرەوە گەورەی پاسەوانەکان هاتە بەردەمم وتم :

- " بەخێر بێی جەنابی چاودێر " .

بەڵام کابرا بە جۆرە ساردییەکەوە وەڵامی دایەوە وتی :

-" سوپاس .... ئاغا داوات ئەکات ... ئەبێ بەپەلە بگینە لای .. " .

وتم :

-" چی ڕوویداوە ..؟ کارەکە زۆر بەپەلەیە ؟ کاتمان نیە تاوەکو نوێژی بەیانی بکەین کاکە ؟ ".

وتی :

-" بەپەلە کاتی نوێژ کردن نیە ، ئەبێ بڕۆین ".

لەدڵی خۆمدا لەم بێ ڕێزیە سەرم سوڕمابوو کەواتە ئەوەی کە بیرم لێ کردبۆوە ڕاست دەرچوو قاچیان گرتم و خستمیانە سەر ئەسپەکە دام نابوو وەک جاری پێشوو لە نیوەی ڕێگا بڵێم وە حیمان بۆ هاتووە کە ئەسپەکە زۆر هیلاکە و ئەبێ پشوو بدات بەڵام ئەوەندە بێ ڕێزیان نواند نەمتوانی ئەو درۆیە بکەمەوە ، چونکە ئەمزانی کە مزاجی تەواو نیە ، خۆیشی ڕاستی من ئەزانێ ، ئەو کاتە تا ئەوان هەواڵیان بەکتر ئەگەیاند من بەشەمەندەفەر ڕۆیشتبووم هەرچەندە خۆی دڵنیا ئەکردەوە لەوەی کە لەوانیە کارێکی تر بێ ئەگینا ئاغا چۆن ئەتوانێ بزانێ کە من بیرم لە دابەش کردنی زەویەکانی ئەکردەوە شەو ؟ لەوانەیە بیەوێ بزانێ کە تا چەند کاریگەری لەسەرم هەبووە تا خۆم بچم بۆی ؟ ئاو بەلەشما ئەهاتە خوارەوە تا گەیشتینە کۆشکەکە کە بینیم ئاغا هات بەروو ڕووم تۆزێک دڵە ڕاوکێکم نەما ڕای کردە بەرو ڕووم قاچمی گرت و ویستی دابمبەزێنێ هاوارم کرد :

-" ئەستەغفیروڵا کوڕم نابێ ..!! ".

وتی :

- "بمان بوورە جەنابی شێخ ئارامیمان لێ تێک دان بەڵام زۆر گرنگە بەر لەسەفەرەکەم خوا ماڵئاویتان لێ بکەم ".

وتم :



Scanned by CamScanner

-" ئایا گرنگە سەفەرێکەیت ... ؟ ".

وتی :

-" بەڵێ ".

کە قسەمان ئەکرد پەیتا پەیتا ئەیبردمە ژوورەوە تاوەکو بە تەنیا بمێنینەوە ، کە چووینە ژوورەوە گەراینەوە سەر بارە کۆنەکەی جاران وتی :

- " تۆزێکی تر ئەچم بۆ ئەستەنبوڵ " .

زۆرم پێ خۆش بوو وتم :

-" خوات لەگەڵ .. ".

بەقسەی ئاغا بێ لە کاتی هەڵبژاردنەکان نابێ لێرە بێ چونکە دوای قسەی بۆ دروست ئەکەن و ئەڵێن پەستانی خستۆتە سەر جوتیارەکان ، یان ئەو فلانە کەس هەڵ ئەبژێرێ یان فلانە حیزب ، بەلای دەوڵەتەوە ئەبێ ئاغا هەمیشە بێ لایەن بێ وتی :

-" خۆزگە کار بە چاکسازی کشتوکاڵی ئەکرا و ئەجاتم ئەبوو لەم ناوچە بێ خێر و بێرە ، من چۆن ئەتوانم تا کۆتایی تەمەنم لێرە گوزران بکەم ، و لەگەڵ ئەم جانەوەرانە ئێرەدا بژیم ؟ " .

کاتێ ئەمەی وت کەم راچڵەکیم ئەوە ئاغا ئەڵێ چی ؟!! ئەڵێ چاک سازی کشتوکاڵی ..؟! بەبێ گومان ئەیەوێ کە بمخاتە قسەوە کەواتە ئەو هەتیوە گوێی لەو شتانە بووە کە بەدەم خەوەوە وتوومە و هاتووە بە ئاغای وتووە وتم :

-" خوا شتی وامان بەسەردا نەهێنێ ".

وتی :

-" شتی چیمان بەسەردا نەهێنێ ..؟! ".

وتم :

- "ئەو بەڵایەی کە ناوی چاک سازی کشتوکاڵیە " .

وتی :

- " هەتیو با ئەو کەسەش بەلەعنەت ئەکەم کە تۆی کرد بە شێخ تۆ ئەزانی چاک سازی کشتوکاڵی مانای چیە وا ئەم قسەیە ئەکەیت .. ؟" .

وتم :

-" ئاغا چۆن ئەبێ ئەگەر ئەوە روویدات هەرچی زەوی زار و کێڵگە هەیە بە ناوتەوە لێتی ئەسەنن و ئەیدەن بەو نەفام و دەبەنگانە کەکای تیا ئەکەن ".

وتی :

پاشـاراده



عەزیز نەسین

- " ئینجا چییە ؟ با وابێ ... با بێن و دابەشی بکەن بەسەریانا قاتیلە ڕێگە چارەی ترمان هەبێ ؟ قاتیلە هەموو ژیانم هەر لێرە ببمە سەر ؟ ئەی من چەند ساڵە هاوار ئەکەم بۆ یەکسانی کۆمەلایەتی بەڕای تۆ ...؟!! ".

سەیر کەن چەند ساختە چیە !!؟ ئەیەوێ دیسان بمخاتە قسەوە تا بڵێم بەچ هەقێ ئاغا خاوەنی 18 لادێیە ئەویش لە ئەنجامدا لە تاقی کردنەوەکە سەر بکەوێ بڵێ ئەی هاوار ئەمە ئێمە هەژدیهامان پەروەردەکردەوە لە نێو خۆماندا وە نەمان زانیوە ؟ ئەی وانیە ؟ دوایی بەبێ دەرێێ و فانیلە فرێم ئەیاتە سەر شاخەکە و تا گورگ بمخوات هەوەکو یەکەمجار کە چۆن پیاوەکانی ئەم ستەمکارە ڕووتیان کردمەوە و شوێنی پەناگەی من هەر سەر ئەو شاخە بوو چی پێ بڵێم باشە ؟ هاوارم کرد :

-" شتی وا نابێ ڕووبدات ، ئەگەر تۆش بتەوێ زەویەکانت لەدەست بڕوات من ناهێڵم یەکسانی کۆمەلایەتی قسەی شیوعیە کافرەکانە نەخێر نابێ ڕەنجی چەند ساڵەی جەنابت بە فیڕۆ بڕوات ".

خەریک بوو شێت ئەبوو بەدەستمەوە وتی :

-" وس بە هەتیو .. تۆ بەکەڵکی ئەوە نایەیت بیت بە شێخ فێر بووی وەک پیاوانی حکومەت قسە ئەکەی ئەیانەوێ زەوی باو بلپیرانمان لێ بسێنن و دابەشی بکەن بەسەر خەڵکدا ئێمەش ئەوەمان ئەوێ ".

تەواو دڵنیا بووم لەوەی کە ئەیەوێ بمخاتە قسەوە ، بەلام بە هیچ شێوەیەک نەمتوانی تێبگەم کە بۆچی ئاغایەک کە خاوەنی18 لادێیە بڕوای بە داد پەروەری کۆمەلایەتی هێناوە ؟ پشتیوانی چاک سازی کۆمەلایەتی و کشتوکاڵ ئەکات ؟ خۆ ئەوان هەموو زەویەکان ئەسەنن دابەشی ئەکەن بەسەر جوتیار و هەژاراندا ، کەواتە ئەم ئاغایە دڵی باشە ، پیاوێکی پیاوانەیە ،

بەزەیی بەسەر هەژار و داماودا دێتەوە هەوەرکو کە باسیان کرد خوا لێی ڕازی بێت خوایە ، وتی :

- " من خاوەنی ت18 لادێم بەلام خۆزگە وا نەبوونایی چاوی هەمووکەسمان لەسەرە ناومان نراوە ئاغا ، ئەگەر بچم بۆ ئەستەنبوڵ ، ڕۆژی 4 بۆ 5 کەس سەردانم ئەکەن لەم گەوجانە لەوێ چی بکەین ؟ ناومان ئاغایە ئەبێ نان و ئاویان بدەینێ و شوێنی نوستنیان بدەینێ ، ئەمە ڕۆژانە دووبارە ئەبێتەوە ، ئەبێ ڕێزیان لێ بگرم ، لەوێ هەتاکو ئەوانیش لێرە ڕێزم لێ بگرن ، جگە لەوە من یەک باڵەخانەم کردووە بە ئوتێل بۆ ئەمانە ، نان و ئاویان لەسەر منە ئەمە چی ئەگەینێ ، هەموو ساڵێ بۆ چوار مانگ یان زیاتر من ئەبێ لێرە بمێنمەوە ، ئەی باشە ئەم زەویە بێ کەڵکە چیمان ئەداتێ؟ خۆزگە کاریان بە چاک سازی کشتوکاڵی بکردایە .. ".

وتم :

- " ئەی باشە ئەگەر زەوی زارەکەت بەرن چی ئەکەیت ...؟!! ".

وتی:



Scanned by CamScanner

- " کاکە گیان با ببیەن .... کێ ئەم زەوییانە ئەبات ؟ بۆچی حکومەت چەتەیە ...!! تا زەویمان لێ داگیر بکات بێ ئەوەی نرخەکەیمان باتێ ..؟ بەبێ گومان قەرەبوومان ئەکاتەوە ، پاشان دابەشی دەکات بەسەر جوتیاراندا ئەزانی چەند جوانەشتی وا ڕوودات ؟ ئەبێ زەوی زارمان بە کۆ بفرۆشین بە حکومەت ، تاوەکو ئاسوودە بین ، ئەچین بۆ ناو شار ، دوای ئەوە قاچم بشکێ ئەگەر بێرەدا هاتمەوە ، چاوی خەڵک هەمیشە لەسەر ئەو کەسانەیە کە خاوەن موڵکن کەس هەیە چاو ببرێتە خاوەنی ئەو هەموو باڵەخانانەی ناو شار ؟ چەند لادێم هەیە ؟ 18 لادێ ...؟ من ئامادەم بیان گۆڕمەوە بە 18 بینا لەو بینایانە ... 17 ..16 کورە تۆ بڵێ 10 دەی خێراکە کەسێک 10 بینام لە ناو شار بداتێ هەر ئێستا 18 لادێی ئەکەم بە ناویەوە ، قابیلە ئەم لادیانە قازانجی ئەو بینایانە پەیدا بکەن ..؟ بە دڵنیایەوە نەخێر بەڵام کاتێ حکومەت ئەم زەویانە ئەبات پارەکەیمان بە بەش بەش ئەداتێ ، ئێمە ئەوەشمان بەلاوە باشە قەی چێکە با پەیتا پەیتا ڕزگارمان بێ نەک ئالوودە بین من بۆچی داوای دیموکراتیەت ئەکەم ئەم چەند ساڵە بۆ ئەم هۆیەیە ، ئەگەر دیموکراتیەت بەدی بێت یەکسانی کۆمەڵاتیش بەدی دێت کە یەکسانی کۆمەڵایەتیش بەدی هات حکومەت ناچار ئەبێ کە پارەکانمان بداتێ و زەوییەکانمان دابەش بکات ، ".

وتم :

- " بەدڵنیایەوە باشە ئاغایەکی بەشەرەفی وەکو تۆ لە کوێ هەیە .؟ ".

وتی :

-" شەرەفی چی هەی بێ شەرەف ..؟ ئەگەر ئاغایەک زەوی باشی هەبێت کە خێرو بێری بۆ بدات بەدەستەوە نەک وەک زەویەکانی من وشک بێ ئەو کاتە چۆن حەز بە دیموکراتیەت ئەکات بە پێچەوانەوە ئەو ئاغایە مردنی پێ خۆشترە لەوەی حکومەت زەوییەکانی ببات ، ئەی من بۆچی لایەنگیری کاک بورهانم ؟ ئەمە هۆکەیەتی ، ئەگەر پەرلەمان پڕ بکەین لەو بابەتانە ،ئەو کاتە کامرکە بەتەواوی لە ژێر دەستی خۆمان ئەبێ ئەگەر ئەم لادێیە کەرانە ئەمە بزانن ، بزانن کە چاک سازی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی چەند شتێکی باشە ؟ بەڵام ئەوان تێناگەن و نایانەوێ کە تێبگەن ئەوان هەرگیز ئەو شتەیان ناوێ خوا لەناویان بەرێت ".

دوای ئەم باسە زۆر بە تێر و تەسەلی بۆی باس کردم و وتی :

- "لەبابەتەکەی خۆمان لامان دا ئەزانی بەم بەیانییە زووە بۆچی بانگم کردووی ؟ چونکە تۆزێکی تر ئەرۆم نازانم کەی بەمەوە ... چونکە لەشار هەواڵی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەبیستم بۆیە زیاتر ئەرۆم کاک بورهان هات بۆ لام و زۆر ستایشی تۆی بۆ کردم ، قائیمقام بەدریش تۆی بەدڵە ، هەموویان سەرسامن پێت ، ئێستا تۆ ئەوە بکەی کە لەسەر شانتە ئەبێ وا بکەی کاک بورهان سەرکەوێ و دەرچێ ... ".



Scanned by CamScanner





وتم :

- " هەرچییەک لەهەوڵمدا هەیە کەمتەرخەمی و دریغی لیٚ ناکەم خەمت نەبیٚ ".

یەک هاواری کرد بەسەرما و وتی:

-" هەتیو هەر ئەبیٚ سەربکەویٚ و دەرچیٚ ، هەوڵی خۆم ئەیەم مانای چییە ؟ قابیلە ئیمە تا ئیستا گویزمان بۆ

ژماردووی ؟" .

ئاغا خوا حافیزی لیٚ کردم و رۆی ، من چۆن بزانم کە ئەم چاکسازی کۆمەڵایەتەیە بەڵا ئەهێنێت بەسەرما ؟ من هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی کە بڵێم زەوی بەسەر کەسدا دابەش ناکریٚ ، بەڵام ئەوەی کە هەڵی خەڵەتاندم هەڵبژێردراوەکەی تر بوو ،هاتنی بورهان شانسی بۆ من هێنا هەڵبژێردراوەکانی تریش وازیان لە پڕپاگەندەی شار هێنا و ئەهاتن بۆ لام و دەستیان ماچ ئەکردم و داوای بەرەکەتی دوعای منیان ئەکرد کەسان ئیمانیان لە بورهان کەمتر نەبوو بۆ لایەنی بڕوا کردن بە ئەتاتورک هەموو داوایان ئەکرد کە ڕێز لەو قسەیەی شێخ بگیریٚ کەوتی فلان کەس هەڵبژێرن ، بەڵام لە ڕاستیدا هەریەکیان مەبەستیان ئەوەبوو یەکێک بن لەو تایەفەی کە جەنابی شێخ داوای ئەکات هەڵبـژێرن متمامـەنم زۆر بە خـۆم زیـاد بـوو هەرچییەکم بۆیـستایە بۆیـان ئـەکردم لەیـەکیٚ لـە هەڵبژێردراوەکانم پرسی ئایا حیزبەکەی چی ئەکات ئەگەر سەرکەوت ؟ وتی :

- " چاکسازی کشتوکالی ئەکەم ".

دوایی بیستمەوە کە ئەم کابرایە بە ناو دێیەکاندا گەڕاوەوە و وتویەتی " سەدەها ساڵە ئێوەیان وەک کۆیلە بەکار هێناوە ، ئەمەچییە ئێوە بەرگەی ئەگرن خەڵکینە ؟ " کابرایەکی ڕیش سپی پێی وتووە " چۆن چۆنی ڕزگارمان ئەکەن ؟ " ئەویش وتویەتی :

- "ئەی ئەمە ڕاستە ئاغا 18 لادێی بەناوی خۆیەوەیە ؟ ئەم ستەمە چیە ؟ ئێمە کێڵگەو زەوی و زاری ئاغالە دەستی ئەسێنین و ئەیدەین بە ئێوە ئەبن بە خاوەنی ئەوان ".

کاتیٚکە کابرا ئاوای پیٚ وتن هەموویان یەک یەک و دوو دوو بڵاوەیان لیٚ کرد لە چایخانەکە جێیان هێشتبوو وەک کەڵەشێرێک لەسەر تەنەکە خۆڵەکەی بەو کەسەم وت کە ئەمەی بۆ گێڕامەوە کە ئایا تۆ نازانی بۆچی وایان کرد ؟؟ ئەی باشە ئەمانە زەویان ناویٚ ؟! وتی :

- " نەخێر ".

وتم :

-" بۆچی ئەی تۆ ...؟!! ناتەویٚ ؟ ".

وتی :

- " نامەویٚ ... ".





" باشە رێی تێئەچێ ئەیەوێ ؟ ئەیەوێ وەک هەنگوین ئەیەوێ بەلام ئەترسێ ئەم قسەیە بکاتەوە دەمی ئاغا و دارکاری بکات " ودوایی بەڵێ ئەبێ خۆم دابەزم بۆ ناو لادێیەکان و بچمە نێو خەڵکەکەوە و بانگەشە بۆ بورهان بکەم بەلام نابێ قسەکەی ئاغام لە بیر بچێ چوونە ناو خەڵکەوە وەکو مەلەکردن وایە لە زستاندا ئەبێ زوو بێیتە دەرەوە ئەگەر مایتەوە خەڵک جوان لێت وورد ئەبنەوە و سەیر ئەکەن هەر وەک ئەوانیت ، دوو چاو و دوو گوێچەکە و لوت و دەمێکیت هەیە ، بەواتایەکیتر جیاوازیت نامێنێ لەگەڵیاندا کاتێ کە تێگەیشتن کە شێخ وەکو خۆیان مرۆڤێکی ئاسایییە ئەو کاتە نرخت نامێنێ لایان . ! ئەوەی کە زیاتر لە ئاغاوە فێری بوو ئەوەبوو کە مرۆڤ لە هەر قۆناغی تەمەنێدا شتێک هەیە کە فێری ببێت ! رۆژێ هەبێ بوو دابەزیم بۆ لادێکان تاوەکو بڵێم بورهان هەڵبژێرن یەکەم جار بوو بچمە ناو خەڵکەوە وتم نوێژی جەماعەتیان لەگەڵدا ئەکەم و لە و وتارەی هەیبێ دا ئەوەیان بۆ ئەخوێنمەوە بەس نازانم چۆن ناوبانگم گەیشتە بووە ئەوێ ؟ هەر کە گەیشتم خەریک بوو بم خۆن ، ئەوەندە زۆر بوون کەس بەم شێوازە گەرم و جوانە پێشوازی ناکرێ مەگەر سوڵتانی هیند یان یەمەن ئەبێ لەو رۆژەدا کە چووم بۆ ئەو لادێیە کەیەکەم هەنگاوم ئەوێ بوو یەکێک لە پاڵێوراوەکانیش هاتبوو تاوەکو لەوێ وتار بدات کەس نەچوو بەدەنگیەوە تەنیا دوو کەس ئەبێ لە حیزبەکەی خۆی بوون . پێشتر ئەم کابرایە ئەهات بۆ ئێرە خەڵکی ناوچەکە لە 7 ساڵانەوە بۆ 70 ساڵان ئەچوون بۆ پێشوازی ئەو کابرایە ، ئەو کابرایە ئەوەندە چاو کراوە بوو زانی کە ئەمە هەلێکە بۆ هەڵکەوتووە ناکرێ لەدەستی بدات زۆر زۆرزان بوو ، وتبووی " تکاتان لێ ئەکەم ، دیارە دایکم لەشەوی قەدرا منی بووە ، بمبەن بۆ لای شێخ " کاتێ لەدەرگای مزگەوت هاتمە دەرەوە کابرا خۆی بۆ فڕێ دام کەوت بەسەرما و دەستی کرد بە ماچ کردنم ئەتوت سواڵ کەرە ئەیووت :

- "من قوربانی ئەو خاکە بم کە بەسەریدا ئەڕۆێ من کوێت بۆ ئەگەڕام و چەنایت لە کوێ بووی ؟ هەموو شەوێک یەنە خەومەوە بەداخەوە ئەوەندە بەدواتا گەڕام تا زانیم لێرەی نوێژم لەدەست چوو ".

بە پیاوەکەی تەنیشتم وت :

- "ئەم کەرە کێیە ....؟!!! ".

وتی :

- "ئەوسا ئەم کابرایە قائیمقام بووە ".

ئەو کاتە دەستیم گرت و لەسەر زەویەکە هەڵم ساندەوە هەرچەندە رام کێشا ئەو قاچی منی بەر نەئەدا من هەر ئەمووت

" ئەستەغفیروڵا " کاتێ بە ناو ئەو هەموو خەڵکە لە بازاراکەدا پیاسەم ئەکرد کابرا توند دەستی گرتبووم تا بچێت بەدڵی خەڵکەکەدا کاتێک ، خەڵکەکەش ئەوەیان بینی کە قائیمقامە کۆنەکەیان قوڵی



Scanned by CamScanner



لە قوڵی مندایە ئەوندەی تر فیان لێ هات و دڵیان خۆشتر بوو دەستیان کرد بە تەپڵ و زورنا لێدان بۆ من نا بۆ کابرای قائیمقام کە حیزبەکەی زانیان ئەمە هەلە ئەبێ بیقۆزێتەوە دنیایەک و زورناچییان هێنابوو . ناو خەڵکەکەوە تا ئەوەندەی تر بانگەشە کە بەهێز تر بێت زۆر زیاتر بوو ئەی خوایە ئێمە هاتین تا بورهان دەربچێنین لەم هەڵبژاردنە کەچی خەریکە بەهۆی منەوە دوژمنەکەی سەر ئەکەوێت ئەو دوژمنەی کە وا خۆی نیشان ئەدات و منیش وا نیشان ئەدات کە لایەنگیری ئەوم هەرچەندە قوڵێم لە خۆم ئەکردەوە ئەو زیاتر پێمەوە ئەنووسا و بەزەردەخەنەوە سەری وێنەگر و رۆژنامەنوسەکانی ئەکرد ئەتوت سیکۆتینە پێوەم نوساوە ئەیوت :

- "تو خوا یا شێخ ، داماوێکی وەکو من بە جێ مەهێڵە ئێمە بە تۆوە رێز دارین ".

هەر بەم شێوەیە مایەوە تا فرسەتی هێنا و کردمی بە بینای حیزبەکەیاندا ئەگەر بم زانیایە ئەم بینایەهی ئەوانە خۆمم پیا نەئەکرد ، بەڵام نەمزانی کە چووینە ژوورەوە یەکسەر داوای قاوەی کرد خەڵکیش لە دەرەوە زورنایان لێ ئەدا کابرا وتی :

-" سەیرکە ئەمانە کە تەپڵ و زورنا لێ ئەدەن و سەما ئەکەن لە دەرەوەی بیناکە هەر دەڵێی دەیەمساڵی بەرپا بونی شۆرشەکەمانە ".

منیش ئەمویست کابرا تورە بکەم تا لێم بیزار بێت و بچمە دەرەوە وتم :

- " ئەی باشە بۆ ساڵی دەیەم ؟ بۆ بەڵای تۆوە شۆرشەکەمان دوای چل ساڵ لەبەرپا بوونی لە یاد کراوە ؟ ".

وتی :

-" نەخێر بەڵام لەساڵی دەیەمدا هێشتا تازەگەریی پێوە دیار بوو ، بەڵام لەدوای ئەوەوە تامی تیا نەماوە خەڵک ئارەزووی ئەم بەزمەی نەما ژیان ئاوایە بیرچوونەوەیە ..!! ".

سەیرم کرد کابرا بەڕاستیەتی ، کاتێک کە بەتەنیا ماینەوە لە ژوورەکەدا لە رێزەکەی جارانی کەم کردەوە بۆم ، زۆر پێوەی دیار بوو کە بی ئەدەبی ئەنوێنێ بەرامبەرم ، وتم :

-" لە کوێوە ئەم قسانەت دروست کردووە ... ؟".

ئەم ویست وا خۆم نیشان بدەم کە لەو رەسەنترم ، نەکک تەنیا شێخێکی ریش پانم وتم :

- " ئینشا ئەلا شۆرشەکەمان زیاتر گەشە ئەکات و هەموو ساڵێم هەروەکو یەکەم جار یاد ئەکرێتەوە بۆچی ساڵ بە ساڵ بەلای تۆوە کۆنتر ئەبێ تێم گەینە ؟ ".

وتی :

- " ئەپرسی بۆ ..؟!!! گوێ لەمە بگرە ... بۆ ئەوەی خەڵک بخەڵتێنین و دەنگیان بەرین دەستمان کردووە بە ماچ کردنی دەست و قاچی شێخ و مشایەخ وەکو جەنابتان لەمە زیاتر چی ڕوو ئەدات ئەوسا

ئەمان توانی بە بێ ئەم گرفتە خۆمان وەک ئەندام پەرلەمانێک بناسین ئەگەر پشتمان هەبێ ئەوسا ئێوە لە گوندا خۆتان شاردبۆوە چونکە دژی بۆچوونی کۆمار بوون ".

! ئەی لەم بەد رەوشتیە خوا ئەزانێ چی تر ئەڵێ ! کابرا هەر بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و وتی :

- " تۆ کوڕی کێیت ...؟ ".

زۆر شێرزە بووم وتم :

- " مەبەستت چیە ؟ ".

وتی :

-" مەبەستم هیچ نیە .. پرسیم تۆ کوڕی کێت ".

وتم :

-" ئەی باشە تۆ کوڕی کێیت ...؟ ".

وتی :

-" من کوڕی کۆمارم ".

وتم :

-" منیش هەروەها ... ".

دەستی درێژ کرد بۆ ئەو خەڵکە کە لەدەرەوە هەریان نابۆوە وتی :

-" جەنابی شێخ ئەزانی ئەم تەپڵ و زورنایانە ئەڵێن چی ؟ ".

وتم :

- " قابیلە ئەڵێن چی ؟ دەنگ دەرئەکەن ..!! ".

وتی :

- " ئەوانە وەکو مرۆڤ قسە ئەکەن ..جوان گوێ بگرە ، گوێ رادێرە لە دەنگەکە ... ئەها ... تەپڵەکە ئەڵێ چی ؟ ئەڵێ ( گز .. گز ... گز ) وانیە هەر کە دارەکەی پیا ئەیەن ئەڵێ ( گز ... گز ) ".

لە راستیدا قسەکەی وا بوو هەر کە کابرا بە دارەکە تەپڵی لێ ئەدا ئەیوت ( گز ) یەکەم جار بوو ئاگاداری ئەو دەنگە بم ( گز ... گز ... گز .. ) وتی :

- " باشە بۆ هەردوکیان ئەڵێن گز ؟ ".

وتم :

- " نازانم بڵێم چی ..؟! ".

کابرا دەستی کرد بەقسەی نزم لەگەڵمدا رێزەکەی هەر بەتەواوی نەما ، دیار بوو هی ئەوە بوو کە رێم پێ ئەدا ئەم قسانەم لەگەڵدا باس بکات .. وتی :



Scanned by CamScanner

- "ئەبێ بزانی ، ئای خۆزگە تووک بەتووکی ڕیشتم لێ بکردایەتەوە ، وا خۆت نیشان ئەدیت کە نادیار ئەزانی و باسی هەواڵی ئەو دنیا بۆ ئێمە ئەکەی ئەبێ ئەمەش بزانی بۆچی ئەم دوو ئامێرە مۆسیقیە بوونەتە شتێکی میللی ؟ ئەبێ ئەم شتە هۆیەکی هەبێ ئەگەر نایزانی ئەم ڕیشە چیە ...؟ " .

سەیرم کرد هەتا گوێ لە قسەکانی بگرم زیاتر بە بێ ڕەوشتیدا ئەڕوا هەستامە سەر پێ و وتم :

- " بە یارمەتیتان لە نوێژی هەینی دوا کەوتم " .

لە ڕاستیشدا حەزم ئەکرد بزانم ئەو ئامێرە بۆ بونە شتێکی میللی کاتێ هەستام دامنیشاندمەوە وتی :

-" پێت ئەڵێم هەتاوەکو لەبەردەم کەسێکی تردا نەبی بە گاڵتەجاڕی سەگ ئەگەر هەمان پرسیاریان لێ کردی ".

وتم :

-" فەرموو بڵێ ...بۆچی وای لێ هاتووە ؟ ".

ئەگەر خەڵکی لێ نەبووایە ئەمکرد بە چڵم ئەوەندە بێ ئەدەبی نواند لەگەڵمدا وتی :

- " ئەی ئاشکرا نیە لات ؟ گوێ بگرە هەردووکیان ئەڵێن ! گز ... گز ... گ......ز ! ئەم میللەتە چەندەها ساڵە ناتوانن هیچ قسەیەک بکەن ڕێگەیان پێ نەدراوە ئەگەر یەکێ بیەوێ دەمی بکاتەوە یەک مشت ئەکێشین بەسەریدا و لە جێی ئەخەن ، ئەی کەواتە ئەتوانی چیبکات خۆی قسە نەکات .!! ئەوەش بڵێن کە ئەم ناتوانێ بیڵێ کاتێ گەورە بەرپرسێ یان کەسێکی خاوەن پلە و پایە یەتە ئەم شوێنە یان هەر شوێنێکی تر بێ خەڵک ڕا ئەکەن و ئەم دوو ئامێرە ئەگرن بەدەستیانەوە

بۆچی ؟!! هەر وا بەبێ هۆ ؟ نەخێر کەر و گای وەکو تۆ وا ئەزانن کە بەبێ هۆ وا ئەکەن ئەوەی کە خەڵک ناتوانێ بیڵێ بە تەپڵ و زوڕناکە ئەیڵێ ئەوان ناتوانن بە ڕووماندا بڵێن ! گز ... گز ! ئامێرەکان لەجیاتی ئەوان وا ئەکەن ، ئاخۆ ئەم دوو ئامێرە هەر وا بەئاسانی بووبن بە دوو ئامێری میللی ؟ ئەوە هۆکەیە وا هەست ئەکەن چی داخ و خەم و خەفەت و پەژارە و ناخۆشی و پشێوی ژیان هەیە بەتاڵی ئەکەنەوە بە ڕووماندا ، ئەو ئەرکی نان پەیدا کردنەوی ڕۆژانە مێشی تێک داون ناتونن بەئارامی بژین لە ژیانیاندا چونکە کەسانێکی فەرامۆش کراون تاکە شتێکە بیکەن و پارەی تێ نەچێ نووستنە ، لەگەڵ ژنەکانیاندا ئەوەیش دوایی منالی لێ ئەکەوێتەوە و پارەی زۆر ئەوێ ئێستا زانیت وشەی " گز " واتای چیە ؟ هەموو شتێک هۆی خۆی هەیە ؟ ".

وتم :

- " تکات لێ دەکەم وەختی نوێژ کردنی هەینی هاتووە ".

وتی :



Scanned by CamScanner





-" بوەستە منیش لەگەڵتایەم با خەڵک ڕێزیمن ببینێ بۆ تۆ دەنگی خۆیانم بدەنێ هەرچەندە ئەبێ ا گز ..... گز ا تر قوبوڵ بکەی بەس قەیناکە لە کۆتایدا هە من براوەم چونکە خاوەن پۆستێکی وا ئەبم کە نەتوانن ئەو شتە بەڕوومدا بڵێن " .

لەوێ هاتینە دەرەوە بەڕاستی قسەکەی ئەو بوو گوێم لە تەپڵ و زوڕناکە ئەبوو ئەیوت ا گز .....گز ا لەدوامانەوە هەرچەندە چەند ساڵێکی زۆریش تێپەڕبوە بەسەر تێگەیشتنم لەو دوو دەنگە هیچ کاتێ قسەی ئەو پیاوەم لە بیر ناچێتەوە ئێستا هەر گوێم لەو دوو دەنگە ئەبێ وا هەست ئەکەم کە گوێم لە ئازار و ئەشکەنجەو چەوساندنەوەی ئەم میللەتەیە کە ژیانیان وەک ژەهری مار تاڵە هیچ خۆشیەکیان بۆ نەماوە تەنانەت ئەو هەوایەش کە هەڵی دەمژن بەدووکەڵی کارگەکان پیس بووە بۆیە سنگیان توند بووە ئەوەندەی تر مێشکیان تێکچووە ، تێکچووە کاتێ لە نوێژی هەینی هاتینە دەرەوە هەمیشە گوێم لەوە بوو ئەو پاڵێوراوە زمان درێژە بەڵێنی زەوی کێڵگە بەخەڵک داوە وتم :

- " ڕووبەری ئەو زەوی کێڵگانە چەندە کە بەڵێنی داوە بەشی بکات ؟ ".

وتیان :

- " 20 دۆنم بۆ هەرماڵێک " .

بیرم لەوە کردەوە و گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر کار وا بڕوات کابرا هەموو دەنگەکان بەدەست دەهێنێت ئەگەر وای وتبێ ئەوا بورهانی خۆمان تیا ئەچێ ، من بەلامەوە گرنگ نیە کەتیا بچێ ، بەلام من دەر ئەکەن ئەگەر بیر و ڕای خۆم بەسەر جوتیارەکان نەسەپێنم دوایی ئەڵێن "ئەم شێخە بەکەڵکمان نایەت با بەدوای یەکێکی گونجاو تردا بگەڕێن " بۆیە ئەبێ کارێک بکەم کە زۆر کاریگەر بێ وام لێ‌ات گەر بڕۆیشتمایەبۆ هەر شوێنێک بڵێم ئەگەر فلان پاڵێوراو 20 دۆنم زەوی ئەیات بە هەر ماڵێک کاک بورهان 30 دۆنم ئەیات ئەگەر دەری بچێنن نەک بۆ هەر ماڵێک بگرە بۆ هەر تاکێک مەبەست لەهەر تاکێک چیە ؟ واتا منداڵ ئافرەت پیاوی پیر گەنج تەنانەت منالی سەر بێشکەش ، کاتێ‌لەم شوێنەوە ئەچووم بۆ ئەو شوێن و ئەم قسانەم ئەکرد تێبینی ئەوەم ئەکرد کە خەڵک ڕێزم لێ ناگرن وەک جاران ، نەم ئەزانی کە بە دەستی خۆم چاڵ بۆ خۆم هەڵ ئەکەنم تا ماوەیەکیش لەمەو بەر ئەو ڕۆژنامە کۆنانەم لا مابوو کە وێنەی منیان بڵاو ئەکردەوە لە ژێر ناونیشانی" شێخی کەڵکچی " ئەو شتانەی دەربارەم نوسرابوو " دەستگیر کردنی پاشا زادە وەک شێخێک " ئەم ڕۆژنامەیان نووسیبوویان " پاشا زادە خۆی پیاو چاک داناوە و ئافەرتی بێ عەقڵی هەڵ خەڵتاندوە " بەلام ڕۆژنامەی تر هەبوو زیادی بۆی ڕۆیشتبوون و نووسیبویان " خەڵک هان ئەدات دژی کۆمار و شۆڕش " چۆن کەوتمە ئەم تەڵەیەوە ، لە ئافرەتانەی کە لە لادێ‌کانی ئەنیشت ئەهاتن تاوەکو خزمەتم بکەن دانەیەک هەبوو ناوی " فادیە " بوو من زۆر ئافرەتی مەکر بازم بینیبوو تا ئەو تەمەنە ، بەلام بەلام وەکو ئەو هیچ کەس لەو نەئەچوو کاتێ‌کە شێخ سەعیدی موبارەک بم هیچ ئافرەتێ ناتوانێ نەیەتە ژێر



Scanned by CamScanner

بارمەوە چونکە بەم کارە لە گوناه و خراپەکانیان لەسڕینەوە بۆیە لەم ئافەرتانە کە سەرەتا بۆ خزمەتکردنم هاتبوون لە نێوان خۆیاندا پێشبڕکێ ئەوەیان لەگەڵمدا ئەکرد کە بێنە باوەشم یەکەم جار شێخایەتی بۆ من نان پەیدا کردن بوو ، چاوم ئافرەتی ئەئەبینی خۆم وام لە خۆم کردبوو ئاوەکو بەرگەکە باش بکەمە بەرم بەڵام پاش ئەوە چی ڕوو ئەدات ؟ مرۆڤ ئەگەر هەر نان بخوات و دابنیشێ و بنوو بدات و بخەوێ ئەمانە هەمووی هۆشی بەرەو ئەوە ئەبەن کە هەندێک پێداویستی تر ماوە کە پڕیان بکانەوە ئەمانە دەبنە هۆی دروست بوونی .

سەرەتا گرنگیم بە هیچ ئافرەتێک نەئەدا ن چەند جوان بووایە ، چەند سەرنج ڕاکێش و مەکر باز بووایە ئاغا ئەوەی لە یاد نەچوو کە سەرنجی ئەوە بەلامدا ڕابکێشێ ، باسی چیرۆکێکیبۆ کردم ، باسی ئەوەی بۆ ئەکردم کە چۆن تەماعی کردبووە ژنی سواڵکەرێکەوە ، سواڵکەرەکەی تەواو خستبووە ناز و نیعمەتەوە ئاو نانی ئەدایە و پارەی بۆ بڕیبوویەوە دیار بوو کەمەبەستی لە من بوو ، من ئەمزانی کەئاماژە بەچی ئەدات بەڵام ئاغا هەر بەۆەوە نەوەستا وتی :

-" یا شێخ ئەی ئەو کەسەی حەز ئەکەم ڕیشی بسوتێنم ڕیشت پڕ بووە لە جانەوەر ناتوانی لە مەودوا بە تەنیا بمێنیتەوە وەک بیستومانە کاری خۆت چاک ڕێک خستووە لەگەڵ ئافرەتەکاندا ، ئاوان ئاوانی تۆ نیە ، کاتێ پێویستیمان بە شێخ بوو بە زەیمان بە حاڵتا هاتەوە ، وتمان با خواردنی لەسەر ئێمە بێ ".

من دەستم ئەهێنا بە ڕیشما و وتم :

-" ئەستەغفیروڵا .... ئێمە لەو کەسانە نین ، من یەک هەنگاو نانێم تاوەکو دەست نوێژم نەبێ ، ناتوانین دەرپێمان بە پیسی دابکەنین ".

ئاغا پێکەنی وتی :

- " پەرداخەکەت بەرز بکەرەوە و چەنە مەیە منیشت فێر کرد کە ئەبێ چۆن خواردنەوە بخورێتەوە تۆ کە هاتی بۆ ناوچەکەمان ئەهلی شەرەف نەبوویت ، بەڵام چیمان بکردایە ؟ لەکاتێکدا هاتی کە بەدوای گەوادێکی سەر سەری وەک تۆدا وێڵ بووین ".

بەڵێ پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتەکان باش بوو بەڵام لم فادیە یە ، ئاخ لەدەست فادیە ئاخ ، وەکو مار پێچی ئەدا ، لەدوایدا زانیم کە ئەمە تەڵەیە ، بەڵام کاتێ زانیم کە کار لە کار ترازا بوو ، چاوەڕێی کاتی گونجاو بوو تا بمخاتە تەڵەکەوە ، چیتان پێ بڵێم دەربارەی فادیە پێستێکی ئەسمەر لەش و قەدێکی بارێک کەئەمویست لێی نزیک ببمەوە ڕووی ئەکردە قیبلەو ئەیوت " الله اكبر " شێتی کردم ئەم ئافرەتە بەسە منت تواندەوە کاتێ کە گەمارۆم ئەدا تاوەکو بەدرۆوە دەست نەکات بەنوێژ کردن ئەیوت " بەڕۆژووم " ئەموت :

-" کچێ بەڕۆژووی چی ڕەمەزان زۆری ماوە ... ".

ئەیوت :



Scanned by CamScanner





" من سێ مانگەکە بەرۆژوو ئەبم "

ئەمووت :

-" کچێ سێ مانگەکەش جارێ ماویەتی " .

ئەیوت :

" بەخێر هاتنی ئەکەم " . زۆر پەست بووم لە باوەڕی ئەم کچە وا خۆی نیشان کە زۆر باوەڕ دارە جارێکیان فرسەتم لێ هێناو دانەیەکم کێشا بەسمتیا دەستم لەریەوە بەدەست ئەو لەرینەوانەی کە کردی ، بەرگەی ئاگری ناگرم . کە توورەی ئەکردم ئەمنارد بۆ لادێ‌کەیان ،بەڵام بەرگەی ئەوەشم نە ئەگرت خۆم ئەکرد بە نەخۆش و لەجێ دا خۆم ئەخست و ئەموت :

- " فادیەم بۆ بانگ بکەن ، ئەمەوێ ئەو خزمەتم بکات " .

کە ئەهات هەمان قاوەن دەستی پێ ئەکردەوە ئەو کاتەی زۆر هیلاک ئەبووم لە ئەملاو ئەو لاکردن بۆ بانگەشە کردن بۆ کاک بورهان رۆژێکیان فادیە هاتبۆ لام و تی :

- " شتی وا ئەستەمە " .

ئەم ویست بەهەر شێوەیەک بێت خۆی بدات بە دەستەوە وتم :

-" باشە تۆ موسڵمانیت ؟ " .

وتی :

-" بۆچی ؟ موسڵمانم لە خوا بەزیاد بێت " .

وتم :

-" کچێ ئەم ئیسلامەتیە چیە تۆ هەتە ؟ موسڵمان چۆن وا ئەبێ ئاوا دڵی ڕەق بێت ؟ خوا ئەتکات بە تەختە و دار و دۆزەخەت پێ گەرم ئەکات ها ... " .

وتی :

-" بۆ ...؟ " .

وتم :

-" ئاخر دڵی شێخ سەعیدت سوتاندووە و کردوتە بە خۆڵەمێش " .

وتی :

-" باشە ئاینی ئیسلام دەست خستنە سەر ئافرەتی حەڵاڵ کردووە ؟ " .

وتم :

-" ئەمە یانی چی ؟ ئیسلام ڕێ داوە کە چوارمان بەرکەوێت " .

وتی :



Scanned by CamScanner

-" ئەوە بەحەلالی ".

وتم :

- " تۆ جارێ وەرە ! دوایی قسە لەسەر ئەوەش ئەکەین ".

وتی :

-" نابێ ئەوە حەرامە ".

من نەم ئەزانی کە ئەمە تەڵەیە و بۆ من دانراوە کاتێ کە زۆرم کرد خۆی دا بەدەستەوە بۆ بەیانی ئەبوایە هەستامایە و بچووامایە بۆ دلاێکانی تر فادیە هەر لە جێگەدا مابوویەوە کاتێ کە ویستم هەڵسم قاچی گرتم و نەیهێشت ، زوو زووش لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد نەم ئەزانی ئەو سەیرکردنانە بۆ چی بوو ؟.

بەسە کچێ نوێژی بەیانیم لە دەست ئەچێ ، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی فادیە بە هەموو شێوەیەک ئەیویست کە نەچمە دەرەوە ، لە ناکاو گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو ، لە دەرەوە لەگەڵ میل هێنانەوە گوێم لە هاوار بوو ، فادیە بە پێکەنینەوە ئەیوت :

- " تەواو چوار دەوریان یاوین !! " .

من زۆر ترسام لەو قسەیە ، بەڵام هاوار و دەنگە دەنگەکە هەتا ئەهات زیاتر ئەبوو ، فادیە هەر بە پێکەنینەوە ئەیوت :

- " هاتن بۆ مان ، یا شێخ ئادەی موعجیزەیەکمان نیشان بدە بزانین ".

تەواو لە ڕێزمی کەم کردەوە ، من ڕووت و قووت بووم بەدوای جلەکانمدا ئەگەڕام ، دیار نەمابوو زۆر شڵە ژا بووم لە ناکاو دەرگا درا بەیەکدا و هاتنە ژوورەوە پۆلیس و ئەنجومەنی لادێۆ خەڵکی لادێکە هەموویان هاتنە ژوورەوە و هەموویان پیاو ئافرەت و بوون هەر چەندە ئەمویست نەجوڵێم و خۆم تێک نەیەم چونکە شێخم ، بەڵام بەدەرپێکەمەوە فڕیان دامە دەرەوەی ماڵەکە دەستیان کرد بە لێدانم وتم :

- " بوەستن بێ باوەڕینە مەکەن چی ڕوویداوە ؟ ".

خۆزگە وام نەوتایە ئەوەندەی تر بە لوولە تفەنگ و قایش و پێڵاو و بەرد و دار لێیانەکەم زیاتر بوو ، سەروگوێلاکم نەما ئەیان وت " دوژمنی شەرەف ، شێخی درۆزنەکان " بەهەزاران جوێنیان پێ دام ، ئەو پیاوانەی کە پاسەوانی ماڵەکەمیان ئەکرد ئەوان زیاتر لێیان دام ، ئەو پاسەوانانەی کە خۆم خواردنم ئەدانێ ، لەبەردەم دەرگاکە ئەوەستان و ئەوەندەی ماوەی شێخیاتیەکەم تێپەڕاندبوو وام ئەزانی کە خۆم خواردنم یاوەنتێ ، گەورەی پاسەوانەکانی ئاغایش لەوەلاوە بە بێ بەزەیی لێ ئەدام ، ئەتوت خوا دروستی نەکردووم ، وتم :

-" مەکە کاکە ئەزانی چەند گوناحە لە شێخ بدەی ؟ ئەو دەستەی بەسەر شێخدا بەرز بێتەوە ئەبێ بە بەرد ".

وتی:

-" هەتیو من 10 شێخی وەکو تۆ دروست ئەکەم کێلگەی کێ دابەش ئەکەی گەوادی کوڕی گەواد ".

لەسەر ئەم وەڵامەی بە لێدانەوە هۆشم هێنایەوە ، خۆم کە مەبەستی چییە ؟ ئەو چاڵەی کە بەدەستی خۆم بۆ خۆمم هەڵکەندبوو ئەم ئەزانی .

وتی :

-" کوڕی سەگ ، قابیلە پارەی باوکتە دابەشی ئەکەی ؟ ".

خەڵکەکەش لەو خراپتر لە منیان ئەدا ئەو خەڵکەکەی کە ڕقیان لە ئاغا و حکومەت ئاسایش بوو ، لەگەڵ ئەواندا لە منیان ئەدا ئەزانن بۆ ؟؟ چونکە زۆری نەخایاند ئەو درۆیەی شێخەکەی خۆیان دروستیان کرد !! . خەڵکەکە زیاتر لە منیان ئەدا ، چونکە تووشی ڕمان بوو بوون نەیان ئەتوانی ئەو پەسەند بکەن ، کە ئەو شێخەی خۆیان دروستیان کردبوو بڕوایان بە درۆکەی خۆیان هێنا بوو ، بەڵام ئەمیان لەبەر بەرژەوەندی ئاغا بوو ئەو بەرژەوەندەیەی کە ئەم ئەزانی چۆن تێکم داوە؟!! خۆم کرد بەبوراوە خۆمم بەدرۆ لە هۆش برد چونکە ئەمزانیکە هەتا چاوم کراوە بێ ! لەوانەیە بمکوژن ، ئەمە دوای ئەوەی کە هاوارم کرد :

-" تو خوا .... لێ بومەوە ".

ڕاکشام لەزەویدا پۆلیسەکان وتیان :

- " بەسە ڕاوەستن ئەم گەوادەمان بە زیندویی ئەوێ ".

لە دڵی خۆمدا ئەموت " ئەم کابرای پۆلیسە چەند پیاوە خوا لێت ڕازی بێ کورم " هێشتا شێخایەتیەکە لە ناوما بوو ، بە زەبری شەقەیش نەهاتبووە دەرەوە ، ا ئەزانن مرۆڤ لەو کاتەنەدا هەست بە چی ئەکات ؟ هەست ئەکات کە ستەم لێکراوە بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بەوەش ئەکات کە لەگوناهەکانی پاک ئەبێتەوە دوو بۆچونی دژ بەیەکن بەڵام لەژێر کاریگەری شەقدا دروست ئەبێت ا یەکێک لە ئاسایشەکان هاواری کرد :

-" قائیمقام بەدری ئەم ساختە چییەی بە زیندویی لەوێ بهێنن بۆ بنکە ".

لەسەر ئەم قسەیە دارەکان هەڵگیران لەسەر سەرم ، بەڵام سەتڵێ ئاوی ساردیان پیا کردم تا بێمەوە هۆشی خۆم هەموو گیانم تەڕ بوو ژێریشم بوو بە قوڕاو یەکێکیان هاواری کرد و وتی :

-" بیبەستنەوە ڕای کێشن ئەم کافرە .. ".

ئەو زاڵمانە نەیان هێشت هیچ لەبەر بکەم پایانە دەست کابرایەکی پۆلیس کە بەسوار ئەسپێکەوە بوو ئەویش بەدوای خۆیدا ڕایکێشام ئەیوت :



Scanned by CamScanner

- " برۆ هەتیو ، سەگی کوڕی سەگ وا ئەزانی ئێمە لەگوێی گادا خەوتوین ؟ ".

من لە نێوان پۆلیسەکان ئەڕۆیشتم خەڵکی لادێکەش بەدوامەوە بوون پێم پەتی بوو ئاو دایگرتبووم ، قوڕ بەهەموو گیانمەوە نوسابوو بنی پێم خوێنی لێ ئەچوڕا ئەکەوتم و هەڵئەسامەوە پاڵیان پێوە ئەنام و مشتە کوڵەیان پیا ئەکێشام دوای ئەوەی 3 چارەک بەو شێوەیە بەڕێوەبووین ، گەیشتینە شارۆچکەکە ، خەڵکی شارۆچکەکە لەبەردەم بینای ئاسایشدا کۆبوونەوە ، وەک ئەم زانی خەڵکی ئەم شارۆچکەیە بەو ژمارەیە نەبوون کە کۆبوونەوە ، کەواتە تیایاندایە کە لە لادێ نزیکەکانەوە هاتووە تاوەکو بمبینن چونکە خەڵکی ئەم ناوچانە هیچ شتێکیان نیە کە سەرقاڵیان بکات و خەمی ڕۆژانەیان بیربەرێتەوە ، بۆیە ئەمەی بەسەر مندا هات لە تەمەندا یەک جار ڕوو ئەدات بەلای ئەوانەوە ، هەر کە گەیشتمە ئەوێ هەموویان هێرشیان بۆ هێنام و خەریک بوو لەت و پارچە پارچەم بکەن ، زۆری نەمابوو ، هەر چەندە لەدواییدا بیرم لەوە کردەوە کە ئایا ئەم خەڵکە بۆچی ئاوا هێرشی بۆ هێنام ؟ویستیان بم کوژن ،ئەوان نامناسن ، منیش هیچیم لێان نەکردووە ئەگەرکارەکە وابێ چییان لە من ئەوێ ؟ وا پەلاماریان دام وەکو تینو بن بۆ خوێن بۆ کێشانی گیانم؟ ، من وای دائەنێم کەئەوان ئەیان ویست تۆڵە لە چەوساندنەوەیان بکەنەوە ، تیا چوون وهەژارییان بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە لە و هاو شێوەکانم ،بۆ ئەوەی ناخیان بەتاڵ بکەنەوە و ئاسوودە بن ، بۆچی ئەمە هات بە مێشکما ؟ ئەمە هات بە مێشکما کاتێ کابرای پاڵیوراوم بیر کەوتەوە کاتێ باسی ئەو دەنگەی بۆ کردم کە لە تەپڵ و زوڕناکەوە دێ ! گز.... گز ! ئەو خەڵکەش تووشی ستەم بوون ئازار دراون تا ئەو ڕادەیەی حەز بە تۆڵەسەندنەوە بکەن ، بەمە و دژی پاسا بوەستن بەڵام ئەگەر هەوڵی تۆڵە سەندنەوە بدەن ئەوەندەی تر پان ئەکرێنەوە ، بۆ ئەم هۆیە ، کاتێکە دەستگیرا بەسەر ئەو کەسەدا کە حوکمەت تاوانباری کردووە ، ئەوان ئەزانن کە حکومەت منی بە زیندویی ئەوێ بۆیە تاکە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی داخ بکەن بە دڵی حکومەتدا و لەکەداری بکەن ئەوەیە کە من لەت و پارچە پارچە بکەن بەو شێوەیەش داخی دڵیان بەحکومەت ئەڕێژن و لەڕێی منەوە هەر چییەک بێ ئەو کەسەی کە ئەمان لێ ی ئەدەن زۆر گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە تا حکومەتیەت بە هانامەوە ئەوان کۆتاییان بە ژیانم هێنابێ و حکومەت نەیتە سەر ڕێیان تا ئەو کارە ئەنجام ئەدەن و لێکۆڵینەوەشی کرد ، کێ ئەزانێ کێ وای کردووە ؟ ئەو کاتە ئەوە تۆڵەیە لەمەسەلەکەش ڕزگاریان ئەبێ و هەست بەسەر کەوتنێکی نائاسایی ئەکەن بەسەرحکومەتدا هەروەک چۆن کابرای دارەکە ئەی کێشا بە تەپڵەکەدا لە مێشکی خۆیدا وای دا ئەنێ کە کێشاویەتی بەسەری‌کەسێکدا کەکابرا خۆی ئەزانێ کێیە !!! منیش زۆر جار هەستم بەوە کردوە ئەوەندە تووشی ستەم بووم ، حەزم ئەکرد شۆڕشێک بەرپا بکەم ، بەڵام لە کێ ؟ زۆر جار ڕووی داوە لێم کە بەدیوارما کێشاوە ، گازم لە دەرگا گرتووە کە پۆلیس لێی داوم ئەگەر چی لە جێی ئەو دیوار و دەرگایە مرۆڤ بوایە دام ئەنا بەسەبەب کاری هەموو ئەو ستەمەی کە بەسەرما هاتووە و کابرام ئەخنکان ، بەڵام کاتێ لەبەردەم بیناکە لێیان



Scanned by CamScanner





ئەدام بیرم لەمە نەئەکردەوە بەڵکو بیرم کردەوە کە چۆن روحی خۆم رزگار بکەم ؟ بەڵێ پۆلیسەکان نەبوونایە لەت و پارچەیان ئەکردم هاواریان لێ ئەکردن و ئەیان وت :

-" دوور کەونەوە لێی ئەوەی دەست بۆ ئەم بێ شەرەفە بەرێ تووشی سزا ئەبێ ئیشمان پێەبێ ".

کاتێ کە رایان ئەکێشام بۆ ناو بیناکە خەڵکەکە ئەپارانەوە و ئەیان وت:

-" هیچ نەبێ با تفێک بکەین بەسەروچاویدا ! ".

ئافرەت و پیاو منالْ و پیر هەموو تفیان لێ ئەکردم ، چونکە من دوژمنی شەرەف بووم ئەو ئافرەتانەی کە تفیان لێ ئەکردم تۆڵەیان لەو کەسانە ئەکردەوە کە هەڵی خەڵتانوون ، یان بەزۆر دەست درێژیان لێ کردوون ، پیاوەکانیش هەر ئاوا ، ئایانەوێ فرسەتی وا لەدەست بدەن کە بۆیان رەخساوە تف کردن لە پیاوێک لە جیاتی خەڵکی تر کەئەمان نەیانتوانیوە تف بە دەم و چاویاندا بکەن، بۆیە هەقیان بۆ شەرەفیان لە من کردۆتەوە ، بەو شێوازە ئەزانن گورگە برسیەکان چۆن یەکتر ئەخۆن ؟ ئەمە پیاوێکی زیندانی بەتەمەن کە لە زیندان لەگەڵما بوو بۆی گێرامەوە کاتێ هێشتا تازە بووم ، من خۆم هیچ فەرمان بەرێکی میریم نەبینوە و نەبیستووە کە دادگایی کرابێ بەتاوانی پارە دزین ، یان بەرتیل وەرگرتن یان خراپ بەکار هێنانی کارەکەی دان بەتاوانەکەی خۆیدا بنێ ئەگەر لێت بپرسینایە ئەیان وت کە بێ تاوانن بەڵام تەنیا یەکێک لەوان کە ئەم پیاوە بەتەمەنە بوو دانی بە تاوانەکەیدا نابوو ، ئەیوت بەڵێ‌بەرتیلم وەرگرتووە ، بەڵام بەتەنیا من وام نەئەکرد، هەموو فەرمانبەرکانی دەزگا بەرتیلیان وەرئەگرت ، هەریەکیان و بەپێ پلە و پایەیو پۆستی خۆی کاتێ کە کەس نەما بەرتیل وەرگرێ دایەرەکەی ئێمە نەبیستێ ئەبوایە قوربانی بدرایە ، بەیکێک لە کارمەندەکان بۆفریا کەوتنی ئابرِوی دەزگاکە ، هەروەها ئابرِوی کارمەندەکانی تریش ، کەسیان نەدۆزیەوە جگە لە من نەبێ ، بۆ ؟ چونکە لە هەموویان بێ دەسەڵات تر و کەمتر بەرتیلم وەرئەگرت ،ئەمە تەواو لەوەئەچێ کە کاتێ گورگەکان یەکتری ئەخۆن !! لە رۆژگاری زستانە سەختەکاندا کەلە گورگ ئەچچن بەهەموو لایەکدا بۆ ئەوەی نێچیریکیان دەست کەوێ ، کاتێ کە هیچیان دەست ناکەوێ هێرش دەبەن بۆلادێ‌کان ئەوە کاریگەری برسیتیە ئەچن تا لەوێ لەکولانەی مریشکەکانەوە و لەوەرگاکان شتێکیان دەست بکەوێ ، بەڵام لەو کاتانەدا خاوەنی ئەوگیانداارانە لەبەرسەرمای زستان زۆر چاک پەنای داون بۆیە کاتێک کە لەو پێش هیچیان دەست ناکەوێ ، لەسەر شاخێک کۆ دەبنەوە وە دەست دەکەن بەدیقەتدانی یەکتر ، ئەوە روانینی گورگە برسیەکانە تێروانینێک کە چاو تیایدا ناتروکێ‌ئەگەر دانەیەکیان هیلاک بوو یان هەڵەی کرد و بۆ تەنها چرکەیەک چاوی تروکاند گورگەکان پەلاماری ئەدەن و لەت و پارچەی ئەکەن بۆیە کەسەیری گورگ دەکەیت ئەبینیت چاویان ئەبریسکێنەوە ئەوەش لەترسی ژیانی خۆی چەند کات ژمێرێک بەو شێوەیە ئەمێننەوە بەڵام لەکۆتاییدا هەرە لاوازەکەیان سەر ئەخات و لە تاو برسیەتی و هیلاکی ناتوانێ بەرگەیئەو خەوە بگرێ کە بە چاویدا



Scanned by CamScanner

پێت و چاوەکانیدا ئەخات بەلای گورگەوە ، ئەگەر دانەیەکیان چاوی تروکاند ئەوە بەمانی ئەوە دێت کە ئەو دانەیان خۆی بەمردن تەسلیم کردووە ، یەکسەر ئەکەونە گیانی و لەت و پارەچەی ئەکەن و ئەیخۆن و جارێکی تر دەست ئەکەنەوە بەدیقەتدانی یەکتری هەریەکەو سەری لاتەنیشتەکەی ئەکات ئەم کارە شەو رۆژ بەردەوام ئەبێ جارێکی تر کاتێ برسیەتی و خەو دانەیەکی تریانی ئەگرێتەوە ، ناتوانێ بەرگری بکات و چاوی دا ئەخات ئەمجارە سەرەی ئەم یەت هاورێکانیشم لە فەرمانگە چاویان دە لەسەر دە لێ کردمەوە هەتاوەکو خۆیان ڕزگار بکەن، هەموویان چاودێری منیان دەکرد کەلە هەموویان هیلاک تر و بێ دەنگ تر بووم . قەت ئەم قسانەی ئەو زیندانیە بەتەمەنەم لە بیر ناچێتەوە . دوای ئەم هەموو ساڵانەی کە تێپەری ئێستا ئەک گورگە بەهێزانە هێرشیان بۆ هێناوم ، میللەتەکەشمان وەک ئەوە وایە کە بینیان دەستم بەستراوە وە لەبەردەمیاندا پەلاماریان دام و لێیان دام تفیان لێ کردم . بەم کارەیان وایان زانی کە تۆڵەی خۆیان لەسەنەنەوە ئەگەر پۆلیس نەبوایە لەت و پارچەیان ئەکردم سەریشم خوێنی لێ ئەهات لەو تاشەی بەردەی کە کێشیان بەسەرمدا ، پۆلیسەکان بە پلیکانەی ناو بنکەکەدا ڕایان کیشام ، کاتێ کە تەواو هیلاک بووم خۆم لەبەردەم دووپۆستاڵدا بینیەوە تەواو ناسیمەوە پۆستاڵەکانی قائیمقام بەدری بوون ، دەستم برد بۆ پۆستاڵەکانی وەکو کەسێک کە خەریکە ئەخنکێ و ئەیەوێ ڕزگاری بێ وتم :

-" تکات لێ ئەکەم گەورەم فریام کەوە .... ژیانم ڕزگار بکە ز...".

بەلام بە تاکێ لە پۆستاڵەکانی شەقێکی تێ سراوەندم و سەرمی خولاندەوە ، زانیم کە هیچ هیوایەکم نەماوە . بەراکێشان بردمیانە شوێنێکی تاریکەوە و دەرگایان لەسەر داخستم بە تەنیا مامەوە دوای ئەوەی کە بەزەوییەکەدا ڕائەکشام و خشکەم ئەکرد بیرم ئەکردەوە و ئەمووت " چیم کردووە من ؟ چ زەرەرێکم گەیاندووە ، و ئازارای کێم یاوە تا ئەم هەموو بەلایەی بکەوێ بەسەرما " پاشان لە هۆش خۆم چووم . نازانم ئەو ماوەیە چەندە بوو کە لە هۆش خۆم چووم ، ؟ کە هۆشم هاتەوە بینیم پۆلیسێک بەنەکەی دەستم ئەکاتەوە و ئەیەوێت هەلم سێنێتە سەر پێ ، بەزۆر هەڵی ساندم و بردمی بۆ ژوورێک لە نهۆمی سەرەوە کاتێ سەیرم کرد ، بەدری لەبەردەممدا وەستاوە و هەردوکمان بە تەنیا مابەوە لە ژوورەکەدا وتی :

-" هەتیو تۆ خۆت ئەکەیت بە شێخ و ئەڵێی من لە نەوەی پێغەمبەرم و ئەو لادێیە داماوانە هەڵ ئەخەڵێنی ؟ "

وتم :

- " من ؟؟ "

وتی :

- " ئەم .... باوکت .... !! ".

وتم :

- " ئەمە درۆیە گەورەم ".

وتی :

- " درۆیە ..؟ ئەی کە لەسەر سکی ئافرەت ئەنوسیت و ئەڵێیت سکت ئەبێ هەر درۆیە ..؟ ".

هاواری کرد ئافرەتە شکات کەرەکە بێنن ، قادیەیان هێنا چی لەبرکرابوو وەک تووتی هەمووی وتەوە وتی کە من هەڵم خەڵەتاندووە بەوەی کە لە پیاو چاکانم و پێم وتووە وەرە با دوعا لەسەر سکت بنوسم وە ئەو خەڵکە لادێکە لەسەر هاواری ئەم ڕایان کردووە هاتوون بە هانایەوە و منیان گرتووە لە ژووری نوستنەکەدا کە بەڕووتی ڕام کردووە بە دوای قادیە ویستوومە دەست درێژی لێ بکەم ، پاشان لای پۆلیس شکاتیان کردووە ، هەروەها من دژایەتی پاساو شۆڕشەکانی کۆمار دەکەم و داوای ئەوە دەکەم کە ئیمامێک ڕابەرایەتمیان بکات ، شایەتەکان هاتن و شایەتیان دا لێکۆڵینەوە و کراوە دۆسیەم بۆ کرایەوە دوای ئەوەی کە هەموویان چوونە دەرەوە ، من و بەدری جارێکی تر بە تەنیا لە ژوورەکە ماینەوە من چونکە لە ژیانم بێزار بووم وتم هەرچیەک ئەبێ با ببێ بە بەدریم وت :

-" بەدری ... سەیرم کە ... ".

قائیمقام ویستی ئاگادارام بکاتەوە کە بەو شێوازە قسەی لەگەڵ دەکەم و ڕێزم لێ نەگرت نەڕەیەکی کرد بە سەرما بۆ ئەوەی بم ترسێنێ بەڵام من بە مێشکێکی ساردەوە لەسەر کورسیەکەم دانیشتم و وتم :

-" گرنگ نیە بەلامەوە هەرچییەک بکەی ، تۆ ئەزانی من کێم منیش ئەزانم تۆ ا بەدریە گەڕی ا بەسە ئەم یاریی کردنەمان لەگەڵ یەک من ڕاستی تۆ ئەزانم لەوەتەی برادەربووین لە قوتابخانە ،چەندەها ساڵ من تۆ برادەربووین ، هەرچییەک ڕوویداوە تازە ڕۆی تۆش ئەوەی ویستت کردت ، بەڵام من ئەمەوێ تەنیا یەک شت بزانم زۆریش حەز ئەکەم بیزانم ، من چیم کردووە و زەرەرم بە کێ گەیاندووە تا ئەم هەموو بەڵایە بهێنێ بەسەرما ".

دیار بوو کە ئەم قسانەی کە کردم هەستیارییەکی زۆری پێوە دیار بوو بۆیە چاوەکانی بەدری پڕ بوو لە ئاو وتی :

-" تۆ نازانی چەندەم خۆش ئەوێی ...؟! ".

خەریک بوو بگری وتم :

- " تۆ منت خۆش ئەوێ باشە من چیم کردووە ئێستا ؟ تۆ بڕوا بەوە ئەکەی کە من داوای ئەوەم کردبێ ئیمامێک ڕابەرایەتی وولات بکا ؟ "

وتی :

- " بڕوا ناکەم ... ".



Scanned by CamScanner

وتم :

-" ئەی بڕوا ئەکەی کە نزام لەسەر سکی ئافرەت نوسیبێ ؟ ".

وتی :

-" نە ... بڕوا ناکەم بەڵام من چی بکەم ؟ من زۆر ئازار ئەچێژم لەبەر تۆ ، تۆ ئەو کەسە نیت کە ئەم هەموو شتانەی بەسەردا بێت ،بەڵام هاوڕێتی شتێکە و ئەرکی نیشتمانی شتێکی ترە ، من ئێستا بەڕێوبەری کارەکەمم ، دۆسیەکەت زۆر لە مێژە هاتووە بۆ ئێرە ، منیش ئەم ئەزانی کە تۆ هاوڕێی قوتابخانەمیت ، تەنانەت پێش ئەوەی کە بێم بۆ سەر شاخ ئەو هاتنەیشم نەخشیەکی دارێژراو بوو ، لە ناکاو لەگەڵ ئاغا لەسەری رێک کەوتین !!".

وتم :

- " باشە ئەم یاریەتان بۆ لەگەڵدا کردم ؟ خۆ من نەمویستووە ببم بە شێخ ! بەڕووتی منتان گرت لەسەر شاخەکە و بەزۆر منتان کرد بە شێخ ! ".

وتی :

- " ئەمە ئەچێتە نێو بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانەوە ، بەرژەوەندی نیشتمانی باڵا وای پێویست ئەکرد لێمان ،دروست نیە ئەم قسانەت بۆ بگێڕمەوە ، چونکە ئەمانە نهێنی دەوڵەتن ، بەڵام کە من ئەمانەت پێ ئەڵێم لەبەر ئەوەیە کە متمانەی تەواوم هەیە بە شەرەف و نیشتمان پەروەریت ، من ئەزانم کە تۆ بەکەس ناڵێت کە قائیمقام بەدری ئەمانەی بە من وتووە ، ... ئەو کاە پێویستمان بە شێخ بوو ، ئاغا تۆی بۆ دۆزینەوە ، کە زانیم برادەرمی ڕازی بووم کاک بورهانیش ڕازی بوو بۆ تۆ ، بەڵام ئێمە لە کوێوە بزانین کە تۆ ئەو پیکەرانە ئەشکێنی ؟ ".

وتم :

- " پەیکەری چیم شکاندووە ؟؟ ".

وتی :

-" ئەی ماوتە لەوە زیاتر بکەی ؟ کەس دەنگ نادات بەکاک بورهان لەمەودوا کابرات ترۆ کرد ، وات لە کاک بورهان کرد کە لە ناوچەیە کە چەندەها ساڵە شوێنی هەڵبژاردنی ئەوە و بەرسێتی کە یەک دەنگ چی تر وەرنەگرێ ! دنیات ویران کرد ... جێت بە ئێمەش لەق کرد ... ماوتە بیکەی ؟ ".

وتم :

- " چی بووە ...؟؟! ".

وتی :

- " کوڕە تا ئێستا نازانیت چیت کردووە ؟ ئەگەر هەواڵەکانم لە ئەنقەرەوە بۆ نەهاتایە منیش ئاگادار نە ئەبووم ، لێ ی لادێەکان چوون بۆ ئەنقەرە شکاتیان لێ کردویت . باشە بەو کەر و گایانە ئەوترێ



Scanned by CamScanner

زەویتان بەسەردا دابەش ئەکری و چاک سازی نیشتمانیتان بۆ ئەکری ؟ ئەبی ئەوە بوتری بەو جانەوەرانە ؟ قسە بکە ؟ ".

ئینجا بە تووڕەیەکی زیاترەوە وتی :

- " وتیانە کە تۆ پێت وتوون کاک بورهان زەویتان بەسەردا دابەش ئەکات ئەگەر دەنگی بدەنێ و سەر بکەوێ لە هەڵبژاردنەکاندا ".

وتم :

- " باشە هیچ تاوانێکم کردووە ...؟! ".

وتی :

- " نەم ئەزانی ئەوەندە کەریتا ئەم رادەیە ... زەوی کێ دابەش ئەکەی ؟ بەسەر کێدا ؟ ".

وتم:

-" زەوی ئاغا ... ئەو خۆی پێی وتم من لەگەڵ چاکسازی کشتوکاڵدام منیش رزگارم بوایە لەم شوێنە ئەچووم بۆ ئەستەنبوڵ بە پارەی زەویەکان باڵەخانەی زۆرم ئەکری وەک ئاغایەکی راستەقینە لە کری کانی ئەژیام ئای چەند ئازاری ئەچێژم بەدەست ئەم زەویە بێ کەڵک و شکانە ".

وتی :

-" بابە گیان تۆ قورت کردووە بەسەر ئاغادا ، ئاغا متمانەی پێ کردویی بۆیە نهێنی خۆی داوەتە دەستت بە دڵنیایەوە ئەو لەگەڵ ئەو چاکسازی کشتوکاڵییە ، ئەی قابیلە زۆر ئاسانە کار کردن لەگەڵ ئەو جانەوەر و وورچانەیکە لە ژێر دەستیدان ؟ تۆ وا ئەزانی جووتیار بە بەشەر دا ئەنرێ ؟ زەویەکانی ئەفرۆشت بە حکومەت و رزگاری‌نەبوو لەم نەفامانە و ئەچوو بۆ ئەستەنبوڵ تاوەکو بە ئارەزووی خۆی بژی ، بەڵام ئەم بیکردنەوانە لە ئاخیدایە ، خۆ ناچێ باسی بکات ؟ ناچێ بە جوتیارەکان بڵێ کە من زەویتان ئەدەمێ شتی وا هەرگیز ناڵێ ، ئێستا تێ گەیشتیت مەسەلە چییە ؟ ".

من مێشکم تەواو تێک چوو بوو ؟ ئەمە چیە ؟! مەتەڵە ؟!! ئاغای خاوەن دێیەکە پشتی چاک سازی کشتوکاڵی ئەکرێ و داوای دەکات جوتیارەکان ئەوانەی ئەم زەویانەیان ئەکرێ بەناوەوە ئەگەر ئەو چاکسازییە بکرێ ، دژایەتی جێبەجێ کردنی ئەکەن !! وتم :

-" باشە خۆ پاڵێوراوەکەی تر بەلادێکاندا ئەگەرێ و ئەڵێ من لایەنگیری چاکسازیم ؟؟!! ".

وتی :

- " با بۆخۆی هەر بڵێ .... بزانە کەس دەنگی ئەیاتێ ؟ کەس نایداتێ !!! ".

وتم :

- " ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە ..! ئەی ئەم هەموو رۆژنامانە چییانە ئەنووسن و داوای چاک سازی کومەلایەتی



Scanned by CamScanner

ئەکەن ؟ ".

وتی :

- " رۆژنامە کاری ئەوەیە بنوسێ ... هەر کەسەو کارێکی هەیە لەم جیهانەدا ئەم هۆیە ، با هەر کەسێک چۆن ئەیەوێ قسە بکات ، و باسی ئەوە بکات کە بیری لێ ئەکاتەوە ... ئەبێ یەکێک بلێ با چاکساری کشوکاڵی جێ بەجێ بکرێ یەکێکیش با بلێ با جێبەجێ نەکرێ ئەو کاتە دیموکراتی دەستە گیر ئەبێ ... ئەی دیموکراتی بە مانای چییە کەمزە ؟ هەتیو تۆ زەمانی قوتابخانە وەک جۆکە وابووی ! دوایی ئەم مێشکەت وا دیارە بووچ بووە ، بەدرێژایی رۆژگار ! لەگەڵ ئەم هەموو ئەقلیەتدا چۆن بووی بە ساختە چی ؟ ئەو خەڵکەت چۆن خەڵتاندووە ؟ چۆن بووی بەم کابرایەی خاوەن رابردوو هەتیوو ئەگەر لادێیەکان خۆیان زەویان ئەوێ تۆ بەزەبری هێز ئەیان دەیتێ ؟ نایەنەوێ ... بێ گومان بە لەوە ... کێ زەویان ئەیان داتێ ؟! نایانەوێ !! ".

- " بەڵێ ئێستا تێگەیشتم ! کێ کە پێم ووتن " کاک بورهان دەرچێت یاسای زەوی دابەش کردن و چاک سازی کۆمەڵایەتی بەدی ئەهێنێت " بەشێوەیەکی شەرەنگێز ئاسا سەیریان ئەکردم و هیچ ووشەیەکمان ئەدرکاند ، ئەمە هۆکەیەتی ، باشە بەڵام ئەمانە بۆچی زەویان ناوێ ؟"

وتی :

- " نایەنەوێ بێ گومان بە لەوە کێ زەویان ئەداتێ ؟ ".

وتم :

-" دەوڵەت ...! ".

- " دەوڵەت ...؟ ".

- " حکومەت ....! ".

- " حکومەت ... ترچێو هەتیو ئەگەر حکومەت باوەشی پڕ بکات لە ئاڵتون بیداتە ئەم جوتیارە دەبینگانە یەک جوتیار نایبێنی بیبات ! چونکە ئەم جوتیارانە ئەزانێ‌کە ئەگەر شتێک لە حکومەت وەرگرێ چیت لێ ئەسەنێ لە دواییدا ئەڵێ ئاڵتونم ئەدیتێ خوا ئەزانێ‌چیم لێ ئەستێنێ لەدوایدا لەوانەشە ئەو شیرەی دایکیشم پێ داوم لە لوتمی دەربهێنێتەوە . ئەم لادێیانە خاوەنی ئەزموونی چەندەها ساڵەن متمانەیان بە حکومەت نیە ئەڵێن 5 دۆنم زەویمان ئەداتێ بەڵام دوایی دایکم ئەگرێ بەسەرمدا کۆمەڵ ئەترسن ئەوان وا بیر ئەکەنەوە کە ئەگەر حکومەت زەویان بەسەردا دابەش بکات بەبێ گومان ئەمە کارێک وهۆیەکی لەپشتەوەیە . ئێستا تێ گەیشتیت ئەمە چۆنە ؟ ئاغا لە خۆشیدا دەست ئەکا بەسەما ئەگەر دەوڵەت زەوییەکانی لێ بکرێت بەڵام ئەو جوتیارەکان ئاڵێت بە شێوەیەکی نهێنی پەستان ئەخاتە سەر حکومەت تاوەکو کار بکەنبۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و دادپەروەری . بەڵام ئەمە دەر ناخات دوای ئەوە ئەگەر ئەم یاسایە جێبەجێ کرا خەمی خۆی لای جوتیارەکان دەرئەبڕی و ئەڵێ چی بکەم ...؟

ئەو زەوییانە بەزەبری هێز لێیان سەندم چەند زەویەکانم خۆشەویست بوون لە لام ، هەموویان نرخی ئالتونیان هەبوو ".

وتم :

-" بە خوا زوڵە ....!! ".

وتی :

- " ئەی زوڵە ئەی چی ..؟ بۆ تۆ زا ئەزانی زۆر ئاسانە پیاو ببێ ئە ئاغا یان قائیمقام لەم شوێنانەدا ، نای لەوەی کە لێرە ئەیکەین کورم ئیشەکەمان تەنیا ئەوە نیە کە کەسێک دەستگیر بکەین لەبەر ئەوەی بە شێوازێکی ناشرین سەیری ئێمەی کردووە و باسی کردووین ! ".

وتم :

- " من ئەمەوێ ئەو پرسیارەت لێ بکەم ، تۆ خۆت پشتی چاکسازی کشتوکاڵی ئەگریت ؟ ".

وتی :

- " بێ گومان ئەم جوتیارە داماوە چۆن ئەژی ئەگەر لە داهاتوودا ئەو یاسایە جێبەجێ نەکرێ ؟ بێ گومان بە لەوە ! ".

وتم :

- " تۆ پشتی چاک سازی ئەگریت و داوای ئەکەیت ، ئاغایش داوای ئەکات جوتیارەکانیش لە ناخیاندا حەزی پێ ئەکەن هەووتان ئەم یاسایەتان ئەوێ جێبەجێ بکرێ ...بەلام هەر من بانگەشم بۆ کرد بەلا ئەما بەسەرما نەیەت ، من لە بار و دۆخی جوتیارەکان ئەزانم تێگەیشتم کە متمانەی بە حکومەت نیە ، ئەشزانێ کە حکومەت و ئاغا لەسەر یەک ڕێڕەوەن ، ناوێرێ بە ئاشکرا بڵێ کە داوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەکات ؟ باشە ئەو هۆیە چییە کە وا لە ئاغا دەکات وا خۆی نیشان ئەدات کە .. ".

وتی :

-" کاکە گیان ئەمە بێنەو بەرەیە ... وا خۆی نیشان ئەدات کە نایەوێ زەوییەکانی بحکومەت بفرۆشێ تاوەکو تۆزێک نرخی بەرز بێتەوە ، بۆ تۆ وا ئەزانی ئەم ناوچەیە وەک ئورفا و ئیجە وایە ؟ ئەو شوێنانەی ژیانی تیایە و خێر و بەرەکەتی ئەوەندە زۆرە چ لە ڕوویکشتوکاڵیەوە چ لە ڕووی کەشتیارەیەوە یێ چ لە ڕووی ماڵ و خاوەنداریەتی ، بۆیە خاوەنەکانی هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە بیفرۆشن بەلام ئەم ناوچانە وا نیە لێرە هیچ نرخێکی ئەو شتانەی تیا بەدی ناکرێ " .

ئێستا لە هەموو شتێ تێگەیشتم وتم :

-" وتم باشە ئێستا من ڕزگارم ئەبێ لەمانە ؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner

- " رزگارت نابێ تەواو تۆ لێ بویتەوە ! ".

لەو کاتەدا پاسەوانێک لەدەرگای دا لەناکاو بەدری رووی گرژ بوەوە و قسە ئاساییەکانی لەگەڵمدا گۆڕی و گەڕایەوە سەرباری جارانی بە توورییەوە وتی :

- " هەستە هاوڕێتی شتێکە و ئەرک شتێکی ترە ، کاتێ هاوڕێتی تەواو بوو ئێستا کاری خۆمان هاتووە هەستە خۆت کۆبکەرەوە هەتیو ! ".

هەستام سەرم لە قاند و دوای ئەوەی کە سەرزەنشتی چاکی کردم ، بەدەنگە بەرزەکەی کە ئەم ئەزانی لە چ شوێنێکی لەشیەوە

یەتە دەرەوە بە پاسەوانەکەی وت :

- " وەرە ژوورەوە ... ".

وتی :

-" بیبەن بۆ دادگای ئەستەنبوڵ ".

بەم شێوەیە چیرۆکی من لەگەڵ شێخایەتیدا تەواو بوو هەموو ڕۆژنامەکان وێنەی منیان بڵاو کردەوە و نووسیبویان " ئەگەر ئاسایش نەبوایە پاشازادە بەدەستی خەڵکەوە لەت و پارچە پارچە ئەکرا چونکە بۆیان دەرکەوتبوو خۆی کردوە بە شێخ و بانگەشەی بۆ شۆڕش کردوە دژی حکومەتی کۆمار و خۆی بە پیاو چاک داناوە ئافرەتی زۆریشی هەڵخەڵەتاندووە بە نزا نوسین لەسەر سکیان تاوەکو کاری خراپەیان لەگەڵدا ئەنجام بدات داوایشی کردووە کە ئیمام و مەلا ڕابەرایەتی دەوڵەت بکەن ".

پاشا زادە کە لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە تەواو بوو ڕەنگ و ڕووی تەواو گۆڕابوو ، چونکە بیری چەندەها یادگاری ئەو سەردەمەی کەوتەوە بەڵام ئەو بە منی ئەووت :

-" بڕوانە لێرەدا کێ سەبەب کاری ئەوە بوو کە من بووم بە شێخ ؟ یان چەتەکان کە پارەو پولیان پێ نەهێشتم و ئاواتەکەیان کوشتم بەوەی کە بەو پارانەی پێم بە پیاوانە بژیم ؟ یان خەڵکەکە کە خۆیان درۆیان کرد و خۆیان بڕوایان بەدرۆکەی خۆیان کرد ؟ یان ئەو برسێتی و ڕووتی کە مرۆڤ تووشی ئەبێت لەو بارەدا ؟؟ ئەی باشە بۆ ناڵێن حکومەت ویستی کە من ببم بە ساختە چی و بەرژەوەندی خۆیان لە ڕێی منەوە بەدەست بهێنن ؟!! بەلای تۆوە ئەو تەنها ڕێگەیەی کە من لە بەر دەمم بە ئارەزووی خۆم هەڵم بژارد ؟ ئێمە لەم وڵاتەدا دەستێکی نادیار هەیە بەڕێوەمان ئەبات ، خۆی ئەمان کات بەتاوانبار هەر خۆیشی دەستگیرمان ئەکات بەڵام ئایا بۆ هەر کەسێک ئەو دەستی چارەنووسە ؟ یان پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە ؟ من ئەوەندە ستەمم لێکراوە بەڕای من چارەنووسە کە هەموو ئەمانەی بەسەر مندا هێناوە ...! .

پاشازادە



عەزیز نەسین

# من لە کۆمەڵەکەمانم !!

دەنگێکی زۆر بەهێز لە هۆڵی زیندانیەکان ئەهاتە دەرەوە ، دەنگی ئەو کابرایە بوو کە جل و بەرگی ئەفرۆشت ، بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش مرۆڤ نیگەران ئەکات ، لەو کاتەوە کە شازادە هات بۆ ئێرە ئەم کابرا جل فرۆشە کە بە هەموو زیندانەکاندا ئەگەڕێ چەندەها جار بەلای زیندانیەکەماندا لە ڕۆژێکدا تێپەڕ ئەبوو ، .ئەوسا کە ئەهات بۆ لامان بەدەنگێکی نزمەوە لەگەڵ پاشازادە قسەی ئەکرد ، بەڵام دوای تێپەڕبونی چەند ڕۆژێک دەستی ئەکردەوە بە هاوار و بانگەشەی بۆ ئەو کاڵایە ئەکرد بەدەستیەوە بوو ئەی فرۆشت لە بیرکردنەوەیەکی خێرا بۆم دەرکەوت کە هۆی ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە ئەوەیە کە پاشازادە هیچی پێ نەماوە تاوەکو بیفرۆشێ ، هەرچەندە کەبە نزمی و هێواشی قسەیان ئەکرد من نمزانی چی ڕوو ئەدات لە نێوان پاشازادە و ئەو کابرا جل فرۆشە پاشازادە ئەیویست ئەو کاڵایانەی کە هەیەتی ئەم کابرایە لە هۆڵەکانی تر بۆی بفرۆشێت ، نەوەک لای خۆمان ، چونکە حەزی نەدەکرد کە ئیفلاس بوونی دەربکەوێت ، لەلای ئێمە !! وا هەستم ئەکرد کەئەم هەڵوێستە بۆیە ئەنوێنێ چونکە زیاتر شەرم لە من ئەکات ، چونکە لەوانەیە وا تێگەیشتبێ کە ئەگەر من بە ئیفلاس بوونی بزانم ئیتر ڕێزی لێ ناگرم ، لە ڕاستیدا تەنیا من بووم کە لە زیندان ڕێزم

لێ ئەگرت کەس خۆشی نەئەویست ، هەموو گاڵتەیان پێ ئەکرد و قسەی ناخۆشیان پێ ئەوت ، کە برینداری بکەن بە ئەنقەست ئەو پیاوە جل فرۆشەش بەدوای رۆژێکی وادا ئەگەڕا کە بتوانێ ئەو رەقەی خۆی بۆ پاشازادە دەربڕێ وەک ئەوەی کە تێگەیشتم لە زیندانیەکان باس ئەکرا ئەوەبوو کە هەندێکیان بەدڵنیابوو لەوەی کاتێک ئەمجارەیان هاتە ماو زیندانەوە لەو 500 لیرەیە زیاتری پێ نەبوو ، بەڵام ئەوانەی تر ئەیانووت کە ئەم کابرایە کەڵەک چی و فێڵ بازە کە لە هەموو ناخۆشیەکانی ژیان دەرباز بووەو و فێڵی لەو خەڵکە و هەموویان کردووە ناکرێ لە 500 لیرە زیاتری پێ نەبووبێ ، ئەبێ هەر لەو رۆژەدا تەواو بووبێ هەندێک ئەیان ووت بۆ پێداویستی ساختەچیەتی ئەو پارانەی هەموو خەرج کردوە ، بەلای ئەوانەوە ئەگەر کابرایەکی ساختە چی خۆی بکات بە چێشتخانەیەکدا و بایی 50 لیرە نان بخوات 40 لیرە ئەدات بەشاگردەکە و بۆی دەر ئەچێت ، چونکە 10 لیرەکەی تری پێ نەبووە ، خۆی دەرباز ئەکات و پارەکەی نادات ، بەلای منەوە ،ئەگەر پاشازادە 500 لیرەکەی سەرف کردبێت لەیەکەم رۆژی هاتنی یان نا ؟ بەڵام ئەکرێ سەرفی کردبێ لە یەکێک لەقسە نزمەکانیدا لەگەڵ جل فرۆشەکەدا چەرخەکەشی پێ فرۆشت ، بۆ ئەو رۆژە کە دیسان جگەرەیەکی گران بەهای پێشەکەش بە من کرد و خۆیشی بەدزیەوە لەجگەرە هەرزانەکەی دەرهێنا بەشقارتە جگەرەکەی داگیرساند دوای ئەم رووداوە جگەرەکانی لە نیوەدا ئەکوژاندەوە و تەواوی نەئەکرد ، بە منی ئەوت کە جگەرە زۆر کاری تێ کردووە و هەوڵ ئەدات لەمەودوا بە2 جار تەواوی بکات ، بەڵام لە ڕاستیدا من ئەمزانی کە چی ڕوویداوە ؟ ، پارەی پێ نەمابوو ، هیچی وایشی نەمابوو کە بە کابرای جل فرۆشی بفرۆشێت 1 بۆیە ناچار بوو کە تۆزێک دەستی بگرێتەوە وە لەجیاتی جگەرەیەک نیوەی ئەکێشا و ئەوی تری هەڵ ئەگرت ئەو ماوەیە کە کابرای جل فرۆش بەدەنگێکی نزمەوە مامەڵەی لەگەڵ پاشازادە ئەکرد نەئەویست دڵی بریندار بکات چونکە وای ئەزانی کە پاشازادە زۆری ماوە لە جانتاکەی دا پێ بفرۆشێ نەیئەزانی چی ڕوویداوە ، بەڵام کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پاشازادە جانتاکەشی بفرۆشێ ، لەو ساتە بەدواوە کابرای جل فرۆش ئیتر ڕێزی لێ نەئەگرت ئەوسا بە گەورەم یا بە جەنابی پاشازادە ناوی ئەبرد ،بەڵام لە دوایئیفلاس بوونی بەتەواوی پێ ئەوت " مانگا "، " شیرت پێ نەماوە پیری پەکەوتە " .ئینجا لەوە زیاتریش بۆی ئەڕۆی کەئەهاتە لامان بەدەنگێکی بەرزەوە مامەڵەی لەگەڵ پاشازادە ئەکرد ، پاشازادە ڕەنگی تێک ئەچوو ، هەوڵی ئەدا چاوی لێ دابگرێ ، و بێ دەنگ بێ بەڵام کابرا زیاتر دەنگی بەرز ئەکردەوە ، بەو هەڵوێستە کابرای جل فرۆش حەقی ژیانی خۆی لە پاشازادە ئەکردەوە بەو هەڵوێستە کابرای جل

فرۆش بەدەنگێکی بەرزەوە تێکەڵاو بوو لەگەڵ کۆکانیدا ئەیوت :

-" برا دزە شوومەکان ، هاوڕێ قوڵ برەکانم ! برادەرە ساختەچیەکانم ! ئەوی ئەوانەی کە کاری چەتە ئەکەن و پارە ساختە ئەکەن و ئیشتان تەنها بەشەو ڕایی ئەبێ ! ئەی ئەوانەی کە کارەتان تەنها



Scanned by CamScanner

خواردن و فرۆشتنی مادەی بێهۆش کەرە ! دنیاتان بە گاڵتە گرتووەتە بەر ، دەست بڵاو بێ پارەن ، ئەوا خۆشەویستەکەتان هات ، دوایی نەڵێن کە نەهاتووم نەتان بیستووە ، من ئەوەی لەسەرمە کردوومە ، هەڵسن بزانن چیم بۆ هێناون ، ئەم شتانە لەبەلاش هەرزانترن ، تەنیا مەبەستمان پارە نیە پاڵتۆیەکی زۆرچاکمان پێیە مانگی 2زستانت بۆ ئەکات بە 8 هاوین . کێ ئەیەوێ فریای بکەوێ هەرگیز شتی وا چاکتان دەست ناکەوێتەوە دوایی نەڵێن لە کوێ بووی ئەوە هاتم "

پاشازادە زۆر تێک چوو کە ئەو هاوارانەی کابرای جل فرۆشی ئەبیست . چونکە ئەیزانی کە بانگەشە بۆ پاڵتۆکەی ئەم ئەکات کاتی کە لەگەڵ مندا قسەی ئەکرد و گوێی لە هاوارەکە ئەبوو هەستا و زەردەخەنەیەکی درۆینەی لە سەر دەم و چاوی دروست کرد ، کە ئازارێکی تەواوی پێوە دیار بوو لە ژوورەکە چووە دەرەوە و وتی :

-" بە یارمەتیتان یەک خولەک رێم پێبدەن ".

من گوێم لە کابرای جل فرۆش کە بەدەنگێکی بەرز مامەڵەیان ئەکرد ئەیوت :

-" ئەم پاڵتۆیە بەرە ئاغا ! تەنیا دوورینەکەی 500 لیرە کەوتووە ! بەلاشە بۆ تۆ !!".

کابراش ئەیوت :

-" پاڵتۆی کێیە ..؟ ".

ئەویش وەڵامی ئەدایەوە ئەی وت :

- " پاڵتۆی پاشازادەیە ، دوێنێ ئێوارە ئەو مانگا پیرە جانتاکەی هیچی تیا نەما ".

بەو شێوەیە قسەیان ئەکرد و بەو دەنگە بەرزە هەتاوەکو بەئەنقەست پاشازادە توورە بکەن و هەستی بریندار بکەن بەدوای ئەو مامەڵەیەدا بە چەند ماوەیەکی زۆر زیاتر سەرنجم بەلای پاشازادە ئەچوو ، ئارەزوویەکی تەواو دروست ببوو لە لام کە ڕووە ڕاستەقینەکەی ئەم پیاوە ببینم ، بەڵام کام لەو ڕووداوانەی بۆی گێرامەوە دەم و چاوی ڕاستەقینەی ئەوە ؟ ئایا ئەو شێوەیەکیڕاستەقینەی هەیە ؟ کاتێ کە قسەی بۆ ئەکردم خۆی بە پیاوێکی چاک نیشان ئەدا لەو ڕووداوانەی کە ئەیگێڕایەوە ، بەڵای زۆری بەسەردا کەوتبوو ، بۆیە ئەم وا خۆ دەخستنەی سەر لێ شێواندم ، دیار بوو کە ئەمەش جۆرە ساختەچیەتێکی ترە کە بەسەرمندا ئەیکات دیارە لە پاڵ خۆ نیشاندان وەک دادوەر یان ئەفسەر یان پزیشک خۆی لەبەردەم مندا وەک کابرایەکی چاک نیشان ئەدات ، بەڵام چیرۆکی ئەوەی کە خۆی کردبوو بە شێت لە هەموو چیرۆکەکانی تری زیاتر سەرنجی ڕاکێشام ، ئایا ئەم چیرۆکە لە دروست کردنی خۆی بووە ؟ یان وەک ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەکەدا هاتبوو کەئەم پیاوە نەخۆشە و گرنێ ئەوەی هەیە کە چۆن دەوڵەمەند بێ بە کورترین ماوە پارەیەکی زۆر کۆبکاتەوە بۆیە ، ناتوانێ کە واز لە ساختەچیەتی بهێنێ ، هەرچەندە پاشازادە خاوەنی ڕابردوو بوو بەڵام هەرگیز نەی ئەووت کە ئەو کارانەیبە ویستی خۆی کردووە ئەیوت ئەو تاوانبار نیە بەڵکو پاڵنراوە تاوەکو ئەو تاوانانە بکات تاوانبار

کۆمەڵگایە کە هەموو دەرگایەکی بە ڕوودا داخستووە ئەو نەبووە تەنیا ئەو ڕێگایەم لەبەردەمدا بوو کە پیایدا بڕۆم ناچار بووم پیایدا بڕۆم ، لە نێوان هەموو چالاکی ساختە ئەو کاری کە کردی وەک شێت خۆی نیشان دا خستمەیە گومانەوە کە بەڕاستی حەزی لە زوو دەوڵەمەندبوون بێ کاتێک کە ئەو قسانەیکە لە ڕابردوودا باسی کردووە بیخەیتە تەنیشت ئەو هەڵسووکەوتانەی کە لە دواییدا کردوویەتی ، ئەبینی کە مانایەکی تری بەخشیوە ، باسی دەرکردنی بۆ کردم لە قوتابخانە وتی :

- " تەنانەت لەو ڕۆژگارەشەدا کە هیچ ئاواتێکم نەبووە بێزار نەبووم و بێ هیوا نەبووم ، بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئەم شارە

گەورەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەبێتە موڵکی خۆم ئەگەر هەموویشی نەبوو بە هی خۆم ئەوا بەدڵنیایەوە و نیوەی هەر بۆ خۆم ئەبێ " .

ئەو گرێیەی ناخ و دەروونی چەند جارێک و بەچەند شێوازێ دەر بڕیوە ، هەر کە لە زیندان ئەچووە دەرەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەوڵەمەند بێ ، ئەکەوێتە ناو دارمان و بێ هیواییەوە وتیشی کە هەستی بەدەوڵەمەندبوون زیادی ئەکرد هەر کاتێ کە لە زیندان ئەچووە دەرەوە ، بینیم کە ئەم قسەیەی ئاساییە کە یەکەم جار باسی کرد ن بەلآم کە کاتێ زۆر دووبارەی کردەوە کە باسی ئەم گرێیەی ناخی ئەکرد ، کەچۆن هەموو جارێ دوایئەوەی ەک لە زیندان بەر ئەبێ ، زیاتر دەبێ،هیچ ڕێگە چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی ڕاپۆرتی نەخۆشخانەکەوە ببستمەوە بەم هەستەیەوە ، کەواتە بەڕاستی شێتە ، جارێکی تر باسی ئەم هەستەی بۆ کردەمەوە و وتی :

-" جارێکیان دوای ئەوەی کە زیندانی کرابووم بە تۆمەتی کەڵەک چییەتی و ساختەکاری پاش ماوەیەک بەر بووم زۆر شڕ و شێواو بووم ، بەلآم وەک پاشا ئەڕۆیشتم بە شەقامە و هەرە قەرەباڵغیەکانی شاردا ،چونکە دام نابوو کە ئەم باڵەخانە گەورانە و ئەو دوکانانە ئەبنە هی خۆم ، ڕۆژێک لەڕۆژان ، ئەی ناڵێن شەمەندەفەر پێش ئەوەی دەست بکات بەڕۆیشتن چەند مەترێک پەتە دواوە ؟ منیش ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەرمدا هاتن بۆ ئەوە بوو کە وەک شەمەندەفەرەکە هەنگاو بنێم ، و بەرەو پێشەوە بڕۆم ، چیتر هیچ شتێ ڕێم لێ نەگرێ ، " .

کاتێ باسی ئەمەی بۆ ئەکردم گڕ لە چاوی ئەهاتە دەرەوە ئەیوت کە ئیتر ئەمجارەیان کاتی ئەوە هاتووە کەشەمەندەفەرەکە بکەوێتە ڕێ ، بەلآم دیسان بە تۆمەتی ساختەکاری ئەکەوتەوە زیندانەوە ، جارێکیان ووتی :

-" هەندێ جار کە گیرفانم بەشی ئەوەی تیا بووایە کەورگن پڕ بکەم لەبەردەم دوکان و باڵەخانە گەورەکاندا ئەوەستام دەستم ئەخستە گیرفانمەوە بیر لەوە ئەکردەوە کە ئایا کام باڵەخانەیان بکڕم ، باشە لە داهاتوودا بیکڕم ؟!" .



Scanned by CamScanner

ئەبێ کە لە ناو زیندانەکاندا هەبێ کە دەستی گیر بووبێ لە سەرکەوتنێک بەڵام پاشازادە هەرگیز بۆ ماوەیەکیکەمیش دەوڵەمەند نەبووە کاتێ پرسیاری ئەوەم لێ کرد وەڵامی دامەوە وتی :

- "جیاوازی لە نێوان ساختەچیەک و کابرایەکی دەوڵەمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ساختەچیەکە کاتێ گەیشتووە بە خاڵی سەرکەوتن دەستگیر کراوە ، بەڵام دەوڵەمەندەکە نەگیراوە کاتێ دەستی کردووە بە ساختە کاری " .

ئەم دەوڵەمەند نەبووە چونکە بە بۆچوونی ئەو هەرگیز بۆ ماوەیەک ساختەکاریەکی ڕاستەقینەی نەکردووە واتا بەویستی خۆی ساختەکاری تەواوی ئەنجام نەداوە تا دەوڵەمەند بێ بەڵکو دوور لە ویستی خۆی پاڵنراوە و ناچار کراوە کە دەست بداتە ئەو ڕێگایە ئەم پیاوە تەنیا خەیاڵی تاکە ڕێگا لەبەردەمیدا ئەستەمێک بوو کە هەر لە کاتێ گەنجیەوە زاڵ ببوو بەسەریدا ، بەدرێژایی ژیانی ئەو تارماییە هەر هەبوو ، ئەو بۆچوونەی دروست کردبوو لە هەمان کاتیشدا بڕوای پێ هێنابوو ، بۆیە بە تەنیا خۆی بە تاوان بار دانانێ ، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەش کە هەموو دەرگاکانی بە ڕوودا داخستبوو ، تەنیا ئەم ڕێگایەی بۆ خستبووە سەر پشت ، من هەمیشە لە خۆمم ئەپرسی ؟ کەئایا پاشازادە خۆی وەک کەسێ نیشان ئەداکە هەمیشە ستەمی لێ کراوە ؟ ئەمخەڵەتێنێ ؟ بەڵام باشە بۆچی ئەمخەڵەتێنێ ؟! هیچ بەرژەوەندیەکی لای من نیە ، دڵنیاش نیم کە چیرۆکی ژیانی ئەکەم بە کتێب یان نا ، هیچ ئامازەم پێ نەداوە بەوە لەلای ، باشە ئەتوانێ چیم لێ ببات ئەگەر ساختەم لەگەڵ بکات ؟ زۆر بیرم لەمە کردەوە ، لە کۆتاییدا دۆزیمەوە یان وام زانی دۆزیمەوە ، بەرامبەر بەو هەڵخەڵەتاندنەی بۆ من کە خۆم بە کەسێکی داماو نیشان دەدا ، ڕێزی لەمن وەرئەگرت، من ڕێزم لێ ئەگرت، هەرگیز وەک ساختەکارێ سەیرم نەکردووە ، وەک ئەگبەتێ سەیرم ئەکرد کە ئەم هەموو بەڵایەی لە ئەنجامی ناڕێک و پێکەیەکانی ژیانیدا بەسەری دا هاتووە خەتای کۆمەڵگەیە ن یان ئەیوست کەبەو شێوەیە سەیری بکەم ، بۆیە بە ڕووداوی جۆراوجۆر و باسی کردنیان لەلام ئەی خەڵتاندم ، بەڵام ئەم بۆچوونەی من ڕاستە ؟ ئایا منی هەڵخەڵەتاندووە ، زۆر دڵنیا نیم کاتێ کە بۆی باس کردم کە چۆن بوو لەسەر شاخ ووتی کە ئاغا پێی وتووە " ئەی لە بەیانیەوەگوێزت بۆ ئەژمێرم هەتیو ؟ بۆچی بە نموونە نیشانمان بەخۆت ئەکەیت ؟ چونکە تۆ کەوتویتە ئەو تەڵەیە ڕزگار بوونت نیە لێی ، درۆیەک دروست ئەکەیت خۆ بڕوا " زۆر ئەم دێرەی لە ووشەکانیدا دووبارە ئەکردەوە بۆ جەخت کردنەوە لەسەری بەڵام ئایا ئاغای وا هەیە لە ڕاستیدا ؟ ئاغایە ؟ ئاوا قسەی کردووە ؟ یان لە زامانی خۆیەوە ئەمەی دروست کردوە ؟ یان ئەو ئاغایە لە زمانی پاشازادەوە ئەو قسانە ئەکا ؟ ئەکرێ کە ئاغای ئاوا نەبێ ، یان لەوانەیە ڕووداوی شێخایەتیەکەی هەمووی درۆ بێ ، بەڵام چۆن ئەکرێ ڕووداوێکی ئاوا بەو هەموو وردکاریەوە باس بکرێ؟ بەو هەموو بەشە ڕاستەقینانەوە ؟ بەڵێ بەشێکی ڕاستەقینە هەیە کە خۆی حەشار داوە لە ناو هەموو درۆیەکدا کە ئەیکات ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە کە هەیە ئەوەیە ، کە من



Scanned by CamScanner

نامەوێ گوێ لە درۆکانی بگرم کەئەزانم درۆیە ، بەهۆی گومان کردنم لەوەی لە پاشازادە درۆم لەگەڵدا ئەکات بڕیارم دا کە لە پاشازادە دوور بکەومەوە ئەو ڕۆژەی ئەو بڕیارم دا ڕۆژی سەردانی خەلک بوو بۆ زیندانیەکان ، ناوی زیندانیەکان خوێندرابوە کە کەس وکاریان هاتووە بۆ لایان پاشازادە پاڵی نابووە بە دیوارێکدا و دانیشتبوو ، من لە دوورەوە بووم بۆیە ئەی ئەبینم ، هەستی پێ ئەکردم ، یەکێ لە زیندانیەکان بە پاشازادەی وت :

-" کەس لە جەماعەتی ئێوە نەهاتووە ؟ ".

پاشازادە بە دەنگە شقارتەیەک خەتێکی دروست ئەکرد لەسەر خۆڵەکە بەبێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ چەندجارێک وتی :

-" لە کۆمەڵەکەمان ؟!... لە کۆمەڵەکەمان ... ؟ ".

ئینجا سەری بۆ کابرای پرسیارەکە بەرز کردەوە وتی :

- " من لە کۆمەڵەکەمانم ئەوەتام لێرەم لە ناو کۆمەڵەکەم دام " .

لەوانەیە بڵێ گرنگی ئەم ووشەیە چیە ؟! بەڵام ئەم ووشەیە زۆر هەستی منی بزواند ، هەستم بە بەزەییەکی ترسناک کرد بۆی ئەوکاتە بیری ئەم قسەیەم کەوتەوە کە وەختی خۆی بۆباس کردم پاشازادە جارێکیان وتی :

- "زۆر جار یان بەشێوەیەکی ڕاستر هەمیشە هەست بە بەزەیی ئەکەم بەسەر خۆمدا بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە وەکو ئەوەی کەسێکی تر بم وەک ئەوە وایە کە دوو کەس بم ... یەکەم کەسیان ئەو کەسەیە کە حەز ئەکەم بوومایە دووەم کەسیش ئەو کەسەیە کەکەسی یەکەم بەزەیی پیادا دێتەوە واتا پاشازادەی ناو زیندان کە خەفەت بۆ ئەو کەسە ئەخوات و حەز ئەکات پێی بگات ئەو کەسەی کە لە دەرەوەی زیندانە بەدوای دەوڵەمەندبوون ئەگەڕێ ،یان ئەیەوێ ببێ بەکەسێکیحەز پێکراو لە ناو کۆمەڵگادا ئەمەیان یان کەسی یەکەمە ".

ئەم قسانەی پاشازادە هیچ دووریەکی تیا نەبوو لە ڕستەقینەوە ، چونکە بیرم لێ کردوە بینیم کە هەموو یەکێ لە ئێمە کاتێ تووشی شکستێک ئەبێ وەک هیوایەک بۆ ئەوەی کە دائەڕوخێ ، دووکەس لە ناخیدا دروست ئەبن کەیەکەمیان سەرزەنشتی کەسی دووەم ئەکات و تا لەو بارو دۆخە دەربچێ بەڵام بێ گومان پاشازادە هەمیشە کەسی دووەم بەسەریدا زاڵ بوو وانیە ..؟؟



عەزیز نەسین

# ئەفسەری ساختە

دوای ئەوەی کە لە قوتابخانە دەرکرام ئەم ئەویست برادەرەکانم ببینمەوە ، ئەوان دەرچوون بۆ کۆلێژی سەربازی و بوون بە ئەفسەر ، من ئەگەر تۆزێ بارو دۆخم چاک بکردایە ئەگەر کارێک و دەستکەوتم هەبوایە بە دڵنیایەوە حەزم ئەکرد بیان بینمەوە ، من بۆیە خۆم لێ ئەشاردنەوە تاوەکو لەو حاڵەتەدا نەمبینن ، بەڵام کاتێک ئاشکرا بوو کە ئەوان بە حاڵی من ئەزانن ، لە هەموو دەرگایەکم ئەدا بەدوای کاردا کارەکە هەرچییەک بوایە زستان بوو دنیا زۆر سارد بوە ، ڕێگەکان هەمووی بە بەفر داپۆشرابوو ،بەفرەکە لەگەڵ قوڕەکە تێکەڵاو بوو ، ئینجا چونکە بنی پێڵاوەکانم کون کون ببوو دڕاو بوو ، ئاو ئەچووە ناو قاچمەوە ، لە ناو قاچمدا دەنگێک ئەهات وەک " جق ... جق " لە ناکاو یەکێک لە دواوە بەناوی خۆم بانگی کردم ئاوڕم دایەوە ، لەگەڵ ئاوڕدانەوەکەم شڵەژام نەم ئەزانی چی بکەم ؟ ئەوکەسی کە لە دواوە بانگی ئەکردم " ڕەجائی " هاوڕێی قوتابخانە بوو ئەوسا کە برادەرەکانم ئەیان بینیم لە هەر جێگەیەک بێ وا خۆیان نیشان ئەدا کە منیان نەبینووە ، منیش هەمان کارم لەگەڵدا ئەکردن ، نەمتوانی کەوا خۆم نیشان بدەم ، لە دوامەوە هات دەستی خستە سەر شانم و دەستمان لە ملی یەکتر کرد ، لە ڕاستیدا من چاوەڕێی ئەم کردەوەیەی نەبووم ، چونکە هیچ کاتێ کە لە قوتابخانە بووین ئاسوودە نەبووم لە ئاستیا چونکە کەسێکی زۆر زان و بەرژەوەند خواز بوو ، لە قوتابخانە زۆر گرنگی ئەدا بە جل و بەرگی ، ئەو جل و بەرگانەی بەدڵ بوو کە لەوێ ئەیاندا لای بەرگ درووانەیەکی تایبەتی ئەدووری ، لە قوماشێک کە لە باشترین قوماشەکانی بازاڕ بوو . ئەمە یەکەم جار



پێکەوتنم بوو لەگەڵ ڕەجائی دوای دەرکردنم لە قوتابخانە بەڵام من گومانم لەوە هەبوو کە بەدوامدا گەڕابێ و پرسیاری منی کردبێ تا شوێنەکەمی دۆزیبێتەوە لەو جێگایەدا کە یەکترمان تیا بینی وتم :

- " ئێستا بووی بە ئەفسەر ... ؟ ".

پێم وت :

- " جلی ئاساییت لەبەردایە ؟ ".

وتی :

- " چونکە هاوڵاتیەکی ئاساییم .. ".

بەڵام پێش ئەوەی کە هۆکەی لێ بپرسم وتی کە لە قوتابخانە دەرکراوە هەر بەماوەیەکی کەم دوای دەرکردنی من بەپێی ئەوەی کە تێگەیشتم لە قسەکانی ئەو ڕێگەیەکی دۆزیبوویەوە کە تیایدا توانیبوی ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێ لە ناوەندەیە سەربازییەکەوە هەرچەندە نەخۆشیش نەبووە ، وە ڕاپۆرتێکی دەست کەوتووە تاوەکو پشوو بدات ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕاپۆرتە خۆی دروستی کردوە کاتێ کە زانیبویان کە ئەو ساختەیەی کردووە بەبێ بەزەیی دەریان کردبوو لە قوتابخانە کە ماوەی سێ ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر ئەو ڕووداوەیدا منیش هیچم پێ نەوت وتی :

- " بەهەر حاڵ من خۆم بۆ ئەوە نەڕخسا بووم کە ببم بە ئەفسەر بەڵام من خەفەت بۆ تۆ ئەخۆم ...

من ڕوانیم دا کەجل و بەرگەکانی باش بوون ، وتم بە بێ گومان باری دارایی باشە ، بەڵام من چونکە قۆنەرەکانم پڕ بوو لە بەفر لە ژێر قاچمەوە دەنگی ( جق ...جق ) ئەهات، جلەکانم لە چڵکا داڕزابوو ، چونکە لە حاڵێکی زۆر شەرمەزاردا بووم ، ویستم بەپەلە جێی بهێڵم ئەمتوانیبە بیانوی کارێکی بەپەلە جێ بهێڵم ، بەڵێ ئاوا چیم بووتایە ..؟ ئەگەر لەو خوولەکەدا بمتوانیایە بەجێی بهێڵم لەوانەبوو ڕێڕەوەی ژیانم هەمووی بگۆڕایە ، بەڵام کێ ئەیوت کە چاوپێکەوتنێکی 5 خولەکی لەگەڵ برادەرێکدا هەموو داهاتووی ئەو مرۆڤە ئەگۆڕێ ؟ لە قوڵەوە گرتمی و نەم توانی خۆمی لێ ڕزگار بکەم و بڕۆم بەڕێی خۆمەوە ! ئەگەر وام بکردایە ئەوە بە جۆرێ لە بێ ڕەوەشتی دا ئەنرا بەرامبەر بەو گەرم و گوڕییەیکە نواندی کاتێ کە منی بینی زۆر نەمتوانی پرسیاری کار و پیشەی لێ بکەم چونکە ئەترسام ئەویش هەمان پرسیارم لێ بکات ، ئەو لە من زیاتر قسەی ئەکرد وتی :

- " وەرە ، با بچین بۆماڵەوە ".

کاتێ کە هیچ ووشەیەکم نەدرکاند وتی :

- " با جارێ پێڵاوت بۆ بکڕم ئینجا بچینەوە بۆ ماڵەوە ".

نەم توانی پێی بڵێم نا یان باشە ... بەڵام هەستم بەشەرمەزاریەکی زۆر ئەکرد ، بەبەردەم دوکانی پێڵاو فرۆشەکاندا ئەڕۆیشتین ، لە ناکاو لەبەردەم یەکێکیاندا وەستا و پرسی لێم :

- " لەم پێڵاوانە هیچی تیایە کەبەدڵت بێت .. ؟".



Scanned by CamScanner





بەڵام من تەنیا ئەوەندەم وت :

- " سوپاس ... گوێ مەدە بە من " .

بەم کارە وتی :

- " ئەم نا گرنگی پێدانە چییە کورە..؟! دانەیەکیان هەڵبژێرە " .

دەستم ڕاکێشا بۆ دانەیەکی زۆر جوان و وتم :

-" نازانم لەوانەیە ئەمەیان باش بێ ...! " .

کە وام وت دیسان قۆڵی ڕاکێشام و ڕۆیشتین ، من وا هات بە خەیاڵمدا کە ئەو پێم ڕائەبوێرێ ، تەماشای جامخانەی هەموو دوکانەکانێکی پێڵاوی ئەکرد بە دیقەتێکی زۆرەوە وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا وێڵ بێ ...! دوای ڕۆیشتنو گەڕانێکی زۆر ئاماژەی بە پێڵاوێک داو و وتی :

- " سەیر بکە ...! ئەمە لەو پێڵاوە ناچێ کە تۆزێک لەمەو پێش وتت بەدڵمە و لەوانەیە باش بێ ..؟ " .

پێڵاوەکە هەمان پێڵاو بوو کە یەکەم جار دەستم بۆ ڕاکێشا و وتم :

-" خۆیەتی هەمان مۆدێلە ...! " .

پرسیاری قەبارەی قاچمی کرد و کە پێڵاوی ژمارە چەندم بۆ ئەبێ ؟ وتم :

- " 42 ... " .

وتی :

- " ئێستا ئەچینە ناو دوکانەکەوە تۆ لە دوامەوە بوەستە و هەر شتێکم پێ وتیت بڵێ فەرمانتە گەورەکم و هیچی تر ....! " .

چووینە ناو دوکانەکەوە کابرای پێڵاو فرۆش هەستا لەبەرمان و وتی :

- " فەرموون ... " .

ڕەجائی بە زەبری لە قسەکردندا لە منی وت :

-" تۆزێک چاوەڕێم بکە ... " .

وتم :

- " فەرمانتە گەورەم ... " .

لە هۆڵی دەرگاکەدا وەستام ڕەجائی بەکابرای وت کە ئەو پێڵاوە دەبینێ کە من پێشتر ئاماژەم پێ دا ، کابرا لە یەکێک لە کارتۆنەکاندا پێڵاوێکی هەمان مۆدێلی دەرهێنا ڕەجائی وتی :

- " پێوانەکەی چەندە ..؟ " .

وتی :

- " 40 ... " .

وتی :

- " 42 تان هەیە ..؟ "

وتی :

- " بەڵێ گەورەم ".

فرۆشیارەکە پێوانەی 42 ی دەرهێنا بەڵام ڕەجائی وتی :

- " ڕەنگە قاوەیەکیەم بەرێ ... ".

کابراش ڕەنگە قاوەییەکەی بۆ دۆزییەوە ڕەجائی وتی :

-" ڕەنگێکی قاوەیی تۆزێک کراوەم بەرێ ... ".

کابرای فرۆشیار دوای ئەوە کە چەند کارتۆنێکی هەڵ پچڕی پێڵاوێکی قاوەیی ڕەنگ کراوەی هێنایە دەرەوە ! من لەو ئەشکەنجەدانەی کابرای پێڵاو فرۆشی پێ ئەشکەنجە ئەدا زۆر شەرمەزار بوو بووم لەدڵی خۆمدا وتم " خوا پارە بگرێ ئەگەر ئێستا پارەی پێڵاوێکم پێ بوایە ئەم سەر ئێشەیەی بۆ چی بوو ". ڕەجائی ئەم جارەیان پرسی وتی :

- " هەتە لەهەمان مۆدیل بەڵام تۆزێک ڕەنگ ورووی هەبێ .. ؟ " .

کابرا وتی :

- " بەڵێ هەیە گەورەم ... ".

من دام نابوو کە دوای ئەم دواکارییەشیان ئەگەر ڕەجائی هەر لەسەر ئەم داوایانەی بەردەوام بێ ئەوا کابرا بەقۆنەرەکە لێی ئەدات و دەرمان ئەکات ، بەڵام کابرا لە نێو ڕەفەکاندا دانەیەکی تری هەمان مۆدێلی دەرهێنا و بەو شێوەیەی کە ڕەجائی ویستی ڕەجائی قۆنەرەکەی لێ وەرگرت و تۆزێک سەیری کرد و ئەم و دیو ئەودیوی کرد و سەیری سەرەوەی و ناوەو بنی کرد و دوای تۆزێک پرسیاری نرخەکەی لێ کرد و چوونە ناو مامەڵەیەکی زۆر درێژ خایان و پیسەوە ئەوەندە درێژەیبە مامەڵەکەدا لەگەڵ کابرا خەریک بوو لەجێی خۆمدا بکەوم بەزەوی دا چونکە من زۆر ڕەقم لە مامەڵەیە ، لە کۆتاییدا لەسەر نرخێ ڕێکەوتن ڕەجائی بە کابرای دوکانداری وت :

- " ئەم قۆنەرەیە بۆ باوکمە من ئەیکڕم .. " .

ئەم قسەیەی کرد من زۆر سەرم سوڕما دام نابوو کە بۆ منی ئەکرێ ڕەجائی لەقسەکانیدا بەردەوام بوو وتی :

-" باوکم زۆر نەخۆشە و لە جێگەدا کەوتووە ... ناتوانێ بێتە دەرەوە ئەم پێڵاوەی بۆ ئەبەین ( ئامارەی بە من دا ) وتی ئەم خزمەتکارەمان ئەیبات بۆماڵەوە بۆی و لە قاچیدا تاقی ئەکاتەوە ئەگەر زانیمان بۆ پێی باوکم ئەبێ بەین تاکەکەی تریش ئەبەین " .

بەڵام پێش ئەوەی کە بوار بە کابرای دوکاندار بدات تاوەکو وەڵام بداتەوە ، بە منی وت :



Scanned by CamScanner

- " ئەم تاکە پێڵاوە بەرە و سواری تەکسیەک بە بەپەلە و بیبە بۆ باوکم ".

وتم :

- " فەرمانتە گەورەم ... ".

بەکابرای دوکانداری وت :

نرخی ئەو تاکە چەندە ...؟! ".

کابرای دوکاندار وتی :

-" کەهاتنەوە تاوەکو تاکەکەی تر بەرن ئەو کاتە پارەکەتان لیّ وەر ئەگرم .. ".

ڕەجائی وتی :

- " باشە ئێستا ئەو تاکەمان لە ڕۆژنامەیەکدا بۆ بپێچەرەوە ".

کابرای دوکانداریش هەروەک من وەڵامی دایەوە وتی :

- " فەرمانتە گەورەم .. ".

ڕەجائی جزادنەکەی خستەوە گیرفانی‌و بە منی وت :

-" لێی وەرگرن .. ".

وتم :

- " فەرمانتە گەورەم .... " .

ڕەجائی وتی :

- " دوای کەمتر لە کات ژمێرێک ئەم خزمەتکارەمان ئەگەڕێتەوە بۆ لای جەنابتان ، ".

کابرای فرۆشیار وتی :

- " چ پێویست بە پەلە کردن ئەکات ؟ گرنگ نیە گەورەم خوای ئەکرد ئێوارە لای درەنگ ئەهاتەوە ".

ڕەجـائی لەپێـشمەوە ڕۆیـشتە دەرەوە و منـیش بەدوایـدا دوای ماوەیـەکی کـەم لەدوکانەکـە دوور کەوتینەوە و وتی :

-" ئێستا گەمژەیەکی ترمان دەست ئەکەوێت تاکەکەی ترمان باتێ ".

چووینە لای ئـەو دوکانـە کـە من یەکـەم جار ئامـاژەم بـۆ پێڵاوەکـە دا تیایـدا و چـووینە ژوورەوە ، لە دوکانەیش هەمان کرداری دووبارە کردەوە کە جاری پێشوو کردی زۆر هەڵسوکەوتی نواند تاوەکو وا خۆی نیشان بدات کە پێڵاوەکەی بە دڵ نیە ، خەریک بوو گیانی کابرای دوکانداری دەر ئەهێنا پاشان لەگەڵ ئەمیشدا کەوتە مامەڵەیەکی شەڕەنگێزەوە کاتێ کە ڕێکەوتن لەسەر نرخەکەی لە کۆتاییدا داوای کرد کە پێڵاوەکەی تاکێکیان ببرێتەوە بۆ باوکە نەخۆشەکەی لە ماڵەوە تاوەکو تاقی بکاتەوە بەڵام



Scanned by CamScanner





ئەوەندە زۆرزان بوو بیری نەچوو کە پێشتر لە دوکانەکەی تر تاکی قاچی ڕاستمان هەڵبژاردبوو ، بۆیە بەکابرای وت :

- " تاکە چەپەیەکەمان بۆ بپێچنەوە ، چونکە لە پێی چەپی باوکمدا گۆشتی زیادە هەیە ، ئەگەر بۆی بوو و عەزیەتی نەدا ئەواتاکە ڕاستەکەشی بێ گومان بۆ ئەبێ ".

پاشان دیسان ڕووی کردەوە من و وتی :

- " ها بگرە لە ڕۆژنامەیەکی بپێچەرەوە و بیبەرەوە بۆ ماڵەوە " .

وتم :

- " فەرمانتە گەورەم ... ".

ئەو هەمان قسەکانی پێشووی دووبارە کردەوە و وتی :

- " ئەمەوێ کابرای نیگەران نەکەی بەدرەنگ کەوتن تەکسیەک بگرە ڕەزیلی پیسەکە ..!! ".

کابرای دوکاندار وتی :

-" تکات لێ ئەکەم گەورەم پەلەکردنی ناوێ ! " .

ڕەجائی دیسان جزدانەکەی دەرهێنا و ویستی پارەی بداتێ بەڵام کابرای دوکاندار وتی :

- " کەی هاتەوە تاوەکو تاکەکەی تر بەرێت ئەوسا پارەکەی لێ وەرئەگرم .. ".

ڕەجائی سوپاسی کابرای دووکانداری کرد و هاتینە دەرەوە لەوێ دووجوت گۆرەویشی بۆ کڕیم لە ناو بازاردا خۆمان کرد بەکۆڵانێکدا چووینە ناو بینایەکەوە لەبەردەم هۆڵی باڵەخانەکەدا وتی :

-" پێڵاوە کۆنەکانت دابکەنە و ئەو تازەکان لەپێ بکە ".

قۆنـەرە کۆنـەکانم داکەنـد و هەرچـی بـەفرو ئـاوی نـاوی ڕژایـە دەرەوە گۆرەوییـە کـۆن و کـون کـون دڕاوەکانیشم داکەند ، گۆرەوییە تازەکانم لەپێ کرد و پێڵاوە تازەکانیش هەردوو تاکەکە لەگەڵ یەکـدا گونجان ، لەوکاتەدا پاسەوانی بیناکە هاتە دەرەوە ڕەجائی بواری قسە کردنی و پرسیارکردنی نـەدا بۆ ئـەوەی گومانمـان لێ نـەکات وتـی " عیـادەی فلانـە پزیـشک لـەم بینایەدایـە ؟ ". کـابرای پاسـەوانیش دەستی ڕاکێشا بۆ عیادەیەک کە لە بینایەکی نزیک ئەو بینایە بوو لەو ناوەدا ، تێگەیشتم کە پێشتر ڕەجائی ئەو تابلۆیەی خوێندبووەوەو لەبەری کردبوو بۆ ئەو کاتەی تووشی حاڵـەتێکی وا ئـەبین ، ئەمـە ئەو چاکەیە بوو کە ڕەجائی لەگەڵ مندا کردی ، بەڵام ئەکرێ کە ناوی بنێین یەکەم خراپە ؟چونکە ئاشکرایە کە ئەو ڕووداوی پێڵاوە ڕەجائی بناسێنێ بەخەڵک کە کابرایەکی چۆنە ؟ جلەکانم شڕو پڕ بوون بەڵام قاچەکانم تەواو پشووی دا ئەوەندە گەرم و خۆش بوو ناو پێڵاوە تازەکانم لە خۆشیدا هەموو دنیا بەرگەی نەئەگرتم ، وتی :

- " تەواو هیلاک بووم برسیمە بەبێ گومان تۆیش برسیتە ؟ ".



Scanned by CamScanner





چووینە ناو چێشتخانەیەکی زۆر خۆشەوە دیار بوو کە گران بوو ڕەجائی داوای خواردنێکی زۆر و گرانی کرد و خواردنەوەشمان خواردەوە لەکاتی نان خواردندا قسەمان ئەکرد وتم چیت ئەکرد ئەگەر کابرا پارەی تاکە پێڵاوەکەی لێ بکردیتایە ؟ وتی :

-" پارەکەیم ئەدایە و دوای 2 سەعات تاکە پێڵاوەکەم بەتۆدا بۆ ئەناردەوە و پێت ئەوت کە لەگەڵ قاچی باوکیدا ئەگونجاوە و هی تریشی ناوێ و پارەکەت وەرئەگرت ".

ڕجائی ئەیوت ئەو کابرای پێڵاو فرۆشە ئەبێ کابرایەکی تێر بێ ترۆ ئەبێ کە داوای پارەی تاکە پێڵاوەکە بکات تاوەکو بنەوە بۆلای پرسیاری ئەو شتانەم لێ ئەکرد کە لەوێ کردی وەک ئەوەی خۆی وا نیشان دا کە بەدڵی نیە ، یان ئەو مامەڵە سەختەی کە لەگەڵ کابرای دوکاندار کردی وتی :

- " ئەو شتانە بۆ ئەوەیەکە کە کابرا قەناعەت بکات بەوەی کە ئێمە کڕیارین ، ئەگەر وا نەبێ یەکسەر ئەزانێ کە ساختەی لێ ئەکەین !! ".

پاش ئەوەی کە لە نان خواردن تەواو بووین داوای حسابەکەی کرد لە شاگردەکە و شاگردەکەش حیسابەکەی هێنا کە پارەکەی خەیاڵی بوو بەلای منەوە ، بەشی یەک مانگ فەلافل خواردنی منی ئەکرد ئەو پارەیە ، زۆر خەفەتم خوارد کە لە نان خواردنێکی نیوەڕۆدا ئەو هەموو پارەیە بڕوات ! چونکە ئەمزانی کە نەک سەبینێ بەڵکو هەر ئەو ئێوارەیە برسیمان ئەبێتەوە ، ڕەجائی بە خاوەنی چێشتخانەکەی وت :

- " خاوەنی چێشتخانەکەم بۆ بانگ بکە ..! ".

پاشان بێ ئەوەی چاوەڕێی خاوەنی چێشتخانەکە بکات هەستا و بە منی وت کە دوای کەوم چاوەڕێی چوومە ژووری چێشت خانەکەوە لەوێ تۆزێ شتی دا بەسەر یەکدا ، سەیری ناو مەنجەڵەکان و ژێر دەست شۆرەکەی ئەکرد لێردا هاواری کرد :

-" ئەم پیس و پۆخڵیە چییە ؟ ".

گەورەی چێشت لێ نەرەکان بەدەوری ڕەجائی ئەسوڕایەوە و چەند قسەیەکی ئەکرد بەترسەوە کە نە ئەزانرا چی ئەڵێ ؟ ڕەجائیش بەبێ وەستان هەر ئەیوت :

-" ئەم پیس و پۆخەڵیە چییە ..؟ ".

کابرای خاوەن چێشتخانەش بەشڵەژانەوە هاتە ناو ژووری چێشت لێنانەکەو دەرگای چێشت خانەکەی داخست تاوەکو کڕیارەکان گوێیان لەوهاوارەی ڕەجائی نەبێ ، ڕەجائی بەدەنگێکی بەرز وە بێ ڕوو بکانە چێشتخانەکە وتی :

-" دیارە برادەرانمان لە چاودێری تەندروستی ئاگاداری ئەم چێشتخانەیە نین و قەت سەردانیان نەکردووە ..!. ".

کابرای خاوەن چێشتخانە وتی :





- " گەورەم مەتبەخەکە مان هەمیشە پاک و خاوێن و بریقەی دێتەوە ... ".

بەڵام ڕەجائی ئاماژەی بە دوو سیسرک دا کە دانەکیان لەسەر مەغسەلەکە بوو ئەوی تریشیان بە بۆری ئاوەڕۆکەدا ئەهاتنە خوارەوە وتی :

-" ئا ئەمەیە ، پاک و خاوێنی یەکەی باسی ئەکەیت ؟ ژووری چێشت لێنانەکەت بەقەد قالۆنچەکان بریقەیان نایەتەوە ..!! هەر ئێستا ڕاپۆرتێک ئەنوسم دەربارەی ئەم وەزع و حاڵە ".

کابرا قۆڵی ڕەجائی گرت و وتی :

-" تکات لێ ئەکەم گەورەم ... ".

بەڵام ڕەجائی گوێی پێ نەدا و وتی :

- " سزایەکی پارەتان ئەهێنمە سەر لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ ماوەیەک بەفەرمانی چاودێری تەندروستی ئێرەتان پێ دائەخەم ".

کابرا زۆر لێی پاڕایەوە تکای لێ کرد شانسی ئەوان ئەو ڕۆژە تۆزێک چێشتاخانەکە پیس پۆخڵی پێوە دیار بوو ، کابرا ئامادە بوو کە سزای پارەکە بدات بەڵام کە ئامادە نەبوو کە مەسەلەی سیسرکەکان بگاتەوە بەدەم کڕیارەکانی چونکە ئابڕووی ئەچوو ڕەجائی ئەیوت کارەکە هەر لەوەدا ناوەستێ بەڵکو ئەبێ خەڵک هۆشیار بکرێتەوە لە ڕێی ڕۆژنامەکانەوە دەربارەی ئێرە و ئینجا هاواری کرد :

-" کوا تەلەفونەکە ؟ ".

خۆی پێشتر شوێنی تەلەفونەکەی ئەزانی بۆیە چاوەڕێی ئەوەی نەکرد تاوەکو شوێنەکەی پێ بڵێن و خۆی بەرەو پیری چوو تەلەفونەکەی هەڵگرت و ژمارەیەکی لێ دا و وتی :

- " چاودێری تەندروستیە ؟ کێ قسەم لەگەڵ ئەکات ؟ ".

کابرای خاوەن چێشتخانە ئارەقی دنیای دەردابوو ، چووە تەنیشت ڕەجائی و شتێکی بەگوێی دا چرپاند ڕەجائی تەلەفونەکەی دانایەوە کابرا قۆڵی ڕەجائی گرت و چوونە پەنایەکەوە بەبێ دەنگی قسەیان ئەکرد ڕەجائی وادیار بوو کە سەرزەنشتی کابرا ئەکات ئەویش سەری ئەلەقاند و لە ترس و لەرزەوە ئەیوت :

-" ڕاست ئەکەن ...! تاوانی خۆمانە ... بمان بورن ئەمجارە ئەگەر شتی وامان بەر چاوکەوتەوە هەرچییەک هەیە بەرامبەرمانی بکەن بەڵام تکاتان لێ ئەکەم ئەمجارە بمان بەخشن ".

ڕەجائی لەسەر ئەم قسانەی زیاتر ئەڕۆی لەسەر سەرزنشتەکانی وا باسی تەندروستی خەڵکەکەی ئەکرد دوای تۆزێک هاتینە دەرەوە لەو شوێنەکە و کابرا بە ڕەجائی وت :

- " خواتان لەگەڵ جەنابی چاودێر لە ئەمانەتی خوادایە بن ..! ".

ڕەجائی وتی :

-" چاودێری چی کاکە ..؟!! من جەنابی چاودێر نیم من هاوڵاتیەکی ئاساییم و هەمیشە لێرە نان دەخۆم

کابرا ڕووی ڕەش داگیرسابوو و زۆر تورە بوو بەلأم نەی ئەویست تورەیەکی دەربخات چونکە لە قازانجی ئەودا نەبوو وتی :

-" هەر بەخێر هاتن سەرچاو تکاتان لێ دەکەم همیشە تەشریف بێنن بۆ ئێرە ! ".

لەوێ هاتینە دەرەوە من زمانم بەسترابوو لەسەر سورماندا ، قسەم نەئەکرد ڕەجائی وتی :

- " با بچینەوە بۆ ماڵەوە ... ".

ماڵەکەیان نزیک بوو لە ژوورێکدا ئەژیا لە یەکێ لە باڵەخانە گەورەکاندا لە قاتی سەری سەرەوە .

خاوەنی ژوورەکە ئافرەتێکی پیر بوو ، بەڕەجائی وت :

-" یان ئەوەتا تۆی بوو کە تۆزێ لەمەوبەر تەلەفوونت ئەکرد ، یان ئەوەتا دەنگەکە لە تۆ ئەچوو ؟! هەر هاوارت ئەکرد چاودێری تەندروستی ؟ " .

ڕەجائی وتی :

- " ئەگەر بەئەرک نەبێ دوو پیاڵە چامان بۆ بکە هەرچەندە ئەبین بەئەرک بۆت ئەم برادەر ئەمڕۆ میوانە لە لام برادەری کۆنە ...".

بە ڕەجائیم وت :

- " کابرای خاوەن چێشتخانە بەدڵنیایەوە وای زانی کە تۆ چاودێری تەندروستیت ... ".

وتی :

-" وا بوو چونکە 500 لیرە دامێ ".

ئەو زەمانە 500 لیرە زۆر زۆر بوو پرۆژەیەکی بچوکی پێ بنیات ئەنرا وتم :

- " بەلأم تۆ ووت کە من چاودێر نیم ...؟!! ".

وتی :

-" بێ گومان ئەبێ وا بڵێم ئەو سەگبابانە بەرتیل زۆر ئەدەن ئینجا بەهۆی ئەو بەرتیل دانەوە پرسیاری منیان لە گەورە بەرپرسێکی برادەریان بکردایە و دەستگیریان ئەکردم ، ".

وتم :

- " ئاخر ئەمەی کە تۆ کردت ساختە چیتیە ... ".

وتی :

- " ئەگەر ساختە چی بوومایە ئەم وت چاودێری تەندروستیم ".

وتم :

-" شانست هەبوو کەوا ئەو دووسیسرکە لەو کاتەدا پەیدا بوون ئەگەر ئەوە نەبوایە ئەبوایە پارەی ئەو خواردنە گرانەت بدایە .. ". وتی :



Scanned by CamScanner



عەزیز حەسین

- " هیچ کاتێ نابێ پشت بە شانس ببەستری لە گیرفانیدا پاکەتە شقارتەیەکی دەرهێنا کەپڕ بوو لە سیسرک و دوان سیانێکیان خۆیان فڕێ دایە دەرەوە بەپێکەنینەوە وتی :

-" ئەمانە سکی منیان تێر کرد ئەمڕۆ "

ئەو کاتە بێ گەیشتم هەر کەچووە ناو چنتەخانەکەوە جگەرەیەکی دەرهێنا و نای بەدەمەیەوە و لەکاتی داگیرساندنیدا لە هەمان ئەو پاکە شقارتەیە سیسرکەکانیشی دەرهێنابوو دیقەتی دیواری ژوورەکەیم دا بڕوانامەیەکی کولێژی یاسایی پێوە پێوە هەڵواسرابوو لە ناو چوارچێوەیەکی جواندا دانرابوو بەڵام سەرم لەوە سوڕما کە شەهادەکە وێنەی ڕەجائی پێوە بوو هەڵسام لێ نزیک بوومەوە تاوەکو باشتر لێی دڵنیا بم شەهادەکە بەناوی خۆیشیەوە بوو کاتێ کە بینی بەسەرسوڕمانەوە تەماشای بڕوانامەکەم ئەکەم وتی :

- " ئەگەر ئەتەوێ دانەیەکیش بۆ تۆ دەرئەهێنم ... "

لەو کاتەدا ئافرەتی خاوەن ژوورەکە دوو پیاڵە چای بۆ هێناین ڕەجائی وتی :

- " باچین لە شوێنێک پیاسە بکەین و کاتێکی خۆش بەسەر ببەین ... "

هەرچەندە من زۆر حەزم بەوە نەئەکرد بەڵام زۆر سوپاسم کرد و داوای مۆڵەتم لێ کرد کە بڕۆم بەترس و لەرز و شلەژاویەکەوە هاتمە دەرەوە وتی :

-" هەر کاتێ کە هەستت بە دڵ تەنگی کرد یاخود پێویستیت بە هەرچییەک بوو دوودڵ مەبە یەکسەر وەرە بۆ لام تازە خۆ شوێنەکە شارەزا بووی..؟ ".

ئینجا هەندێک پارەی یامێ کەنازانم چەند بوو چونکە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو چاوپێکەوتنەماندا تێپەڕیووە ، دەستمان لە ملی یەک کرد وماڵئاوایمان کرد ئەزانن کە ئەو شتانەی ڕەجائی کردی بۆ بوو بە ترس لەلام ؟ چونکە ترسام ڕۆژێک بێت و بە بیانووی ئە ساختە کاریانەوە بێن و من بگرن ئەگەر خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئەو تاوانانیان بۆ ئەدۆزرایەوە لە هەموویشی خۆشتر ئەوە ئەبێ کە من باجی تاوانی ڕەجائی بدەم دوای ئەو چاوپێکەتنەم لەگەڵ ڕەجائی بە چەند ڕۆژێک لە ڕۆژنامەدا بانگەوازێکم خوێندەوە کە هی بانکێک بوو کە داوای فەرمانبەری ئەکرد بۆ پۆستی سەرۆک بەش و ژمێریار و چاودێر و یاریدەدەری چاودێر و خزمەتگوزار هەموو ئەمانە پێشبڕکێیان بۆ ئەکرا لە نێوانیاندا واتا خزمەتگوزارەکات چەند کەس هاتبێ چەند کەسێکیان لێ دیاری ئەکردن جگە لە پیشەی خزمەتگوزارەکە ئەبوایە بۆ پیشەکانی تر هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بوویتایە لەم حاڵەتەدا من تەنیا بەکەڵکی کاری خزمەتگوزارییەکە ئەهاتم من ڕزای بوو م بەوە ، با کارێکم هەبێ گرنگ ئەوەیە بەلامەوە کەهەنگاوی یەکەم بنێم دوای ئەم هەنگاوە ئەبم شەمەندەفەرەکە واتا ئەم کاری خزمەتگوزاریە ئەو بەگەیە کەشەمەندەفەرە کە دایئەنێ بۆ دواوەوە پاشان کە کەوتە ڕێ بۆ پیشەوە هیچ شتێک ناتوانێ

ڕێگەی پێ بگرێ لە کۆتاییدا ئەگەمە لوتکە پێڵاوەکانم تازە بوو ، بەڵام جل و بەرگەکەم زۆر شڕ بوو . ئەگەر بەم جل و بەگانەوە بڕۆیشتمایە هەرگیز بەختی وەرگرتنم نە نەبوو لەوێ ڕەجائی زۆر بە ڕاستگۆیەوە وتی :

- " هەر کاتێ هەرچییەکت پێویست وەرەوە بۆ لام .. " .

زۆر بە شەرمێکەوە چووم بۆ لای ڕەجائی یەکەم جار کە چووم بۆ لای هەر لەوێ نەبوو شەویش چوومەوە هەر لەوێ نەبوو ، لەبەردەم دەرگای ژوورەکەیدا چاوەڕێم کرد ، شەو لای درەنگانێ هاتەوە سەر خۆش بوو ، باسی حاڵ و مەسەلەکەم بۆ کرد داوام لێ کرد کە هەر جلێکی هەبێ با کۆنیش بێ گرنگ ئەوەیە لە مەی من باشتر بێ و بۆرۆژێک بێ بمداتێ تاوەکو بتوانم لە تاقی کردنەوەکەدا سەرکەوتن بەدەست بێنم چووینە ژووروە و دەرگای کانتۆرەکەی کردەوە و وتی :

-" هەرچیەکت لەم جلانە بەدڵە بیبە و لەبەری بکەو مەیهێنەرەوە " .

خەریک بوو عەقڵم ئەوەستا جلەکان هەمووی تازە بوون ، دوا مۆدێل بوون دیار بوو هەر بە ساختەکاری ئەمانەی دەستکەوتبوو ، دانەیەکیانم دەرهێنا ، چاکەت و پانتۆڵێکی زۆر ڕەش وجوان بوو قووماشەکەی چاک بوو کراسێک و قایش و پانتۆڵێکیشم لەگەڵدا دەکرد دنیا زۆر سارد بوو ، شەرمم کرد لەوەی کە داوای پاڵتۆیەکیشی لێ بکەم ئەویش لەبەر سەرخۆشی نەیتوانی تێبینی ئەوە بکات کە لەبەر سەرما پێویستیم بە پاڵتۆیەکیش هەیە ، کاتێ کە ڕۆیشتم لەلای وتی :

-" لە ئەنجامەکە ئاگادرم بکەرەوە ... " .

لە خزمەتگوزارەکان 10 کەس وەرئەگیران بەڵام 200 کەس لەوێ ئامادەبوو کاتێ کە سەیربانم ئەکرد هەستم بەشەرم ئەکرد لە خۆم لە ناو ئەوانەدا وەستاوم چونکە هەرە شازەکەیان سەرەتایی تەواو نەکردبوو ، بەڵام ناچاریش بووم یەکەم جار چوینە تاقی کردنەوەیەکی زارەکی ، بیرم نەماوە چییان لێ پرسیم ، بەڵام بە دڵنیایەوە پرسیارەکان ئاسان بوون دوای ئەم تاقی کردنەوەیە لە 200 کەسەکە من و 49 کەسی تر ماینەوە ، من دڵنیابووم لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست ئەهێنم ! چۆن دەرناچم لە نێو ئەوانەدا ؟ خۆ من بەلایەنی کەمەوە گەیشتمە دوا ساڵی ناوەندی ( لێرە ناوەندی بە مانای ئامادەیی لای خۆمان دێت ) " وەرگێڕ " پێیان ڕاگەیاندین کەئەنجامەکەی دوای 10 یان 15 ڕۆژ دەر ئەچێ دوای ئەو ماوەیە لەگەڵ ڕەجائی چووین تاوەکو بزانین ئەنجامەکە چییە ! ، ڕەجائی تاکاتی گەیشتنمان بۆ بانقەکە هەر لەبووت " چونمان هیچ سودێکی نیە بۆ ئەوێ چونکە دەرنەچوویت " من زۆر بەم قسەیەی تووڕە بووم و وتم :

-" چۆن دەرناچم پرسیارەکانم هەمووی زانی ئەانەی تر هەرە شازەکەیان سەرەتایی تەواونەکردبوو ...! " .

ڕەجائی دایە قاقای پێکەنین و وتی :



Scanned by CamScanner

-" ئەمە ئەوە ئەگەیێنێت کە تۆ دەرناچیت ..! هەر زۆر ئاشکرایە کە کەوتوویت ، گرەوم لەگەڵدا ئەکەیت ..؟ ئەگەر دەرچوو بوویت ئەوکاتە نانی ئەم نیوەڕۆیەت لەسەر من ئەبێ ، بەڵام ئەگەر کەوتبویت ئەوان قەرزارباری ئەو نان خواردنەت ئەکەم و لە داهاتوودا ئەگەر پارەت پێ بوو بۆم بکڕە ... ".

چووینە شوێنی پێشبڕکێکە بە ئافرەتێکم وت کە فەرمانبەر بوو لەوێ دەربارەی ئەنجامەکان کەچی بووە ئافرەتەکە سەر بەرز کردەوە و لە جلە جوانەکانم وورد بۆوە کە لە ڕەجائیم وەرگرتبوو وتی :

- " بۆ پیشەی چاودێر ..تاقی کردنەوەت کردبوو .. ؟".

وتم :

-" نەخێر ... ".

بەڵام نەشم ئەوێرا بڵێم کە لە تاقی کردنەوەی خزمەت گوزاری دا بووم بەو هەموو جلە جوانەوە ، وەک ئەوەی بڵێ کە ڕاستە تاقی کردنەوەی خزمەتگوزاریم کردوە بەڵام کە جلەکەیان بینیم لە پیشەی چاودێردا دام ئەنێن بەڵکو ئەمە لە ناکاو بەزەییان پیاما بێتەوە جارێکی تر پرسیاری کردەوە و وتی :

- " ئەی بۆ چ پیشەیەک تاقی کردنەوەت ئەنجام داوە ....".

ئەو کات ناچار بووم کە بڵێم بۆ خزمەتگوزاری ئافرەتەکە وتی :

-" بەداخەوە دەرنەچوون ..!!!" .

کاتێ لەگەڵ ڕەجائیدا لە بانقەکە هاتینە دەرەوە خوێن لەدەمارەکانمدا بەستبووئەگەر سەریان ببڕیمایە خوێنم لێ نە دەهات بە توورەییەوە لەبەر خۆم ئەم وت " چۆن لە تاقی کردنەوە سەرکەوتوو نابم لەگەڵ ئەو هەموو نەفامەدا کە لەوێ بوون ؟ " ڕەجائی وتی :

- " ئێستا تێگەیشتی ...؟ ".

وتم :

- " تێگەیشتم ... دەرنەچووم .. ".

وتی :

- " من پرسیاری ئەمەت لێ ناکەم تێ گەیشتی بۆچی دەرنەچوویت ؟ کوڕم تۆ ناکرێ پێت بڵێن پیاو ئەم عەقڵەت بەکار بهێنە ئافرەتەکە نەناوت ئەزانێ نە نازناوت هەر نەیزانی تۆ کێیت ، هەر نەیزانی کە ئایا چوویتە تاقی کردنەوە یان نا ؟ چۆن زانی کە دەرنەچوویت ؟!! بێ ئەوەیکە ناوت بپرسێ یان داوای ناسنامەکەت بکات ؟ ئەو هەموو وەڵامەکەی بۆ تۆ ئەوە بوو کە وتی بەداخەوە دەرنەچووی لەکارەکەدا " .

لە سەرسامیدا ... کرد و وتم :

- " ئەه ... چۆن ئەمەم نەزانی ؟ ".

وتی :

- " کورم من ئەم زانی کە دەرناچیت پێش ئەوەی کە ئەو ئافرەتە خۆیشی بزانێ ئەوانەی کە دەر ئەچن تیایدا پیش تاقی کردنەوە کە دەستنیشان کراون ".

وتم :

- " ئەگەر شتەکە ایە بۆچی پێش برکێ و تاقی کردنەوەمان بۆ ئەکەن؟ تووەمەز بۆی پێمان ڕابوێرن؟ ".

وتی :

- " نا گیانەکەم بۆچی بە دوو داماوی وەک تۆ ڕائەبوێرن ؟ ئەوان کاری خۆیان ئەکەن یاسای بانقەکە و سیستەمە ناو خۆییەکەی دان بەوەدا ئەنێ کەئەو پێشبڕکێ و تاقی کردنەوەیە بکرێ و ڕێگە ئەخەن کەسێکی وەک تۆ ئەبێ بەڕێوەبەری بانقەکە بێ ، بێ گومان لە تاقی کردنەوەی خزمەتگوزاری شکست ئەهێنی ..! ".

لە ڕاستیدا من لە ڕەجائیەوە فێری زۆر شت بووم کە جاران ئاڵۆزو نادیار بوون لە لام ڕەجائی لەحەوت ئاوی یابوو قاچیشی تەڕ نەبوو بوو ئەو ڕۆژە زۆر خەمبار بووم ، ڕەجائی بەتەنیا جێی نەهێشتم وتی :

-" من ئەتکەم بە بە بەڕێوبەری ئەو بانکەی کە بە خزمەت گوزار تیا وەریان نەگرتی شەرت بێ .!! ".

من هیچ شتێکم نەدرکاند ، چووین بۆ لای وێنە گرێک کە دوای وێنەگرتن بە 10 خولەک وێنەکانت ئەداتەوە دەست ، ڕەجائی 12 وێنەی بۆ گرتم دوای ئەوە چووین بۆ ماڵی ڕەجائی کاغەزێکی لەبەردەمدا دانا و وتی :

-" بنوسە ....! ".

ئەو قەسەی ئەکرد و منیش ئەمنووسی نوسیم :

" بۆ بەڕێوبەرایەتی فلان بانک ... داوای پیشەیەک ئەکەم لە بانکەکەتاندا ..... هیوادارم ڕازی بن " و ئیمزام کرد و ناونیشانی ماڵێ ڕەجائیم تیا نووسی تاوەکو وەلامەکە بێتەوە بۆ ئەوێ !! من هیچ هیوایەکم نەمابوو ، بەلام جار بەجار سەرم لە ماڵی ڕەجائی ئەدا و پرسیارم لێ ئەکرد کە ئایا هیچ وەلامێکی پێ نەگەیشتبوو ، لە بانقەکە ؟ بۆ جاری چوارەم کە چووم بۆ لای چەند شتێکی سەیر بوو وەلامی داواکەم هاتبووەوە ، دوای دوو هەفتە کە ڕەجائی بینمی وتی :

- " مژدانەم بەرێ ....! ".

نامەکەی یامێ بووم بە فەرمانبەر لە یەکێ لەبەشەکانی ئەو بانکە ، ئەوەندە دڵم بەو نامەی وەلامە خۆش بو دەستم کرد بەگریان و نامەکەم ماچ کرد .... خۆیەتی ئەمە یەکەم هەنگاوە کە دەست بێ ئەکات ئەبێ ئەم هەنگاوانە بنێم پاشان ئەتوانم هەنگاوەکانی تریش ببڕم پاشان ڕانەکەم ئیجا سەر ئەکەوم . و کاتێک ئەزانم گەیشتمە سەر لوتکە ..!! ڕەجائی بەزەردەخەنەیەکەوە ئەیوت :





- " بەسە هەتیوو مەگری دڵمت لەت لەت کرد ...! ".

ئەو نەیئەزانی کە من چیم چەشتووە تاگەیشتم بەم ڕۆژە زیاتر دڵیشم بەوە خۆش بوو کە دامەزراوم لە شوێنێکی تۆزێ چۆڵدا چونکە بانکەکە تۆزێک لە قەرەباڵغی ناو شارەوە دوور بوو لە لایەکیشەوە ئەوەندە دوو بوو کەنەتوانم ڕۆژی هەینی پیاسە بکەم ، لە ئەستەنبوڵ کاتێک کە بەشەمەندەفەرەکە بەرەو ئەوێ ئەڕۆیشتم خەیاڵی زۆر جوان و خۆشم ئەکردەوە و هیچ هەواڵێکیشم دەربارەی دایک و باوکم نەئەزانی ئەوانیش هیچیان دەربارەی من نەئەزانی ، لە خۆشیدا گەشکەم گرتبوو نەم ئەتوانی نامەیەکیان بۆ بنووسم ! دەست ومێشکم لە کار کەوتبوو لە خۆشیدا دام نابوو کە یەکەم مووچە وەرگرم بنێرم بۆیان مووچەی مانگی یەکەمم لەگەڵ تێەڕبوونی کاتیشدا ئەگەر باری داریم باشتر بێ پارەی زیاتریان بۆ ئەنێرم ، ژوورێکیش بەکرێ ئەگرم و کەرەستەکانیشی ئەکڕم ئەوەندەش لە کارەکەمدا خۆم هیلاک ئەکەم کەبەڕێوبەرەکانم دڵیان پێم خۆش بێ و سەرسامیان بکەم ، پاشان تاقی کردنەوەی دەرەکی ئەکەم بۆ ناوەندەییەکەم و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەبم بە بەڕێوبەری ئەم بانکە ، خەون و خەیاڵی زۆرم هەبوو کە بەدی بهێنم ، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوە ئەبێ کە ژیانم ڕزگار بێ لەو مەینەتیانەی کە هەمیشە بەدوامەوە بوون ڕەجائی زۆر وورەی بەرزکردمەوە ،هەرچەندەئەو قسەیەی بەگاڵتە جارییەوە کرد کە وتی " تۆ چوویت بۆ تاقی کردنەوەی وەرگتنی فەراش و چایچی لە کاتێکدا ئەبوایە بەڕێوبەری بانقەکە بوویتایە " ڕێگەکە ئەوەندە دوورو درێژ بوو لەلام هەر تەواو نە ئەبوو ، ئەتووت ساڵێکە بەڕێوەین کە لەگەڵ ڕەجائی دا چووم بۆ ئەوێ کوا یەک ڕێگەکە ئەوەندە دوور بوو ؟ ئەویست زوو بگەمە ئەوێ و یەکسەر دەست بەکار بکەم ، واهەستم ئەکرد کە بانقەکە خەریکە ئیفلاس ئەکات و منیش ئەچم بەهانایەوە ،لەوانە بوو ئەگەر نیو سەعات درەنگتر بگەم زەرەێکی زۆر قورسیان پێ بگات ! لای عەسر گەیشتمە ئەوێ بانکەکە دوای نیو کات ژمێر دەوامی تەواو ئەبوو بۆیە ئەگەر بڕۆیشتمایە سوودی نەبوو ، بەدوای ئوتێلێکی هەرزان دا گەرام دانەیەکم دۆزییەوە کە زۆر هەرزان بوو پاکو تەمیزیش بوو ، بەڵام کەتەنیا ژوورێکیان مابوو کە ئەبوایە لەگەڵ ئەفسەرێکدا هاوبەشیم بکردایە تیایدا ، پرسگەی ئوتێلەکە کەپێی وتم کەئەفسەرەکە کوڕێکی گەنجە و بۆیە لە ژوورەکەدا دام نای لەگەڵی دا ، هەر لە تەمەنی خۆتدایە ئێواران هەمیشە ئەم کاتانە پەیدا ئەبێ ، لە ڕاستیدا ئەوەندەی نەبرد ئەفسەرەکە هات ، زوو هەستم بە ئاشنایی کرد لەگەڵیدا و زوو کراینەوە کەسێک بوو زوو ئەچوو بەدڵا ، دوای کات ژمێرێ دوو کات ژمێر لەیەکتر ناسینمان ڕاهتین بەیەیەک ئەویش باری دارایی وەکو من وابوو ،بۆیە ناچار بوو کە تۆزێ ئاگای لە پارە خەرج کردن بێ ئەیووت " هەرچییەک بکەیت ، نوستنی شەوێک لە ئوتێل و خواردنی یەک ژەم نان هەر پارە زۆر ئەبات ".

بۆیە پرسیاری ئەوەی لێکردم کەئایا حەز ئەکەم لەگەڵیدا ژوورێک بەکرێ بگرین بە هاوبەشی ئەوە هەرزانتر ئەبێ بۆ مان و لەکاتی پیویستیشدا ئەتوانین بە ئارەزووی خۆمان بە خێرهاتنی میوان بکەین



Scanned by CamScanner

!! قسەکەیم بەدڵ بوو وەک کەتێگەیشتبووم لێی کە زۆر حەزی لە من بازی بوو هەرچییەک بێ ئەم ویست کە هاوبەشی بکەم لەکرێکەدا بۆیە هۆیەکی تر ئەویش ئەوەبوو کە ئەمتوانی بە ئارەزووی خۆم بەدەربێ و قاتیلەوە بسوڕێمەوە و بواریشم بۆ برەخسێ کە سەعی بکەم بۆ ئاوەندەی خوادرنیشمان بەیەکەوە دروست ئەکرد لە خواردن کرێنیشدا هاوبەش بووین بەختم تەواو ڕۆشن بوو هاوڕێکەم دۆزیەوە کە لەگەڵ خۆم ئەگونجا ئەوەندە دڵم خۆش بوو هەستم ئەکرد کە دنیا بەرەکەم ناگرێ لە خۆشیدا ئێوراەیکیان بەیەکەوە چووین لەدەرەوە نامان خوارد دوایی هاتینەوە بۆ ماڵەوە هێشتا وا دەمابوو بۆ دەست بەکار بوونم لە فەرمانگەکە چونکە ئێوارەی پێنج شەمە کەیشتمە ئەوێ و هەینی و شەمەم لەبەردەم دا بوو بانکەکە شەمانیش دەوامیان نەبوو هەلم زیاتر بۆ ڕەخسا بوو برادەرە ئەفسەرەکەم لەو شەوەدا کە بۆ بەیانی ئەبوایە بچوومایە بۆ دەست کاربوون داوایەکی زۆر سەیری لێ کردم تکای لێ کردم کە دەست بە ڕوویەوە ئەگرم وتم :

- " ئەستغفیروڵا فەرموو " .

ئەو چونکە 6 مانگ بوو هاتبوو بۆ ئەوێ کچێکی ناسیبوو ئەویست ئەو شەوە بیبینێ چونکە کاتیان بۆ یەکتر دانابوو ،بەڵام جل و بەرگی ئاسیی نەبوو نەیشی ئەتوانی بەجل و بەرگی سەربازییەوە و بچێ بیبینێ ،چونکە بەوە ئاسوودە نەدەبوو ، داوای لێ کردم کە بۆ ماەی سەعاتێ یا دوو سەعات جلەکانی خۆمی بدەمێ لەدڵی خۆمدا وتم " ئێ چی تێدایە ؟ ئەمشەو با لەبرەی بکات ئەتووت 10 ساڵە برادەرین هەرچییەک بێ لە هەمان ژووردا بەیەکەوەین و برادەر لەکاتی تەنگانە[illegible] دەر ئەکەوێ وتم :

- " ئەگەر بۆبەرت ئەبێ لەبەری بکە " .

جلەکانم داکەند و یامێ ئەو تەنیا جلەم هەبوو ئەویش ڕەجانی یابووی بە من زۆر تازە و جوان بوو ئەیش جلە سەربازییەکانی داکەند و جلەکانی منی لەبەر کرد ، ئەوەندە لێی ئەهات کە من بەلامەوە سەیر بوو ، کە چۆن جلەکانم ئەوەندە جوانن ئەم زانیوە ، ڕێک پڕ بە بەری بوو ، چووە دەرەوە ن لەسەر پێخەفەکە ڕاکشام و دەستم کرد بەخوێندنەوەی یەکێک لەو کتێبانەی کە هی ئەو کوڕە ئەفسەرە بوو ، نیوەی شەو داهات و ئەو دیار نەبوو ، چار و بار خەیاڵ ئەی بردمەوە بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئەگەر لەوە زیاتر دانیشم و کتێب بخوێنمەوە بەیانی درەنگ خەبەرم ئەبێتەوە و لە کارەکەم دوا ئەکەوم بۆیە گڵۆپەکانم کوژاندەوە و نووستم ، بەیانی زوو لە خەو هەستام سەیرم کرد برادەرەکەم شوێنەکەی هەر وەک خۆی وا بوو ، و تێک نەچووە کەواتە شەو نەهاتوتەوە و ئەمووت تۆ بڵێی بەیانی زوو هەستابێ و چووبێ بۆ فەرمانگەکەی ؟ بەڵام خۆ ئەوە جلەکانی هێشتا هەڵواسراون بەدیوارەکەوە چۆن ئەتوانێ بەجلەکانی منەوە بڕوات بۆ ئەوێ ؟ کات ژمێر بوو بە 8 ...9 پاشان 10 هەر دیار نەبوو خەریک خەریک بوو شێت ئەبووم ئێمە هێشتا ژوورەکەمان هەر بەکرێ نەگرتووە بە نیاز بووین دامان نابوو بۆ ئەمڕۆ بۆیە لە ئوتێلەکە مابووینەوە کابرای ئوتێلم بانگ کرد و پرسیاری





برادەرەکەمم لیٚ کرد وتی هیچ نازانی دەربارەی کات و بوو بە نیوەڕۆ هەر دیار نەبوو دام نابوو کە هاتەوە لە تورەییدا پێی بڵێم کە ئتر لەگەڵی دانانیشم و ژوورەکەش بەکریٚ ناگرین بەیەکەوە ، بوو بە ئێوارە هەر نەهاتەوە ... ئەگەر بهاتیەوە نەک هەر ئەمووت هاوبشیت ناکەم لەکریٚ بەڵکو دام نابوو مشتەکوڵەیەکیشی پیٚا بکێشم لە زەویدا بیخەم بە مردوویی ئەوەندەی لیٚ بدەم تاوەکوگیانی دەرئەچیٚ ، کات بوو بە ئێوارە من لەوژوورەکەم دا وەک زیندان بووم تۆزە خواردنێک مابوو هی دوێنیٚ بەبیٚ ئارەزوو دانیشتم خواردم .

شەو داهات هەر دیار نەبوو ، نەهاتەوە ڕۆژی دواتریش بەهەمان شێوە خەو نەچووە چاومەوە هەر هەر بەدیار هاتنەوەیەوە دانیشتبووم نەئەتوانی بچمە دەرەوی ژوورەکەیش تەنانەت چونکە هەر فانیلەو دەرپێکم لە بەردابوو ، ،ئاخ خۆزگە بهاتەیەتەوە ئەوەندە داخ لەدڵ بووم لێی بەس ئەوەنە جلەکانم باتەوە قەیناکە لێی نایەم هەرچەندە خۆشیش نیە لیٚ نەیەم ! رام بکردایە بەیانی زوو بۆ بانکەکە قەیناکە ، ئەوە بانکێک نیە لەلای منەوە بۆ من ئەو بانکە وەک بانکی خۆم وابوو ،چی بکەم ..؟؟

هەتاوی بەرەبەیانی ڕۆژیٚ دواتر خەبەری کردمەوە خۆر زۆر بەئەسپایی ن هەڵئەهات هەموو هیوایەکم لە هاتنەوەی ئەو ئەفسەرە بڕیبوو ، بیرم لەوە ئەکردەوە کە چی بکەم باشە ؟ ئەم بەڵایە لەکاتێکدا ڕووی تیٚ کردم خەریک بوو دەروازەیەکی هیوام بۆ ئەکرایەوە ئەبیٚ شتێک بکەم تاوەکو دەرفەتی کارکردنم لە بانقەکە لە دەست نەچیٚ ئەوە بانقی منە ، هەستام دەموچاوم شت و ڕیشم تاشی و دەستم بەخۆمدا هێنا بەڵام چونکە نەئەکرا بەدرپیٚ و فانیلەوە بچمە دەرەوە جلە سەربازییەکەم لەبەر کرد لە ئاوێنەدا سەیری خۆم ئەکرد ، زۆر سەرسام بووم بە خۆم !! زۆر دڵم خۆش بوو بەو جل و بەرگەوە خۆمم وا ئەهاتە بەر چاو کەئەفسەرم وەکو هاوڕێکانم ئەمە ئەوە ئەگەیەنیٚ کە ئەگەر لە خوێندندا بەردەوام بوومایە منیش ئێستا ئەفسەر بووم نەم ئەتوانی کە بە جل و بەرگی ئەفسەرەوە بچم بۆ بانکەکە وا باشتر بوو کە هەر بەم جلانەوە سواری تەکسیەک بم و بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ ئەستەنبوڵ ،لەویٚ ڕەجائی ئەدۆزمەوە باسی هەموو ئەو بەڵایانەی بۆ ئەکەم کە بەسەرمدا هاتووە داوا لیٚ ئەکەمکە پیاوەتیەکی ترم لەگەڵدل بکات و یان تا جلێکی ترم بۆ بکڕیٚ یان لە یەکیٚ لەوانەی خۆیم باتیٚ یان پارەم بداتیٚ بەقەرز تاوەکو بچم جل بکرم ، ئەگەر بەیانی زوو بکەومە ڕیٚ تا بۆ ڕۆژی چوارشەمە هەمووستەکان جیٚبەجیٚئەبیٚ و ئەگەڕێمەوە لە دڵی خۆمدا ئەمووت ئەو داماوەش خوا ئەزانیٚ چی بەسەردا هاتووە هیچ نەبیٚ کە هاتەوە دڵی لای جلەکانی نەبیٚ ئەم جلانەش سزایشی هەی بۆم بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر بە ئۆتۆمبێل بڕۆم زووتر ئەگەم بەڵام ئەو زەمانە ئۆتۆمبێل زۆر نەبوو وەکو ئێستا کە زانیم ئۆتۆمبێلەکان بەماوەیەکی دوورتر لە کاتی شەمەندەفەرەکە دەرئەچن ناچار بووم کە بلیتی شەمەندەفەرەکە ببڕم زۆر بیریشم ئەکردەوە کە ئایا هەڵوێستی ڕەجائی چی ئەبیٚ بەرامبەر ئەم شتانە ؟



Scanned by CamScanner



باسـارادە

هەموو دنیا بەرگەی نەنەگرتم خۆم هەڵدایە ناو ... کە باس ناکرێ ووروەیەکی زۆر بەرز دایگرتبووم کە دانیشتبووم لەو شوێنەدا بکات دەرەنگ ئافرەتێک وەک کە ئەوەی منی تیا نەبم شەمەندەفەرەکەوە ئایا ئایا ئافرەتەکە لە تەمەندا لە من، ئەم ئەزانی کە بەرامبەرم دانیشتبوو لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن کەورەترە بە ساڵێک یان دوو ساڵ ؟ زۆر قورسە لەوە ناخۆشتر نیە کە بتوانیت تەمەنی ئافرەت دیاری بکەیت ؟ جاوەرە چۆن ئەزانی کە نێوان 30 بۆ 40 ساڵ دیاری بکەیت ؟له نێوان 20 بۆ 25 ساڵدا ، بەلام بەیەکەوە قسەیان نەئەکرد. یەکەم جار وام زانی کە پیاوە پیرەکە باوکی ئەم ئافرەتەیە ، هەموو لەشی جووڵەی ئەکرد کاتێ کە ئافرەتەکە ئاگری لە گیانیەوە وەک پریشک بەر من ئەکەوت دیار بوو ئیشی تری هەبوو لە ناو شەمەندەفەرەکەدا نازانم پیاوە پیرەکە هەستا و نازانم بۆچی ڕۆی ؟ کابرای بەتەمەن لەگەڵ وەستانی شەمەندەفەرەکە لە کە چۆن دەستمان بەقسەکردن کرد ؟ بەقسە بەلام بیرم ناچێ کە خەڵک وێستگەکان جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆی ئافرەتەکە بەشتێ دەستی کرد لەقسەکردنیەوە یەکسەر خۆشیان ئەویست بە ئاسانی ، زۆر بەسادەیی پێ ئەکەنی کاتێ کە پێئەکەنی هەر بەدەمی نەبوو بگر هەموو لەشی پێ ئەکەنی ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر لەگەڵ یەکدا زوو بگونجێن لەم ڕێگە کورتە شەمەندەفەرەکەدا تەواو قسەی زۆرمان باس کرد ، هەرچییەکم بووتایە دەستی ئەکرد بە پێکەنین بەلام من بە ئەنقست ئەو شتانەم ئەوت کە ئەو بخاتە پێکەنین ، زۆر دلخۆشی ئەکردم کە بە قسەکانم پێئەکەنی ، یەکەم جار بوو لە ژیانمدا کە هەست بەخۆشیەکی ئاوا بکەم ، تا ئەو ڕۆژەش یەک ئافرەت نەبوو بوو بە هاوڕێم ، یان ئافرەتێک لێم نزیک نەکەوتبووە هەر لە قوتابخانەی ناوخۆیی منداڵی و گەنجیم بەسەر برد بۆ ئەم هۆیە من زۆر بە ووردی و زیاد لەبرادەرەکانی ترم گوێم لەبەزم و ڕەزمی ڕەجائی ئەگرت ، وا هەستم ئەکرد ، کە ڕەجائی ئەمان بانە جیهانێکی نوێوە ، بۆ جیهانێک کە هەرگیز ئەمان ئەتوانی هەنگاوی بۆ بنێن . باسی ئەوەی بۆ ئەکردین کە چۆن ئەو ئافرەتانەی نە ئەناسی و ڕای ئەبوارد لەگەڵیاندا و وازی لێ ئەهێنان ئەو ڕۆژە کەبەرامبەر ئەو ئارەتە دانیشتبووم ئەو شتە دانیشتبوو لەبەردەمدا کە وام ئەزانی کە هەرگیز ناتوانم دەستی لێ بدەم لە ژیانمدا ، بەلام من هەر بەردەوام ئەم خستە پێکەنین ، بەو هیوایەی کە لەو ڕێگەیەوە بگەم بەو ئامانجەی کە بەهەموو ژیانم هەوڵم بۆ ئەدا ئەگەر بۆ یەک جاریش بوایە ، ئێمە لەناوەندی زۆر ڕقمان لە ڕەجائی بوو ئەمانوت ئەو کابرایە ئەخۆشە چۆن دڵی یەت وازیان لێ بێنێ هەموومان برسی بووین کاتێ کە ئەو شتەی ئەگێڕایەوە بەلام کاتێ کەئەیوت وازم لێ ئەهێنان سەروو دڵی ئەگرتین هەریەکەمان باسی ژیانی خۆی کرد بۆ ئەوی تر ، من درۆم بۆ ئەکرد چونکە بێ گومان ئەم ئەتوانی بەئافرەتێکی ئاوا جوان کەخۆی لێم نزیک ئەکاتەوە تا ئەم ڕادەیە بڵێم کە من لە ناوەندی سەربازی دەرکراوم یان ئەو بەلایەی کە بەسەرمدا هاتووە وە بڵێم کە من ئەفسەر نیم ، بەلام چونکە ئەفسەرێک لە ژوورەی ئوتێلەکە لەگەڵم ئەژیا جلەکانمی برد و هەڵهات منیش ناچار بووم کە جلەکانی



Scanned by CamScanner

ئەو لەبەر بکەم یان بڵێم کە من ئەچم بۆ ئەستەنبوڵ تاوەکو چل لە برادەرێکم قەرز بکەم ، بۆ ئەم هۆیانە پێم وت کە من ئەفسەرم و ئەگەڕێمەوە بۆ ئەستەنبوڵ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پشووەکەم ، کە داویانەتێ ، ئەمە ناڵێم بۆ ئەوەی کە بەرگری لە خۆم بکەم ، لە ڕاستیدا ئەگەر بمزانیایە پەیوەندیم لەگەڵ ئەم ئافرەتە لە کۆتایی گەیشتنی شەمەندەفەرەکە کۆتایی نایەت ؟ ئەوا بێ گومان ڕاستیەکانم پێ ئەوت ، بەڵام من چۆن بزانم کە ئاوا ئەبێ ؟ کێ ئەتوانی بزانێ کە دوای 5 خولەک چی ڕووئەدات ؟ من زۆر بڕوام بەوەهەیە کە مرۆڤ بۆ ئەگەرێکی دوای 5 خولەکی ئەبێ خۆی ئامادە بکات ، بەڵام ئایا ئەو ڕێژەیە چەندە کەبەسەرماندا ئەسەپێنرێ ؟ دوور لە خواستی و ویستی خۆمان ؟ لەو کاتەدا یەکێک لە پاسەوانەکانی زیندانەکە خۆی کرد بە ژووردا بەمنی وت کەبەرشێوبەرایەتی زیندان بانگی دەکەن لەو کاتەدا پاشازادە پێکەنی و وتی :

-" ئەمەیە کەناتوانن پێشتر پێشبینی بکەن ...! ئەم ویست ئەمەت بۆ باس بکەم کە بۆچی بانگت ئەکەن .؟ ".

کاتێک لەلای بەڕێوبەری زیندان گەڕامەوە بە پاشازادەم وت کە من ڕووبەڕووی هیچ شتێکی سەیر نەبووم ، کە بانگیان کردم بەڵکو یەکێ لە برادەرکانم کۆمەڵێک کتێبی بۆ هێنابووم ، کە داوام لێ کردبوو لێی ، ئەوانیش لێان وەرگرتبوو ، منیان بۆ ئەوە بانگ کرد .

پاشازادە لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەردەوام بوو دوای ئەوەی کتێبەکانم خستە شوێنی خۆی دانیشتم تاوەکو بزانم کە ئەنجامی شتەکان بەرەو کوێ ئەڕوات ، وەک ڕێز لێنانێکیش بۆ قسەکانی وتم
-" با داوای دوو چا بکەین بە خوا مەسەلەکە خەریکە زیاتر خۆش ئەبێ ".

ئەم قسانەم بۆیە کرد بۆئەوەی پاشازادە وورەی گێڕانەوەکەی بۆ بێتەوە چونکە لەوە ناخۆشتر نیە کە کەسێک قسەت بۆ بکات و ڕووداوێکی ئاوات بۆ بگێڕێتەوە بۆ ماوەی تەنانەت 1 چرکەشبەجێی بهێڵی جا وەرە لای پاشازادە کاتێ کەچووم کتێبەکان وەربگرم بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئایا هەموو ئەو قسانەی کە بۆی گێڕامەوە هەمووی ڕاست بوو ؟ ئایا تا ئەگەڕێمەوە لای هیچی تر بەخەیاڵیدا نایەت کە وەک تازەگەرییەک بیلکێنێ بەچیرۆکەکەوە ؟ لەوانەیە ئەویش تاوەکو من هاتوومەتەوە لە خۆی پرسیبێ کەئایا بڕوا بەقسەکانی ئەکەم ؟ .

دوای ئەوەی کە چاکە هات سەو قومێکمان خواردەوە وەک جاران جگەرەیەکی پێشکەش کردم ، لەجگەرە گران بەهاکان ، وا خۆی نیشان ئەدا کە لە هەمان جگەرە ئەکێشێ ، ئینجا تۆزێ وەستاو بیری کردەوە وتی لەکوێ دا بووین وتم :

-" لەوەدا کە دەستان کرد بە گێڕانەوەی ژیانی یەکتر لەگەڵ ئافرەتەکەدا ". وتی :

- " وابوو ئافرەتەکە وتی لەمێردەکەم ئەوەندە نابێ جیا بوومەتەوە ،بەڵام هێشتا لەماڵەکەدا ماومەتەوە نەڕۆیشتووم من کچی خێزانێکی دەرەوەی شارم ، یەکەم جار بوو کە ئاوا لە نزیکەوە بۆنی



Scanned by CamScanner





ئافرەت بکەم لەگەڵ هەموو قاقایەکی پێکەنیندا بۆنەکەیشی بە هەموولایەیکدا بڵاو ئەبووەوە ، بە کورتی ئەو گەڕانەوەیەم بۆ ئەستەنبوڵ ئەم خۆشیەی بەدواوە بوو کەسمان لە یەکتر جیا نەبووینەوە کاتێ کە دابەزین لە شەمەندەفەرەکە لە وێستگەی حەیدەر پاشا پێشنیاری ئەوەی لەگەڵدا کردن کە بچم بۆ ماڵەوە بۆ لای یەکەم ئافرەت بوو لە ژیانما بۆیە پیاوەتی خۆمم لەگەڵدا تاقی کردەوە ئەو شەوە بەڵام من هەر ئەم ویست کە ڕاستیەکەی پێ بڵێم کە من ئەفسەر نیم بەڵکو فەرمانبەرێکی تازەم لە یەکێک لە بانکەکان ، پاشان ئەگەر توانی درۆکەم لە بیر بکات هاوسەرگیری لەگەڵدا ئەنجام دەدەم و ماڵ دروست ئەکەین لەسەر دەنگێکی ترسناک لە جێگەکە ڕاپەڕیم ژوورەکەی تاریک بوو لەو تاریکەیەدا شتێ تەقیەوە دەنگی فیشەک بوو دوا شت کە گوێم لێبوو هاواری ئافرەتەکە کاتێ چاوم کردەوە بینیم لە نەخۆشخانەم نەخۆشخانەیەکی سەربازی کە بەو جلە سەربازییەوە منیان بردوبوویانم بۆ ئەوێ پێیان وتم کە دوو ڕۆژ لە هۆش خۆم چووم و نوستبووم بەهۆی فیشەکێ کە بەرم کەوتووە من درۆم لەگەڵ ئافرەتەکە کردبوو کەوتم ئەفسەرم ئەویش درۆی ئەوەی لەگەڵ کردبووم کەوتبووی لە مێردەکەم جیابوومەتەوە بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا داوای جیابونەوەی بەرز کردبووەوە ، ئەمەی بۆیە کرد بۆ ئەوەی کە مێردەکەی بە تەواوی لێی جیابێتەوە کە هۆشم هاتەوە پرسیاری ناسنامەو کەرتە سەربازییەکەیان لێ کردم ئافرەتەکە لەلێکۆڵینەوەکەدا وتبووی کە سەربازە بۆیە یەکسەر بۆیان دەرکەوت کە ئەمە ڕاست نیە ، کاتێ کە بە تاوانی ئەفسەری ساختە و زینا دادگایی ئەکرام دوو تۆمەتی تر دەرکەوتن کە کردبووم بڕوانامەی ناوەندی ساختە و بەکارهێنانی ئیمزای تەزویری بەرپرسان بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندی تایبەتی کە دامەزراندن بوو لە بانکەکە زانیم کە ئەم دووانەی تر ڕەجائی کردوویەتی بۆ یارمەتی دانم بۆیە لەدادگا ناوی ئەوم نەبرد چونکە هەم سوودی نەبوو هەم ماوەی سزاکەیشم بەهیچ جۆرێ کەم نە ئەبوو ، ڕۆژنامەکان نوسیبویان کە کەسێک دەستگیر کراوە کە ڕۆڵی ئەفسەری بینیوە ئەوەندە قسەی زیادەیان پێوەنابوو منیان کردبوو بە بەناوبانگی ئەو ساڵە .



Scanned by CamScanner





# ڕاوی ئافرەت ئەکات..!

کاتێ کە ماوەی زیندانیەکەم بەسەر بردبوو و تەواو بوو ، کە لە زیندان هاتمە دەرەوە بەهیچ شێوەیەک ڕووخاو نەبووم بەڵکو زیاتر وورەم وەک جاران ئەو نەهامتیانەی کە بەسەر سەرما کەوتبوو زیاتر هێنیان ئەدام کە ڕێگە بگرمە بەر تاوەکو کۆتایی ، هەرچەندە ڕۆژنامەکان کە هەواڵی گرتنی منیان بلاوکردەوە بۆ هەر ووشەیەکی ڕاست 100 ووشەی درۆیان پێوە نابوو ، ڕەجائی خاوەن نەخۆشیەکی دروونی بوو نەک جەستەیی بەو ماوە دووردرێژەی کە لە ناوەندەیە ناوخۆیەکە بەیەکەوە بووین ، تەواو لە کەسێتی ئەم برادەرەم تێ نەگەیشتبووم ،زۆر کابرایەکی ساختە چی بوو لەگەڵ ئەمەشدا هەمووما تامەزرۆی ئەوە بووین کە کاتێ لە پشووی هەینی ئەهاتەوە باسی ڕووداوەکانیمان بۆ بکات لەگەڵ ئافرەتدا ، ئەوانەی کەئەیناسین ، ڕەجائی خۆشەویستی نەبوو ، برادەرێکی بە مانای برادەرایەتی نەبوو کە بیناسێ نەخۆشی دەروونی هەبوو، چونکە کاری خراپ و زیانبەخشی نەئەکرد بۆ ئەوەی زیان بە کەسێک بگەیەنێ ، یان بەرژەوەندەیە تایبەتی خۆی بەدی بهێنێ ،بەڵکوتەنیا بۆ چێژ وەرگرتن بوو لە کردنی ئەو کارە هەندێ کەس ئەو کەسانە بەزیرەک ناو دەبات ، لەوانیە ئەمە ڕاست بێ ، چونکە زیرەکیەک بوو کە ئاسایی نەبوو ، بەڵام نا پیاوی و خوێڕەیتی پێوە بوو ، بۆچی چووم بۆ لای ڕەجائیکە لە زیندان بەربووم ؟ لەسەرەتاوە تاوەکو ئەو ڕۆژە نەمئەزانی کە ئەوەندە بەم ڕادەیە خراپە جگەلەوەی  کە من وام دانابوو کە بەهۆی ئەوەوە کەوتومەتە زیندانەوە ، لە باتێکدا منی دامەزراند دوای ئەوەی کە بروانامەی ناوەندی بۆ دروست کردبووم پێش ئەوەی کە بە تەواوی بیناسم ، وام دانابوو کەئەم کارانەی بۆیارمەتی دانی من کردبوو ، دوایئەوە بۆدەرکەوت کەئەو



Scanned by CamScanner

هەرگیز بیری لە بەرژەوەندی من نەکردۆتەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە چووم بۆلای ئەوەبوو کە کەس و شوێنی ترنەبوو کە ڕووی تێ بکەم کەسێک کە لە دەرگای بدەم و داوای یارمەتی لێ بکەم لە تەنگانە دا بووم ئەوەی کە وای لێ کردم بچمەوە لای ئەوەبوو کە هەموو دەرگاکان بەڕوومدا داخرابوون ! پاشازادە زۆر ئەم ڕستەیەی دوای دووبارە ئەکردەوە وەک بەشێک لەوخەونەی کە لەبیری دا مابوو ئەو لە تەنگانەدا بوو هیچ ڕێگە چارەیەکی تری نەمابوو هەموو دەرگاکان بە ڕوویدا داخرابوون تەنیا یەک ڕێگە مابوو کە پێدا بڕوات بۆیە بەناچاری بەو ڕێگەیەدا ڕۆی ! وتی :

-" ڕەجائی کاتێ کە لە زیندان بووم نەئەهات بۆ لام و پرسیاری دەربارەم نەئەکرد ئەو هەرگیز هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و پەیوەندی لە ناخیدا نەبوو ، بەشێوەیەک پێشوازی لێ کردم وەک بڵێی 5 خولەک بێ جێم هێشتبێ ، ئەگەر بیویستایە دەوڵەمەند ببێ بێ گومان بە مافی خۆی نا ، دەوڵەمەند نەبوو بەڵام هەمیشە وەکو دەوڵەمەندکان ئەژیا ، تا دوا پوول پارەکانی سەر ئەکرد کاتێ کە پارەی پێ نە ئەما بیری لە ساختەکدن ئەکردەوە کاتی کە پرسیاری ئەوەم لێ کرد وتی " عەقڵی ئیش ناکات تا ئەوکاتەی ئیفلاس ئەبێ " ئەگەرخراپە نەمایە لەسەر ڕووی زەوی ئەم ڕجائیە ئەیتوانی بە تەنیا هەرچی خراپە هەیە دابەشی بکات بەسەر خەڵکدا ، بڕواناکرێ کە خراپە هەبێ نەیکردبێ ، باشە چۆن ئەکرێ ، مرۆڤ تا ئەم ڕادەیە خراپ بێ زۆر بیرم لەوە کردوە وام دانابوو کە ئەو ئەیەوێ بیسەلمێنێ کەئەتوانێ هەموو کەسێک هەڵبخەڵتێنی بە زەیرەکی و ووریاییەکەی ، زیاتر ئەیەوێ کە ئەمە بۆخۆی بسەلمێنێ پێش خەڵکی تر ئەیەوێ بڕوا بەوە بهێنێ ، کەئەو لەسەرو هەموو خەڵکەوەیە .

ڕۆژێکیان لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەستونبوڵ پیاسەمان ئەکرد لەناکاو وەستاو ئاماژەی بۆ خەڵکە ئەکرد کە هەر یەکە

بەکاری خۆیەوە سەرقاڵ بوو وتی ئەو خەڵکە هەموویان ئەبینی ...؟! من سەیری خەڵکەکەم کرد بێ ئەوەی کە قسە بکەم وتی :

- " ئەو هەموو دەبەنگانە وئەوانەش کەلەم شارەدا ئەژین و ئەوانەش کە لە هەموو وڵاتدا ئەژین ، هەموویان کار بۆ من ئەکەن .. ".

دوای بێدەنگیەکی کەم وتی :

-" کاتێ کە ئەو هەموو دەبەنگە هەبێ، کابرایەک عەقڵی هەبێ چۆن بێ پارە ئەمێنێ ؟ ".

کە ئەو قسەیەی ئەکرد وام ئەزانی کە منیش بە یەکێک لەوان دا ئەنێ و گاڵتەم پێ ئەکا ، خۆزگە لە ڕادەی خوێڕەیەتی ئەم کابرایە تێ بگەیشتنایە .. کە بۆتان باس ئەکەم ، جارێکیان پارەی پێنەمابوو چوو بوو کاڵای ئەو ئافرەتە داماوەی فرۆشتبوو کە خاوەنی ژوورەکە بوو ، تەنیا بۆ ئەوەش ئەوەی نەکردبوو کە پارەی پێنەماوە بەڵکو بۆ زیان گەیاندن بە ئافرەتەکە کە خاوەنی ژوورەکە بوو ، بەمەشەوە ڕانەوەستابوو ، بگرە لەوە قێزەونتری کردبوو ، ئافرەتەکە خۆیشی فرۆشتبوو ، بەکابرایەکی



Scanned by CamScanner





بە تەمەن ، ئافرەتەکە داماوەکە کە ئاگای لەو حاڵ ومەسەلەیە نەبوو لە جادە پارەی لە کابرا بەتەمەنەکە وەرگرتبوو خستبوویە گیرفانی و پاشان پیاوە بەتەمەنەکەی کردبوو بە ماڵەکەدا لەدوای نیوەی شەوەوە ، دوای ماوەیەکە گوێمان لە هاواری ئافرەتە پیرەکە بوو لەگەڵ دەنگەدەنگەی پیاوە بەتەمەنەکە ، رەجائی زۆر دڵی خۆش بوو پێ دەکەنی ئەیوت :

-" پاش کەمێکی تر ئافرەتەکە تێر ئەبێ و ڕزای ئەبێ ".

لە ماڵەکە لەسەر ئەو دەنگی هات و هاوارە هاتینە دەرەوە جارێکیان لەناکاو وتی :

-" خۆت کۆبکەرەوە ئەچین بۆ ئەنقەرە ...".

ئەم ئەتوانی کە نەچم لەگەڵیدا چونکە لەلایەکەوە بێ کار بووم لەلایەکی تریشەوە هیچ پارەم پێ نەبوو ، بۆیە ناچار بووم کە بۆ هەر کوێ بڕوات بەدوایەوە بم ، لە ئەنقەرە لە ئوتێلێکی زۆر خۆش دابەزین ، داوای دوو ڕۆژنامەی کرد لەوێ دوای تۆزێک ڕۆژنامەکانیان بۆ هێناین دانەیەکی دا بە من و ئەوی تریش خۆی دانیشت دەستی کرد بە خوێندنەوەی لەسەر پێخەغەکانمان ڕاکشاین و هەریەکەمان دەستمان کرد بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەمان لە لاپەڕی یەکەمدا هاتبوو نوسرابوو :

" کە هەواڵی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەڵامەتی کوشندە زۆر پەرەی سەندووە ، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە ، وەزارەتی تەندروستی ئاگاداری هاوڵاتیان دەکان کە رێ و شوێنی خۆپاراستن بگرنە بەر دژ بەم نەخۆشیە " .

هەروەها لێدوانێکی تێدا بوو لەگەڵ پسپۆڕانی ئەم میکرۆبە کە ئەیووت :

" ئەم میکرۆبە تەنانەت لەڕێی ئامێری تەلەفونیشەوە دەگوازرێتەوە بۆ یەکتری بۆیە زۆر مەترسی دارە لەگەر بەکار بهێنرێ بەتایبەتی لە شوێنە گشتیەکاندا ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هەر ناچار بوو ئەگەر بەکاری بهێنێ ئەوا با تۆزێک دەم و لووتی لێ دوور بکاتەوە ، " .

لە ناکاو ڕەجائی ڕاپەری لە جێگاکەیدا و هاواری کرد :

-" زۆر چاکە خوا ناردی ! ".

وتم :

-" چی ڕوویداوە ...؟؟! ".

وتی :

-" تەلەکە بەتەواویدروست ئەکەین .. ".

ڕەجائی لەبەر ئەوەی کە شێت ببوو هەموو کەسی بەکەم دا ئەنا و ئەیویست زیرەکی خۆی لە بەردەمیاندا تاقی بکاتەوە ، و خۆی بسەلمێنێ ، بۆیان بۆیە هیچ شتێکی باس نەئەکرد بەتەواوی بەر لەوەی کە دەست بکات بە کارەکە هەرچەندەبەیەکەوە ئەو کارەمان ئەنجام ئەدا وتی :

-" هەستە کارێکمان هەیە .. ".





کەس نەیئەزانی کە ئەمجارە چ کارێکی شێتانە ئەنجام ئەدات ؟ منیش ئەکات بە بەردەستی خۆی چووین بۆ بازار و دوای پرسیارێکی زۆر چاپخانەیەکی بچوکمان دۆزیەوە . داوای لە کابرا کرد کە 20 دەفتەری پسوولەی بۆ چاپ بکات . لە هەر دەفتەرێکدا 50 پسولەی تیابێ . ئینجا بەدوور و درێژی بۆ کابرای باس کرد کە بە نیازە چی لە سەر پسولەکان بنوسێ و شێوەی نووسینەکەی لەسەر کاغەزێک بۆ نووسی و پیشانی دا نووسرا بوو :

-" پارێزگای ئەنقەرە – خزمەتگوزاری تەندروستی –بەشی سێیەمی پاکژکردنەوە " .

زۆر شتی تریش نووسی کەتاوەکو کەلەسەر کاغەزەکە بنوسرێ وەکو بەروار و سەردان و کارگوزاری لێپرسراو و ژمارەی ناوچەکە و ناونیشان و ... هتد کابرای خاوەن چاپخانەکە وتی پسوولەکان دوای 3 ڕۆژ تەواو دەبن ڕەجائی دەستی کرد بە مامەڵەیەکی زۆر توند لەسەر نرخەکەی ، پاشان ڕازی بوو کە ئەو برە پارەیە بدات کە کابرا ئەیوت بەو مەرجەی کە پاش تەواو بوونی دەفتەرەکانی بیداتێ دوای 2 ڕۆژ نەک 3 ڕۆژ تەواو دەبن ، ئەو ڕۆژەی کە ئەبوو دەفتەرەکان وەربگرینەوە بەسەر چەند دووکانێکی فرۆشتنی کاڵای کۆن دا گەڕاین تا لە دووکانێکدا بەداوی ئامێرێکی دەرمان ڕەشاندن گەڕا لە دەرمان ڕشێنی مێش و کووشتن و گەورەتر بوو ، دیار بوو کە بۆ گژ و گیا بوو کڕیمان و پڕمان کرد لە ئاو تاقی کردەوە بۆ دڵنیا بوون لە چاکی ئامێرەکە لە فرۆشگایەکی تر جانتایەکی گەورەمان بۆ ئامێرەکە کڕێ و پاشان چووین بۆ لای کابرای چاپخانەکە ، کابرا وتی کە هێشتا دەفتەرەکە تەواو نەبووە بەڵام لە چاپ دراوە چونکە بەرگ تێگەرتنی ماوە کەئەکەوێتەوە سەبەینێ ، ڕەجائی لەسەر ئەمە زۆر خۆی تورە کردن ، تەنانەت منیش سەرسام بووم لەم خۆ تووڕەکردنە ، چونکە هیچ پێویستی بە خۆ تووڕەکردن نەئەکرد ، بەتووڕەیەوە بەکابرای چاپەمەنی وت :

-" باشە باش ئێستا 10 یان 15 پسولەمان بدەرێ لەوەی کە بەباشی تەواو کراون ئەوانە ئەبێ کابرای چاپخاە کۆمەڵێکی دیە دەستمان کە گەڕاینەوە بۆ ئوتێلەکە وتی :

-" من ئەمزانی کە پسووڵەکان تەواو نەبووە کابرای داماو هەرچییەکی بکردایە ئەمڕۆ بۆی تەواو نەئەکرا ،ئەگەر تەواویشی بکردایە نرخەکەیم پێنەبوو تاوەکو بیدەمێ و ئابڕوومان ئەچوو ، "

زانیم کە ئەو بەوشێوەیە خۆی توند و تیژ کرد تاوەکو نیوەەی پسولەکان بەرێت ، بێ ئەوەی کە پارەکەی بدات ئامێری دەرمان ڕشتنەکەمان پڕ کرد لە ئاو و وتی :

-" بەهەرکوێیاکە وتم بڕشێنە ، بیڕشێنەو زۆر بڵێی مەکە " .

چووینە باڵەخانەیەکی زۆر گەورەوە چووینە ناو یەکێک لە نووسینەگەکانیەوە ، ڕەجائی لە پیشمەوە بوو دوای ئەوەی کەبەنەرم ونیانیەکی گەورە سەلامی لە کاربەدەستەکان :

- "گەورەم تەلەفونتان هەیە ... وانیە ؟ " .

کابرا وتی :



Scanned by CamScanner





- "بەڵێ هەمانە .. ".

وتی :

- " ئێمە لە خزمەت گوازری تەندروستی ئەنقەرەوە هاتووین وەک ئەزانن کە پەتای هەڵامەت بڵاوبوتەوە زیاتر لەرێی تەلەفونەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەگوێزرێتەوە ناتانەوێ تەلوفەنەکەتان برشێنن ، ... ؟".

کابرا زۆر دڵیبەمە خۆش بوو وتی :

- " بێ گومان ... بێگومان .. فەرموون " .

ڕەجائی بەرەو تەلەفونەکە ڕۆیشت و ئامازەی بەمن کرد و وتی :

- " برشێنە ...کوڕم ..! ".

من یەکسەر جانتاکەم کردەوە و ئامێری ڕەشاندنەکەم دەرهێنا و ئاو پیا ڕشان بەتەلەفونەکەدا ڕەجائی بەدەنگێکی نزمەوە بۆ ئەوەی کابرا ئاگای لێنەبێ وتی :

- " کوڕە ئەوە تۆ چی ئەکەی ...؟! ئاو بکە بە سەماعەکەیا " .

کە بیسەری تەلەوفونەکەم بەرز کردەوەوێ ئاوم پیا ڕشاند گوێم لە دەنگێکی زبر بوو ئەیوت :

- " ئەوە چی ڕوونەدات کێ ئەو تەلەوفنەی هەڵگرتووە ؟ ".

من لە ترسی دەنگەکە و لەترسی ئەوەی کەئێستا ئەمان گرن مزەخەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە و هاوارم بەڕووی ڕەجائی دا کرد و بەو مانایەی کە ا تێکەوتین ا وتم :

- " بەدڵتە ئاوا ... ".

ڕەجائی تێ نەگەیشت مەبەستم چیە بۆیە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی وتی :

- " بەدڵم نەبوو زیاتر پێدا ڕشێنە چونکە ئێمە پسولەیان ئەدێنێ و ئەوان مافی هیلاکیەکمان ئەدەنێ لەو کاتەی کابرای نوسینگەکە بەوەی ئەودیوی وت کە بەهەمان خەتی تەلەفون قسەی ئەکرد وتی :

-" هیچ نیە ، کاربەدەستانی تەندروستی هاتووە بۆ تەعقیم کردن ".

ئەویش بەزەردەخەنەیەکەوە هاتە دەرەوە و وتی :

- " بمبورن شلەژام . کاتێ کە تەلەفونەکەتان پاکژ ئەکرد گوێم لە ا فسە ، فسە ا بوو بۆیە ترسام ".

تەلەفونەکەی ئاوی لێ ئەچۆڕا ، ئەوەندەم پیاکردبوو ڕەجائی شتێکی لەسەر پسوڵەکە نووسی و ویمزای کردوو دایە دەست کابرا و کابراش 10 لیرەی دایە دەست ڕەجائی و پسووڵەکەی لێ وەرگرت و بە سوپاسەوە خوا حافیزی لێ کردین ، بەڵام پیاوەکە ژوورەکەی ئەودیو ئەی هێشت بڕۆین بەپاڕانەوەوە ئەیوت :

- " تکاتان لێ ئەکەم تەلەفونەکەیمنیش تەعقیم بکەن ، " .



Scanned by CamScanner





ئەوێش هەمان کارمان دووبارە کردەوە ، ڕەجائی 10 لیرەی دایە بەردەوام سوپاسیان ئەکردین لەسەر ئەو کارە هەرچی نووسینگەی ناو ئەو باڵەخانەیە هەبوو نەیان هێشت بڕۆین هەموویان داوای ئەوەیان ئەکرد کە تەلەفونەکەنیان دەرمان ڕێژ بکرێ ، هەندێکیان پرسیاریان لەڕەجائی ئەکرد کە ئایا ماوەی ئەم دەرمانە چەند درێژە ئەخایەنێ ؟ ڕەجائیش ئەتووت زانایەکی زۆر گەورەیە و وتی:

-" بەلایەنی کەمەوە مانگێ ".

وتیان :

- " ئەی دوای مانگەکە؟ ".

وتی :

-" جارێکی تریش سەردانتان دەکەینەوە ".

ئەوانیش تکایان لە ڕەجائی کرد کە دوای مانگەکە دوا نەکەوێت لەم کارە ، من لە ناخی خۆمدا بەزۆرخۆم گرتبوو تا نەتەقمەوە لە پێکەنیندا چونکە ئەو دەرمانەی ئەوان باسیان ئەکرد ڕەجائیش بەزۆلیەتی خۆی بۆی شی ئەکردەنەوە تەنیا ئەو ئاوە بوو کە ئەمان خواردەوە و خۆمان پێ ئەشت ، تەاوو کارەکە سەری گرت ..!! هەندێکیان 10 لیرەی و هەندێکی تر 15 لیرەیان ئەداینێ تاوەکو جارێکی تر سەردانیان بکەین ، وتەلەفونەکانیان بۆ تەڕ بکەین هەروەک ئەشزانن 10 لیرە و 15 لیرەی ئەو زەمانە زۆر ئێستای ئەکرد ، هەندێکیان پرسیاری ئەو ڕێ وشوێنی سەلامەتیان لێ ئەکردین تاوەکو ئەو پەتایە لەڕێی تەلەفونەکانەوە نەگوێزرێتەوە ؟؟ ڕەجائیش وەکو پزیشکێکی خاوەن ئەزموون وەڵامی ئەدانەوە و ئەیووت :

-" هەتا ئەتوانن لەکاتی قسەکردندا دەمتان دوور بخەنەوە لە هاندەکە یان وا باشترە دەسرێتان بەدەمەوە بێ کاتی قسەکردن ئینجا لە هەموویشی گرنگتر و باشتر ئەوەیە کە هەتا ئەتوانن لەبەر سەلامەتی خۆتان ئەپژمن بەسەر سەماعەکەدا ".

کابرایەکی لەوێ بو کە گوێی لەم قسەی ڕەجائی بوو ڕووی کردە یەکێک لە فەرمانبەرەکان کە لەبەر دەستیدا ئیشی دەکرد و

وتی :

-" چاوت لێیە ..؟ من هەمیشە پێت ئەڵێم کە کاتێ قسە بەتەلەفون ئەکەیت مەکۆکە ... تۆ زۆر سەیری ...! کە تەلەفونەکەت بەدەستەوەیە بیری کۆکەکەت ئەکەوێتەوە ...!! ".

بەر لەوەی بچینە تەواوی نوسینگەکانی تری ناو باڵەخانەکە بۆ ئەوەی تەلەفوونیان بۆ تەڕ بکەین ، پسوڵەمان پێ نەما ، ئەوانیش سوور بوون لەسەر ئەوەی هەمان کار بۆ ئەوانیش ئنجام بدەین ، واتا تەلفونەکان تەڕ بکەین ، ڕجائی پێی ووتن :

-" پسوڵەکانمان تەواو بوو گەورەم ، دوا نیوەڕۆ بێ گومان سەرتان لێ ئەدەینەوە ".



Scanned by CamScanner

خەڵکەکە ئەیان وت :

- " پسوڵەی چ گرنگەیەکی هەیە برا ؟ ... بابەبێ پسوڵە بێ ... ".

بەڵام ڕەجائی وا خۆی نیشان ئەدا کە فەرمانبەرێکی شەریفە وتی :

-" کە ئەستەمە ئەو بێ پسوڵە ئەو کارە بکات ، هەرگیز شتی وەها نیە ".

گەڕاینەوە بۆ ئوتێلەکە گیرفانمان پڕ بوو لە پارە ڕەجائی پارەکانی لەگیرفانی دەرهێنا و ڕژاندی بەسەر سیسەمەکەدا و وتی :

-" هەموویان لای ئێمە کار دەکەن و بۆ ئێمە تێ دەکۆشن پێم نەوتویت ..؟!! ".

وتم من زۆر ئەترسم چونکە ئەگەری ئەوەی تیایە بمان گرن وتی :

-" ئێمـە هـیچ تااونێکمـان نـەکردووە چـونکە پـسووڵەکان نـاوێکی تایبـەتی پێوەیـە ( خزمـەتگوزاری تەندروستی پارێزگـای ئەنقـەرە ) هـەموو کەسێـک ئـەتوانێ کـە کـارێکی وا دابمـەزرێنی و بەسـەر پێـی دانانرێ ، بگرە ئێمە پارمەتی حکومەت ئەدەین ئێمە بەناوی فەرمانگەیەکی دەوڵەتەوە ئەوە ناکەین ، ساختەشمان نەکردووە تا تاوانبارمان بکەن ، بەڵام ئەوە نەبێ کە بە ناو کارمان کردووە ".

درێژەی بەقسەکانی دا وتی :

-" ئێمە بۆیە ناومان بەڕووتی بەکارهێناوە چونکە پارەمان پێ نەبوو بەڵام مادام ئێستا پارەمان پێیە ئەچین لە دەرمانخانە گیراوەیەکی میکرۆب کوژ ئەکڕین ، و لەگەڵ ئاودا بەرێژەی ڕێ پێدراو تێکەڵی دەکەین و دەچین بەدەرمان کارەکە فەرمی تر دەکەین ".

چووین بۆ لای کابرای چاپخانە و دەفتەری پسووڵەکانمان لێ وەرگرت کە تەواوی کردبوو هیچی نەمابوو ، ڕەجائی سوپاسی خاوەن چاپخانەی کردوو پارەیەکی زیارتیشی دایە وەک لەوەی کە لەسەری ڕێکەوت بوون ، ئەو مامەڵە تووندەش کە یەکەمجار کردی بۆ ئەو بوو کە بڕوا بەکابرا بکات کە کڕیارە و ئەگـەر چـووین نیـوەی پـسوڵەکانیش بـەرین ، دیـسان ڕشـێنەرەکەمان کـەمان پـڕ کـرد لـە ئـاو بـەڵام ئەمجارەیان بەڕاستی دەرمـانیمیکرۆب کـوژی تێکـەڵاو کرابـوو ، هـەموو بەیانیـەک زوو دەرئەچووین و بەدرایـژایی ڕۆژ کارمـان دەکـرد ، و پارەمـان کـۆدەکردەوە و شـەو بـەمان ژمـارد بـە ئاسـوودەیی مـن هەرچەند ئەمووتزۆر ئەترسم کە تێبکەوین ئەبووت :

- " بۆنی کارەکەمان زوو بڵاو ئەبێتەوە باپەلە بکەین و زوو تەواوی بکەین ".

مەبەستی ئەوە بوو کە شوێنی نـەمێنی دەرمان ڕێـژمان نـەکرێ و کڵاومـان نـەدورێنێ ! ڕۆژێکیان ئـەوە ڕووی دا کـە لێـی ئەترسـام چـووینە نوسینگەی پارێزەرێکـەوە ڕەجـائی قـسەکانی دووبـارە ئـەکردەوە " گەورەم ئێمە لە خزمەتگوزاری تەندروستی پارێزگاری ئەنقەرەوەین ... هتد " من زۆر بەپەلە قسەکەم ئەنجام ئەدا لەسـەر قـسەی ڕەجـائی بەپەلە تەلەفونەکـەم هـەڵ ئەگرت و دەرمان ڕێژم ئەکرد ،بۆیە



Scanned by CamScanner



سەرەنجی سەرووچاوی کابرای پارێزەرەم نەدا کە لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو من بەکاری خۆمەوە سەرقاڵ بووم لەناکاو کابرای پارێزەر دەستمی گرت و وتی :

- " بوەستە ...! " .

سەرم بەرز کردەوە و کابرام بینی لەو کاتەا کەبینیم قاچم کەوتە لەرزین ، و رشێنەرەکەم لە دەست کەوتە خوارەوە من کابرای پارێزەرم ئەناسی پێئەکەنی ، وەک ئەوەی کە بیەوێ بڵێ " کەوتیە ناو دەستمەوە . " ئەمە جاری یەکەم بوو یان دووەم کە لە زیندان بووم ئەنزیکم هەبوو نە هاورێیەک سەردانم بکات ، بۆیە نامەم بۆ زیندانیە ئەخوێندەوارەکان ئەنووسیەوە تا بینێرن بۆ کەس و کاریان منیش لە بری ئەوە جگەرەم وەرئەگرت جارێکیان نامەیەکم بۆ بازرگانێکی ماددە بێ هۆشکەرەکان نووسی کە ناردبووی بۆ پارێزەرەکەی ، پارێزەرەکەش ویستبووی بمبینێ ، چووم بۆ لای ئەم کابرایە . کە لە بەرێوبەرایەتی زیندانەکە بەتەنیا دانیشتبوو ، ئەو کاتە هەردووکمان گەنج بووین ، بەڵام ئەو ئەتووت جنۆکەیە ، و چەند نامەیەکی بینبوو کە بۆ زیندانیەکانم نوسیبوو وتی :

- " زۆر سەرسامم بەو نامە نوسینانەت ، چونکە کاریگەری زۆری تێکەڵاو ئەکەی ، " .

ئەزانم کە زۆری بەلاوە سەیر بوو کە وتم من ئەو کاریگەریانە لەنامە نووسینەکاندا لەوەوە فێر بووم کە کتێبی پاساکانی زیندانم خوێندۆتەوە ، گرنگی هەر بەندێک لەبەندەکانیشی ئەزانم ، لە کۆتاییدا پێشنیارێکی پێشکەش کردم کە وەکو جۆری لە هاوبەشی کردن وا بوو ، بەواتایەی کە داوای ئەوەم لێ کرد کە کار بکەین بەیەکەوە ، ئەو لەدەرەوەی زیندان ومن لە ناوەوە ، دوای ئەوەی کرد کە خەڵکی بۆ بدۆزمەوە لەناو زینداندا تا بیکەن بە پارێزەری خۆیان و بەرگریان لێ بکات ئینجا ئەو کاتە برێک لەو پارەیەم ئەداتێ کە لەبەرگرییەکە دەستی ئەکەوێ ، بەتایبەت پارەکی زۆرم ئەداتێ ئەگەر ئەو زیندانیەی بۆی ئەدۆزمەوە پیاوکوژ بێیان بازرگانی ماددەی بێ هۆشکەر بێ ، دیار بوو کەکابرای پارێزەر ساختە چی بوو ، ئەی ویست من بکات بەنێوند لەو کارەدا گەنجێک بوو ئەیویست بەخێرایی ناوبانگی دەست بکەویت لەتاوانی کوشت و دزی زۆر بەکورتیش دەوڵەمەند بێ ،ئەستەم ئەبوو کە ئەمە بزانم لە قسەکردنیدا مۆڵەتی پێدام کە بیر لەم پێشنیارە بکەمەوە لەماوەیەکی کەمدا دوای ماوەکە هاتەوە بۆ سەردانم لە زینداندا وتم من رازی نیم بەو کارە ، زۆر تورە بوو ، وەک ئەوەی سوکایەتیم پێ کردبێ وتی :

-" خۆت بێ ئەقڵ مەکە ،چونکە لە دوا رۆژدا جگە لەوەی لە پشت منەوە پارەی پێداویستی ناو زیندانەکەت پەیدا دەکەیت خۆیشم بەگری لە تاوانەکەت ئەکەم ،کە تیایدای بەهۆیەوە لە زینداندا "

من هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی کە بەو کارە رازی نیم ، بۆیە بەر لەوەی دواجار جێم بهێڵێ وتی :

-" ئاخر بەڵای زۆرت بەسەردا ئەهێنم ئەگەر رازی نەبیت ، ئەمانەت لە بیر نەچێ ها ...! ".



Scanned by CamScanner

مەبەستی چی بوو لەم قسانە ؟ ئایا مەبەستی ئەوە بوو کە ئەڵێ " بۆ هەر کوێ سەفەر بکەی من خاوەن ئوتێلم ؟ " یان " ڕێوی هەرچەندە ئەم کون وئەو کون بکات چارەنووسی لای فەروو فرۆشە " من بڕیارم دابوو هەرکە لە زیندان هاتمە دەرەوە هەموو هەوڵێکم بخەمە گەڕ تاوەکو نەگەڕێمەوە ناوی لەڕێگەی ڕاست لا نەدەم و مووچەم لەکاری خۆم وەربگرم ، بەڵام نەم ئەزانی کە هەڵبژاردنی ڕێگاکان و ئەگەرەکانی ژیان بەدەست خۆم نیە ، هەر کە داواکەیم ڕەت ئەکردەوە چارو بار سەردانی ئەکردم تاوەکو باوەڕم پێ بهێنێت ، بۆیە بە پێکەنینێکی مەبەست ئامێزەوە وتی :

-" باشە تۆ بەرژوەندی خۆت ئەناسیت .... من ویستم خزمەتێکت پێشکەش بکەم ... بەڵام تۆ تێنەگەیشتیت ... هەرچۆنێک بێت بەڵای زۆرت بەسەردا دێت ...".

با بگەڕێنەوە سەری باسەکەی لەو ڕۆژە کە دەرمانەکەم بەتەلەفونەکەدا ئەڕشت ، ونەم ناسیەوە وە دەستی گرتم زەردەخەنەیەکی کرد مەبەست ئامێزی گرت و وەکو جاران دەستمی بەردا ڕوویکردە ڕەجائی وداوای پسوڵەکەی لێکرد و لێی وورد بۆوە و چەند جارێک سەری بادا وتی :

-" فەرموون دانیشن " .

کەوای وت ئەت وت بەتەنیا بە من ئەڵێ " دانیشە کوڕی کەر .. " من وا هەستم ئەکرد کە بە تۆمەت گیراوین ڕووی کردە من و وتی :

- " ناوبانگت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاد ئەکات .... ".

من هیچم نەوت وتی :

-" بیرم یەت کەوام پێ وتی ئەوسا " .

دیسان هیچم نەوت وتی کە من ئەتوانم کاری لەگەڵدا بکەمەوە دیسان چونکە وەک خۆی ئەوت ئامانجی ڕاستەقینەی لەوە بوو کەیارمەتیم بدات و بم خاتە سەر ڕێی ڕاست من ئامانجی ڕاستەقینەی ئەوم ئەزانی چییە ؟ بەڵام چیم بکردایە ؟ هیچ ڕێگە چارەیەکم لەبەردەما نەبوو ، ئەوەتا ئەبینین کە چۆن هەموو دەرگاکان بەڕوومدا دئەخرین ؟ تەنیا تاکە ڕێگەیەک لەبەردەممدا بەکراوەیی ئەمێنێتەوە !! ئەبێ بەوە ڕازی بم کە پێم ئەڵێ بمەوێ و نەمەوێ داوای ئەوەی کرد کە ببم بە نووسەر لە نووسینگەکەی هەر چۆنێک بێ ئەو کارە لە ساختە کاری باشترە وەک ئەوەی کە نیوەی تەلەفونەکانی شارەمان بە ئاو لە لیش خست ڕەجائی هەستا وتی :

- " بۆنی ئەم کارەمان بڵاو ئەبێتەوە ها ...! ".

ئینجا بەدەم ئەو قسەیەوە ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت نەم زانی بۆ کوێ ڕۆی ؟! بەڵام تەنیا لەبەر حەز کردن بەخراپەکاری و ناپیاوی خوێڕیەتی یەک پوول لەو پارانەی نەدامێ ، کە بەیەکەوە دەستمان کەوت ، منیش هیچم لێ داوا نەکرد ، لەو لەبەر پیسکەیی و خۆش ویستنی پارە نەبوو کەوای کرد وپارەی نەدامێ ..! بەڵکو تەنیا بۆ خراپەکاری کردن بوو بەرامبەرم تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بڵێ کاری





خۆمم بێ ئەنجام دابێت و بەناچاری دوام کەوتی !! کارکردنم لای کابرای پارێزەر دەستی پێ کرد . خۆمم زۆر بۆ ئەو کارە بە هەموو جۆرێ تەرخان کرد . دوای چەند مانگێک بەدوادا چوونی گشت کارەکانی پارێزەرەکەم ئەکرد لە دادگا و بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم لە کارەکەمدا هەموو دۆسیەی تاوان وبەرگری کاریەکانیم بەووردی ئەخوێندەوە سەرەتا جانتاکەیم بۆ هەڵ ئەگرت و ژوورەکەیم بۆ پاک ئەکردەوە و چەند پێدوایستیەکی ناوبازارم بۆ بەجێ ئەگایاند .بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو بووم بە نووسەری پارێزەر بەتەواوەتی کاتێ کە ئەچوو بۆ دادگا یان بۆ سەندیکای پارێزەران من کاروباری نوسینگەکەیم بە تەواوەتی بۆ بەڕێوەئەبرد ، کابرا زۆر زوو بەناوبانگ بوو ، چونکە هەمیشە خاوەن پرۆژە گەورەکان و گەورە پیاوانی و گەورە تاوانبارەکان ڕوویان تێ ئەکرد ، زۆر لە من ڕازی بوو منی بەکار ئەهێنا لە زۆر کاری ئاڵۆز وگەورەدا بە تایبەت کاروباری پارەو دارایی ، ڕۆژێکیان لەگەڵ کابرایەکدا لە نوسینگەکە قسەم ئەکرد کەکاتێ دوو پیاوی پۆلیس خۆیان کرد بە ژووردا و بەنێ ڕوانینێکی زۆر قورسەوە سەیریان ئەکردم و زەردەخنەیەکیان کرد و وتیان :

-" تۆ پاشازادەیەت ... ؟".

ئەتوت یەک مەنجەڵ ئاوی گەرم کراوەبەسەرما زۆر شڵەژام و ترس دایگرتم و کەوتمە لەرزین چونکە ا پاشازادە ا ناوی ساختە کاریم بوو وتم :

- " ئێوە کێن ...؟! من ناتانناسم ...؟! " .

وتیان :

- " وەرە لەگەڵمان ئەوکاتە یەکتریش ئەناسین .. " .

من لە نێواناندا ئەڕۆیشتم کە گەیشتینە بنکە یەکێکیان بەبەڕێوبەرەکەی وت :

- " گەورەم هێنامان ! " .

من پێم ئەوتن کە هەڵەیەک هەیە لە بابەتەکەدا چونکە من هیچ تاوانێکم نەکردووە و پرسیاری ئەو تۆمەتەم لێ ئەکردن کە کردوومە بەڵام لە کێ ئەپرسی ؟ وەڵامەکەیان هەر ئەوە بوو ئەیان وت " وس بە خوێڕی .. " یان بەیناو بەین مشتێکیان ئەکێشا بەدەممدا من لە ئەزمونە کۆنەکانی پێشوومدا کە لە لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا کرابوو ئەمزانی کە ئەگەر زیاتر لەسەری بڕۆم ئەو شیرە لە لوتمەوە ئەهێننەدەرەوە کە دایکم پێی داوم بە ساوایی بێدەنگیم کرد و هیچ قسەم نەکرد وچاوەڕێ بوو بزانم کەچی ڕوونەدات !! بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ دوو پۆلیس بردیانم بۆ ئەستەنبوڵ ، ئەم ئەزانی کە بۆچی گیراوم ؟ ئەگەر بۆ شتێک بێ ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە بەناوی خزمەت گوزاری تەندروستی ئەنقەرەوە بۆ قەڵاچۆکردنی هەڵامەت و پارە کۆکردنەوە لە ژێر سەری ئەو کارەوە منیان گرتووە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە بمبەن بۆ ئەستەنبوڵ چونکە ئەم کارەمان لە ئەنقەرە کردووە ، وبە پێ قسەکانی ڕەجائی ئێمە ساختە کاریمان نەکردووە و ناوی هیچ فەرمانگەیەکی دەوڵەتمان بەکارنەهێناوە و ساختەمان



Scanned by CamScanner





نەکردووە ئێمە بەرامبەر بڕێک پارەی کەم تەلەفونەکانمان بەدەرمانی میکرۆب کووژ ڕێن کردووە ئەوەش هەمووی بە ویستی خاوەن تەلەفونەکە وبگرە پاڕانەوەشیان بوو !! لە ئەستەنبوڵ بردیانم بۆ ئاسایشی گشتی ئەوێ و خستمیانە ژوورێکی تاریک و ناخۆشەوە لەژێر زەمینەکەداو بۆرۆژی دواتر دەریان هێنام لەوێ و بردیانمە ژوورێک لە ژوورەکانی قاتی سەرەوە لە ژوورەکەدا چەند پۆلیسێک دانیشتبوون و بونەوەرێکیش لێ بوو کەتارادەیەکی زۆر کەم لە ژوورەکەدا بەرامبەریان دانیشتبوو ئەگەر بتوتایە ئەم بونەوەرە ئافرەتە زەحمەت بوو ئەگەر بتوتایە پیاوە ، لە پیاویش نە ئەچوو ! یەکێک لە پۆلیسەکان ئامازەی بە من داو و بە بونەوەرەکەی وت کە لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو وتی

- " سەیرکە خانم ... ئەمە خۆیەتی ...؟ ".

لەقسەی کابراوە تێگەیشتم کە بوونەوەرەکە ئافرەتە بەڵام هەر ئەتووت بۆقە دنیایەک فوویان کردووە بەسەری دا و لەسەرلاشەی مرۆڤێک دایان ناوە ن ناکرێ مرۆڤ ئەوەندە قێزەوەن و ناشرین بێ دیار بوو لە هەڵئاواسانی ژێر چاوی و سوور بوونەوەی چاوەکانی کە زۆر گریاوە هێشتا چاوی هەر ئاوی ئەکرد وتی :

-" خۆیەتی گەورەم ئەو بوو کەوای کرد !! ".

کابرای پۆلیس ڕووی کردە من و وتی :

-" کە بێتاوان تۆمان گرتووە ؟ ".

من چونکە هەر گومانم هەر بۆ دەرمان ڕشتنەکە ئەچوو سوێندم خوارد بە خواو وتم :

-" گەورەم بەخوا من تەلەفونی ئەم ئافرەتەم دەرمان ڕێژ نەکردووە ...؟!" .

وتی :

- " تەلەفونی چیو دەرمانی چی سەگباب ..؟! ".

لەم قسەیی کابرای پۆلیسەکەوە زانیم کە هێشتا کەس بە گەمەی ئەو بەزمەی دەرمانەی نەزانیوە قسەم نەکرد ئەویش وەک ئەوەێ بیەوێ ئەو مەسەلەیە دوایی بکاتەوە ئەمەی بەردەمانی بەباشتر و گرنگتر دانا و بۆیە وتی :

-" تۆ ئەم ئافرەتە ئەناسی ... ؟".

من هەر چەندە سەرنجم ئەدا ئەوەی لەبەردەمم دانیشتبوو تێکەڵاوێک بوو لە مرۆڤ و مەیمون ، زۆرم پێ سەیر بوو کە یان وت " ئافرەت !! " وتم :

- "نەخێر من نایناسم .... ".

مەیمونەکە دەستی کرد بەگریان و باوکە ڕۆ وتی :

- " کەواتە ئێستا حاشام لێ ئەکەی ؟ ".



Scanned by CamScanner

تێڕوانینێکی زۆرەوە سەرنجیم دا و ئەمووت بەڵکو بیناسمەوە بەڵام هەرچییەکم کرد نەمتوانی بزانم لە کوێوە بینومە . هەر بە سروشتیش مرۆڤ سەرو چاویواى بیر ناچێتەوە وە ئەگەر تووشی بووبێ رۆژێک لە ڕۆژان وتم :

-" خانم من لەکوێ تۆ ئەناسم ؟ " .

ئافرەتەکە وتی :

- " ئەی خائن چەند قسەی خۆشەویستی و پەیمانی هاوسەریت بۆ کردم ، هەمووی بۆ هەڵخەڵەتاندنم بوو ؟ ".

وتم

- " من ..؟؟!!! ".

وتی :

- " سەیرەکە بەبێ شەرمیەوە پرسیار ئەکات ... کاتێ کە قوڵت بریم !!" .

بەگەمژییەکەوە لێم پرسی چونکە نەم ئەزانی کە چ بەڵایەک بەسەرما کەوتووە وتم :

-" تکات لێ ئەکەم خانم ... من ئاگام لەم کارە نیە هەرگیز ... من کەی قوڵی تۆم بڕیوە ؟ ".

وتی :

- " لە من باشتر ئەزانی ... چونکە من لە هۆشی خۆم چووبووم ئەو کاتە .. ".

کاتێ کە زانیم کە بەڵایەک خەریکە بەسەر سەرمدا ساغ ئەبێتەوە کەوتمە پاڕانەوە لێی و وتم :

-" قاچت ماچ ئەکەم جوان سەیر بکە و سەرەنجم بدە ... من ئەو کەسە نیم کە باسی ئەکەیت " .

ئافرەتەکە وتی :

-" وای برا ڕۆ ... چاوم لە چاویەتی درۆم لەگەڵ ئەکات " .

سەرو چاوم بردەپێشەوە بۆ ئافرەتەکە و وتم :

- " دیقەت بدە ... مرۆڤ هەیە لەیەکتر ئەچن .. جوان سەرنجم بدە ئەمەی کە تۆئەیڵێی تاوانە و گوناهە ".

کابرای پۆلس قسەکانی پێ بڕیم و بە ئافرەتەکەی وت :

-" دەی کچم ... بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆتان خەمت نەبێ ئەم ساختە چیە هەرچییەکی لێ بردووی لێ ئەسێنینەوە "

لە ناکاو ئافرەتەکە هەستایە سەر پێ و خۆی هەڵدا بەرەو ڕووم باوەشی پیا کردم و وتی :

-" عاکف .. عاکف !! بۆچی هەموو هیواکانی منت ڕوخاند ؟ ئەو هەموو خەونە خۆش و جوانەی ئیمەت بۆچی ون کرد ؟ چۆن ئەمەت بە من کرد بێ ویژدان ؟ " .

خەریک بوو ماچم بکات پاڵم پێوە ناو بە پۆلیسەکانم وت :



Scanned by CamScanner

-" ئێوەش گوێتان لێ بوو ناوی نام عاکف ... ئەو ئەم شوێنێی بەکەسێک کە ناوی عاکفە ! ".

کابرای پۆلیس لەم قسەیەم زۆر پەست بوو هات بەرەو پیرم مێشکی تێک چوو خەریک بوو بێت لێم بدات بەڵام ئافرەتەکە هاتە نێوانەوە و نەیهێشت وتی :

-" مەیکوژن توو خوا ... لە من بدەن و پەنجە بۆ ئەو مەبەن ".

کابرای پۆلیس وتی :

- " هەتیوو ئەو تۆپێنین چۆن ئاڵتون و پارەی ئەم ئافرەتە ئەبەی ؟ ".

ئافرەتەکەش هەر ئەیوت " عاکف بۆچی وات کرد ئێمە خەریک بوو ماڵمان پێکەوە ئەنا ..! منالمان ئەبوو دامان نابوو ئەوەندە منداڵمان بێت کە تیپێکی دووگوڵیان لێ دروست بکەین تۆ دادوەرەکەیان بیت !! " هەر ئەگریا و ئەیوت ئاخ لە تۆ زاڵم بەزەییت پیاما نەهاتەوە عاکف ؟ هەی زاڵم ؟ ... جۆرە سۆزێک بۆ ئەو هەموو گریانەی دروست بوو بوو لە ناخما وتم :

- " توخوا خانمەکەم مەگری ، خەریکە دڵم ئەبێ بەهەزار پارچەوە .. ".

من مرۆڤێکی دڵ ناسک بووم لە ڕاستیدا ئازارم ئەچەشت بۆ ئەم ئافرەتە پاشام خەریک بوو گریانم بۆ حاڵی خۆیشم ئەهات لەوەی کە تێکەوتبووم وتم :

- " بەسە ".

وتی :

- " تۆ بەسە ئەی عاکفی خائین ".

وتم :

- " بەخوا تۆ بەهەڵە لە من تێگەیشتوویت ...!! ".

کابرای پۆلیس لەو کاتەدا بانگی یەکێک لە پاسەوانەکانی کرد و وتی :

- " بیبەن بۆ لای ڕۆژنامەنووس و وێنەگرەکان .. ".

وەک ئەوەی کە جاڵجاڵۆکە بن و دزوویان چنی بێ بۆ ئەوەی مێشێکی تێ بکەوێ و چاوەڕێی من بوون کە چوومە ژوورەوە دەستیان کرد بەوێنە گرتنم بەمەشەوە نەوەستان ئەیان وت تۆزێ سەرت بەرز بکەرەوە ... بەرزتر .. بەلای ڕاستدا .. بەلای چەپدا ... تاوەکو بە شێوەیەکی باشتر وێنەم بگرن دوای تەواو بوونی ئەو کارە ڕۆژنامەنووسەکان وتیان چیت لە پارەو ئاڵتونی ئەو ئافرەتە کردووە ؟ وتم :

- " ئاگام لە هیچ شتێک نیە لەو بارەیەوە من ئەم گوێنیە پڕ لە ناشرینیەم نەبینیوە کە پێ ئەڵێن ئافرەت .. ".

پاشان بردیانمە ژوورێکی ترەوە ئەگەر بوتایە گەورەم یەک چرکە گوێم لێ بگرن ... بە پارمەتیتان تکایە ... بەڵام بۆ کێ ئەمە باس بکەم ؟ کەس گوێی لێ نەئەگرتم ئەوەندەیان لێ دام وکوتام بەگرتنی کە تاوەکو 24 کات ژمێرهۆش خۆم نەیەمەوە کە هۆشم هاتەوە وەک ئەوە وابوو کە ئێسقان لە



Scanned by CamScanner





لەشمدا نەمابێ و هەمووی شکابێ ! دوایی ڕۆژنامەیەکیان بۆ هێنام تاوەکو خۆمی تیا ببینمەوە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە وبیرم نەمابوو کەچی لە ڕۆنامەکەدا نوسرابوو ، بەڵام دانەیەکیان نوسیبووی ( پاشازادە ڕاوی ئافرەت ئەکات ) ئەقڵم تیا نەما بێ ئەوەی بمەوێ بووم بە ( عاکف ) بەپێ قسەکانی ئەو ئافرەتە کە لە شکاتەکەدا نووسیبوی‌من خۆم وەک ئەفسەرێک بێ ناساندووە پەیمانی هاوسەر گیریم پێ داوە و ئەو مەرە بەسە زمانە کە مەڕ لەو جوانتر بوو پێش هاوسەرگیریش گوایە پێم وتووە " ئەبێ ئاڵتونەکانتم بەیتێ تاوەکو لای زەڕەنگەر پێوانەی دەستت بزانم و بۆ شایەکەمان ئاڵتونت بۆ بکڕم !! " بەوەشەوە نەوەستاوم ئەڵقەکەی پەنجەی و گوارەکەی گوێچەکە و ملوانەکەی ملیشم لێ سەندووە ! ئەویش لەبەر ئەوەی کە منی زۆر خۆش ویستووە هەموو شتەکانی داومەتێ بێ ئەوەی بیربکاتەوە خەڵەتاوە !! ئەو مەرە بەسە زامانە وەکو شێت هەواداری من بووە ، هەرچیەکم پێوتوە دەست بەجێ بەقسەی کردبووم قەت دڵی نەشکاندبووم ڕۆژێک لە ڕۆژان !! هەر چاوەڕوان بووە کە بە ئاڵتونەکانەوە بگەڕێمەوە ، کات و ساتی تێپەڕ بووە کەس نەهاتووە هەواڵێکی منی بداتێ.. هەر نەگەڕاومەتەوە کاتێ گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە من هەرگیز نایەمەوە تەیزانیوە کە هەڵم خەڵتاندووە وای زانیوە کە ئاخۆ تووشی چ بەڵایەک بووم لەو کاتەوە کە جێم هێشتووە و ئاخۆ چیم لێ بەسەر هاتبێ بۆیە بەدڵێکی پاکەوە چووە بۆ لای ئاسایش و تکای کردووە کە بزانن کە من لە چ کەرتێکی سەربازی کاردەکەم ، ؟ لەوێ وتبووی " دەست گیرانەکەم عاکف چووە ئاڵتونم بۆ بکڕێ ماوەی مانگێکە دیار نیە ، ون بووە ئەمەوێ بزانم کە لە کوێ فەرمانبەرە ؟ ". عاکف کێیە ؟ مولازیمە ... منیش چونکە لەوەوە پێش کارێکی وام بە جل و بەرگی ئەفسەرە گەنجەکەوە ئەنجام داوە بەناچارە بۆیە کە دۆسیەی ئەو تاوانبارانایەن خستبووە بەردەم ئافرەتەکە کە وەک مولازیم خۆیان نیشان داوە ، ئەویش لەناو وێنەکاندا منی بە دڵ بووە وتوویەتی " ئەمە عاکفە " تەی چی دەستی پۆلیس درێژە ... لەئەنقەرە منیان گرت و لە ئەستەنبوڵ بەسەرما هات ئەمانە هەمووی گرنگ نیە ، ئەوە کە من تێ نەئەگەیشتم ئەوە بوو کە ئافرەتە بۆچی لە ناو ئەو هەموو وێنەیەدا منی هەڵبژارد ؟ نەمزانی !! ئەگەر ئەشکەنجەدانەکەم تا ئێرە کۆتایی بهاتایە باش بوو ، بەڵام ئەشکەنجەی زیاتر بەڕێوە بو بۆ هەمان ژوورەکەی جارەکەی پێشوو ئەمجاریان لەسەر هەمان کورسی ئافرەتێکی تر دانیشتبووئەمیان لە ئافرەتێکی تەواو ئەچوو مەبەستم ئەوەیە کە شێوەی دیار بوو کە ئافرەت بوو وەک ئەوەی تر نەبوو، کابرای پۆلیس بەزردەخەنەیەک گاڵتە ئامێزەوە وتی :

-" ئەی ئەم ئافرەتە ئەمیشیان ناناسی .... وا نیە ؟ ".

وتم :

-" نایناسم .. ".

ئافرەتەکە یەک تفی لێ کردم و وتی :





-" هیچ نەبێ شەرم لە پیشەکەت بکە کاتێ درۆ ئەکەیت ... !! ".

لە چ پیشەیەک ..؟ من تەنیا وەک نووسەرێک کارم ئەکرد لای پارێزەرێک !! ئافرەتەکە ئەیووت :

- " نە ئەبوایە ئەم کارەت لەگەڵ من بکردایە حەسن !! ".

دیار بوو ئەم ئافرەتەش مولازمێک هەڵی خەڵتاندبوو ، بەکابرای ئاسایشم نەوت " ایناسم " چونکە ئەمزانی کە سوودی نیە دوایی زۆریشم لێ ئەدەن ، سەرم داخست و هیچ قسەم نەکرد لەماوەی هەفتەیەکدا 5 ئافرەتیان نیشان دام تەنیا لەوانە یەکێکیان وتی کە من نەبووم هەڵم خەڵتاندبێ ئەوان زۆر هەوڵیان دا کە بڕوا بە ئافرەتەکە بهێنن کە من بووم پێش ئەوەی بێت بمبینێ بەڵام کە بینیمی وتی " خوا هەیەمن درۆ ناکەم ئەمە ئەو کەسە نیە " یەکێ لەئافرەتەکانکە وتبویان من بە بەرگی پۆلیسەوە و هەڵم خەڵتاندووە درۆکەی ئەوەندە درێژ کردەوە کەتا ئەورادەیەی کە من لە ئیزمیر هەڵم خەڵتاندوە 1 وتبووی کە من لەوێ ناسیومە ! ڕۆنامەکانیش هەموو ڕۆژێ شتێکی تازەیان بۆ دروست ئەکردم لە ووشەیەکیان ئەکرد بە هەزار ئەیان وت کە من 20 ئافرەتم هەڵخەڵتاندوە بەو بیانوی کە ئەیان هێنم هەموو ڕۆژێ ژمارەی ئافرەتەکان زیادی ئەکرد هەمیشە وا ئەهاتە پێش چاوم کە هەندێ لەو ئافرەتە داماوانەی هەڵخەڵتاون کە لە ڕۆنامەکاندا ناوی منیان بەرچاو ئەکەوت کە نوسرابوو ( پاشازادە ) وایان ئەزانی کە من بەڕاستی پاشازادەم واتا کوڕی کابرایەکی دەوڵەمەندم ، وە بۆ ئەوەی کە شووم پێبکەن ، یان لەوانەیە پارەیان دەست بکەوێت ، کە من دزیومە لە ئافرەتەکان ئەچوون بۆ ئاسایش و شکاتیان ئەکرد و ئەیان وت " گەورەم منیش ئەم کابرایە بەبیانوی هێنانەوە خەڵتاندومی " پاشان ڕۆژنامەکانیش ژمارەی ئەو ئاڵتون و پارانەیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی ئەکرد کە گوایا من لەو ئافرەتانەم سەندووە ، جارێ وا هەبوو باسی ئەوەشیان ئەکرد کە بینای گەورەو کێڵگەی فراوانیان کردوە بە ناومەوە ئەمانە هەمووی ئارەزووی ئافرەت ئەکاتەوە تاوەکو شوو بەو کەسە بکات ، هەچەندە کەلە ناو زیندانسشدا دیار بوو کەهەندێ لەو ئافرەتانە نەخۆشی دەروونیان هەبوو !! بەڵێ چونکە یەکێک لەو ئافرەتانە ی کە ئەیان وت کە من هەڵم خەڵتاندون بەبیانوی ئەوەی داوایان ئەکەم دانەیەکیان زۆر بەتەمەن بوو دوایش دەرکەوت کە شووی کردەوە ، کە ئەمە ئاشکرا بوو زۆر دڵم خۆش بوو ، وتم ئۆخەیش سوپاس بۆ خوا بەڵگەی بێ تاوانیم دەرکەوت بەڵام ئافرەتە بەتەمەنەکە لە من زۆرزانتر بوو قسەکەی خۆی نەشکاند و وتی :

- " ئەو پێی وتم داوای جیابوونەوە بکە لە مێردەکەت تا بتهێنم !!".

لە خۆڕایی نەبوو کە ئەو قسانەی کرد چونکە خاوەن ئەزمونێکی باش بوو ڕۆژنامەکان ژمارەی ئافرەتەکانیان گەیاندە 25 ئافرەت بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان چوار ئافرەت بوون ، کەسیان لەم چوار ئافرەتە خاوەنی لەش ولاری ڕێک وپێک یان شێوەیەکی پەسند نەبوون ، قسەکردنیشیان لادێی بوو ، کاتێ کە ئەبرامەوە بەردمیان وەکو جاران حاشام نەئەکرد چونکە ئەمزانی کە سوودی نیە و ناتوانم



Scanned by CamScanner

بڕوا بە پۆلیس بێنم کەوام نەکردووە لەوەش زیاتر ئەترسام کە دیسانەوە دەست بکەنەو بە لێدانم ئەوەیش زۆرناخۆش بوو لێدانیان لێدان نەبوو ...لەسەر ئەو مەسەلەی لێدان جارێکیان کە یەکێک لە ئافرەتەکانیان هێنایەوە بەردەمم وتم :

-" نایناسم " .

ئەو پۆلیسەی کە دوێنێ ئێوارەکەی زۆر لێداوبووم وتی :

- " هەتیو چۆن نایناسی ؟ دوێنێ ئێوارت بیر نەکەوتەوە ؟ تائێستا هەر درۆ ئەکەی و بەبێ شەرم ئەڵێی‌نایناسم ؟ بیرت بخەینەوە ؟ ".

لە دادگا بە دادوەرم وت :

-" گەورەم من هیچ کام لەم ئافرەتانە ناناسم و نەمدیوە کەسیانم نەدیوە هەڵەیەک هەیە لە کارەکەدا گەورەم ئەو ئافرەتانە دیارە من بە کەسێکی تر تێگەیشتوون ! دادوەر بە گاڵتەپێکردنێکەوە وتی :

-" هەموویان درۆ ئەکەن و تۆ ڕاست ئەکەی " .

بەڕاستی ئەگەر منیش لە جێی دادوەرەکە بوومایە بەهەمان شێوە بیرم ئەکردەوە کابرا ناحەقی نەبوو پاشان دادوەر داوای ئەستۆ پاکیمی کرد لە بنکە کە هاتە بەردەستی ئەوەی بەرچاو کەوت کە گیرابووم وەختی خۆی لەسەر لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کە لە ناو شەمەندەفەرەکەدا یەکرتمان ناسی و جل و بەرگی کوڕە ئەفسەرەکەم لەبەردا بوو دوایی مێردەکەی لەناو ماڵەکەی دا تەقەی لێ کردم کە ڕووت بووم من هەڵم خەڵەتاندون هەفتەی دووجار ئەهاتن هەرچییەکم پێویست بوایە بۆی ئەهێنام یەکێ لەم دوانەدەم وچاو بۆقەکە بوو لەسەردانە زۆرەکانیەوە زانیم کەمەسەلە چییە ! هەردوکیان بیریان لەوە ئەکردەوە کە شووم پێبکەن و وەلەبەر ئەوەی من بەهۆی سکاڵای ئەوانە لە زیندان بووم بۆیە ئەگەر ڕایان بکێشایەتەوە لە زیندان ڕزگارم ئەبوو ، بەڵام ئەمە ڕاست نیە چونکە هەر ئەوانەوە زیندانی نەکرا بووم بەڵکو بەهۆی دوانەکەی تریشەوە ئەبوایە ئەوانیش شکاتەکانیان واز لێ بهێنایە بەڵام خۆ ئەمە ناکرێ من هەر چواریان بهێنم بۆیە ڕزگار بوونم ئەستەم بوو هیوای ئەم دووانەم نەبڕی لە دواکردنیان کەئەهاتن سەردانیان ئەکردم بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیمانم پێنەدان ، ئەم ویست پێبکەی ئەبێ ڕاستیەکە بڵێی " زۆر ڕوون قسەی نەئەکرد بەڵام ئەوەندە تێگەیشتم کەئەفسەرێک زۆر بۆ ئاڵتونەکانی ئەخوارد ، کاتێ لە ڕۆژنامەدا بینبوی کە ( پاشازادەی ڕاوکەری ئافرەت دەستگیر کراوە ) هیوایەکی لا دروست ببوو کە لە جیاتی ئەو ئاڵتونانە ئاڵتونی تری دەست بکەوێ کە من



Scanned by CamScanner





ئافرەتەکانم بردووە بۆیە هاتبوو بەدرۆ شکاتی کردبوو پۆلیسیش پەیمانی دابوو کە هەموو ئاڵتونەکانی بۆ بگەڕێنێتەوەن بەڵام کاتێ بینبوویان کە هیچم لا نیە ، ئافرەتەکە مەسەلەی ئاڵتوونەکانی لەبیر خۆی بردبوو و وای دانابوو کە هیچ نەبێ با پیاوەکەی لە دەست نەچێ ! من هەر یەکێ لەم دووانەم لە دووکاتی جیاوازدا ئەبینی بۆیە کەسیان بەوی تری نەدەزانی چونکە بۆقەکە بەیانیان ئەهات جوانەکەیش ئێواران بەڵام جارێکیان هەردووکیان لەیەک کاتتدا هاتبوون بۆیە تارێ ئەدرا بە چوونە ژوورەوە و سەردان تۆزێکی پێ ئەچوو بۆیە ئەم دووانە کەوتبونە قسە و وەک هەموو ئافرەتێ کە چۆن یەکسەر ئاشنای یەک دەبن ، بەڵام لە نێوەندی قسەکاندا کە زانیبویان کە هەر دووکیان ئەچن بۆ لای هەمان پیاو نەیان توانیبوو دابەشم بکەن کەسیان ملی بۆ ئەوەی تریا نەوەی نەکردبوو بۆیە یەکەم جار قسەی جوێن و سوک و ناشرینیان بەیەک دابوو پاشان دستیان دابووە قژی یەکتر بەڵام ئاسایی بوو کە دەم وچاوو بۆقەکە سەربکەوێ بەسەر ئەوی تریاندا چونکە لە ژیانیدا یەک جار ودوا جار بوو کە پیاوێک بە ڕووتی ببینێ بۆیە بە گیان و بەدان بەرگری لە پیاوەکەی خۆی کردبوو ، ئەوی تریان بەهەزار حاڵ دەرهێنابوو لە ژێر دەستیا هەموو گیانی لە خوێن و عارەقەدا شلپەی ئەکرد پاشان ئەوەی کە لە شەڕەکەدا سەرکەوتبوو هێوەر ببووەوە و خۆی کۆکردبووەوە تاوکو بزانێ چیم پێ ئەڵێ لەسەردانەکەدا ئەوەی کە توانیم لێی تێبگەم ئەوە بوو کە ئەم داماوە هەر لەسەرتای ژیانیەوە کارەکەر بووە لە ماڵان ، ئەوەندەش ناشرین بووە کە هیچ پیاوێک نەهاتبووە ژیانیەوە ئەستەم بوو کە تەمەنە ڕاستیەکەی بزانرێ دیار بوو کە چل ساڵی تێپەڕاندبوو ئەوەی کە هەموو ژیانی لە ئاڵتون کرین دا پەیدای کردبوو دابووی بە ئاڵتون و لیرە ئەوانەی ئەکری بەو هیوایەی کە پیاوێک بدۆزێتەوە کە لەبەر پارەکانی داوای بکات بۆیە ئەم کابرایە توانیبوی ئەو ئاڵتون و پارانەی ئاوا بەئاسانی لێ بسەنێ ئەوەبوو کە ئەم ئافرەتە ڕاستە خەونی بەمێردەێکەوە ئەبینی بەڵام بڕوای نەئەکرد کەیەکجار وا جوان بێ ا بەپێی بۆی ئافرەتەکە بۆی ئەکردم کابرای ساختەچی قۆز و جوان بووە ا بۆیە کە داوای ئەو شتانەی لێ کردووە ئەم وەکو لە ژێر بەنجبە ئاگا نەهاتبێتەوە بێتەوە هەمووی لێ سەندوتەوە بۆیە ئەمیش هەر بەچاوەڕوانی هاتنەوەی ئەو ئەفسەرەوە دانیشتووە ؟!! ، لە ئاسایشی گشتی کە سکاڵای کردبوو ، لەوەی کە ئەفسەرەکە ئەوەک بەلایەکی بەسەردا هاتبێ ئەوان زانیبویان کەهەڵخەڵتێنراوە بۆیە دۆسیەکیان خستبووە بەردەمی کەوێنەی چەندەها ساختەکاری تیدابوو کە بەرگی ئەفسەرەیان پۆشیبوو ئافرەتەکە خۆشی تیگەیشتبوو کە پارەو پولی هەمووی تیاچووە ، بۆیە یەکسەر کە سەیری ناو دۆسیەکەی کردبوو ، ئەو کەسەی بەدی نەکردبوو کەهەڵی خەڵتاندووە ، یان ئەوەتا ئەو کابرایە یەکەم جاری بووە شتی وا بکات یان ئەوەتا وێنەی منی بەدڵ بووە پۆلیسەکان وەک ئەوە وا بوون کە وێنەی منیان نیشان داوە نەیان ووتبێ " کام لە مانە ئەوە ؟ ". بەپێی عەقڵی خۆی منی هەڵبژاردووە ئافرەتەکە کە بۆ ئاڵتونەکانی خەفەتی نەئەخوارد ،بەڵکو بۆ لەدەست چوونی ئەو کەسە بوو کە ئەبووە



Scanned by CamScanner

مێردی بۆیە کە عاکفی لەدەست چووبوو ، دای نابووکە من جێگەی ئەو کەسە بگرمەوە ، بۆ ئەم هۆیە بوو کە دەستی کرد بە گریان و باوەشی پیا کردم وئەیوت " ئاخ عاکف ستەم کار عاکف ... واخ عاکف " بەلام ئەم ئەزانی هۆی درۆ کردنی ئافرەتەکانی تر چی بوو کە ووتبویان من هەڵم خەڵتاندوون ؟ دیارە ئەمانیش بەهەمان شێوە لەلایەن پۆلیسەوە پەستانێکی نەرمیان خراوەتە سەر و پێیان وتراوە کە جوان سەیری وێنەکەم بکەن بێگومان منم !! ئەکرێ کە هەدوو ئافرەتەکە نەخۆشی دەرونیان هەبێ واتا دوانەکەی تر چونکە هیچ تاوانیساختەکاریان لێ نەکرابوو ، وەک دوای بۆ خۆمیان باس کرد بە تەنیا ، چونکە یەکێک لەم دوو ئافرەتە کاتێ کە وێنەم بۆ ئەگیرا سوراوسپیاوی هێنایە دەرەوە و دەستێکی هێنا بەخۆیدا ولە وێنەگرەکان پارایەوە کەوێنەیەکی لەگەڵ مندا بۆ بگرن ، لەیەکێ لەسەردانەکانی ئافرەتە ناشرینەکە " کارەکەرەکە " هات بۆ لام بەگاڵتە پێکردنەوە وتم :

- "ئەوەی لە خوا نەترسێ شەرم لە بەندەکانیشی ناکات ، بۆچی لە ناو ئەو هەموو ساختەچیەدا منت هەڵبژارد ؟ ".

وتی :

- "چی بکەم تۆ لە هەوویان جوانتر بووی ..! ، زیاتر لە پیاو ئەچووی بۆیە هۆگرت بووم !! " .

ئەو ڕۆژە دەرم کرد و وتم :

- "خوا بەڵات بۆ بنێرێ ون بە لەبەر چاوم مەهێڵە جارێکی تر چاوم بت بینێتەوە" .

بەلام ئەو دەستی کرد بەپارانەوە و وتی :

- " ڕێگری خۆشەویستیم مەکە پارەی ترم هەیە کە هەڵم گرتووە ، لە زیندندا وەکو گوڵ ئەت ژێنم "

وتم :

-" ون بە لاچۆ پارەی تۆم ناوێ" .

لە ناکاوبلێچی باشە :

- " لە دەستم مەیە من کچم پەردەی کچێنیم بۆ تۆ هەڵگرتووە ".

مێشکم بەم قسەیە بە تەواوی تێک چوو وتم :

-" خوای ئەکرد هەزار ساڵ ئەژیایت و هەر بەکچی ئەمایتەوە تا ئەو تەمەنە برۆ ".

کاتێ بەگریانەوە ڕۆی تۆزێک دلم ئازاری گەیشت بۆی بەلام ئەو منی کردە ئێرە ئەمە چیرۆکی هاتنە ناو زیندانم بوو بۆ جاری دووەم یان سێیەم بیرم نەماوە وا بزانم دووەم بوو دوای ڕووداوی شەمەندەفەرەکە کە بە تۆمەتی خۆ نیشاندان و ساختە کاری بە بەرگی ئاسایشەوە وە بکەومە زیندانەوە بەلام جاری یەکەم تاوانی خۆمی تیا بوو ئەمجارەیان باجی جاری یەکەمیشم دا بۆ دوبارە بووەوە بەبێ ویستی خۆم بەلام لەوەی ژیانمدا زۆر بەهۆی ئەم تۆمەتانە زیندانی کراوم بیرم نەماوە ،



Scanned by CamScanner

رۆژێکیان رۆژنامەنوسێکی گەنج هات بۆ لام و داوای کرد کە باسی یادەوەرەیەکانی بۆ بکەم دەرارەی راوی ئافرەت من قسە بکەم و ئەو بینوسێ وتی خوێنەران زۆر حەز ئەکەن کە بەسەرهاتەکانم بزانن ئەگەر ئەمیش ئەوانە بلاوبکاتەوە ئەوا رێدەی فرۆشتنی رۆژنامەکەیان زیاد و بەرامبەر ئەوە پارەیەکی باشم ئەدانێ ! کاتێ کە بەم رۆژنامە نووسەم وت کە من هیچ ئافەتێکم راوز نەکردوە لە ژیانمدا ، بە گاڵتە پێکردنێکەوە وتی :

-" وا مەڵێ و کوری باش ، هیچ نەبێ وا بە ئێمە مەڵێ برا !! ".

ئەم قسەیەی ئەو لە سوکایەتی پێکردنی پۆلیس قورس تر بوو ، بەلام من ناهەقی ئەم رۆژنامە نوسەم نە ئەگرت کابرایەک کە تا ئێستا 4 ئافرەت سکالایان لێ کردبێ و بە رۆنامەش کردیێتی بە 20 ئافرەت ئەگەر حاشای لێ بکا کێ براوی پێ ئەکات ؟ لە کۆتاییدا گەیشتینە رێکەوتن نامەیەک ، من باسی هەندێ رووداویراستەقینەی ژیانمی بۆ ئەکەم و ئەویش تێکەلاوی ئەکات بە راوکردنی ئافرەت و پێکەوەیان ئەلکێنێ ئەم رووداوە زانیاری زیاتری دامێ دەربارەی ئەوەی کە خەڵک چەند حەز بە درۆ ئەکات ! ئەو رۆژنامە نووسە شتی لە زەمانی منەوە دروست ئەکرد و لە رۆژنامەدا بلاوی ئەکردەوە و لەلای فرۆشیارەکانیش هەر ئەو رۆژە ژمارەیەکی نەئەما ، ناباونگیشم زیاتر بلاو بوەوە ، بەڵێ ئێمەی خەڵک گرنگی ئەدەین بە هەموو ئەو شتانەی کە راست نین وەک لەوەی کە زارت بەلای راستی دا ئەچێ ! تەنانەت ئێمەر استیەکانمان بەدڵ نیە ،ئای درۆ چەند سەرنج راکێشە ! رۆژنامەنووسەکە ناوێکی بۆ دروست کردن ناویباوکم ناوێکی خوازراو بوو بەقسەی رۆژنامەنوسەکە من باوکم پاشا بووە منیش گەنجێکی جوان بووم بەمەکرەوە ئەرۆیشتم بە رێگادا ئەو شازادانەش کە ئەهاتن بۆ کۆشکی (کاغتهانە ) سەرەنجمیان بە لای خۆیان رائەکێشا ، رۆژێکی هەینی دوو شازادە کە ناویان (ناجیە ) و (ئامینە) بوو لە تەنیشت مەزاری سوڵتان (ئەیوب) دا وەستابوون سۆندەی ئاوەکەیان کردەوە وەک نیشانەیەک حەز بە شوکردن ، منیش بە هەلم زانی و نزیک بوومەوە لێیانو قسەم لەگەڵدا کردن وخۆم پێناساندن :

-" من کورزای ایوسف عزالدین ( م دوای ئەم یەک ناسینە خۆم ئەکرد بەکۆشکەکەدا و لێی ئەهاتمە دەرەوە !! خەڵک بیری لەوە نەئەکردەوە کە ئایا ئەم شتانە رووی داوە ؟ لەراستیدا خەڵک ئامادە بوو کە بڕوا بەگەورەترین درۆ بکەن!! دوای ئەوەی کە رۆژانە سەردانی کۆشکەکەم ئەکرد گەورەچاودێرەکانمنی زۆر چوو لەدڵدا و کردمی بە کوری خۆی ! رۆژێکیان کە لەسەرعەرەبانەیەکی دوو ئەسپی پیاسەم ئەکرد لەناو باخەکەدا رووخساری کچی ( عارف پاشا) ی گەورەی پزیشکەکانی نەخۆشخانەی ( گۆمش سویو ) م ناسی خۆزگە ئەم ناسیایە چونکە ئەم داماوە نەیتوانی لە عەشقم رزگاری بێ بۆ ماوە 15 ساڵ تا بە شێرپەنجە مرد ! منباز بووم ئەم ئەویست کە تەنیا بە یەک



Scanned by CamScanner

ئافرەتەوە بنیشمەوە بۆیە بڕیارم دابوو ژن نەهێنم تاوەکو تێر ئەخۆم لەهەرچی ئافرەت هەیە لەکۆشکەکەدا .

ئەو ئافرەتانە زۆر بوون کە کەوتبونە داوی منەوە هەمووشیان لە خێزانی پاشاو گەورە و ڕەسەنە ، ( موعەزەزەی کچی بەهجەت پاشا ) کە لە پیاسەیەکی ناو بەلەم و لە ئاوی ( کوچک سوو ) دا ناسیم ، ( سەحەر خانی فوئاد بەگی ) بەڕێوبەری پۆستەو گەیاندنی ( سۆغەک چشمە ) ئەوەی کە ڕۆژنامەکە نوسیبووی ، دەبارەی خێزان پێکەکەوە نانم لەگەڵ سەحەرخاندا ، زۆر زیادە ڕۆیی درۆی تری پێوە نابوو ،م کە خەڵک تامەزرۆ بوون لە هەموو زنجیریەکی ڕۆژنامەکەدا بیخوێننەوە ، نوسیبوی کە من چووبوم بۆماڵی ( فوئاد بەگ ) بەجل و بەرگی دەریاوانەوە لەوێ خۆم وەک دەریاوانێک ناساندبوو ، لە پاپۆڕەکەی جەمال گوڵدا و هاتووم داوای دەستی سەحەر خان بکەم ، بۆچی جلی دەریا وانم لەبەر کردبوو ؟ چونکە سەحەر خانزۆر شەیدای پیاوی دەریاوان بوو ، ئینجا چونکە لە هەموو ئافرەتی سەرزەمین جوانتربوو ، بۆیە بڕیاری دابوو کە جگە لە دەریاوان شوو بەهیچ پیشەگەرێکی تر نەکات ، بەر دەرگای ماڵەکەیان توێخی پێوەنەمابوو ئەوەندە داواکاری هاتبوو ، ئەم هەر ڕازی نەدەبوو ، ئەو سەردەمە هاوسەریی لای شێخ و مەشایەخ دەکرا ، بۆیە ڕەوەیەک ئافرەتم لە خۆم مارەبڕی بوو ، موعەزەز و ڕووخسار و ناجیە وئەمینە و سەحەر ... هەموویانم داواکردبوو ، بەنیهێنیەوە ، بۆیە ئیشم بەس ئەوەبوو کە بخۆم و بخۆمەوە و بنووم ، ئەوەندەم پارە بەبادا ، هەرچی موڵک و سامان و ماڵ وپارە و زەوی و باڵەخانە ، هەمویانم بۆ خۆشی خۆم بەهەدەر برد ! من هیچ شتێکم لەم قسانە نەگێڕابوویەوە ، هیچ درۆیەکیشم لەم درۆیانە نەکردبوو ، ئەگەر بشم ویستایە هەر نەم ئەتوانی کە ئاوا بە وردە کاری دروستی بکەم ، پێش هەموو شتێک ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسەکە دروستی کردبوو بۆم لەلایەنی مێژووییەوە دژی تەمەنم بوو ، چونکە تەمەنم بۆ ئەو کاتە درێژ نەئەبووەوە ، ئەو سەردەمەی ئەو باسی ئەکرد سەردەمی عوسمانی بوو هێشتا باوکم منداڵ بوو کەس نەی ئەپرسی کە ئایا تەمەنم ئەگونجێ لەگەڵ ئەو سەردەمەدا ..؟؟ .

ئەم زنجیرە درۆیانە دەربارەی ژیانم درێژی کێشا لە ڕۆژنامەکەدا بۆ چەندەها مانگ ! هەرچەندە ڕۆژنامەکان بەهۆی ئەم ڕووداوەوە زیاتر بفرۆشرایە ، کابرای ڕۆژنامەنووس شتی زیاتری ئەنووسی ، بەڵام لەو شتانە کە نووسیبوی چیرۆکێکی منی تیا بوو کە خۆم دروستم کردبوو ، کە بینیم خەڵکی ئەوەندە تامەزرۆی درۆن وتم با منیش درۆیەک بکەم با هەموو پاڵەوانیەتەکە بۆ کابرای ڕۆژنامەنووس نەبێ تۆ بڵێی نەتوانم لەو باشتر درۆ نەکەم ؟ ئەتانەوێ چیرۆکە درۆکەی من بخوێننەوە ؟ چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێ ئەکات :

" کاتێ کە حاڵم شڕ بوو ، دەستم کورت بوو بیرم لەوە ئەکردەوە کەچی بکەم ؟ ئێمەی ساختەکار ئەبێ دایم چاوگوێمان بۆ هەموو وشەی و هەناسەیەک لەئامادە باشی دا بێ بەبەردەم ئەو دوکانەدا





ئەرۆیشتم گوێم لە کابرایەک بوو کە دیار بوو دەرگاوانی بینایەک بوو لەو ناوەدا بەکابرای هەلاجی وت کە بچێ بۆ بیناکەیان چونکە چەند دۆشەک و پشتیەک هەیە کە پێویستی بەنوێ کردنەوە هەیە ، بەلام زۆر جوان گوێم لەو گفتوگۆیە گرت تەنیا هەر بۆ ئەمە نا ، بەڵکو لەبەر ئەوی کە پیشەی ساختەچیەتی وا پێویست ئەکات ئاوەکو ووردکاریەکانی ئەو بەزمە بزانین سەرەتا بڕوام نەکرد کە کارێکی چەورم لەم گفتوگۆیەوە دەست بکەوێ لە نێوان قسەکانی دەرگاوانەکە و هەلاجەکەدا ، بەلام کە دەرگاوانەکە وتی خاوەن ماڵەکە ئافرەتێکە و زۆر بەپەلەیە بۆ ئەنجام دانیکاری هەلاجیەکە وتم دیارە ژنە و مادام ناوی ئەبرد بە امەدام ! دیار بوو کە بێگانە بوو ئێستا کانی ئیش و ساختەکاریشە کەواتە مێردەکەی لە ئیش و لەوانەیە خۆ بە تەنیا لە ماڵەوە بێ ! ئەو سەردەمە خەڵکی بێگانە هەمیشە هەبوو کە پیلان لە شۆرش بگێرن کە ئەوەندە نەبوو هەڵگیرسابوو لە تورکیا واتە شۆرشەکەی ئەتا تورک ، ئینجا چونکە هەلاجەکە وتبووی کە تۆزێک درەنگ سەری لێ ئەیەم چاوەڕێ بووم کە دەرگاوانەکە بچێ بە ئافرەتەکە بڵێ و منیش ماوەیەک چاوەڕێ بکەم تا کات بەسەر بچێ چونکە وەک وتم ئەبێ ئاگایشمان لە کاتەکە بێ من تەواوشارەزای ناو ئیشانەکە بووم کە کابرای دەرگاوان بەهەلاجەکەی ووت ، زۆر بەجوانی شی کردەوە ئەبێ زەینی ساختەکار زۆر باش بێ چوم بۆ باڵەخانەکە ، کە چوومە قای سەرەوە ، ماڵەکەم دۆزیەوە لەدەرگاکەم دا دەرگاکە نەکرایەوە لەناوەوە ئافرەتێک وتی :

-" کێیە ...؟ ".

دیار بوو کە بەباشی تۆزێک تورکی فێر ببوو وتم :

-" هەلاجەکەم مەدام ... ئێوە داوای هەلاجتان کردبوو ! " .

کە دەرگاکە کردەوە چی ببینم باشە ؟ ئافرەتی وا جوان نەبوو لەسەر هەموو زەوی دا جلێکی زۆر ناسکی لەبەردا بوو ،پێستی زۆر سپی بووو بۆنێکی زۆر خۆشی لێدەهات ، ئەتووت قاشێک پەنیرە ! وتم :

-" من هەلاجەکەم .. ".

وتی :

- " ئەی باشە هەلاج چۆن بێ کەرەستە پەت ؟ کوا کەرەستەکانت ؟! ".

ئافرەتەکە زۆر شەیتان بوو وتم :

- "جارێ با شتەکان ببینم پاشان من ئەیبەم بۆ دووکان خۆماڵەکەت پیس ناکەم !!" .

بڕوای بە قسەکانم نەکرد وتم :

-" با شتەکان ببینم پاشان لەسەر نرخەکەی رێک ئەکەوین چۆن کەرەستەکان بەم هەموو قادرمەیە بێنمە سەرەوە ؟ لەوانەیە لەسەر نرخەکەی رێک نەکەوین ، پاشان هەر هیلاکیم بۆ ئەمێنێتەوە ".



Scanned by CamScanner

لە بردمیە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست پێش ئەوەی ئافرەتەکە ببینم دام نابوو کەپێی بڵێم کە ئاسایشی گشتیم و هاتووم ماڵەکە بپشکنم ! ئەگەر بەتەنیا بێ ! ئەمزانی کە ئەگەر وای پێ بڵێم قاچی لەرز دای ئەگرێ ئەگەر هیچ ئاونیشی نەکردبێ ئەو کات هەموو شتێک ئەگەڕێم چ شتێ نرخی گران بوو ئاسان بوو بۆ خستنە ناو گیرفانەوە ئەمبرد ، بەڵام ئەو کارە چۆن ئەکرێ ؟ ئەبێ شتێک بکەم کەئافرەتەکە خۆی رازی بێ لەسەری ئافرەتەکە تەمەنی25 ساڵ بوو بەکەرەستەکانی ناو ماڵیدا دیار بوو ک زۆر دەوڵەمەند بوو وتم :

- " کوا پێخەفەکەت ....؟ " .

ئافرەتەکە لە پێشمەوە ئەڕۆی ئەتووت شەپۆلی ئاوە کە ئەڕۆیشت بەڕێگادا هەرچەندە سەیرم ئەکرد خەریک بوو ئەتوامەوە تا ئەو ڕادەیەی بەزەوی دا بڵاوببمەوە ، چووینە ژووری نوستنەکە خەریک سەرم گێژی ئەخوارد لە بۆنی خۆشی ئەو ژوورە ئەتوت بەهەشتە ، دەستم برد بۆ گیرفانم کارتێکی عەیادەم دەرهێنا وبەپەلە نیشانی ئافرەتەکەم داو خستمەوە گیرفانم و وتم :

-" پۆلیسم هاتووم ماڵەکەت بپشکنم ! " .

ئەمجارەیان ئافرەتەکە سەری گێژی خوارد و دەستی بەکڵانتۆرەکەوە گرت تاوەکو نەکەوێ و نەبوورێتەوە خۆزگە بکەوتایە تاوەکو بەدەستی خۆم هەڵم بگرتایەتەوە ، کاتێ بە ئافرەتەکەم وت پۆلیسم ئەوەندە ترس و لەرزی لێ باری هێزی ئەوەی تیا نەما بزانێ چی لە کارتەکە نوسراوە ؟ وتم :

-" ئەگەڕێم .. " .

وتی :

-" بگەڕێ .. " .

وتم :

- " سەرەتا خۆتان ئەگەڕێم دەستت بەرز بکەرەوە " .

کە دەستی بەرز کردەوە ئەتووت پەردەی بەهەشتت هەڵدراوەتەوە زۆریش ترسام ئاخر پۆلیسێک چی دەست ئەکەوێت لە گەڕان لە لەشی ئافرەتێکی ئاوا نیمچە ڕووتدا ؟ ئەمویست بزانم کە ئایا بەرەنگاریم ئەکات یان نا ؟ هاوار ئەکات یان نا ؟ زانیم کە ئافرەتەکە هەرچەندە بش ترسێ بەڵام خۆ نادات بەدەستەوە دەستم برد بۆ سەر سکی ئەتووت ئاگرە هەردوودەستم ئەستووێنێ و ڕام کێشایە دواوەوە ، هیچ هیوایەکم بۆ نەمایەوە جگە لەوەی کە بپاڕێمەوە و داوای بەزەیی هاتنی ، ئەوەم کرد ، وتم ئەگەر ئەو کارەم لەگەڵدا بکات خوا ئاسوودەم ئەکات و ئەبێ دڵی من خۆش بکات تا پاداشت وەربگرێ دڵی بەرد بوو هیچ نەرمیەکی پیا نەهات کە دەستی برد بۆ تەلەفونەکە و منش بە هێواشی لێ نزیک بوومەوە زانیم کە ئەگەر دەستی بگرم دەست ئەکات بەهاور کردن وتم :

- " باشە ... باشە واز لە تەلەفونەکە بهێنە " .



Scanned by CamScanner

کەس ناتوانێ بارمەتی مرۆڤ بدات لە بارودۆخێکی ئاوادا خوا نەبێ هەرچەندە کە من بە ئافرەتەکەم وتبوو کە ئاسایشم بەڵام دواتر وتم :

-" کوا پێخەفەکەی پێویستی بە کاری هەلاج کردن هەبوو ؟ ".

وتی :

-" ئەوەیە "

ئاماژەی بەپێخەفەکەدا کاتی کە پێخەفەکەم بەرز کردەوە پێخەفێکی تری لە ژێردا بوو ، لە نێوان دوو پێخەفەکە چی ببینم باشە ؟ ئەی خوایە من قوربانتم ، کێ رووت تێ ئەکات و نزات لێ ئەکات داماوێکی وەک من نەبێ ؟ ئالأیەکی تورکیام بینی لە نێوان دوو پێخەفەکەدا سەروو چاوم دا بەیەکدا و خۆم مۆن کرد و هاوارم کرد :

-" ئەمە چییە ..؟! ".

ئافرەتەکە دیسانەوە دەستی کرد بە لەرزین و وەک رەشەبا کە چۆن گەڵای دار هەڵ ئەوەرێنێ لە پاییزدا ، وتی :

-" ئالأیە ... ".

وتم :

- " ئالأی کێیە ئەمە ؟ ".

وتی :

-" ئالأکەتانە ...".

وتم :

- " مانای چیە ؟ ئالأێ چی ؟ ".

ووتی :

- " ئالأی تورکی ... ".

وتم :

-" ئەزانم کەئەمە ئالأی تورکیە و ئالأمانە ... چی ئەکات لە ژێر ئەم دوو پێخەفەدا ... ؟".

وتی :

- " ئێمە وای دئەنێین تاوەکو بە ئوتوکراوی بۆ یادی سەربەخۆیی و هەڵگیرساندنی شۆرش هەڵی بواسین ".

وتم :

-" مێردت هەیە .. ؟".

وای زانی بەوە بەزییم پیا دێتەوە ئەگەر بڵێ هەمە لەخۆشیدا هاواری کرد و وتی :



Scanned by CamScanner

- " بەڵێ ... ".

وتم :

- " لەسەر ئەم جێگایە لەگەڵ مێردەکەتدا ئەخەون ؟ کەواتە هەموو شەوێک لەسەر ئالاکە ئەخەون وا نیە ...؟ زوو قسە بکە " .

وتی :

-" وایە ... ".

وتم :

-" ئالای توورکی لە ژێرتاندایە و لەسەر ئالاکەمان ئەخەون ؟ " .

هیچ وورتەی لێوە نەهات لە ترساندا بەهەزار حاڵ بەپێوە وەستابوو وتم :

-" ئەی چی ئەکەن لەگەڵ مێردەکەتدا کە لەسەر ئەم پێخەفە ئەبن ..؟ " .

دیسانەوە وتی :

- " ئەخەوین ......... ".

وتم :

- "ئەزانم کە ئەخەون کاتێ کە ئەخەون چی ئەکەن ..؟ " .

دیسانەوە وتی :

-" هیچ ... هیچ شتێ ناکەین .. ".

وتم :

- " چۆن هیچ ناکەن ... لەگەڵ مێردەکەتدا وەکو خوشک وبرا ئەخەون تا بەیانی ؟ ".

بێدەنگ بوو وتم :

-" ئەمە مانای وایە کە شەوانە ئەو کارە لەسەر ئالاکەمان دەکەن چووم بەروو رووی تەلەفونەکە و بەرزم کردەوە وتم :

- " قسە بکە ، چی بکەم ئێستا ؟ زوو قسە بکە ؟ ".

سەری داخست و وتی :

- " وتی چیت ئەوێ بیکە ".

تەواو بەخواستی خۆی خۆی دا بەدەستەوە نەی ئەتوانی ئیتر هاوار بکات ئینجا چونکە خۆی ئەڵێ چیت ئەوێ بیکە ، ناکرێ بڵێم پیاو نیم دوای ئەوە لەو کارە لێبووینەوە ، لەسەر جێگاکە هەڵساین و وتی :

- " باشە خۆ ئالاکەی ئێوەمان خۆ هەر لە ژێردا بوو ئەو کارەشمان کرد ......؟!! " .

وتم :



Scanned by CamScanner





-" ئاسایيە چونكە من توركم ! بەڵام ئەگەر بێگانەكان ئەوە بكەن ئەوا ئەوە كارە سووكايەتيە ، چونكە من توركم ! " .

بەڵام وا نەزانن هەر بەوەوە نەوەستام ، بەڵكو وەک ئاسايشێک هەموو ژوورەكان گەڕام و هەرچی ئاڵتوون و پارە بوو خستمە گيرفانمەوە و لە ماڵەكە هاتمە دەرەوە سەيری ئەو عەقڵە بكە ئەگەر دزيیەكەم نەكردايە ئەمتوانی كە مێردەكەی لە ماڵ نەبوايە بچوومايە بۆ لای " .

ئەم ڕووداوەم كە خۆم دروستم كردبوو لای بينەران و خوێنەران زۆر سەرنجی ڕاكێشا ڕۆژنامەنووسەكە وتی :

- " وەڵا بابە ئێمەت خستۆتە گيرفانتەوە ! باش بوو ڕۆژنامەنووس نەبووی ".

وتم :

- " من كاتێ كە دەست ئەكەم بەكاری ساختە كاری تەنياكەسێكم پی ئەخەڵەتێندرێ ، بەڵام تۆ بەهۆی ڕۆژنامەكەتەوە هەزاران و دەيان هەزار كەسی پێ ئەخەڵەتێنی !! ، بۆيە هەردووكمان خاوەنی يەک كارين بەڵام تۆ ئاسوودە تری !! من باجی ئەو خەڵەتاندنە ئەدەم بەڵام تۆ مووچە و پاداشتی لەسەر وەرئەگری ...!؟ ".



Scanned by CamScanner

عەزیز نەسین





# ئەڵمانیە مووسڵمانەکە ...!

ئەمەیان ڕووداوێکی جیاوازە بزانن چۆن ڕوویدا ؟ دوای دەرچوونم لە زیندان هێشتا هیوای ئەوەم نەبڕیبوو کە بەردەوام بم لە ژیاندا ، بەڵام ئەترسام کە لە شارە گەورەکاندا بژیم ، لەوانە بوو بکەومە بەڵایەکی ترەوە چونکە خاوەن ڕابردوو بووم ، بۆ ئەم هۆیە لە ئەستەنبوڵ ڕۆشتم و بۆ شوێنێکی زۆر دوور ، لە زۆر ناوچەدا سوڕامەوە ، بەڵام بۆ هەر کوێیەک ئەچووم خەڵک هەوڵیان ئەدا کە بمخەنە سەر ئەو تاکە ڕێگایە کە ساختەکارییە و بێ ویستی خۆم هەوڵیان ئەدا کە تەنها ئەو ڕێگەیەم بۆ بەجێ بهێڵن ، کە کراوە بێ لەبەردەممدا ، لە هەموو ناوچەکانی ( ئەنادۆڵ ) گەڕام ، نەم ئەتوانی جگە لەو ڕێگەیە بەکراوەی ببینم لە بەردەممدا ، تاوەکو هەموو ئاوات وهیواکانم پەیتا پەیتا ئەڕوخان هەرچییەک لەگیرفانمدا بوو دابووم بە بلیتی شەمەندەفەرکە دوای سەفەرێک کە شەوێکی تەواوی پێ چوو ، لە یەکێ لە وێستگەکان دابەزیم ، وێستگەکە لە شارۆچکە بچوکەکەی نزیکەی چل و پێنج دەقە بەپێ ڕۆیشتن دوور بوو ، تازە خۆر بەدەر ئەکەوت و خەڵک لە خەو خەبەریان ئەبۆوە ، دووکانەکان ناو بەناو ئەکرانەوە گەیشتمە مزگەوتێک و چووم بۆ لای حەوزەکەوەی لە بەلووعەکە دەستم کرد بە دەم و چاو شتن پاشان بەدیوارێکی مزگەوتەکەدا پاڵم دایەوە و دانیشتم بیرم لەوە ئەکردەوە کەچی بکەم ؟ نازانم چەندێک ئاوا دانیشتبووم بیرم ئەکردەوە ؟ وەکو خەوتوو یان لە هۆش چوو وابووم ، لەسەر دەنگی کابرایەک خەبەرم بووە کە هاتبوو ئەنیشتمەوە وەستا بوو وتی :



Scanned by CamScanner





-" سەلامون عەلەیکوم " کە سەیرم کرد کابرایەکی ڕیشن بوو ، تەمەنی چل و پێنج ساڵ بوو ، من زۆر هیلاک ودڵ تەنگ بووم تاقەت و هێزی ئەوەم نەبوو کە بچمە گفتوگۆوە لەگەڵیدا و جوابم نەدایەوە . دیسان سەلامی کردەوە ، دیسان گرنگیم پێ نەدایەوە ، وتی :

-" کاکە گوێت لێ نیە .. ؟ من سەلامت لێ ئەکەم سەلام بۆ خوایە ...! ".

بەدەنگێکی بەرزترەوە وتی :

- " سەلامون عەلەیکوم ...! ".

هەر گوێم پێنەدا ووەڵامم نەدایەوە کابرایەکی ڕیشنی تر هاتە تەنیشتمان و وتی :

-" ئەمە کێیە ..؟ "

وتی :

-" نازانم لە بێگانە ئەچێ ..! ".

من بێدەنگ بووم هێزی هیچ شتێکم تیا نەبوو نە بۆ قسەکردن نە بۆ ڕۆیشتن لە هیلاکی و تینویەتی و برسیەتی هێزم لێ برا بوو لەجێی خۆمدا کەوتبووم دوومیان دەمی خۆی کرد بە زوڕنا و دەستی گرت بە هەردوو گوێچکەیەوە و هاواری کرد :

- " گوێت لێیە ...یان گوێت گرانە ؟ .. ".

ویستم دووریان بخەمەوە لە خۆم وتم :

- " نۆی .... نۆی ... ".

خەڵکێکی زۆر لە دەرومان کۆبۆوەوە دوا کەسیان وتی :

- " نۆی ....! هیچی تر نالێ ...! ".

وتی :

- " ئەڵێ ا نۆی ... نۆی ا واتە ئەڵمانیە کاک حەسەن ...؟ میللەتی ئەڵمانی هەمیشە ئەڵێن نۆی ... نۆی کاک حسین تۆ لەوە باشتر ئەزانی لە من ".

کابرایەکی پیر وتی :

-" ئەگەر بڵێ نۆی نۆی ئەوە ئەڵمانیەکی کافرە ... کافری ئەڵمانیش لە هەموو کافرەکانی تر باشترە !! ".

یەکێکی تریان وتی :

- " خۆیەتی ئەڵمانیە ...بە جلەکانیدا دیارە ...سرەف ئەڵمانیە ..!! : .

زۆر ناسوودە بووم بەم گفتوگۆیە ، هەستم ئەکرد خەریکە پێئەکەنم بەڵام چونکە سەرەتا قسەم نەکرد بۆیە دوایش قسەم نەکردی، ئەم ویست خۆم بکەم بە کەڕ یان بێگانەیەک ووتیان بێگانەیە چونکە کڵاوێکی بێگانەی لەسەردا بوو پانتۆڵەکەشم لەسەر ئەژنۆم بوو ووتیان :

-" بێگومان بن کەئەمە ئەڵمانیە ...ئەوە جلەکانی هاوار ئەکات ! " .

یەکێکان لێی پرسیم :

- " تۆ ئەڵمانیت ...؟ ".

دیسان وتم ئۆی ... ئۆی ! ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی :

-" خەڵکەینە کابرا ئەڵمانیە بۆیە قسە ناکات ! ئێمە وامان زانی کەرە کەس نیە لە ئێوە ئەڵمانی قسە بکات ..؟ ".

کاک حسین تۆ لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا لە جەنگی جیهانی دووەم بەشداریت کردووە قسەی لەگەڵ بکە ، پرسیاری هۆی هاتنی لێ بکە ، بۆ ئەم ناوچەیە ..؟؟! ".

کاک حسین ویستی خۆی تەریق نەکاتەوە چونکە زمانەکەی نەئەزانی وتی :

- "چەند ساڵانێکی دوور و درێژ بەسەر ئەمەدا تێپەڕ بووە ، خەڵکینە " .

یەکێکیان وتی :

-" ئەی هاوار ... کەس زمانی بیر ئەچێتەوە ؟؟ ! ".

کاک حسین وتی :

-" ئەی بیرناچێتەوە..؟ ، ئینجا ئەو ئەڵمانیەی من ئەم زانی سەربازی بوو خەڵکە شارستانیەکان وەرگێڕیان لەگەڵ خۆیاندا ئەبرد کە ئەچوون بۆ لای ئەڵمانیە سەربازەییەکان ! ".

یەکێکیان وتی :

-" واز لەوە بێنن ، تۆ بڵێیی ئەم ئەڵمانیە داماوە ئاواجی‌بهێڵین ؟ لەوکاتەدا یەکێ لە پیاوە دووکاندارەکان لەدوورەوە بە ڕاکردن هات و وتی :

- " چی بووە برایان ؟ ئەمە ئەڵمانیە ؟ ".

کابرا ناوی عومەر ئەفەندی بوو وتی :

-" پێیان وتووم کە ئەڵمانیەک لە مزگەوتەکەیە ... ".

ڕیشنەکەی یەکەم جار وتی :

- " بەیانی هاتم بۆ ئەوەی کە دووکانەکە بکەمەوە وتم بسم الله و دووکانم کردەوە و لەوبەرەوە کە بینیم کە ئەم ئەڵمانیە دەست نوێژ ئەگرێ لە مزگەوت بەڵام چونکە من ئەڵمانیم نەئەزانی وتم ئاخۆ ئەم بێگانە ئیماندارە لە کوێوە هاتبێ ؟ ".

( بەخوا خۆشن ، دەم و چاو شتنەکەم بوو بەدەست نوێژ ..!! ) یەکێکیان وتی :

-" ئەی نوێژی کرد ..؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner

-" بەڵێ کردی چونکە کات زوو بوو دەرگای مزگەوتیش تازە کرابۆوە ، لەسەرگژوگیا نوێژی کرد ... ".

وتیان :

-" ئەی نوێژەکەی ئەگونجا ...؟ ".

ووتی :

-" زۆر بە تەواوی نەئەگونجا ... بەمانای تەواو نوێژ کردن نەبوو ، بەڵام هەوڵی خۆی ئەدا کە لە نوێژکردن بچێ ..!".

یەکێکی تریان وتی :

- " ئەترسم ئەم داماوە ئەڵمانیە هاتبێ بۆ ئێرە تاوەکو ببێ بە موسڵمان .. ".

وتیان :

-" هەر وایە خۆیەتی ! لەم کارە هیچ بەگومان مەبن ..ئەگینا بەم بەیانیە زووە چی ئەکات لێرە لەم مزگەوتە ؟ دیارە هاتووە ببێ بە موسڵمان ؟" .

عومەرئەفەندی ئاماژەی بەدەستی کرد و ئەیوت :

- " تۆ ..... تۆ موسڵمانی ..؟ موسڵمانی تۆ ؟ ئەبی بە موسڵمان ؟ ".

کەوتبومە بەڵایەکەوە کە نەم ئەزانی چی بڵێم سەرەتا هیچ قسەم لەگەڵ نەئەکرد و بە " ئۆی ... ئۆی " وەڵامم ئەدانەوە ئەگەر بە تورکی قسەم بکردایە لێدانێکی باشم ئەخوارد چونکە ئەوکاتە ئەیان وت پێرابواردووین عومەرئەفەندی لەبەردەمدا دانیشت و وتی :

-" تۆ ... موسڵمان ئەبی تۆ ؟ ها ؟ "

دیسان وتم " ئۆی ...ئۆی " دیسانەوە هەمان پرسیاری کردەوە هەمان جوابم دایەوە باوەشیان بۆ کردمەوە وخەڵکەکەش هەروەها لە باوەشیان کردمو ماچیان کردم و منیش ناچار بووم کە باوەشیان بۆ بگرمەوە و منیش ماچیان بکەم ( ئەیان ویست منی موسڵمان بیم بە موسڵمان .!! ) خەڵکەکەی دەوروبەرم زۆر بون کێ ئەتوانێ قسە بکات یەکێکیان وتی :

-" ئەبێ میوانداری ئەم برا ئاینیەمان بکەین ".

عومەر ئەفەندی قۆڵی گرتم و لەسەر گژ و گیاکە هەڵی ساندم کە دانیشتبووم لەسەری وتی :

-" وەرە لەگەڵمان با بچین بۆ ماڵەوە ...".

بەخەڵکەکەشی وت :

-" ئەوەندەم بەسە کە پاداشتی ئەم کارە وەربگرم بەشدار بوونم لە ئیسلام بوونی کەسێکی مەسیحی و پەنادانی وەکو ئەوە وایە 7 حەجم ئەنجام دابێ !".



Scanned by CamScanner

بەیەکـەوە ڕۆیـشتین خەڵکەکـەش وتیـان ئێمـەیش میوانـداری ئەکـەین ڕۆژێکـی تـر کاتـێ بەبـەردەم دوکانەکەی ( عمر ئەفەندی ) دا ڕۆیشتین بەشاگردەکانی وت :

-" کـوڕم ... مـن ئەچمەوە بـۆماڵـەوە ئەگـەر یـەکێ پرسیاری مـنی کـرد بڵـێن مێـوانێکی زۆر بـەڕێزی هەیەولەماڵەوە میوانداری ئەکات ! " .

خەریک بوو لەبرسانا ئەکەوتم ئەوەندە بەکۆڵانەو کۆڵاندا ڕۆیشتین برسیتی تونێتی هیلاکیم زۆر زیادی کـرد ، عومـەر ئەفەنـدی لـە ڕێگـا ئەیویـست پرسـیاری زۆرشـتم لێ بکـات ئـەش زانـی کـەتێ ناگـەم لەقسەکانی " ئەو وای ئەزانی نەک من !! " لەکۆتاییدا پرسی وتی :

- " ناوت ..؟ ناوت چیە تۆ ..؟ " .

منیش نەم ئەتوانی نـاوێکی ئەڵمانی بـۆ خـۆم بدۆزمـەوە خـۆم وا نیشان دا کـە لـە قـسە تێناگەم چونکە ئەڵمانیم ، عمر ئەفەندەی هەستی بەنیگەرانی کرد لە زمانی یەکتری تێناگەین تەسبیحەکەی دەرهێنا و وتی :

- " لا حول ولا قوه الا بالله ئینشائەڵلا فێری تورکیت ئەکەین " .

دوای ڕۆیشتنێکی زۆر گەیشتینە ماڵەکەیان چووینە ژوورەوە و بردمیـە یـەکێک لـە ژوورەکان و دانیشتم دوای تۆزێـک گـەنجێک بەسـینیەک خواردنـەوە هاتـە ژوورەوە و دای نـا لەبـەر دەممـدا و ڕوی عمـر ئەفەندی وتی :

-" تۆ لە دوورەوە هاتووی دیارە برسیتە فەرموون .." .

پاشان بۆ ئەوەی کە لە مەبەستی تێ بگـەم سـەری پەنجـەکانی دەسـتی ئـەبرد بـۆ دەمـی و دەنگـی ملچە ملەچی دروست ئەکرد تاوەکو تێ بگەم کە ئەیوێ بڵێ " بخۆ " ! وتی :

- " تۆ ئێستا بێگانەنیت ، ئێمە ئێستا لە ئاییندا بووین بە برا ... شەرم مەکە و بخۆ " .

دەستی خستە سەر شانم و لە ژوورەکەدا چووە دەرەوە تاوەکو بـە ئاسوودەیی نـان بخـۆم دوای ئـەوەی کە تێر نانم خوارد بیرم لەوە ئەکردەوە کە چۆن بەو دەبنگانە بڵێم کە منیش وەک خۆیان تورکم و موسڵمانم ؟ تا ئەوە ئێستا ئەستمە ، ئەمە هەر لەسەرەتاوە نەئەکرا ، وا باشترە بـەزووترین کـات لـەم شارۆچکەیە ڕابکەمە دەرەوە و بەپێی خۆم بڕۆم چونکە هیچ پارەیـەکم پـێ نـەبوو لـەو بیرکدنەوەیەدا کاک عومەر بەیاوەری کابرای ڕیشنی تر خۆی کرد بە ژووورادا و کابرا ڕیشنەکە وتی :

- " سەلام و علیکوم .. " .

خەریک بوو بڵێم " وعەلیکوم سەلام ئاشکرا بم هەروەئەوەندەم وت " عەلـەی.... "عومـەر ئەفەنـدەی لە خۆشیدا فری و وتی :

-" خەریکە ئەیڵێ سوپاس بۆ تۆ خودایە ...! خەریکـە ئـەڵێ عەلـەیکوم سـەلام ! خۆزگـە یـەکێکم دەست بکەوتایە ئەڵمای بزانیایە لەم شارۆچکەیەدا ئەو کاتەش بەئاسانی فێری تورکیمان ئەکرد ... " .



Scanned by CamScanner



وتی :

- " پەویستی خوا فێری ئەکەین ئینشائەلا ! هەر سێکمان بەرامبەر یەک دانیشتبووین بە چوار مشقی ئەوان بەدەم قسەکردنەوە سەیریان ئەکردم و ئەیانوت :

- "ئەبێ پیشەی ئەم ئەڵمانیە چی بێ ئاخۆ ؟ ".

عومەر وتی :

- " ئەڵمانیەکان یان سەربازن یان زانا ، ئەگەر سەیری سەروچاوی ئەم کابرایە بکەین ، تارمایی سەربازی پێوە دیار نیە ، دیارە کە ئەڵمانیە ، ئەگەر بیشزانین کە حەزی لە ئیسلام بوونە کەواتە ئەوە زیاتر ئەیسلەمەێنێ کە زانایە ، بەڵام زانستەکەیان لە زانستی ئێمەی موسڵمان ناچێ ! ".

-" بەڵێ ... بەڵێ لێی ناچێ ! زانستی ئەوان لە بابەتی ئامێرو هەندەسەدایە .. ".

-" بەڵێ ڕاستە ئەگەر سەیری سەروچاوی بکەی لە زانایەکی هەندەسە ئەچێ ... ".

وتی :

-" ئەندازیاری چی بێ ئاخۆ ..؟؟! ".

وتی :

- " ئەمایان نازنم ئەگەر خۆی نەڵێ ئێمە نازانین ،بەڵام لە ئەندازیاری فڕۆکە و کارەبا و شتی وا ئەچێ .. ".

خەریک بوو لە پێکەنینا بتقەم ئەمزانی ئەگەر بەزووترین کات خۆم دەرباز نەکەم چارەنووسم چی ئەبێ ؟ کابرا ڕیشنەکە بەکاک عومەری وت :

- " ئەگەر ئەیەوێ ببێ بە موسڵمان و بۆ ئەم مەبەستە هاتبێ ئەبێ کەمتەر خەمی نەکەینتۆ ئەڵێی چی ؟ بابەزوویی بەمەلای مزگەوتەکە بڵێین کەئەم ئەڵمانیە کافرە هاتووەتە ناودینی هەقەوە ! " .

کاک عومە وتی :

- " بووەستە ئەو ئەڵمانیە کافرە لەهەموو شتێکدا شارەزان بەتایبەت لەزانینی کارەبا و ئەندازیاریدا

وتی :

-" تێگەیشتم شارۆچەکەمان ئەبوژێتەوە بەهەموو خەڵکەە ئەڵێین کە زانایەکی ئەڵمانی ئاوا لە شارۆچەکەماندایە بەڵام .. ".

کاک عومەر وتی :

- " قوڕ بەسەرم ....! ئەوکاتە هەرچی ڕۆژنامەیە دەربارەی ئەم کابرایە ئەنوسن و لەدەستمان ئەڕوات ؟عەقڵت لەدەست داوە ؟ دوایی حکومەت ئەی بات بۆ زانکۆکانی ئەستەنبوڵ و لەوێ ئەیکات بەمامۆستا وا باشترە کە کەس نەزانێ بەهاتنی ئەم کابرا ئەڵمانیە بۆ ئێرە ئەگەر فێری زمانی تورکی بکەین کارەکانمان ئاسان ئەبێ و ئەتوانین بیخەڵتێنین تاوەکو لێرە بمێنێتەوە بەڵام ئەگەر حکومەت پێی بزانێ



Scanned by CamScanner

وەرگێڕی ئەڵمانی لەگەڵ خۆیدا ئەهێنن و حاڵ و مەسەلە تێئەگەینن و ئەیبەن بۆ زانکۆ و لەدەستمان ئەچێ وا نییە ..؟؟ " .

وتی :

- " کەواتە باش بوو هۆشت هێنامەوە بۆ ئەم کارە چەند مێشکت فراوانە !! خەریک بوو ئەم شانسەت لەدەست خۆمان بدەین کە خوا لە ئاسمانەوە داوێتێ !!" .

نوسرا بێ ا ئەو ئەڵمانیەی بووە بە موسڵمان ا ئەو کات هەموو شت ئاشکرا دەبوو پۆلیس بە منیان ئەزانی و بەم تۆمەتە ڕاپێچی ئەو زیندانەیان ئەکردمەوە کە هەمووی چەند ڕۆژێکە بەربووم لێی کاک عومەر جگەرەی پێشکەش کردم تۆزێ دیقەتی جگەرەکەم دا وەک ئەوەی کە بمەوێ بزانم کەئایا جگەرەکە دەستکردی کوێیە ؟ جگەرەکە ناوێکی سەیری هەبوو ا قول قازان ا من لەدەمم دەرچوو یەکەم بەش ناوی جگەرەکە بەدەممدا هات و وتم " قول " بۆ ئەوەی کە ئاشکرانەبم خۆم تێک نەدا و بەردەوام لەسەر یەک وتم "قول ... قول ... قول " .

هەردوکیان لە خۆشیدا لەجێی خۆیان بەرز بوونەوە وتیان :

- "تەواوە ... خوا هیدایەتی یا .... گوێت لێ نەبوو ..؟؟ ئەڵێ قول " .

عومەر ئەفەندەی وتی :

- " گوێم لێ بوو ، بەڵام ئەو ئەیەوێ بڵێ چی ؟ ئەیەوێ بڵێ ا قل هو الله احد ا بەڵام داماوە چونکە نازنێ وناتوانێ تەواوی بکات ، لە ژیانیدا هەر ئەوەندەی بیستووە .." .

کابراکەی تر ووتی :

- " بەڵام ئەو زمانەکەنازانێ ، لەوانەیە شتێک بڵێ کەمەبەستی ئەوە نەبێ لەوانەیە بیەوێ بچێ بۆ سەر ئاو !! " .

بەڵام کاک عومەر وتی :

- " ئەگەر وابوایەئیشارەتی بۆ گەڵ و گونی دەکرد ، بەڵام ئەو ئەیوێ کە بڕوا بهێنێ بۆیە ئەو ووشەیەی کە بیستویەتی ووتی !!".

کابرا هەر قەناعەتی بەقسەکەی کاک عومەر نەکرد و وتی :

- منداڵ چەندەها ساڵی دەوێت تا فێری زمانەکەی دەبێ ، ئەم کابرایە چۆن یەکسەر فێری ئەوە بوو ؟!!".

وتی :

-" کاکە گیان ... پێت ئەڵێم ئەم کابرایە ئەڵمانیە و خوا هیدایەتی داوە ، دوای ئەوە ئەوان وەک ئێمە نین ئەڵێی بولبولن هەرچی شتێک لەم دنیایەدا بێت فێری ئەبن ، زوو ! ".

دوای ئەوەی کەقسەیان زۆر کرد دەربارەی ئەم کارە کاک عومەر ووتی :

١



Scanned by CamScanner





-" ئەم کابرایە زۆر هیلاک دیارە ، دیارە سەفەرەکەی دوورودرێژ بووە ، ئەڵمانیا گاڵتە نیە برا زۆر دوورە لێمانەوە ئەڵمانیا لە کوێ و ئێمە لە کوێ وازی لێ بێنە باتۆزێک بخەوێ ... ".

هەردوکیان بەدەست ئاماژەی ئەوەیان بۆ ئەنواندم کە بخەوم دەستیان ئەکرد بە پشتی و ئەیان خستە ژێر سەریان بەو مانایەی کە ڕابکشێم و بخەوم چاویان داخست تاوەکو زیاتر تێ بگەم منیش سەرم جوڵاند و بەومانایەی کە تێگەیشتم ئاماژەیان بە شوێنی نوستنەکەم کرد لە ژوورەکەدا دۆشەکێک بوو ، من ئەمزانی کە ( دانکی شۆن ) یانی سوپاس بەئەڵمانی وتم :

-" دانکی شۆن ...! ".

کاک عومەر تەقەیەکی لەدەرگاکەدا بەومانایەی کە ئەگەر هەرچییەکم پێویست بوو لە دەرگا بدەم سەرم ڕاوەشاند و ئەوانیش چوونە دەرەوە منیش چونکە لە ڕاستیدا زۆر هیلاک بووم خەوم ئەهات ، لەسەر دۆشەکەکە ڕاکشام ئەگەر تۆزێک ووشەی ئەڵمانیم بزانیایە باش بوو بەلام ئەشترسام کەبەکێک بدۆزنەوە ئەڵمانی چاک بزانێ وبیهێنن تاوەکو بمدوێنێ ئەم ویست بەیانی زوو لەخەو هەڵستم و بۆی دەربچم ، دیسان کەوتمەوە خەیاڵ کردنەوە وەک خەیاڵەکانی جارانم نەبوو ، نەم ئەویست ببم بە ملیۆنێر ئەم ویست وەک هاوڵاتیەک بژیم و ژیانم بهێنمەوە سەر ڕێی ڕاست کە بێ ویستی خۆم لام دابوو چ بەلایەک کەوتووە بەسەرمدا ؟نووستم لەکاتێکدا کە بیرم لە ڕابردووم و داهاتووم ئەکردەوە ، نازانم چەندێک نووستبووم ؟ بەلام دیار بوو کە زۆر خەوتوو بووم چونکە کە هەستام هەستم بەچالاکیەکی گەورە ئەکرد ، بەدرێژایی ئەو شەوەی لە شەمەندەفرەکەدا بووم نەخەوتبووم بەدرێژایی دوێنێ بەیانیش لەسەر جێرەی دەرگاکە خەبەرم بووە بەیانی بوو گەنجەکە سڵاوێکی کرد و دیسان سینەیەک بەرچایی لە بەردەمم دانا ، لەسەر پەنجەی قاچ هاتە ژوورەوە یەکەم جار تاوەکو خەبەرم نەکاتەوە ، بەلام من وەک تورکێکی تەواو هەڵستام لەبرەیدا و سڵاوی کرد باشە من خەو ئەبیبنم یانی چی ؟ بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان من لەم ڕێز لێنانە گەورەیە تێ گەیشتم کە لەمەسیحیەکی ئەگرن ئەگەر ببێ بە موسڵمان ، لەهەمان کاتندا ئەو هەموو موسوڵمانە داماوە هەن لە هەژاری و برسیتیدا بەدەوری خۆیاندا ئەخولێنەوە .

تێر گەدەم پڕکرد لەخواردن و، دوای تۆزێک گەنجەکە هات و سینیەکەی بردەوە ، ویستم بچم بۆ سەر ئاو بەلام چۆن پرسیاری شوێنکە بکەم ؟ ، لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە لە ناکاو کچێکی زۆر جوانم بینی بە ڕوناکیەکەدا تێ پەڕ بوو وەک خەیاڵێکی زۆر جوان نەمتوانی بەردەوام نیگای بخەمە سەر چونکە ئەترسام یەکێک بمبینێ لەناکاو ... چەند دەرگایەک بەڕووی هۆڵەکەدا کرانەوە بۆیە لەناوەوەی یەکێک لەو دەرگایانە بینیم خاولیەک هەڵواسرابوو دیارە ئەوە سەر ئاوەکەیە ، ئەو خاولیەیان دانابوو بۆ ئەوەی ئەڵمانیە کافرەکە تێ بگات کە ئەمەسەر ئاوە ! ، گەڕامەوە ژوورەکەم ونووستم وپشووم دا ، لەپەنجەرەی ژوورکەمەوە سەیرم ئەکرد دەشتایەکی زۆر جوانم ئەبینی ، دارو درەخت نێوان ماڵەکانی



Scanned by CamScanner





جیا ئەکردەوە مالی کاک عومەر لە نێوان بێستانێک دار میوە و ڕەز وباخدا بوو ، ئاخ خۆزگە ئەوخەڵکەکە منیان وەک تورکێک پەسەند دەکرد ، کە بەشەرەف کار بکات ، نانی بژێوی بە ئارەقی نێو چەوان پەیدا بکات ، خۆزگە کارێکی بچوکیان بۆ ئەدۆزیمەوە ، لەجیاتی ئەوەی کەبەو ڕێزم لێ بنێن کە ئەڵمانیەکەم وئەمەوێ موسڵمان ببم ، ئەوکاە بیرم کردەوە " چی ئەبێ ئەگەر پێیان بڵێم کە تورکم ئەڵمانی

نیم ؟ "بەڵام بێ گومان ئەوەی کە ڕوودەدات شتێکی باش نابێ ، لەوانەیە بەدەم لێدانەوە دەرم بکەن ، یان بمدەنەوە دەست جەندرمە ، هەرچەندە کە من لە سەرەتاوە وەک ئەڵمانی خۆم پێنەناساندون زۆرم حەز لە بێستان و ڕەزە کە کرد کە لە پەنجەرەکەوە ئەمبینی تا ئەو ڕادەیە کە حەزم کرد دابەزم تاوەکو ببینم زۆر بێزار بووم لە ژوورەکە لەناکو هەستم بەشتێک کرد لەبەردەم دەرای ژوورەکەمدا لەو دیوەوەیە ، کاتێ کەدەرگام کردەوە ئەی خوایە چی ببینم ؟ خۆزگە نەم کردایەوە ، ئەو کچەی تۆزێک لەمەوبەر بینیم لەبەردەم دەرگاکەدا نووشتابووەوە ، دیار بوو کە لەدرزی درەگا تەختەکە سەیری منی ئەکرد ، حەزی ئەکرد ئەم ئەڵمانیە ببینێ ، چونکە پەنجەرەکەش لەنزیکی دەرگاکەوە بوو نەیتوانی ڕابکات ، کەدەرگام کردەوە وەک تیر بۆی دەرچوو ، من هەستم بەشەرمێک ئەکرد لە ڕوومەتمدا لەجیاتی ئەوە ڕام گۆڕی و دانەبەزیمە باخەکەوە دیسان دەرگاکەم داخستەوە ولە ژوورەکەدا دانیشتمەوە ، ئێوارە زۆر دڵم خۆشم کە گوێم لە دەنگی کاک عومەر بوو هاواری کرد

" بە یارمەتیتان " ئینجا چونکە وای وت کەواتە بەتەنیا نەهاتووە ، دەنگی قاچی زۆر ئەهات دەرگای ژوورەکە کرایەوە و کاک عومەر یەکەم جار هەرە بەتەمەنەکەیانی هێنایە ژوورەوە ، ووتی :

- " فەرموو مەلا گیان ... ".

بەدوای ئەویشەوە پێنج کەسی تر هاتنە ژوورەوە هەندێکیان ئەوانە بوو کەلەوەو پێش منیان کرد بەئەڵمانی کەمەلاکە هاتە ژوورەوە نەمئەزانای چی بکەم ،دەستی ماچ بکەم ، یان سەر شانی ئەگەر ئەوانەم بکردایە لە توورک تورکتربووم ،بۆیە بەپێوە وەستام لەجێی خۆمەوە وهیچ دەنگێکم نەکرد .. مەلاکە سەلامی کرد و وتی :

- " خواهیدایەت بکات بە نسیبەت ئینشاالله کوڕم ..! ".

هەموویان دانیشتن ولە نێوان خۆیاندا دەستیان کرد بە قسە کردن و سەیری منیان ئەکرد یەیکیان وتی :

-" سەروو چاوی نورانیە ..!! دیارە کە زۆر لەمێژەوە دای ناوە کە موسڵمان ببێ ئەم ڕووە ڕووی کافر نیە ! ".



Scanned by CamScanner

؛ ئەو دەبەنگانە بەهەموو شێوەیەک بڕوایان بە خۆیان ئەهێنا کە من موسڵمانم وئەڵمانیم ) بەڵام باش بوو ئەمەیان کرد چونکە زۆر ئەترسام داوای ناسنامەکە بکەن ، ئابڕووم ئەچوو ، هەموویان بە زەردەخەنەیەکەوە سەیریان ئەکردم مەلا' ووتی :

-" کاتێ خوا هیدایەتی یەکێک ئەدات ن لە ناو دڵیدا جێگیر ئەبێت وبەسەروچاویدا ڕەنگ ئەداتەوە ". لەم کاتەدا بڕیاران دا کە بەو بۆنەیەوە ڕۆژی دواتر ئاهەنگێک بگێڕن بەبۆنەی چوونە ناو دینی ئیسلامەوە ، یەکێ لەمیوانەکان ووتی :

-" سەرەتا ئەبێ فێری تووركی بکەین ، میللەتی ئەڵمانی هەموویان زیرەکن مێشکیان کرایەوە زوو فێرئەبن ، دوای ئەوەش کارێکی بۆ بدۆزینەوە بێگومان ئەوە ئەرکی سەر شانمانە چونکە لە دیندا بووە بە برامان تازە برایەکی دینیمان زیاد کرد بۆ خۆمان " .

لەدڵی خۆمدا ووتم " وە اللە مەنجەڵەکە باینجانێکی کەم بوو !! باشە ئەی ئەو هەموو برا دینیە چین لەبێکاریدا لە چایخانەکەدا دانیشتوون و ژیان پەنگی پێداون ؟؟ " مەلاکە ووتی :

- " بەڵێ ئەبێ بیکەین بەخاوەن کار و سەرمایەیەکی بدەینێ وماڵی بۆ دابین بکەین و ژنی بۆ بهێنین

کاتێ کەوای وت خەڵکەکە هەموویان ڕوویان کردە عومەر ئەفەندەی دەرگا کرایەوە ونانی ئێوارە هات هەموو وچوار مەشقی لێی دانیشتین و بەدەوری سینیە خواردنەکەدا ،جێگەی منیشیان لەتەنیشت مەلاکەوە دانا مەلاکە ووتی :

-" ئەو ئەڵمانیە وا ڕانەهاتووە کە وەک لای خۆمان لەیەک قاپ بخۆن هەرکەیان لەقاپی تایبەت بە خۆیان نان دەخۆن ".

عومەر ئەفەندەی وتی :

-" مادام بووە بە موسڵمان و برای دینی کەواتە ئەبێ فێری عورف وعاداتمان بێ وپەیڕەوی بکات !" .

وتیان :

- " ڕاستە ... ڕاستە ! .

مەلاکە قۆڵی لێ هەڵماڵی وکەوچکەکیان پێشکەشی من کرد ... وتیان :

- " فەرموو ... فەرموو ".

وا خۆم نیشان دا کە هیچ تێناگەم بەشۆربا دەستمان پێ کرد ،پاشان گۆشت ، زۆر دڵیان خۆش بوو کە بەشێوەیەک لە شێوەکان وەکو ئەوان نانم ئەخوارد ،دوای نان خواردن بڕیاری هەموو شتێکیان دادەربارەی من ڕۆژی دواتر ئەمخەنە دینی حەقەوە وپاشان خەتەنەم ئەکەن ! هەستم کردخەریکە پێ ئەکەنم ، بەڵام بۆ زۆر خۆم گرت باش بوو کە دوای نان خواردن زۆر دانەنیشتن لەسەر ئەو بنەمایەی کە من زۆر هیلاکم ورۆیشتن ! زۆر ناخۆش بوو کە لەنێوانیاندا دابنیشم بێ ئەوەی کە بەشداری قسەکانیان بکەم ، وەک ئەوەی کە تورکی نەزانم ! ، زوو نووستم دام نابوو ئەمجارەیان بەڕاستی زوو





بەدرێژایی شەو خەو نەهاتە چاومەوە ، پاشان لای مەلا بانگان خەوم لێ کەوت کاتێ کە هەستم ورابکەم بەدرێژایی شەو خەو نەهاتە چاومەوە، پاشان لای مەلا بانگان خەوم لێ کەوت کاتێ کە هەستم ورابکەم لە خەو خەبەرم بوویەوە چەند کات ژمێرێک بوو کە خۆ هەڵهاتبوو بەپەلە هەستام وجلەکانم لەبەر کرد وبەسەر پەنجەی قاچدا هاتمە دەرەوە و تاوەکو هەستم پێ نەکەن ، کاتێ دەرگاکەم کردەوە دیسان کچەکەم بینیەوە رای کرد لەبەردەم دەرگاکەدا نەم ئەتوانی بگەڕێمەوە کاتێ بەسەر پلیانەکاندا دا ئەبەزیم گوێم لە کچەکە بوو بە باوکی وت :

-" باوکە ... باوکە کابرای ئەڵمانی رۆی ! ".

هەستم بەترسێکی زۆر گەورە کرد لەوەێ کەنەکا بەڵایەک بەسەر سەرەمدا بێ هەنگاوەکانم زیاتر کرد هەندێک خەڵکی کەم لەگەڕەکەدا بوون بان ئەوە بوو کە لە شارۆچکەکە دەربچم و رابکەم ، پان ئەوەتا لەنێو درەختەکاندا خۆم بشاردایەتەوە دوای تۆزێک ئەوە رووی دا کەلێی ئەترسام عومەر ئەفەندی لەدوامەوە هاواری لێ ئەکردم دیار بوو کە ئەویش را ئەکات چونکە دەنگی نزیک ئەبۆوەوە ، نەم ئەتوانی بەراکردن بۆی دەربچم چونکە جانتاکەم قورس بوو ترسایشم خەڵک بەدزم تێبگەن و کاک عومەر نزیک بوویەوە لێم وبانگی ئەکردم و ئەیوت :

-" بگەڕێوە ئێرە کاکە بوەستە کابرا .... بۆ کوێ ئەڕۆی بەم بەیانیە ؟ بوەستەهەناسەم تیا نەما .. ئەم کوڕی بووەستە ئەڵمانی " .

سەرم لێ شێوا ؟ نەم ئەزانی بوەستم یان رابکەم ئەگەر وەستام ئەزانێ تووڕکی ، کاتێ کەنزیک بووینەوە لە ناو بازاڕەکەی شارۆچکەکە ، ئەو هەر بەدوامەوە بوو هەناسەی تیا نەمابوو ، بیرم لەوە کردەوە خۆم بکەم بەمزگەوتەکەدا ئەم کامم بەزۆڵێتی ئەنجام دا تاوەکوهەست نەکات کەتورکی ئەزانم ئەگەر لەبەر هەناسە بڕکێکەی بوەستامایە ! خۆم کرد بەناو مزگەوتەکەدا ولەبەردەم بەلووعەکاندا دانیشتم وەکوبەکەم رۆژ کاک عومەر بەپێکەنینەوە گەیشتە سەرم وەک ئەوەی بزانێ چیم ئەوێ وتی :

- " ئێ برای دینی بڵێ ئەمەوێ بچم بۆ مزگەوت ! دڵی ئێمەت برد ئای خوایە ئەو هیدایەتە چییە کەبەسەر ئەم کابرایەدا دات بەزاندووە ؟ لە ئێمە موسڵمانترە لەبەرەبەیانەوە را ئەکات بۆ مزگەوت پاشان بە ئاماژە بەدەست و دەم چاوی تێ ویستی تێم بگەیێ کە ناکرێ بچمە ناو مزگەوتەوە بەبێ ئەوەی چوویبێتمەوە دینی ئیسلام و شایەتمانم نەهێنابێ منیش واخۆم نیشان ا کەتێ دەگەم لێی ! بەیەکەوە گەڕاینەوەماڵەوە زانیم کەئاسان نیە دەربازبوونم وازم لەکارەکان هێنا کە وە خۆی بڕوات بەڕێوە ، دوای نیوەڕۆ چووین بۆ لای مەلای مزگەوت و لەبەردەم مەلا وکۆمەڵێ خەڵکدا شایتومانم هێنا لەدوای مەلاوە زۆرهەوڵم دا کە بەقورسی دانی پێدا بنێم مەلاکەتۆزێک نووشتەی خوێندەوە و بۆ جاری دووەم لەژیانمدا بوومەوە بە موسڵمان! هاتنە سەر ئەوەی کە ناوێکی تورکیم بۆ بدۆزنەوە وتیان

- " ناوت چییە ؟ ".

وا خۆم نیشان دا کە تێ ناگەم کاتێ کە نەیان توانی بۆم دەرببڕن کە پرسیاری ناوم لێ ئەکەن مەلا وتی



Scanned by CamScanner





-" ماموٚستای فەرنسیەکە بانگ بکەن لەوانەیە ئەم برا دینیەمان فەرنسی بزانێ ".

دوای کەمێک ماموٚستا فەرەنسیەکە هات ئەو بەحاڵ ومەسەلەکەی بیستبوو بوٚیە وتی :

- " جا فەرەنسیەکە تێ ئەگات ؟ ".

زانیم کەئەویش لە زەمانی فەرنسی دا کوڵە ووتی :

- " برلا ڤۆ فەرەنسی ؟؟!!! ".

زانیم کە ئەتوانم ئەم کابرایە بخەڵتێنم بەوەی کە وەختی خوٚی لەناوەندی ناو بەناو فەرەنسیمان ئەخوێند وتم " وی ..!! " واتە بەڵێ ووتی :

- " ناوت چییە ..؟ ".

من لەو پێش ناوێکی ئەڵمانیم بوٚ خوٚم دانابوو وتم :

-" کارل ..! ".

باش بوو کەس لەو شاروٚچکەیە ئەڵمانی نەئەزانی ماموٚستای فەرنسیەکە وتی :

-" خەڵکینە ئەم پیاوە ئەوەیە کەباستان کرد !! زانایەکی بەناوبانگی جیهانیە کەس نیە ناوی نەبیستبێ ئەگەر بچن بوٚ هەر جێگایەک لە ئەوریا و ئەمریکا ولە هەر منالێکیش بپرسن دەبارەی ناوی ئەم کابرایە پێتان ئەڵێ ؟!!! ".

من وماموٚستا فەرنسیەکە زوٚر قسەمان نەکرد ، تەنیا هەریەک دوو ووشەمان ووت بەڵام ئەو کە رووی کردە خەڵکەکە وا قسەی کرد بوٚیان وەکوئەوەی دوو کات ژمێر قسەمان کردبێ ..!! وتی :

- " خەڵکینە ئەم کابرایە ئەڵێ ناوم کارلە ئەڵێ ئاوا مەم بینین کە گەنجم ، چونکە لە هەموو ئاینەکانم کوٚڵیوەتەوە چەندەها ساڵیشە لە ئاینی ئیسلام ئەکوٚڵمەوە و تا ئەم زادەیەی بریارم دا کە موسڵمان بم ،بریارم داوە کە ببم بەموسڵمان سوپاس بوٚ خوا !! ".

دەنگە دەنگ لەدەور وپشتمان بەرز بووە خەڵکەکە وتیان :

-" جا ئەمانەی ووت ؟؟!!! ".

ماموٚستاکە بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و وتی :

- " من ووشە بەووشەی ئەم کابرایەم بوٚ وەرگێراون ئەڵێ شەوێکیان خەوم بە شێخێکەوە بینیەوە ، ڕشێکی زوٚر سپی و جوان بووە تا سەر سنگی هاتووە ونووری لەسەر و چاوی باریوە خەڵکینە ! ".

کابرای ماموٚستا جاروبار سەیری ئەکردم ودووشەی لێ ئەپرسیم و منیش توٚزێک دەستم ئەجوڵاند و بەو مانایەی کە بەدەم وتنی وتی وی یەکەوە باسی ماناکەش ئەکەم و زەردەخەنەم ئەکرد !! گوێم لە یەکێ لە ئامادەبووان ئەبوت :

-" ئەم ماموٚستای فەرەنسیە چەند زیرەکە لە زەماندا ! ".

ماموٚستاکە بەردەوام بوو لە قسەکردندا و وتی :



Scanned by CamScanner

- " کابرای شێخ بە ئەڵمانی پێی ووتووە لەخەوەکەیدا کارل من ئیسرافیلم ! سەلامی خوای لێ بێ ! !!! هیدایەتم لەلایەن خوداوە داباراندووە بەسەر دڵتا ، بچۆ بۆ تورکیا و لەوێش بۆ فلان شارۆچکە و لە ئاوەکەی بخۆرەوە ونان و خێراتیشی بخۆ لەوێ بە ئاواتت ئەگەیت و ئەبیت بە موسڵمان ئەویش بە ئیسرافیلی وتووە باشە ئەو شوێنە کەوتووەتە کوێوە ؟ بە ئەڵمانی قسەیان کردووە ، ئیسرافیلیش نەخشەیەکی لە گیرفانیدا دەرهێنا و بۆی نیشانە کردووە بەڵام نەخشەکەی نەداوەتێ چونکە لە کتێبخانەی گشتی ئاسمانەوە بەقەرز هێناویەتی بۆیە لە گیرفانی کراسەکەیدا لەسەر کاغەزێکبۆی نوسیووە و ون بووە ؟!!! ئەمیش بەیانی کە لەخەو هەستاوەسەیری کردووە کاغەزەکەی بینیوە لە ژێر پشتیەکەیدا بووە وکەوتووەتە رێ بێ ئەوەی کە بەکەس بڵێ لە خێزانەکەی و دوای پرسیار کردنێک کە چوار ساڵ !! ی بێ چووە ئیرەی دۆزیەوەتەوە ،چونکە ولاتەکەمان بەلای ئەوانەوە نەناسراوە " .

! وەک ئەوەی نەزانێ کە جەنگی جیهانی یەکەم لە تورکیاوە بە رابەرایەتی دەوڵەتی عوسمانی سەری هەڵداو ئەڵمانیا یەکەم وولات بوو کە چووە پاڵ تورکیا و دژی ولاتە خورئاواییەکان ! خەریک بوو لە پێکەنیندا زراوم ئەتەقی بەڵام خۆم گرتبوو !! کابرایەکی بەتەمەن بەمامۆستاکەی ووت :

-" کورە خواو بێ ، ئەم هەموو قەسەیەی کرد ؟ ".

ووتی :

-" بەڵێ ئەمە ئەوە بوو کە ئەم کابرایە ووتی " .

ئەویش وتی :

- " کەی ئەم قسانەی کرد ؟! تۆ یەک جار ووتت فا ئەو یەک جار وتی وی ویەک جار ئەم قسانەتان کرد و ئەوەی تۆیش ئەگێریتەوە کات ژمێرێکی پێ چوو !! وای ووت و وای وت چۆن ؟!! ئەم دوو ووشەیە فان و وی یەک گوێنی قسەت لێ وەرگێرا تێمان بگەینە ؟؟ ".

مامۆستاکە رەنگی تێک چوو بەڵام خۆی تەریق نەکردەە و وتی :

-" ئەگەر بەدڵتان نیە برۆن کەسێکی تر بانگ بکەن ! ".

هەستا بەرەو دەرگاکە تاوەکو بڕوات ، زۆر هەستی بەتەریقی و پۆزت شکاندن کرد ، بەڵام لەقۆڵیەوە گرتیان وگەڕاندانیەوە ژوورەوە ووتیان :

-" توخوا مامۆستا گیان کەس هەیە گوێ لە قسەی ئەم پیاوە پیرە خەڵفاوە بگرێ ..؟! نیگەران مەبە وباسی چی بۆ کردی بۆمان باس بکە ..!" .

مامۆستاکە سەرووچاوی دابەیەکدا و وتی :

-" هیچی تری نەوت ، هەر ئەوەندەی ووت ".

کاتێ پاشا زادە ئەم شتانەی بۆ گێرامەوە کە ڕوویداوە و وتی :



Scanned by CamScanner



-" هەموو خەڵکەکەی لەوێ بوون ئەیان زانی کە مامۆستای فەرەنسیەکە درۆ ئەکات و ئەم قسانەی خۆی دروست ئەکات ، بەڵام ئەوان ئەییان ویست کە بڕوا بەم درۆیە بکەن ، چونکە حەزیان بەو درۆیە بوو تافەناعەتی پێبکەن .. ".

منیش لە پاشازادەم پرسی کەهۆی ئەمە چییە ؟ ووتی :

-" هەموویان ئەزانن کە ئەڵمانی لەوان باشترە بەڵام کاتێ ئەو ئەڵمانیە بێتە ئاینەکەیانەوە وا هەست ئەکەن ئەو کاتە ئەوات بەسەر ئەڵمانیاکاندا سەرکەوتوون ئەو هەستە هەرگیز دەرنابڕن وباسی ناکەن بەڵام خۆشیان پێ ئەبەخشێ !! .. مامۆستاکە بەردەوام بوو لە قسەکردندا دوای ئەوەی کەهێوریان کردەوە ووتی :

-" چەند قورسە زمان تێبگەینی لەم بێ مەعریفتانە !! بابەگیان زمانی فەرەنسی وەک سابوون وایە ، هەتاوەکو زیاتر دەستی پیا بێنی کەفەکەکی زیاتر ئەکات دوو ووشەی فەرەنسیش یەک کتێبی لای خۆمان ئەکات ئێوە هەمووتان نەفامن !! هەرگیز مانای ئەو دوو ووشە فەرەنسیە تەواو نابێ ئەگەر یەکێک شارەزایی لەزمانەکە هەبێ ئەتوانین چیرۆکی ژیانی کابرایە 150 ساڵە لە دێرێکی فەرەنسی دا بیینی !! ".

مەلاکە قسەکانی پێ بڕی وتی :

-" گرنگ ئەوەیە خێری پێوە بێ ئێستا چۆن ناوێکی ئایینی لەم کابرایە بنێن ؟ ".

وتیان :

-" ناوە کوفرەکەی چی بوو ئەم کابرایە ؟ ".

وتیان :

-" کارل ... ".

وتیان :

-" مادام ناوی ناوی کارلە ئەواناومان نا ( کامیل ) ئەگونجێ !! ".

ناویان نام کامیل وبووم بە ئازادار و خۆشەویستی خەڵکەکە بووم بە برای هەموویان ، ڕۆژگارێکی زۆر خۆش ومەزانم بەسەردا تێپەری لەم شارۆچکەیەدا خەڵکی پێشبڕکێیان ئەکرد لەسەر ئەوەی کێ میوانداریم بکات ؟ دڵم زۆر بەوە خۆش بوو عومەر ئەفەندی نەی ئەویست کە لە دەست بچم ، ئەگەر یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی شار میوانداری بکردمایە ، ئەهات لەگەڵم ونانی ئەخوارد ولەگەڵما ودوای ئەوەی کە لەو ماڵە تۆزێ بنوم وەک منالْ ئەم گەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە وەک ئەوەی کە منداڵێکی هارو هاج بم وبمەوێ ڕابکەم ، منیش خۆم لەسەر ئەم ژیانە ڕاهێنا !! ، وەکو جاران بیرم لە داهاتوونەدەکردەوە ، ئەمووت چی ڕوو دەدات با ڕوو بدات ، ئەو سەردەمە زانیم کە پیاو بە موسڵمانی لە دایک بێ ژیانی فەوتاوە ! ، لەوە باشتر نیە کە دینەکەت بگۆڕی ودوایی بێتەوە سەری



Scanned by CamScanner

لەسەر دەستی کەسانی تر ، ئەگەر مەسیحیەکانی ئەوریا و ئەمریکا بێن بۆ ئەم وولاتەی ئێمە وروو لێرە بکەن وبڵێن هاتووین ببین بە موسڵمان ، دەرپێ‌کانیشیان بۆ دائەکەنن ، لە خواردن خۆیان مەحروم ئەکەن ن وخواردنیان ئەدەنێ من زۆر لەلام سەیر بوو کە مەسیحیەکان بەمەیان نەزانینوە ، تا بمان هێننە سەر ساجی عەلی ، خۆزگە ئەیان زانی !! یان هۆیەکی تریش هەبوو کە ئاوا خۆم بەم ژیانە راهێنابوو ، لەژێرەوە پەیوەندیم لەگەڵ ئاسیا کچی کاک عومەردا دروست کردبوو ، بەڵام بە هەڵە تێ مەگەن ! ئەو پەیوەندیمان زۆر نهێنی وپاک بوو ن نەمان هێشت کەس پێمان بزانێ ، بەهەزار حاڵ ئەمان توانی دوو ووشەی خۆشەویستی بۆ یەکتر بدرکێنین کاتێ کە هەلمان بۆ ئەرخسا ، بەلام هەردوکمان هەوڵمان ئەدا کە ئەو هەلانە برخسێنین بەلام دیار بوو کە عومەر ئەفەندیش ئەیویست بم کات بە زاوای خۆی ! هەرچەندە بە ئاشکرا نەی دەدرکاند ، بەڵکو بەکردەوەکانیدا دیار بوو چونکە ئەویویست زوو ئاهەنگی خەتەنەکردنم بۆ بگێری تابم کات بەزاوا بە زووترین کات ، بەلام ئەم باسی خەتەنەکردنە وای لێ کردم کە شەو رۆژ لە بیری رێگە چارەیەک بکەمەوە بۆی ، کارگەرییەکی زۆر گەورەم لە ئاسیا دا جێ هێشت کچێکی زۆر جوان و زیرەک بوو ، باسی دایکی بۆ ئەکردم کەتەمەنی 43 ساڵ بوو دەرەوەی شارۆچکەکەی نەبینیبوو ! من واخۆم نیشان ئەدا بۆ خەڵکەکە کە هێواش هێواش فێری تورکی ئەبم تەنانەت تەنانەت زۆر سەریان سورما لەوەی کە زوو فێر بووم !! ئەیان وت
-" ماشالڵا چەند زیرەکە ...!! ".

ئاسیا تاکە کەس بوو کە گەمەی من بەسەریدا تێ نەپەڕی ، جاروبار کە قسەمان ئەکرد لەبەردەمیدا بە تورکیەکی شەق وشڕ قسەم ئەکرد ، ئەمویست نەزانێ کە توورکم ، بەلام ئەو لە پێکەنیندا پچڕا بوو وام ئەزانی کە بەزمانە تورکیە شکاوەکەم پێ ئەکەنێ ، جارێکیان لە ناکاو وتی " کەبەدەم خەوەوە قسە ئەکەیت هەروەکو توورک وایت "، من رام کرد لە هۆڵەکە کەوای وت ، ئەو کاتە کە زانیم کە بەدەم خەوەوە قسە ئەکەم شەوانە ئاسیا بەبێ دەنگ لە ژوورەکەم نزیک ئەبێتەوە وگوێ ئەنێ بە دەرگاکەوە تا بزانێ ئەڵێم چی ؟ خوا شەیتان بگرێ ناتوانم بەدەم خەوەوە بە ئەڵمانی قسەبکەم !! ، باشە ئاخۆ چی بڵێم بەدەم خەوەوە ؟ چەند جارێک لێم پرسی کە ئەڵێم چی ؟ وتی :
-" ورێنە ئەکەیت وبەدەم خەوەوە چەند ووشەیەک ئەڵێ کە نازانم چیە ؟ ا قاپە حەڵواکە ... پاشا ..تاوانی من نەبوو ... حەقی مەهدی ا وشتی لەم بابەتە ".

دیار بوو کە خەوک بە ناوەندیە سەربازییەکەوە بینیوە لە کاتی نووستن دا !!ئەگەر ئاسیا نەبوایە ، دەمێک بوو رام کردبوو لەدەست خەڵکەکە ، بەلام رۆژ بەرۆژ زیاتر هەستم بە خۆشەویستی ئەکرد بەرامبەری لە هەمان کاتیشدا وەک شتێ زۆر لەخوا نزیک ئەبوومەوە شەوانە لەجێگەکەمدا دەستم ئەکرد بە گریان و پاڕانەوە نزام ئەکرد ئەم ویست هەموو پەیوەندیەکانم بپچڕم لەگەڵ رابردوودا ، ئەم ویست کارێک بدۆزمەوە لەم شارۆچکەیدا وپارە پەیدا بکەم و ئاسیا بکەم بە خێزانم و منال



Scanned by CamScanner

بخەینەوە و دوای چەند ساڵێک خەڵک بیری بچێتەوە کە من ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێکی ساختە چی و ئاوانبار بووم و دوای ماڵ ومناڵەکەم بەرم بۆ ئەستەنبوڵ تاتۆزێ دنیا ببنین ، نەک وەک دایکی ئاسیا لێرە زیندان بین ! .

دوای چەندمانگێک لەوێ مامەوە هاوسەرگیری من و ئاسیا ڕاگەیاندرا بەڵام ئەمزانی کە باسی ئەم خەتەنەیە بەلا ئەهێنی بەسەرمدا بۆیە هەر دوام ئەخست ، بیرم لەوە کردەوە کە هەموو ڕاستیەکان بە ئاسیا بڵێم ئەو شتانەی کە لەسەرەتای هاتنەمەوە بەبێ ویستی خۆم ڕوویداوە ، ئەگەر بەوە ڕازی بێ کە بەدرۆ بووم بە ئەڵمانی باشە ئەگەر پێی قبوڵ نەکرا ئەوا ئەوکات بۆی دەرباز ئەبم ، ئاسیا کچێکی زۆر دڵپاک بوو تا ئەو ڕادەیەی نەم ئەتوانی بەردەوام بم لە درۆکردن لەگەڵیدا چونکە هەر ڕۆژێک بەت وئاشکرا ئەبێ چونکە سەرەتا ئاسیا ئەیووت کە ئەبێ بم بەی بۆ ئەڵمانیا و دایک و باوکم بناسێ دوای هاوسەرگیری بەڵام من چونکە لەتورکیا زیاتر هیچ کوێکم نەبینیبوو ، بۆیە دەستم کرد بە دروست کردنی درۆی نوێ دەربارەی خێزانەکەم لەئەڵمانیا ، وتم باوکم ملیۆنێرە و کە زانی حەز ئەکەم بیم بە موسڵمان دەری کردم لە ماڵەوە ، وە و بڕیاری دا کە لە میراتی بێبەشم بکات ، بۆیە لە پێناوی ئیسلام دا شەقم لە هەموو ملوێنە پارەیە هەڵدا هەرچەندە شەوانە زۆر بەجدی بڕیارم دابوو کە ڕاستی پێ بڵێم ، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ پەشیمان ئەبمەوە یەک ڕێگە چارە هەیە ئەویش لەگەڵ خەتەنەچییەکە ڕێک بکەوم وتم ڕاستیەکەی پێنەڵێم و لێی ئەپاڕێمەوە ، بەڵام ئەوەی کە زانراوە کە خەتەنەچی بەزەیی لەدڵیدا نیە ، خۆشیەکەش لەوەدابوو کە کابرای خەتەنەکردن چەند پیشەیەکی تریشی هەبوو ،دانی ئەکێشا وسەرتاش بوو کەسی تریش نەبوو خەتەنەچی جگە لەو ! هەمیشە گوێزان وچەقۆ لەگیرفانیدا بوو ، تەمەنی لە بڕینی ئەو پارەچەیەدا بردبووە سەر کە لە زەکەری خەڵکی ئەکردەوە ، بۆیە هیچ بەزەیەک لەدڵی نەمابوو . کابرایەکی کەتە بوو ڕیشێکی درێژی هەبوو ، ناکرێ ئەم کابرایە هەڵخەتێنرێ بەڵام پەندێک هەیە ئەڵێ " مەلا بەپارە لە مزگەوت دەربهێنە " بەڵام من پارەم پێ نەبوو ، کاک عومەر زۆر پیاو بوو ، ئەیووت "تۆ لە ئێستاوە کوڕی منی " چیت ویست داوای بکە و جاروبار پارەی ئەدامێ نەی ئەدایە دەستم تاوەکو هەستم بریندار نەکات ، بەڵکو لەسەر پشتی دۆشکەکە دای ئەنا ن من چونکە لەماڵی کاک عومەر لە هیچم کەم نەبوو ، بۆیە هیچ کام لەو پارانەم خەرج نەکردبوو 50 لیرەم پێ بوو ، ئەو سەردەمە 50 لیرە پارەیەکی زۆر بوو ، ئەکرا کەکەسێ بەو پەنجا لیرەیە سەرمایەکی بچوک بخاتە کارەوە و ئیشی پێ بکات لەبازاڕ ، کاک عومەر بۆ ئاهەنگی خەتەنە ڤاتێکی زۆر جوانی لای بەرگدروو بۆ دروست کردبووم ، دام نابوو ، کە 50 لیرەکە بدەمە کابرای خەتەنەچی وەکو بەرتیل تاوەکو ئەوە ئاشکرا نەکات کە من لەو بەر خەتەنە کراوم چونکە ئەزانرا کە من هەر خۆم موسڵمانم نەمتوانی بەهیچ شێوەیەک بەکابرای خەتەنە چی بڵێم کە ڕاستیەکانی پێ بڵێم بەڵام بارودۆخەکش لەوە زیاتری نەئەویست ، ئیتر یان ئەوەتا ئەکەومە ژێر

ڕەحمی کابرا و چەقۆکەی ، بەڵام ئەو کە بۆم دەرهێنا ( عەیب نەبێ ) ئەزانێ کە موسڵمانم یان ئەوەتا گوێ ناداتێ ولەبەر پارەکە خەتەنەم ئەکات وچونکە کاک عومەر پارەی داوتێ تاوەکو خەتەنەم بکات ، ئەگەر کابرا بەڕاستیەکەی زانی خۆم ئەیەم بەسەر قاچیا ولێی ئەپاڕێمەوە و هەموو شتێکی پێ ئەڵێم ، ئەواتە ئەگەر زەرەیەک ڕەحمی دابێتێ بەزەیی پێمدا دێتەوە وبێ گومان ! ڕۆژێکی دیاری کراو دانرا بۆ خەتەنەکردنەکە ، لەتورکیا عورف عادەتی خەتەنەکردن ئاهەنگە ، بۆیە خواردنێکی زۆر لێنرا وخەڵکێکی زۆر هاتن و تیپە موسیقیەکانیش بە زوڕناوتەپڵەوە هاتن وەک ئەوەی بیانەوێ بڵێن ( گز .... گز.... ) بخۆ ئەوە دەردت بێ ؟ چونکە تەمەنم گەورە بوو بۆخەتەنەکردن بیری ( گز .... گز.... ) اتان ماوە؟ ئەوخەڵکە نەوەستێ ، بەڵکو بانگی گەورە بەرپرسانی شارۆچکەکەیش بکات وەک قائیمقام وبەڕێوبەری شارەوانی و ئاسایش و بۆیە زۆر ترسام کە یەکێکیان بم ناسێتەوە ، چونکە ئەوانە خەڵکی ئەستەنبوڵ بوون لەوێ دامەزرابوون بەکاک عومەرم وت کە پێویست ناکات ئەو بەزم وڕەزم و ئاهەنگە بگێڕدرێ تکام لێ کرد کە کاری خەتەنەکردنەکەم بەبێ دەنگی بچێت بەڕێوە زۆر لێی پاڕامەوە بەس سوودی نەبوو ، ووتی :

- " من کوڕم نیە وئاسیا تاقانایە ، تۆیش وەک کوڕم وای دوای من هەرچی پارەو ماڵ ومولکی من هەیە ئەچی بۆ تۆ لێرە خەڵک خەریکی قسەکردنن هەمیشە ئەوکاتە خەڵک ئەڵێنکچەکەی داوە بە کابرایەکی خەتەنە نەکراوو ئەو قسەیش نەبۆ من خۆشە و بۆتۆ نەبێ خەڵکەکە بزانن بە خەتەنەکردنت ، هەتا من مابم لە ژیاندا کەس ناتوانی قسەت پێ بڵێ ، بەڵام کوڕی خۆم ئەگەر خوا فەرمانی بەسەردا هێنام و گەڕامەوە بۆ لای خەڵک هەراسانت ئەکەن بە گاڵتە پێ کردن و ڕا ئەکەن بەدواتا و ئاماژە بە ئەوێت ئەدەن و قسەی قۆڕت پێ ئەڵێن ' بۆیە ئەبێ ئاهەنگەکە بەتەپڵ و زوڕنا وئامادەبوونی خەڵک ونان خواردن بێ !! ".

ئەوکاتە زانیم کە تێ کەوتووم و خەڵک هەمووی ئامادەی خەتەنەکردنەکەم ئەبن! ، زۆر بیرم لەوە کردەوە کە ئایا بەرگەی ئەو ئابڕوو چوونە ئەگرم ؟ بەڵام لەبەر خاتری ئاسیا بڕیارم دابوو کە بەرگەی ئەو بەزم و ڕەزمە بگرم وبزانم شتەکان چۆن بەڕێوە ئەچن ؟ پێش خەتەنەکردنمبەهەفتەیەک نیوەڕۆکیان کاک عومەر وتی :

-" کابرایەک هاتووەئەیووێت بت بینێ ...؟ ".

وتم :

- " کێیە ..؟ ". ( تۆ سەیر بکەن چەند جوان تورکی ئەزانم !!! )

ووتی :

- " نایناسم بەڵام ئەڵێ لە ئەستەنبوڵەوە هاتووم ".



Scanned by CamScanner

کە کاک عومەر ووتی لەئەستەنبوڵەوە هاتووە خەریک بوو لەجێی خۆمدا بکەوم بە زەویدا ولەهۆش خۆم بچم کێ ئەمناسێ لێرە تاوەکو لەئەستەنبوڵەوە خەڵک بێت بۆ لام ؟ ئەمە یەکێکە لەو بەزمانەی کە لێی ئەترسام خوایە ... گیانم کەوتە ترس ولەرزینەوە ، کاک عومەر ووتی :

- " چی ڕوویداوە ...؟!ڕەنگ و ڕووت گۆڕدرا لە ناکاودا ؟ ".

وتم :

- " هیچ نەبووە ... " .

نەمتوانی بوەستم بە پێوە لە جێی خۆمدا کەوتم بەسەر کورسیەکەدا نەمتوانی ڕابکەم ئەوەی کە ڕووی دا ڕوویدا ، لەوانەیە بتوانم لە کابرا گێل بکەم بەوەی کە بە ئەڵمانی قسە بکەم تۆ بڵێی ئەو ئەڵمانی بزانێ ؟ من وا خۆم نیشان ئەدەم کە لە تورکی تێناگەم ئەو کات بەکاک عومەرم وت " با بەفەرموێ بزانین کێیە ؟ " کابایەکی بەتەمەنی ڕووخۆش ودەم بەخەندە هاتە ژوورەوە ، کە بە شێوەیە بینیم ئارامیەک هات بە گیانمدا ، بە بۆینباخەکەیدا دیار بوو کە پیاوێکی ماقوڵ بوو ، چاوەڕێی قسەکردنیم ئەکرد من هیچم نەوت ووتی :

- " من ڕۆژنامە نووسم ".

زانیم کە پۆلیس نیە وتی کە لە ڕۆژنامەیەکدا کاردەکات کە لە پارێزگای شارۆچکەکەمان دەرئەچێ بەڵام نوێنەری دوو سێ ڕۆژنامەی ترە لە ئەستەنبوڵیشە من زۆر لە ڕۆژنامەنووسان ئەترسام وەک لەوەی کە پۆلیس ئەترسام بەهۆی ڕۆژنامەنووسانەوە بەڵای زۆر کەوتبوو بەسەر سەرمدا من بەزەردەخەنەیەکی ساردەوە پێئەکەنیم وقسەم نەئەکرد کابرای ڕۆژنامەنووس وتی :

- " ئەوە شەرفێکی گەورەیە بۆ وڵاتەکەمان کە زانایەکی ئەڵمانی وەکو جەنابتان لێرە بووبێ بەموسڵمان ! درەنگ هەواڵی تۆمانزانی ئەگەر وا نەبوایە زوو تر ئەهاتین وسەردانمان ئەکردن !" .

لەدڵی خۆمدا وتم " بەملی شکاو هاتی " ئەگەر خەزوورم دانەنیشتایە لەگەڵمانوا خۆم نیشان ئەدا کە تورکی نازانم کابرا تورکیەکی شکاوەوە وتی :

- " ئێوە تورکی ئەزانن ؟ ".

وای کرد تەوکو تورکیەکی هێواش تێبگەم تاوەکوتورکیەکەی هێواش تیبگەم پاشان وتی :

-"نازانم من .... ئێوە بەڵام ئەزانن تورکی باش .... ".

وتم :

- " کەم کەم .... ناوبەناو فێرئەبین ... ".

وتی :

- " زۆر چاکە ، لە ڕۆژنامەکەیدا هەواڵەکەمان بڵاو کردۆتەوە و بە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵیشم ڕاگەیاندووە بەتەلەفون ووتیان بڕۆ گفتوگۆی لەگەڵ بکە ، ئەڵێن تۆ شتێکت دۆزیوەتەوە چییە ؟ " .



Scanned by CamScanner





ئەبوایە وەلامەکەم بەم شێوەیە بوایە بۆ پرسیارێکی ئاوا قۆڕ بموتایە ! دەبەنگی خەڵکی لای خۆمانم دۆزیەوەتەوە لە تورکیا کە گوێ بە خێزانی هەزار ساڵەی موسڵمانان نادات ولە هەمان کاتدا دەرپێکەی ئەفرۆشێ بۆ کەسێ کە تازە بووە بە موسڵمان !! بەڵام بێ گومان ئەم قسەیەم نەکرد نەش ئەکرا بڵێم هیچیم نەدۆزیەوەتەوە چونکە بەزانایەکی گەنجی داهێنەر ناو بڵاو بوتەوە ، ووتم :

- " زۆر داهێنانی کردووە ، من کردووە ، بێدەنگ ماتۆڕ کردووە .... فڕۆکە لەبەرخاتر ... ناکات گرررررررر دەنگ ماتۆڕەکە ! داهێنان من زۆر کردەوە پاپۆڕ دوکەڵ بێ سەیارە بەنزین بێ ، شەمەندەفەرە خەڵوزەکان بابێ .... ".

بەو شێوەیە قسەم ئەکرد تاوەکو تورکیەکەم زۆر ڕەوان دیار نەکەوێ دوای ئەوەی کە باسی زۆر شتم کرد لەو بابەتانە لێی پارامەوە کە بڵاویان نەکاتەوە لە ڕۆژنامەدا هەورەها بە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵیش بەوە نەزانن چونکە ئیسلام دژی باس کردنی مرۆڤە بۆ خۆی و بە جۆرێک لە بە خۆ بە زل دانانی دا ئەنێ خۆیشت ئەزانی گەورەیی بۆ خوایە ، بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە ووتی :

-" ئەگەر بەناونیشانێکی گەورە ئەم داهێنانەی جەنابت بڵاو بکەمەوە زانای ئەڵمانیەکانی تریش بەمە ئەزانن ئەوانیش دێنە ناو دینی حەقەوە !! ".

ڕۆژی خەتەنەکردنەکە نزیک بوویەوە ، ڕۆژی وا شپرزە نەژیاوم لە ژیانمدا ئاهەنگەکە زۆر گەورە بوو مەڕ سەر بڕا و چێشت لێنرا و خواردن ئامادە کرا وباخی ماڵەکەش پڕ بوو لەخەڵک ئەوەی کە وەک تاشە بەردێک کەوت بەسەرما هاتنی ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس بوو بە ئامێری وێنەگرتنەوە کاتێ کە بینیمن ترس دایگرتم ورام کردە لە ماڵەکە بەڵام هەمووی لا سەدهەنگاو نەبوو کە دوورکەوتووبومەوە ئەتووت چاویان لەسەرمە بەپەلە گرتیانم خەزورم وکابرای خەتەنەچیشیان لەگەڵدا بوو وام دانا کە هەر لە شوێنی خۆمدا لەناو دارەکان ئەم دەن بە زەویدا و خەتەنەم ئەکەن لەویادا ، خەزوورم وتی :

- " بۆ کوێ ئەڕۆی ..؟ ".

وتم :

- " ویستم تۆزێ پیاسە بکەم .. " ( پیاسەی چی ؟ ئەوان ئەت ووت مانگا ئەگرن کە ڕایان کرد بەدواما )

تۆزێ ڕەنگی سەرووچاوم تێک چوو بوو خەزوورم وتی :

- " مەترسە هیچ شتێکی وا نابێ کە تۆ بترسێنێ ... " .

وتیان :

- " کابرا دەستی سووکە وهەست بە هیچ ناکەی ".

کابرای خەتەنەش دەستێکی هێنا بە سمێڵیدا و وتی :



Scanned by CamScanner



- " وایە بەڵێن بێ هەست بە هیچ نەکەی ... ".

گەڕاینەوە شوێنی ئاهەنگەکە ڕۆژنامەنووسێک لەو کاتەدا بەر دەمم و وتی :

-" هەستان بەچی کرد کاتێ هاتنە ناو ئاینی ئیسلام بوون بە مووسڵمان ؟ ".

بە تورکیەکی شێواز ئەڵمانی ووتم :

-" من توورکی نازانێ .... من تێ ناگا " .

و ڕۆیشتم نەگەبەتیەکە گەورەکە ئەو کاتە بوو کە بردیمانە ئەو ژوورەی کەتیایدا خەتەنە ئەکرام وام زانی هەر من وکابرای خەتەنە ئەمێنینەوە بەڵام هەرچی وێنەگرو ڕۆژنامە نووس بوو هاتنە ژوورەوە بە دوایدا ووتم :

-" شتی وانیە ...ئەستمە ئەبێ هەر هەمووتان بچینە دەرەوە ".

بەدەم هاوار کردنەوە وام ووت ، بیرم چوویەوە کەئەڵمانیم ونابێ بەتوورکی ڕەوان قسە بکەم ، دیارە لەبەر ترس بوو ، خەزوورم ئەیویست بمێننەوە ، زۆر بەزەحمەت چوونە دەرەوە ، بەڵام دوانیان مانەوە کابرای خەتەنە وتی :

- " با ئەم دووانە بمێننەوە ،چونکە ئەبێ دەست وقاچت بگرن .. " .

وتم :

-" پێویست بەوەناکات چ پێویست ئەکات ؟ ".

بەڵام هەر قەناعەتیان نەکرد ومانەوە هەرچەندە بیرم لەوە ئەکردەوە کەئەوەنەی نەماوە حەیام بچێ ،لە هۆش خۆم ئەچووم وئەکەوتمە لەرزین ، ئەوان وایان ئەزانی کەلەترسی خەتەنەکردنەکە ئەترسم وئەلەرزم ، وتیان " مەترسە .. مەترسە " بۆ ئەوەی کەوەرم باتێ کابرای خەتەنەکە چیرۆکی خەتەنەکردنی بۆ گێڕامەوە دەربارەی خەتەنەکردنی بەتەمەنەکان ووتی :

-" ئەو سا لەم شارۆچکەیەی ئێمەئەرمەنی هەبوو ، ئەوانە کە بڕوایان ئەهێنا من خەتەنەم بۆ ئەکردن دەستم زۆر سووکە ئەڵێم هەی ...هەی و تەواو ئەبێ ، مەبەستم لەو ! هەی .... هەی ! ئەوەیەکە تۆ دڵنیا بی کە لەوەی کارەکە بەفرکەی چاوێک تەواو بووە ، وتۆ هێشتا هەستت بە خۆت نەکردوە کابرایکمان لابوو ئەرمەنی بوو ناوی تەیفوور بوو لە تەمەنی پەنجاونۆ ساڵیدا خەتەنەم بۆ کرد ، ئەویش کە بوو بەئیسلام وەک تۆ خۆی ناو نا کامیل کە شتەکانم کۆکردەوە ئەوهێشتا چاوەڕێ بوو کە خەتەنەی بکەم ووتم " کاک کامیل هەستە تەواو ! ووتی " تەواوی چی ؟! بۆ تۆ هێشتا هیچت کردووە ؟ بەو خوایە پارەکەت نادەمێ " کابرا چەند بەتەمەنیش بوو هەستی بە دەستم نەکرد ئەمە ئەوە ئەگەیێ کە دەستم زۆر سووکە هەر کەوتم ! هەی ... هەی ! کەواتە دەمێکە لەکارەکە تەواو بووم باشە ؟؟ ".



Scanned by CamScanner

خۆم ڕاکێشا بۆ خەتەنە کردن وچاوم داخست تاوەکو سەرچاووی سوورماویان نەبینم کە ئەزانن خەتەنەکراوم هیچ شتێک ڕووی نەدا هەرسێکیان بەیەکەوە هاواریان کرد " سوبحان الله !!! " لە ژوورەکە دەرپەڕینە دەرەوە و نەمتوانی ڕابکەم بە دوایاندا وبیانگرم گوێم لە کابرای خەتەنەکار بوو ئەیوت :

- " ئەم کابرایە زۆر پیرۆزە !! ".

گوێم لە خەزوریشم بوو وتی :

- " تەواو ؟! خەتەنەتان کرد ؟ ماشاڵا بەم .... پەلەیە ؟ " .

کابرا وتی :

-" خەتەنی چی کاک عومەر ؟ باسی چی ئەکەیت ؟ پێویست بە خەتەنە کردن نەکرا ... زاواکەت هەر لەمنداڵیەوە

خەتەنەیە ".

کاک عومەر وتی بۆ خاتری خوا ...!! ئەوە تۆ ئەڵێی چی ؟!؟ ".

وتی :

-" ئەم دووانە شایەتن ئەانیش بینیان بەچاویان ".

مەلا وتی :

-" سوبحان الله ..!! بەدوادا گەڕێی ئەم کابرایە بەدوای ئاینی ئیسلام لەخۆڕایی نەبووە هەر لە منداڵیەوە خوا هیدایەتی

یاوە ؟ ".

خەزورم وتی :

- " کەواتە ئێستا خەتەنەی ناوێ ؟".

کابرا ووتی :

- " تەنیا بەلێ کردنەوە پارچەیەکی زۆر بچوک ئەکات نیوە خەتەنەیەک ... "..

گوێم لێبوو یەکێ لە ئامادە بووان وتی :

- " ووریا بن ئەم کابرایە جوولەکە نەبێ ، ئەوان نیوە خەتەنە ئەکەن نەک هەمووی ! " .

دەرگاکەیان کردووە و هاتنە ژوورەوە ، منیش وورەم بەخۆمداو ووتم :

-" کەی خەتەنەم ئەکەی ؟ تەواو ؟ هەی ... هەی ؟ ".

وتی :

- " ئێستا بۆت ئەکەین .." .



Scanned by CamScanner





ئەم جارەیان سوور بووم لەسەر ئەوەی کە کەس لە ژوورەکەدا نەبێ هەر چۆنێک بێ ، ئەو دووانەی کە بۆ شایەتی دانرابوون ئیتر هیچ بەهایەکی نەماوە مانەوەیان ن من وکابرای خەتەنە بەتەنیا لە ژوورەکەدا ماینەوە ، من زانیم کابرا بۆچی ئەڵێ " ئیوە خەتەنەیەکی ماوە ؟ " ، ئەگەر بڵێ پێویست بەوە ناکات ئەو کاتەپارەکە وەرناگرێ ، چونکە هیچی نەکردووە ، 50 لیرەکەم دایە دەستی و وتم :

- " خەتەنەکراوم پێویست ناکات ... ".

بەسەر سورمانێکەوە سەیری سەرووچاومی کرد وتم :

-" لە دەرەوە بەخەڵکەکە بڵێ خەتەنە کراوم تەواو ! ".

وتی یا الله و 50 لیرەکەی خستە گیرفانیەوە و وتی :

- " ئەکرێ ... بەڵام تۆ دەست بکە بە هاوار کردن تا خەڵکەکە لە دەرەوە وا بزانن کەخەتەنەت ئەکەم ، باوا بزانن کە ئازارت ئەگات ، ئەگەر خەتەنە بکرامایە عەیب بووهاوار بکەم ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەبوایە هاوارم بکردایە ، کابرا ئەویووت :

- " زیاتر ... زیاتر هاوار بکە ... ".

وتم :

-" سەرت بڕیمایەزیاتر هاوارم نەئەکرد .. ".

لەسەر دۆشەکەکەم ڕاشکام و ژوورەکە پڕ بوو لە وێنە رو ڕۆژنامە نووسان ودەستیان کرد بەنووسین وێنە گرتنم یەکێکیان وتی :

-" هەستان بەچی کرد دوای خەتەنەکردنەکە ؟ ".

وتم :

-" هەستم بەهیچ نەکرد لەخوا بەزیاد بێ کابرا دەستی زۆر سووکە وتی هەی و تەواو بوو !!" .

لای ئێوارە دەرتگان خەڵکەکە ڕۆیشتن بەدەست خەزورم بوایە ، ئاهەنگەکەی شەو ئەکرد تا زیاتر خەڵک زاوا ببینن کە چەند پاڵەوانە چوومە قوڵایی بیرکردنەوەیەکی زۆرەوە شەو ، ئەگەر ئەموێنانەمم لە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنقرە زەوی گرمەی لێ بەرز ئەبێتەوە ، دوای ئەوە بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئایا ئەمەی من ئەی ئەکەم تاوانە یان نا ؟ لە ڕاستی دا تاوان نەبوو ، چونکە هیچ زیانێکم بەکەس نەگایاندبوو ! بەبۆچوونی خۆم !!! خۆ ئامادەکردن بۆ ئاهەنگی هاوسەریم لەگەڵ ئاسیا کچی عومەر ئەفەندەی ڕۆژنامەکان زۆر درەنگ ئەگەیشتن لە هیچ کاتێکدا ئەوەندە ڕۆژنامە نەفرۆشراوە بەقەد ئەو ڕۆژە لە شارۆچکەکەمان کاتێ کە ڕۆژنامەکە گەیشت بەشەمەندەفەر ، هەر لە جێی خۆیدا نەما بۆیە فرشیارەکان بەپەلە تەلەفونیان کردبوو کە هی زیاتریان بۆ بنێرن ، ئەوەش کە خوێندواری نەئەزانی ڕۆژنامەی کڕیبوو تاوەکو وێنەکەم ببینێ ، کە لەنێوان خەزوورم و .کابرای خەتەنەدت بەنێوە ڕووتی ڕاکشا بووم بە وێنەکەممە ڕاپۆرتیان بڵاو کردبووە لە ژێر ئەم ناونیشانە :



Scanned by CamScanner





( گەنجێکی ئەڵمانی هاتۆتە ئیسلامەوە ) ، ( زانایەکی ئەڵمانی جیهانی بەناوبانگ هاتۆتە ناو دینی حەقەوە وخەتەنە کراوە ) ( ئاهـەنگی خەتەنـە کردنـی پرۆفیـسۆر کـارل زۆر مـەزن بـوو کـە خـاوەنی چـەندین دۆزینەوەیـە و داهێنانـە ) ( ئـەوروپا و ئـەمریکا نـاڕەزایی دەر دەبـڕن بەرامبـەر خەتەنـە کردنـی زانـا و پرۆفیـسۆری بـەناوبانگ کـارل ) ئـەو ئێوارەیەکـە ڕۆژنامـەکان گەیـشتن بـۆ شارۆچـکەکە ، مـن لەسـەر دۆشـکەکە ڕاشکابووم بـە بیناوی ئـەوەی جێـی خەتەنەکردنەکـەم ئـازاری یـەت گـوێم لـە دەنگێـک بـوو بەرزئەبۆوە لەهۆڵەکەوە دەرگای ژوورەکەم لەناکاو کرایەوە وسێ پۆلیس خۆیان کرد بە ژووردا منیش ئەتوت چۆلەکەیەکم خۆم بۆ فڕین حازر ئەکەم وتیان :

-" هەستە گەڕە .... بەپەلە جلەکانت لەبەر بکە زوڵ ..... ".

ئـەم بەڵایـە چـاوەڕوان نـەکراوبوو ، مـن ئـەمزانی کـە لـەکۆتایی دا چیم بەسـەر یـەت ، کـە ئـەڵمانیم کەلەپچەیان کردە دەستمەوە ن بەدەستی پۆلیسەوە وە لەبەردەم ئەو هەموو خەڵکە سڕبووەدا هاتمە دەرەوە چاوم بەچاوی ئاسیا کەوت ئەگریا و فرمێسکەکانی ئەسڕی ، بە سەری سوڕماوی سەیریان ئەکرد وئەیان وت :

-" تۆ بڵێی سیخور بێت ..؟؟ ".

- " کوڕە وا مەڵێ ! " .

-" سیخوڕە وا نیە ..؟ ".

- " من هەر ئەم زانی سیخوڕە ؟ .".

-" ئەڵێن سیخوڕە !" .

-" کاکە ئەمە ئاشکرایە شوێن نەماوە ئەم کافرە تیایدا بێ بە ئیسلام ئێرە نەبێ ...؟ کەواتە سیخوڕە ".

- " ئەگەر کارەکە وابێ بێ گومان ئەمە ئەڵمانی نیە چونکە سیخوڕەکان هەموویان ئینگلیزن ".

لـە ئاسایش فڕێیـان دامـە نـاو ژێـر زەمینەکـەوە بـێ لێکۆڵینـەوە جێیـان هێـشتم بـۆ ڕۆژی دواتـر کـە بەئەفسەرەکەم وت :

-" تاوانەکەم چییە ؟ ".

دوو شەقازلەی لێ یام ووتی :

-" هەتیو بەتەمای فێڵ لە ئێمەش بکەی وبڵێی ئەڵمانیم ؟؟ ".

نەمتوانی قسە بکەم بەس لە دڵی خۆمدا ئەم وت " تۆ بڵێی یاسای وا هـەبێ بـۆ کەسـێ کـەخۆی وەک ئەڵمانی بناسێنێ ؟ ئەگـەر هـەبێ ئـەوا تـەنیا لـەناو ئەڵمانیدا شتی وا هەیـە ، ئـەبێ بـە یاسـای ئـەڵمانی دادگـای بکـرێم بـۆ ڕۆژی دواتـر دوو هـەواڵی زۆر گـرنگ بەشـەمەندەفەر گەیـشتن خـەڵکی شارۆچکەکە ڕۆژنامـەکان هـەواڵی ساختەکارییەکەمیان لەئاهـەنگی خەتەنەکردنەکـەم گـەورەتر نووسـی ، ( ئەڵمانیە

ساختەچیەکە دەست گیر کرا ) ، ( ساختەی لەهەموو دانیشتوانی شارۆچکەکە کردووە بە بیانووی هاتنە ناو دینی ئیسلام ) ، ( زانا ئەڵمانی ساختەکەی کە هەواڵی خەتەنەکردنەکەیمان بڵاو کردەوە پاشازادەی ساختەچی بوو ، ئەمەی کردبوو تا کچی کابرا بخوازێ ) ، ( ئاسایشە مەزنەکەمان پشازادەی بە تۆمەتی ساختەکارییەوە گرت ) بۆ ڕۆژی دواتر ئەو ئاسایشانەی کە لە ئەستەنبوڵەوە هاتبوون دەستیان کرد بە لێکوڵینەوە لەگەڵمدا حەوت ڕۆژنامەنووسیان لەگەڵدا بوو بەهەموو شێوزێک وێنەیان بۆ گرتم ، کاتێ کە ئەم ویست سەرووچاوم لابەم تاوەکو وێنەم نەگرن چەند پۆلیسێک کاریان ئەوە بوو کە نەهێڵم وا بکەم فەرمانیان درابوو کە سەرووچاوم بۆ وێنە گرتن ڕاست بکەنەوە هەموو شتەکانم گێڕایەوە

هەروەک چۆن ڕووی دابوو ، چی هەیە ، بیشارمەوە ؟وتم :

- " کەئەوان پرسیاریان لێ ئەکردم من بە ئۆی ... ئۆی وەڵامم داونەتەوە وەک دەربڕینی هیلاکی و برسێتی وتونێتی وەک چۆن بێزاریەک یان بێ تاقەتیەک ئەوانە کە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەشەدار ببون لەخەڵکی شارۆچکەکە وتیان مادام ئەڵێ ئۆی ... ئۆی کەواتە ئەم کابرایە ئەڵمانیە ".

پۆلیسەکان هەموویان کەوتنە پێکەنینەوە ! دوای تەواو بوونی لێکوڵینەوە وتم :

- " وەک ئەبینن تاوانم نەکردووە و زەرەرم بەکەس نەگایندووە کەواتە تاوانبارنیم ... وا نیە ؟ ".

وتیان :

- " چی تاوانت نەکردووە ؟؟ ئەگەر تاوانت نەکردبێ بۆچی دەستگیرمان کردووی ؟ دانیشتن و پاڵدانەوە لە ماڵی پیاوێکی وا خواناسدا بەبیانوی ئەوەی زانایەکی ئەڵمانیت و هاتووی ببی بە موسڵمان و دانیشتوی، نان وئاوی کابرا ئەخۆیت و خەریک بوو کچەکەیت بداتێ ئەمە تاوان نیە ؟! ".

ئەو شەوە لە ژێر زەمینەکەدا مامەوە بۆ ڕۆژی دواتر لەبەردەم بینای ئاسایشەکەدا پێنج هەزار کەس کۆبووەوە ، پێش هەمووشتێک ڕووبەرووی خەزوریان کردمەوە ، لێیان پرسی ووتیان :

- " کەئایا هیچ سکاڵایەکتان هەیە لێی یان نا ؟ ".

کاک عومەر وتی :

-" چۆن سکاڵام لەم کوڕی سەگە نیە؟ ".

دوو تفی کردە ناوچەوانمەوە و وتی :

-" ساختەی لێ کردوم گەورەم ، سێ هەزار لیرەم تیایدا سەرف کردووە ئەمە جگە لەوەی ئاهەنگی خەتەنەکردنەکە پێنج سەد لیرەی برد ، من تەنیا پارەکانم ئەوێتەوە زیندانیشی بکەن ، چونکە یاری بە شەرەفی خێزانەکەم کردووە ! ".

خەسوویشم سکاڵایەکی زۆر سەیری تۆمار کرد دژی من ، گوایە ئاڵتون و شتەکانیم دزیوە دوایین کەس ئاسیا بوو ، هەردوو چاوە جوانیەکانی سوور هەڵگڕابوو وئاوسا بوون ئەوەندە لەخەفەتدا گریا بوو نەی ئەتوانی دەم بکاتەوە و قسە بکات سەرۆکی ئاسایشەکە لێی پرسی و وتی :



Scanned by CamScanner

-" کچم بێ گومان سکاڵات هەیە دژی ئەم ساختە چییە ؟ وا نیە ؟ ".

وتی :

-" نەخێر .. ".

وتی :

- " سکاڵات نیە ؟ ".

ئاسیا وتی :

-" سکاڵای چیم هەبێ دژی ؟! چی کردووە لێمان ؟ هیچی لێ نەکردووین، تاوانی نیە ؟ ".

وتی :

-" پێی نەوتوویت ئەڵمانیە ؟ ".

وتی :

- " نەخێر ئێمە خۆمان کردمان بە ئەڵمانی ... ئەو هەرگیز نەی وتووە ئەڵمانیم .. ".

وتی :

-" بەڵام دایکت سکاڵای ئەوە ئەکات کە ئاڵتونەکانی خۆی وتۆی بردووە ".

ئاسیا وتی :

-" هیچی نەبردووە هەمووی درۆیە ... ئەم بەیانیە ئاڵتونەکانم خستە کانتۆرەکەوە .. ".

من ڕووم کردبووەدیوارەکە چونکە زۆر شەرمم لەئاسیا ئەکرد ،بەڵام شکاتی هەر نەکرد پۆلیسەکان زۆریان لێ کرد کەسکاڵا بکات ، ئەو ئیەوت نابێ سکاڵا لەو بکرێ ، بەڵکو ئەو کەسانەی کە گەیاندنە ئەم حاڵەتە ، دوای ئاسیا ئەو خەڵکانە هاتنە ژوورەوە سکاڵای ئەوەیان هەبوو کە گوایە پارەم لا بردوون بەقەرز هەر کەسێک لە شارۆچکەکە هەواڵی گرتنی منی بیستبوو هاتبوو تاوەکو خۆی بکات ، بە خاوەن قەرز ، هەندێکیان ئەیوت سەد لیرەم لێ قەرز کردووە ، لەکۆتاییدا دادگا لەسەر تاوانی ساختەکاری و خۆ نیشاندان بە زانایەکی ئەڵمانی دادگای کردم و حوکمی بەسەردا دام ئەوەی کە زۆر بەلامەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە چۆن هەر کەوێنەکەم بڵاو دەکرێتەوە یەکسەر خێر خوازێک ڕائەکات بۆ لای پۆلیس و ئەڵێ ئەم کابرایە ساختە چییە؟ یان ئەوەتا دەوڵەت کاروباری نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ کە بەداوی مندا بگرێ ؟ چەند جارێک ئاسیا بەدزی ماڵەوە ئەهات وسەردانی ئەکردم و شتی بۆ دەهێنام ن بەڵام لەشەرمدا هەمیشە ڕووم کردبووە زەوی کە ئەمبینی ، بۆیە دواجار داوام لە بەڕێوبەری زیندانەکە کرد کە بمگوازێتەوە بۆ زیندانێکی تر لە پارێزگایەکی دوورتر لەیەکێ لەزیندانە دوورەکانی ئەستەنبوڵ



Scanned by CamScanner

پاسازادە



عەزیز نەسین

# خەوە ناخۆشەکە ...

لە ژیانی هەمووکەسێکدا خەوێک یان دووان هەیە کە هەرگیز بیری ناچێتەوە لە ڕاستی دا خەون هەیە کە مرۆڤ پێش چەندەها ساڵ بینویەتی وهێشتا هەر لە یادیدا ماوە زیاتر لە ڕووداوێکی ڕاستی کە هەزار جار کردویەتی بیری نەماوە ، بەڵێ چل ساڵ بەسەر بینینی ئەو خەوەمدا تێپەڕ بووە ، بەڵام تا ئێستا ناتوانم لە یادی بکەم وبەردەوام بیرم دەکەوێتەوە ، خۆ مرۆڤ بەدەست خۆیشی نیە کە بیری نەکەوێتەوە .ژیان بە زۆر بیرمان ئەخاتەوە ، وەک ئەوەی کەبینیم خەون نەبێ ، بەڵکو زەنگێک بێ بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا ڕوودەدات ، دوا شەوم بوو لەو باڵەخانەیەی کە لەسەر شەش مەتر تەختەکە خۆم بەدەرکردن دا تیایدا ، لەکۆمەڵێک کیسە چیمەنتۆ لەسەر زەوی کە جێکەگەیەکم بۆ خۆم ڕاخستبوو ، ژوورەکەی تەنیشتم کۆمەڵێک کرێکاری لادێیی لێ بوون ، لەلای خۆمەوە گوێم لەغەڵبەغڵیان بوو ، ڕووناکییە کزەکەی چراکەیشم تاریکی شەوی زیاتر ئەکرد ، وزیاتر هەستم بەتەنیایی دەکرد ، شەوێکی باوبۆران بوو ، ئاسمان ئاوی دائەکردە سەر زەوی و هەورە تریشقە بە دەنگێکی زۆر ناخۆشەوە پەیدا ئەبوو ، ئاو بەئاوو هەستم بەپلێتە گەروەکەی سەر مەخزنەکە ئەکرد لەگەڵ شووشەی پەنجەرەکان خەریک بوو لێ ئەبوونەوە ، ئەو تریشقەیە جاروبا تاریکی ژوورەکەی ڕووناک ئەکردەوە ، وەک ئەبینین چونکە ئەو خەوم بیر ناچێتەوە ووردەکاریەکانی پێش خەو لێ کەوتنیشم بیر ماوە ئەو چرایەی کەلەسەر مێزە تەختەکە دانرابوو ڕووناکی بە بنمیچەکەدا بڵاو ئەکردەوە لە شێوەی بازنە ، مێزەتەختەکە م لەشەوێک لەشەوەکاندا دروست کردبوو کە خەوم لێ نەئەکەوت تیایدا ، بارانەکە کە دەنی تەقاندنی فیشەکێکی دروست ئەکرد وەک لە چەکێکی ئۆتۆماتیکیەوە دەربچێ وا بوو ، چونکە بەر پلێتی مەخزنەکە ئەکەوت لە نێوان دەنگی بارانەکە لەسەر پلێتەکە ودەنگی هەروە تریشقەکاندا سەر ئەنجام خەوم لێ کەوت .



Scanned by CamScanner

# پاشازادە



عەزیز نەسین

خۆم لە گۆڕەپانێکی زۆرانبازیدا بینیەوە ، گۆڕەپانەکە زۆر گەورەبوو وە ئەوانەی کەشەڕە گای تێدا ئەکرێ ، ڕووت وقوت بووم لەسەرو ئەمەیشەوە بارانێکی زۆر سارد لەئاسمانەوە دا ئەباری و لەرز دایگرتبووم و ددانەکانم بەریەک ئەکەوتن لەسەرمادا دیوارەکانی گۆڕەپانەکە زۆر بەرز بوون وەکو دیواری قەلاَش خڕ بوو کات شەو بوو ، تاریکیەکەی تەواو ، لەناکاو گۆڕەپانەکە بەڕووناکیەکی بریقەدار ڕووناک بووە وپاشان بە هەزاران خەڵک لە شوێنی دانیشتنەکاندا بەدیار کەوتن ، لەوە ئەچوو دەیان هەزار کەس بن ، لە بینەران بەباڵی ئالتونی ونەخشێنراو بەدرێژایی چواردەوری گۆڕەپانەکە ڕیز ببوون ، هەموو تەماشایان ئەکردم ، دەنگە دەنگی خەڵکەکە بە شێوەیەکی زۆر ترسناک بەرز ئەبووەوە ، وەک ئەوەی دەنگی تۆپ تەقاندن بێت ، شەرمم لەوە نەئەکرد کە ڕووت وقووتم بەباران تەڕ بووبووم وسەرمام بوو ن ویستم ڕووبکەمە پەناگەیەکەوە ، هەرچەندە ئەم ویست شوێنێک لەلەشم بەدەستم بشارمەوە دەنگە دەنگی پێکەنین و قاقا لە قەرباڵغی ئەو دەهەزار بینەرەوە ستەم کارەوە بەرزدەبۆوە ، هەر بەردەوری خۆمدا ئەسوورامەوە و خۆم کرمۆڵەدابوو لەو گۆڕپانە مەزنەدا و دەستم کردبوو بە گریان ، لەناکاو لە ناو دیوارە ئاسۆییە بەرزەکانی مەیدانەکەوە چەند دەرگایەک دەرکەوتن ، ڕووناکی لەم دەرگایانەوە ئەهاتنە دەرەوە ن هەرچەند ئەو گوڵۆپانەی ئەم ڕووناکیەی لێ ئەهاتە دەرەوو ئەسوڕایەوە دیواری ستوونیەکان بە شێوەیەکی جوانتر و ڕوونکاتر دەر ئەکەوتن ، دیوارەکان بواری چوونە دەرەوەی تیا نەبوو ، بەلاَم نەخشی قووڵی تیا کرابوو ، کە لەتاریکیدا لەدەرگای چوونە دەرەوە ودەچوو بەشێوەی بازانەی لەشێوەی دەرگای کۆشکەکان ، لە هەربازنەیەکەوە ڕووناکیەکی نەرم وجوان و بە ڕەنگی جیاواز ئەهاتە دەرەوە منیش بۆ ئەوەی کە لە دەست قاقای بینەرە زاڵمە گاڵتەپێ کەرەکانم ڕابکەم ورزگارم بێ و دەرباز ببم هەوەرها لەو ڕووت و قووتی وسەرمایە ڕام کردە یەکەم دەرگا کە لە نزیکەمەوە کرابووەوە ، لەو یادا بە شێوەی ڕووناکی هاتنە دەرەوە و لە شێوەی ئاو کە چۆن لە جۆگەلە بەرزکانەوە دەرئەپەڕێ شێوەکان هەمووی بەردەوام لەگۆڕاندا بوون ڕام کرد بەرەوە ئەو ئەشکەوتە تاریک و نیمچە ڕووناکەی کەبە دەرگا تێکەیشتم لەکاتی ڕاکردندا دەستم بە پێشەوە ودوامەوە بوو تاوەکو عەورەتم داپۆشم ونەیبینرێ ، لە وکاتەدا کە خۆم کرد بە ناوەوەدا سەرم خەریک بوو لە دیوارەکەی ئەدا لەو شوێنەدا کەوام زانی خۆمی تیا حەشار دەدەم و ڕزگارم ئەبێ ، لە ناکاو چەند پیاوێکی کەتەی زل و زەبەلاح ڕایان کردو خۆیان هەڵدا بەرەو ڕووم لە دەستیاندا قایشی درێژ و ڕەنگ تۆخیان کە بەدەستەوە بوو دەستیان کرد بە لێدانم پێی ، بەلاَم دوای کەمێک بۆم دەرکەوت کە ئەوەی بەدەستیانەوەیە قایش نەبوو ، بەڵکو چەند کرمێی زل و زەبەلاحی پەمەیی بوو ، ئەیان کێشا بە پشتما ، کرمەکانیش کە دەمیان ئەگەیشتە سەر شانم گازیان لێ ئەگرت ، چونکە ڕووت بوو ، ڕەنگی قوڕی لێ نیشتبوو ، حەزیان لێ بوو ڕام ئەکرد و ئەوانیش دوام ئەکەوتن ، هەرچەندە کەڕام ئەکرد و دوور ئەکەوتمەوە لێیان کرمەکان درێژییان زیاتر ئەبوو ، زیاتر بە قوڵ و قاچمەوە وخۆیان لول ئەکرد !



Scanned by CamScanner





دەنگە دەنگ و هاوارا و غەڵبەغەڵبی تەماشاکەرەکان ئەرز وئاسمانی ئەدا بەیەکدا ، خۆم فڕێ دایە دەرگایەکی ترەوە کە ڕووناکیەکی شینی لێ ئەهاتە دەرەوە تاوەکو ڕا بکەم وخۆم لە تەنیایی و هەست بەسەرما کردنەکەم بپارێزم ، هەروەها شەرم کردنم لە پێکەنین وگاڵتە پێ کردنەکانی بینەرەکان ، کاتێ کەخۆم کرد بەو دەرگایەدا چەند پیاوێکی زەبەلاحی تر هاتنە بەردەمم کە ماری گەورە ورەنگ شینیان پێ بوو ، ڕامکرد بەرەو ئەو دەرگایانەی کە ڕووناکی زەرد و سپی و سەوز و سووریان لێوە ئەهاتە دەرەوە ولە هەموو دەرگایەکەوە ئەو پیاوانە ئەهاتنە دەرەوە وئەژدیهای گەورە گەورەیان پێ بوو ، کە هەموو جارێک ڕەنگەکەی ئەگۆڕا ئەو پیاوانەی کە ئەژدیهاکانیان بە دەستەوە بوو هەوڵیان ئەدا کە گەمارۆم بدەن و پاڵم پێوە بنێن بۆ ناو کونێکی تەسکەوە ، هەوڵیان ئەدا کە بچمە ناو کونەکەوە منیش بەهیوای ڕزگار بوونم خۆم فڕێ دایە ناو کونەکەوە ، بەڵام لەلایەکەوە زۆر تەسک بوو ، لەلایەکی تریشەوە زۆر نزم بوو ، جێ منی تیا نە ئەبووەوە ، ئاگر و گڕێ بەتینیش ، لەو کونە ئەهاتە دەرەوە ، سەیری کونە تەسکەکەم کرد ن باوکە ڕۆ بیرێکی زۆر قوڵ بوو لەناو بیرەکەدا بورکانێک داگیرسابوو ، گڕی ئاگرەکان سەمایان دەکرد وبەردەوریەکدا خولیان ئەخوارد ، زانیم کە پیاوە زەبەلاحەکان بەزەبری ئەژدیهاکان ئەیانەوێ فڕێم بدەنە ئەوێوە !! لە ناکاو ..... فڕیم .... دەستم بوو بە باڵ ... قاچم لە زەوی بەرز بووەوە ، مەیدانەکە هەمووی لەژێر قاچمدا بوو بەڵام نەم ئەتوانی بۆ بەرزاییەکی زۆر بفڕم نەم ئەتوانی لە شوێنی دانیشتنی بینەرەکانەوە زیاتر بفڕم وبەرز ببمەوە هەزاران زمان لەناو دەمە کراوەکاندا وەکو کرم سەمایان دەکرد وخۆیان بادەدا ، دەیان هەزار چاوم بینی کە ئەبریسکانەوە ، دا ئەگیرسان و ئەکوژانەوە ، وەکو مێرووی ژەهراوی ئەم چاوانە وەکو فیشک ڕووە و من ئاراستە کرابوون ، زۆر ترسناک بوون ! ئەژدیهاکان بەشێوەی لاکێشە بەرەو من بەرو من بەرز دەبونەوە لەژێرمەوە ،نەم توانی کە بەرەو بەرزایەکی بەرزتر بفڕم .. ، لە ناکاو ئەو ئەژدیها ڕەنگاوڕەنگانە بەدەست و قاچمدا خۆیان لول کرد ودەستیانەوە ڕایان ئەکێشام بەرەو بیرە ئاگرینەکە ، من خۆم ئەکێشایەوە دواوە تاوەکو نەکەومە ناوی ،بەڵام ئەوان لە پشتمەوە هاتن و پاڵیان پێوە دەنام ، ئەم ویست هاوار بکەم دەنگم نووسابوو ، لەدەست و قاچ ڕاوەشاندنی خۆم بە ئاگا هاتمەوە خەریک بوو لە ناو ئەو ئارەقەدا کە کردبوومەوە بخنێکم ، لە ترسانیشدا هەڵ ئەلەرزیم لای مەلا بانگدان بوو کە خەبەرم بووە ، ماوەیەک بەپاڵکەوتنەوە سەیری بنمیچەکەم ئەکرد کە چۆن چراکە ڕووناکی ئاڵتوونی خڕ خڕی تیا دەروست کرد بوو ، هەستام و چوومە دەرەوەی مەخزنەکە کەپاشان دەرەوەی باڵەخانەکە لەبەردەم دەرگاکەدا وەستام بێ ئەوەی کە پانتۆڵەکە لە پێ بکەم ، ئاسمان بارانی دەباراند و هەورە تریشقە زرمەی ئەهات سەرم بەرز کردەوە دەستم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان دەستم پڕ کرد لە ئاوی باران ودەموو چاوم پێ شت و ئەو شەوە کە لەو خەوە ڕاپەڕیم نەمتوانی بخەومەوە دانیشتبووم بیرم لێ دەکردەوە ئەو خەونە بوو بە گرێ ، ئیا بەسەرتاندا هاتووە کە هەمان خەو چەند



Scanned by CamScanner

جارێک ببینەوە ؟ من ئەم خەوم چەند جارێک بینیەوە ، چەند شتێک تیایدا ئەگۆڕدرا تەنانەت ئەو مەیدانەش وەکویادەوەرییەکی منالیم یەتە بەرچاو لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت کە ئەوەی کەبینیم خەون نەبوو بەڵکو داهاتووی من بوو .

خەڵکەکە لەبەردەم ئەو دەرگا جوان و ڕەنگینانەدا دانیشتبوون و بەردەمیان گرتبوو خۆیان گرمۆڵەدا بوو تەنیا یەک ڕێگەیان بۆ من بەجێ هێشتبوو ،ئەم دەروازەیەی بیرە ئاگرینەکەدا بوو هەرچەندە ئەم ویست کە خۆمی لێ ڕزگار بکەم زیاتر پاڵیان پێوە دەنام بۆ ناوەوە ! هەرچەندە من نەم ئەویست بچمە ناوی ! ، هەموو پەناکان بەسترابوو دەرگاکەی هەمووی داخرا بوو ڕێگەکان هیچی دەرچوونی نەبوو تەنیا یەک ڕێگە مابوو کە پیاد بڕۆم ویەک دەرگاش ئەمتوانی لێوەی بچمە ژوورەوە ،خەڵکیش هەمووی پەستانیان خستبووە سەرم ، کە بەو ڕێگایەدا بڕۆم ،هەرچییەکەم بکردایە ، سوودی نەبوو ، هیوام نەمابوو ، ئەبوو هەر بەو ڕێگەیەدا بڕۆم وکۆتایەکەیشی زانرا بوو ! زیندان ! بوو .

دیارە ئەمەی کە بۆتان باس دەکەم هەموو ڕووداوەکانی ژیانمی لەو خەوەدا کورت کردەوە کە نەم ئەزانی ەئو ئەوخەوە پێشبینی ئەم ڕووداوانەم بۆ ئەکردم و من ئەو شەوە کە لەترسا خەبەرم بوومەوە نەم ئەزانی چۆن لێکی بدەمەوە ، هەر ئەم هێناو ئەم برد ئەم ووت لەوانەیە هی ئەوە بێ کە یەکەم جارە لە ژیانمدا کارێکی وا دەکەم یەکەم جارمە کار دەکەم بە مانیەکی تر دوای ئەوەی کەلە ناوەدەییە سەربازییەکە دەرکرام ن و چونکە دوای ئەوەی کە دەرکرام بۆماوەی دوو ڕۆژ لەو شارە 2 ملیۆن کەسیدا سووڕماوە نەم توانی کارێک بدۆزمەوە کە وورگم تێر بکات سەر کەوتمە سەر بورجی بیازید بەڵام چونکە لە برسا هیلاک بوو بووم ، بەدەستم قاچم بە پلیکانەکاندا بەرز ئەکردەوە وخۆم ڕائەکێشا وجار وباریش دا ئەنیشتم پشووم بۆ ئەدا بۆ ساتێک واهەستم کرد کە من تاوەرەکەم لەگەڵ ئەو تاوەرەدا یەکەمان گرتووە و توواینەوە ، ! پاشازادە ووشەی تواینەوەی بەکار نەهێنا لە کاتی گێڕانەوەی ژیانی دا بیرم نەماوە ئەو ووشەیەی بەکاری هێنا چی بوو لە جیاتی ئەم ووشەیە ، بەڵام ئەم ووشەیە تەواو ئەو ووشەیە دەگرێتەوە وەک کە ئەو بەو ووشەکەی تر مەبەستی بوو ماناکەی دەربڕێ ! وام زانی کە باڵام بووە بە باڵای تاوەرەکە لە ژێر قاچمەوە سەیری شارەکەم ئەکرد کە زۆر بچوک بووبووەوە لەلای منەوە لەسەرەوە ،خەڵکەکە ئەتووت مێرولەن لەو بەرزاییەوە کاتێ لە قەراغەکەی سەری سەرەوە سەیری شارە فراوانەکەم دەکرد پاشان سەیری ئەو ئاسمانەم دەکرد کە زۆر لێوەی نزیک بوو بوومەوە لەگەڵ ئەو ڕووناکیەی جار وبار لە نێوان هەروەکانەوە دەر دەکەوت و دڵم پڕ ئەبوو لە هیوا وگەش بینی و حەز بە ژیان کردن ، بژیم ... هەرچۆنێک بێ بژیم ... ئەم جیهانە جوانە وام دانابوو ئەگەر بەسەر قەراغەکەی دا تۆزێک بچمەوە هەرچی ڕێگاو بیناو ماڵ و دووکانی شارەکەیە ئەبێ بەهی خۆم ئەبوو بە موڵکی خۆم ئەگەری ئەوە هەیە بەم هیوایەوە لە تاوەرەکە دابەزم وەک ئەوەی کە گەیشتمە خوارەوە خەڵک پێشوازیم لێ ئەکات بەناو قەرباڵغەکەیدا ڕۆیشتم ،



Scanned by CamScanner

* قەرەباڵغیەکە زیاتر ئەبوو ، زۆر زیاتر بیرم ئەمابوو کەهەر ئەم قەرەباڵغیە ئەو کەسانە بوون کە لەخەوەکەمدا بەرەو ئەو ڕێگیان ئەبردم !!.



Scanned by CamScanner

# بازرگانی بەزەیی ...

پاشازادە بەپێی زنجیرەی مێژوویی ڕووداوەکانی بۆ نە ئەگێرامەوە کەبەسەریا هاتووەلەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەو باسی دانەیەکانی ئەکرد لە ڕێی ئەو باس و پرسیارانەی کە ئەم هێنایە بەر گوێی ن شەو دانیشتبووم ئەوانەم ئەنووسیەوە کە بە ڕۆژ کە بە ڕۆژ بۆی باسی ئەکرد بۆم ، بەڵام بەشەو هەندێک ووردەکاری قسەکانم لە بیر نەئەما بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی فراونتر بنوسمەوە تەنانەت کە دوای ئەو هەموو ساڵە لاپەڕەکانم هەڵ ئەدایەوە بیری زۆرم نە ئەما منیش خۆم بە پێویستم نە ئەزانی کە بە زنجیرە ئەوانەی کە شەوانە تۆمارم ئەکرد دەربارەی ژیانی پاشازادە ڕێکی بخەم بەپێی تەمەن و ساڵی ڕووداوەکە وام بەباش دانا کە هەر بەو شێوەیە بڕوات بەڕێوە کە پاشازادە باسی ئەکرد ، وام بەباش دانا کە هەر بەو شێوەیە بڕوات بەڕێوە کە پاشازادە باسی ئەکر بۆیە ئەوەی کە ئەیگێڕایەوە ئەم ئەخستە ژێر ڕیز بەندییەکی دروست کراو ، ئەمەش هۆی ئەوەیەکە ڕووداوەکان گێڕانەوەیان لە لایەن مێژوویی تێکەڵاوە ، واتا کە چیرۆکی بۆ ئەگێڕمەوە کە لە تەمەنی چل و پێنج ساڵی دا ڕووی داوە لێی ڕۆژی دواتر باسی ڕووداوێکی ئەکرد کە لەتەمەنی 25 ساڵی ڕوویداوە لێی ! ، کابرای جل فرۆش لە ناو زیندان لەسەرتادا بە " گەورەم پاشا " بانگی پاشازادەی دەکرد بەڵام هەتاوەکو کاڵاکانی پاشازادە بۆ فرۆشتن کەم ئەبووەوە ، ئەم کابرایەش شێوازی قسەکردنەکەی ئەگۆڕی بەرامبەری باگی دەکرد بە پاشا بە تەنیا، پاشا "هەتیو بەپاشا " تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بە پاشازادە بڵێ "هەتیو پاشای مانگاکان "، کاتێ کە کار گەیشتە ئەوەی کە پاشازادە جانتاکەی بدات بە کابرای جل فرۆش تاوەکو بۆی بفرۆشێت کابرای گێلە شێت کە پاشازادە هیچی نەماوە بۆفرۆشتن، بۆیە بە " بەتاڵ" یان

بەپیری بەتاڵ بانگی دەکرد، کاتێ کە پاشازادە بەتەواوی ئیفلاس بوو، لەناو زیندانندا، کابرا ئەو ناووناتۆرانەشی بەزۆر دەزانی کە پێی بڵێ، بۆیە بەمانگا یان مانگای پیر بانگی دەکرد، ڕۆژێکیان هاتوچۆم بوو لەناو ساڵۆنی هۆڵی زیندانەکاندا، بینیم کابرای جل فرۆش بەدەنگ بەقاچ کردنەوەو بەرێگەوە دەڕوات کە بەپێڵاوەکانی دروستی ئەکرد، پاشازادەش لەژورەوە دانیشتبوو، لەوکاتەدا کابرای جل فرۆش چووە ژوورەوە ، بۆلای، منیش نزیک کەوتمەوە لەدەرگاکە بۆئەوەی گوێم لەگفتوگۆکەیان بێت، کابرای جل فرۆش دەیوت: هەتیوباوکی مانگاکان، لەبیست لیرە زیاتریان نەداوە، دوو ڕۆژە من بەم زیندانانەدا ئەگەڕێم اباتاڵ)، کەس نییە لەوە زیاتر بدات، بە بیست لیرەکە بفرۆشم، دوای ئەوە لەسەری مەڕۆ، پێڵاوەکانت خۆم دەیکڕم ! گوێم لە جل فرۆش بوو وتی:

- "هەتیو تۆ مانگایەکی پیری، دەکیسە گیا دەخۆی ، دووسەد گرام شیر دەدەیی ، ئەوەش بەچوار قاچەکەت قلپ

ئەکەیتەوە! ".

لەناکاوچوومە ژوورەوە بۆلایان ، بۆچی چوومە ژوورەوە ئەو ساتە ؟ ئەم ویست ئەو کابرایە خوێڕیە لەوە نەبێ لەسەر سووکایەتی کردن بە پاشازادە ، لەبەردەم مندا قسەی ناشرینی بە پاشازادە نەوت ، بەڵام چوون ژوورەکەم ئەنجامێکی پێچەوانەوە بەدەست هێناو لەوەی کە ئەم ویست پاشازادە هەر کە ئەهاتە زیندانەوە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵانە کە ئیفلاسی ئەکرد ڕاهاتبوو لەسەر ئەو سووکایتیە پێ کردنانە ، بەڵام نە ئەویست کە لەبەردەم مندا سووکایەتی پێ بکرێ کەرامەتی شکا چونکە گوێم لە جوێنەکانی کابرا بوو ئایا لەناوکاو کە خۆم کرد بە ژوورەکەماندا بۆ هۆ یەکی تر بوو؟ لەناخمدا هەستم بەتووڕەییەک ئەکرد بەرامبەر پاشازادە ، دیارە ئەم ویست ئەوە ئاشکرا بکەم کە ئەو نەیەوێ ساختەم لێ بکات ، بەوەی کە خۆی بە پیاوێکی ڕێزدار نیشان ئەدا لەبەردەم مندا ن کە چوومە ژوورەوە بۆ لایان ،بەوە زۆر نیگەران و بێزار بوو ، بەکابری جل فرۆشی وت :

-" دوایی قسەئەکەین دوایی ... ".

بەدەست کابرای جل فرۆشی بەدەست پاڵی بە کابراوە نا تا بچێتە دەرەوە ن بەڵام کابرا ئەتووت مێش میوانی نیە ، لەناو دەرگاکەداوەستا پاشازادە دەنکە شقارتیەکی دەرهێنا ودەستی کرد بەدان پاک کردنەوە ، وەک ئەوەی کە ئەوە نەنابێ کە نانی خواردووە ،هەرچەندە من زۆردڵنیابووم لەوەی کە نانی نەخواردووە ، ووتی :

-" ئەگەری ئەوە نەماوە کە لەمە زیاتر لێرە بمهێڵنەوە ،لەوانەیە بمنێرن بۆ شوێنێکی تر مانەوەم لێرە ولەوشوێنکی ئاوا پاک وخاوێن و باشدا پارەیەکی چاکی دەوێت ، ".

ئەوەی کە ئەیویست بە منی بڵێ لەپشت ئەم قسانەوە ئەوە بوو کە ئەبێ بەرتیل بدات تاوەکو لێرە بچێنە شوێنێکی باشتر ،ئەویش ناچار بوو کە قاپووتەکەی بفرۆشێ لەبەر ئەو هۆیە ، ئەمە ئەو لایەنەی

کەسێتی پاشازادە بوو کەوای لێ ئەکردم ڕێزی لێ بگرم ، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە دوور و درێژانە کە لە زینداندا بردوویە سەر و سووکایەتی ئاوای پی ئەکرا هەست بەشەرم کردنی لەدەست نەدا بوو ، ڕێزی هەبوو بۆ خۆی ، زۆر ئازاری بەوە ئەچێشت کە پۆلیسەکان سەروچاویان ئەگرت و ڕوویان ئەکردە ئامێری وێنە گرتنەکان باس کردنیشی بۆ ئەم مەسەلەی وێنگرتنە چەندەها جار بەڵگەیە بۆ بوونی هەستی شەرم کردن لەلای ئەم کابرایە و وون نەکردنی ڕێزگرتن لەکەسێتی خۆی ، پاشازادە داوەتێ چا خواردنی لێکردم ئەگەر داواکەیم بشکانایە هەستی بریندار ئەبوو ، ئەگەر بم ویستایە پارەی چاکەش بدە ، شەرمەزارم ئەکرد ، لەسەر قەراغی پێخەفەکەی دانیشتم ، بەکابرای جل فرۆشی ووت کە هێشتا لە ناو دەرگاکەدا وەستابوو بە شێوازێک کە چۆن بەڕێوبەرێک فەرمانبەرەکەی بانگ دەکات ووتی :

- " دوو پەرداخ چامان بۆ داواکە ... ".

لەکاتی چوونە دەرەوەی کابرای جل فرۆش پێ وت دانەیەکیش بۆ خۆت داوا بکە لەسەر حیسابی من با چاکان ڕەش بن بە چایچیەکە بڵێ چا ڕەشەکان بۆ پاشازادەیە کابرای جل فرۆش چووە دەرەوە من و پاشازادە بە تەنیا ماینەوە و لە ناو زیندانەکەدا جگەریەکی گران بەهای پێشکەش کردم وەم هەموو جارێکی وخۆیشی هەرزانەکەی هێنایە دەرەوە کە خستبوویەهەمان پاکەتە گران بەهاکەوە ، جگەرەکەی خۆی کرد بە دووکەرتەوە ، نیوەکەی تری خستەوە نا پاکەتەکەوە یەکمە جار بەدەنکە شقارتەیەک جگەرەکەی منی داگیرساند پاشان ئەوەی خۆی نیوەی ، نیوەی جگەرەکەی لەسەر تەپڵکێکی جگەرە دانا کە خۆی لەمقەبا دروستی کردبوو ، ئەو تەزبیحەی کەهەمیشە بەدەستیەوە بوو بە دەستیەوە نەمابوو ، تەپڵکە جگەرە جوانەکەشی کە لە کریستاڵ دروست کرابوو ، چونکە دوای ماوەیەک لە هاتنی بۆ ناوزیندان هەموویانی فرۆشتبوو شتێکی تری دۆزیبووەوە تاوەکوخۆی پێ سەرقاڵ بکات لە دوای ئەوەی کە پەنجەکانی بە تەزبیحەکە ڕاهاتبوون دەستی کردبوو بە دروست کردنی فرفرۆکە کە لە پاکەتە جگەرەکانی دروستی کردبوو ، ئەمیش هەر لەدەستی نەئەکەوتە خوارەوە چونکە لە جیاتی تەزبیحەکە بەکاری دەهێنا لە کاتی قسەکردن وگوێگرتندا یان لە کاتی دانیشتن وپیاسە کردن ،ئەبوت کە هەست بەدڵ تەنگی دەکات ئەم فرفرۆکەیە ئەسوڕێنێتەوە ، ئەو تەپڵکە جگەرەیەش کە لەمقەبا دروستی کردبوو لەکاتی بێ ئیشیەکی زۆردا بەخەیاڵیدا ، تەنانەت ئەڵقەکەی پەنجەشی فرۆشت کە ئاوێنەیەکی چوراگۆشەی بچوک بەسەریەوە بوو ڕۆژێکیان

ووتی :

- " ژیان لە ناو زیندان بۆ خاوەن ڕابردووەکان تەواو لە کاری سەربازی ئەچێ بگرە لەویش قوورسترە چونکە ناوی بەندبوونە " .



Scanned by CamScanner

پێویست باسی ئەوەم بۆ بکات کە چۆن مرۆڤ سەردەمێکی زۆری لەزینداندابەسەر ئەبات بێ ئەوەی لەو بەرگە بێتە دەرەوە کە تیایدایەتی یان ئەعسابی لەدەست نەدات ، بۆیە ئەبێ خۆی ڕابهێنێ لەگەڵ بارودۆخی زینداندا ئەگینا بەپێی قسەی پاشازادە ئەبێ تووکی سەریشت بفرۆشی ، هەروەکو چۆنتەزبیح وتەپڵکی جگەرەکەی فرۆشتبوو ، بۆیە لەجیاتی ئەوانە جگەرەوەکانی بۆخۆی دروست کرد بوو تۆزیسەر پشتیەکەی تەکاند وووتی :

- " بزانین کەی ئەم گوێزنەوە شوێنێکی تر ؟؟" .

من وام ئەزانی کە بەرێوبەری زیندانەکە پەمانەکەی خۆی بەسەر ئەبات و پاشازادە ناگوێزنەوە بۆ زیندانێکی تر ، هەروەک چۆن منیش لێرەئەهێڵنەوە بەڵام ئەوە ڕووی دا کە پاشازادە باسی ئەکرد ئەو ڕۆژە دوو زیندانی تازەیان هێنایە زیندانەکەماوە کە پشوویان لێ تێک دابووین ، بەڵام ئاشکرا دیار بوو کە بێ گومان ناکرێ تەنیا دوو کەس لەم زیندانە چاکەدا بمێنێتەوە لە کاتێکدا کە زیندانیەکانی تر پڕ بوو لە بەند کراو ، دوای دوو ڕۆژی تر چوار کەسی تریشیان هێنایە لامان بۆیە زیندانەکەمان هەشت کەسی تیابوو بە خۆمانەوە ، نەمان ئەتوانی وەکو جاران بەئاسوودەیی قسە بکەین ، پاشازداە نەی ئەویشت کە لەبەردەم خەڵکی تردا باسی ژیانی خۆی بکات زیاتر ەو کاتانە قسەی بۆ ئەکردم کە لەحەوشەی زیندانەکە پیاسەمان ئەکرد یان ئەو کاتانەی لە ڕێڕەوەکاندا هات وچۆمان ئەکرد تاوەکو کەس قسە نەبیستێ لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە جلەکانی فرۆشت ، پاشان ئەوانەی کە بۆ کاتی شتیش دانرابوون هیچی نەما جگە لە جلەکانی ژێرەوە وپێخەفەکەی نەبێ لەوەرزی زستاندا بووین دنیا زۆر سارد بوو کەبەیانیەکیان زوو پاشازادەیان برد بۆ شوێنێکی تر کاتی بەرپرسی زیندانەکە هات بیات ن لەدەشت شۆرەکە سەروو چاوم ئەشت ، گوێم لێ بوو یەکێک لەزیندانیەکان پێی ئەڵێی :

-" کوێرەکە پێخەفەکەت بیر چوو .. " .

کابرای جل فرۆش لەو ساتەدا لەسەر ئاو هاتە دەرەوە بەدەم بەرزکردنەوەی پانتۆڵەکەیەوە وتی :

- " کورە بابە پێخەفی چی ..؟ دوێنێ خۆم بۆم فرۆشت .. ئەم مانگا پیرە هیچی نەماوە من ئەمویست زوو دەم و چاووم بشۆم ووشکی بکەمەوە تاوەکو ماڵئاوایی لە پاشازادە بکەم بەڵام کە گوێم لەو قسانە بوو هەستم کرد ، کە ئەگەر بەو شێوەیە ببینم هەستی بریندار ئەبێ ، یان خۆم وام ئەزانی ! بەڵام نوانیم ببینم کاتێ کە ئەیان بردە سەرەوە زۆر لەسەر خۆ و بەهێمنی ئەڕۆیشت تاکو کەسی تر پێی نەزانێ ! کەسی تر وەک من ! هیچ شتێکی بەدەستەوە نەبوو ، پشتی چەمابۆوە ن حاڵی پەرێشان بوو ناردیان بۆ شوێنێک کە تایبەت بوو بە هەژاران ئەوانەی کەکەسیان نیە ، پاشازادە کە وتبووە هەژاریەکی واوە کە جگە لەو شوێنە هیچ شوێنێکی تر نەی ئەگرتە خۆی ، نەم بینیەوە تاوەکو هەستی نەڕۆشێت بەڵام زۆر نیگەران بووم لەوەی کە ڕۆیشت وخوا حافیزیم لێ نەکردم ، یان خۆیم نیشان بدات ، کاتێ کە لە زیندانەکە بردیانە دەرەوە کەسانێک هەبوون گاڵتەیان پێ ئەکرد و دەنگێکی



Scanned by CamScanner

ناشرینیان ئەهێنایە دەرەوە لە دەمیانەوە ، هاواریان لێ ئەکرد و جوێنیان پێ ئەدا و سوکاتیان پێ ئەکرد وبە مانگای پیر بانگیان ئەکرد دیارە وای زانیوە کە جارێی تر نایبینمەوە ن وچاومان بەیەک ناکەوێتەوە وای داناوە کە ئەگەر لەزیندانیش بەربووین ئەوا وەک خەڵکەکانی تر منیش خۆی لێ گێل ئەکەم ئەگەر لەسەر جادە بینیم ، ئەگەر خۆیشی لێ گێل نەکەم ئەوا تەنها سلاوێکی لێ ئەکەم و ئەڕۆم بەرێی خۆمەوە بەلام بەڕێوبەری زیندان ئازادی گەران و پیاسەی پێدا بووم بۆیە ئەگەر بمەوێ ئەتوانم بچم بۆ لای وسەردانی بکەم بەلام نەم ویست بچم بۆلای ، کە لەوحاڵەدا بوو بەلام چونکە وا هەستم ئەکرد کەمنیشی خەڵتاندووە بەو ڕووداوانەی ، بەلام لەلاکیشەوە خۆم بە هاوەبەش دائەنا لەو درۆیانەدا ، چونکە شەوانە زۆر بەتامەزۆرۆوە ئەمنووسیەوە ، وەک ئەو نەم ئەنوسیەوە لەزمانیەوە باسی ئەکردناچار ئەبووم ، کەهەندێ وشەو و دێر بگۆڕم واتا ئەوەی کە ئەیوت بە ووشەی تایبەتی خۆم ئەم نووسیەوە ، کەواتە من بە شێوەیەک لە شێوەکان یان بەڕێژەیەکی دیاری کراو دەربارەی خۆم نووسیوە !! بەم شێوەیە ئایا ئەوەی ئەم نووسیەوە ئەوە بوو کە بۆی ئەگێرامەوە ؟یان بە شێوزای خۆم بوو ؟ کامیان ڕاستە ؟ ئەوەی باسی کرد ؟ یان ئەوەی نووسیم ؟ یان هەردووکیان درۆن ؟؟ ئاخۆ ئەبێ چەند درۆ یەکترپریان کردبێ ، لە قسەکانی ئەو و نوسینەوەکانی مندا ؟ ،ئەگەر ئەوەی بۆی ئەگێرامەوە درۆ بێ یان ڕاست ،بەشداریم تیا کردووە بمەوێ ونەمەوێ ، ، ئەگەر ڕاست نەبێ بۆۆچی کەشئەینوسمەوە زیادەشی پێوە ئەنێین ؟ .

لەژێر کاریگەری ئەم بیرکردنەوانەدا چووم بۆ لای بۆ زیندانەکەی تر بینیم من من خۆم ڕۆژگارم بە کتێب خوێندنەوە بەسەر ئەبرد لەکتێبخانەکەی زیندان کتێبی زۆر لێ بوو ، بەلام ئەگەر سەیری دەفتەری تۆمارمان بکردایە ، ئەمان بینی کە بە شێکی زۆری لێ دزراوە وە وون بووە ، بەلام باش بوو ئەوانەی کە دزرابوون یا خود وون ببوون ئەوەندە نرخدار نەبوون ، وەک ئەوانەی کە تیایدا مابوونەوە ، دیار بوو کە جۆرە کتێبانەیان بەدڵ نەبوو بۆیە نەیان بردبوو ن کتێبخانەکە بە ڕووی زیندانیەکاندا هەمیشە داخرا بوو ، ئەمیش بۆ ئەوە بوو کە کتێب نەدزرێ ، بەلام من تەنها کەسێک بووم کە لەلایەن بەڕێوبەری زیندانەوە ڕێم پێدرابوو ، ئینجا چونکە زیندانیەکان نەیان ئەتوانی بێنە ناو کتێبخانەکەوە زۆر ئەستەم بوو کە بزانرێ کەکێ ئەو کتێبانەی دزیوە ، لەمەسەلەکەی پاشازادەوە شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام دوای ئەوەی کە بردیان بۆ جێگەکەی تر خاوەن ڕابردووکان و تاوانبار و دزو پیاو کوژ و ساختەچیەکانی زیندان کە چەند ساڵێک بوو ئاشنا ببوون بە پاشازادە و ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لەگەڵیاندا ژیا بوو لەوێ ، هەموویان دوژمنی پاشازادە بوون تەنانەت ئەو کابرا جل فرۆشەش کە لەخواردنی مادده بێهۆش کەردا ژیانی نەمابوو ، ئەویش دژایەتی پاشازادەی ئەکرد هەرچەندە کە کاتێ پاشازادە بە جانتا جوانەکەوە کە پڕ لە شت کە ئەهات بۆ زیندان سەرەتا ئەم



Scanned by CamScanner

کابرایە زۆر ڕێزی لێ ئەگرت پاشان لەگەڵ تەواو بوونی ئەو شتانەی ناو جانتاکە ئەم کابرایەش ڕێزی هەڵ ئەگەڕایەوە ، بۆ سووکایەتی پێکردن ، ئەو جانتایەی کە زیندانیەکان وەسفیان ئەکرد و ئەیان وت
- " وەکو گەشتیار یەت بۆ ئێرە و پارەی دەست ئەکەوێت ".

بەڵام لە کۆتاییدا ئەبینرا کە چۆن تەزبیح و تەپڵکی جگەرەکەی و پێڵاوەکەی و هەموو شتەکانی ناو جانتاکەی خۆی وقاپووتەکەی وجل وبەرگی بەری وپێڵاوەکانی ئەفرۆشت ، دەست ڕۆیی پاشازادەشم ئەبینی کە پارەیەکی چاکی ئەدا بە چایچیەکە وجگەرەی گران بەهای ئەدایەدوژمنەکانی و خۆی پرسی بوو ن ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت ، بۆچی ئەوان دوژمنکاری پاشازادە ئەکەن ؟!! زۆر بیرم لەمەکردەوە لەکۆتاییدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە لەوان وا هەست ئەکەن کە پاشازادە لەوان نیە ، ولە هەمانکاتتدا بوونی خۆیانی بەسەردا ئەسەلمێنن ، چونکە پاشازادە بەلایەنێک لە لایەنە شاراوەکانی سەرکەوتوو بوو بەسەریاندا بۆیەلەناخیاندا ڕقێکی نهێنیان بەرامبەری شاردبۆوە ،ەبلا/ دەری نابڕن کاتێ کەباری دارایی پاشازادە باشە ! بەڵام گەر دووچاری هەژاری و بارێکی خراپ ئەبێتەوە ئەو کاتە ڕەقەکەیان بەرامبەری ئاشکرا دەکەن ن بەوەش وا ئەزانن کە تۆڵەی خۆیان لەستەمکارەکانیان کردۆتەوە ، بەوەی کە گاڵتە بەپاشازادە بکەن و سووکایەتی تەواوی پێ بکەن .

دوای ڕۆیشتنی پاشازادە بۆ جێگە تازەکەی ، ئەوانەی دژی بوون و گاڵتەیان پێ ئەکرد و جوێنیان پێ ئەدا وسووکایتیان پێ ئەکرد ، دەستیان کرد بەباس کردنی شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا ! ، تەنانەت دوای ماوەیەکیش لە ڕۆیشتنی پاشازادە هەرپاشە ملە باسیان ئەکرد ئەوەنەی ئەبرد تاوەکو لە ئاستیان بەرز ئەکردەوە و بە شان و باڵیدا هەڵیان ئەدا ، باسی ڕووداو سەر سوڕهێنەکانیان دەکرد خەریک بوو ئەیان کرد بە پاڵەوان ، بەپێ بۆچوونی خۆم یەکەم جار هۆی دوژمنەیاتیەکانم تەفسیر کرد ، کە بەرامبەری پاشازادە ئەیان نواند بەڵام ئەستەم بوو بزانم بۆچی گەڕانەوە سەر ڕێز لێ گرتنی !! ، ئایا پاشازادە ئەوەندە ئیفلاس بوو کە بگاتە ڕادەی بەزەیی هاتنەوە پیایدا ن ؟ بڕوا ناکەم ن چونکە خەڵک بەزەیی بە چەوەساوەدا نایەتەوە بە پێچەوانەوە ئەگەر لەو حاڵەتەدا لە بەردەمیاندا بێ هەست ئەکەن کە سەرکەوتوون بەسەریدا وای دا ئەنێن کە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ لەو چەوەسانەوەکەی ناخی خۆیان ڕزگاریان بووە وبیریان چۆتەوە ئەیان ویست پاشازادە وەک یەکێ لە خۆیان ببینن ، کاتێ بەتەنیشتیەوە ، یان لە نزیکیەوە ئەبوون ، بەڵام ئەو بەو کەسێتیەی سەرکەوتووەی بەسەریاندا وچونکە یەکێک نیە لەوان هەستێکی ئیرەیی دروست ئەکات لای کەسە نزیکەکان وئەوانە کە لەگەڵید ئەژین ئەم هەستەش پەرە دەستێنی و ئەبێت بە دوژمنایەتی ، بەڵام کاتێ پاشازادە دوور دەکەوێتەوە لێیان هەستیان ئەگۆڕێ ، هەروەک چۆن ڕێز لەمردوو دەگیرێت ! ئەچێتە شوێنێکەوە کە کێبڕکێی تیا نیە ، بۆیە کاتی پاشازادە دوور دەکەوێتەوە لێیان ئەوەندە بە بەرزی باسی دەکەن تاوەکو ئەو ڕادەیەی کە خۆیان حەز ئەکەن تیایدا بن، بەلای منیشەوە پاشازادە بە شوێن و کات لێیان دوور بوو ، پێش هاتنە



Scanned by CamScanner

ناو زیندانیش هەر بە شوێن و کات لێیان دوور بوو ، کاتێ کە ئەم جیاوازییە ، یەتە نێوانەوە دووری و نامۆیی هەریەیان لەلایەکەوە کار دەکەن لە نێوانپاشازادە وبرادەرکانی زیندانی بۆ ئەم هۆیە پێومرکانی هەڵسانگاندن دەگۆڕدرێت ، لەلایەکی ترەوە ساختەکارەکات و تەزویر چییەان و دزەکان پیچویستیان بە پاڵەوانێکە کە تایبەتمەندی ئەوانی تیا بێت بۆیە هەتا لەئاستی ئەم پاڵەوانە بەرز بکەنەوە ئەوا لە ئاستی خۆیان بەرز کردۆتەوە پاڵەوانەکەشیان پاشازادەیە !! دەستیان کردەوە بە ستایش کردنەوە پاشازادە تەنها ئەو ڕووداوانەیان ئەگێڕایەوە کە لە ئاستی بەرز بکاتەوە بیکات بە ئەفسانەیەک یەکێک لەو ژیرۆکانەی کە دەربارەی پاشازادە گێڕایانەوە زۆر سەیر بوو پێش پێنج یان شەش ساڵ ڕووی دابوو منیش لە زمانی زیندانەکانەوە خۆیان نووسیومەتەوە ، چونکە شتەکە بە بەرچاویانەوە ڕووی دابوو لەوە نە ئەترسام کە خەڵتاندنێکی وەک ئەو گومانەی لە پاشازادە هەم بوو !! .

گەنجێک هەبوو زۆر قۆز بوو لە قۆزیش زیاتریش بوو ، وەک شازادە وابوو ، ڕوومەتی سوور چاوی سیحراوی تەمەنی بیست وپێنج ساڵ بوو ، بەڵام لەوەش منالتر دیار بوو ، زیندانیەکان بیریان نایەت کەی ئەم گەنجە دەستی کرد بە گریان لەو کاتەوە کە قاچی خستبووە زیندانەوە دەستی کردبوو بەگریان تەقەی لە خۆشەویستەکەی کردبوو بە هۆی ئیرەییەوە ، فیشکەکە بەر دەم و چاوی خۆشەویستەکەی کەوتبوو ، ڕووخساری تێک دابوو ، گەنجەکە سوێندی دەخوارد کەتاوانەکەی قەزا و قەدەر بووە چونکە لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو بە هێزوبازووی پارێزەرەکان حوکمەکەی تەنها سێ ساڵ بۆنرایەوە ، تەنها جوان نەبوو ، بەڵکوزۆرترسنۆکیش بوو ، بەرگەی هیچ شتێکی نەئەگرت ، ئەم جۆرە کەسانەش خواردنێکی باش بوو بۆ زیندانیە بەتەمەنە تاونبارەکان ، لەوەتەی هاتبووە زیندانەوە بوو بە باس و لێکۆڵینەوەی گشت زیندانیەکان ، دوای پازادە ڕۆژ دڵنیابوونی تەواو کرد لە نەبوونی هیچ جۆرە نەخۆشیەک ناردیانە ئەو زیندانەی کەپاشازادە تیا بوو ، پاشازادە گرنگی تەواوی بەم گەنجە دابوو ، پەیوەندیەکەیان ئاسایی نەبوو ، هەمیشە بەچرپەوە قسەیان ئەکرد ، لە ڕێڕەوەکە یان حەوشەی زیندانەکە لەسەر ئەمە دەنگ وباس بلاو بوویەوە ن دەربارەی پاشازادە ، ئەو کەسانەش کە ئەو دەنگ وباسانەیان بلاو ئەکردەوە کەسانێکی نێر باز بوون ئەیان ویست ، گەنجەکە لە پاشازادە دوور خەنەوە ، ، زیندانیە بەتەمەنەکان ، ئەیان ووت پاشازادە دەستی داوەتە نێربازی ، ئەم جارە ، هەبوو بڕوای بەوە نەئەکرد ، وئەیوت:

- " بابەگیان وانیە ن ئەی ئێوە ئەم کەرە پیرەتان نەبینیوە لەسەر ئاو ؟ ئەم کەوادە کە ئەیەوێ میز بکات ، دەست ئەخاتە پانتۆڵەکەیەوە و ئەگەڕێ ، دوای ماوەیەک لەگەڕان وبەهەزار چەرمەسەری ئامێرەکەی ئەدۆزێتەوە تا بتوانێ میز بکات ، ڕۆژێک یەت بە تەواوی لەدەستی ئەدات و بە ناوانی میزکردنەوە سەر ئەنێتەوە ! ".



Scanned by CamScanner

ئێوارەیەکیان گەنجێکی تریشیان هێنایە لای پاشازادە ، ئەم گەنجەیان شتی ئەفرۆشت وەک دەستگێڕێک ، بەڵام پۆلیسەکان گرتبوویان بەیارمتی شارەوانی ، ماوەی سزاکەی کەم بوو ، ئەلادێیەکەوە هاتبوو ، بۆ ئەستەنبوڵ بۆ پەیدا کردنەی بژێوی لەبەر ئەوەی لە ئەستەنبوڵ لەلای چەند برادەرێکی لادێکەیان نیشتەجێ ببوو ، بەیارمەتی ئەوان دەستی کردبوو ، بە دەست گێڕی عەربانە ، پازدە ڕۆژی مابوو تاوەکو بەبێ گەنجەکە زۆر گێل و گێژ وگەلحۆ بوو ، لە دەبەنگ دەبەنگ تر بوو ، پاشازادە گرنگی بەمیش دابوو ، بۆیە بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ گەنجە جوانەکەدا پچڕاندبوو ، گەنجە لادێییەکەی بەکار دەهێنا بۆ پێداویستیەکانی ن گەنجە لادێیەکە جێگەکەی پاشازادەی ڕێک دەخست و جلی بۆ دەشت وخواردنی بۆ ئەهێنا و بێ چاو و قاوە و جگەری نەدەکرد ، پاشازادەش نەی ئەهێشت کە تێکەڵاوی زیندانەکانی تر بکات ن لەیەکەم هەفتەی هاتنی گەنجە لادێیەکەدا نەخۆش کەوت ئەوکاتە پاشازادە زیاتر گرنگی پێ ئەدا نەیهێشت ، بچێ بۆ لای دکتۆری زیندانەکە بۆ دەرمان نووسین بۆ ئەو ڕۆژەی ئەبوایە گەنجە دەبەنگەکە بەربوایە ، هاوری پاسەوانەکە بەرزبووە وەک ناوی بەربووەکانی ئەخێوێندەوە وئەیوت :

- " لیستی بەربووەکان ..... ئامادە بن ".

نزیکەی پازدە بۆ بیست ناوی خوێندەوە کابرای پاسەوانی ئێشکگر هاتە ئەو زیندانەی کە پاشازادەی تیا بوو زۆر دەگمەن بوو کاری وا ئاخۆ ئەو ئێوارەیە بۆچی هاتووە ؟ هەموو زیندانیەکان بەیەک ڕیز وەستان دەستی کرد بە ژماردنیان یەکێکیان کەم بوو هەرچەندە دەستی ئەکرد بەژماردنیان هەر دانەیەک کەم بوو ، ئەم جارو یان پەرتووکی ناوەکانیان دەرهێنا ودەستی کرد بە بانگ کردنی ناوەکان یەک بەیەک ئەوەی کە دیار نەمابوو زانرا کێیە ، ئەو گەنجە جوانەکەیە کە خۆشەویستەکەی بریندار کردبوو ، پاشان بەسێ‌ساڵ زیندانی حوکم درا بوو ، ئەبێ بۆ کوێ ڕۆیشتبێ ؟ لەهەموو شوێنکدا گەڕان ، لەسەر ئاوەوە دەستیان پێ‌کرد ، بەدەست وقاچیان ئەیان کێشایەوە ، هەر نەکرایەوە ، دیار بوو کە لەناوەوە زۆر بەچاکی داخرا بوو ، گومانیان لەلادروست بوو ، کە ئەبێ ئەو گەنجەی کە بەداویدا دەگەڕێن ، لێرە خۆی حەشار دابێت خۆی مت کردبێ ، بۆ کارێک بە تەمای بووبێ ، دوو پاسەوانی تر و زیندانیەکان گشتیان بانگ کرد بتوانن بەپاڵ نان وشەق لێدان دەرگاکەیان بۆ بکرێتەوە ، هەرچەندە هەوڵیان دا سوودی نەبوو ، کەسیش لە ناوەوە دەنگی لێ نەدەهات سەیرە !! بە دەرگاکەیان دا کێشاو هاواریان کرد: کێ لە ژوورەوەیە ؟ وەڵام نەبوو ، بەڵام دەنگی ئاه هەڵکێشان ئەهات ووتیان:

-" هەتیوو وەرە دەرەوە ....".

دەنگێک بە ئازارەوە وەڵامی دایەوە :

- " تووشی سک چوون بووم گەورەم خەریکە ناوسکم یەتە دەرەوە، ناتوانم... ".

- " وەرە دەرەوە ، سەرۆکی پاسەوانەکان بانگت دەکات " .

ئەو گەنجەی کەلە سەر ئاوەکە هێنرایە ذەرەوە گەنجە جوانەکە نەبوو ، بەڵکو لادێیە گەوجەکەبوو کە ئەبووایــە ئــەم بەیانیــە زینــدانی جــێ بهێــشتایە . گەنجــە لادێیەکــە کەهاتــە دەرەوە و پانتۆڵەکــەی سەرئەخستەوە ، زیندانیەکان دەستیان کرد بەپێکەنین ، سەرۆکی پاسەوانەکان هاواری بەسەردا کردو ووتی:

- " لەکوێ بووی هەتیوو ؟! ".

گەنجەکە دەستی بە پاتوڵەکەیەوە گرتبوو وویستی دیسانەوە بەرەو سەرئاوەکە بڕواتەوە ووتی :

- "تکاتان لێ دەکەم ... زۆر تەنگاووم ، تووشی سک چوون بووم .. ".

بەڵام لە قۆڵیەوە گرتیان و نەیانهێشت بڕوات ،:

- " لەکوێ بووی کورم ، قسەبکە ....؟! " .

گەنجەکە دەستی بەسەکیەوە گرتبوو ، لەتاو ئازار ئەخولایەوە ، ووتی :

-" گەورەم ناتوانم قسە بکەم ، خەریکە ناوسکم پەتە دەرەوە ... " .

-" بۆچی ئەمرۆ بەرنەبووی..؟!! ئەمرۆ ڕۆژی بەربوونتە .. " .

. نەیتوانی لەتاو ئازار وەڵام بداتەوە ئەیویست ڕابکا بۆ هەرئاوەکە ، دیسان لێ ی پرسیەوە :

- " بۆچی بەرنەبووی ئەمرۆ ؟ بۆنەڕۆشتی ؟! " .

ووتی :

- "گەورەم نەم توانی لەسەرئاوەکە بێمەدەرەوە ، ئاگام لەبەربوون و شتی وانی یە ! ".

کەس ئەو گەنجە دەبەنگەی نەیبینیبوو بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ، دیاربوو کە هەموو ڕۆژەکەی لەوێ بەسەربردبوو ، ئینجا چونکە لەوێ بوو ، گوێ ی لەناوی خۆی نەبوو کاتێ کە ناوی بەربووەکان خوێنرابووەوە ، دیاربوو کە بیری نەمابوو چ ڕۆژێک بەرئەبێ ، لە دەبەنگ زیاتر بوو ، زۆر گەوج بوو، باشە بەڵام ئەو کەسانەی ناویان خوێندرابووەوە نوقسانیان تیا نەبوو ، واتە کەس غایب نەبوو ، لەناو خوێندنەوەدا ، چی بەسەر کورە گەنجە جوانەکەدا هاتووە ؟ مەتەڵەکە بەئاسانی و بە خێرایی زانرا بوو ، چووبووە جێگەی کورە گەوجەکە لەریزەکەدا کەناو خوێنرابووەوە . باشە ئەی چۆن نەناسرابوویەوە ؟ چونکە ئەو دوو پاسەوانەی کە ناوەکانیان خوێندبووەوە ، تازە بوون و کەسیان نەئەناسی ، وای لێکوڵینەویەکی کورت گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە گەنجە لادێیەکە ڕۆژی دواتر بە هەزار حاڵ بەربوو ، چونکە هێشتا لە سکچونەکەی بە تەواوی چاک نەبووبووەوە ، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی کە لەسەر ئاوەکە بێهننە دەرەوە ، ئەگەر بەدەست ئەو بوایە هەر نەئەهاتە دەرەوە ، لە کۆتاییدا بە یارمەتی جەندرمەکان پاڵی پێوە نرایە دەرەوەی دەرگای زیندان ئەویش هەردەستی بە پانتۆڵەکەیەوە بوو ئەتلایەوە ! چونکە نهێنی لە زیندان نامێنێتەوە ، دوای ماوەیەکی کەم ڕاستیەکە زانرا ، هەموو

زیندانیەکان زانیان کە پاشازادە نەخشەی کێش و پیلان دانەری ئەو ڕاکردنە بوو ، کە گەنجەکە جوانەکە تیا دەرباز بوو ، کەخاوەنی 3 ساڵ حوکم بوو ەل جیاتی گەنجە لادێیەکە کە حوکمەکەی مانگێک بوو !! ئەم کارەیشی بۆ ئەوە کردبوو تاوەکوله یەکێ لە نێربازەکان دەربازی بکات کە هەوڵی ئەوەدا بوو لەگەڵ ئەم گەنجەدا ڕابوێرێ ، بەرامبەر برێک پارە ڕاهێنانی بەلادێیەکە کردبوو کە خۆی بکات بە نەخۆش و بۆ ئەممەبەستەش چەند شتێکی پابوویە تاوەکو زیاتر پەکی بکەوێ ، بەم شێوەیە ئەو ڕۆژە گەنجە لادێیەکە نەی توانیبوو کە لەسەر ئاو بێڵتە دەرەوە برێکی وای پێ یا بو کە کاری عەرەبانەکە بکات بەم شێوەیە زانرابوو کە مەسەلەکە هەمووی بەسەریەکەوە بریتی بووە لەچی !! یەکێک لە دانیشتووەکان ئەم قسانەی گێڕایەوە وکاتێ دڵنیا بوولەوەی کە پاشازادە لەوێ نیە وتی شاگردێکی چێشتخانەی زیندانەکان ئەو دەرمانەی بە پارە هێنابوو بۆ پاشازادە تاوەکو بیدات بە لادێیەکە وسکی بچێ ئەشلێن گەنجە لادێیەکەئەو بێ عەقڵەش نەبووە کە کاری وا بکات بەڵکو بەرامبەر هەر قومێک لەو دەرمانە مامەڵەیەکی توندی لەگەڵ پاشازادە کردووە لەسەر پارەکە ئەو گەنجە جوانەش ئەتامی چی بوو ؟چووە دیسان خۆی تەسلیم کردووە بە ئاسایش بەڵام دوای کردوە بگوێزنەوە بۆ زیندانێکی تر ، ئەمەش یەکێکی تر بوو لە بەزمانەکانی
پاشازادە .

دوای ماوەیەک زانیم کە ڕاهاتووم لەسەر پاشازادە و زۆریشی بیر ئەکەم ئەگەر لە زیندانەکەدا کەسێک هەبووایە جێ ئەو بگرتایەتەوە بەدوای پاشازادە نە ئەگەڕام بەڵام ئەو تەنیا تاقە کەسێک بوو کە ئەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم وگوێ لێ بگرم و هەرچەندە ئەمزانی کە هەمووقسەکانی درۆیە ، زۆر حەزم ئەکرد کە بزانم لەوێ چی ئەکات ، ، هەرچەندە حەووشەی هەردوو زیندانەکە هاوبەش بوو ، بەڵام قەت نەم ئەبینی ، پیاسەی تیایدا بکات ، ئەو جلەش کە لەبەریا مابوو هەموو سەرمایەکی بوو ، ئەگەر بیفرۆشتایە بە ڕووتی ئەمایەوە ، کە ویستم بچم بۆ لای لە ڕێگا گوێک لە دەنگی جل فرۆشەکە بوو ، کە لەسەر قادرمەکان دائەبزیە خوارەوە ، ئەیوت :

- " برادەرە دزەکانم هاوڕێ گیرفان برەکانم ... برا قۆڵ بڕ وساختە چییەکانم ، ئەی ئەوانەی کە پارە تەزویر دەکەن ، وڕێگە بەخەڵک دەگرن خەزێنەی دەوڵەت دەکەنەوە ئامادەبوو بە ئامادە نەبوو ڕابگەیێنرێ ، کە من واهاتم کێ جلێکی ئاوا جوانی ناوێ ؟ کەس نیە نەیەوێ ... ئەوەندە نەرم و ساف ولووسە پێویست ناکات ژن بهێنی ! ئەمە جێگەی ئەوە ئەگرێتەوە ، چەندتان ئەوێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئافرەتێک بنوون ؟ ئەمەئەوەندەی تێ ناچێ ، کەس نەبوو بیکڕێ ؟ دوای کە فرۆشتم کەس نەڵێ بۆچی پێت نەووتوین ؟ بەم جلەوە زستان باوەش بکەن بەخۆتاندا ...خۆتان گەرم کەنەوە لەزەتی لێ وەربگرن ! ".



Scanned by CamScanner





کاتێ بە لای کابرای جل فرۆشدا تێ پەڕیم زانیم کە ئەوە جل وبەرگی پاشازادەیە ، پێوستی نەئەکرد قسەی لەگەڵدا بکەم بەلام بۆ ئەوەی کە هەر شتێک بڵێم لێم پرسی :

- " کاکە پاشازادە لەوێ بوو ؟ ".

وتی :

- " ئەی تۆ بڵێی لە کوێ بێ ؟ ئەوەتا جلەکەیش فرۆشت ئەو مانگا پیرە ڕووت وقووتە ، ئەڵێی تازە لە دایک بووە .. ".

کە چوومە ئەو شوێنەی ئەوی لێ بوو بۆن و شێو و هەوای شوێنەکە زۆر قێزەوەن بوو گەدەی دەر ئەهێنا ، زۆر سارد وسڕیش بوو ، ئەتووت کەلاوەیە ، پاشازادەم بینی لەسەر سیسەمەکەی دانیشتبوو لەلای چەپەوە و بە بەتانیەکی دڕاوەوە خۆی پێچابوویەوە بەتانیەکەی ئەوەندە پیس بوو سەگی ئەتۆیان ، پێنج جار ماوەی بەسەر چووبوو ، دۆشەکەکەی پاشازادە بریتی بوو لە دۆشەکێ کەناوەکەی پڕ بوو لە گژ و گیای ووشک بوو ، دانیشتبوو کتێبێکی ئەخوێندەوە زۆر لەلام سەیر بوو کە چاویلکەکەی لە چاودا بوو چونکە تاکە شتێ بوو کە نەی فرۆشتبوو ، لە ناو ئەو بەتانیەدا کەخۆی تێوە پێچابوو ، فانیلە و دەرپێکەی دیار بوو چونکە زۆر لای بەتانیەکە لەهەموو لایەکەوە دڕابوو ، دەرپێ وفانیلەکەی لەبەر چڵک ڕەنگی پێوە دیار نەمابوو ، ئەژنۆیشی بەدەرەوە بوو ، لەگەڵ داکەندنی ئەو جلانەی کەبەجل فرۆشەکەی فرۆشتبوو ، ئەتوت ڕێزێشی لەگەڵدا نەماوە کەسێکی کەم لەبەر چاومدا ئەبینی ئەو پاشازادەیەنەبوو کە جاران ئەم ناسی دیار بوو کە ئەو هەموو نەهامتیەی کە لەناخیدا بوو کاریگەریەکی گەورەی لەسەر جێ هێشتبوو ، چونکە نەباردۆکە و نەپێداویستیەکانی هیچیان لەگەڵ ئەودا نەبوو ، کە بەئاسایی ژیانی ڕواژانەی لەناو زیندان بیانە سەر پێیان .

کە سەلامم لێ کرد سەری بەرز کردەوە لەسەروو ئاوێنەی چاویلکەکەیەوە کە لەسەر لوتی بوو سەیری کردم کە بینیمی سەری لێ شێوا کەچی بکات و چی بڵێ ئەتوت بە تاوانێکەوە دەستگیر کراوە بەهەستێکی شەرمەزاریەوە وتی :

- " مەرحەبا گەورەم ... ".

ئەیزانی کە چۆن ڕێز بەدەست بهێنێ ، بە بەکار هێنانی ووشەی گەورەم کە وای ووت هەستت ئەکرد کە ئەم کەسە بەهەڵە کەوتۆتە زیندانەوە و ئەم شوێنە شوێنی ئەو نیە ! ویستی هەڵ بستێ بەلام ترسا کە بەڕووتی دەر بکەوێ ولەڕێی ئەو فانیلە و دەرپێیەی دڕاوەوە کە لە ژێر بەتانیەکەدا شاردبوویەوە ، لە بەریدا ، ئاماژەی بە شوێنێکی سەیر کرد کە دانیشم لێی ، جێگەکەی چەرچەفی لەسەر نەبوو بە دەستم هەستم بە گژوگیا ئەکرد لە ناو دۆشەکەکەدا چاویلکەکەی داکەند و کتێبەکەی لە شوێنێکدا دانا و وتی :



Scanned by CamScanner





-" ئەحواڵتان چۆنە ؟" .! دەفەرموو ئەو کەڵەکچی ساختەچییە لە خراپترین بارودۆخیدایە ئەڵێ ئەحواڵتان چۆنە ؟!! !

بواری گفتگۆی تاک نەئەدا ! هێڵەکانی سەروو چاوی ئەجواڵاند کە کەس نەیئەزانی دیاری بکات پێ دەکەنێ یان دەگری ؟ تاوەک ئەوە وابوو کە بیەوێ باسی بارودۆخی خۆی بکات بەهەموو وردەکارییەکانیەوە وتی :

- " منیش ..... هەروەکو ئەبینن !! ".

بۆ ئەوەی کە قسە دەست پێبکەم وتم :

-" چی ئەخوێننەوە ؟ ".

ووتی :

- " چیرۆکێکی زۆر ناخۆشە پەڕەکانی سەرەتا وکۆتایی لێ کردۆتەوە هەندێک لە ناوەڕستەکەیشی ئەم سەری چوارەم جارە ئەی خوێنمەوە ! ".

ووتم :

-" چوارەم جار ....!! ".

ووتی :

- " ئێستا چوارەم جارە ... بەلاَم خوا ئەزانێ چەند جاری تریش ئەم چیرۆکە ناخۆشە بخوێنمەوە هەرچەندە ئەیخوێنمەوە بیر لەوە ئەکەمەوە کە ئەبێ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەی بە چ بابەتێ بنوسرێ ؟ هەرچەندە کە ئەیخوێنمەوە ئەچمە قوڵایی ئەوەوە کە ئەم کتێبە باسی چی ئەکات ؟ وەئەوەوایە کە لاپەڕە دڕاوەکان بخوێنمەوە وەک کە خۆم لێم کردۆتەوە دڕاندومە ئەگەر چەند جارێکی تر بیخوێنمەوە ئەتوانم ئەوپەڕانە بنووسمەوە کە دڕاندوومە و بەو شێوەیە کە نووسەرەکە نووسیەتی بە نزیکی یارییەکی خۆش نیە ؟؟ ".

پاشان کەوتە باس قوڵکردنی کارەکە و ووتی :

- "ئەمە کارێکە زۆر گرنگ نیە چونکە هەر چۆنێک بێ چل پەنجا پەڕە لەو کتێبە ماوە کە بیخوێنمەوە " باسی ئەوەیش بۆ کردم کە چۆن وەختی خۆی لە ژێر زەمینێکی بینای ئاسایشدا فڕێیان داوە پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر بەپێ یاسای ئەو زەمانە ئەیانتوانی خۆیان ماوەی گرتنەکەت دیاری بکەن بۆیە چەند ڕۆژێ لەوێ مامەوە شوی،ئەکە ژێرزەمینێکی زۆر قووڵ و تەسک بوو بەقەد لەپی دەست ڕووناکیەکی لەپەنجەرە بچکۆلەیەوە ئەهاتە ژوورەوە بەلاَم سوودی نەبوو چونکە نەی ئەتوانی کە تاریکی وڕەشایی ژوورەکە بپشکێنێ لەوێ دوای زەیتونی ئەکرد کە لە جیاتی نانی نیوەڕۆ بۆی بهێنن لە دەرەوە .ئەیووت کە " وا ئەو کاغەزەی ڕۆژنامانەی کابرای زیتونەکەی تێ ئەکرد خۆشترین شت بوو بەلایەوە ، چونکە زۆری نەمابوو تێک بچێ ئەیتوانی بە خوێندنەوەیان کاتەکەی بباتەسەر ڕۆژی پازدە جار ئەو



Scanned by CamScanner





پارچە ڕۆژنامەیەی ئەخوێندەوە و جارێکیان دانەکیان پارچەی بڕوای ڕۆمانێک بوو ،بۆیە دانیشتم بە هێنانە بەر چاوی خۆم کە ئایا ئەبێ سەرەتاکەی چی بێ و کۆتاییەکەی بەچی تەواو ببێ ؟ ئەمە چەند ڕۆژێکی پێ چوو لەئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە ووشە بە ووشە و فاریزە بە فاریزەی ئەو ڕۆمانەم لەبەر کردووە ، ووتی کە هەرچەندە ساڵێ بەسەر ئەوەدا تێ پەڕیوە بەڵام ئەو ڕۆمانەم هەر لەیاد ماوە کە بەشێکی لەو ڕۆژنامەیەدا نوسرابوو ، پاشان دەستی کرد بە ووتی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە وەک قوتابیەک کە مامۆستاکەی وانەیەکی پێ ڕاسپاردبێ بۆ ئەوەی لەبەری بکات ، کە دەستی کرد بە ووتنەوەی ئەو بەشە هەستم کرد کە تەندروستیم بەرەو خراپ بوون ئەچێ ، خەریک بوو شێت ئەبووم ئەت ووت من لە ژێر زەمینەکەدام دوی ئەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەی کە لەبەردەستیا بوو یەکەم جار بەڵام لەبەری بوو ووتم:

- " بەسە ....خەریکە شێت ئەبم !! ".

ئەم ویست ئەم ویست ئەو پارچە ڕۆمانە بنوسم کە پاشازادە بۆی خوێنمەوە بەڵام ئەمە نەئەکرا ، تەنها ئەو پارچەیە لەمێشکمدامابوو ، کە ئەیووت " توانای چاوەڕوانیم نەماوە " ، کە بەم دێڕە پارچەکەی دەست پێ ئەکرد ، بۆیە هەرگیز ناتوانم بیرم بچێتەوە ووتی :

-" ئەی ئێوە چۆنن ؟ ".

وتم منیش کتێب ئەخوێنمەوە لە کتێبخانەکەی زیندان چونکە ئەو شوێنەی کە بۆی گوێزرامەوەتەوە زۆر قەرەباڵغە بەس باشە ،چونکە کیتبە قۆرەکان بە تەنیا دزراون ، باشەکان ماوەن وتم :

- " بۆچی کتێبێک ئەخوێننەوە کە بەدڵتان نیە ؟ و سەرەتا و کۆتایی نیە ؟ من ئەتوانم لە کتێبخانە کە چەندەها کتێبی خۆش و پڕ مانات بۆ بهێنم ... ".

زەردەخەنەیەک لەسەر دەم و چاوی دروست بوو کە ئەو قسەیەم پێ وت وتم :

- " بۆ چی پێئەکەنی ؟! ".

ووتی :

-" پێناکەنم .. هەموو ئەو کتێبانەی ئەوێم خوێندۆتەوە کە تۆ بۆم باس ئەکەی ، تیایدا دوو جار خۆێندومەتەوە ئەمە ئاسان نیە زۆر هاتوومەتە ئەم زیندانە .... تەمەنم لێرە بەسەر بردووە ...".

ووتم :

- " ئەگەر کارەکە بەم جۆرەیە ئەتوانم لەماڵەوە کتێبتان بۆ بهێنم جۆری ئەو کتێبانە چییە کە حەزی پێ ئەکەن ؟ ".

دوای ئەوەی کە ئەو پرسیارم لێ کرد وەک ئەوە وابوو کە شەقازلەیەکی لێ بدەم بەم قسەناخۆشە ووتم :

-" ڕۆمانی دستۆ فیسکی تاوان و سزا ... یادگاری لەماڵی مردووەکان ......؟ ".



Scanned by CamScanner



کاتێ کەناوی ئەم دوو ڕۆمانەم بردنەم ئەزانی کە پەیوەندیان بەکەسێتی پاشازادەوە هەیە دیار بوو کە لەناخمداحەزم ئەکرد کە بەشتێک دای چڵەکەنێم لە ناکاو خەتەکانی دەم و چاوی بەخەمێکی زۆر گەورە گۆڕی و وتی :

- " سوپاس ... هەرچەندە خوێندومەتەوە بەڵام لاریم نیە کە جارێکی تر بیخوێنمەوە ... ".

پاشازادە کردەوەیەکی وای کرد کە هەرگیز لەبیرم ناچێ ، دەستی خستە ژێر دۆشەکەکە و پاکەتە گرانبەهاکەی لێ دەرهێنا کە بەهۆی ئەوەی کە خەوتبوو لەسەری پان بوبوەوە ، ئەوەندە لەژێریا مابووەوە ، پاکەتەکە درا بوو ، بەهەزار ئەملا و لا توانی کەچەکەریەک دەربهێنێ ، پاکەتەکەی لێ نزیک کردمەوە تاوەکو جگەرە نیوە دەرهێنراوەکەی هێنایە پێشەوە دڵم پڕ بوو ، نەم توانی قسە بکەم ، کە جگەرەکەم برد بینیم تەنها ئەو جگەرەیەی تیا ماوە ، کاغەزی جگەرەکەی زەرد بووبوو ، تۆزێک لە توتنەکەیش تەڕ بوو بوو ، لەوانەیە ئەم ڕووداوە ئەوەندە کاریگەری نەبێ لەسەر خەڵک ،بەڵام زیندان هەستێکی تری تیادایە کە مرۆڤ زۆر هەستیار دەبێ ، تیایدا ولە هەموو لایەکەوە لاوازی دەکات ، ئاشکرا بوو ، کەهەستم بەو هەستە کرد ، خەفەتیشە چونکە تیایدا ئەژیام ، ئەویش نیو جگەرەکەی لەپاکەتەکەدا هێشتبووەوە ، بەدوای شقارتەکەدا گەڕا تاوەکوجگەرەکەی خۆم و خۆی دا بگیرسێنێ ، وا بە دوای شقارتەکەدا ئەگەڕا لەگیرفانیدا ولە ژێر دۆشەکەکە وئەم لاو ئەولا وەک ئەوەی کە لە ڕاستیدا شقارەتەی لابێت ، چاوەڕێ ئەوە بوو کە بە ئاگردانەکەی خۆم دایان گیرسێنم ، پاشازادە ئاگردانەکەی فرۆشتبوو ، بەڵام ئەیزانی کە من دانەیەکم پێیە !! .

بۆ ئەوەی کە دۆخێکی ئاسان دروست بکەم تاوەکو بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی باسکردنی کتێبەکە زۆر باسی چیرۆک و ڕۆمانم کرد بۆی هەرگیز لە یادم ناچێ کە پرسیاری لێ کردم ووتی :

- " ئایا ئەوانەی کە خوێندوتەوە هەمووی ڕاستە ؟ ئایا ئەو ڕووداوانە ڕووی داون لە ژیاندا ؟!! ".

کە ئەم پرسیارەی لێ کردم واهەستم کرد کە ئەزانێ هەرگیز بڕوام بەو قسانەی نەکردووە کە بۆی کردووم ، زانیویەتی کە ئەو ڕووداوانەی کە ئەو باسی دەکات وئەڵێ کە بەسەریدا هاتووە بەدرێژایی ژیانی هەرگیز بەمێشکمدا نەچووە ! ووتم :

-" تیایدایە کە ڕووی داوە لە ڕاستیدا و تیایەتی کە زەحمەتە و گرتە هەروەها زۆر ئەستەمکە بەو ووردەکاریەوە ڕووبدات کە باسکراوە بۆ نموونە کتێبی یادەوەری لە ماڵی مردووەکان ئەوەی کە وتم ئەتوانم بۆ جەنابتانی بهێنم باس لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەکات و هەستیان دەرئەبڕێ ..بەڵام ئاوام وسزا باسی شتێکی خەیاڵی ئەکات پاڵەوانەکانی ناکرێ مرۆڤ بن !" .

پاشازادە ووتی :

-" ئێمە کە ڕووداوێک لە شێوەی ڕومانێک یان چیرۆکێک دەخوێنینەوە گوێ بەوە نادەین کەئایا لە ڕاستیدا ڕووی داوە یان



Scanned by CamScanner

نا .... ! ".

ووتم :

-" بەڵێ ... ".

پاشازادە بەردەوام بوو لە قسەکانی ووتی :

- " کەواتە زۆر گرنگ نیە کەئەمانەی نوسراون درۆن ، ئەیان خوێنینەوە ،هەرچەندە ئەزانین کە ئەوەی کەباسی ئەکەین ڕاست نیە درۆیە ، بەڵام کاریگەری دەمانگرێ وهەڵ ئەچین و خەفەت ئەخۆین و ئەگرین و پێ ئەکەنین چۆن ئەمە
ڕووئەدات ....؟! ".

لە پشت ئەم پرسیارەیەوە پرسیارکردنێکی مەبەست بوو لە من کە ئامازەی پێ ئەدا ، بێ ئەوەی کە بە ئاشکرا بیڵێیت ، بەڵام جوان دیار نەبوو ، پرسیاری دەربارەی ئەوەی کە بۆچی بڕوا بەڕووداکانی ناکەم ؟ کەواتە ئەمە ئەوەئەگەینێ کە گومانی لەوە هەیە کە بڕوام بە هەموو قسەکانی کردبێ ، دەربارەی قسەکەی پێشووتری ووتم :

- " نازانم لەوانەیە ....! ".

وتی :

- " ئێوە باشتر ئەزانن  کە گرنگ ئەوە نیە کە ڕاستی باس ئەکرێ یان نا ! گرنگ ئەوەیەکە بڕوای پێ هێناوی یان نا ؟ گرنگتر ئەوەیە کە باس لەلایەنەکانی ژیان بکا و شی بکاتەوە ! .. ".

بیری زۆر ووردەکارییەکانم نەماوە ، تا ئەو ڕۆژە ئەمە ڕاستەوخۆترین گفتوگۆ بوو کە زۆر ئامازە بەشت ئەدا کە لە ناخی یەکتردا هەیە ئەوەی بیڵێن ، ئەتوانم بڵێم کەمن توانیم تێبنی ڕۆشنبیری ئەم کابرا خاوەن ڕابردووە کە زۆربەی ژیانی لەزیندانندا بەسەر بردووە بزانم پاشازادە  کەسێتی دکتۆر و ئەفسەر ومامستا و دادوەر و زۆر کەسایەتی تری نواندوە واتا ئەو کەسانەی نواندوە کە ڕشنبیر ولێهاتوو خاوەن پۆستن ، دیارە کابرایەی خاوەن ئەزموونە ، من زۆر ماموستاو پزیشک و ئەفسەر و ڕۆشنبیرم ناسیوە کەواتە تایبەندی ئەم کەسە لەوەوە هەڵئاقوڵێ کە کابرایەکی ساختەچییە ، چونکە کتێبی زۆر خوێندوّتەوە دیارە کە ئەوەش هۆی ڕۆشنبیرەیەکەیەتی  ، لەوانەیە مرۆڤ هەست بەسەیر و سەمەرەی پاشازادە  ئەکات ، لە دەرەوەی زیندان بەڵام دامەزراوەی کەسێتی جیاواز و دژی یەکێ لەناو زینداندا چەند ڕووخسارێکە کە وات لێئەکات هەست بکەیت کەسەرن ڕاکێش ونامۆیە ، لە سائێکا ووتی :

-"  پێش چەند تاونێکی ساختەکاری کە چەند ساڵ لەمەوبەر کردوومە ساختەم لەکەس نەکردووە بەویستی خۆم کەواتە من ساختە لەخەڵک دەکەم بەبێ ویستی خۆم ، ئێوەش گلەیتان لەسەر نیە کە ئاوا سەرتان بسوڕمێ .... سەر سوڕمانەکە ئەوەیە کەئەم هەموو ڕووداوە ئاساییە لە ڕاستیدا کەوتووە



Scanned by CamScanner





بەسەری مندا ئەو کەسەش کەوای بەسەردا نەهاتبێ لێم تێ ناگات ، ئاگاداربە کاری کتوپڕ ڕوو ئەدات لەو کەسانە کە لە بارێکی باشدان هەیە ئەڵێ ! مرۆڤ خۆی ژیانی خۆی دروست ئەکەن ! زۆر جار ئەوان ڕاست دەکەن لەوانەیە کەسانێک هەبن کە ژیانی خۆیان بەدەستی خۆیان دروست کردبێ ، بەڵام ئەو کەسانە لە ژیاندا سەرکەوتوون ،بەڵام ئایا ڕێیان چەندە لە ژیاندا ؟ ئەو کەسە سەرکەوتوانە ، خۆشەویستن قسەیان بیستراوە ، بەجێ دەهێنرێ ، کەواتە ئێستا بڕوا ئەکەم ئەگەر بڵێم ئەم کومەڵگایە چەند پەرش وبڵاوە بەڵام هەر قەدەر بەڕێو دەبات ئێمەش یارین بەدەست قەدەرەوە ....؟؟!!! ئێوە بڕوام پێ ئەکەن ..؟؟ ئایا ئەوەی کە بەسەرمدا هات و تیایدا ژیام تاوەکو ئەم تەمەنە دروستکراوەی دەستی خۆم بوو ؟ من هەمیشە ویستوومە کە ئەو ژیانە پێەوانەی ئەوەی کە بەسەرما هات ، لە قوتابخانە دەرکرام ، بەهۆی گاڵتەیەک لەگەڵ برادەرکانمدا کردم ، بەڵام ئەی نواندنی کەسێتی ئەفسەر ؟ ڕاوی ئافرەت ؟ من ئەوانەم ویست ؟ چیم کردووە تا ئاوام لێ بێت ؟ تەنانەت من ئەخشەم بۆ ئەوە ئەکێشابوو کە خۆم بکەم بە ئلمانی یان شێخ سەعید ؟ کەواتە ئەگەر هەموو دەرگا و ڕێگەکان داخرابوون وتەنیا ئەو ڕێگایە خراپەم بۆ بەجێهێڵرابوو ، خەڵکیش بەهەموو هێزێکەیەوە پاڵم پێوە ئەنێن ، یان وەک تۆپی پێ شووتم لێ بدەن ، کاتێ داوای پارمەتیان لێ دەکەم ، پەنام بۆ بردن تاوەکو بەو ڕێگەیەدا نەڕۆم کەواتە تەواو بێ دەسەڵات مابوومەوە ، ئەتوانن چی بکەن ؟ ئەتوانین چی بکەین ...؟! ئەتوانم چی

بکەم ؟ ".

تاکە ڕێگا بیانویەک بوو خۆی دروستی کردبوو ، تاوەکو ماف بدات بەخۆی کە ئەو تاوانانە بکات ، کە کردبووی وتم :

- "تۆ بیانوو بۆ خۆت ئەدۆزیتەوە ! ".

ووتی :

- " من ئەزانم کەتۆ هەر لەسەرەتاوە بڕوات پێ نەکردووم ...! ".

بەدرۆوە وتم :

- " نا وانیە ... بۆچی بڕوات پێناکەم ؟ من بڕوا ئەکەم ! ".

ووتی :

-" تۆ درۆم لەگەڵدا ئەکەی ... من لە چاوتەوە ئەزانم کە بڕوام پێ ناکەی بەڵام من بۆت ئەسەلمێنم کە چۆن مرۆڤ ڕاپیچی ئەو تاکە ڕێگەیە دەکرێ بەبێ ئەوەی خۆی ویستی لەسەر بێ ".

پاشازادە ئاوا باسی زیندانی دەکرد لە زیندان ، و ئەو ژیانەیان کە منیش لە نزیکەوە ئەیزانم ئەو کەسەی کە ئەچێتە زیندانەوە ژنەکەی برسی ئەبێ و منداڵەکانی بەرەڵا ئەبن ، تاوانبارەکە بەحوکمێک سزا ئەدرێ ، بەڵام ئایا تاوانی منداڵەکانی چی بێ کە لە ماڵەوەن ؟ بۆچی برسیان بێت و بەرەڵا بن ...؟



Scanned by CamScanner

کەس هەیە بزێوییان بگرێتە ئەستۆ لەدوی ئەوەوە ...؟؟ ئەگەر ئەوە ناونەنێن تاکە ڕێگا ؟ ئەی چی ناوبنێن ؟ تاکە ڕێگایەک کە کراوە بێ بەرامبەر ژنەکەی کە هیچ کارێکی نابێ جگە لەوەی کە خۆی بفرۆشێ ، تاوەکو منداڵەکانی بەخێو بکات ، کچەکانی ناچار دەبن کە بەهەمان ڕێگەدا بڕۆن ؟ تاکە ڕێگایەک ئەمێنێ کە کراوەبێ ، لەبەردەم بەتەمەنەکاندا کە سواڵ بکەن ... وتم :

-" ئاخر تۆ خێزانت بەدوای خۆتدا جێ نەهێشتووە ؟! ".

باسی زیندانی کرد کەهیچ شتێ نادرێ بەزیندانیەکان ئەگەر نەبڕابێ .... بەڵام زیندانی ناتوانێ ئەو هەموو ساڵە حوکمەکەی کە دراوە بەسەریدا تەنیا بە سەموونی ووشک و هەوایەکی پیس و ئاوی بەلوعە بباتە سەر تەنانەت ژیانی زیندانیش پێویستی بە پارە هەیە !!هیچ ڕێگە چارەیەک نامێنێ لەبەردەم ئەو زیندانیەدا جگە لەوەی کە بۆ چاکردنی بارو گوزرانی لە ناو زیندان کەتاکە ڕێگە بگرێتە بەر ئەویش بەفرۆشتنی ماددەی بێهۆشکەرە ، یان کاری ساختەکاری یان قوومار کردن ، پاشازادە بەپێێ قسەی خۆی زۆر بەرەنگاری ئەوەی کردووە کە بەو تاکەڕێگایەدا نەڕوات ، تەنیا ، پارەچە سەموونەکەی خواردووە بە ئاوەکەوە ، بەڵام باوای دابنێن کەوازی لەکێشانی ئەو جگەرەیە هێنا کە لە سی ساڵ زیاترە ئەکێشێ ، بەهۆی نەبونی پارەوە ، بەڵام ئایا لەکوێ پارەی گەرماو و ڕیش تاشین بهێنێ ؟ باوای دابنێن کە ەئم دوانەشی فەراموش کرد ، خۆ پاشازادە تووشی قورحە بووە ئەمەیش خواردن و دەرمانی تایبەتی ئەوێ زیندانی دووای ماوەیەک تووشی قورحە ئەبێ ، چونکە مرۆڤ لە ناو زیندان ناتوانێ هەست وئارەزووی دەرببڕێ ئەگەر دنی بەخۆی دانا تا ماوەیەک هەستەکانی لەناخیدا شاردەوە مێشکی تێک ئەچێ ، کاتێ کەمێشکیش تێک چوو تووشی قورحە ئەبێ کەگرنگترین و باوترین نەخۆشی کە تووشی زیندانی دەبێ دوای ماوەیەک لەبێ دەنگی ووتی :

- "ئەبینی هەموو دەرگاکان بە ڕوومدا داخراوە ، تەنیا ئەو ڕێگەیە لەبەردەمم کراوەتەوە ئەوان بەزۆر پاڵم پێوە دەنێن تاوەکو بەڕێی ساختەکاریدا بڕۆم هیچ ڕێگایەک چارەیەکی تر لەبەردەم نەماوە ، نیشتان ئەیەم کە لێرە پارە چۆن دەست ئەکەوێت ! ".

( پاشازادە بەدرۆوە ستایشی خۆی ئەکرد چونکەناتوانێ لە ناو زینداندا پارە پەیدا بکات ن یان کاری ساختە بکات یان کەسایەتی خەڵکی تر بنوێنێ ، ئەگینا ئەگەر وابوایە ، نە ئەکەوتە ئەو زیندانە ناخۆشەوە کە بۆ بێ دەرامەتەکانە ) ، دیار بوو کەستایشی خۆی ئەکات ن لەبەر ئەو تیا چوونەوە کە کەوتۆتە ئەو شوێنەوە ، ناخۆشەوە بەڵام ئەمە ئاشکرای ئەکات کەئەیەوێ و ئەگەر ویستی کاری ساختە بکات یان نواندن بۆ پارە پەیدا کردن ، ئەیکات ن تەنانەت ئەگەر لە ناو زیندانیشەوە بێت ، بەڵام ئەو نەیویست ئەوان خۆیان بەرەو ئەو ڕێگەیەی دەبەن ، ووتم :

- " من بڕوا ئەکەم ... ".

بەڵام ئەو وەکو ئەوەی کە بیرکردنەوەم بخوێنێتەوە وتی :

-" ئەبینین بزانن وایە یان نا ؟! چۆن یاریزانێک نهێنی لێهاتووی لەکارەکەیدا باس ئەکات دوای جێ بەجێ کردنی منیش دوایی نهێنی یاریەکەمت پێ ئەڵێم لەوانەیە بەلامانەوە کاری ئەو یاریزانە زۆر سەیر بێ بەڵام دوای ئەوە کە وردەکاری شتەکەمان بۆ باس ئەکات ئەبینین کە چەند سادەیە ساختەکاری هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەوەدا ... ".

پاشازادەم لەبەر چاو کەوت دوای ئەوەی کە بەو گرنیگەوە ستایشی خۆی کرد حەزم بە بەردەوامی قسەکانی ئەما دوای بێدەنگیەکی جێم هێشت و ڕۆیشتم لەبەر ڕێز ویستی هەستێ بەڵام نەیتوانی چونکە ئەو کاتە جل و بەرگە پیس و دڕاوەکەی ژێرەوەی جوان جوان دەرئەکەوت ، ماوەیەکی زۆر تێپەڕی دوای ئەم گفتوگۆیەمان سەرم لێ نەئەدا هەرچەندە یەکێک لە ناسیاوەکانم ئەو تێبانەی بۆ هێنام کە بۆ پاشازادەم دانابوو ، بەڵام حەزم نەئەکرد کە بچم بۆ لای وبیدەمێ ! لەوانەیە ئێوە بەلاتانەوە سەیر بێ بڵێن کە بۆچی بڕوا بەقسەکانی ناکەیت و وێنەیەکی ئاوا ناشرینی کابرایەکی ئاوا ساختەچی و درۆزنت بۆ کێشاوە لە خەیاڵتا چۆن ئەکەوێتەوە خەیاڵت ودڵت نەرم ئەبێ کە بچیتەوە بۆ لای و دیسانەوە دانیشن گوێ لەڕووداوەکانی بگریتەوە ، تشەوانەش تۆماری بکەیت ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هیچ کاێ مرۆڤ بۆی ئاشکرا نابێ کە ڕاستی ودرۆی قسەکانی بەرامبەرکەی ڕێژەکەی چەندە ؟ ئەگەر ئەو درۆیەی ئەو کەسە زەرەی بە تۆ نەگاندبێ ن هەرچەندکە من ئەڵێم زەرەی قسەکان و ئەو ڕووداوانەی ژیانی پاشازادە  کە بەسەریدا هاتووە بۆ منی ئەگێڕایەوە لەوانەیە ئەوە بەێ کە بەو درۆیانەهەڵی خەڵتاندبێتم ن دیسانەوە سەر لێشواوی دەست پێ ئەکاتەوە ، باشە من بەچیدا بزانم کە درۆ ناکات یان ڕاست ئەکات ؟ زۆر جار ئەڵێم کە ئەگەر ئەو شتانە ڕایت بێ کە بۆی باس کردوم ئەوا ناکرێ قەسەکەی ئەو بچێتە سەر کە ئەیووت بووم بەتۆبی پێ ، ناکرێ منیش وەکو خەڵکانی تر شووتی لێ بدەم ئەو چیرۆکانە نموونەمان لەسەر ئەهێنێتەوە ، بەڵام من حەزناکەم ببم بە یەکێ لە پاڵەوانانی ئە چیرۆکە شووتی لێ بدەم  من نا.... ! ) ڕۆژێکیان دنیا زۆر خۆش بوو گوێم لە کابرای جل فرۆش بوو دیسانەوە بانگەشەی بۆ کاڵاکانی ئەکردەوە زۆر ستایشی چاویلکەیکی ئەکرد ن کەبەدەستیەوە بوو زۆر لەچاویلکەکەی پاشازادە  ئەچوو ترسام هی ئەوبێ یان لەوانەیە لەوەی ئەو بچێ ، بانگم کرد ئەویش هەرچەندە کە بیست بۆ بیست وپێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو بەڵام خەڵکی بە ! برای گەورەم ! بانگ دەکرد  ووتی :

-" فەرموو برای گەورەم ... ".

وتم :

-" ئەم چاویلکەیە هی کێیە ...؟ ".

ووتی :

-" ئەم چاویلکەیە دنیات زۆر جوان نیشان ئەدات ئەیکات بە ژیان و دنیایەکی تر ... ".



Scanned by CamScanner

وتم :

-" واز لەگاڵتە جاری بهێنە ! پرسیاری خاوەن چاویلکەکەت لێ ئەکەم !! ".

ووتی :

-" هی پاشازادەیە جگە لەمە هیچی تری نەماوە بیفرۆشێ ئەمەیە! ".

بەخێرایی گەڕامەوە زیندانەکەم و کتێبەکانم هەڵگرت و کە بۆ پاشازادەم هێناوە چووم بەرەو ئەو شوێنەی کە ئەوی لێ بوو ، وەک ئەوەی بمەوێ تەربقی بکەمەوە بەوەی کە چاویلکەکەی نەماوە منیش کتێبم بۆ هێناوە چونکە تەواو لەبەر چاوم کەوتبوو لە ئەنجامی درۆکانی و قسە قۆرەکانی یان ستایش کردنی خۆی ، بۆیە بەهەلم زانی کە تۆڵەی لێ بکەمەوە و ئەو کتێبانەی بۆ بەرم تاوەکو بیخەمە هەڵوێستەیەکەوە و پێ بڵێم کە سەیر بکات تا بزانێ بەدڵیەتی یان نا ، هەرچەندە کە بەبێ چاویلکە ناتوانێ بەدەمی خۆی ببینێ !! لەسەر سیسەمەکەی پاڵکەوتبوو بەسەر پشتا و بەو بەتانیە قیزەوەنەوە خۆی پێچابووەوە کەهەمووی کون کون بوو دەستی خستبووە ژێر سەری ، چاوی بڕیبوە بنمیچەکە بەڵام بنمیچی ژوورەکە نا بەڵکو بنمیچی قاتی سەرەوەی سیسەمەکە کەهی کەسێکی تر بوو ، وەک مردوو وابوو ، بەڵام مرۆڤ کە ئەمرێ دەستی ناخاتە ژێر سەری ، کەیشتمە تەنیشتی و وەستام نەجوڵا ئایا بەڕاستی مردووە ؟ ووتم :

-" مەرەحەبا .... ".

بێ ئەوەی کە گوێم پێبدات یان سەیرم بکات ووتی :

-" مەرەحەبا ... ".

دوای تۆزێک ئاوڕێ دایەوە کە بینیمی هەڵسا و خۆی لەبەتانیەکە کرموڵە کرد وهەروەک جارانی وتی :

-" فەرموون ... ".

ووتم :

-" کتێبەکانم هێنا ...! ".

ئەم ویست تۆڵەی لێبکەمەوە کەئەمزانی بێ چاویلکە ناتوانێ ببینێ چونکە ناردبووی بۆ فرۆشتن ، ووتم :

- " تەماشای بکە ئەم کتێبانە بزانە بەدڵتە یان نا ... ؟".

کە لەدەستمی وەرگرت ووتی :

-" دوایی تەماشایان دەکەم ... ".

بەڵام من هەر بەوە نەوەستام ، بەڵکو هەستم کرد ئەم جارەیان من ساختەچیم ، زۆر دڵم خۆش بوو ئەگەر لە مەبەستم تێ گەیشتبێ یان نا ... کە ئەم ویست پێبڵێم کە ئەزانم چاویلکەکەت ناردووە بۆ



Scanned by CamScanner

فرۆشتن ، هیچ قەسەیەکی نەکرد ، بیرم نایە ئەو رۆژە باسی چیمان کرد بەلام کە سوور بووم لەسەر باسکردنی کابرای جل فرۆش وتی :

- "باشە ئەو کابرا جل فرۆشە بۆ نالێ برا بەرتیل خۆ و بەرپرسە دەزکانم ..؟!هەر چەندە ئەو ناوی هەموو ئەو تاونبارەکات وسیفەتیان ئەهێنێ ؟ ".

دیار بوو ئەویویست کە بابەتەکە بگۆڕێ ، و دوورم بخاتەوە ، لە باس کردنی فرۆشتنی چاویلکەکەی !! وتم :

- " من وەلامی ئەم پرسیارەیانت نازانم .. ".

وتی :

- " کابرای جل فرۆش لە رقا باسیان ناکات و ناویان ناهێچنێت وەک ئەوە وایە ستایشیان بکەیت وایە .. ".

هەرچییەکی ئەوت بەلام من هەستێک پالێ پێوە ئەنام کە تووڕەی بکەم بۆ ئەم هۆیە ووتم :

- "ئەی پیاو کوژەکان ؟ چونکە کابرای جل فرۆش هەرگیز گوێم لێ نەبووە بلێ برا پیاوکوژەکانم ! ".

بەپێی قسەی پاشازادە بێ پیاوکوژەکان رێزیان زۆرە لە ناو زینداندا ئاوا ئاسان نیە ناویان بهێنرێ ، یان باس بکرێن، چونکە باسکردن و ناوهێنانیان مەترسیدارە ، جارێکیان وەختی خۆی کابرای جل فرۆش لەکاتی هاوارکردندا بۆ بانگەشەی کردنی کالاکەی وتبووی " برا دەزەکانم ، هاورێ ساختەچیەکانم برادەرە قۆلبڕەکانم " ئینجا زیاد بۆی رۆیشتبوو وتبوی " پیاوکوژە بەرێزەکانم " ئەم ووشەیەی کۆتایی بوو بەهۆیەک بۆ ئەوەی کە لێدانێکی باش بخوات بەدەست یەکێک لە پیاو کوژەکانەوە ئەوانەی کە ساختەچین هەق وایە لە شاعیرەکان زیاتر رێزیان لێ بگیرێ چونکە ساختە چی و شاعیر هەردووکیان داهێنانەکانیان لەخەیال و بیرکردنەوە دروست دەکەن جیاوازیان نیە !!هەر ئەوەندەم لەم گفتوگۆیەی نێوان من وپاشازادە بیر مابوو ، هات بە خەیالما کە بلێم " تەنانەت لێرەش بەتەمای ساختەکاریت ...؟ ".بەلام نەم ویست زۆر رەق بم ! بۆ ماوەی مانگێ سەرم لێ نەدا ئەگەر ئەو مەسەلەی چاویلکەیە نەبوایە ، نە ئەچووم بەهار هات و زیندانەکە ساردتر بوو ، وەک لە دەرەوە بۆیە زۆربەی زیندانیەکان لەحەوشە کاتیان بەسەر ئەبرد ، تەنانەت هاتوی ناو زیندانیش مرۆڤی گەرم نەئەکردەوە ، دوای نیوە رۆی رۆژێک لە رۆژانی بەهار پاشازادەم بینی لە حەوشەی زیندانەکە بڕوام بە چاوی خۆم نەکرد چونکە پاشازادە شێوەی زۆر گۆڕابوو ، ئەو پاشازادەیەی کە مانگێ لەمەو بەر لەسەر سیسەمەکە راکشابوو دەستی خستبووە ژێر سەریەوە و لە ناو پیسی وچڵکنی جل و بەرگی و دراویی بەتانیەکەی خۆی نیشان نەئەدا ، زۆر چست وچالاک بوو ئەو رۆژە ، دەسال لە تەمەنی گەڕابووەوە دواوەوە ، لەسەر و ئەمەشەوە قاتێکی لەبەردا بوو ، پێلاوێکی بریقەداریش لەپێی یدا لەگەل چەند کەسانێک قەسەی ئەکرد وکە بە تەنیش یەکەوە وەستابوون ، بە هۆیەک نەمتوانی یان حەزم نەکرد کە بچم بۆ لای



Scanned by CamScanner

چونکە ئەگەر بچوومایە مایەی لای ناچار ئەبووم کە پرسیاری ئەو گۆڕانکاریەی لێ بکەم وتم لەوانە دادگاییەکی تر بکرێ بۆیە ئەم جلانەی لەبەرداە ، چونکە هەژارترین کەسی ناو ئەو زیندانیە ، ئەگەر دادگای تری هەبێت کەسێک ئەدۆزێتەوە کە قاتێکی وای بداتێ کە لەبەری بکات بۆ ئەوەی زیندانیەکان لە نێوان خۆیاندا ئەو جۆرە هاوکاری و یارمەتیەنەیان هەیە لە نێوانیاندا نایانەوێ برادەرەکێان بە شڕو پڕی بچێتە بەر دەم دادوەر ،یەکێک پێڵاوی دەداتێ یەکێک چاکەت یەکێ پانتۆڵ ، یەکێ کراس و بۆین باخ ، یەکێ قایش ، بە مێشکی خۆیان وای دائەنێن کەکاتێ دادوەر بەم جل وبەرگە نایابانەوە بیانبینێ بەزەییەک ئەکەوێتە دڵیەوە ، کە ئایا ئەم کەسە بۆ کەوتۆتە ئێرە ؟ بەڵام ئەوەنەی من بزانم پاشازادە دادگاییەکەی تەواو بووە ! کەسێکی واش لەو زیندانە هەژار و داماوەدانەبوو کە جلێکی وا جوان کەشخەی هەبێ کە بیدات بە پاشازادە .

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر پاشازادەم لە باخچەی زیندانەکە بینی ئەم جارە جل وبەرگێکی زۆر جیاوازتر و کەشخەتر و جوانتری وەک لەوەی پێشووی لەبەردابوو ، دیسانەوە نەم توانی بچمەوە بۆ لای هەرچەندە ئەم جارەیان زۆر تامەزۆری ئەوە بووم کە سەردانی بکەم چووم بۆ بەڕێوبەرایەتی زیندان دام نابوو کە پرسیار لە یەکێ لە پاسەوانەکان بکەم دەربارەی ئەم گۆڕانکاریە ، کە بەسەر پاشازادەدا هاتووە ن چونکە کە ئەمزانی کەکەش ونزیک وناسیاوی وای نیە کە لێی بپرسێتەوە ، هەروەک خۆی بۆی باس ئەکرد ئەگەر وابێ ؟ کەواتە ئەم هەموو جل وبەرگە جوان و کەشخە و تازەیەی لەکوێیەوە هێناوە ..؟؟! ئەگەر درۆی لەگەڵدا کردبێتم کە کەس و کاری و دۆست ونزیکی نیە کەواتە بەهەڵەدا نەچووم کە ئەو هەموو شتەی کە بۆی گێڕامەوە هەمووی درۆ بن ! دوای ئەوەی کە لەگەڵ سەرۆکی پاسەوانەکاندا باسی کاروباری دنیام کرد پرسیاری ئەوەم لێ کرد کەئایا خەڵک هەیە سەردانی پاشازادە بکات ؟ ووتی :

- " کەس سەردانی نەکردووە ئەوە بۆ چەندەها ساڵیشە ئەبێ ... ".

ووتم :

-" ئەی ئەو گۆڕانکاریە چییە ؟ کە بەسەریداهاتووە ؟کەس هەیە پارەی بۆ ناردبێ ..؟ ".

بەپێی قسەی سەرۆکی پاسەوانەکان بێ کە گوێی لەنووسەری زیندان بووە کە کاری هێنانی نامەو حەواڵە و جل وبەرگ دەکات بۆ زیندانەکان کە بەڕێوبەری زیندانی وتووە کە پاشازادە ڕۆژانە دوو سێ گوێنی جل وبەرگی بۆ یەت لەگەڵ نامەی زۆردا ، هەمووی پڕە لە قات و جل وبەری ژێرەوە و پێلاو و بۆیە کەشتەکان بەدەست ناهێنرێ پێویستیمان بە ئۆتمبێلێکی بەتەنها بۆ پاشازادە ئەم شتانە نایەت ، بگرە بۆ زیندانیەکانی تر لەلایەن کەس و کاریانەوە یەت بەڵام ئەمانەی پاشازادە زۆر زۆرن ، بەڵام ئایا بەڕێوبەری زیندان ڕێ ئەدا کەسەیارەی زیندان بۆ ئەم کارە تەرخان بکرێ ، بەڵێ فەرمانی ئەوەی دابوو ! کەواتە دیارە کە یەکێ لە هاوڕێیان یان خزم وکەس وکاریان دیارە ڕەجائی ئەم شتانەی

بۆ ئەنێرێ ! بەڵام زۆر سەرم لەو درۆیە سورمابوو کە لەگەڵ مندا کردی هیچ بەرژەوەندیەکی لەوەدا نیە ، کە درۆم لەگەڵدا بکات باشە بۆچی منی هەڵخەڵەتاند ؟ تەنیا لەبەر هەڵخەڵەتاندن ؟ هەموو ڕۆژێ ئەمبینی لەدوورەوە لە حەوشەی زینداندابوو ،، نازانم ئەگەر ئەو منی بینبێ ؟ هەردەم جل وبەرگامی ڕۆژ بەڕۆژ جیاوازتر ئەبوون ، هەموو ڕۆژێ دانەیەکی تازەتری لەبەردا بوو ، من ڕۆژگارم زۆر لەلا دوور ودرێژ بوو ، تاکاتی سەردانی خزم ئەهات ئەوسا بە هۆی کە دائەنیشتم گوێم لە پاشازادە و چیرۆکەکانی ئەگرت هەستم بە کات نەئەکرد کەتێئەپەڕێ ، بۆ کات بەسەر بردن ئەچووم بۆ لای نووسەری زیندانەکە کابرای نووسەری زیندانەکە کابرای نووسەر سەرقاڵ بوو بەدەست پەڕاوێکەوە کەلەبەردەمیدا بوو ، کتێبەکە ڕێبەری تەلەفوونات بوو ، چەند جارێک هەڵی ئەگێڕایەوە وپەڕەکانی ئەژماردوو بەدەم خۆیەوە قسەی ئەکرد وئەیووت :

- "ئەی خوایە ئەم چۆن ڕووی دا ...؟ ".

ئەمتوانی هیچ بڵێم چونکە نەم ئەزانی کە مەسەلکە چییە ؟ دەستی کرد بە ژماردنی پیتەکان ، لەناکاو وتی :

-" پیتی نونەکە کوا ؟ چی لێ بەسەر هات ؟!! ".

بەسەر سورمانێکەوە سەری منی ئەکرد و ئەو پرسیارەی ئەکرد ئەیووت :

- " باشە دوای پیتی میم نون نایەت ؟ ئەی باشە کوا پەڕەی پیتی نون ؟ ".

کابرا خەریک بوو شێت ئەبوو وای ماوەیەکی کەم بەدەم سەر سورمانەوە ووتی :

- " ئێ ... ئێ چ بێ شەرفێک ئەو پەڕەیەی لێ کردووتەوە ئاشکرایە کە لێ کراوەتەوە چونکە ئەو قەراغی پەڕەکەی پێوە ماوە دیار ...!! ".

وتم :

-" چی بووە ...؟؟ ".

کتێبەکەی خستە بەردەمم ووتی :

-" سەیر بکە ووشەی نون پەڕەکەی دیار نەماوە باشە سوودی چییە بۆ ئەو کەسەی کە ئەو پەڕەیەی لێ کردۆتەوە ...؟! چ سوودێک لەوە ئەبینێ ...؟! ئەمە هەر مرۆڤی بێ شەرەف ئەم جۆرە کارەی لەدەست دێ ! " .

دوای ئەم ڕووداوە کە کابرا ئەیویست تەلەفون بۆ کەسێ بکات کەناوەکەی بە پیتی نون دەستی پێ ئەکرد وسەیری ئەکرد وسەیری ڕێبەرەکەی کرد بوو پەڕەی نون تیا نەبوو ، دوای ئەمەبەچەند ڕۆژێک شتێکم بینی کە زۆر سەری سورماندم پاشازادە یەکێ لەو قاپوتانەی منی لەبەردا بوو کە لەماڵەوە دام نابوو ، شتێکی زۆر ئەستەمە !! چۆن پاشازادە توانی ئەو قاپووتەم لەبەر بکات کە لەماڵەوە هەڵم واسیوە ؟ زۆر لە قاپووتەکەی ماڵەوەم ئەچێ تا ڕادەیەک زۆر گەورە بێ گومان قاپووت



Scanned by CamScanner



لەیەک ئەچن ، بەڵام من ئەم قاپووتەم نەکڕیوە ، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر تایبەت داوام کردبوو ، کە دروستی بکەن بۆم ، قووماشەکەش لە گرانی و دەگمەنیدا ، دەست نەئەکەوت لە هیچ شوێنێک ولە هیچ کاتێکدا ، قووماشەکە برادەرێ لە وولاتێکی ئەورپیەوە بۆ هێنا بووم ناکرێ لێک چوون ئەوەندە زۆر بێ ، چونکە داوام لەکابرای قۆپچە دوورەکە کردبوو کە بە قۆپچەیەکی نایاب بیدورێت ، قۆپچەکانیش هەمان قۆپچە بوو ، هەر ئەمەش نیە چونکە داوام لەبەرگدورەکە کردبوو کە تاسەر ئەژنۆم کورتی بکاتەوە ئینجا پاشازادە لە من درێژ تر بوو ، بۆیە قاپووتەکە هاتبووە سەروو ئەژنۆیەوە لە منیش قەڵەوتر بوو ، بۆیە بە بەرەیەوە تەسک بوو ، نەم ئەتوانی ئەوەندە لێی نزیک ببمەوە تا بزانم کە ئایا قاپووتەکەی منە یان نا ؟ ناشتوانم لێی بپرسم هەروەها ئەو قاپووتەم زۆر کۆن بووبۆیە لە ماڵەوە جێم هێشتبوو ، زۆر دەمێک بوو کەلەبەرم نەکردبوو ، بەڵام چونکە خۆشەویست بوو بەلامەوە نەم دابووە دەست کەس بەڵام چۆن ئەم قاپووتە لەماڵی منەوە دەرچوو هاتە ناو زیندانەوە بۆبەری پاشازادە ...؟!!! من هەر قەناعەتم بە خۆم ئەکرد کە دیارە قاپووتێکی تریش هەیە لەهەماجۆری قاپووتەکەی من ن بەڵام پاشازادە ئەم جلانەی چۆن ئەگاتە دەست ؟ تا ئەوەیانم نەئەزانی !! لەسەردانەکەی دوایدا لە کۆتاییدا براکەم چەند ووشەیەکی پێ ووتم کە بە تەواوی لێی تێنەئەگەیشتم ئەوەندە شوێنەکە قەرەباڵغ بوون بەخەڵک پاسەوانەکانیش زوو فیکەی ئەوەی لێ ئەدا کەکاتی سەردانەکە تەواو بووە براکەیشم لە نێوان دوو پەنجەرەی دوور لەیەک کە نێوانیان بەتاڵ بوو قسەی لەگەڵد ئەکردم کەس نەی ئەتوانی گوێی لەهیچ بێ لەناو غەڵبە غەڵب و قەسە کردن ، ئەوەی کە ویستبوویان لەکاتی سەردانەکەدا باس بکەن بیریان چووبوویەوە لە کاتی چوونە دەرەوەدا بیریان کەوتبووەوە بۆیە بەدەم ڕۆیشتنە دەرەوە بەپەلە هاواریان ئەکرد ن من لەناو ئەو غەڵبە غەڵبە ودەنگە دەنگەدا گوێم لە براکەم بوو هاوری ئەکرد وئەیوت " قاپووتەکە .... قاپووتە کۆنەکەت ... بە پۆستە ناردمان .... داماوە " . ئەم ووشانەی لەنێوان ئەو قەرەباڵغی و دەنگەدەنگەدا وەکو مەتەڵ وابوو دوای ئەوەی کە سەردانەکە تەواو بوو براکەم ڕۆیشت زیاتر مەراقم بوو کە بزانم چی ڕوویداوە ؟؟ گومانم زیاتر بوو چووم بۆ زیندانە کۆن ویسەکە تاوەکو پاشازادە ببینم کە چوومە ژوورەوە بینیم کە هەروەک خۆی قەرەباڵغ بوو ، بەڵام کەسێکی تر لەسەر جێگاکەی پاشازادەدا دانیشتبوو ، پرسیاری شوێنی پاشازادەم لەو کابرایە کرد ووتی :

-" هەی هوو .......پاشازادە زەمانێکە لێرە نەماوە وڕۆیشتووە ... ".

وتم :

-" بۆ کوێ ..؟؟ ".

ووتی :



Scanned by CamScanner

- "ئەی نەت زانیوە گەورەم ؟؟! بۆزیندانی بەرتیل خۆر و پیاو کوژەکان ....چونکە ئێستا باری دارایی زۆر باش بووە ".

ئەبوایە زووتر بمزانیایە کە ئەوێی بەجێ هێشتووە ، چونکە نزیکەی دووهەفتەیە حاڵ و وەزعی باش بووە ، ناکرێ بەم جلانەوە بێتەوە لەوێ ، بەڵام رۆیشتنیشی بۆ جێگا تازەکە هەر مایەی سەر سوورمانە چونکەتەنیا خاوەن پارەو دەوڵەمەندەکان لەوێن ، یان قاچاخچیە گەورەکان وبەرتیل خۆرەکان ، بەڵام ئەوەی کە زۆر ئەستەمە ئەوەیە کە ساختەچی لەوێ جێی هەبێ !! کە چووم بۆ ئەو شوێنە پاشازادە دانیشتبوو قاوەی ئەخواردەوە لەگەڵ چەند کەسانێکدا ، ئەو شوێنەی کە وەکو شوێنی نووستنی بەشی ناوخۆیی کۆلێژێک وابوون ، زۆر پاک وخاوێن و رێک و پێک بوو ، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ پاشازادە دانیشتبوون جل و بەرگاکانیان ئەوەندە جوان بوو ئەتووت لەنووسینگەدا دانیشتوون و قاوە ئەخۆنەوە و قاچیان لەسەر قاچ داناوە ، کاتێ پاشازادە منی بینی هەستا و وتی :

-" فەرموو گەورەم .. ".

تەوقەم لەگەڵدا کرد و وتم :

-" زۆر دەمێکە یەکترمان نەبینیوە ، وەک ئەوە وایە لەیەکتر بووین بە بێگانە !! لێمان ناپرسیتەوە هیچ کاتێک ؟! ".

ووتی :

-" خۆت ئەزانیت ؟؟؟ کە من ناتوانم لەزیندانێکەوە بەناو زیندانێکی تردا رەت بم چونکە رێمان پێ نەدراوە بەڵام تۆ ئەتوانیت هەمیشە وهەموو کاتێ بچیت بۆ هەر کوێیەک کە ئەتەوێ ! ".

وتم :

-" من لە شوێنەکەی خۆم گوێزراوەمەتەوە بۆ شوێنێکی تر ئێستا ... ".

وا خۆی نیشان دا کە زۆر سەری سورماوە بەوە ووتی :

-" ئەبابە ....ئێ ... ئێ ....! ".

دوای مۆڵەتی لە برادەرکانی کرد و قۆڵم گرتم و بردمیە سەر پێخەفە خۆشەکەی کە ئەتووت هەوای تێکراوە پاکەتێکی گران بەهای دەرهێنا و بەچەرخێکی زۆر جوان دایگیرساند ، بۆ مان بانگی ئەو کورەیشی کرد کە خزمەتی زیندانەکان ئەکات لەم جۆرە پارەدارانە ، و وتی :

-" کورم دوو پەرداخ چامان بۆ بهێنە ، و برۆ کابرای جل فرۆشیش بانگ بکە ...".

وتم :

- "باشە ئەم شوێنە چۆن دەست تۆ کەوت ؟ زۆر سەیرە ؟ ".

وتی :

-" بەڵێ چی بووە ....؟ ".



Scanned by CamScanner

وەک ئەوە وابوو بەو پرسیارە زللەیەکی لێ بدەم وبەمەوێ نیگەرانی بکەم و بیخەمە هەڵوێستێکەوە یان تووشی دڵە ڕاوکێی بکەم ووتی :

-" ڕاستە کەس وا بەئاسانی ناتوانێ بێتە ئێرە ، بەڵام ئەو دز وساختەچی و قۆڵبڕانەی کە ئەیان بینی خۆشەویست ترن وەک لەوانەی کە لێرە دانیشتوون ، دیارە کە تۆ زۆر حەز ئەکەی کە بزانی من چۆن هاتوومەتە ئێرە وا ئەم پرسیارەم لێ ئەکەی ؟!! بیرت چوو کەوتم کارێکی ساختەی وا ئەکەم کەتۆیش سەرت لێی بسوڕمێ ؟ بڕوات پێنەکردم بەڵام تاوەکو هەستم برینەدار نەکەی وتت بڕوام پێتە ،بەڵام هەر بەسەروچاوتەوە دیار بوو کە بڕوام پێ ناکەی هەموو دەرگاکان بە ڕوومدا داخرابوون تەنها ڕێگە چارەیەک مابوو ئەو ڕێگەیە کراوەبوو کە پێی ئەڵێن ( ساختەکاری ) ئێوە ئەزانن کە چەندهەوڵم دا وبەرگەم گرت تاوەکوبەو ڕێگەیەدا نەڕۆم زۆر چاوەڕێم کرد کە جگە لەو ڕێگەیە ڕێگەیەکی باشتر بێتە بەردەمم ، بەڵام وەک ئەزانی کەهەر بە زۆر پاڵ ئەنرام بۆ ئەو تاکە ڕێگەیە ن بە وسیتی خۆم نیە هەر ئەو درەگایە بەڕوومدا کراوەتەوە ! سەیر نیە ڕاستە کەس ڕێزم لێ ناگرێ ، لە دەرەوەی ئەم شوێنە چونکە ڕەقیان لە خەڵکی حاڵ باشە ، بەڵام دەری نابڕن منیش ئەمەوێ کە دەری نەبڕن ، تاوەکو هەست بەبوونی خۆت بکەیت ، ئەبێ ڕێزی خەڵکی بەدەست بهێنی ، هەرچەندە ڕێزیشت لێ ئەگرن و لە ناخیاندا بمێنێتەوە ، بەڵام ژیان وایە ئەگەر هەرچی یەک ئەڵێن لە پشتمەوە گرن نیە ! گرنگ ئەوەیە بزانێ کە لێرە وەک دەرەوە وایە ن کەهەژار بوویت ، پێت پیادا ئەنێن ، چونکە هەق وتوڵەی ئەو کاتەت لێ ئەکەنەوە کە نەیان توانیوە ڕق دەربخەن !! ".

چاکەمان خواردەوە کابرای جل فرۆش هات بۆ لامان دووسێ قاپووت بەسەر دەت و لەناو قۆڵیدا بوو لەگەڵ هەندێ پێڵاو جل و بەرگ لەبەردەم پاشازادە وەستاو بەرێزێکی زۆرەوە وتی :

-" ئەمرکە گەورەم پاشازادە .......!!! ".

نەتووت ئەو کابرا نیە کە بە ( مانگای پیر ) بانگی پاشازادەی ئەکرد جاری جاران ! پاشازادە بە تووڕییەکەوە وتی :

- " پارەت بۆ نەهێناوم ؟ هیچت نەفرۆشتووە ؟ ".

وتی :

-" کراس و پێڵاو و قاپووتەکەم فرۆشتووە ئێستا دەست بکەین بە حساب یان ئێوارە حیساب بکەین گەورەم پاشازادە ؟ ".

پاشازادە بەهەمان تووڕەییەوە وتی :

-" بەچەند فرۆشتن ..؟ ".

وتی :

-" هەمووی بە دووسەد وپەنجا لیرە ... ".



Scanned by CamScanner





وتی :

-" باشە ئێوارە وەرە ! ".

ا من زانیم کەئەم کارەی کرد تاوەکو لەبەردەم مندا توڵە لە کابرای جل فرۆشدا بکاتەوە ئەو کابرایەی تەنها پارەدار بی ڕێزت لێ ئەگرێ ، ئەویش پێویستی بەوە بوو کە ئەو ڕێزەی بۆ بگەڕێتەوە ا پشتیەکەی خستەوە ژێر پشتمەوە و وتی :

-" ببورە ... پاڵبدەنەوە.. ".

ئاوا ئەو کاتەی کە پشتیەکەی بەرز کردەوە پەڕەی ڕێبەری تەلفونەکەم بینی کە لەکتێبەکەی کردبووە زانیم کەکێ ئەو کاغەزەی لێ کردووتەوە ؟ کاغەزەکەم گرت بەدەستمەوە و ویستم پاشازادە شەرمەزار بکەم وتم :

-" ئەمەیش پارچە ڕۆمانێکە کە لە کتێبی ڕۆمان لێت کردووتەوە ، خوا ئەزانێ چەند جار خوێندوتەوە و ناونیشان و ژمارەکانت لەبەر کردووە ؟ ئایا ئەمەیش پێویستی بەسەرتاو کۆتایی هەیە ؟ یان ناوە ڕاستیەکەی نووقسانە ؟ ".

شەرم کردنی خست بەلایەکدا و بە شانازییەوە زەردەخەنەیەکی گرت و وتی :

- " پێم ووتی کە ئەو کارەی پاریزانێک دەیکات وسەرمان پێی دەسوڕمێ ، کە پاشان باسی وردەکارییەکانی ئەو نهێنیە دەکات چەند لامان سادە دەبێ ئەم پەڕانەی دەفتەری تەلەفونەکە بەشێک بن لە نیهێنی ئەو گەمەیەی من !! ".

کاتێ کە ئەمەی ووت لە جانتای ژێر سەریرەکەدا قاپووتەکەی منی دەرهێنا و دای بەخۆیدا ڕووی قاپووتەکە دەرکەوت ئەو قاپووتە بوو کە وام ئەزانی هی منە ، لایەکی قاپوتەکەم بەرز کردەوە بینیم کە پاشماوەی ئەو مەرەکەبەی پێوە بوو کە وەختی خۆی لەو گیرفانەمەدا لە ناو گەرمای هاوین هەڵچوو بوو ، تیایدا کە ئەوەم بینی هیچ گومانێکم لا نەما کە ئەوە قاپووتەکەی منە ، وابزانم بە جۆرێک لە توڕییەوە وتم :

- " ئەوە قاپووتەکەمە ...؟ ".

ئەو هیچ خۆی تێک نەدا بەمێشکێکی ساردەوە وەڵامی دامەوە ووتی :

-" قاپووتی تۆ بوو بەڵام ئێستا هی منە ، کاتێ کە کاڵایەک ئەفرۆشرێ نازانین ئەدرێ بەکێ ".

وتم :

-" چۆن ئێستا قاپووتەکەم لای تۆیە ؟ ".

وتی :

-" کەواتە تا ئێستاهەر تێنەگەیشتن؟ کە من ئەمەوێ بڵێم چی ؟ ئەمە کەرەستەیەکی نهێنەیەکە ، بەڵام با بۆت باس



Scanned by CamScanner

بکەم ".

داچەمیەوە ، وجانتای ژێر چەرپاکەی کردەوە وکۆمەڵێک نامەی تیا دەرهێنا ، کە لەناو کاغەزی نامەیەکدا بوو پاپە دەستم یەکەم جار سەیری نامەکەم کرد بینیم کە زۆربەی ئەوانەی کەئەم نامانەیان بۆ دەنێرێ ناویان بە پیتی نون دەست پێ دەکات وناونیشانی لەسەر تۆمار کراوە ، زانیم کە بۆچی ئەو پەڕەی لەدەفتەری تەلفونەکە لێ کراوەتەوە ، هەندێک نامەی پیچرابوونەوە هەندێکیان جارێ حازر نەکرابوون ، دانەیەکم کردەوە دەستم کربەخوێندنەوەی نووسرابوو :

ا خانمی بەبەزەیی ....

بەرێز : من پەنام بۆ تۆ هێناوە بۆ بەزەیی و ویژادن ودادپەروەری دڵی ئێوە لەم نامەیدا بەبێ ویستی خۆم بەسی و شەش ساڵ تاوانبار کراوم و حوکم دراوم لەسەر تاوانێک کە دەستی خۆمی تیا نەبوو ، ژنەکەم و کورە بچکۆلەکەم دووساڵ تەمەنیەتی حاڵیان زۆر شرە منیش کەسم نەماوە لە دنیادا داوای لێ بکەم یارمەیتان بدات ، جل و بەرگ و پیلاویشم لەبەردا نەماوە تەنها بە چەرچەفێکەوە ئەسوورێمەوە لە ناو زیندان من پێویستم بەو جلانەیە کە ئێوە بەکاری ناهێنن ،هەتا ماوم خوام شایەت بێ کەئەو چاکەیەتان لە یاد ناکەم هەتا ئەمرم ڕێزم هەیە بۆتان خانمی ڕێزدار هیوای ژیانێکی خۆش و پڕ شدومانیتان بۆ ئەخوازم لە ئامەنی خوادا بن ! .

نامەکە بەناوی ڕاستەقینەی پاشازادە هۆی ئیمزای کرابوو نامەی دووەمم خوێندەوە بینیم بە دەست وخەتێکی لەوەی پێشوو ناخۆشتر نووسرابوو ، وتم :

-" ئەم نامانە ئیمزایی تۆی پێوەیە ،بەڵام من لەو بڕوایەدام کە تۆ نەت نووسیوە چونکە لایەنی دەربڕینی زۆرباش نیە پاشان دەست وخەتەکە زۆر ناشرینە .." .

دیسان ئەو خەتەی دەم و چاوی جولا کە بێگانە نازانێ ئەگری یا پێئەکەنێ ! وتی :

-" من نوسیومە کێ ئەتوانێ بەناوی منەوە بنوسێ جگە لە من ؟ ئەم هەموو هەڵەیە بۆ ، یا ئەو دەست و خەتە بۆچی وا ناخۆش ؟ چونکە دەبەنگی نیشان دەدات ، بۆیە نامەکە بڕوا بەخەڵکی دەهێنێ ، خەڵک بەزەییان بەدەبەنگیدا یەتەوە ، منیش ئیشەکمە ئەوەیە کە بەزەیی خەڵک ڕاکێشم بەلای خۆمدا ، کەواتە من کاری بازرگانی بەزەیی ئەنوێنم ، ئەگەر وەک خاوەن کارێکی سەرکەووتوو کارم بکردایە ، نووسخەیەکم لەو نامانە ئەهێشتەوە لەلام کە ئەینێرم ، بەو واتایەی کە ئەمزانی کەدوو نوسخەم لابێ ،تاوەکوئەوەت نیشان بدەم کە ناردم بۆماڵی ئێوە ، ماڵی دوو دەستە جلی زستانەیان بۆ ناردم ، لەگەڵ جلی ژێرەوە ، لەگەڵ ئەم قاپووتە ، چونکە جلەکانی بەری تازە بوو لێم پرسی :

-" ئایا ئەو جلەی کە لەبەرتایە ئەویش لەدەرەوە بۆت هاتووە ؟ ".

ووتی :



Scanned by CamScanner



عەزیز نەسین

- " ئەخێر ناگونجێ کە جلی کۆن لەبەر بکەم دوای ئەوەی کە کاری بازۆگانیککی بەزەیی ساختە ئەنوێنم ، وانیە ...؟ من ئەو جلە بەکار هاتووانە ئەفرۆشم کە لەبەر بەزەیی بۆم ئەنێرن ئەتوانم ئەم زیندانە بکەم بە کۆگای جل وبەرگ ئەگەر بمەوێ بەهۆی ئەم نامانەوە بەڵام من بازرگانیکی بەزەیی داد پەرەوەرم ، من ساختەکاری ئەکەم تاوەکو بتوانم بژیم لێرە بێ ئەوەی کە پێویستیم بەکەس هەبێ ، ئایا ئەمە بەڵگەنیە کە من دڵم باشە ...؟ ".

چەند نامەیەکی فڕێ دراوی سەر پێخەفەکەیم بەرز کردەوە وکردمەوە وخوێندمەوە هەموو جارێک ناوی بەڕاستی ئەنوسێ بەڵام لەهەردانەیەکدا باسی بارووذۆخی خۆی بەشێوەیەکی جیاواز تر ئەکات ، وەک لە جاری پێشوو ترد ئەڵێ گەنجێکی لادێیم خۆشەویستەکەم فڕاندووە چونکە نەم توانیوە ئەو پارەیە بدەم کە باوکی وەک مارەیی داوای کردووە ، لەدانەیەکی تریشدا ئەڵێ کەنەشتەگەرییەکی زۆر ترسناکی ئەنجام داوە پرسیاری ئەو جیاوزیەم کرد کە لەناماکاندا بەئەنقەست ئەیگۆرێ ووتی کە بە بۆچوونی ئەو کەسانە ئەکات کەنامەیان بۆ ئەنێرێ بەهۆی کارو پیشەکانیانەوە لەگەڵ ناونیشانەکانیان کەنووسراوە بیر لەهەموو کەسایتەیەک ئەکاتەوە بە تەنیا بیر لەوە ئەکاتەوە کە بەچ کەسایتیەک ئازار ئەدرێن وکاریگەریان تێ ئەکەوێ لەو کەسانە بەڵێ چونکەهەندێ کەس لەوانە رقیان لە پیاو کوژە بەڵام هەندێکیان پیاو کوژ لەپێناو شەرەف بە پاڵەوان دا ئەنێن وبەزەییان پیادادێتەوە ،هەندێکیشیان وای دائەنێن کە یارمەتی گەنجێ کە خۆشەویستەکەی فڕاندووە لەبەر ئەوەی کەنەیتوانیوە پارە بدات وای دائەنێ کە ئەو یارمەتیە قەرزێکە لەملیدایە ، ئا بەو شێوەیە بێ ئەوەی کەسەکان بیبنێ هەستیان لە خەیاڵی خۆیدا تاقی دەکاتەوە ( ساختەکار !!) دوو لیرەو نیوی دا بەو گەنجەی کە سینیە پەرداخەکان بەرێتەوە وەک شاگردانە ، چایەک ئەوکاتە لە زیندان بە بیست و پێنج قروش بوو زۆرئەستەم بوو کە کەسێک لەوێ دوولیرە ونیوی پێ بدات ، چاویلکەکەی خستە چاوی و سەرنجی شتێکی زۆر سەیری دا لەو کردارە ئەو چاویلکەیە بوو کەدای بەکابرای جل فرۆش تا بۆی بفرۆشێ ، زۆر جار پاشازادە درکی بەوە دەکرد کە ئەمەوێ چی لێ بپرسم بۆیە وەڵامی ئەدامەوە پێش ئەوەی کە پرسیاری لێ بکەم ، ئەمەش لەمەسەلەی چاویلکەکەدا ڕووی دا وتی :

- " ناتوانم واز لەم چاویلکە کۆنەم بهێنم ڕاهاتووم لەسەری کابرای جل فرۆش فرۆشتبووی باش بوو ، توانیم دەستم بکەوێتەوە بەر لەوەی کەخاوەنەکەی بەربێ لەزیندان بەڵام من پارەی عەیاری ئاڵتونم پێدا بیستئەوەندەی ئەو رخەم پێ دا کەلەسەرتادا فرۆشتم ".

کاتێ پاشازادە دەستی کردبوو بەبازرگانی بەزەیی چەندناونیشانێکی لەرۆژنامە وەر گرتبوو کەنامەیان بۆ بنێرێ بۆیەسەرتا سەرمایەکی دۆززیبۆوە دوای ئەوە پێی نوت لە دەفتەری تەلەفونەکە هێنابوو ئەو نامانەی بۆ ئەو ناونیشانانە نوسیبوو کەتیایدا نووسرابوو ووتم :

-" چۆنە کە بەرێوبەرایتی زیندانەکە سەرەنجی ئەو هەموو جل وبەرگە نادەن کەیەت بۆت ..؟ ".

وتی :

- "ئەی ئەکرێ سەرەنجی نەداین ..؟ بەدڵنیایەوە ئاگادارە بەڵام ئەوەی من کردوومە بازرگانی کردن نیە بەماددەی بیهۆشکەر یان قاچاخچیەتی نیە ،واتە دژی یاسا نیە ".

لەسەروو ئەوەشەوە یارمەتی کەسانی تر ئەدات لەناو زیندان بەو پارەیەی کە لەفرۆشتنی ئەو جل وبەرگانەدا دەستی ئەکەوێت وتی :

-" ئەوانەش کەمووچەکەیان بەشیان ناکات ! ".

مەبەستی فەرمانبەرەکانی زیندان بوو کەپارەیان بەسەردا دابەش ئەکات ، وتی :

-" ئێمەی ساختەکار و تەزویرچی زۆر دەست بڵاوین ...!! ".

من ئەمزانی کە پاشازادە زۆر دەست بڵاوە ئەوەش بەو دوولیرەو نیوە ئاشکرا بوو کەدای بەو گەنجە کەهات سینیە چاکە بەرێتەوە پێتشر کاتی کەهاتیشە زیندانەوە ئەوەندە پارەی بەخشیەوە و ئەو 500 لیرەی کە پێ بوو ن هیچی پێنەما پێش ئەوەی کە سێ ڕۆژ بەسەر هاتنیا بەسەر بچێ وتی :

-" بۆچی دەست بڵاو نەبین پارەی کێ لەکێ قەدەغە بکەین ، هەرچۆنێک بێ ئێمەی پارەی خەڵک خەرج دەکەین ".

دوای ئەوە بەردەوام بوو وتی :

- " ئەزانین کە لەلای خوا تاوانبارین ، ئێمە وا ئەکەین تاوەکو خوا لێمان خۆش بێت هەرچەندە من چاکە ناکەم لە پێناو ئەوخوایەدا کە هەمیشە خراپەی نیشان داوم بێ توان بەبێ ویستی خۆم خستمیە ناو چاڵێ تاوانەوە ، ئێمەی ساختەکار ناچارین کە دەست بڵاوبین ئەگەر ئەو دەست بڵاویە نەبێ کێ هەیە ئەو جل و بەرگانەم زوو زوو بۆ بهێنێ ، کە بژێوی خۆم و برادەرکانم وفەرمانبەرانی زیندانیش لێ دەرئەچێ ؟ کێ هەیە ئەو پەرە کاغەزەی تەلفونەکەم بۆ لێ بکاتەوە وەک لە ژووری بەرێوبەرەکەیە ؟ زۆر زانیاری دامێ دەربارەی بازرگانی بەزەیی وتی کاریگەری ئەم نامە ساختەکارانەی کەنێردراوە بۆ بەشە جیاوازەکانی ئەستەنبوڵ ئەگۆڕێ بەگۆڕانی کەسەکان ئەوانەی کەبەم نامانە خەڵەتاون دانیشتووی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانن زیاتر وەک لەهەژارەکان بەپێی قسەی ئەو دەوڵەمەندەکان ئەو شتانە دەبەخشن کە لەبەری ناکەن و شێوەی تەمەنی بەسەر دەچێ ، بۆ ئەوانەی کە وا ئەزانن پاک و هەژارن داماوە چوونەتە زیندانەوە چونکە بڕوایان بەوە هێناوە کە ئەم کارە داد پەرەوەرەی کۆمەڵایەتی لەدوایە ! بەمەش ویژدانی ئاسوودە ئەبێ کەواتە ئەمەی من ساختەکاری نیە وتم :

-" ئەی چی ناوبنێین ئەگەر ساختەچییەتی نەبێ ؟ ".

وتی :

- " ئەگەری ئەوەیان پێ ئەفرۆشم کە بتوانن کە کاری چاکە بکەن ودادپەرەوەرەی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنن بەرامبەر بەبەخشینی ئەو جل و پێڵاوانەی کە کۆن بووەمن لێردا مەغدورم وا نیە ؟ من



Scanned by CamScanner





ئاسوودەیان دەکەم لە کوێ ئاسوودەبی بەبەلاش دەست ئەکەوێ ، دەرپێ وفانیلە بەرامبەر ئاسوودەیی ویژدانی ڕۆح ، ".

لەراستی دا پاشازادە نمونەیەکی ساختەکاری بۆهێنایە بەرچاوم زۆر سەری سورماندم بەوە بڕوام نەئەکرد کەمنیش ئەخەڵتێنێ بەوەی وا براکەم بکات قاپووتەکەی منی بۆ بنێرێ لەماڵەوە دیار بوو کە ناونیشانی ئێمەش لە دەفتەری تەلفوونەکە وەرگرتبوو ! ئەوانەی کەباسی کرد هەموو ڕاست بوو ئەو یارییە کە یارزانەکە بە شێوەیەک دەیکات کە سەرمان پێی دەسوڕمێ ،چەند ئاسانە کەنهێنیەکەی دەزانین ، کەواتە زۆر ئاسانە بازرگانی بەزەیی کە ووردەکارییەکانی ئەم چالاکیە پاڵەوانکەیەتی ، بەڵام دوایئەوەی کە شێت ئەبینتا بزانین چۆنە ! پاشازادە ویستی قاپووتەکەم بداتەوە لێم وەرنەگرتەوە ووتم :

-" ئەوەی وتت ڕاستە ئێستا بووە بە قاپووتی ئێوە ! ".

پەوەیوەندیم لەگەڵ پاشازادە لەجاران زیاتر هەبوو هەر بەو شێوەیەش بەردەوام بوو ڕۆژانە باسی ڕووداوێکی بۆ ئەکردم لەو ڕووداوانەی کە بەسەریدا هاتووە بەسەرنج ڕاکێشانەوە ڕۆژێ لەڕۆژی سەردانەکان لە شوێنی بەخێرهاتنی ئەوکەساتە بووم کەسەردانی زیندانیەکان دەدا لە ژووری نووسەری زیندانەکە دانیشتبووم ،نووسەرەکە ئەو کاتە وتی :

-" ئای ... ئای ئێستا پیتی ک یان لێ کردووتەوە ...! ".

سەیری سەرووچاوی کابرام کرد بە زەردەخەنیەکەوە بەڵام هیچم پێ نەوت چونکە ئەو کەسە هەر خۆی جل وبەرگەکانی ئەهێنا بۆ پاشازادە کەواتە پارەیەکی باشی ئەداتێ لەهێنانی پەڕەی تەلەفوونەکە کاتێ کە لەلای نوسەرەکە دانیشتبووم گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو لەدەرەوە هاواروو گریانی ئافرەتێ فیکەی پۆلیسەکانیش دنیای پڕکردبوو ، کاتێ کە چووم بزانم چییە؟ ، پۆلیسەکان دەست و قاچی ئافرتێکیان گرتبوو لە بیناکە ئەیان هێنایە دەرەوە دوای تۆزێک زانیم کەچی ڕوویداوە ئافرەتەکەش چونکە مێردەکەی خیانەتی لێ کردبوو ، لێی جیا بووەوە ن وچونکە زۆر چیرۆکەکەی پاشازادە کاری تێ کردبوو لەگەڵ کارەکەرەکەدا گرتبوو ن ئەو کوڕە گەنجەی کە لەبەر پارە ئەم ئافرەتە بەتەمەنەی هێنبوو بێ ئەوەی گوێ بداتە ناشرینیەکەی بۆیە ئەم ئافرەتە جۆرە تایبەتمەندیەکی بەدی کرد بوو لە نێوان خۆی و پاشازادە بەهۆی ئەوەی کەهەردوکیتان قوربانیی قەدەرەن ، بۆیە جل وبەرگی تازەی بۆ پاشازادە ئەنارد جگە لە کۆنەکان لەهەفتەیەکیشدا دوو سێ جار نامەی بۆ ئەنارد پاشازادە پارەیشی پێ ئەگەیشت لەم ئافرتەوە ، زۆر باش پەیوەندییان بەتین کردبوو ، لەڕێی نامەوە ئافرەتەکە داوای کردبوو کە پاشازادە ببینێ بەڵام پاشازادە نەهێشتبوو چونکە ئەزانێ چی بەسەر یەت کە ئافرەتەکە بزانێ کە گەنج نیە ، بەڵام جارێکیان ئافرەتەکە بەهۆی لێپرسراوێکی زیندانەکەوە داوای بینینی کردبوو



Scanned by CamScanner





، چاوەڕێی گەنجێکی قوربانی قەدەری بیست وپێنج ساڵەی دەکرد بەڵام پیاوێکی بەتەمەنی لەبەردەم دا بوو خۆی دا بەزەویدا گوایا بووراوەتەوە بەڵام ئەم هیچ کاریگەریەکی لەسەر ژیانی پاشازادە نەبوو بە هیچ جۆرێ .



Scanned by CamScanner



عەزیز نەسین

# هەڕاجمان کرد ...

١

کە لە زیندان هاتمە دەرەوە پارەم پێ نەبوو ، بیانوو نادۆزمەوە بۆ درۆکردن ئامادەبووم کەهەموو جۆرەکارێکی ساختەکاری بکەم لەگەڵ ئەزویردا ڕێگەی تر لەبەردەمم دا نەبوو ، لەوانەیە ئەمەی کە پێتان ئەڵێم بەلاتانەوە سەیر بێ ڕێگەم لەبەردەمما نەبوو جگە لە ساختەکاری بەڵام نەشم ئەزانی ڕێگەیەک بدۆزمەوە تاوەکو ساختە بکەم ، هەرچەندە کە من خۆم ویستم بەویستی خۆم دەست بدەمە کاری ساختە نەم ئەزانی چۆن ئەکرێ زۆر کەس برادەرم هەبوو کە لەناو زیندان ناسیمن بەڵام حەزم نەکرد کە بچم بۆ لایان بۆ لای هیچ کامیان ، ئەوسەردەمەش بارودۆخی ئامادە باشی لە تورکیا ڕاگەیاندرابوو ، ئەگەر خاوەن ڕابردوو یەکی وەکومنیان بگرتایە فرییان ئەدایە دەرەوەی ئەستەنبوڵ ئەگەر تاونیش نەبوایە ، ئەگەر تاوانێک لەهەر شوێنێک بکرایە ، خاوەن ڕابردوو فایلەکانیان کۆ ئەکردەوە ، ئەگەر تاوانکارە ڕاستەقینەکەشیان تیادانەبوایە ، بۆیە دەریان ئەکردنە دەرەوەی ئەستەنبوڵ دەرکردنمان لە ئەستەنبوڵ ئەوەنە ئاسان نەبوو وەک کە بەدەم باسی ئەکەم ئەوکەسانی کە ئەگیران بەبنکەی ئاسایشەکاندا ڕائەکێشران ولە زیندانە سەربازییەکاندا شەوانێکی زۆر ئەمانەوە دوای ئەوە ڕێیان نەئەدرا کە بێنەوە ناو شار لەو شوێنەی کە بۆی ڕەوانە ئەکران وە بۆ ئەوەی کە بەزمێکی وام بەسەردا نەیەت ، وام پێ باشتر بوو کە لەبرادەرانی زیندان دوور بکەومەوە ئەگەر لە



Scanned by CamScanner

هـەر شـوێنێـک بینـیمن بـە ویـستی خـۆم بـچمە دەرەوەی ئەسـتەنبوڵ چـوون بـۆ شـوێنێکی گونجـاو و دۆزینەوەی کارێک کە بژێوی لێ پەیدا بکەم ، بەڵام من پارەی تەنانەت کرێدانی ڕێگەکەیشم پێ نەبوو تاوەکو لـە ئەستەنبوڵ بـڕۆم ، وەک ئـەبینین کاتێ مـرۆڤ ڕێگـە چارەی لەبەردەمدا نامێنێ بەزۆر پاڵ ئەنرێ بۆ ئەو ڕێگەیە کەنایەوێ پیایدا بڕوات ، ئەگەر لەم حاڵەتەی بێهیواییدا نەبم بۆچی دیسان بەدوای ڕەجائی دا ئەگـەڕێم ؟ ڕەجائی هیچ مەترسیەکی بۆ من نـەبوو ، چونکە ئـەوخاوەنی دۆسیەی تاوانکاری نەبوو لای پۆلیس ، بەپێچەوانەوە من مەترسیم هـەبوو بەسەریەوە ، لەڕاستیدا تاونەکەی من هیچ نـەبوو لەبەردەم تاوانـەکانی ڕجائی دا بـەڵام مـن خاوەنی دۆسیەی تاوانکاری بووم وئـەویش هاوڵاتیەکی بەشـەرەف بوو ، بەدوای ڕەجائی دا ئەگـەڕام تاوەکو تۆزێـک پارەی لێ وەربگرم ، ئەگەر بیدامایەتێ لە ئەستەنبوڵ ئەچوومە دەرەوە لـە شوێنێکا خۆم پەنا ئەدا ومت ئـەبووم ، لـە هـەموو ئەو شوێنیانەدا گەڕام کەوام زانی ڕجائی تیا ئەدۆزمەوە ، ئوتێلە کۆنەکانی جێ هێشتبوو کەی شوێنی نە ئەزانی هیـوام لـەوە بڕیبوو کە بیدۆزمـەوە ، لـە ترسی باری ئاسایشی سەپێنراو هەریەکێ لەخاوەن ڕابردووەکان شوێنێکی بۆ خۆی دۆزیبووە کەخۆی تیا پەنا بدات ، بەڵام ئەوانـەی کـە نـەیان ئەتوانی فریای خۆیان بکەون ، وبژێوی ژیانی بـەردەوام پەیدا بکـەن ، حۆیان نەئەشاردەوە وناچار ئـەبوون کە دەرکەون ، بۆیە بڕیارم دا یەکێک لەوان بدۆزمەوە کەچی لە ناکاو ڕەجائیم بینی وتی :

-" کاتێ لەئاسمان بەدواتدا ئەگەڕام لەسەر زەوی دۆزیمەتەوە .....؟".

ڕەجائی ئەوەی پێ وتم ن ئەمەیەکەم ووشەی بوو دەستمان لە ملی یەک کرد من لە ڕاستیدا ئەمزانی کە بەدوامدا ناگەڕێ بەڵام ئەو هەمیشە وا خۆی دەرئەخست ، وەکوجارێکیش ئەتووت چەند ڕۆژێکە جیا بووینتەوە ن قەت لە هەواڵمی نەئەپرسی! ، ویستم کە باسی ئەوەی بۆ بکەم کەئارەزووی ئەکەم لە ئەستەنبوڵ بچمە دەرەوە ، بەڵام ئەو بورای پێ نەدام قۆڵێ گرتم و دەستی کرد بەقسەکردن ، باسی زۆر بابەتی بێ مانای کرد بەخێرایەکی وا قسەی ئەکرد کەهیچی لێ تێ نەئەگەیشتم وتی

لیژنەیەکی ئیتالی یەت چووینە ناو بینایەکی بازرگانی نزیک لەوێ وتی کە بەتامایە لەگەڵ ئەم لیژنەیە ئیتالیەدا کار بکات کارێکی هاوبەش بکات ، چووینە ناو مەسعەدەکەوە وتی ئەم کارە زۆر گەورەیە چونکە یاسایی وەبەرهێنانی بیانی خەریکە دەرئەچێ کاتێ کەئەم یاسایەش دەرئەچێ ، پارەیەکی زۆر ئەڕژێتە تورکیایەوە ، کـە لەمەسعەدەکە هاتینـە دەرەوە وچـووینە نووسینگەیەکی زۆر خۆشەوە وتی کەئەم یاسایە دەرچوو بێگانەکان هەموو سەرمایەکانیان لێرە ئەخەنە ئیشەوە و دزی دەست پێ ئەکات بەڵام ئەم چالاکیانە ناچێتە چوارچێوەی تاوانەوە چونکە لەگەڵ یاسادا گونجاوە واتە لە کۆتاییەکەی دا چوونە ناوزینـدانی تێدا نیە ، لە کاتێکدا کە ڕەجائی قسەی ئەکرد کچێکی زۆر جوان لە یەکێ لە ژوورەکانەوە هاتە دەرەوە ، دەفتەرەو قەڵەمکی پێ بوو ڕەجائی بەکچەکەی وت :

-" ئەو بیبەرە سوورەی کڕیت چەند کیلۆ بوو ؟ ".



Scanned by CamScanner

ووتی :

-" یەک کیلۆ ... ".

وتی :

-" کەمە ... ".

وتی :

-" دوای زیاترم لێ کردن وتیان کە ئێمە تا ئێستا 10 کیلۆمان بردووە پارەکەیمان نەداوە ... ".

رەجائی کچەکەی بەرێ کرد کە وام ئەزانی سرکتێرەیەتی وبەردەوام بوو لەقسەکردن دەربارەی سەرمایەی بیانی ، وتی کاتێ کە ئەم سەرمایە بەناو وولاتدا بلاو بوویەوە چی روو ئەدات ؟ وەکوئەوە وایە کردێ پارە لە ناوەراستی ژوورێکدا رژابێ ، پەنجەرەو دەرگای ژوورەکە کراوەبێ هەوایەکی زۆر توندیش وەک رەشەبا هەڵ بکات چی روو ئەدات ؟ هەوایەکی زۆر توندیش وەک رەشەبا هەڵبکات چی روو ئەدات ؟ هەموو پارەچەیەک لە پارەکانت باڵ ئەگرێت وئەفرێ زیرەک ئەوەیە کە چی بکات ؟ بەدوای ئەو پارانەدا را ئەکات کە رەشەباکە فرێی ئەداتە دەرەوەی ژوورەکە بەڵکو دەست بگرێ بە ئەوەی کە لە ژوورەکەدا ماوەتەوە و چی ئەتوانێ بیبات و رایکات بۆ ئەم هۆیە ئەو لیژنە ئیتاڵیەم بانگ کرددووە تاوەکو پارەیەکی چاکم لەم کارە بەدەست بهێنم دەنگی تەیر و تیور ئەهات لەیەکێ لە ژوورەکانی کردەوە و لە ناویدا چی تیا بوو ن نیشانی دام ژوورەکە پربوو لە کەناری کابرایەک هاتە ژوورەوە سلاوی کرد چووە ژوورەکەی خۆی ، رەجائی وەسلاوەکەی دایەوە ، و هیچی تری نەوت بیانی دوای توزێک پیاوەکە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە وچەند فایلێکی بەدەستەوە بوو چەند نامەیەکی ناو فیلەکانی دا بە رەجائی تاکو ئیمزای بکات .

هەر یەک لەنامەکانی شی کردەوە :

-" ئەمە بۆ کۆمپانیای ائەلیسۆن‌اە ئەمە نامەیەکی وەلام دانەوەیە بۆ کۆمپانیای ئەڵمانی یەکەو پێیان بڵێ کە داواکەیان پەسەند کراوە ئەمەشیان بۆ داواکردنی لیستی نرخە لە بەلجیکا ، نامەکانی ئیمزا کرد و کابرا لە ژوورەکە چووە دەرێ ". رەجائی وتی :

- "ئەم کابرایە جوولەکەیە ، لەیەک کاتدا لە دە شوێن کار دەکات چوار زمان ئەزانێ قسە بکات ؟لە هەفتەکەیدا رۆژێک یان نیو رۆژ دێت بۆ نووسینگەکە نامەکان وەرئەگیرێ وە وەلامی ئەداتەوە وبەقەدەر دەکەس پارەی دەست دەکەوێ ! ".

لە بینا بازرگانیەکە هاتینە دەرەوە اتێ کە گەیشتینە سەر جادەکە وەستا ، ئۆتمبێلەکان بەبەردەممانەدا تێپەر ئەبوون ن زۆر چاوەرێمان دەکرد پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە چاوەرێی چی دەکات وتی :

-" ئۆتۆمبێلەکەم ... ".



Scanned by CamScanner

واتێ گەیشتم کە ئۆتۆمبێلکی تایبەت بەخۆی هەیە ، ولە کاتێکی دیاری کراودا ئەگاتە لای وسەر ئەکەوێ چاوی لەسـەر ئـەو ئۆتۆمبیلانـە بـوو کـە بەبـەردەممادا ڕەت ئـەبوون ئۆتـۆمبێلێکی تەکسی ڕاگرت و سەرکەوتین وتم :

-" ئتۆمبێلەکەت کردووە بە تاکسی و ئیشی پێ ئەکەی ؟!! ".

وتی :

-" کام ئۆتۆمبێل ...؟ ".

وتم :

-" ئەی تۆ نەت وت کە تۆ چاوەڕێی ئۆتۆمبێلەکەتی ؟! ".

وتی :

- " ئا !! .... تۆ ئەزانی کە حەز وئارەزووی من تەواو نابێ من لە مۆدێل و و ڕەنگی ئۆتۆمبێل زوو بێزار ئەبم ، بۆیە ئەوهەموو تەکسیەی کە ئەیبنی هی منە ، هەموو شۆفێرەکانیش لای من کار دەکەم من سورای تەکسیەک دامەزراوی لای خۆم نابم ، سورای دانەیەک ئەبم کە بەدڵم بێ بردمی بۆ ماڵەوە ئەو ئوتێلەی کە جاران کە تیایدا دا ئەنیشت هیچ نەبوو لە چاو ماڵەکەی دا ئافرەتێک لەماڵەوە بوو هەمووکارەکانی بۆ ئەکرد ئافەرتەکەک تەمەنێکی ناوەنجی هەبوو ن توورک نەک بە تورکیەکی سەقەت قسەی دەکرد لە ماڵیشەوە هەر دەنگی باڵندە ئەهات ژوورێکی دیاری کردبوو بۆ باڵندەی کەناری وتم :

- "من زۆر حەزم لە کەناریە بەلام ناتوانم چونکە ژیانم نائارامە .. ".

وتی :

- " من بەپێچەوانەوە ئەزیزم حەزم لە کەناری نیە !!! ".

وتم :

-" کەواتە بازرگانی باڵندەیەت ...؟ ".

وتی :

-" نەخێر نە ئەمە و نە ئەوە ئەمە هیوایێکە بۆ خۆشی ئەی کەم بەلام بۆ خۆشیەکی تۆزێک جیاوازتر ، !!..".

لەو کاتەدا ئافرەتەکە قاوەی بۆ هێناین ، ڕەجائی پرسی :

- " سوور ئەبن خانم ؟ ".

وتی :

-" بەڵێ ... ".

بەلام بەهێواشی ئەتووت بەمەتەڵ قسە ئەکەن ، نەمتوانی هیچ تێبگەم لەم قسانە وتی :

-" کەسیان بەتەواوی سوور نەبووە ؟ ".



Scanned by CamScanner



وتی :

-" سیانیان ...".

ڕەجائی ڕۆژانە دوای نیوەڕۆ بۆ ماوەیەکی کورت سەری ئەدا لەنوسینگەکەی منیش لەگەڵیدا ئەچووم بۆ ئەوێ وتم ئەمەوێ لەم باری ئاسایشە دەرچم و بچم بۆ لادێ ولەوێ کارێک دابمەزرێنم ، پێم نەوت کە پێویستیم بە پارەیە ڕاستەوخۆ ، بەڵام وام لێ کرد کە تێ بگات ، وتی لیژنە ئیتاڵیەکە بەم زووانە ئەگەنە ئێرە چاوەڕێی نامەیەکیان ئەات دوای ئەوەی کە ئەم لیژنەیە هاتن هەموو کارێک ئاسان دەبێ بۆیەچاوەڕێی ئەوە بکەم ، بەڵام زۆر ناخایەنێ ، هەمووی دوو سێ ڕۆژ ئەکات بەتەواوی نەم زانی کە ڕەجائی چ کارێک ئەکات ؟ کە پرسیاری ئەوەم لێ کردوتی :

-" ئەی تۆ چی ئەکەیت ...؟ ".

بەم وەڵامدانـەوەی ویـستی سـووکایەتیم پـێ بکـات ، ڕوون وئاشکرا بـوو ، بـەدەنگێکی بـەرزەوە وتم مەبەستت چیە ؟ وتی :

- " هێومر بە تووڕەمەبە ... مەبەستم ئەوەیە کە من ئەو کارە ئەکەم کە تۆ ئەکەیت ، بەڵام بە شێوازێکی جیاوازتر ، ".

دیسان لێی پرسی :

-" تێ نەگەیشتم ئەو کارە چییە کە من ئەیکەم ...؟! ".

زانیم ئەیەوێ بەو قسەیە زللەیەکم لێ بدات سوور بووم لەسەر پرسیارەکەم وتی :

- " پێت ئەڵێم چی ئەکەم ! هەموو کارێکی هەناردە و هاوردە پیشەسازی وبەڵێندەرایەتی وبازرگانی ناوەکی ودەرکی ..کوێرانەوە و بارکردن تێگەیشتیت ئێستا من چی ئەکەم ؟ ".

من کە خاوەنی چەندەها تاوان بووم کەلەلایەن ، هەموو دادگاکانی تورکیاوە ئیمزای لەسەر کرابوو ، ئەوەندە زۆر بو نەئەژمێردرا ، بەڵام وەکو ئەو ؟ هەرگیز ساختەکاری وەکو ئەوم نەکردووە ، یان با بڵێن پێیان نەکردووم !! کەسیشم نەئەبینیی کە ئەو بکات لەهەموو ئەو زیندانیانەی کە چووبوومە ناوی لە تورکیا گوێم لەکەس نەبووە کەکاری وەک ڕەجائی بکات ، گوێ بگرن بزانن کە ئەمە چۆن ڕووی دا ؟ کەلەلایەن لیژنە ئیتاڵیەکەوە نامەی وەڵامی بۆ هاتەوە کەکەی ئەگەنە جێ ، من لەگەڵیدا بووم تەلەفوونی کرد بۆ نووسینگەکە کە ئۆتۆمبێل دەدات بەکرێ ن وداوای سێ ئۆتۆمبێلی کرد بەشووفێرەوە وداوای کرد کەمۆدێلیان بەرز بێ ئەو ئافرەتەشیش هەڵخەڵتاند کە لەماڵەوە کارەکەری بۆ ئەکرد و ئەویشی هێنا لەگەڵماندا وتی :

-" ئەمڕۆ هەواکەی خۆشە وەرە پیاسە بکەین ... ".

ئەو کابرایەش هات کەزمانی ئەزانی کچە سکرتێرەکەش بووین بە پێنج کەس ووتی :



Scanned by CamScanner

-" هەتا ژمارەمان زۆر بێ بۆ پێشوازی کردنیان چاکترە ، شۆفێرەکانیش بە خۆیان وئۆتۆمبێلەکانیانەوە هاتن کە بە کرێچی گرتبوون ، سوار بووین ، چووین بۆ بەخێر هاتنی ئیتاڵیەکان لەفڕۆکە خانە لەرێگادا داوای لە شۆفێرەکان کرد کە بوەستێ دابەزی وکابرایەکی وەستاند لە ڕێگا وتی ناسیاومە قۆلی کابرای گرت وهێنایە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە بەشۆفێرەکەی وت :

-" لێخوڕە ...".

کابراکە وتی :

- "زۆر سەرم قاڵە ..." .

ڕەجائی هەڵی خەڵتاند ووتی :

-" وەرەکاتێکی خۆش بەسەر ئەبەین ...زوو یەینەوە ".

گەیشتینە فرۆکە خانە و فڕۆکە خانەی ئەستەنبوڵ ئافرەتەکەی کە کارەکەر بوو ، لەگەڵ ئەو پابوەی لە ڕێگا سەری خست نەیان ئەزانی بۆچی ئەچین بۆ فڕۆکە خانە ، چاوەڕوان کراوەکە گەیشت بەڵام چونکە شێوەی نە ئەزانین بە ئامێری دەنگ گەورەکەر بانگی کردن بەم شێوەیە پێشوزایمان لەچوار ئیتاڵی کرد پێش ئەوەی سەر بکەوینە ئۆتۆمبێلەکانەوە بەیەکتری ناساندین ڕەجائی بەتوورکی قسەی ئەکرد و کابرای جولەکەش ئەکرد بە ئیتاڵی ڕ'جائی ئاماژەی بەمن دا و وتی :

-" ئەمە بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکەمانە ! ".

تەوقەم لەگەڵ کابرا کرد و ڕووی کردە کارەکەرەکە ووتی :

-" ئەمەیش بەڕێوبەری گشتی پەیوەندیەکانە .. ".

پاشان ئاماژەی بە کابرای ڕێگا دا ووتی ئەمەش ڕاوێژکاری کۆمپانیاکەمانە وئاماژەی بەکچەکەش دا ووتی :

-" ئەمەش سکرتێرەکەمانە ...".

یەکترمان ناسی و سورای ئۆتۆمبێل بووین ، یەکێ لە ئیتاڵیەکان ن لەگەڵ من ورەجائی و وەرگێڕەکەدا سەرکەوت لەیەکێ لە ئۆتۆمبێلەکاندا ، و وتی :

-" جارێ شوێنی کارەکەمتان نیشان ئەدەم و دوایی ئەتانبەم بۆ ئوتێل ... ئێوارەش لەسەر نان خواردن باسی کارەکە دەکەین ، لەبەردەم یەکێک لە باڵەخانە بازرگانیەکاندا وەستاین و چووینە ناو بیناکەوە لەگەڵیاندا ن ڕەجائی قۆڵی کرد بەقۆڵێ ئەو ئیتاڵیەی کە دیار بوو گەورەی لیژنەکە بووە وەرگێڕەکەش بەدوایانەوە ئێمەش دوایان کەوتین ، سکرتێرەکەش بەتەنیشت منەوە بوو لێم پرسی کە ئایا ئەم ئیتاڵیانە بۆچی هاتوون ؟ کچەکە زۆر سەری سوڕما لەم پرسیارەم چونکە بەحیساب ا بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیەکەم !! ا وتی :



Scanned by CamScanner





-" هاتوون لەگەڵ ڕەجائی دا کۆمەڵێک فیلمی سینەمایی دەرکەن ، و پارەیەکی زۆری تیایدا وەبەرنەهێنن ".

ڕەجائی نەیبردنە سەرەوە خۆی رد بە ڕێڕەوەکاندا ولەوێ دەرگایەکی کردەوە و دیار بوو کە چێشتخانەیەک بوو ن لەناو بینا بازرگانیەکەدا ، بە ئیتاڵیەکانی تەنیشتی وت :

-" ئەمە چێشتخانەی فەرمانبەرکانمانە ڕۆژانە 200 فەرمانبەری ئێمە لەم چێشتخانەیە نان ئەخۆن ".

دەرگاکەی داخست و جولەکەکەش ئەوقسانەی وەرگێڕا بۆ ئیتاڵیەکان ، دەرگایەکی تری کردەوە دیار بوو کە سەرتاشخانە بوو کرابوو بە دووبەشەوە بەشێکیان بۆ ئافرەتان بوو ئەوی تریشیان بۆ پیاوان ڕەجائی زەردەخەنەیەکی کرد ودەستی بەرز کردەوە سەلامی لێ کردن وتی :

-" ڕۆژتان باش خوا قوەتان بدات .. ".

ئەوانەی کە لەوێ بوون بە پیاو ژنەوە سەرتاشەکانەوە سەریان سوڕما بوو لەو سەلام کردنە وایان زانی کە ڕۆژنامە نوس و جەماعەتی تەلەفزیۆن هاتوون سەردانیان بکەن ، وەڵامی سەلامەکەیان دایەوە ڕجائی بەئیتاڵیەکەی تەنیشتی وت :

-" ئەمە شوێنی خۆ جوان کردنی کارمەندانی کۆمپانیاکەمانە ! ".

ئەو دەرگایەشی داخست و دەرگایەکی تری کردەوە و ەئەویش شوێنی چاکردنی کورسی ومێز بوو کەڕەجائی دەرگاکەی تری کردەوە خاوەن کارەکە وتی :

-" فەرموون ...!! ".

ڕەجائی وتی :

-" خوا قوتتان بدات ! سوپاس .. " .

بە ئیتاڵیەکەی وت :

-" ئەمە وەرشەی دیکۆراتی کۆمپانیەکەمانە .. ".

دەرگایەکی تری کردەوە شوێنێکی دروست کردنی چوارچێوە و ئاوێنە بوو ، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی :

- " کوڕینە ئەم کاتەتان باش .. ".

بە ئیتاڵیەکەی وت ئەمەش زانراوە کە کوێیە !! بەدەنگێکی زۆر نزمەوە وای وت بۆیە کرێکارەکان گوێیان لێ نەبوو ئەم جارەیان ژووری بەرگدروویەکی کردەوە هەمان شت سڵاوی لێکردن و بە ئیتاڵیەکەی وت ئەمە بەرگدرووی جلەکانە بەڵام کاتێ دەرگایەکی تری کردەوە بینی کە قاوەخانەیە کە سەدان کەس تیایدا دانیشتووە لەبەر بۆن و دووکەڵی نێرگەلەو جگەرە و غەڵبەغەڵب نەئەبینران و نەئەبیستران شوێنێکە زۆر قەرەباڵغ بوو لەدڵی خۆمدا ووتم " ئەرە وەڵا کەوتینە داوەکەوە ئێستا چی بە کابرا ئەڵێی ئەڵێی ئێرە کوێیە ؟ " ڕەجائی خۆی تێک نەدا ووتی :



Scanned by CamScanner

-" لێرە هونەرمەنـدەکانمان کـاتی خـۆش بەسـەر ئەبـەن تاکـاتی ئـیش کـردن بـە هـۆی مەسعەدەوە سەرکەوتینە سەرەوە بۆ قاتی دووەم لەوێ ژمارەیەک ژوور و نوسینگەی پارێزەرانی لێ بوو ، ڕەجائی بەکابرای ئیتالّی وت کە ئەم قاتەی بۆ پارێزەرانی کۆمپانیەکە دابین کردووە ، چووینە نهۆمی سێ و لەوێ بەدەست گوشینێکی زۆر گەرمەوە سلاّوی لەکابرایەک کرد و لەو کاتەدا لە ژوورەکە هاتە دەرەوە وەک ئەوەی زۆر برادەری بێ وپێی وت :

-" مەرحەبا قوربان ... ئەحواڵتان چۆنە ؟ " .

کابرای نوسینگەش بەهەمان گەرمیەوە وەلاّمی سلاّوەکەی دایەوە و وتی :

-" سوپاس بۆ خوا حاڵی ئێوە چۆنە ...؟! داواکاریتان چیە ؟ " .

ڕەجائی ئیمەی برد و لێ دوورکەوتەوە ووتی :

-" خوا تەندروستیتان باتێ و سەلامەتان بکات " .

ڕەجائی بە ئیتاڵیەکەی وت :

-" ئەمە یەکێکە لە تاقمی سکرتاریتەکەمان ".

ئەم جارەیان ئیتاڵیەکە پێش ڕەجائی کەوت و دەرگایەکی کردەوە بەوێنی شوێنەکە دیار بوو کە ئەوشوێنە سەر ئاوە ، کابرا چووە ژوورەوە و رجائی هەر ئەیوت ئەمە سەر بەکۆمپانیەکەمانە ، ئیتاڵیەکە دوای ئەوەی کەکاری خۆی کرد ، دیار بوو کە زۆر تەنگاو ببوو ، بۆیە ئیسراحەتی تەواوی کرد ، ڕەجائی کۆمەڵێ دەرگای کردەوە ووتی ئەمانە دووکانەکانی سەر کۆمپانیان ، باڵەخانە بازرگانیەکە زۆر گەورە بوو ، نەی ئەتوانی هەموو ژوورەکانیان نیشان بدات چونکە دوای میوانەکان هیلاک ئەکرد ، هەرچەندە زۆربەی ژوورە و نوسینگەو وەرشەکانی نیشان دان ، بەلاّم ژوورەکەی خۆی نیشان نەدان ، دوایی دابەزی لەگەڵیاندا بۆ خوارەوە و سواری ئوتۆمبێل بوون و ڕۆیشتن ، من نەڕۆیشتم لەگەڵیان ، هەرچەند ئەچووم بۆ لای ڕەجائی بڕێک پارەی ئەدامێ کە بەشی ئەوەی نە ئەکرد کە سەفەری پێ بکەم لە ئەستەنبوڵەوە بۆ شوێنێکی تر کە و کارێک دا بمەزرێنم لەوێ ، ئەو پارەی کەم کەم ئەدامێ تاوەکو هەست بەدەوڵمەندی بکات ، بەمە زۆر ئازاری منی ئەدا ، وەمەبەستی بوو ، نازانم ئەگەر ڕێکەوتنی لەگەڵ ئیتاڵیەکان کردبێ یان نا ؟ بەلاّم ئەمزانی کەئەومەبەستی ئەوەیە کلاّوێک بدورێ ، زبانی پێبگەینێ ، وبیسەلمێنێ کە لەو زیرەکترە کابرای وەرگێرم وت کە لەوێ دانیشتبوو سەیری نامەکانی ڕەجائی ئەکرد کە ڕەجائی لە کوێیە ؟ وتی :

-" زیاتر لەهەفتەیەکە نەهاتووە دیار نیە ... ".

پاشان وتی :

-" دیسانەوە ئێوەش کەناریتان کریوە ؟ ".

منیش بۆ ئەوەی بزانم کە مەسەلەی ئەم کەناریانە چییە ؟ ووتم :



Scanned by CamScanner





-" بەڵێ .. ".

وتی :

-" هەموو ڕۆژێ نزیکەی 10 کەس یەن و ئەڵێین کەنارییەکان ڕەنگیان بووە بە قاوەیی لەبەیانیەوە تا ئێوارە یەن بۆ ئێرە سکاڵایان هەیە ئابڕوو چوونی وا نە بینراوە ! بۆچی کەناری قووماشە تاوەکو ڕەنگی کاڵ بێتەوە ؟ ڕاستە وەختی خۆی کابرا کەرەکەی بۆیە کرد و بە ئەسپ ببە باوکی فرۆشت بەڵام ئەم سەگ بابە دانیشتووە چۆلەکە بۆیاخ ئەکات و بە حیسابی کەناری ئەیان فرۆشێت ! ، منیش بەدەست ئەم خەڵکەوە لێرەیا گیرم خواردەوە ؟ ".

زۆر لەمەبەستی تێ نەئەگەیشتم بەتەواوی ئێوارە چووم بۆماڵی ڕەجائی کەبینمی وەکو هەموو جارێ وتی :

-" ئا باش بوو هاتیت ، لەوەختی خۆیا هاتیت !! ".

منیش وەکو هەموو جارێ وام ئەزانی کەخوا هیدایەتی یاوە و هاتۆتەوە ، سەر ڕێی ڕاست وتم :

-" چی بووە ...؟ ".

وتی :

-" سەبەینێ کونگریەکی ڕۆژنامەوانی ئەبەستین !! ".

پێکەنین دای گرتم ونەمتوانی زاڵ بم بەسەرخۆمدا ، پێکەنینەکەم درێژەی کێشا ڕەجائی بەتەمایە لە خۆشترین ئوتێلی ئەستەنبوڵ کۆنگرەیەکی ڕۆنامەوانی ببەستێ وتی :

-" ڕامەبوێرە ..! ئەبێ بەیانی تۆش بێت ، وا باشترە ئەمشەو لێرە بمێنیتەوە تاوەکوبەیانی بەیەکەوە ئەچین بۆ کۆنگرەکە ".

بەردەوام بوو و وتی :

-" ئەی باسی یاسای وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانیم بۆ نەکردی لە وولاتەکەماندا بەم زووانە دەرئەچێ ..؟ سێ سەرمایەداری و خاوەن کاری ئەمریکی هاتوون بۆ لام ، ئەیانەوێ کە سوود وەربگرن لەم یاسایە و پارەیەکی زۆر وە بەرهەم بهێنن ! ".

وتم :

-" ئەی تۆ لەم بارەدا هەڵوێستت چی ئەبێ ؟ ".

وتی :

-" ئەوە ئەکەم کە هەمیشە ئەیکەم ( ساختەکاری ) ئەیانەوێ شەریکیان بۆبدۆزمەوە لەم کارەدا " .

وتم :

-" ئەی تۆ چی ئەکەیت ...؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner





-" منیش هاوبەشیان بۆ ئەدۆزمەوە " .
ئەم زانی ساختەکارییەکە لەکوباییە کە شەریکی سەرمایەیان بۆ بدۆزیتەوە بەلام دیار کەزۆرم مابوو تا لەم سەگبابە تێبگەم بەتەواوتی .. وتم :
-" چۆن ئەیان دۆزیتەوە ..؟؟! ".
وتی :
-" ئەی کۆنگرە بۆچی ئەبەستم ؟ دوای کۆنگرەکە هەواڵی ئارەزووی ئەو خاوەن سەرمایانە بلاودەکرێتەوە لە رۆژنامەکاندا ئەو کاتە بزانە خەڵک چۆن وەک هەنگ دەورئەیەن ! ".
یەکەم جار بوو لە ژیانمدا بچمە ئوتێلێکی ئاوا ئاست بەرزەوە لەهۆڵێکی گەورە کۆنگرەی رۆژنامەنووسیەکە بەسترا لەناو ئوتێلەکەدا هۆڵەکە پڕ بوو لە رۆژنامە نووس وێنەگری زۆریشی لێ بوو من لە ترسی ئەوەی کە یەکێک بمناسێتەوە وە لە پشتی هەموویانەوە دانیشتم ، خواردنەوەیەکی زۆر پێشکەش بە ئامادەبوان کرا سێ ئەمریکیەکەش کە رەجائی دۆزی بونیەوە تا ببن بە هاوبەش لەگەڵ ئیتالیەکاندا ئەوانیش دانیشتبوون ، رەجائی دەستی بەقسەکردن کرد دوای ئەوەی بۆ ئامادەبوانی روون کردەوە گرنگی یاسای وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانی روون کردەوە کە رێو شوێنەکان چین وبۆ سوود وەرگرتن لەم یاسایە ؟ وە ئارەزووی میوانە ئەمریکیەکانی راگەیاند لە خستنە کاری سەرمایەکەیان لە تورکیا پاشان ئەمریکیەکان کەبەیەکەوە کەوتنە قسەکردن ، کابرای جولەکەش ووتارەکانی لەتوورکیەوە وەرئەگێرا وبە پێچەوانەوە ، دوای تەواو بوونی ووتارەکانیان رۆژنامەنووسەکن پرسیاران دابارانید ، کە لە چ بوارێکدا سەرمایەکانیان دەخەنە گەڕ ؟ یەکێکان وەڵامی دایەوە وتی :
-" لە بواری زۆر فراواندا کارگەی گەورە ئەکەنەوە بە پاڵپشتی کەرەسە سەرکیەکانی تورکیا ا کارگەی چی ؟!!! ".

ئەمریکیەکان نەیانتوانی بە هیچ شێوەیەک روونی بکەنەوە کە کارگەی چی دا ئەمەزرێنن ؟ بەلام ووتیان دوای راوێژ کردن لەگەڵ شەرمایەدارە توورکەکاندا ئەگەنە ئەو ئەنجامە !!یەکێکیان وتی ئەو پشتگیری ئەو پیشەسازییانە دەکات کە دووکەڵی نەبێ واتە سەرمایەکەی لەبواری گەشت و گوزاری دا دەخاتە کار وێنەگرەکان وێنەیەکی یەکجار زۆریان بۆ خاوەن سەرمایەکان گرت کۆنگرەکە تەواو بوو ئامادەبووان و رۆژنامەنوسان رۆیشتن منیش زۆر ئاسوودە بووم چونکە کەسی لێ نەبوو بم ناسێتەوە رەجائی وتی :
-" ئەم ئێوارەیە لەگەڵ ئەمریکیەکاندا ئەمێنێتەوە و ئێوارەی رۆژی دواتر لەماڵی خۆمان ئەت بینمەوە ".



Scanned by CamScanner





ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان وێنە وقسەکانی سێ ئەمریکیەکەیان بڵاو کردەوە وبانگەشەی سەرمایە دارە توورکەکانیان دەکرد بۆ هاوبەشی کردنی کار لەگەڵیاندا بەوەی کەسەرمایەکە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بێ و دەست وبەریش لەلایەن تورکەکانەوە بێت ، بۆ ماوەی هەفتەیەک لە ئوتێلکە دەمێننەوە تاوەکو پێشنیارەکان تاوتوێ دەکەن !! .

ئێوارەی ڕۆژی دواتر چووم بۆ ماڵی ڕەجائی ڕۆژنامەکانی هەموو کڕیبوو کەسەیریانم کرد بینیم کە گرنگیەکی زۆریان داوە بەکۆنگرەکە تەنها دانەیەکیان نەبێ کە کارەکەی بەپێی ڕابواردنەوە بڵاو کردبووەوە ، نووسیبوی کە ئەمریکیەکان ئەیانەوێ پیشەسازی بێ دوکەڵ دروست بکەن وبەکاری بهێنن ئەیانەوێ پیشەسازی لوک بکەن بەڕجائیم وت :

-" پیشەسازی لوک چییە ؟ ".

وتی :

-" دروست کردنی بنێشتە ".

لەو کاتە لەم هەواڵەی ئەم ڕۆژنامەیە زۆر توورە بووم و وتم :

- "چەند بێ شەرەفن ... " .

ڕەجائی وتی :

-" بەپێچەوانەوە ! ئەمە تەنیا ڕۆژنامەیە کە هەواڵەکە بە ڕاستی بڵاوکردوتەوە تۆیش پیان ئەڵێت بێ شەرەف ......؟! ".

وتم :

- " ڕاستی چی ؟! سێ ئەمریکی سەرمایەدار لەبنی دنیایەوە بۆ وولاتەکەمان هاتوون بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان بخەنە کار و ڕۆژنامەکەش وا ئەڵێ ..؟! ".

ڕەجائی وتی :

-" بابە گیان کێ لە ئەمریکاوە هاتووە ..؟ ".

وتم :

- "ئەو سێ ئەمریکیە سەرمایەدارە ....!! ".

وتی :

-" سەرمایەداری چی ...؟ یەکێکان لێرە عەریفە ودوومیان دەریاوانە و سێیەمیان ئەمریکی نیە بەڵام ئینگلیزی باش ئەزانێ شەوێکیان ناسیم وناردم بۆ ئوتێلەکە لە یەکێ لەووڵاتەکانی ئەمریکای باشوورەوە هاتووە هەر ناش زانم کەناوی وولاتەکە چییە ؟ لەگەڵ خۆیدا سێ چوار ئافرەتی خۆ ڕووت کەرەوەی هێناوە بۆ ئێرە تاوەکو لەمەلهاکاندا کار بکەن ، ئەمەی سێیەمیان گەوادە ؟ ".

هاوارێکم لێ بەرز بووەوە وتم :



Scanned by CamScanner

-" تف لەعنەتی خوات .....لێ بێ باوەڕت بەو هەموو خەڵکە هێنا ؟!!! کەئەمانە سەرمایەدارن و هاتوون سەرمایەکانیان بخەنە کارەوە ؟؟! ".

وتی :

-" ئەوەتا یەکێ لە ڕۆژنامەکان ئەم کڵاوەی نەچۆتە سەر وەک خۆت بینیت ئاوا ! ".

وتم :

-" باشە ئەمەت بۆ کرد ؟ ".

وتی :

-" کاکە چەند جارت بۆ باس کردیت ؟ ئەم یاسای وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانیە دەرچووە یان نا ؟ پارەیەکی زۆر دەڕژێتە ناوەڕاستی ژوورەکەوە دەرگا و پەنجەرەکە کراوەتەوە و ڕەشەبایە خەڵکەکە زوڵن بەدوای پارە ڕاکردووەکەدا ڕائەکەن مادام یاسایەکی واهەیە منیش زۆر ڕێز لەیاسا دەگرم ! کەواتە ئەمەوێ سوود لەم یاسایە وەربگرم هاوڕێکەم " .

لەدڵی خۆمدا وتم " چی لەمێشکی ئەم سەگەدا هەیە بەخەیاڵی شەیتاندا نایەت ؟؟!!! " . وتم :

-" هەتیوو ئەترسم لیژنە ئیتاڵیەکەش ئیتاڵی نەبن ... و ئەو جولەکانە بن کەلای خۆمان لە گەڕکی تەپە باشی

دانیشتوون ؟؟!!! ".

ووتی :

-" نا ... ئەوانە بەڕاستی ئیتاڵی بوون تۆیش بینیتن کەلەفڕۆکە دابەزین .. ".

وتم :

-" ئەی چیت لەوان کرد ؟ " .

وتی :

- "هیچ کاریان تەواو بووە ، ناردمنەوە بۆ ئیتاڵیا بەم نزیکانە ئەچم بۆ لایان ڕێکەوتنێکیان لەگەڵدا دەکەم ".

دوای تۆزێک بێ دەنگی وتی :

-" واز لەمە بێنە ...و با بگەڕێنەوە سەر کاری خۆمان " .

وتم :

-" کام کار ...؟؟ ".

وتی :

-" ئەو چۆلەکانەی کە کردمن بە کەناری ئاشکرا بوون ! ".

وتم :



Scanned by CamScanner

-" تێناگەم ....؟!!".

کاتێ کەباسی بۆ ئەکردم زۆر سەرم سوورما بوو ئەوکاتە زانیم کە ئەو قسەیەی وەکو مەتەڵ ئەیکرد لەگەڵ سکرتێرەکەدا کاتێ کەیەکەم جار چووم بۆ نووسینگەکە و پاشان هەمان مەتەڵی لەگەڵ ئافرەتی ماڵەکە ئەچوو چۆلەکەکەی ئەکڕێ و بیبەری سووری تونی ئەدایەوە و لەگەڵ چەند کەرەستەیەکی تردا تێکەڵاوی ئەکرد و کاری سکرتێرەکەش ئەوە بوو کە بیان هاڕێت و بیدات بە چۆلەکەکان ئەو سکرتێرەیە ڕۆژی چەند کیلۆیەک بیبەری توونی ئەکڕی وئەیدائێ ئافرەتەکەی ناو ماڵیشی هەمان کاری ئەنجام ئەدا لەگەڵ چۆلەکەکانی ماڵەوە کاتێ کە ئەو باڵندە داماوانە ئەوەیان ئەخوارد پەڕوباڵیان سوور هەڵ ئەگەڕا ڕەجائیش بەحیسابی کەنارییەکی زۆر گران بەها ئەی فرۆشت ، کە زۆر دەگمەن و زۆر جوانەی لەوەی کە ئەیکڕی و ئەیبردەوە بۆ ماڵەوە هەفتەیەک یان دووان چاوەڕێی ئەکرد دوایی بۆی دەرئەکەوت کە ڕەنگەکەی ئەبێ بەقاوەیی بەرگەی ئەو فێڵەی نەئەگرت و ڕای ئەکرد بۆ نوسینگەکەی ڕەجائی بۆیە ئەمیش نەئەچوو ، ئینجا ووتی :

-" بەڕاستی نازانم ئەم چەند ڕۆژە لەگەڵ مندا بمێنیتەوە ".

شتێک هەبوو کە زۆر سەرنجی ڕاکێشابووم ئەوەی کە ئەم هەموو کارە ساختە گەورەیە بکات چ پێویستی بەوەیە چۆلەکە بکات بەکەناری و بیفرۆشێ ..؟ کە پرسیاری ئەمەم لێ کرد وتی :

-" جارێ با بچین بۆ شوێنێک و نانێک بخۆین . پاشانم بۆت ڕوون ئەکەمەوە ".

چووین بۆ مەشروب خانەیەک دوای ئەوە کە خەیاڵ بوو وتی :

- " کە کەنارییەکانت بینی لەماڵەکەم و لە نووسینگەکەم پرسیاری ئەوەت لێ کردم کە حەزم لە بەخێو کردنیانە ؟".

وتم :

-" بەڵێ ...؟! ".

ووتی :

-" من ئەم کارانە ناکەم بۆ پارە پەیدا کردن ، بەڵکو بۆ چێژ وەرگرتن لەسەر کەوتنی کارەکە بۆ نمونە فەرمانبەرێک هەموو ژیانی لەپشت کورسی و مێزێک ئەباتە سەر ناتوانێ پیشەکەی بگۆڕێ هەتا ماوە ، چونکە بژێوی ژیانی لەسەر ئەوەیە من ناتوانم ئاوا بمێنمەوە حەز ئەکەم هەمیشە لەگۆڕانکاری لە کارەکەمدا بکەم ، کابرای فەرمانبەر تەواو داڕزاوە !! ".

ئەوەی کە زۆر سەیر بوو کە بەنیازنەبوو پارەی بیبەرەکان بدات ! وتم :

-" من قەت لەقوتابخانە بەتەواوی نەمانسیوی ... ".

بەزەردەخەنەیەکەوە وتی :

-" بەڵام لەداوییدا زۆرباش یەکترمان ناسی وا نیە ....؟ ".



Scanned by CamScanner

زۆرمان خواردەوە وتم :

-" من بەهیچ شوێنەیەک نەمتوانیوە خۆم لە چنگی پۆلیس رزگار بکەم ، هەرچەند کە نەم ویستووە کارێکی خراپ ئەنجام بدەم ئەمەوێ بەشەرف و بەپاکی کارێک بدۆزمەوە بژێوی ژیانی خۆمم دەست کەوێ ئەمە هەموو ئاواتی منە ،بەلأم هەرچییەک ئەکەم هەر بە ساختە لەقەڵەم ئەدرێ " .

وتی :

-" تێگەیشتم ، ئەتەوێ بڵێی کە تۆ ئەو تاوانەت ئەنجام نەداوە بێ ئەوەی بە ویستی خۆت بێ ، واتە بە ئارەزووی خۆت نەت کردووە ؟ بەلأم من ساختە لەهەموو کەسێک ئەکەم بە مەبەستیشەوەیە ، بەلأم دەستگیر ناکرێم ؟ وانیە ؟ تۆ ناتەوێ وا بڵێی ؟ " .

وتم :

- " با ..... " .

وتی :

-" باپێت بڵێم چەند هۆیەک هەیە بۆ ئەمە پێش هەموو شتێ من کاری دووبارە ولە یەک چوو ناکەم چونکە وەک پێم وتی حەزم بەگۆڕانکاریە ، هەر کارێکی ساختە کە ئەیکەم جیاوازە لەوانەی دیکە ، بەلأم خاوەن رابردووەکان ژیانی بەدووبارە کردنەوەی هەمان کارە بەسەر دەبەن بۆیە زۆر بەئاسانی دەستگیر دەکرێن ، چونکە هەر وەک خۆتت بۆت باس کردم ولە رۆژنامەکانیشدا خوێندومەتەوە کە هەمیشە تۆ کەسایەتی خەڵک لەبەر خۆت دەکەیت ... " .

رەجائی کە ئەم قسانەی دەکرد ئەتووت وانەیەکم بۆ شی دەکاتەوە و وتی :

-" دیقەت بدە ئەگەر مرۆڤێ بچێ لە دەرەوە نان بخوات ولەسەر مێزێکی دیاری کراو دابنیشێ حەز ئەکات کە هەر جارێک چووەوە بۆ هەمان چێشتخانە لەسەر هەمان مێز نانەکەی بخوات زۆر نیگەران دەبێ ئەگەر ببینێ کەسێکی تر لەسەر مێزەکەی دانیشتووە تێگەیشتی ؟ " .

رەجائی باسی چەندمەسەلەیەکی واقیعی بۆ ئەکردم لە راستیدا بەهۆی ئەم قسانەوە ، وچنکە من خۆم لە زینداندا کەسێکم ناسی کە دزی لەماڵان کردبوو ، زۆر لێهاتوو بوو لە دزیندا بەلأم کاتێ کە ئەچووە سەر ماڵەکەوە کاری خۆی ئەنجام ئەدا چی بەر دەست بکەوتایە ئەیبرد ،پێش ئەوەی بێتە دەرەوە لە ماڵەکە ئەچووە مەتبەخەکەوە دەستی ئەکرد بەخواردنی ئەو خواردنەی کە لەسەلاجەکەدایە و دوایش لەسەر ئاو هەمووی دائەنا و زۆر لەسەر ئەم خووەبەردەوام بوو بۆیەدرەنگ ئەکەوت و دەستگیریان ئەکرد ، نەئەیتوانی کە واز لەو خووی بهێنێ ، هۆی دووەم بۆ دەستگیر نەکردنی رەجائی ئەوە بوو کە چەند کارێکی ئەبەست بەیەکەوە تا ئەو رادەیەی کە کەس نەتوانی لێی دەرباز ببێ ! هەرچەندە ئەو بە هاوبەشی ئەو کارانەی نەئەکرد ، بەلأم لە کارە ئاڵۆزەکەیدا چەند کەسانێکی زۆر تێکەڵاو بەو ووردەکاریە ئەکرد تا ئەو رادەیەی کە زۆر ئەستەم بوو تاوانبار لە لە بێ تاوان جیا بکرێتەوە ، دوایی



Scanned by CamScanner



هۆیەکی تریش ئەوە بوو کە نەی ئەهێشت زووربەی زۆری ئەو کەسانە بەکاری ساختەکارییەکە بزانن ، بۆیە کارەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆز بووە نهێنیەکە لەدەست خۆی دابوو ، ئەگەر ئەوە بەکەڵک نەهاتایە بە تەنیا کاری خۆی دەکرد وەکو بەزمی کەنارییەکە ئاوای لێ کردن !! بەڵام ئێمەی خاوەن ڕابردوو زۆربەی کارەکانمان بەیەکەوە ئەنجام دەدا ، لەمانە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە ئەو چێژی ئەبینی لەو کارە ئەیکرد ، واتە حەزی بەکارەکەی بوو ، بۆیە هەمیشە تازەگەری تیا ئەکرد ، ڕەجائی وتی :

- " من ئەم کارانە بۆ پارە پەیداکردن ناکەم ،چونکە من کارەکەمم خۆش دەوێ بەدڵنیایەوە پارەیەکی باشیشم دەست لێی ئەکەوێ ، بەڵام بەلای منەوە بێ گومان ئامانج دەست کەوتنی پارەکە نیە چونکە هەر هۆت وتت کاری بەڵێندەرایەتی لە کوێ و بازرگانی کەناری لە کوێ ..؟ ".

وتی کە ئەو ئەتوانێ کارێک دابمەزرێنێ و ژیانی ڕێک بخات منیش بڕوام بەوە هەبوو ، بەوەش بڕوام هەبو کە لەئاستێکی زۆر بەرزدا ئەو کارو ژیانە دابمەزرێنێ ، بەڵام ئەو بێزار بوو لە کردنەوەی هەمان کار بەردەوام حەزی بەگۆڕانکاری بوو کاتێ کە باسی ئەوەی کرد کەنەیتوانیوە ئۆتۆمبێلک بکڕێ وتی مۆدیلەکان بەلای منەوە زوو ئەگۆڕێن ئەمەیش هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ نەکردنی ئەو کردارانەی !

دوو هەزار لیرەی دامێ و ڕازی بوو کە لەگەڵمدا بڕوات بۆ سەر شەقامەکە بۆ ئەوەی لەو باری نائاسایە دەربچم بەپەلە بەتایبەت کەنەی ئەویست ناوی بلکێ بەناومەوە دوای شکات کردنی خاوەن کەنارییەکان و لە دەرگادانیان لەلای پۆلیسەوە تاوەکو دەستگیری بکەن ئەو بۆ من نەبوو وای ئەکرد بەڵکو بۆ خۆی بوو ئەگەر لەگەڵ مندا بسووڕیاتەوە گومانی ئەهێنایە سەر خۆی ئەوەندەمن خواردەوە زمانمان قورس بوو بوو ، لەناکاو وتی :

-" ئەزانەی کە من هەمیشە هەستم بەتاوان ئەکرد بەرامبەر تۆ ؟ ".

وتم :

-" بۆ ...؟! ".

وتی :

-" چونکە ئەگەر تۆ نەبووتیایە زووتر دەرئەکرام لەناوەندی وەک لەو کاتەی دەرکرام ".

من بیرم نایەت کە پیاوەتیم هەبووبێ بەسەریەوە ئەیوت کە من دووجار لە تاقی کردنەوەدا پێم وتۆتەوە ، بۆیە لەساڵی یەکەمدا دەرچووە بۆ دوو .. پرسیاری لێ کردم وتی :

-" بەرامبەر ئەو پیاوتیەت ئەزانی من چیم کرد ؟ ".

وتم :

-" چیت کرد ...؟ ".

وتی :

- " خوێریەتی ... "



Scanned by CamScanner

خەریک بوو بڵێم کە ئەوە لە خوێنتایە بەڵام قسەم نەکرد وتی :

- "کاتێ بەجل و بەرگی پاشای چاودێرەوە خۆت کرد بە ژوورەکەماندا کاتێ چوویتە دەرەوە بەگۆچانەکە ئەت کێشا بە زەویدا بەلا ڕێڕەوەکەدا پێچت کردەوە ئێمە کەماڵی زەنگمان نارد بۆ لای ئەفسەری خەفەر تا پێی ڕابگەیێنین کە پاشا بە ژوورەکاندا دەگەڕێ و تاوەکو لەلای ئەفسەرەکە پایەمان هەبێ ، کەماڵی زەنگ هاتەوە ووتی ناوێرم کاری وا بکەم ، بۆیە من لە جیاتی ئەو چووم نەمزانی کە جلی پاشاوە ئەسووڕێتەوە تۆی ! وامان زانی پاشا خۆیەتی ".

ڕەجائی دەستی کرد بەگریان وتی :

-" ئەزام کە تۆ ئێستا بڕوام پێناکەی ئەگەر بم زاناییە تۆی بشیان کوشتمایە نەئەچووم ئەفسەری ئێشکگر خەبەر بکەمەوە ، وام زانی کە ئەفسەری ئێشکگر بەشیر گۆگۆمە بەڵام دیار بوو کە ئەو شەوە کاری هەبوو حەقی مەهدی ڕسپاردووە کە خەفەریاتەکەی بۆ بگرێ ، کاتێ کە لە دەرگاکەم دا و کردمەوە حەقی مەهدیم بینی لەبەردەمدا وا هەستم کرد خەریکە ئەبووڕێمەوە لەبەردەمیدا کە حەقی مەهدی وتی چیە هەتیوو ؟ بەم شەوە بۆ هاتووی بۆ ئێرە ؟زانم لە ترسا لەکار کەوت نەشم ئەتوانی بگەڕێمەوە بەهەزار حاڵ وتم پاشا گەورەم ... پاشا هاواری کرد چی بووە پاشا چی لێهاتووە ؟ وتم پاشا بەژوورەکاندا ئەگەڕێ گەورەم وان بە ڕاکردن گەڕامەوە ژوورەکەی خۆمان بەم شێوەیە حەقی مەهدیش بە دوامدا هات وتۆی گرت من ئەم خراپە کارییەم بەرامبەر کردیت ئەگەر بە مەبەستەوە بێ یان بێ مەبەست ن، ئەگەرە ئەوەن نەکردایە تاوەکولای حەقی مەهدی خۆشەویست بم ، دەر نەئەکرایت لەوێ ! ".

ڕەجائی دەستی کرد بەگریان منیش گریام لەگەڵیدا من زیاتر بۆ ئەوە ئەگریام کە ئەم خوێرییە بە هۆی بڕوانامە ساختەکەیەوە منی خستە ناو زیندانەوە وتی :

-" لە تاقی کردنەوەدا یارمەتیت دام ومنیش بەم خراپە کارییە پاداشتم دایتەوە من لە پۆلەکەمدا دەرچووم وچیم لێ بەسەر هات ؟ من ئێستا ناتوانم ببم بە ئەفسەر ئەمەیش چاک ئەزانم بەڵام تۆ ... ئاخ چەند پەشیمانم بۆ تۆ ... بەهۆی منەوە ... لێم خۆش ببە !! ".

زۆر گریاین هەردووکیشمان سەرخۆش بووین بەڵام هەوڵم دا کە دڵنەوایی ڕجائی بدەمەوە ووتم :

-" تۆ بۆ شتێکی قۆڕ خەفەت ئەخۆیت تۆ ئەم کارەت بەمەبەستەوە نەکردووە ".

دوای ئەوە کە ئەوشتانەی بۆ گێڕامەوە زانیم کە هۆی چییە ئاوا یارمەتیم ئەدات بەپارە پێدان ؟ ، من ئەم بینیوە یارمەتی کەس بدات بەڵام زۆر تکای لێکردم کە هەرچییەکم پێویست بوو یان کە کەوتمە تەنگانەوە بچم بۆ لای ، وەکومنداڵ ئەگریا هەرچەندە من وام ئەزانی کەمانای گریان نازانێ چییە ؟ ووتم :

-" ئەوەی کە بوو بوو گوێ مەدەرێ چی ڕوویداوە تازە تەواو ! ".





لە یانەکە هاتینە دەرەوە و دوای نیوەی شەو دەستمان لەملی یەکتر کرد و هەستم بە سۆزێک ئەکرد بەرامبەری خوا حافیزمان لە یەکتر کرد و ئەوشەوە لایەنێکی شاراوەی ڕەجائیم بۆ دەرکەوت کە لەوەو پێش نەم ئەززانی دوای کە جێم هێشت زۆر گریام ڕەجائی بە شێوەیەک ئەگریا کە لەیویست هەموو تاوانەکانی بەو گریانە بشواتەوە خۆی پاک کردبێتەوە لەو ساختەکاریانەی کە کردوویەتی ، چۆن ئەو لایەنەی مرۆییەی ڕجائیم بۆ دەرنەکەوتبوو ، تاوەکو ئێستا ؟ ڕۆژی دواتر چووم بۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکە بۆ برینی بلیتی دوورتین شوێن لە وولاتدا هەموو بلیتەکان فرۆشرابوو ، زۆر چاوەڕێم کرد لەوێ چەندەها کات ژمێر تێپەڕی و نەم ئەزانی کە چی بکەم ؟ باش بوو وەستابووم چونکە کەسێک پەیدا بوو کە بلیتەکە بەگرانتر ئەفرۆشت ، ئەو پارەیەم دایە کە داوای ئەکرد بەرامبەر بە بلیتەکە و زانیم کە ڕێڕەوەکە بەرەو شاری ئەرزەروومە کە دوور بوو ئەوە باشتر بوو کە بەپێ خۆی بڕۆم لەو شارە وەک ئەوەی کە دوایی بەبێ هۆی یان بەهۆی یەکێک لەتاوانەکانی ڕەجائی بەوە بگیرێم پاشان بنکە بە بنکە بم گێرن و لەئەنجامدا هەر بمنێرن بۆ شوێنێک لە لە ئەرزەرووم دووتر بێ ، چونکە خەڵک زۆر منیان ئەبینی لەگەڵ ڕەجائی دا کاتێ کە ئەو کارە ساختەکارییانەی دەرد بۆیە من دڵنیا نەبووم کەچی ڕوو ئەدات جگە لەوەش ئەگەر هەر کەسێکی تر تاونێکی بکردایەو ئاسایش نەیزانیایە کە کێ بووە ؟ ئەوە بێ گومان پشتە ملی پاشازادەی داماویان ئەگرت و ڕەوانەی زیندانیان یان دەروەی شار ئەکرام وهەمان ئەنجام ئەهات بەدەستەوە .

بەدرێژایی ڕێگا بیرم لە ڕجائی ئەکردەوە وەک لەوەی زیاتر بیرم لەخۆم بکەمەوە ئەگەر ئەو لایەنەی مرۆییەیم بزانیایە بەتێگەیشتنێکی گەورەترەوە مامەڵەم لەگەڵدا ئەکرد ، زانیم کە ناتوانم لەمە زیاتر لە شارە گەورەکاندا بمێنەمەوە ، من خاوەن فایل و ڕابردووم ، پۆلیس قەت مافی ژیانم ناداتێ لێرە لەوانەیە کە لە پارێزیگایەکی کشتوکاڵیەکان لە شارۆچکەیەکی بچووک پێگەیەکی باش بدۆزمەوە لەم گێژاوە ڕزگارم بێ لە ڕابردوو دا ببڕێم و دەست بکەمەوە بە ژیانێکی نوێ من باوەڕم بەوە هەبوو کە ئەتوانم وا بکەم .

لەوشتانەی کە لە پاشازادەوە ڕووی داوە و بۆی ئەگێڕامەوە شتێک هەبوو زۆر سەرنجی ڕائەکێشام ئەویش ئەوەبوو کەمتمانەی بەخۆی نەدۆڕاندبوو ، لەگەڵ ئەوە هەموو بەڵایەش کە بەسەریدا هاتبوو ، بۆ نموونە من ئەمزانی کە کۆتاییەکەی بڕوام بەوە هەبوو کە بیرم لێ ئەکردەوە ئەمزانی کەناتوانێ ئەو ژیانە دابمەزرێنێ کەخۆی ئەیەوێ لە بەر دوو هۆ :

یەکەمیان هەموو کۆتاییەکی سەرنەکەوتوو بۆ هەر کار و ئەزمونێک کە پیایدا تێئەپەڕی کە بۆی باس کردبووم ، دوومیان : ئەگەر سەرکەوتوو بوایە لەئەنجامی تەنها یەکێک لەو کارانە و ئەو ڕووداونەی کە بەسەری هاتووە ئەوا بێ گومان ئێستا ژیانێکی تری ئەبوو ، ئێستا لەزیندان نەئەبوو ! ، منیش بەوەی کە گوێگرێکی باش بووم بۆ ئەو شتانەی کە ڕوویداوە بەسەریدا و بۆی ئەگێڕامەوە هیچ



Scanned by CamScanner





هیوایەکم لەوە نەمابوو کە ئەم بەم تەمەنەشەوە کەیشتبووە ناوی ،هەر هیوای بەوە مابوو کە ڕزگاری ئەبێ و ژیانێکی نوێ دا ئەمەزرێنێ متمانە وبڕوا بە خۆ بوونی کۆتایی نەئەهات !! .



Scanned by CamScanner

پاشازادە



عەزیز نەسین

# ناوە ڕاستەقینەکەت بڵێ ... ؟

نەم ئەزانی بۆ کوێ ئەچم ، لە چ شوێنێکدا دا ئەبەزم کە بزانم باشە وتیایدا جێگیر ئەبم ، دوو هەزار لیرەم پێ بوو ، کە بۆ ئەو زەمانە بڕەپارەیەکی زۆر گەورە بوو ، دوای ئەوە کە ئەنقەرەمان بڕێ و شەمەندەفەرەکە زۆر ڕۆی لەیەکێک لە وێستگەکان وەستا بۆ پشوودانی خەڵکەکە ، شوێنەکە بەلامەوە وەک هەر وێستگەیەک وابوو ، شارۆچکەکە زۆر دوور بوو لەویستگەکەوە ، بەهۆی ئۆتۆمبیلەوە بەڕێ کەوتم بەرەو شارۆچکەکە ، لەبەر هۆیەک دڵم ، ئەم شارۆچکەیەی نەگرت ، دیار بوو کە هۆکە ئەوەبوو ، کە لەئەنقەرەوە نزیکە ئەگەر بمتوانیایە ئەچووم بۆ دوورترین شوێن ، کە کەس نەمناسێ تیایدا ، دوای ئەوە کە وورگم تێر کرد ، چووم بۆ وێستگەی پاسەکان چونکە لە سەرەتای شارۆچکەکە لەئۆتۆمبیلەکە دابەزیم ، وە لەبەر ئەوەی کە ئەو شوێنەی کە پاسەکە بۆی ئەچێ بەلامەوە گرنگ نەبوو ، پرسیاری وادەی دەرچوونی یەکەم پاسم کرد کە بۆ هەر کوێیەک بڕوات ووتیان کەپاسی یەکەم کات ژمێر سێ وچارەکی بەرەبەیان دەرئەچێ بلیتەکەم بڕی و بەڵام نەم توانی بچمە ئۆتێلێکەوە چونکە ئەبوایە ناسنامەم بدایە پێیان بۆ ئەم هۆیە نەڕۆیشتم ئەو شەوەم بە دانیشتن لە چایخانە کان وگەڕان بەناو کۆڵانەکاندا بەسەر برد لەوادەی دەرچوونی پاسەکە لەوێ بووم بیرم لە هیچ شتێک نە ئەکردەوە دەربارەی داهاتووم ، سەفەرەکە زۆر دوور ودرێژ بوو تەنیا جانتا جوانەکەی خۆمم پێ بوو ، قاتێکی زۆر جوانیشم لەبەردابووکە لە ڕەجائیم وەرگرتبوو ، پاسەکەمان هەموو سەری کات ژمێرێک یا دوو کات ژمێر لەوەستا ئێوارەکەی لەشارۆچکەیەکدا وەستا کە زۆربەدڵم بوو تا ئەوڕادەیەی کە بڕیارم دا شانسی خۆمی تیایدا تاقی بکەمەوە هەرچۆنێک بێ بەڵام چونکە زیاتر هەستیشم بەبرسێتی ئەکرد



Scanned by CamScanner





دەسم برد بۆ گیرفانم پارەی لەفەیەک دەربکەم بیکڕم و بیخۆم منداڵێک لەو ناوەدا وەستابوو عەرەبانەی لەفە فرۆشتنی دانابوو تیایدا هەستم بەسەر سوڕمان کرد چونکە دوو هەزار لیرەکە لەگیرفانمدا نەمابوو ، هەرچەندە کە من هەموو پارەکانم لەگیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەمدا دانابوو ، لە گیرفانەکانی تریش گەڕام هەر نەم دۆزییەوە تۆزە ووردەیەکم پێ مابوو ، دیار بوو کە لە کاتی سەرکەوتندا لەناو قەرەباڵغیەکەدا دزێکم لێ پەیدا بووەوە بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ لێی بردووم بەبێ پارەمامەوە ئەبوایە دیسان سەرپاسەکە بکەوتمایەتەوە ،ترس ناخمی داگرت دیسانەوە بەڵام چونکە بەبێ پارە مابوومەوە بەبێ خواردنیش سەفەرەکەم بەڕێ کرد هەستم بەبرسیەتیکی زۆر ئەکرد بیست وچوار سەعات بوو کە بێ خواردن مابوومەوە برسیەتی تەواو وورەی داڕوخاندبووم ئەم جارەشیان لەسەردەستی ئەو دزە هەموو دەرگاکان بەڕوومدا داخرابوون ، ڕێگام بۆ نەمایەوە .

شەو داهات وپاسەکەمان لە ڕێگەی خۆیدا بەردەوام بوو لە ناو تاریکیدا للە نیو شەو نزیک ئەبووینەوە ، پاسەکە لەبەردەم چایخانەیەکدا وەستا و لە ڕێگا دوو کات ژمێری تری مابوو تاوەکو بگاتە شوێنی خۆی ئەم ئەویست کە لە پاسەکە دابەزم بەڵام ناچار بووم چونکە میزم زۆر ئەهات ، ئەم جارەیان بۆ ئەوەی کاری زیاتر ڕوو نەدات جانتاکەیشم لەگەڵ خۆمدا داگرت هەر کە دابەزیم کۆمەڵێک خەڵک بەدەومدا کۆبوونەوە ، لەبەر تاریکی سەروو چاویانم بەباشی نەئەدۆزییەوە ، ووتیان :

- " مامۆستا ... مامۆستا ! ".

دانەیەکیان ئەوانەی تریان لێم دوور خستەوە وچرایەکی بەدەستەوە بوو چراکەی بەرزکردەوە ونزیکی کردەوە لەسەرو چاوم وەک ئەوەی بیەوێ بم ناسێتەوە وخەڵکەکەم پێ بناسێنێ وتی :

-" سوپاس بۆ خوا کەبەسەلامەتی گەیشتە جێ مامۆستا !! ".

زۆر نیگەران بووم خەریک بوو میزم ئەکرد بەخۆمدا لەحاڵێکی وا دا نەبووم کە قسە لەگەڵکەسدا بکەم پاڵم پێوەنان و وتم :

- "بە یارمەتیتان سەر ئاوەکە کوا ؟ ".

کابرایەکی پیر هۆی شڵەژانەکەمی زانی و چراکەی دایە دەست دانەکیان ووتی :

-" ئا سەر ئاوەکە نیشانی مامۆستا بدە " .

گەنجەکە وتی :

- " بفەرموون بەدوامدا مامۆستا .. ".

لەبەردەمم ڕۆیشت بەڕێگادا لەکۆتاییدا توانام نەما ووتم :

-" کاکە گیان ئەتوانم لێرە بیکەم لە هەر شوێنێکدا بێ ، گەنجەکە وتی :

-" ئەستەمە مامۆستا ئا ئەوەتا لەویایە ، گەیشتین ...".



Scanned by CamScanner





من واهەستم ئەکرد کە بەناو کێڵگەیەکدا ئەڕۆین کەهەمووی قورە قاچمان ئەچەقی بە زەویدا وبەسەر بەبەردی گەورەدا بازمان ئەدا وتم :

- " کاکە گیان ناتوانم لەمە زیاتر بڕۆم ئەتوانم لێرەدا بیکەم ... ".

بەڵام گەنجەکە وتی :

- " بەزەییەت بە مندا بێتەوە مامۆستا ... مامە شێخ بزانێ نەم توانیوە بت گەینمە سەر ئاوەکە بەدار گیانم شین و مۆر ئەکاتەوە ، ئەوەتا ئەوەندەی نەماوە گەیشتین ! کە گەنجەکە بینی قاچم لە قوڕەکەدا چەقیوە ویستی جانتاکەم لێ وەربگرێ وەک یارمەتیەک ، بەڵام من لەداوی لەدەست دانی پارەکانم ترسم لێ نیشتبوو بۆیە نەمدایە دەستی گەنجەکە کە زۆر کەڵە ڕەق بوو ، هاوشێوەی نەبوو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە جانتاکەم لێ وەربگرێ و خۆی هەڵی بگرێ ، ماوەیەک هەربەردەوبینەمان بوو ، گەنجەکە لەلایەکەوە ئەو ڕائەکێشا لەلاکەی تریشەوە من ، خەریک بوو میز بکەم بە خۆمدا ، ووتم :

- " کوڕم بەری دە .. ".

وتی :

-" تۆ بەری بدە مامۆستا ! ".

- " پێت ئەڵێم واز بێنە ...! ".

- " بەو خوایە واز ناهێنم ..! ".

-" هەتیو تۆ چ بەڵایەکی خوا بۆ منی ناردووی ... ".

-" عەفووم بکە مامۆستا بەس بەو خوایە بەری نادەم ".

ئەمتوانی واز لە جانتاکە بهێنم بەڵام ئەو لەناو ئەوتاریکیەدا منی گەیاندبووە ناوەڕاستی کێڵگەکەوە ئەگەر بیبردایە وون بوایە ؟ من شوێنەکەیم نەئەزانی ... گیرفانیشم پارەی تیادا نەبوو ، لە داخا ئەمردم ئەگەر جانتاکەش بدزرایە بەلایەنی کەمەوە ئەمتوانی چی لە جانتاکەدایە بمفرۆشتایە ، و پارەی بلیتێکی گەڕانەوەم بۆ ئەستەنبوڵ پەیدابکردایە ، گەنجەکە هەر جانتاکەی گرتبوو تکا وپاڕانەوەی دنیام لێ کرد کە جانتاکە بەربدات و وتم :

- " کوڕم بۆ خاتری خوا جانتاکە بەربدە ...! ".

ووتی :

-" ناوی خوا لەسەر سەرم سوێند مەخۆ مامۆستا وەڵاهی و بیلاهی بەری نادەم ئەه ئەوەتا ئەم جارە من من سوێند ئەخۆم ! " .

زۆر تووڕە بیووم بەهەموو هێزی خۆمەوە هاوارێکم کرد بە سەریدا و وتم :

- " لەعنەت لە مامۆستاکەت ، بەریبدە هەتیوو .... ".



Scanned by CamScanner



ئەوەندە جانتاکەمان ڕاکێشا دەسکەکەی بەدەستمەوە مایەوە ، ئەوی تر کەوتە دەست هەتیوەکە کەوتم بەپشتا و وقاچم بەرز بوویەوە بۆ ئاسمان خۆم لە ڕێگە چۆرە چۆرە میزم ئەکرد بە خۆمدا بەڵام کەکەوتم بەتەواوی ناو گەڵم پڕ بوو لەمیز

گەنجەکە هەڵی ساندمەوە و وتی :

- " ئەوە سەر ئاوەکەیە مامۆستا ... فەرموو .... ".

ئەو سەر ئاوەی کە ئەو باسی ئەکرد بریتی بوو لە چاڵێک کە بەدار وتەختە داپۆشرابوو چراکەی دایە دەستم ، ئەم ئەتوانی ئیتر شەڕی جانتاکەی لەگەڵدا بکەم پاڵی پێوە نامەوە ناو شوێنەکەوە پشتیشم زۆر ئازاری پێ‌گەیبوو لە ئەنجامی کەوتنەکە دەرپێ وپانتۆڵەکەم بەتەواوی تەڕ ببوو وام زانی نیو کات ژمێرە بەرێگەوەین تاگەیشتمە ئەم شوێنەی کە پێی ئەڵێن سەر ئاوو بەڵام لە ڕاستیدا هەمووی پێنج خولەک بوو بەرێوەبووین بەڵام چونکە زۆر تەنگاو بووم وا هەستم کرد کە ڕێگەکە زۆر دوورە ، لەسەر ئاوەکە هاتمە دەرەوە گەنجەکەم نەدۆزییەوە نە گەنجەکە و نە جانتاکە هیچیان دیار نەبوون ، ئەی خوایە ئەمەچییە کە ڕوو ئەدات لە من ؟ ئەگەر بمەوێ بانگی بکەم ... ناوکەیم نەئەزانی چراکەم بەدەستەوە بوو هاوارم لێ کرد ووتم :

-" کوڕم .... گەنجەکە تۆ لەکوێیت ...؟ ".

کۆمەڵێک سەگ وەڵامیان دامەوە وەڕینەکەیان لە وەزینی چل بۆ پەنجا سەگە ئەچوو ، ئەشکرا کە بڵێی کە سەد سەگ بوون ، وەڕینەکەیان نزیک ئەبوویەوە وە لێم زانیم کە وا بەرەو ڕووی من یەن نەمزانی چی بکەم ؟ ڕام کرد ، گوێم لێ بوو یەکێک سەگەکانی لێ دوور ئەخستمەوە ئەیوت " چغ ... چغ " لەناو تاریکیەکەدا ئەو کەسە دەرکەوت ووتی :

- "مامۆستا تۆ بەرەو شاخەکە ڕائەکەیت ... ".

دەنگی کابرام ناسیەوە کوڕە گەنجەکە بوو هات بەرەو پیرم و چراکەی لێ وەرگرتم ولەبەر دەممەوە ڕۆی وتی :

- " زوو لێ بوونەوە مامۆستا ....! ".

وتم :

-" لەکوێ بووی ؟ ".

وتی :

- " کاتێ کەئێوە لەسەر ئاو بوون منیش تۆزێک لەولاوە دەستم بەئاو گەیاند .. ".

گەنجەکە بەبێ وەستان قسەی ئەکرد وئەیوت :

- "سەرۆکی شارەوانیەکەمان خۆی فەرمانی داوە کە ئەم سەر ئاوە لێری دروست بکەین ! کابرایەکی زۆر باشە لە ئێوەی جیا ناکەینەوە ، زۆر چست وچالاکە ، لەڕستیدا سەرۆک شارەوانی مامی منە ...! "



Scanned by CamScanner

کاتێ گەیشتینەوە شوێنی پاسەکە بینیم کە خەڵکێکی زۆر بەچراوە لە وەستاون لەناکاو بەدەورمدا کۆبوونەوە ، خۆم دەرباز کرد لەناویاندا و سەرەنجم دا کە پاسەکە ڕۆیشتووە دەستم کرد بەهاوار کردن ووتم :

-" ئەی هاوار ...پاسەکە ، پاسەکە کوا ؟ ".

وتیان :

-" پاسەکە ڕۆی .... دەمێک ئەبێ ڕۆیشتووە ... ".

وتم :

-" نا ... نا منیش ئەڕۆیشتم .. بەڵام لێرە مامەوە .. ".

وتیان :

-" نەخێر ... ئەبێ لێرە دابەزن .. شوێنتان ئامادەیە ... ".

ئەوەی کەوای پێ وتم دەستی بۆ درێژکردم ووتی :

-" بەندەی دڵسۆزتان سەرۆکی شارەوانیە ... ".

وتی :

-" دەی فەرموومامۆستا بابڕۆین .. ".

سواری عەرەبانەیەکی ئەسپیان کردم و سەرۆکی شارەوانی بەتەنیشتمەوە ووتی :

-" زۆر دڵشادم ئەبن شارۆچکەکەمات بە ویستی خوا ... ".

لەرێگەباسی شارۆچکەکەی بۆ ئەکردم ووتی :

- " ماوەی نێوان شارۆچکەکەمان و ڕێگەکە چارەکێکە جەنابی بەڕێوبەریش ئەهات بۆ پێشوازی لێ کردنت بۆیە بەهۆی دواکەوتنی پاسەکەتان نەمزانی کە کاتی گەیشتنت کات ژمێر چەندە ؟ بۆیە نەیتوانی کە بێت، بەڕێوبەرکەمان کابرایەکی زۆر دڵ باشە ، ئێمە هەفتەیەکە چاوەڕێی هاتنی جەنابت ئەکەین کاتێ کە کە نامەکەتمان پێ گەیشت زۆر دڵشاد بووین بەپەلە هاتینە وێستگەکەوە تاوەکو چاوەڕێتان بکەین وپێشوازیتان لێ بکەین ، لە نیوەڕۆوە ئێمە لەوێ وەستاوین درەنگ هاتن ".

هەرگیز وەڵامی قەسکانیم نەئەدایەوە ، زەردەخەنەیەک گرتبوومی لەوێدا چووینە شارۆچکەکەوە وعەرەبانەکەیان لەبەردەم خانوویەک وەستاند و وتی :

-" فەرموون .. ".

چووینە ناو خانوەکەوە ووتی :

-" چونکە ئوتێل لێرە باش نیە لە ماڵە سادەکەماندا میوانداریتان ئەکەین ... ئەبێ بمان بوورن .. ".

وتم :

- "ئەستەغفیروڵا ، بۆچی داوای لێبوردن دەکەی .؟..؟ ".



Scanned by CamScanner

وتی :

- " ژوورەکەتان ئامادەیە ، لەوە ئەچێ هیلاک و ماندووی ڕێگەکە بن بنوون ئەگەر ویستان !! ".

وتم :

-" خواتەمەنتان درێژ بکات " .

چوومە ئەو ژوورەوە کە بۆیان ئامادە کردبووم جلە میزاویەکانم داکەند وشەو لەوێ ڕاکشام وهەر بیرم لەکارەکە دەکردەوە چی بکەم لەم شارۆچکەیەدا ؟هیچ پارەم پێ نەماوە تاوەکو بڕۆم چی ئەبێ ئەگەر بمێنمەوە ؟ ئەوخەڵکە هەر بەماموٚستا بانگم ئەکەن یان من بەکەسێکی تر تێ دەگەن هەستم کرد کە بەلایەکی تازەم بەسەردا هاتووە بەیانیەکەی کابرای شارەوانی خاوەن ماڵ هات بۆ لام و وتی :

-" بەیانیتان باش ... مامۆستا هیوادرام باش خەوتبێتن وپشوویەکی باشتان دابێت لێرە ... ".

وتی کە بەڕێوبەری قوتابخانەکە هاتووە بۆ ئێرە وچاوەڕێت دەکات لە خوارەوە بەیەکەوە نانی بەیانیش دەخۆین دابەزینەوە خوارەوە چوینە ژووری نانخواردنەکە بەڕێوبەرەکە بەگەرمیەکی زۆرەوە بەخێرهاتنی کردم ، کابرایەکی ڕوو خۆشی سەر سپی بوو خڕپلەو بچووک بوو ، نزیکەی دەیان پازدە ساڵ لە من گەورەتر بوو بەردەوام قسەی دەکرد ، بواری قسەکردنی پێ نەئەدام لەو کاتەدا کوری جەنابی قائیمقام بەسینیەک خواردنەوە هاتە ژوورەوە لەدڵی خۆمدا وتم " باجاری وورگم پڕ بکەم لەخواردن پاشان چیم بەسەردا هاتووە هەموویان بەڕاستی و بەبێ درۆ بۆ ئەگێرمەوە دەبارەی ئەو پارانەی کە لێم دزراوە هەروەها دەربارەی ئەو کە ماموٚستا نیم ئەوەی کە توانیم لە قسەکانی بەڕێوبەرەکە تێ بگەم ئەوەبوو کە قوتابخانەکەی شارۆچکەکە تازە کراوەتەوە بەڕێوبەرەکە بەر لە 15 ڕۆژ لە من هاتووە ووتی کە زۆر سەری لێشواوە چونکە قوتابخانەکە سێ ژوورەوە هیچی تیا نیە ! کابرایەکی زۆر گەشبین بوو ، بڕوای بەوە هەبوو کە بە هەردووکمان قوتابخانەکە ئەڕوات بەڕێوە هەردوکمان هەموو شتێک ئەبین چونکە قوتابخانەکە جێگری بەڕێوبەری و مامۆستای تری نەبوو تەنانەت خزمەت گوزاریشی نەبوو ، وای ئەزانی کە من مامۆستا نورهانم کە چاوەڕێیان ئەکرد ، نورهانیش نامەی بۆ ناردبوون کە هەر ئەو ئێوارەیە ئەگاتە ئەوێ کەمنی تیادا دابەزیم لە پاسەکە باشە ئەبێ چی ڕوویدابێت ، ئەگەر کاک نورهان ئێستا بگاتە ئێرە حەیا چوونە !! بەڕێوبەرەکە وتی :

-" دەست ئەخینە دەستی یەکەوە ئەم کارە بەیەکەوە دەکەین ... ".

بەمێشکی خۆی وای دانابوو کە قائیمقام و پزیشک و شارەوانی و مامۆستای قوتابخانە سەرتاییەکان ئەتوانن بێن و وانەی ناوەندی بڵێنەوە خۆشە !! زۆر گرنگیان پێ ئەدام و زۆر ڕێزیان لێ ئەگرتم ئەترسان کە شوێنەکەم بەدڵ نەبێ و برشۆم ، چونکە خەڵکی ئەم شارۆچکەبە نزیکەی 5 ساڵ بوو کە ئەیان ویست کە ئەم ناوەندەیە بکەنەوە ، منیش ماموٚسا نورهانی بیرکاری بووم دوای بەرچایی بەڕێوبەرەکە وتی :



Scanned by CamScanner



ـ " فەرموون با بچین بۆ قوتابخانەکە من بەردەوام لەخەیاڵی ئەوەدا بووم کە ڕاستی کارەکە بگەینم لەبەڕێوبەرەکە ئەگەر بەتەنیا ماینەوە باشە ئەگەر وام بکەم چی ڕوو ئەدات ؟ ئاشکرایە ئەو کاتە ئەیان وت " کەواتە تۆ مامۆستا ئۆررهان نیت ...باشە دەی برۆ بەڕێی خۆتەوە خوات لەگەڵ بێ " منیش دوو پول لە گیرفانمدا ئەبوو چیم بکردایە بۆ کوێ بچومایە ؟ لە ڕێگە منیان ناساند بە پارێزەر

ووتیان :

-" مامۆستا ئۆرهان ..... مامۆستای بیرکاریە لە ناوەندەیەکە .." .

وتیان :

ـ " پێتان ڕاگەیاندبووین لەنامەکەدا کەماڵ ومنداڵی خۆشتان ئەهێنن ....؟ " .

دیار بوو هەواڵی هاتنی مامۆستا ئۆرهان لەهەموو شارۆچکەکەدا بڵاوبوبۆوە تەنانەت منداڵی سەر پێشکەش ئەیزانێ کەیەت بۆ ئێرە وتم :

-" باجارێ خەمی شوێنی نیشتەجێبوونم بخۆم پاشان بیریش لە ئەوان دەکەمەوە کەیان هێنم یان نا ! "

وتیان :

-" خەمی ئومت نەبێ ، ئێمە بۆت دابین دەکەین ، گرنگ ئەوەیە کە بەڕێزتان هەست بە ئاسوودەیی بکەیت و هیچ کێشە وگرفتێک نەیەتە ڕێت لێرە .." .

قائیمقام وتی :

-" ئەوەتا ئێوە هاتن ... بەیارمەتی خەڵککەیش ئەتوانین بۆ فراون کردنی قوتابخانە کەژوورێک یان دوو ژووری تر دروست بکەین تیایدا ".

بەرێوبەرکەش وتی :

-" جارێ بۆ ماوەیەکی کاتی هەمومان لە ژوورێکدا دائەنیشین ،هەرچۆنێک بێ جە لە من تۆ کەسی تیا نیە جارێ ... ".

گەیشتینە قوتابخانەکە و دوای ئەوەی تیایدا سووڕاینەوە وپاشان چووینە بۆ شارەوانی و قاوەمان خواردەوە سەرۆکی شارەوانی وتی :

-" هیوادارم کە هەر میوانی من بیبت تاوەکو کالاکانت دەگاتەئێرە ماڵێکی شیاوت بۆ ئەگرین بەکرێ کە کەرەستەکانت گەیشت ئەیان گوێزینەوە بۆ ناو ماڵەکەت !! ".

سوپاسم کرد ، چیم بکردایە ،ترسێکی زۆر بەهێز دایگرتبووم لە گەیشتنی لەناوکاوی مامۆستای ئۆرهانی ڕاستەقینە نیوەڕۆ لە چێشتخانە لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی شارۆچکەکە نانی نیوەڕۆمان خوارد ، ڕۆژی یەکەم ئاوا تێپەڕی ئێوارە لەگەڵج سەرۆکی شارەوانی گەڕامەوە ماڵیان یەکەم جار بوو کە بیرم کەساختە بکەم لەپیاوێک ، بەڵێ من پاشازادەی ساختەکارم کە ڕابردووم پڕە لە ڕابردووی تاوانکاری ،

# پاشازاده

عەزیز نەسین



یەکەم شەو بوو ئەو شەوە کە بیرم کردەوە لە ساختەکاری ، دام نابوو ، بەسەرۆکی شارەوانی بڵێم پارەم پێ نەماوە و باری دارایی ئێمەی فەرمانبەران ئاشکرایە بەڵکو بتوانێت 50 لیرەم بداتێ تاوەکوموچەکەم وەرئەگرم ، وئەیدەمەوە ، بێ گومان ئەیدامێ ئەو کاتە منیش سوار پاسەکە دەبووم لەوێ خۆم دەرباز ئەکرد بێئەوەی کەخۆم نیشانی کەس بدەم ، بابگەڕێن بەدواما بم دۆزنەوە ئەگەر توانیان لەوان کەرتر بم ، بەڵام چەند هەوڵم دا وا بکەم هەر نەمتوانی ئەوە بڵێم بەسەرۆکی شارەوانی ڕۆژی دواتر چووم بۆ قوتابخانە بەڕێوبەرەماندوونەناسەکە هەوڵێکی زۆری ئەدا بەبەشداری دوو کەس لەخەڵکی شارۆچکەکە پێم وت :

-" جەنابی بەڕێوبەر ئەمەوێ شتێکت پێ بڵێم .. ".

وتی :

-" بەڵێ ... ئەزانم بەتەمای چی بڵێت ...! ".

زۆر ترسام چۆن زانیان ..؟!! یان ئەوەتا ڕابردووە ناشرینەکەی منیان زانیوە ؟ بەڕێوبەرەکە دەستی خستەسەر شانم و وتی :

-" لێرە جێگای دارمان و بێ هیوایی نابێتەوە ئەگەر بەسوو یا یەک مامۆستا نەبێ ئەم شارۆچکەیەهەڵناسێتەوە هەرچییەک ئەوترێ با وترێ هەموی قسەی قۆڕە ! ئەمەیش لەهەموو ئەوڕپادا کاتی خۆی ڕوویداوە ،".

باسی زۆر شتی جیاوازی کرد وای ئەزانی کەشوێنەکەم بەدڵ نیە ، من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە ڕاستیەکانی پێ بڵێم هەچییەک بێ ! وتم :

-" بەڕێوبەرمن ئەمەوێ شتێکی ترتان بۆ باس بکەم ! ".

کابرایەکی چەنەباز بوو ، وای ئەزانی کە هەموو شتێک ئەزانێ ، وای دا ئەنا کە ئەوشتانە ئەزانێ کەخەڵک بیری لێ ئەکردەوە بواری قسەکردنی پێ نەدام ، وتی :

-" ئەزانم ...ئەزانم !! ".

ئینجا دەستی کرد بەباس کردنی شتی زۆر سەیر ، وتم :

-" ئەوەی کەئەمەوێ بیلێم شتێکی زۆر جیاوازترە لەمانە ...".

وتی :

-" ئەزانم مامۆستا ئەزانم ...! ".

هاوارێکم کرد وتم :

-" نەخێر نازانی ... ! ".

لەناکاو بێدەنگ بوو بەتووڕییەکەوە سەیری کردمی، زۆر سەری سوڕما لە ڕاشکاویەکەم بەمانایەکی تر هەستی بەخەفەت کرد ووتی :



Scanned by CamScanner

-" من گوێم لێتە ... ".

وتم :

- " بەیارمەتیت با بچینە ژوورەوە ".

چووینە ژووری بەڕێوبەرەکە کە تەنیا مێزێک و دووکورسی داری تیا بوو لەسەر کورسیەکان ، دانیشتین جارێکی تر وتی :

-" فەرموو ... گوێم لێتە ... ".

نەمئەزانی چۆن دەست پێ بکەم وتم :

-" جەنابی بەڕێوبەر ... ".

وتی :

-" بەڵێ .. ".

وتم :

-" کێ وتی من مامۆستام ؟ ".

سەری سوڕما وتی :

-" خۆتان ... ".

وتم :

-" کەی ؟ لەکوێ ...؟! من هیچ شتێکی وام نەگوتووە ...واتا ئێستا بچین بۆ دادگا شایەتی ئەوەم لەسەر ئەدەن کە وتوومە من مامۆستام ؟! ".

وتی:

-" بێ گومان ... ! ".

وتم :

-" باشە ...بۆ ؟! من نە بەئێوە ونەبەکەسی ترم نەووتووە کە من مامۆستام .. ".

بەدەنگێکەنزمەوە چرپاندی بەگوێمدا :

-" کەواتە... وای وای ....ئێستا ... بەڵام تۆ نامەت بۆ ناردین ! ".

وتم:

-" نەخێر ... نامەم نە ناردووە ... ".

وتی :

-" با ...نامەکەت گەیشتە دەستمان ".

وتم :

-" یەکەم من ئۆرهان نیم دووەم نامەم بۆ کەس نەناردووە ".



Scanned by CamScanner

کابرا چووە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە پاشان وتی :

-" باشە تۆ کێیت ..؟".

سەرم داخست و قسەم نەکرد وتی :

-" مەگەر تەنیا ...باشە ئێوە پۆلیسی نهێنی نەبن ؟هاتوون تا بەدواچونێکی تایبەت بکەن ؟ بەڵێ منیش بیستوومە کەهەندێ کەس لێرە دەستیان داوەتە فرۆشتنی ماددەی بێهۆش کەر تێگەیشتم ... کەواتە ئێوە هاتوون دوای ئەوانە بکەون وبیانگرن دەستتان خۆش بێ ! ".

بەڕێوبەرەکە ئەیویست شتەکان بەمێشکی خۆی تێ بگات بەمێشکما هات بۆ ساتێ بڵێم " بەڵێ ... هەوەرک باستان کرد من پۆلیسێکی نهێنم و هاتووم بۆ ئێرە بۆۆ بەدواچوونی کارێکی وا " و ڕزگارم بێ لەم شێواندنە ، بۆچرکەیەک یان یەک دووچرکە ئەم شتە بەخەیاڵمدا هات ،بەڵام دوای لەئەنجامەکەی ئەترسام ، وتم:

-" زۆر بەلای ئێوەوە مەبەست و گرنگە بزانن کە من کێم ...؟ ".

وتی :

-" بۆچی پێشتر باسی شتی واتان نەکردوە " .

وتم :

-" بوارێکی واتان پێ نەدام کە باسی بکەم .. ".

لەسەر ئەو بنەمایە بۆ بەرێوبەرەکەم گێڕایەوە کەچیم بەسەرداهاتووە کە چۆن خەڵکەکە لەدەورم کۆبونەتەوە کاتێ کە لە پاسەکە دابەزیم تاوەکو بچم بۆسەر ئاو وتیان " سوپاس بۆ خوا کە بەسەلامەتی گەیشتینە ئێرە مامۆستا گیان " من زۆر تەنگاو بووم بواری ئەوەم بەدەستەوە نەبوو کە بۆیان ڕوون بکەمەوە پاسەکەش دەمێک بوو ڕۆیشتبوو زۆر بەلاشمەوە سەیر بوو کە خەڵکەکە بە مامۆستا ئۆرهان بانگیان دەکردم رشۆژی دواتر ڕاستیەکانم زانی نەمتوانی هیچ بڵێم چونکە بەهۆی ئەوەی دزیم لێ کرابوو بەتەواوی بێ پارەمابوومەوە ، نەم ئەتوانی سەفەرەکەم بۆ شوێنێکی تر بەرێوبەرەکە زۆر سەری سوڕمابوو لەوەی گوێی لێ گرتبووم وتی :

-" ئەهـ ..برا ڕۆ چۆن دز ئەتوانێ پارەی پۆلیسێکی نهێنی وەکو تۆ بدزێ ..؟!! ".

وتم :

-" بەڕێزم من پۆلیسی نهێنی نیم ! ".

وتی :

-" تێگەیشتم ئەزانم ، پێویست بەوە ناکات ن بێگومان کەناتوانی ناسنامەی ڕاستەقینەکەت ئاشکرا بکەی کە پۆلیسی نهێنیت ، کارێکی ئاساییە ، بەڵام بڕواتان هەبێ ، نهێنی ئێوە ئاشکرا نابێت لەلای ئێمە



Scanned by CamScanner





پارێزارو ئەبێ ، وا باشترە کەخۆم وا ڕابهێنم کە هەرگیز بەوە نازانم کە ئێوە پۆلیسی نهێنین بەڵێ بێگومان بەکە ئاگام لێی نیە، وابزانە هیچت پێ نەوتووم ! ".

وتم :

-" جەنابی بەڕێوبەر تکات لێ ئەکەم زۆر لێت ئەپاڕێمەوە بێ گومانم بن کە من پۆلیسی نهێنی نیم ،".

وتی :

-" وا نین ... بێ گومان وانین ... خەمت نەبێ ...وا نین .. ".

کابرایەک بوو پیاوی شێت ئەکرد ، من خۆم لەبەلآیەک ئەترسام ئەوەم کەمە کە بەلآیەکی تر بهێنێتە سەر وتم :

-" دڵنیابە کە پۆلیسی نهێنی نیم !! ".

وتی :

-" بێ گومان ... خەمت نەبێ چۆن کارە ڕاستەقینەکەت ئاشکرا ئەکەم ؟بۆمن ئەوەندە گێل و کەرم ، ئابرووی حوکومەت بەرم ؟ تەنانەت خێزانەکەشم نابێ بەمە بزانێ جاوەرە خەڵکی تر ! چونکە لەوانەیە کەسانێک هەبێ لەگەڵ بازرگانەکانی ئەو ماددانە شەریک بن دوور نیە قائیمقامیش لەوان بێ ، بەینی خۆمان بێت ! ".

وتم :

-" من لەکوێیەوە بزانم ؟ "

بەڵام بێ گومان قسەکەی پێ بڕیم و وتی :

-" تێگەیشتم گەورەم ..... تێگەیشتم".

نەمتوانی باوەڕ بە بەڕێوبەرەکە بهێنم کە پۆلیسی نهێنی نیم ، چونکە ئێستا لە جیاتی ئەوەی پێم بڵێ مامۆستا ئەڵێ گەورەم ! پرسی و وتی :

-" چەندێک لێرە ئەمێنیتەوە گەورەم...؟ ".

بیرم لەوە کردەوە کەپارە لە گیرفانمدا نەماوە وبەوەی کە چۆن پارەم دەست بکەوێ ، بۆ کرێ پاسەکە وتم :

-" نازانم ، جارێ دیار نیە بەڵام بە زووترین کات هەوڵ ئەدەم کە بڕۆم .. ".

وتی :

-" وایە .... کە کارەکەتان تەواو بوو .. ".

وتم :

-" کام کار جەنابی بەڕێوبەر ...؟؟! ،کام کار ؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner

-" عەفووم بکە گەورەم لە دەمم دەرچوو ...نزیکەی چەندێک لێرە ئەمێننەوە ؟ ".

وتم :

- "نازانم ، لەوانەیە شەش مانگ یان ساڵێک لێرە بمێنینەوە ".

وتی :

وەی وەی وەی ، هەر زۆر باشە ... من زۆر دڵخۆشم بەوە ، ئێستا من تکایەکم هەیە لای جەنابتان ؟! ".

وتم :

-" ئەستەغفیروڵا .... تکای چی ؟ ئەمرکە بفەرموون ؟ ".

وتی :

-" کارێکی نیشتمانیە ... ".

وتم :

-" چییە ...؟ ".

وتی :

-" هاوکاریمان بکە ئەو ماوەیەی کە لێرە ئەمێنیتەوە بۆ کارەکەت .. ".

وتم :

-" هاوکاریتان بکەم ؟ چۆن ؟! ".

وتی :

-" بەوەی کە وانە بڵێیتەوە لەقوتابخانەکەمان ، من وەکو لەبینن تەنیام .. بەهەر حاڵ خەڵک وائەزانن کە تۆ مامۆستا ئۆرهانی بیرکاریت ، با ئەوان هەر وا بزانن ، ئەمەش بەرژوەندی تۆ تیادایە تاوەکو خەڵک بەکارە ڕاستەقینەکەت نەزانێ !! ".

کابرا وەکو پاڕانەوە ئەپاڕایەوە وتم :

-" بەڵام جەنابی بەڕێوبەر من بە زووترین کات لێرە ئەڕۆم چونکە خەڵک وا ئەزانن کە من مامۆستا ئۆرهانم ، دوایی چۆن ئەتوانم بڵێم کە من مامۆستا ئۆرهان نیم ؟ من ناتوانم قەناعەت بە ئێوە بکەم ! ".

وتی :

-" ئەزانم ... ئەزانم ، بەڵام ئایا لەبەرژوەندی تۆدا نیە کە خەڵک وا تێبگات ؟ با وا بزانن کە تۆ مامۆستا ئۆرهانی بیرکاریت ، یارمەتیمان بدە با ئەم ناوەندەیە بکەینەوە .. ".

وتم :

-" ئەڕۆم .. ".



Scanned by CamScanner





وتی :

-" تا کاتی رۆیشتنەکەتانیەت ئەگەر مانگێکیش بمێننەوەئەوە لە قازانجی ئێمەیە ، ئەم تکایەم قبول بکەیت ، بەلاَم ووریابە کە بڵێی ناتوانم ئەم کارە بکەم ... بەهەر حالْ ئێمە ناچارین کە لیژنەیەکی ماموٚستا پێک بهێنین کە کارەکەمان بەرێوەبەرن ، ەئمەیش حاڵەکە هەر وەکوخۆت ئەبینیت ، بەتەنیا جێم مەهێڵە ، ... ".

وتم :

-" بەلاَم خەڵکەکە وا ئەزانن کە من ماموٚستا ئۆرهانم ، ئەی ئەگەر ماموٚستا ئۆرهانی راستەقینە هات چی روو ئەدات ئەو کاتە ؟ بێ گومان هەر یەت ...! ".

وتی :

-" یا بێت گەورەم .. تۆژ بڵێیت ئەم دنیایە هەریەک ئۆرهانی تیایە ؟ تۆ ئۆرهانێکیت و ئەویش ئۆرهانێکی ترە ! ".

بەرێوبەرەکە توانی کە قەناعەتم پێبهێنێ ، زۆر بەزەییم پیبادا هاتەوە ، خۆیشم ناچار بووم چونکە هیچ رێگە چارەیەکم لەبەردەمدا نەمابوو ، بۆیە ئەم پێشنیارەم پەسەند کرد ، نهێنیەکە لەنێوان خۆی وخۆمدا مایەوە ، ئەو ئەیزانی کە من ماموٚستا ئۆرهان نیم بەکەسیش ناڵێت نهێنیەکی تریش هەبوو ، کە ئامادە بوو بە کەس نەڵێ ، هەرچەندە کەراست نەبوو ، ئەویش ئەوەیە کە من پۆلیسێکی چاودێری نهێنیم هاتووم بەدوا چوونی ئەو بازرگانانە بکەم ، کەماددەی بێهۆشکەر ئەفرۆشن ،نەمتوانی هەرگیز راستیەکانی پێ بڵێم کە چییە ؟ بە خێرایی و بەماوەیەکی کەم ، دەستم بۆ کارەکە هەڵکرد ولەگەڵ بەردەوام بووند/حەزم لە-کاری وانە وتنەوە کرد و هەستم بەخۆشیەکی زۆر گەورە کرد تیایدا من شتێکتان پێ ئەڵێم :

مرۆڤ درۆیەک دروست ئەکات وکاتێ کە لەو درۆیەدا بەردەوام ئەبێ هەر خۆیشی بروای پێ ئەهێنێ بەر لەخەڵکی تر ئێمەی خاوەن رابردوو تەمەنمان لەزیندان‌دا بردۆتە سەر ئەو راستیەی تەواو ئاگادارین ، زۆر لە هاورێانمان هەن کەبەر لەبیست ساڵ درۆیەکیان کردووە وئەوەندە باسیان کردووە ، خۆیان بروایان پێ هێناوە ، ئەم جۆرە هەستە لەلای خەڵکی چەوساوەیە ئەوانەی کەهیچ رێگە چارەکی رزگار بوونیان نەبوو ، ( لەم ووشانەی پاشازادە وا هەستم کرد کە خۆی بدات بەدەستەوە چونکە بەپێی قسەی خۆی ئەو ناچارە کراوە کە بەو رێگەیدا بروات بۆیە چەوساوەتەوە کەواتە پاشازادە خۆی ئاشکرا دەکات بەزمانی خۆی کە درۆ ئەکات بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت ، چونکە بروای بەدرۆی خۆی کردووە کە دروستی کردووە ، کەواتە پاشازادە کەسێکە خۆی برشوای بەدرۆکانی خۆی هێناوە زیاتر سەرم لەخۆم سورشما بوو کە هەرچەندە بروام پێ نەئەکرد بەلاَم بەتامەزریەکی زۆر گەورەوە گوێم لە رووداوەکانی ئەگرت ) .



Scanned by CamScanner

پاشازادە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە ووتی :

-" منیش لەژێر کاریگەری ئەم هەستەدا وچونکە بەکارە تازەکەمەوە زۆر سەرقاڵ بووم هەموو ورەیەکم زۆر بەزیادە ڕەوی دابووە کاری وانە وتنەوەکە ، بڕوام بەوە هێنا کە من مامۆستا ئۆرهانی وانی بیرکاریم ، بەتایبەتی کە مامۆستا ئۆرهانە ڕاستە قینەکە هەر دیار نەبوو ، نزیکەی مانگێک تێپەڕی بوو بەسەر ئەو نامەیەدا کە ناردبووی گوایە بەڕێگەوەیە بۆ ئێرە ، باشە چی بەسەر ئۆرهان هاتووە ؟ ڕۆژگار تێپەڕی وهەر نەهات، بەڵام ئەگەرهات گرنگ نیە، چونکە بەپێی قسەی بەڕێوبەرەکە من ئۆرهانێکی ترم ، بەپێ بەڵگانامە ناوی ئەو ئۆرهانە ( ڕەشاد ) بوو ، با منیش بۆ نمونە ناوی باوکم ( تەحسین ) بێ بەڵام هەر ترسێک لە ناخما بوو لە هاتنی ئەو کابرایە یان دواکەوتنی ، زۆر حەزم بەوە ئەکرد کە بزانم بۆچی هەر دیار نەبوو ؟ کاتێ کە ئەم ترسەم بە بەڕێوبەرەکە وت ، وتی :

-" تۆ نازانی کاری پەروەردە لەم وولاتەدا چۆن ئەڕوات ، لە وەزارەت کارەکان هەمووی ترشاوە بەسەریەکدا ، لەوانەیە ناوی کاک ئۆرهان بۆ پارێزگایەکی تر دەرچووبێ هەر لەو کاتەدا کە نامەکەی بۆ ناردین کە بەڕێوەیە بۆ ئێرە ، بەلای بەڕێوبەرەکەوە ئەم کارە نا ئاساییە بەلای ڕۆتینی کارە بەڕێوەبردنەوە زۆر ئاساییە ".

ئەیوت کە لەوانەیە درەنگ کەوتنەکەی مامۆستا ئۆرهان هۆیەکی تریش هەبێ وتم :

-" چییە ؟ ".

وتی :

-" ئەم شارۆچکەیە بەلای فەرمانبەر ومامۆستاوە و خەڵکەوە زۆر خوازراو نیە ،ناوچەیەکی کاول بوو و وێرانە و زۆر هەژارە ، بۆ ئەم هۆیە کەسیان نایانەوێ بێت بۆ ئێرە ، بۆ قوتابخانەیەک کە تازە کراوەتەوە دیارە کاک ئۆرهان زۆر نیگەران بووە کە ناوی بۆ ئێرە دەرچووە و لە دەرگای چەند ناسیاوێکی داوە لە بەر پرسانی وەزارەت تاوەکو شوێنی خزمەتکردنی بۆ بگۆڕن ، بەڵام دیارە هەر ئەنجامی نەبووە ، ئەو کاتە ئەویش ناچار بووە کە نامەی هاتنەکەیمان بۆ بنووسێ ، بەناچاری ولەوانەیە هەر لەهەمان ڕۆژدا واستەی سەری گرتبێ و بەهۆی یەکی لە بەرپرسە ناسیاوەکانی ناوەی نێردرابێ بۆیەکێ لەشارە گەورەکان ". وتی :

-" زۆر بیر لەم بابەتە مەکەرەوە بڕواناکەم ئیتر بێت ، ئاشکرایە دوای مانگێ لە کار دەست پێکردنەوە هەر دیار نەبوو ئاشکرایە کە لە شوێنێکی ترە ! ".

بەڕێوبەرەکە بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیام بکاتەوە ترس ودڵە ڕاوکێم نە هێڵێ باسی زۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرەی کرد کەبەسەریدا هاتووە ، لەم بابەتە بۆ نمونە وتی :

" جارێکیان فەرمانی دامەزراندنم لەسێ خوێندنگە لە سێ پارێزگا دەرچووبوو ، لەیەک کاتدا ، ولە کۆتاییدا لەدانەکیان بە مامۆستای ئینگلیزی دانرا تەنیا ووشەی (YES) و (NO) ئەزانێ جارێکیشان



Scanned by CamScanner

دوای مانگێک لەوانە وتنەوە  فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەرچوو بوو لە هەمان ئەو قوتابخانەیەی کە وانەی تیا ئەوتەوە ، بەڵام لەهەمووی خۆشتر ئەوەبوو کە لەم چیرۆکانە ناوی بۆ قوتابخانەیەک هاتبووەوە کە جگە لە خۆی مامۆستای وانەکانی تری تیا نەبوو ، بەڵام هەر ئەو قوتابخانەیە سێ مامۆشتای وەرزشی هەبوو " .

ووتی :
-" ئەم ئیشانە هەر ڕوو دەدات ، ... " .

لە ڕاستیدا شڵەژێنێک هەبوو وەک ئەوەی کە بەڕێوبەرەکە باسی ئەکرد ، منیش نەم ئەزانی کە چی بکەم قوتابخانەکە  تازە کرابۆوە ، دوای دامەزراندنی بەڕێوبەرەکە ئێستا بەڕێوبەرێکی تریش هات ، شتێک بوو کە ئەستەم بوو ڕووبدات ، مامۆستایەک دامەزرابوو بۆۆ قوتابخانەیەک کە دوو بەڕێوبەری هەبوو مامۆستاکەش نەهاتبوو ، لەگەڵ هاتنی بەڕێوبەرە تازەکە جەنگ دەستی پێ کرد ، بۆ دانیشتن لەسەر ئەو تەنیا کورسی و مێزە ، هەریەکیان خۆی بە بەڕێوبەری ڕاستەقینەی قوتابخانەکە دا ئەنا ، و وای دا ئەنا کە بەڕێوبەرەکەی تر ئەبێ لە ڕاستیدا جێگری بەڕێوبەر بێ ، لەوا نەبێشە مامۆستا بێ بێ چاوەڕێکردنی ئاماژەیەک لە وەزارەتەوە بەم سەر لێشواندنە ، بەڕێوبەرە کۆنەکە ژوورەکەی وکارەکەی جێ هێشت ، بۆ بەڕێوبەرە تازەکە ودوای ماوەیەک فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەرچوو ، لە قوتابخانەیەکی تردا ، بەم شێوەیە بەڕێوبەرە کۆنەکە شارۆچکەکەی جێ هێشت ، ئەوەی کە ڕووی دا ڕوویدا ، بەڕێوبەرە کۆنەکە پەیمانی دابوو کە بمکات بە جێگری خۆی ، ان هاوکاری مامۆستای بیرکای وچتکە بەڕێوبەر دەسەڵاتی ئەو جۆرە دیاری کردنانەی هەبوو لەو سەردەمدا ، بۆۆیە مووچەکەم زۆر زیاتر ئەبوو لەو بارانەدا ، ئەمەیش تاوانی تیا نەئەبوو ، زۆر دڵشاد بووم کە کارێکی وا یاسایی ئەکەم لە ژیانمدا  ئیتر مووچەیشی لێ وەر ئەگرم ، ئەم هیوایە بە هاتنی بەڕێوبەرە تازەکە ڕۆیشتنی بەڕوبەرە کۆنەکە  بوو بە هەڵم لە هەوادا بەرز بووەیەوە چونکە بەڕێوبەرە تازەکە لە لیستی مووچەدا منی بەمامۆستا ئۆزهانی وانەی بیرکاری تۆمار کرد بوو کە هەر دیار نەبوو ، وای ئەزانی کە ئەوم من کەواتە من موچەی کەسێکی تر وەئەگرم لەدەوڵەت نەم ئەتوانی دانیشم بۆ ئەمیش هەمان شت باس بکەمەوە ! هەرەچەندە ڕبردوویەکی زۆر باشم نەبوو ، کەیەکەم مووچەیشم وەرگرت وا هەستم ئەکرد لەکاتی وەرگرتنی مووچەدا پۆلیس بەسەر سەرمەوەیە وە دەستگیرم ئەکات ، لە ئان و ساتدا ئەم توانی کە سواری یەکێک لە پاسەکان ببم و لەوێ ڕابکەم ، کاتێ کە مووچەکەم وەرگرت ، بەڵام ئەمە ڕزگار بوون نیە ، چونکە وون بوونی مامۆستایەک لەناکاو دنیا ئەهێنێتەوە زرمە  ودوایش ڕۆژنامەکان باسی دەکەن و ئەو کاتەش پۆلیس وجەندرمە دەست دەکەن بە دواداچوون و ئەگری ئەوەیش زۆرە کەوێنەو دۆسیەی ئەم مامۆستایە ون بووە ، کێ هەوڵ دەربارەی ئەزانێ ؟ ئەوکاتە ئاشکرا ئەبم و ئەڵێن " ئەم جارە پاشازادە  بەتۆمەتی خۆ نیشان دان وەک مامۆستایەک دەستگیر کراوە " لەبەر ئەم هۆیە





بـوو کـە نـەم تـوانی لـە شارۆچکەکە ڕابکـەم بۆیـە ناچـار بـووم کـە لەکارەکەمـدا بـەردەوام بم کەوانـە وتنەوەیە ، ماڵێکم گرت بەکرێ وبەرە بەرە کەرستەکانیم بۆ کرێ و وازم هێنا کە ژیان بەردەوام بێ بەتێپەڕبوونی ڕۆژگاریش ڕاهاتم لەسەر خەڵکەکە وکارەکە و قوتابیەکانم ، تا ئەو ڕادەیی کە بووم بە مامۆستایەکی ڕاستەقینە جاروباریش لە ئاشکرا بوونم زۆر ئەترسام و دوو دڵ بووم ، هەمووهەوڵێکم خستە گەڕ بۆ ئەوەی ببمە مامۆستایەکی باش تاوەکو ئاشکرا نەبم ن شەو ڕۆژ وانەم بە قوتابیەکان ئەوتەوە ، هیچم نەبوو لە ژیاندا بۆی بژیم جگە لە قوتابخانە و قوتابیەکانم لەئەستەنبوڵەوە کتێبی زیارتم هێنا و ئەو کەم کوڕیانە پڕ بکەمەوە کە تیامدا بوو وپەرەم بە خۆمدا تاوەکو ئاشکرا نەبم هەمووهەوڵێکم دا تاوەکو ئاشکرا نەبم ، هەموو هەوڵێکم دا تا لەمامۆستا ڕاستەقینەکان باشتر و چاکتر بم ! ، پەیتا پەیتاش ئەو مامۆستایانەی کەقوتابخانەکە پێویستی بوون ئەهاتن چونکە خەڵکی شارۆچکەکە کە تا ڕادەیەک ڕۆشنبیر بوون داوای مامۆستایان ئەکرد ، نیوەی ساڵ تەواو نەبوو کە هەموو دەستە مامۆستاکان پڕ بوو بوونەوە کاتێ کەژمارەی مامۆستاکان زۆر بوون ن وبەڕێوبەرەکە دەسڵاتی تەواوی سەپاند بەسەریاندا ، شوێنێکی گونجاوی بۆ دۆزینەوە و ناوی نا شوێنی کۆبونەوەی مامۆستایان کە وەک سەندیکایەک و شوێنێکی حەوانەوە وابوو ، شوێنکە بووە جێ سەرنجی مامۆستاکان ، ، بەڵام ژمارەی مامۆستاکانی سەرەتاییەکان زیاتر بوو ، شوێنەکە تەنگ بوو من لە ترسا نەوەک ئاشکرا بم ، خۆم بۆ وانە وتنەوە تەرخان کردبوو ، بەدەگمەن ئەچووم بۆ ئەویانەیە ، ئەترسام یەکێ لەوانەی ئەوێ لەئەستنەبوڵەوە هاتبێ و بم ناسێتەوە ، چونکە مامۆستای قوتابخانەکانی تریش ئەچوون بۆ ئەوێ ، من خۆم لە مامۆستاکانی لای خۆمان دڵنیا بووم کەکەسیان نازانن من کێم بەڵام هەر ترسم هەبوو من وەک ئەوانەی تر مۆڵەتی ئاسایی یان نەخۆشیم وەرنەئەگرت تاوەکو بچمە ئەوێ ، تەنانەت نەخۆشیش بوومایە هەر ئەچوومەوە بۆ قوتابخانە بۆ وانەوتنەوە ، لە دەرەوەی قوتابخانەش وانەی زیادم بەقوتابیەکان ئەوتەوە تاوەکو زیرەک تر بن! لەهەمان کاتیشدا بۆی بێزار نەبن تیپی دوو گۆڵیم لێ پێک هێنا بوون ، بۆ پێنج شەممان بەیارمەتی دەوڵەمەندەکانی شارۆچکەکە و قائیمقامەکەش قوتابخانەکەمان فراونتر کرد ، ژووری زیاترمان بۆ دروست کرد تاوەکو جێی قوتابیەزیادەکانی تیا بێتەوە حەوشەی قوتابخانەکەشمان گەورتر کرد تاوەکو بۆ وەرزش جێی بێتەوە ، هەرگیز لەژیانمدا هەستم بەخۆشیەکی ئاوا نەکردبوو کە بتوانم کارێک ئەنجام بدەم ، ئەمزانی کە ڕقی برادەرکانم بەدەست ئەهێنم ئەگەر نەچم بۆ یانەکە ، بۆیە جار جار سەرم لێ ئەدا ، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا پرسیاری ڕابردووم وئەو شوێنانەی کەوانەم تیادا ووتوتەوە ، پەیوەندیم لەگەڵ کەسدا دروست نەئەکرد وخۆم لێ دەشاردنەوە و نەئەچوومە گفتوگۆوە لەگەڵیاندا ، ڕۆژ بە ڕۆیش قسەوباس دەربارەی من کەم دەبووەوە ، ماڵ و منداڵەکەشمیان بیر چۆوە کە ئەبوایە بم هێنانایە ، لەگەڵ ئیش کردنە زۆرەدا وشەونخونی تاوەکو دوا نیوە شەو تاوەکو خۆم وەک مامۆستایەکی تەواوی بیرکای



Scanned by CamScanner

دابمەزرێنم ، هەستم بەوە ئەکرد کە هەرگیز شتێک روو نادات کەلەم خۆشیەم لێ تێک بدات و ئاشکرام بکات ، پێشتر باسی ئەوەیان ئەکربوو کەچاودێر یەت بۆ قوتابخانەکەمان ، کاتێ کە دوو چاودێر هاتن ، رۆژێکیان تەنها من لەقوتابخانەکە بووم چونکە دوای دوام بوو ،هەستم کرد کەخەریکە دلم لەوەستێ کە زانیم ئەو دووانە کە لەبەردەمدان چاودێرن ، وام زای کە ئاشکرایان کردووم بۆ لای من هاتوون نەم ئەزانی کەچی بکەم لەو کاتەدا بەلام بۆم دەرکەوت کە ترسەکەم مانای نەبوو ی، لەوەی کە راستیەکەم ئاشکرا بووبێ ، دوایی زانیم بۆچی هاتوون ، کاتێ کە پانەکە دامەزرابوو ، تایبەت بە مامۆستایان بەتێپەربوونی رۆژگار رقەبەرایەتی لەنێوان مامۆستاکاندا رووی دابوو ن ئیتر بەهۆی پاشقول گرتنەوە بێ یان زەم کردن لەنێوان مامۆستاکاندا رووی دا بوو ، ئیتر من تەنیا مامۆستایەک بووم کە سکالام لەکەس نەکردبوو کەسیش سکالای لێ نەکردبووم ن یەکێک لە چاودێرەکات بە پێکەنینەوە وتی :

-" چۆنە تۆ سکالات لەسەر کەس نیە ...؟! ".

لەدلی خۆمدا پێکەنینم ئەهات وتم چۆن ئەکرێ من مامۆستایەکی ساختە سکالا لەمامۆستایەکی راستەقینە بکاتٍ ؟! کابرای چاودێر زۆر سووربوو لەسەر پرسیارەکەی :

-" بۆچی سکالات لەبرادەرەکانت نەکردووە ؟! ".

پرسیارێکی لێ ئەکردم کە گومانی تێکەلاو بوو چاوی بڕیبوە چاومەوە وەک ئەوەی کە تۆمەتبارم بکات ، ماقول نیە سکالات لەکەس نەکردووە وەک ئەوە وابوو بەپەنجەی شایەتوومان ئاگادارم بکاتەوە کەنابێ وابێ !! وتی :م

-" هەموومامۆستاکان سکالایان لەیەک کردووە تۆ نەبێ ..؟!! ".

زۆر ترسم لێ نیشت ئەتووت ئەم پرسیارە بەجۆرێک ئەکات وەک ئەوەی کە کەم تەرخەمیم کردبێ لەکارەکانمدا زۆر هەستم بەترس کر لەوەی کە مامۆستایەکی ئاسایی هەلس و کەوتم نەرکردووە ، شکاتم لە مامۆستا برادەرکانم نەرکردووە ، وخەریکە ئاشکرا ئەبم !! ، ئاخ سکالایا یان دووانم بکردایە ، و بم ناردایە بۆ وەزارەت ن لە پڕدا چاودێرەکە ووتی :

-" یان ئەوەتا ئەو سکالایانەی کەئیمزیان پێوە نیە هی تۆیە ؟؟ ".

خەریک بوو بلێم " بەلێ هی منە " بەلام ترسام پێم بلێن چیت نووسیوە ؟ هاوارم کرد و وتم :

-" نەخێر من سکالام لەکەس نەکردووە ".

دوای ئەوە چاودێرەکانت ناو بەناو سەردانی قوتابخەنەکەیان ئەکرد و پرسیاریان لە قوتابیەکان ئەکرد و دوایی سوپاسی منیان ئەکرد و کە توانیومە ئاستی قوتابیەکان بەرز بکەمەوە ، دوو چاودێرەکە رۆیشتن من دلخۆشترین کەس بووم بە رۆیشتنیان چونکە لەکاتی سەردانیاندا هەستم ئەکرد کە بەهەر شێوەیەک بی ئاشکرام ئەکەن !! دوای رۆیشتنیان ژیان گەرایەوە شارۆچکەکە وەک



Scanned by CamScanner

باری جاران ، بەوشێوەیەش کە قوتابخانەکە نووقسانی هەبوو کاتی بێ مامۆستایی کە مامۆستایشی بۆ هات هەر وا بوو ، چونکە یەکێ لەمامۆستاکان ئافرەتەکان بەهۆی منالْ بوونەوە مۆڵەتی وەرگرت وئەوەی تریشان ڕۆژێ ساغ بوو مانگێ نەخۆش بوو بە بەردەوامی مامۆستایەک یان دوو مامۆستا هەمیشە مۆڵەتی نەخۆشیان وەرئەگرت لەهەمان کاتتدا لە یانەکەیان کاتیان بەسەر ئەبرد لە زەم کردنی مامۆستاکانی تردا کە ئایا بۆ دەوام ناکەن ؟!! ئایا بووە کە مامۆستایەکی ساختە بڕوانامەی سوپاس و پێزانین وەربگرێ لە وەزارەت ؟ بەڵێ ....من !! دوای ڕۆیشتنی چاودێرەکان بە دوو مانگ لەوەزارەتەوە نوسراوێکی لەم بابەتە هات کە ستایش ئەوەی ئەکردم کە کارێکی نائاسایی وسەکەرکەوتنێکی بەرچاوم هەیە لە کارەکانمدا ، منیش لە خۆشیدا ئەم سوپاس نامەیەم خستە چوارچێوەوە و لە ژوورەکەمدا هەڵم واسی دیار بوو کە ئەم سوپاس نامەیەم لەئەنجامی ڕاپۆرتێکی چاودێرەکانەوە بۆ نێردرا سوپاسیان ئەکەم !! دوای ئەم سوپاس نامەیە وەەرم ئەوەندەی تر بەرز بوویەوە ، بۆ کارکردن لە دەستگیرکردنم نە ئەترسام بیرم چوویەوە کە مامۆستایەکی ساختەم ، متمانەم بەخۆم پەیدا کردەوە ، بەردەوامیش ئەچووم بۆ یانەی مامۆستاکان تا ئەوەی ڕووی دا چاوەڕوان نەکراو بوو لە وەزارەتەوە نوسراوێ هات کە گوێزرامەوتەوە بۆ ناوەندەیەک لەیەکێ لەشارە گەورەکان زانیم ە ئەمەشیان هەر سوپاس و پێزانینە لەئەنجامی ئەو ڕاپۆرتەی چاودێرەکان ستایشی منیان کردبوو تیایدا ، بە ناوی مامۆستا ئۆرهانی بیرکاریەوە بەرێ ئەکەوم بۆ قوتابخانە نوێیەکە ! کۆتایی ساڵ نزیک بووەوە خەریک بوو تاقی کردنەوەی سەری ساڵ دەستی پێبکات ڕاهاتبووم لەسەر خەڵکی ئەو شارۆچکەکەیە ،بەتایبەت قوتابیەکان کە چەند مانگێکم لەگەڵدا بەسەر بردبوون ، بۆ ئەوەی ئەو ژیانە ووشکەی تۆزێ گیانی بەبەردا بێنێت لەو شارۆچکەیە فەرمانبەرکان زۆر جا ربۆنەکیان ڕێک دەخست وخواردنیان تیا ئامادەئەکرد ، بەبۆنەی هاتنی فەرمانبەرێکی نوێوە یان بە بۆنەی خانەنشین بوون یان گواستنەوەی فەرمانبەرێکی ترەوە بۆنەکان ناویان ( بەخێرهاتی سەرچاو ) یان ( لە ئەمانەتی خودادا بێ خوا حافیز ) بوو مامۆستاکنای برادەرم لەگەڵ فەرمانبەرانی شارۆچکەکە وگەورە پیاوانی بۆنەیەکی وایان بۆ من ڕێکخست بەبۆنەی گواستنەوەم بۆ ناوەندەیەکی تر هەرچەندە ساڵانێکی زۆر تێپەڕی بەسەر ئەو ڕووداوەدا بەڵام بیرم ناچێ کە چەندە خۆش بوو ، ئێوارەی پێنج شەمە بوو لەو بۆنەکەم بۆ ئەکەم و ڕشۆژی دوو شەممە سەفەر ئەکەم ، پێشتر کاڵاکانم ناردبوو بۆ ئەو پارێزگایە تالەوێ وەربگرم بەیانیەکەی دوا ڕۆژی وانەوتنەوەم بوو لەو قوتابخانەیە چوومە دوا وانەی خۆمەوە قوتابیەکانم زۆر خەفتیان خوارد کەسەفەر ئەکەم تۆزێک ووشەی خواحافیزی هات بەدەممدا کە توانیم بیڵێم ئەگەر زیاتر قسەم بکردایە دەستم ئەکرد بەگریان کەوتم ئەبێ نامەم بۆ بنێرن هەموویان دەستیان کرد بە گریان دیاریان بۆ کڕیبووم دایانە دەستم هەژاربوون بەڵام دیارییەکانیان لای من نرخێکی زۆر گەورەی هەبوو دوای ئەوە لەپۆلەکە هاتمە دەرەوە کاتێ کە بیر لە ڕووداوەکانی ژیانم





ئەکەمەوە ئەبینم کە لەو ساتانە خۆشتری تیا نەبوو ،ئێوارەکەی بۆنەکیان بۆ رێک خستم کە هەرگیز لە یادم ناچێ یەکـەم جـار قائیمقـام دەسـتی کـرد بەقـسەکردن و باسـی خۆشەویـستی منـاڵ و خـەڵکی شارۆچکەکەی بـۆ مـن بـاس کـرد ، پاشـان سـەرۆکی شـارەوانی دەستی بەقسەکردن کـرد وسـەرۆکی جەندرمە و بەڕێوبەری قوتابخانەکە و خەڵکەکانی تر و مامۆستاکانیش کە دڵم نەهاتبوو سکاڵایان لێ بکەم ئەو قسانەی لەو جۆرە بۆنانەدا کرا هەمووی دووبارە بوو ، بەڵام بۆ من ئەوترا وا هەستم دەکرد کە لە ناخی دڵیانەوە دەرئەچێ ، وا هەستم ئەکرد کەمن کەسێکی بەسوودم بۆ کۆمەڵگا بەڵام دیار بوو لەبەر ئەوەی بوو کە زۆرم خواردبوەوە خەریک بوو هەستمە سەر پێ و هاور بکەم و بڵێم " هێی ... هەمووتانم هەڵخەڵتاند من ساختە چیم من مامۆستایەکی ساختە چیم .... هەستی بڵند و بەرزی ئێوەم بە هەند وەرگرتووە بمبورن " دان بینێم بە تاوانەکەمدا وبەگریان خۆم لەتاوان و گوناه پاک بکەمەوە ،ئەم بڕیارە لەناخمدا ، خەریک بوو زۆر گەورە ئەبوو ،خەریک بوو هەستم ئەو قسانە بکەم ، یەکێک لە ئامادەبووان زۆری لا سەیر بوو کەسەرۆکی ئاسایش نەهاتووە ، وتی :

-" ئایا بەینتان تێک نەچووە وانەهاتووە بۆ خواحافیزی کردنت ئەمڕۆ ؟ ".

تائەو کاتەی ئەو پرسیارەی کرد ئاگام لەوە نەبوو کە سەرۆکی ئاسایش نەهاتووە هەستامە سەرپێ و وتم : " هاورێ خۆشەویستەکانم ئامادەبوانی بەڕێز ئەگەر هەر کەم وکورتیەکم هەبێ یان ڕێزم لەکەسێک نەگرتبێ بەبێ مەبەست یا لە کاتی بەجێهانی کارەکەمدا دڵی برادەرێکم بەبێ مەبەست هێشاندبێ بە ئامادەبوونی هەمووتان داوا ئەکەم کە بمبورن ولێم خۆش بن... سوپاس " من لە ڕاستیدا حەزم بەقەسەی دووبارە نەبوو لە ناخما حەزم ئەکرد کەقسەیەک داپهێنم هەست و جۆشیان خرۆش بکەم وبزانن کە چەندە کارەکەم خۆش ویستوە یەکەم جار بوو لە ژیانمدا کە هەست بکەم کە لە ناو خێزانی خۆمدام هەرچەندە کەزۆر ئەترسام یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە منی ناسیبێتەوە و لەدڵی خۆیدا بڵێ " ئای ساختەکار وا ئەزانی کە گوێت لێ ئەگرین ، بەوە ئەتوانی بمان خەڵتێنی ؟ بۆ ئێمە نازانین کە تۆ کێیت ؟ ڕابردووت چییە ؟ بەشی ئەوەندە ڕۆشنبیرین کە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ مان خوێندبێتەوە ؟ " سەرنجی هەموو دەم و چاوەکانم ئەدا ، هەر سەیرکردنێک کە مانای تیا بێت ، هەر زەردەخەنەیەک کە ئاسایی نەبێت ، و لەگەڵ لێو جوڵاندنێک باسی هەزار مەبەست ئەکات ، ئەترسام کە بەڕێوبەرە کۆنەکە نهێنیەکەی بەر لەڕۆیشتنی لای کەسێک درکاندبێ ، زوو بێ یان درەنگ هەر ئەزانرێ ، بەڵام ئایا خەڵک سەیری ڕابردووی ئەو کەسە دەکا ؟ یان سەیری جێ دەست وئەو کارانە دەکات کە سوودی بۆ کۆمەڵگا پەیدا کردووە ؟ لە ڕاستیدا ناهەقیان ناگرم ئەگەر لەبەر هەستم قسە نەکەن ئەگەر ئاشکرا بووبم و نەیدرکێنن ، هەرچەندە خوا مرۆڤی وا دروست کردووە کە حەز بەخراپەکاری بکات ، بەرامبەر کەسانی دیکە ، هەرچەندە دڵسۆزیت بۆیان هەرچەندە بەتەنگیانەوە بێی هەرچەند سکاڵایان لێ نەکەیت ووەک ئەوەی کە جەنابی چاودێر سەری لێ سوورمابوو ! لەم




جۆرە بۆنانەدا دواوتە بۆ ئەو کەسەیە کە ئاهەنگەکەی بۆ دامەزراوەر ئەم ویست کە دوا ووشەم بەم جۆرە بێت " هاوڕێ بەڕێزەکانم نیگەرانیم بە ماڵئاوایتان ڕێم لێ ئەگرێ کەبەردەوام بم لە قسەکردندا بڕوا بکەن من لەم شارۆچکەیە دا ئەبڕێم خۆم نامەوێ بڕۆم بەزۆر دام ئەبڕن بەلأم دڵم لێرە جێ ئەهێڵم " .ئەوەی کە زۆر سەیر بووو ئەوە بوو کەکاتی هەسام ئەو ووشانە بدرکێنم ئەتووت لەبەرم کردووە ،بەبێ ئەوەی کە هۆشم لەلای خۆم بێ ئەم قسانەم هەمووی کرد و دانیشتمەوە وجارێکی تر دەستمان کردەوە بە خواردنەوە وچەپڵە لێ درا و ووشە جونەکان بەیەک دەوتران ، لەناخمدا دڵە ڕاوکێ یەکی سەیر هەبوو کە پاڵی پێوە دەنام دان بە تاوانەکەمدا بنێم ، گریام نەمتوانی خۆم بگرم بە بەڕێوبەرەکەم وت کە لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو " من هەست بەئازار و ئەشکەنجەی زیندان دەکەم "

وتی :

-" بۆ ...؟ ".

وتم :

-" چونکە مامۆستایەکی ڕاستەقینە نیم ..! " .

ئەو وای زانی کە من مەبەستم ئەوەیە کە کارەکەم بەشێوەیەکی ڕێک وپێک ئەنجام نەداێ وتی :

-" خۆزگە هەمووکەسێک وەک تۆ ڕاست ڕەو کار گوزار بووایە !! ".

وتم :

-" کارەکەم بەم جۆرەنیە .... من کابرایەکی ساختەچیم ! " .

دیسانەوە لەوەی کە ئەم ویست بیڵێم هەر تێ نەگەیشت وتی :

-" بەس تۆ ؟ هەمووومان واین ، ئێمە هەمووومان ساختەچیین ، چونکە لەملماندا باجێک هەیە کەئەبێ بیدەنەوە بەکۆمەڵگا ،بەلأم زۆر جار بەڕێک وپێکی نایدەینەوە ، کەواتە هەمووومان ساخەچین ..ئێوە هیچ نەبێ باشتر بووم بگرە زیاتریش خۆتان هیلاک دەکرد تاوەکوئەو باجە بدەنەوە ، ئەگری مامۆستایەتی زۆر گرانە و ئاوا بەئاسانی ناکرێ تۆ چیت لەدەست هات دریغیت نەکرد من شایەتم لەسەر ئەوە بەلأم ئێمە ئاخ ئێمە ! ".

من بەگریانەوە ئەمووت " من هەست بەئازار ی ویژدان ئەکەم تۆ لێم تێناگەی ... ".

بەلأم ئەو لە من سەرخۆشتر بوو هەمووومان سەرخۆش بووین ، کەس لەکەس نەئەگەیشت ، هەموویان بەیەک جار و بەیەکەوە قسەیان ئەکرد لەهەر زمانێک دەنگێک دەرئەچوو لەهەمان کاتیشدا کەس گوێی لەکەس نەئەرت نازانم بیرم نایەت دواەیی چۆن چوومەوە ماڵەوە و تا بەیانی نیوەڕۆکەی خەوتم کە هەستام هەستم بە ئازارێکی توندی سەرمەلەکرد کە لەئەنجامی ئەو هەموو مەشروب خواردنەوەیە بوو کە دوێنێ خواردبوومەوە بۆ بەیانی سەفەرەم ئەکرد بۆیە هەموو کاڵاو کەرەستەکانم کۆکردەوە و لە دوو جانتادا هەموویانم دانا بۆ بەیانی هەستام وخۆم حازر کرد زۆربەی قوتابیەکان هاتن



Scanned by CamScanner

ئاڵاکانم بۆ هەڵگرن تا وێستگەی پاسەکە هەمووکەس هاتن بۆ خوا حافیزی لێ کردنم قوتابیەکان مامۆستامکان قائیمقام وبەڕێوبەرەکە وسەرۆکی شارەزانی و زۆر لە پیاو ماقوڵان و باوکی قوتابیەکان سەرکەوتمە سەر پاسەکە کەخەریک بوو ئەڕۆیشت دەستم بەرز کردبووەوە بۆ خەڵکەکە وخوا حافیزیم لێ ئەکردن ئەگەر پارێزگاری ئەستەنبوڵ بهاتایە بۆ ئەوێ بگەڕایتەوە ئاوا خوا حافیزیان لێ نەئەکرا ،کە لە ناو پاسەکەدا دانیشتبووم خوا حافیزیم لە خەڵکەکە ئەکرد دوو پۆلیس سەر پاسەکە کەوتن و هاتنە بەردەمم یەکێکیشیان لە دوامەوە بوو وتی :

" سەرۆکی ئاسایش بانگت ئەکات ... ".

وام زانی کە سەرۆکی ئاسایش ئیشی هەبوو وە نەیتوانی بێت بۆ ئاهەنگەکە وە ئێستا ناردوویەتی بەدوامدا ئاوەکو ماڵئاوایم لێ بکات وتم :

-" پاسەکە خەریکە دەرئەچی ناتوانم خواحافیزیی لە جەنابی سەرۆک بکەم ، سڵاوی منی پێ بگەیەنن " .

دانەکیان بەتووڕیەوە قۆڵی گرتم و وتی :

-" هەستە ماکەر ... ".

ئەوجا زانیم کە شتێ لە کارەکەدا هەیە ،هەڵسام و لەپاسەکە دابەزیم ، زانیم کەچیم بەسەردایەت ، کاتی بەناو قەرباڵغیەکەدا دایان بەزاندم و بردیانم ، خەڵک هەمووی سەری سوڕما بوو لەو کارە ! بردیانمە لای سەرۆکی ئاسایش ووتیان :

-" هێنمان گەورەم ... ".

کە سەیری سەرۆکی ئاسایشم کرد ئەو پیاوە نەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەماڵی میوان بووم ئەتوت برادەری سەد ساڵەین ، پیاوێک بوو شەڕی لە چاو ئەباری ئەو کاتە تێ‌گەیشتم کە بۆچی نەهاتوون بۆ ئاهەنگەکە ، بەدەنگێکی گڕ و زۆر بەتوندی وتی :

-" ناوە ڕاستەقینەکەت بڵێ ؟ ".

ئەتوت بەدەمانچە فیشەکەم پێوە دەنێ بەو پرسیارە ئەتوت هەر ووشەیەک لەو ووشانە فیشەکێک بوو بۆ خۆی ... ( ن ، ا ، و، ە ، ڕ ، ا ، س ، ت، ە ، ق ، ی ، ن ، ک ، ە ، ت ، ب ، ڵ ، ێ ) دوای ئەوە زانیم کە چی ڕوویداوە مامۆستا ئۆرهانە ڕاستەقینە کە سواری پاسەکە بووە وبەرەو ئێرە کەوتۆتە ڕێ بەڵام لە یەکێ لەلێژاییەکان کەوتووەتە خوارێ کاتێ کەپاسەکەیان وەرگەڕاوە بۆ ناوشێوەکە و مردووە ، لەگەڵ چەند کەسانێک تری ناو پاسەکە خەڵکەکەش زۆر چاوەڕوانیان کردووە هەر نەهاتوە لە تاو بێزارییان لە چاوەڕوانی کە منیان بینیوە یەکسەر بەوە تێ‌گەیشتوون بەڵام ئەوەی کەمنی ئاشکرا کردبوو ئەوە بوو کە خێزانەکەی مامۆستا ئۆرهان داوایەکی پێشکەش کردبوو بەوە وەزارەت دوای ئەوەی کە هەواڵی مردنی مێردەکەیان پێ گەیشتبوو ، تیاد داوای مووچەی مێردەکەی کردبوو ، فەرمانبەرەکان سەریان سوڕمابوو کە مامۆستا ئۆرهان دەستی بەکار کردووە و مووچەی



Scanned by CamScanner

وەئەگرێ وەزارەت نەیزانیوە کەمردووە بەڵکو تەنها شوفێرەکە هەواڵیگەیاندبوو چۆنەبێ مامۆستایەکی مردوو هەموو مانێ ئیمزای مووچەکە بکات ؟ ئافرەتەکە ئەیوت مردووە و وەزارەت ئەیوت کە ئەژی لەم وڵاتەدا ئەو کێشانە زۆر ئەباتن بۆیە پێی چوو ، نە وەزرات توانی بڕوا بەبێوەژەکە بهێنن و نە بێوژنەکەش ئەیتوانی کە بۆیان بسلمێنی بۆیە ئەو چەند مانگەی کە من وانەم تێدا ئەوتەوە بیربشم لەوە ئەردەوە کە ئایا ئەم مامۆستایە ئۆرهانە بۆ دیار نەبوو ، ئەو بێوژنە لەگەڵ وەزارەت دا کێشمەکێشم و ئەمسەرو ئەوسەریان بوو لە کۆتاییدا هەر لە ناو وەزارەت خۆیەوە لیژنەیەک پێک هێنرا بۆ بەدوا چوونی مەسەلەکە و داوای فایلەکەیان کردبوو کە خزمەتی مامۆستایەتیمی لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا تیا تۆمار کرابوو بەراوردی وێنەکانیان کردبوو شتەکان ئاشکرا ببوون ،ئەنجام بەدوادا چوونی کارەکەیان دابوویە دەست ئاسایش وکۆتاییەکەی زانراوە ! .



Scanned by CamScanner



عەزیز نەسین

# هەرگیز ئەو پیاوەتیەت لەیاد ناکەم !

باسم بۆ کردن چۆن بووم بە شێخ و ئەولیانەی خواردم لەسەری لیانێک کە تا مانگێ هۆشم نەهاتەوە لە زینداندا ن خەلکی لای ڕۆژهەلاتی وولات جیاوازن ئەگەر پارمەتیان نەدامەیە دەمێک بوو مردبووم ، سوودم لەو ماوە زۆرە نەکرد کە شێخ بووم تیایدا ، بۆیە بێ پارە کەوتمە زیندانەوە ئەو کەسانەی باسیان ئەکەم کە یارمەتیان داوم لەزیندان لەگەڵ خۆمدا بوون ، زۆر بەدەورما هاتن بەلام لەوان زیاتر سەیدا بوو کە لەسەر پێخەفەکەی سەرەوە ئەخەوت من و سەیدا بووبوین لە هاوڕێ ئەو لە من منالتر بوو ، هەمیشە لێی ئەپرسیم : " باشۆ گیان تۆ لە جیاتی کێ ئەنووی لە زیندان ...؟! " ئەی ئەوت پاشازادە ئەیوت باشۆ ، من لە مەبەستی تێ نەئەگەیشتم ئەمووت :

-" لەجێی کێ ئەنووم ؟ لەجێی خۆم ...!! ".

بڕوای نەئەکرد بە مەبەستەوە پێئەکەنی دڵم بەپێکەنیەکەی خۆش بوو ، سمێلی وەک شاخی بزن هەتاوەکو لای چاوی بەرز ئەبۆوە ، سمێلی زۆر درێژ بوو بۆیە کە پێئەکەنی ، دەم وچاوی نەبوو بەلکو سمێلی بوو پێئەکەنی دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێ یان چەند ماوەیەک ئەی پرسیەوە ئەیوت : " باشۆ گیان تۆ لەجێی کێ ئەنووی ...؟!" ئەمووت :

-" کاکە گیان ... سەیدا گیان پێم وتی کە لەجێی کێ ئەنووم ؟ لە جێی خۆم ! ".

ئەم پرسیارەی بەهەفتە و بەمانگ هەر دووبارە ئەکردەوە ئێمەی خاوەن ڕابردوو باش ئەمان زانی بەر لەهەموو خەلک کەتاوانبارەگەورەکان و ڕاستقینەکان زۆر ڕێزدار بوون بۆیەبە ئازادی لەدەرەوەی زیندان پیاسەیان ئەکرد ، ، بەلام ئەوانەی کە زیندانیان پڕش کردبوو لە ڕاستیدا ئەوانە بوون کە تاوانی بچوکیان کردبوو یان تۆزێک پارەیان دزی بوو یان ساختەچی تازە بوون ،یان قۆڵ بڕ بوون ،



Scanned by CamScanner

کەواتە ئەمانە بۆ ئەوە لەزیندان نەبوون کە تەنها تاوانیان کردبێ بەڵکو لەبەر ئەوەی تاوانی گەورەیان نەکردووە بەڵام هەموو کەسێ شایەنی ئەوەنیە یان شێوەو ئەزموونی بۆ ئەوەنەڕخساوە تاونی گەورە بکات ، ئەگەر لەم ژیانەدا پیاوانی گەورە هەبن پیاوی بچوکیش هەیە وەکو (چیاو پاشا ) ی شاعیر ئەڵێ :

( خاوەنی پایە دزی پیاوی گەوریە

بەڵام دزی تۆزێک پول و پارە تاوانکارە و جەردەیە )

پاشازادە خاوەن ئەزمونێکی ڕۆشنبیری شیعرو ئەدەبی کۆن بوو قسەکانی هەمیشە بابەتی شیعری عوسمانی تیا بوو ، زۆر کات لەماناکانی نە ئەگەیشتم لەمانی شیعرە گەیشتم هەرچەندە لە ووشەکانی نەئەگەیشم کەویستم بینوسم تکام لێ کرد کە شیعرەکەم بۆ دووبارە بکاتەوە چونکە لە یادم نەمابوو ، سەرچاوەی ڕۆشنبیری پاشازادە یان ئەوە کتێبی زۆر خوێندۆتەوە یان لە بەر هۆیەکی ترە باسم کردووە ئەویش کە زۆر کەسایەتی ڕۆشنبیر و بەزری نواندەوە وەک ( مامۆستا ، دادوەر ، سەرۆکی ئاسایش ، ئەفسەر ، پارێزەر ...هتد ) بۆ ماوەیەکی زۆر چونکە ئەو لەکەسێکی تاوانبار نەدەچوو بەڵکو خۆی لەوان بەباشتر دادەنا ، پاشازادە دوو زمانی دەزانی وقسەی پێدەکرد ، کاتێ کە لەگەڵ تاونبارەکاندا دادەنیشتن بەزمان و بیرکردنەوەی ( عەقلیەت )ی ئەوان قسەی لەگەڵدا دەکردن بەڵام لەگەڵ مندا بە زمانێکی پاراو وەکونەوەی ئەم چیرۆکەی پێ ئەنووسم قسەی دەکرد برە باشتریش ئەیوت " ئەگەر بتەوێ بدزی یان دووان بکوژی بەڵکوجەنگێ بەرپا بکەی بە هەزاران تیا بچن ئاوەکووەک تاوانبار دەنەکەوی بەڵکو وەک پاڵەوان کە پەیکەرەکانی لەسەر شەقامە گشتیەکان بن ، کەواتە ئێمە خاوەن ڕابردوو برِوامان بەوەیە کەتاوانبارە گەورەکان لە دەرەوەی ئازادن ، هاوشێوەی ئێمەیش لە زینداندا لە جیاتی ئەوەی ئەوان دەنوون ئەتوانن بڵێن کە ئەم قسانەی من تەنها بەرگریە کە لە خۆم کە وەک خاون ڕابردوویەک دی نوێنم وەک ئەوەی کە بمانەوێ کە لە گرێی تاوان ویژدانمان پاک بکەینەوە ڕەنگە من پرسیارە دووبارەکەی سەیدام ئاوا لێک دایەوە ولێی تێ دەگەیشتم کە دەیوت : " تۆ لەجیاتی کێ دەخەوی لێرە ..؟ "واتە کەسانێک هەنزۆر گەورە تاوان دەکەن و ئێمەش لەزینداندا باجی تاوانی ئەوان دەدەین بەڵێ بەڵام ناتوانین تاونبارە ڕاستەقینەکان دانە بەدانە دیاری بکەین ، بەومانایەی کە لەجێی کێ هاتووینەتە ناو زیندانەوە وباجی تاوانی ئەوان سزامان دەدرێ " .

ڕۆژێکیان سەیدا وتی :

-" باشۆ گیان ... ڕاست بڵێ تۆ لەجیاتی کێ لێرە دەنووی کاکە ؟ ".

وتم :

-" سەیدا گیان بێ گومان من وتۆ وهەمووومان لێرە لە جێی خەڵکی تر دەخەوین ، بەڵام چۆن بزانم کە ئەو خەڵکانە کێن ؟ لەوانەیە لەجێی کەسێ یان هەزار کەس بخەوم ، "



Scanned by CamScanner

لەم قسانە زۆر سەری سورما پێنەکەنیەوە وەک جاران واتە سمێلی نەجولان پرسی وتی :

-" کەواتە پارەت لەکێ وەرگرتووە ؟ " .

ئەمجارەیان من سەرم سورما وتم :

-" پارەی چی ؟ چ پارەیەک سەیدای برام ؟ ".

دیار بوو کە بەم قسەیە نیگەران بوو وتی :

-" تۆ متمانەم پێ ناکەی باشۆ گیان ؟ ".

وتم :

-" بۆ متمانەت پێ ناکەم سەیدا گیان ... تۆ لەهەموو خەڵکەکانی تر زیاتر پارمەتیت داوم وبرادەرایەتیت کردووم ، ئەگەر متمانە بە تۆ نەکەم بەکێی بکەم ؟ من هەمیشە متمانەم پێتە " .

وتی :

-" ئەگەر متمانەت پێم بوایە ڕاستیەکەت پێ ئەوتم .....!! " .

لێرده قسەمان بڕا دوای ئەم گفتوگۆیە سەیدا وەک جاران لێم نزیک نەئەبوویەوە ، بەڵام من هەوڵم دا کە ئەم ساردەیەی نەهێڵم لە نێوانمان هەموو هەوڵێکم خستە گەڕ تا پەیوەندیمان وەک جارانی لێ هاتەوە ، ، دیسان لێی پرسیم و وتی :

-" ڕاستت بڵێ باشۆ گگیانن تۆ لەجێی کێ ئەخەویت لێری ؟ ".

وتم :

-" وەڵاهی وبیلاهی لە جێگەی خۆم ئەنووم ، سەیدا گیان ! ".

وتی :

-" ئەی پارە وەرناگری ؟ ".

وتم :

-" نەخێر ..." .

وتی :

-" دوایی وەرئەگری ؟ "ز

بەهێچ شێوەیەک نەمتوانی تێبگەم کە چی ئەوێ دوای ئەمەش چەند ڕۆژێک تێپەڕی وتی :

-" تۆ متمانەم پێ ناکەی ئەگینا بۆ پێم ناڵێی کە لە جێی کێ ئەخەوی لێرە ؟ "

ئەوجا بەخەیاڵما هات کە لێی بپرسم وتم :

-" باشە سەیدا گیان تۆ لەجێی کێ ئەخەوی ؟ ".

وتی :

-" من متمانەم پێتە ئەزانم کە نهێنی نادرکێنی من لەجێ فەرەیدون ئاغا ی بچووک ئەخەوم .....! ".



Scanned by CamScanner

وتم :

-" فەریدەون ئاغا کێیە ... ؟!! ".

زۆر سەری سوڕما لەبەر ئەوەی نایناسم تابەسمێلی کەوتەوە پێکەنین وتی :

-" فەرەیدون ئاغا کوڕی تەحسین ئاغایە کە پارەم ئەداتێ ... ".

من لێم پرسی ئەو وەڵامی ئەدامەوە ئەوەی کە پێی وتم ڕاست بوو بەڵام بڕوا ناکەم سەیدا بەتاوانی کوشن هاتبووە زیندانەوە چاودێری پیاوێکی کردووە کوشتوویەتی ، پێش ئەوەی ڕاستیەکە لەزمانیەوە بزانم بڕوام بەخۆم نەئەهێنا بەهیچ شێوەیەک کە سەیدا پیاوکوژ بێ چۆن کابرایەکی وا دڵ ناسک ودڵ باش مرۆڤێک ئەکوژێ ؟ وەک ئەوەی کە خۆی بۆی گێڕامەوە ، سەیدا کەسی نەکوشتبوو ، بکوژەکە منالێکی تەمەن 14 – 15 ساڵ بوو ، ناوی فەرەیدون ئاغا بوو کوڕە بچکۆلەی تەحسین ئاغا بوو کە پیاوێکی دەوڵەمەندە بۆ ئەوەی کە کوڕەکەی نەچێتەوە زیندانەوە بەدوای کەسێکدا گەڕابوو کەدان بەتاوانەکەدا بنێ و بچێتە زیندانەوە زۆر هەبوون لەوانە ،بەڵام ئەو کەسێکی ئەویست هەڵبژێردراو بوو لە نێوانیاندا تۆمەتەکە هەڵگرێ ولەدادگا حوکمی بەسەردا درابوو ، پرسیاری هۆی ئەم کارەیەم لێ کرد وتی :

-" ئای باشۆ گیان ،خوا چاوی هەژاری کوێر بکا ... ".

وتم :

-" باشە تۆ هەژاری بۆ تاوانی خەڵکی تر ئەخەیتە ئەستۆت ...؟؟! ".

وتی :

-" ئەی ئەم کارە ناکەین بۆ خێزان ومناڵمان ..؟ ".

بەرامبەر بەمە 15 هەزار لیرەی لێ وەرگرتبوو لەتەحسین ئاغا بەرامبەر هەر ساڵێک ، سەیدا چوار ساڵی لەزیندان بەسەربردبوو ، ئەو پارەیە کەتا ئەو کاتە وەرگرتبوو شەست هەزار لیرەبوو ، ئەگەر بەهەموو ژیانی کاری بکردایە وهیچی خەرج نەکردایە چارەکێکی ئەو پارەیەی نەبوو !! ، کاتی گەڕام بەسەر زیندانەکاندا کە بەلایەنی کەمەوە نیوەیان لەزینداندا خەوتوون لەجێی کەسانی تر بەرامبەر پارە لەجێ تاوانبارە ڕاستەقینەکان ، وتی :

-" باشۆ گیان ئەمانە کەتۆ ئەیانبینی لەجیاتی ئاغاو بەگ لێرە دەخەون .. ".

وتم :

-" باشە سەیدای برام خزم و کەس وکاری کوژراوەکە دژایەتیت ناکەن ؟ ئەگەر زانیان کە لە دادگا دانت بەتاوانەکەدا دا ناوە ؟ نایێتە تۆڵە سەندنەوە وبتکوژن ...؟ ".

وتی :



Scanned by CamScanner

-" ئاوانم چیە تا بمکوژن ...؟! منی داماو پارەم وەرگرتووە و هاتوومەتە ئێرە ،ئەی نازانن کە پیاو کوژە ڕاستەقینە کوڕەکەی تەحسین ئاغایە ؟ ئەمە گومانی تیا نیە وانیە ؟ من کێم ...؟ پارەیان پاومەتێ و کارەکەم گرتووەتە ئەستوۆم ، من دوژمنیان نیم بەڵکو فەریدون ئاغا دوژمنیانە ، دڵنیا بە کە لەوانەیە فەرەیدون ئاغا بکوژنەوە ئەوانیش کەسێکیان دەست دەکەوێ ، کە لەجێی ئەوان بێتە زیندانەوە ، هەزارە زۆرە ، ".

ئەوەی کەلەسەیدا گەیشتم کە پارە وەرگرتن و نووستن لەزینداندا وەک پیشە وایە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ناوی کەسەی کەکابرا لەجیاتی ئەو یەتە ززیندانەوە نهێنیەکی زۆر گەورەیە ، بەکەس ناڵێ ، یان بەتەنیا بەکەسێک ئەڵێ کە متمانەی هەبێت ، دەربڕینی ئەو نهێنیە پێوەری متمانەیە ، سەیداش نهێنیەکەی پێ وتم تاوەکو بۆم ئاشکرا بکات کە چەند متمانەی بەمنە هۆی نیگەران بوونیشی ئەوە بوو کە پرسیاری ئەکرد ئەیووت " تۆ لە جێی کێ ئەنووی لێرە منیش وەڵامم نەئدایەوە وای کە ئەزانی کەنهێنی نادرکێنم لەلای ، ئەم پرسیارەش بۆ خۆشی لێ نەئەکردم بەڵکو کەئەیبنی بێ پارەم لەناو زینداندا زۆر سەیر بوو لەلای ، کەواتە بەلای ئەوەوە ئەگەر لەجیاتی کەسێکی تر هتبێتە زیندانەوە وپارەکە وەرنەگرتبێ ئەیەوێ بزانێ کێیە ؟ تاوەکو پارمەتیم بدان کە پارەکەمی لێ بسێنم ، دیسان لێی پرسیمەوە و وتی :

-" باشۆ گیان تۆ لەجیاتی کێ ئەخەویت لێرە ؟ " .

وای ئەزانە کە منیش لە جیاتی کەسێکی تر خۆم خستۆتە زیندانەوە لە ناکاو قسەی ئەو ئاغایەم بیر کەوتەوە کە منی کرد بەشێخ پێی وتم " لێرە سێ‌کەس هەن ، یەکمیان من کە ئاغام دوومیان کە تۆی شێخ ، سێیەمیان قائیمقام کە بەدری بوو " ئەگەر من لەجێی یەکێ بخەوم کەواتە من لەجێی 3 کەس خەوتووم ، ئاغا و بورهانی زوڕنا وبەدریەگەرە وتم :

-" سەیدای برام چیت لێ بشارمەوە من لێرە لەجێی 3 کەس ئەخەوم یەکێکیان ئاغای سەگە و دوومیان سەگی سەگەکان سێیەمیشیان سەگی کوڕی سەگ ".

وتی :

-" ئەگەر کارەکە ئاو هایە کەواتەپارەیەکی چاک وەرئەگرێ ، بەڵام تۆ حاڵت زۆر شڕە وبێ پارە دیارە ، بۆچی هاتیتە زیندانەوە ...؟؟! ".

ئەوەی کە توانیم بۆم باسکرد بەوراوردەیەی کە تێ بات زۆر بەزەیی پیما هاتەوە وتی :

-" کە لێرە بەربووی کەسێکت بۆ ئەدۆزمەوە کە لەجیاتی ئەو بۆ ماوەیەکی کەم بێتە زیندان و پارەیەکی باشت بداتێ وکارێکی لێ دابمەزرێنی ...".

ئەو کەسەی کە لە جیاتی خەڵکی تر لە زیندان دەخەوێ ( 30 – 40 ) هەزار لیرە وەردەگرێ ، بۆیە ئەم کارە بەلای هەموو خەڵکەکەوە خۆشەن سەیر بکەن ئاونبارە ڕاستەقینەکە لەتوانەکە ڕزگاری دەبێ



Scanned by CamScanner

ئەوەش لەجیاتی ئەو دەچێتە زیندانەوە پارەیەکی وای دەست دەکەوێ کە خەی پێوە ئەبینێ ، بۆیە ملو خێزانەکەی بە ئاسوودەیی دەژێنێ وخۆیشی ئەوەندەی لەزیندان ئاسوودەیە لە ماڵەوە ئەوەندە ئاسوودە نابێ ، نان هەیە ئاو نابڕێ نەئاغا و نەجەندرمە ، نەترس لەحوکموت ، نە باج ، بگرە ئەمانە هەمووی حکومەت بۆی دابین دەکات ، شوێنی گەرمە لەزستاندا گیرفانی هەمیشە پڕە ، دایمە خەوتووە ، قسەی بیستراوە ئەگەر پارەی پێبێ چی ئەوێ لەوە زیاتر ؟ کاتێ کە لە زیندانەکەش بەتە دەرەوە ئەتوانێ مەڕو ماڵات ومانگاو گامێش بکڕێ و بە سەربەرزی بژی ، ئێمەی خاوەن ڕابردوو لەجیاتی کەسانی تر ئەچینە زیندانەوە بەڵام نازانین کە لەجێی کێ خەوتووین ، وپارە وەرئەگرن بەتێپەڕبوونی کات باوەڕم بەو کارە هێنا کە پیشیەکی زۆر چاکە وپارەی چاکی تیایە ، چەند باشە ، خۆزگە حوکمەت یاسایەکی وای دابنایە کە ئەم کارە ببوایە بەرسمی بەرامبەر بڕێک پارەی دیاریکراو ! بیرتانلەمەکردۆتەوە ؟ ئەو کاتە هەزاران کەسی بێکار ئەچوونە زیندانەوە و پارە وەر ئەگرن و قازانج ئەکەن و ( بێکاری لە وولاتدا نامێنێ !!! ) لەلاکیشەوە پارمەتی حوکمەت ئەدەن و ئەرکی سەرشانی کەم ئەکەنەوە ، ماوەیەکی زۆرم تەرخان کردبوو بیرم لە کارە دەکردەوە ، ماوەیچی ؟ خۆمن هەر بێئیشم دانیشتووم بەڵام ئەوەی کە گومانی تیا نیە کە حوکمەت ئەگەر وایش بکات ،هەر قازانجی خۆی لەبەر چاو ئەگرێ چۆن ؟ ئەو کەسە کە بەپێی ئەو یاسایە یەتە زیندانەوە ئەبێ نیوەی پارەکە بدات بە حوکمەت ئەو کاتە ئەڵێ تا زیندانەکان ( سێسەد یان چوار سەد ) هەزار زیندانی تیاە هەر ساڵێ بە 30 هەزار لیرە ئەژمار ئەکەن و کەرەتی ئەو ژمارە زیندانەکەی بکەو نیوەی بۆ خۆت لابەرە !! ، ڕۆژێکیان ئەم ژمێریاریەم بۆخۆشی خۆم لەسەر یەکێک لە ڕۆژنامەکان دەنووسی لەناکاو هەواڵێ سرنجی ڕاکێشام کە لەو ڕۆژنامەیەدا نووساربوو وەک شێتم لێ هات ، هەواڵی خۆ کوشتنی ڕەجائی بوو چەند داماوە ئەم ئەانی کە ئەوئەم خۆش ئەوێ خزگە ئەمردایە ، خۆشەویستی بەرەو بەولاوە وام ئەزانی کە ڕقم لێەتی بەڵام مردنی هیچ ئازیزێکم ئەوەندە کاری تێ نەکردم ، وەک مردنی ڕەجائی ، ڕۆژنامەکە هۆی خۆ کوشتنەکەی نەنووسیبوو بەڵام من زانیم چیپە ! ئەو وای ئەزانی کە ئەتوانێ فێڵ لەهەموو خەڵک بکات بەو ساختەکاریانەی ئکە ئەی کرد تاوەکو خۆی بسەلمێنێ کە کەسێکی سەرکەوتوو جیاوازە لەوان ، وای ئەزانی کە زۆر زیرەک ولێهاتووە ، تائەو ڕادەیەی هەموو جۆرە تاوانەکان بکات بێ ئەوەی دەستگیر بکرێ ، بەڵام لەیەکەم دەستگیر کردنیدا بەقایشی پانتۆڵەکەی خۆی خنکاندبوو لە ژێر زەمینی بنکەی ئاسایشەکەدا ، هەرچەندە کە بە تاوانێکی زۆر بچوک دەستگیر کرابوو ئەویش ئەوەبوو کە دۆلاری پێ بوو ! بەرگەی ئەوەی نەگرت وخۆی خنکاند ، ئەیتوانی بەئاسانی لەو تۆمەتە دەرباز ببێ ، بەڵام بەلای ئەوەوە تۆمەت ودەرباز بوونەکە گرنگ نەبوو ، سزاش گرنگ نەبوو بەڵکو متمانەی بەخۆی نەمابوو ، بۆیە وای کرد ، بەڵام دوای خۆ کوشتنەکەی زانیم کە قەت متمانەی بەخۆی نەبووە ، بۆیە هەمیشە ئەو کارانەی کردووە کەئەم هەستەی لەلا دروست بکەن ، لەسەرو ئەمەشەوە ئەم کارەی یەکەم جارە



Scanned by CamScanner

لەبەر خۆی کردوون ، هەوادارەکانی هەر خۆی بوون ، زۆر گریام رۆژگارێکی زۆر کەوتمە بیر کردنەوە لە ڕەجائی چەند کوڕێکی داخراوو بوو ، هەر بەرژەوەندی خۆی لە بەر چاو ئەگرت لە قوتابخانە ، ، بۆیە کەسمان خۆشمان نەئەویست ، دیار بوو کەهەوڵی خۆ سەلماندنی لەلای خەڵک بۆ وەڵامدانەوەیەکی ئەو دوورە پەرێزەیە بوو دوایی ،حەزی ئەکرد خەڵک هەڵبخەڵەتێنێ وەکو ئە منالە هەژارەی کەئاماژە بەئاسمان دەکات و ئەڵێ سەیر بکە ! ئەوەی تریش هیچ نابینێ ، ئەڵێ چیە ؟ ئەڵێ هیچ هەڵم خەڵەتاندیت ، هەمیشە حەزی ئەکرد کە کەسێک هەڵبەخەڵەتێنێ ، تاوەکو خۆی بەسەردا بسەلمێنێ ، شەوێکیان لەماڵی ڕەجائی بووم ئەو پارانەی لە پانتۆڵەکەم دزی بوو کە هەر خۆی دابووی بەمن ! شەوێکیان بردمی بۆ پانەیەک ولای بەرەبانگان هاتینە دەرەوە بەخۆشی هەواکە بێ دەنگیەکەوە پایسەمان دەکرد ئۆتۆمبێلێک لەبەردەماندا وەستاو پیاوێک و ئافرەتێ هاتنە دەرەوە و لێی لەناکاو ڕەجائی جێی هێشتم و بەپەلە چوو بۆ لای بەرەوڕوویان وبەشەرمەوە بەکابرای وت :

-" گەورەم دوای عەفووت لێ ئەکەم ، لە کاتتان ئەگرم ، شتێکت لێ داوا ئەکەم ئەگە ڕێم بدەیت ....؟ ".

کابرا بەسەر سوڕمانەوە وتی :

-" فەرموو .....؟!! ".

وتی :

- "ئیمە دووخوێندکاری زانکۆین تۆزێک پارەم پێ بوو یان جزادنەکەم لێ کەوتووە یان لێم دزراوە پاپۆڕەکەش بەجێ هێشتووین ناچار ئەبێ لەئوتێلێک بمێنینەوە بەڵکو یارمەتیەکمانبدە ، ڕەجائەن !! ".

کابار لە جزادنەکەیلا تۆزێک پارەی دایەو ڕەجائی سەگیش لێ وەرگرت وسوپاسی کرد بۆچی وای کرد ؟ خۆ گیرفانی پڕ بوو لە پارە بۆ ئەوە وای کرد کەهێزی هەڵخەڵتاندن تاقی بکاتەوە ئەوەندە بێ دەسەلات بوو ئەیویست هەمیشە ئەوهەستە تاقی بکاتەوە کە هاتەوە لام وتم :

-" ئەوە تۆ شەرم ناکەیت لە خۆت ...؟ چۆن ئەتوانی سواڵ بکەیت ؟ ".

کە ئەم پێ وت ڕای کردەوە بۆ لای کابرا کە خەریک بوو لەگەڵ ئافرەتەکە ئەچوونە ناو باڵەخانەکە وتی :

- " گەورەم ئەم قەرزەت ئەدەمەوە تکایە کارتێکی خۆ ناساندنم بەرێ ".

کابرایش کارتی خۆ ناساندنی دایە ، لە شوێنەکە دوورکەوتینەوە وتم :

-" پێویستیت بەوە هەیە کە ساختە لەم کابرایە بکەیت ؟؟ ".

وتی :

-" من ساختەم لێ نەکردووە ....." .

وتم :

-" ئەی ئەوە چی ناو بنێن کەواتە ...؟! ".

وتی :

-" من ئەگەری ئەوەم بەکابرای بەخشی کە هەست بە تامی خێر بکات یەکەم ... دووەمیان لەبەرچاوی ئافرەتەکەدا گەورەتر ئەبێ ئم بۆی پارمەتی دانی دوو خوێندکاری بەسەزمانی زانکۆ کەمە ؟ ئەم شەو بە ویژدانێکی ئاسوودەوە دەخەوێ چونکە خێری کردووە ، سەبینێ هەر کەسێکی بینی باس ئەو خێرەی بۆ ئەکات ، کە ئێمەی کردووە ، لە ڕاستید کابرا چاکەی لەگەڵدا نەکرددووین ، بەڵکو ئێمە چاکەمان لەگەڵ کردووە ، ئەو هەستەمان پێ بەخشیوە ... ".

وتم :

-" باشە ئەمە گرنگ نیە ، بۆچی گەڕایتەوە بۆلای کابرا داوای کارەتەکەیت کرد ...؟!! ".

وتی :

-" چونکە من ئەگەر چاکە لەگەڵ مرۆڤێک بکەم ئەبێ تەواوی بکەم ، بۆ ئەوەی کە گومان نەچێتە دڵیەوە کەهەڵمان خەڵتاندووە ، بەئاسوودەبی بخەوێ کەس هەیە بەرامبەر بەو پارە کەمە ئەوهەستە خۆشەی دەست بکەوێ کەواتەکابرا ئێستا قەرزاری منە !!! چونکە بەرامبەر ئەوە کە ئەو هەستەم پێ بەخشی کە کاری خێر بکات ، کارتەکەیم لێ وەرگرت تا ئەو قەرزە لێ بسەنمەوە تێ گەیشتی ؟؟ ".

ڕەجائی ئاوا کابرایەکی بێ نرخ بوو ، ئەیویست بەهەر جۆرێک بێ خۆی بسەلمێنێ ، چونکە متمانەی بەخۆی نەبوو ، لەو کەسانە بوو کە لەترسی تاریکی گۆرانیان دەوت ن تاوەکو دەنگی خۆیان ترسەکە لاببات ، دوایی زانیم هۆی ئەو هەموو خەفەتە چی بوو ؟ کە بۆ مردنی ڕەجائی خواردم ، تەنیا کەسێک بوو کە نزیکم بوو هەر لە زیندان ئەهاتمە دەرەوە ئەووم بۆ لای ، هەرچیم بویستایە یارمەتی ئەدام ، پشتم بوو ، بەلای منەوە جێی متمانە بوو ، کە ئەو مرد ئیتر من بەکجار بەتەنهایی مامەوە ، لەم جیهانە ، چونکە هەواڵی مردنی دایک و باوکم پێگەیشتبوو بەڵام نەم ئەزانی کە براو خوشکەکانم چیان لێ بەسەر هاتووە ! .

یەکێک لەو کەسانەی کە لە زیندان ناسیم خاوەن مەلها بوو ماوەیەکی کەم لەزینداندا بوو پارەی وەک ئاو سەرف دەکرد ، ئەبوت کاری مەلها زۆر قازانجدارە ، و دەوڵەمەندی کردووم خەڵک قسەو باسیان زۆر ئەکرد دەربارەی ئەم کابرایە بەڵام لەبەردەم خۆیدا ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت ، هەر کە لەوشوێنە نەمایەوە یەک دنیا زەمیان ئەکرد وتیان وەختی خۆی فەرمانبەر بووە ژنێکی زۆر جوانی هەبووە ئەم کابرایە هەمیشە ژنەکەی ئەبرد بۆ لای ئەو کەسە کە ئەو ناوچەیەی لەدەست دوژمن ڕزگار کردبوو ن کە ئەیبرد لەگەڵ خۆیدا ئەوێ جێی ئەهێشت وبەتەنیا ئەهاتەوە بۆیە قسەوباسی زۆر دەربارە ئەکرا !! ، ئەو پڕوپاگەندانە ئاسایی نەبوو ، حەزیشایان ئەکرد کابرا خۆی گوێی لێ بێ ، جارێکیان چوو بر لای ئەو کەسانەی ئەو قسەیان ئەکرد و وتی :



Scanned by CamScanner





-" بەڵێ ئەم قسانە ڕاستن ، من بەدەستی خۆم ژنەکەم ئەبەم بۆ لای ئەو کابرایە ، چی سەیرە لەم کارەدا ؟ ئەو کابرا پاڵەوانە شارەکەمانی ڕزگار نەکردایە دوژمنان وایان لە ژنەکەم ئەکرد !! ".

گابرا پارەیەکی چاکی لەو کارە دەست کەوتبوو ، ژنەکەی تەڵاق دابوو ، دەستی لەپیسی ژنەکەی و پاڵەوانەکە شتبوو ، پارەیەکی زۆری پێ بوو بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ئەوەندە زیاتر کردنی کردنەوەی مەلها بوو ، لە مەلهاکە دەستی بەکار کردبوو ، قازانجێکی زۆری کردبوو من وەختی خۆی پێم وتن کە ئێمە خەیاڵی زۆر ئەکەینەوە هەروەکو هۆنوراوە بێژەکان ، بەڵام ئێمە نەئەینوسینەوە نە ئەیخوێنینەوە ، بەڵکو ئێمە تیایدا دەژین منیش ئاوا خەیاڵم ئەکردەوە ،مەلهایەک لەیەکێ لەپارێزگاکانی ڕۆژهەڵات ئەکەمەوە ، پڕیاری پارە ئەکەن ؟ هەمان ڕێگە کەی سەیدا بەکار دەهێنم ، سەیدا بەر لە من بەچەندماندگێ بەر بوو ، ناونیشانیشی دامێ تا دوای بچم بۆ لای سەیدا نمی لە یاد نەکرد کەدوای دەرچوونی لەزیندان دووجار سەری لێدام ،خواردن پارە بۆ هێنام ، من ماوەیەکی کەمم مابوو تاوەکو بەربیم ، دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم منیشیان بەردا کە لە زیندان بەربووم یەکسەر چووم بۆ ری وتم ئایا ئەتوانێ کەسێکم بۆ بدۆوێتەوە کە لەجیاتی ئەو بەرامبەر برێک پارە بگەڕێمەوە ناو زیندان ؟ ئامادە بووم کە بەرامبەر برێک پارە ساڵێک یان دوو ساڵی تر لە زیندان بەسەر ببم تابتوانم دوایی کارێک دابمەزرێنم .

ا ئەگەر سەرنجی پاشازادە نایەوێ هیچ تاوانێ ئەنجام بدات یان ساختە لە کەس بکات یان کەسایتیەکی تر بنوێنێ ئەوانەی پاشازادە کردبووی بەویستی خۆی بوو ، ئەو ئەکەوێتە دوای تاوانەوە بەبێ تاوان ، یان پاڵئەنرێ تاوەکو بیکات ، لەو کەسانەیە کە کۆمەڵگا ناچاریان دەکات ، کە تاوان یان ساختە بکەن ،، چونکە هەموو ڕێگەکان داخراوە بەڕوویاندا ، تەنها یەک ڕێگەیان بەکراوەی بۆ بەجێ دەمێنێ ، کە ئەویش دەگای زیندانە کەهەمیشە لەسەر پشتە ! لەبەردەم پاشازادەشدا هیچ ڕێگە چارەیەکی تر نەبوو ، پاشازادە هەڵبژێردەکان بەدەست خۆی نەبوون تاوەکو بیریان لێ بکاتەوە ، ئایا ئارەزووی پاشازادە بەچوونە ناو زیندان لەبری کەسێکی تر بەرامبەر بەپارەیەک کە سەرمایەکی پێ دابین بکات و کارێکی پێ دەست پێبکات ،بەڵگەیە بۆئەوەی کە بەبێ ویستی خۆی تاوان دەکات ؟ سەرەتا من وام ئەزانی ئەو نایەوێ کەسایەتی کەس بنوێنێ بەڵکو ئەیەوێ بەهۆکارێکی پاکەوە بەردەوام بێ لە ژیانیدا لەبەر ئەم هۆیە کەواتە ڕازیە بە چوونە ناو زێندانەوە هەرچەندە هیچ تاوانێکی نەکردووەی ، بەڵام دوایی بەقسەیەک تێ کەوت وتی " ئێستا کەسایەتی کەسێکی تاونبارم کردە بەرم "بەڵێ ڕاستە .... ساختەیەکی تری هەڵبژارد تاکو لە ساختە کاری نەجاتی بێت ، ساختە کاری چارەنوسیەتی ، بەڵام ئەو بڕووای بەقەدەر نەبوو ، ئەو هەمیشە کۆمەڵگای تاونبار دەکرد ، کۆمەڵگا پاڵی پێوە ناوە کە ئەم کارانە بکات ، بەئاشکرا دەری نەبڕی بەڵام ئامازەی پێ دەکات چەندمانگێکە من لە خۆم ئەپرسم " بۆ چی کاری یاسایی و فەرمی تاقی نەکردۆتەوە ن وەک ئەوەی چی بۆ باس کردم



Scanned by CamScanner



گوێزە و بۆی ژماردووم ، دیار بوو کە تووڕە بوو لەوەی کە هەر تێناگەم ئەو خۆی لەسەرەتاوە ویستویەتی کە کارێکی پیاوانە بکات بۆ ژیانی بەڵام واز ناهێنن .....!! ) . وتی بڕیارم دابوو کە چی بکەم هەر کە ئەو پارەیەم دەست کەوت مەلها ئەکەمەوە ، لەو کابرایشەوە فێری ووردەکارییەکانی بووم کە لەناو زیندان لەگەڵما بوو ، کاتێ بەپارێزگاکانی ڕۆژهەلاتی وولاتدا گەڕانم مەلهای ئەوەندەی لێ نەبوو ، بەڵکو تەنها یانەی گۆرانی ووتنی لێ بوو ،بەڵام لەمەلهاکاندا پارەیەکی زۆر هەڵئەڕێژێ لە ماوەیەکی کەمدا پارەیەکی باشم دەست دەکەوێ ، پارەی زۆر پەیدا ئەک ، چونکە من بەدرێژایی ژیانم ئەم ویست چەند ئامانجێک بەدەست بهێنم ، بەڵام هەمووی بەپارە ئەکرێ ، سەیدا پەیمانی دامێ کە ئەم چاکەیم لەگەڵ بکات ...!! تاوانێک ئەخەمە ئەستۆی خۆمەوە بەڵام ناتوانم تاوێنکی گەورە بێ کە حوکمەکەی زۆربێ لەیەک دوو ساڵ زیاتر ناتوانم ، سەیدا ئەیوت ئەم کارە زۆر ئاسانە ، چونکە لە ناوچەیدا بریندار بوون کوشتن ڕوو ئەدات ، ئەتوانم لەسەر یەکێ لەم ڕووداوانە مامەڵە بکەم وا نیە ؟؟ زۆر چاوەڕێم کرد بەڵام هیچ هەلێکی ئاوانەهاتە بەردەستم سەیدا وتی :

- " زۆر شومیت ...! چونکە لێرە لە ماوەی مانگێک کەمتر بەلایەنی کەمەوە دوو ڕووداوی کوشتن ڕوو ئەدات بەڵام هەر کە تۆ ڕازی بووی بەم کارە کەس تاوان ناکات سەیرە ...!! ".

سەیدا زۆر سەری لەبەد بەختی من سوڕمابوو ، بەڵام ڕۆژێکیان لە ناکاو تاوانێک ڕووی دا تاوانێکی زۆر گەورە نەبوو ، ئەگەر دانم پیادا بنایە پارەیەکی باشم دەست دەکەوت ، بەڵام ئەبوایە ، ( 5 – 6 ) ساڵ لە زینداندا بمێنمەوە ، ئەمتوانی کە بەرگەی ئەو ماوە زۆرە بگرم وبەکارەکە ڕزای بم چۆن سەری خۆم بخەمەو ژێر لێدانی چەکوشەوە ؟ دۆسیەیەکی تری ماددەی بیهۆشکەر هەبوو کە ئەمتوانی دانی پیادا بنێم بەڵام ئەگەر ئەمەشیان بچوایە قایلەکانمانەوە ئەبووم بە تاونبارایکی تەواو بێ کەم وکوکرێ دوایی زنیم کە کەربووم کاتێ ئەوتاوانەم لە کلی خۆم نەکرد کە زیندانیەکەی ( 5 – 6 ) ساڵ بوو من هەرەکوو سەیدا وتی " بێ شانس بووم " ، چۆن بزانم کە دوای ماوەیەک حکومەت لێ بوردنێکی گشتی دەردەکات ؟ بەڵام وەک زیندانیەکی کۆن ئەبوایە بمزانیایە کە وا دەی بۆنە ڕشەسمیەکاننزیک بیوەوە و ئەو جۆرە لێبوردنانە لەلایەن حکومەت دەرئەچوو کابرایەی تر مامەڵەی کراەکەی کردبوو 300 هەزار لیرەی بەرامبەر دان پیانان وەرگرتبوو ، ئەو 300 هەزاری ئەو کاتە 300 ملیۆن لیرەی ئێستای ئەکرد ، تاوانبارە ڕاستەقینەکەش ئاغایەکی گەورە بوو هەموو ساڵی تێنەپەڕاندبوو کابرایەکی بە لێبوردنی گشتی بەربوو بوو ! بەڵام بەلای منەوە دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕووداوی تەقە لێ کردنێک ڕووی دا کە بریندار بونێکی سووکی پێوە دیار بوو کە ئەم توانی لەئەستۆی خۆمی بەرم! سوپاس بۆ خوا !! ! بەلایەنی زۆرەوە سزاکەی ساڵێک زیاتر نەبوو دوای بێنەوبەریەکی زۆر توند و پیس ڕێکەوتم لەگەڵیان کە بە 20000 لیرە تاوانەکە بگرمە ئەستۆی ، ئەوان لە ڕاستیدا پارەیەی وا زۆریان نەئەدا بەمەسەلەیەکی وا بچووک بەڵام کارەکە پێویستی بە تاوانبارێکی خێرا بوو ماوەیان





لەبەردەمدا نەبوو تا یەکێ بدۆزنەوە چونکە پۆلیس یەکسەر دەستیان کرد بەلێکۆلینەوە لەتاوانەکەدا و منیش ئەو کەسە چاوەڕوان کراوە بووم سەیدا هات بۆ ئەو ئوتێلەی کە لێی بووم بەڕاوەشاندن هێلی ستاندم ووتی :

-" باشۆ گیان ، پیرۆزە ! هەستە کاتمان نیە شکور بۆ خوا زەلامێ بریندار بووە !! ".

لەگەڵ باوکی تاوانبارەکەدا کەوتمە مامەڵە ، لەخوارەوەی ئوتێلەکە پۆلیسێک دانیشتبوو ، هەواڵ لەبنکەی ئاسایشەوە هات بۆیە کارەکەیان خێرا ئەکرد ، نەیانەتوانی لەوە درەنگتر بکەون ، چونکە بریندارەکە کوڕێ یەکێ لەپیاوە ناسراوەکان بوو ، منیش ئەمەم بە هەل زانی تاوەکو مامەڵەیەکی باش بەم وپارەیەکی ئەو گەورەترم دەست بکەوێ ، کارەکەی ەئوەی ئەهێنا چونکە زوو زوو لەدەرای زووری ئوتێیلەکە ئەدرا پاسەوان یان سەرپەرشتیاری ئوتێلەکەهات وهەواڵەکەی بنکەی ئەگەیاند : " بازوو بکەن ... ئەبێ دان پیانانەکە وەربگرین ! " ، من سوور بووم لەسەر 30000 لیرە و دانەئەبزیم ئەشترسام یەکێکی تر بدوزنەوە لەجێێ من ئەوەندە ڕەق بووم لە مامەڵەکەدا باوکی تاوانبارەکە دەستی کرد بە هاوار وتوڕبوون ، خەریک بوو دەست بەرێ بۆ چەکەکەی و بیکوشتمایە کەسێک هەبوو جێی ئەو بگرێتەوە کاتێ کە وای کرد فشم دایەوە بە 20000 لیرە ڕازی بووم ، چەکەکەیان دامێ وفێریان کردم بڵێم تەقەم لەو کابرایە کردووە هەرچەند من نایناسم ،بردیانم بۆ ئەوبانەیە کە کارەکەی ڕوویداوە تیایدا زۆر چاک فێریان کردم کە چۆن قسەکانم بکەم لە ڕاستیدا نابێ ڕۆڵێ پۆلیس لەیاد بکەم کە زۆر شتیان پێوەنا دەست خۆشیان لێ ئەکەم خوا تەمەنیان درێژ بکات !!! چووین بۆ بنکەی و لەوێ دانم بە تاوانەکەمدا نا ، پۆلیسەکان خۆیان هەڵەکانیان چاک دەکردەوە !! ئەیان وت " نەء .... بیرت چوو و بڵێی کە فلان و فیسار شت چۆنە وچی کراوە ؟ هەوڵ بدە وا بڵێ باشترە ، نەء ... وا مەڵێ و بڵێ ئەمەیان باشترە !!! ".

چوومە زیندانەوە باوکی تاونبارەکە پارێزەری بۆ دابین کردم ودادگا دەستی پێ کرد شایەتەکانیان بانگ کرد لەوێ ، ئەوانیش وتیان کەمنیان بینیوە فیشکەم ناوە بە کابراوە ، دادوەر پرسیاری هۆکەی لێ کردم وتم کەسمان یەکترمان نەئەناسی بەڵام بێ هودە دەمە بۆڵەمان بوو ، دیار بوو کە هەردوکمان زۆر سەرخۆش بووین ،هەردوکمان مەردیی خۆمان لەبەردەم یەکتردا تاقی کردەوە دەنگمان لەیەک بەرزکردەوەو و جوێنمانبەیەک دا ، منیش دەمانچکەم دەرهێنا و تەقەم لێکرد ، شایەتکانیش هەمان قسەیان کرد ... ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو کە ئەڵێن من تەقەم لێکردبوو هەمان شتی گێڕایەوە بۆ دادگا بردیان بۆ نەخۆشخانە و بە تەواوی چاک بۆوەو لەداواکەی پاشگەز بۆوە ،بەڵام دادگا مافی گشتی هەر بەسەردا سەپاندم ، لە سەیدام پرسی کەئایا بۆچی کابرای بریندار ڕاستیەکەی نەوت و شاردیەوە ؟ وتی :



Scanned by CamScanner

-" باشـــــۆ گیـــــان دوایـــــی هـــــەموو ئەمانـــــە تێدەگـــــەیت ... ".

ئەتووت ئێمەی تاوانبار و شایەتەکان لە شانۆگەریەک ڕۆڵ ئەبینین ، هەستم ئەکرد کە پۆلیس و دادوەر وهەموو ئەوانەی کە لە دادگادا بوون ڕاستیەکە ئەزانن چییە ؟ ، هەروەک پۆلیسی بنکەکە بەڵام ناتوانن ئەم گەمەیە تێک بدەن وئاشکرای بکەن بەتایبەت کە درۆکە زۆر جوان بوو و داپۆشرابوو ، شایەتەکان و ڕاپۆرتی پۆلیس و کابرای برینداریش خۆی ، باوکی تاوانبارەکە ئەو برەپارەیەی ئەدا کە ڕێکەوتبووین لەیەری کاتی دادگایەکە زۆر ئەترسام پاشگەز بووبێتەوە ،لە پەیمانەکەی دوای ئەوەی کە ڕەوانەی زیندان کرام کاتێ کە ئەم تترس ودڵە ڕاوکێم بۆ سەیدا دەربڕی دڵنیایی کردمەوە داوای کرد کە نەترسم ، وتی ئەو کەسانە زۆر پیاون ولەقسەی خۆیان پاشگەز نابنەوە لەم ناوچەیەدا ، چونکە ئەگەر متمانەیان نەمێنێ کەس نادۆزنەوە بۆ تاوانەکانی تریان بەدڵنیایەوە تاوانی تریان لێ ئەوەشێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەبێ خاوەنی قسەی خۆیان بن ، منی داماو کە هەموو تەمەنم لەزیندان بردبووە سەر زۆر شارەزایی حوکم وسزای ئەم جۆرە تاوانانە بووم چاوەڕێ بووم کە ئەو پەری ساڵێک حوکم بدرێم ڕزگارم بێ لەزیندان بەڵام سزاکە شازدە مانگ بوو ئەو پیاوەش کە تۆمەتەکەیم لەجیاتی گرتە ئەستۆ ئ ، ئاغایەتی خۆی نواندوە 5000 لیرەی زیاتری دامێ وەک ئەوەی کە ڕێکەووتبووین لەسەری لەو ڕۆژەدا حوکمەکە جێبەجێ بوو 25000 لیرە دامێ دوای ئەوە دەرکەوت کە زۆر بێ شانس نیم وەک سەیدا وای ئەزانی چونکە کەسەی کەمن دانم بەوەدانا بوو کە برینداریم کردووە چەقۆی لەوکەسدا دابوو کە من ئەگەر بەر لەدوو ڕۆژ لەدەرچونی حوکمەکە بمردایە ئەو پارەیەیشم لەدەست ئەچوو 1 ئەچوومە ناو زیندانەوە بەدەستی بەتاڵ و باجی تاوانێکم ئەدا کە نەمکردووە !! بیرم کردەوە وتم لەوانەیە کابرا چاوەڕێی کردبێ تا تاونبارەکە پارەکەم بداتێ چونکە لام سەیر بوو کابرای بریندار وتی کە من بریندارم کردووە ، هەرچەندە یەکترمان نەئەناسی ، ویستی بەدەستی خۆی تۆڵە لەو کەسە بکاتەوە کە برینداری کردووە چونکە ساڵێک زیندانی بەلاوە کەم بوو ، دای نابوو کە بیکوژێتەوە بۆیە نەی هێشت بچێتە زیندانەوە زۆر ئەستەم ئەبێ بۆی کە کە دوژمنەکەی لە زینداندا بێ بتوانێ تۆڵەی لێ بکاتەوە دوای ئەوە وەک ئەوەی بیستبووم ئەو کابرایە کە گوایا بریندارم کردووە کارەکانی زۆرباش ڕێک خستبوو ، پێش ئەوەی تاوانەکە بکات و ئەو کەسە بکوژێتەوە کە بەڕاستی برینداری کردوە کابرایەکی لەگەڵ خۆی بردبوو کە تاوانەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی ، کاتێ کەهەلیان بۆ هەڵکەوتبوو و تاوانبارەکەیان بینبوو ، بە چەقۆ لە وورگی دا بوو پاشان چەقۆ خوێناویەکی دابوویە دەست ئەوکەسەی کە تاوانەکە ئەخاتە ئەستۆی خۆی بەڵام ئەوەی لێ تێ نەئەگەیشتم ئەوە بوو کە لە چەند ناوچەیەکی شارۆچکەکەی خۆمان پیاو کوژی بەکرێ گیراویان بەکار دەهێنران ، دۆزینەوەیان لە هەموو کارێ ئاسان و هەرزانترە ، بۆچی ئەمانیش ئەو جۆرە کەسانە نادۆزنەوە وخۆیان دەستی خۆیان پیس دەکەن دوای

تاوانەکە ئینجا بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن ، کەپارەیەکی باشی بدەنێ وخۆی بکات بەتاوانبار ؟ کە پرسیاری ئەمەم لە سەیدا کرد وتی :

-" تۆڵە هەر ئەوەنیە کە دوژمنەکەت بکوژیتەوە ، بەڵکو دەبێ بەدەستی خۆت بیکوژیتەوە ، و هەست بەگەرمی خوێنەکەی بکەیت لە نێو پەنجەکانت تاکو دامرکێتەوە ، هەندێک بەو کوشتنەش واز ناهێنێ بەڵکو بەلەپی دەستی لەخوێنەکەی دەخواتەوە تاوەکو هەست بکات کە تۆڵەکەی بەتەواوی لێ کردۆتەوە ئەگەر دوژمنەکەی بەشێوەکی ئاسایی بمرێ ن یان کەسێکی تر بیکوژێ ئەوا هەرگیز ئەو ئاگرە دانامرکێتەوە ".

بۆ دووەم جاریش بەخت لەومەسەلەیەدا بە پێکەنیەوە بە ڕووما ، دوای چەندمانگێک لە چوونە ناو زیندانم لێبوردنێکی گشتی دەرکرا بۆ یەکەم جار بەپارەیەکی زۆرەوە هاتمەوە دەرەوە لەزیندان ، جاران بەپارەیەکی زۆرەوە ئەچوومە ناو زیندان وبە دەستی بەتاڵ ئەهاتمەوە دەرەوە ، هەموو ڕێ وشوێنێکم گرتە بەر تاوەکو مەلها کە بکەمەوە ن پێش هەمووشتێ شوێنە باشەکانم دیاری کرد بۆ ئەوکارە لەو پارێزگایە شوێنێکی فراوانم ئەوێ لەلایەکەوە کرێ کەیش هەرزان بێ لەلایەکی ترەوە شوێن زۆرە بەلاّم نایدەن ئەگەر بزانن بۆ مەلها دانانە لە شوێنێکی قەرەباڵغی شارەکە دام نەنا ، بەڵکو لەدەرەوەی شار ئامانج قازانج کردن چونکە هەروەک لەزینداندا بیستبووم ئەو 25000 لیرەبەبەدەستمەوەیە دوای ماوەیەک ئەبێ بە 100000 و 200000 لیرە ، کارم زۆر کرد و هەوڵ زۆر دا هیلاک بووم بەلاّم لە کۆتاییدا مەلهاکەم کردەوە و بەهەزار حاڵ توانیم مۆڵەتی بۆ وەربگرم ئەم ویست مەلهایەک بکەمەوە کە فەرمانبەرانی ئەو پارێزگایە و شارۆچکەکانی دەروبەری و تەنانەت پارێزگا نزیکەکانیش کاتێکی خۆشی تیا بەسەر ببەن ، بەلاّم ناتوانم بڵێم کە زۆر سەرکەوتووبوم لەم کارەدا بەتەواوی لەگەڵ تیپێکی مۆسیقادا گرێ بەستم کرد کە مۆسیقای تورکیا ئەژنێ سێ ئافرەتی گۆرانی بێژم هێنا و دووسەماکەریش لە کۆمپانیایەک کاریان ئەکرد کەتەنها کاری ئەو شتەیە !! چوار ئافرەتیشم بەکرێ گرت تاوەکو لەگەڵ پیاوە تەنیاکاندا دابنیشن کە ڕوو لەوێ دەکەن ، ئەم چوار ئافرەتەم لە یەکێ لە پارێزگا ڕۆژئاوایەکیان دۆزییەوە ، هەموو کارەکان تەواو بوون ، ڕۆژی دواتر مەلهاکەم کردەوە سەیدا لەگەڵ کابرایەکدا هات کە لە دادگا کاری دەکرد وتی " ئەم کابرایە لە دادگا فەرمانبەرێکی زۆر چست وچالاک بوو ، بەلاّم بەرتیل خۆری وەکو خۆیشی نیە لەدنیایە ئەوەندەی پارە پەیدا کردبوو ، لەو کارە بۆیە نەیانتوانیوە بوو کە بەو تۆمەتە دەری بکەن ، بەڵکو بەهۆی سەرخۆشی و زیادەڕەوی لەخواردنەوەدا ، بۆیە توانیان دەری بکەن ، شەو تا بەیانی ئەیخواردەوە نیوەڕۆ ئەچوو بۆ کارەکەی و لەوێ تا ئێوارە ئەنووست بۆیە دەریان کرد ،بەلاّم ئەم دەرکردنەی خێری پێوە بوو بۆ ئەو چونکە بەپارەی بەرتیل گەورەترین نوسینگەی پارێزەری لەناو جەرگەی شارەدا کردەوە کاری لە بەدواچوونی سکالاّکاندا دەکرد ، ئەو سەردەمە لەوشارەدا تەنها یەک پارێزەر هەبوو زۆر بە تەمەن بوو لە پاشاندا

دوو پارێزەری تر نوسینگەیان دامەزراند بەڵام کاریان وەکو کاری کابرای سەرخۆش نەبوو ئەو ئەوەندە شارەزابوو لە کارەکەیدا کەس نەیوو بتوانێ شان لە شانی بدات ، کارەکانی ئەوەندە زۆر بوون لە توانادا نەما وەک بەزەیی هاتنەوەیەکیش زۆر جار نیوەی کارەکانی رەوانەی ئەودوو پارێزەرە گەنجەکە ئەکرد ، کەبێ ئیش هەرچایان ئەخواردەوە هەم خۆیشی پشویەکی بەلاشە ومێشکی خۆیشی ئەداتاوەکو زیاتر کار بکات ، پارەیەکی یەکجار زۆری دەست دەکەوت بە رادەیەک کەبە ئافرەت و خواردنەوەش تەواو نەدەبوو ، مەلها نەمابوو لە توورکیا ئەم کابرایە سەری پیا نەکردبێ ".

سەیدا هێنای بۆ لام تاوەکو تۆزێک ئامۆژگاریم بکات لەم مەسەلەی کارەکەمدا چونکە بەهۆی پارە خەرج کردنەوە وسەردانی مەلهاکان شارەزایشی لەوەدا هەبوو ! بەناو مەلهاکەمدا جوان گەڕا ، جوان پشکنی و زۆر سەری سوڕما وتی :

-" پیروزبایت لێ ئەکەم ، ئەمە مەلهایە ، بەڕاستی مەلها لەمە باشتر نابێ ، هەرگیز !! ".

بەڵام لە ناکاو وەکو ئەوەی بیری شتێکی کەوتبێتەوە وەستا و ئاورێکی دایەوە و بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە و بەرقیەکەوە وتی :

-" نا .... تەواو نیە ! شتێکی زۆر گرنگت بیرچووە ! کەم و کورتی هەیە ؟ کوا ئەتاتورک ؟ ".

لەمەبەستی تێنەگەیشتم بەڵام ئەو بەشێوەیەکی دووبارە هاواری ئەکرد ئەیوت :

- " کوا ئەتاتورک ؟ کوا ئەتاتورک .......؟؟!!! ".

ئەوەنە بەتورپیەوە وتی تا وام زانی کە تاوانبارم و لەبەردەم دادوەر وەستاوم ئەم کابرایە ئەڵێ چی ؟ ئەتاتورک 20 ساڵ زیاترە مردووە ، کاری بەم شوێنە چییە ؟ وتم لەوانەیە هێشتا سەر خۆش بێ و وڕێنە بکات ، وتم :

-" لێت تێ ناگەم ...!! ".

وتی :

-" بۆچی تێ ناگەی ..؟! تۆ یانەی شەوانەت نەکردوتەوە ؟ ".

وتم :

-" با ....!! ".

وتی :

- " تۆ تورک نیت ..؟؟ ئەتاتورکت خۆش ناوێت ؟ " .

لە دڵی خۆمدا وتم ئەم باوکەرۆ خەریکە قورم بۆ ئەگرێتەوە !! وتی :

-" قسە بکە .! تۆ ئەتا تورکی نیت .؟؟ باجارێ ئەوە بزانم ! ".

سەرم زۆر سوڕما وتم :

- " ئەمە مانای چیە ...؟!! هەمووومان لەخوا بەزیاد بێ ئەتا تورکین کەس هەیە ئەتا تورکی نەبێ ؟؟ ".

وتی :

-" تۆ ئەڵێی ئەتاتورکیم وتورکیام خۆش دەوێ ؟! کوا پەیەکەی ئەتا تورک ؟ کوا ؟!! ئەمە چۆن ئەتا تورکێکیت ؟ زۆرترسام لەکابرا ".

وتم دیارە پارەی ئەیەوێ بەرتیلی بدەمێ بەکابرام وت :

-" گەورەم ئێرە کۆشکی کۆماری نیە تاوەکو پەیکەی ئەتاتورکی لێ دابنێم ! ".

وتی :

-" باشتر .. باشترە ئەگەر پەیکەری ئەتاتورکی دابنێت پەیکەرێکی تەواویش نەبێ بەڵکو نیوە پەیکەرێک بێ ... هەرئەوەندە بەسەکە سەرێکی لەت کراوی ئەتاتورک بێ !!!! لە شوێنێکی بەرز دای بنێ ، خۆت و یانەکەت ئەپارێزێ ، هەروەک چۆن وەختی خۆی ئەتاتورک ئەم وڵاتەی پاراست و بەرگری لێ کرد ، ئاوا یانەکەشت ئەپارێزێ برا !! ".

لەمەبەستی تێ گەیشتم بەڵام نازانم بەئەنقەست بوو یان نەی ئەوت نیوە پەیکەرێک ئەیوت ، سەرێکی لەت کراو نیوە سەر ، کە ئەمەی وت ئەتوت چەقۆ ئەکەن بەدڵی دا ، ئاگر لەچاوی ئەهاتە دەرەوە دیار بوو کابرا دوژمنی ئەتاتورک بوو !! وتی :

-" سەرێکی لەت کراویش بەس نیە ، لە هەموو دیوارەکانیشدا وێنەکەی هەڵواسە !! ".

دیار بوو کابرا ناهەقی نەبوو ، هەرچەند ڕقیشی لە ئەتا تورک بوو چونکە بۆ ڕۆژی دواتر یانەکەم ئەکردەوە وپارێزگارم بانگ کردبوو ، لەگەڵ بەڕێوبەری ئاسایش وئەفسەری سوپا وبەرپرسەکان و پیاوە گەورەکانی شار تاوەکو شەوی کردنەوەی‌میوان بن کارتی بانگهێشتم بۆ نووسین و بۆم ناردن بەشێوەیەکی زۆر جوان و ڕێک وپێک بیری قسەکانی کابراشم هەر هەبوو کە ئەیوت " من پێم وتی ... ئیتر خۆت بەرپرسیاری چونکە بەرژەوەندیت لەوەدا نیە کە مەلهایە لەتە سەرێکی ئەتاتورک بکەیتەوە " ترسم لە ناخ نیشت لە هەمو شارە گەورەکاندا گەڕام نیوەسەرێکی ئەتاتورک نەبوو بۆ فرۆشتن ئەمزانی کابرا دوژمنی ئەتاتورکە بەڵام لەوانەیە حەز بکات بگێرێم بە تۆمەتی نەبوونی پەیکەری ئەتاتورک لەمەلهاکەماندا تاوەکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاسوودە بێ و خەڵک بڵێ کە ئەتاتورک دوژمنیشی هەیە بێ ئەوەی کە بیڵێ !! یەکێ: پێ وتم کە لەو شارەی بە تەنیشتمانەوەیە سەری ئەتاتورک ئەفرۆشم بەڵام ڕۆیشتن بۆ ئەوێ وکڕینی وهێنانی 3 ڕۆژی ئەوێ منیش ناچارم کەسبەیێ مەلها بکەمەوە !! ، دوای گەڕانێکی باش لەیەکێ لە یانەکان پەیکەرێکی نیوەیی ئەتاتورکمان دۆزییەوە بەقەبارەی لەپی دەست ئەبوو کابرا لەسەر دیوارێکی دانابوو ، لە ڕاستیدا ئەو پیکەرە هەرگیز لە ئەتاتورک نەئەچوو ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کەپەیکەرەکەی خەڵکی ناسراوی تر لەو شوێنەدا دانانرێ ، جگە لەئەتاتورک خەڵکیش ئەزانن کە ئەبێ لەویادا پەیکەرەکەی ئەو هەبێ ، ئەگەر لەویش نەچێ ، بۆیە سەیری ئەو شوێنە ئەکەن بەکابرام وت کە دوو پیاوم ناردووە بۆ شارەکەی تر تاوەکو پەیکەری



Scanned by CamScanner





ئەتاتورکم بۆ بهێنن بەڵام ئەم کارە دوو شەوی پێ ئەچێ بەلایەنی کەمەوە بۆیە تکام لێ کرد کە بەس تەنها بۆ شەوێ یان دوو شەو ئەو پەیکەرەم بداتێ و کارم ڕایی بێ ! وتی :

-" نایدەم ...".

زۆر لێ پاڕامەوە سوودی نەبوو وتی :

-" وەک ئەوە وایە کە خاونی ئۆتۆمبێلێک بم و تۆ بڵێی کە تایەکم بدەرێ !! چۆن ئەتوانی ئۆتۆمبیلەکە لێ خوڕی بەبێ تایە ؟؟ ".

وتم :

-" براکەم وا مەڵێ ! وای دانێ کەئەمە پارمەتیە سەیارەکە بەبێ تایە ناڕوات بەڵام پانەکەت وا نیە بۆ شەوێ یان دوو شەو هەر کاری ئەڕوات بەڕێوە باسەری ئەتاتورکیشت لا نەبێ کاکە !! ".

وتی :

-" باشە ئەمە هەموو عەقڵتە ..؟؟ بۆچی شوێنەکەی من بێ ئەتاتورک کاری ئەڕوات بەڕێوە ئەوەی تۆ بێ ئەتاتورک ناڕوات ..؟! ئەگەر بەم بیرکردنەوەیە پانەکەت کردۆتەوە زۆر ئەستەمە بگەیتە ئامانج و مەبەست !! ".

مشت و مڕەکەمان زۆر بوو لەنێوانمادا من ئەمزانی کە ئەبێ لە کۆتاییدا هەرچۆنێک بێ بەکرێ بۆ دووشەو ئەو پەیکەرەی لێ بسنێن ، هەرچەندە لە ئەتاتورکیش نەئەچوو ، وچونکە کەسی تر نەبوو جگە لەو ئەو پەیکەرەی لا بێ ، پەیکەرێک نەبوو لە ئەتاتورکیش بچێ گرنگ لەکۆتاییدا توانیمان بەکرێ لێی وەربگرین لە کابرا بەهۆی ناسیاوەکانی سەیدا ، دیار بوو کابرا ئەم بێنەو بەردەیەی بۆ ئەوە بوو کە نرخی کرێکە بەرز بکاتەوە ، سەری ئەتاتورکم بەکرێ وەرگرت کە بەقەبارەی لەپی دەستێک بوو لەگەچ دروستکرابوو بۆیەک شەو بە 100 لیرە دایبونێ ، لە شوێنێکی بەرز دام نابوو ، خەڵک ببینێ شەو مەلهاکەم کردەوە پارەم پێ نەمابوو ، قەرزیشم کردبوو ، بەڵام هەر هیوامم پڕبوو لە گەشبینی ، دڵنیا بووم کە قازانج ئەکەم قازانجێکی زۆر ئەکەم ودەوڵەمەند ئەبم ! .

پاشـازادە کـە ئـەم دێـڕەی کۆتـایی دەوت ، زۆر بەیـژی و بـەک لاکـەرەوە ئـەیوت قـازانج ئەکـەم ودەوڵەمەند ئەبم ! بواری بە سەر سوڕمان نەئەدا بەرامبەر بەرنگاری و دانەڕووخان کاتێ کەدەستی بەقسەکردن کرد بۆم ، بەتایبەت لەسەرتاد کە زۆر وێران و ڕوخاوبوو ، بەتایبەت کەلە قوتابخانە دەرکرا بەورەیەکی زۆر بەرزەوە هەمیشە ئەیوت " قازانج ئەکەم و دەوڵەمەند ئەبم ، ئەبمە خاوەنی ئەم باڵەخانە گەورانە " وتی کە ڕاپۆرتی پزیشکی وەرگرتووە لەسەر ئەوەی کە ڕۆڵی شێتی نواندوە تاوەکو ڕزگاری بێ لە شێتخانە ، من بڕوام هەیە کە تووشی نەخۆشی دەوڵەمەندبوون بوبێ ، بەڵام ڕاستیەکەی لە کوێ دایە؟ پاشازادە شێتە ؟ یان ڕۆڵێ شێت دەبینێ ؟ کاتێ ئەیوت قازانج ئەکەم و

دەوڵەمەند ئەبم داتی جێر ئەکردەوە گڕ لە چاوی ئەباری ودەم وچاوی گرژ ئەبوون و ڕەش دا ئەگیرسا و چاوی ئەهاتە دەرەوە ، هەرچییەک بێ پاشازادە  نەخۆشی دەوڵەمەندی بوونی هەبێ یان تاونبارێکی خاوەن دۆسیە و ڕابردوو بێ یان داماوێک بێ گومان کە کۆمەڵگا هەمیشە بەرەو ئەو ڕێگەیە پاڵ پێوە ئەنێ ، ڕاستگۆ بێ یان درۆزن ، کابرایەکی ئاسایی نیە .... مەلهاکە  شەوی یەکەم پڕبوو لە خەڵک هەرچەندە پیاوە گەورەکان نەهاتن کە داوەتم کردبوون  بەڵام هەر لەیەکەم سەعاتەوە پڕ بوو لەخەڵک کەس نەمابوو نەیێت ، سەیدا وتی :

-" ئەوان ئایەن زەرەریشی نیە ئەمە هاتنیان گرنگ نیە بەڵام چاکت کرد کە داوەتت کردن ، هیچ نەبێ تێئەگەن  کە ڕێزت گرتوون ، ڕۆژێک یەت سوودیان ئەبێ بۆت ، هەر ئەوەندە بەسە کە ناو شوێنت بزانن ئەوە گرنگە ، " .

دوای سێ ڕۆژ بەسەیارە دوو پەیکەر  نیوەی ئەتاتورک هات زۆر زل بوون ، و دوانەکەم لە شوێنێکی زۆر بەرز وباش و دیار دانا کەخەڵک بتوانێ ببینێ کارەکەم زۆر بەباشی بەڕێوە چوو ن دوای دوو ئافرەتی تریشم  کرد چونکە خەڵکەکە زۆر بوون بەشیان نەئەکردن بەم شێوەیە زوو زۆر بەخێرایی دەوڵەمەند ئەبووم ، بەڵێ پارەیەکی باشم قازنج ئەکرد ئەگەر بیان هێشتایە ، نەیان هێشت ؟ بۆ ؟ کێ ؟ شەوێکیان وا بزانم پێنجەم یان شەشەم  شەوبوو کە مەلهاکەم کردبوویەوە دوای نیوە شەو شەڕێکی زۆر گەورە ڕووی دا  هۆی شەڕەکەم نەزانی  مەلهاکەیان سەرەو ژێر کرد ، هەرچی کورسی وقاپ و مێز و چەقۆ چەتاڵ وکەچومک بوو بە ئاسماندا فڕشی ئافرەتەکان دەستیان کرد بە هاوار کردن پاکە باش مەرجی ئەوەی دانبوو کە تەلەفونێ لێ لەوێ منیش خەتێکی تەلەفونم ڕاکێشابوو ، ڕام کرد بەرەو تەلەفونەکە تەلەفونم بۆ بنکەی پۆلیس کرد بۆ پارێزگا ، بۆ شارەوانی بۆ هەر شوێنێ کە بە خەیاڵما هات وتم " فریام کەون خوێن بەرەدەم خەڵکا ڕژاوە مەلهاکەیان وێران کرد فریام کەوت " کەس نەهات هاوارم ئەکرد " لێبوومەوە مەلهاکە بووە بەشوێنی جەنگ فیشەک ئەتەقی دیوار و دەرگا ،کون کون بووە بەفیشەک هیچمان  نەما فریامان بکەون ! "  ئەیان وت :

-" وا هاتین ... ئێستا بەپەلە ... دوای توزێک لەوێین ... خەمت نەبێ ..." .

چاوەڕێی هاتنیان بووم ئەمە گەر بێت !! شەڕکەرەکان جیا بوونەوە لەیەک  خۆیان وازیان هێنا ؟ یان یەکێ ناوبژی کردن ؟ یان ئەوەی ڕێکرد ئەوەیش کەمایەوە مایەوە ؟ گرنگ ئەو شەڕەی کەنزیکەی کات ژمێرێکی پێ چوو تەواو بوو ، بەڵێ شەڕەکە تەواو بوو بەڵام مەلهاکە ببوو بە مەیدانی جەنگ هەرشتێ کە ئەگەری شکانی هەبوو شکا ، قاپ و شوشە و پەرداخ و پەنجەرە  بریندارەکانیان بردە دەرەوە و شەڕەکەرەکانیان کردە دەرەوە وسەرخۆشەکانیان فڕێ دا و خەڵکەکەش دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی شوێنەکە کورسیە شکاوەکانیان کۆکردەوە ، کورسیە شکاوەکانیان کۆ کردەوە و مێزەکانیان هەڵگێڕایەوە  ئینجا پۆلیس هاتن ( سوپاس بۆ خوا ) !!! وتیان :



Scanned by CamScanner

-" چی بووە ؟ چی ڕوویداوە؟ ".

ئەه برا ڕۆ هێشتا ئەوان ئەپرسن ... ئەمزانی ئەبێ چۆن وەلامیان بدمەوە بەلا/ ئەو کاتە ئەیان خستمە ناو زیندانەوە بەتۆمەتی گاڵتە کردن بە پۆلیس نازانم کە دوای ئەو شەڕە بوو ڕاهاتن یان ڕێگەیان بۆ خۆش بوو ؟ چونکە هەر چوار پێنج شەو جارێک شەڕێک ڕووی ئەدا شت ئەشکا وشوێن وێران ئەبوو ، دیسان مێزو کورسی و پەنجەرە پەرداخ و قاپ و دارو بەرد هەموویان ئەشکان ، منیش وەک هەموو جارێ پەیوەندیم بەئاسایش و پۆلیس لێپرسراوەکان ئەکردەوە ئەیان وت " وا هاتین ، ئێستا بەپەلە ... دوای تۆزێک لەوێ ئەبین ... باشە خەریک بوو شێت ئەبووم ئەتووت بەخەڵک ڕائەبووێرن ، ئەوە بەس نەبوو کەبەسەرمدا هات پۆلیسەکانیش تا بەرەبەیان دائەنیشتن و ئەیانخوارد و ئەیانخواردەوە و مەشروب و مەزەیان داوایان ئەکرد کە تیپەکە دەست بکات بەمۆسیقا لێ دان ئافرەت سەما بکات وکە ئەڕۆیشت پارەیان نەئەدا ، ناکرێ بەرەی هەموو زەرەرە بگیرێ ، پێش ئەوەی بڕیارم بدەم کە یانەکە دابخەم یان نا ، زۆر دانیشتم حیسابی زەرەرو قازانجم ئەکرد بینیم لەسەرو ئەوەی کە ئەم هەموو شکان و زەرەرە و هەڵگێڕانەوەیە کەچی هێشتا مەلهاکە هەر قازانجی دەکرد ، ! سەیری ئەو بەرەکەتە بکەن بەسەر ئەم یانەیدا مندا باریوە ! کەبینیم هەر قازانج ئەکەم ڕام لەداخستنی گۆڕی بەلام ئەبوایە ڕێگە چارەیەکم بدۆزیاتەوە سەیدا وتی :

-" کوڕم تۆ ووردەکاریی ئەم کارە نازانی .... ئەبێ چەند کەسێکی بەناوبانگ بەکرێ بگری کەڕێ لەشەڕکەرەکان بگرن و کاری ئاژاوە گێڕەی ڕوو نەدات ئەگەر یەکێ وورتەی کرد بیکاتە دەرەوە ! ".

شتێکی باش بوو پرسیارمان کرد کابرایەکی بەناوبانگمان دۆزییەوە لەسەر کرێ ساڵێ ڕێکەوتن لەگەڵی ئەویش 6 پیاوی لەگەڵ خۆی هێنا و لە یانەکە دانیشتن ، من وام دانابوو ئەوەی ئەمان ڕێ نەدەن شەڕ دروست بێ ئەوەندەیان ئەخواردەوە کە بەدوای ئەوەدا سەرخۆش ئەبوون و شەڕیان لەگەڵ خەڵکەکە یان لەنێوان خۆیاندا دەکرد دەگمەن بوو شەوێک بەبێ شەڕ تێ پەڕ بێ ، ئەم جارەیان بۆ پیاوەکانی خۆم بانگی پۆلیسم دەکرد هەرچەندە مەلهاکە قازنجی ئەکرد ، قینم لەکارکردن تیایدا هەڵسا بڕیارمدا بیفرۆشم ، شارەکە بەجێ بهێڵم ، بۆیە بەدوای کەسێکدا ئەگەڕام کە بیکڕێ ئەو ڕۆژەش شەڕێکی گەورە ڕووی دا چی لەمەلهاکەدا بوو شکاندیان تەنانەت پەیکەرەکەی ئەتاتورکیش بەهەموو لایەکدا بڵاوبوویەوە لوت چاو گوێ و قەت بینیوتانە لە تورکیا ئەتاتورک بشکێ ئەوەندە ڕاهاتبووم بەم پەیکەرە وام زانی سەرێکی ڕاستیە کە کەوت بە زەیدا بوو بە پارچە ، هەرچەند ئەمزانی کە پۆلیس یەن و تا بەیانی دا ئەنیشن بەلام هەر بانگم کردن ، شەڕکەرەمان هێوربوونەوە دوای ماوەیەک پۆلیس هات ئەم جارەیان زۆر زیاتر بوون خەڵکەکەی لای من شوێنەکەیان پاک ئەکردەوە پۆلیسەکان وەک هەموو جارێ بۆی دانیشتن یەکێکیان بانگی شاگردەکەی کرد ، لەو کاتەدا ڕووی کردە پەیکەرە شکاوەکە بەرەو پیری چوو جوان لێی وورد بۆوە و دەستی کرد بە هاوار و ئەیکێشا بە ڕێدا ئەبووت :



Scanned by CamScanner



-" ئەمە چییە ؟ قوڕ بەسەرم ... ئەمە ئەتاتورکە ...؟ وەی ڕۆ ئەتاتورکم ڕۆ ؟!!؟ " .

وتم :

-" بەڵێ ئەتاتورکە ... " .

پۆلیسەکان دەستیان کرد بە هاوار و گریان :

- " گەورەم ....... گەورەم ئەتاتورک ، ئەتا تورک ... ئەتاتورکیان تێک شکان !!! ".

کابرای بەڕێوبەری پۆلیس و هەموو پاسەوانەکان وئەفسەری پۆلیسەکان هاتنە لای پەیکەرەکە کەتووەکەی ئەتاتورک لەسەر

زەوی و هاواری کرد :

-" وای ... کێ ئەم پەیکەرەی شکان ؟ چ دوژمینێکی ئەتاتورک وای یکرد ؟!! ".

وتم :

-" کەسم نەبینی کاتێ شکێنرا ... " .

هەموو هەر هاواریان بوو " وەی ڕۆ ... ئەتاتورک ڕۆ ....!!! ".

نە نانیان خوارد نە ئاو نە دانیشتن هەموو ئافەرت و پێژەرکان و تیپە مۆسیقاکە و خزمەتگوزارەکانیان کۆکردەوە وبردیانن بۆ بنکەی پۆلیس ولێکوڵنەوە یان لەگەڵدا کردن منیش لەوێ بووم ، خۆزگە بنکەکەتان دەبینی ئەو ساتە ! کاری وای بەخۆیەوە نەبینوە لەوەتەی دامەزراوە ، کارێکیان کرد چ کارێ ...! یەکێ ڕانەکا بۆ ئەملا و یەکێ ئەولا و چاپەمەنی ناوەستێ تەلەفون بێدەنگ نابێ هەوڵ لە نێوانیان ونێوان پارێزگا بەردەوامە ، پاسەوانەکان زوو زوو خەڵکەکانی منیان ئەهێنایەوە بۆ لێکوڵینەوە کارێکیان کرد کە ئەگەر بەس سەیریشیان بکەی سەرت گێژ ئەخوات وای چیان کرد ؟!! ئەو شەوە دوای ئەم ڕووداوە پەیکەرێکی تری ئەتاتورکم دانا لەجێی ئەوەی شکاندیان ، کاتێ کە ئەو گوێ پێدانەی پیاوانی ئاسایشم بینی بەو پەیکەرە شکاوە زانیم ئەبێ چی بکەم ، لەگەڵ دەست پێکردنی هەر شەڕێک بە پەنجەیەک پەیکەرەیکی ئەتاتورکم فڕێ ئەدا بێ ئەوەی کەس بمبینێ لەوانەی لەوێن ، پەیکەرکەم دا بەزەیدا وشکاندم ڕام کرد بەرەو تەلەفونەکە :

-" ئەلو ... بنکەیە ؟ ئێرە یانەی کۆمارییە ، پەیکەرەکەی ئەتاتورکیان شکاند فریام کەون ...!!! ".

هەرئەوەندەم وت ووشەی ترم بۆ زیاد نەکرد تەلەفونەکەم داخستەوە هەر ئەوەندە یەک دوو دەقە بەسەر تەلەفونەکەدا ڕۆی ئەتوت لەبەردەرگای یانەکەدا وەستاون شتێکی زۆ رسەیر بوو ، هەموو ئاژاوە گێڕکانیان گرت بە لێیانەوە بردیانن بۆ بنکە زانیم کە کارەکە چۆن ئەبێ ، هەر شەڕێک ڕووی بدایە بچوکیش بوایە پەیکەرێکی ئەتاتورکم ئەشکاند وتەلەفونم ئەکرد بۆ بنکەی ئاسایش وئەمووت " وەی ڕۆ ... ئەتاتورکم ڕۆ وای ....پەلاماری ئەتاتورکیان دا شکاندیان ڕووخاندیان وەی ڕۆ ... ئەتاتورک



Scanned by CamScanner

ڕۆ ..!!!! ". لەناکاو پۆلیس یەت و ئاژاوە گێڕکان دەبن بۆ بنکەی و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات تا بزانن کێ پەیکەرەکەی شکاندووە جاران یانەکە بڕوخایە نەئەجولان ، ئەگەر خەڵکەکە چەقۆشیان لەیەک بدایە خوێن خەڵکەکەی ببردیایە زەوی بلەرزەیا هەر خۆیان تێک نەئەدا ، دوای دەرنگانێ ئەهاتن و لەسەر مێزێک دائەنیشتن و دەستیان دەکرد بە ڕابوابردن بەڵام ئێستا هەر تلەفون لەکە و بڵێم " وەی ئەتاتورک ڕۆ ... " یەکسەر ئەگەنە جێ من هێشتا تەلەفونەکەم دائەخستۆتەوە ئەوان لای منن ، ئەڵێ دووهەنگاو لێمەوە دوورن !! بەم شێوەیە کەسێتی ئەتاتورکم نواند ئەوەندە پەیکەرم کرێ جێگا نەمابوو تیایدا دابنێم ، ژوورێکی گەورەم لەم پەیکەرانە پڕکرد ، بەداخراوی ڕام ئەگرت تاوەکو کەس پەیکەرەکان نەبینێ ، لەو کاتەدا سەیدا هات بۆ لان دوای کە سەردانێکی ئەستەنبوڵی کردبوو وتی :

-" لەوێ کارەگەیەک بەناوی ئەتاتورک کراوەتەوە ...".

پرسیم وتی :

-" چی بەرهەم دەهێنێ ...؟ ".

وتی " قابیلە چی بەرهەم دێنی ...؟! ئەتاتورک بەرهەم دێنێ ئەم کارگەیە لە نێوان ئەستەنبوڵ و ئزمیرر دروست کراوە ، شێوەو قەبارەی هەمە جۆر و جیاوازی ئەتاتورک دروست دەکات ، من بەچاوی خۆم بینیم کە پاسەکەمان بەبەردەمیدا ڕۆی لەسەر نیوەییە بچووکەکان دروست کراوە هەتا ئەو پەیکەرە گەورانەش کە بەرزییەکەی دەگاتە دە مەتر !! " وتی :

-" ئەگەر بە کۆمەڵ لەو پارچە بچوکانە بکڕێ و بە نرخێکی زۆر هەرزان دەستت ئەکەوێ ، لەوانەیشە بتوانی لێرە پەیتا پەیتا بیانفرۆشی منیش قەناعەتم بەقسەکەی هێنا بوو من ، یانەکەم تەواو چاک کرد شەڕ کۆتایی پێ هات چونکە خەڵکەکە ئەترسان کەپیکەرەکە بشکێ ئەو کابرا شەقاوەیشم لەگەڵ برادەرکانیدا دەکرد لەیانەکە کە بەکرێ هێنابوومن کاتێ خەریک بوو بەگژما بێت لەسەر ئەوە بەپۆلیسم وت ئەو پەیکەرەکەی شکاند ئەوەندیان لێدا ئەوشیرەیان لە لوت دەرهێنایەوە کە دایکی پێی دابوو شەقاوەیان نیشان دا !! کارەکانم بە باشی ئەڕۆی ، پارەیەکی زۆرم دەست کەوت هاوین هات ، کاری مەلهاکە کز بوو چونکە بەرەو گەرما ئەڕۆیشتین کەس سەری نەئەکرد بە ژووردا بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە باخەکەی پشتی بکەم بە چایخانەیەکی هاوینە ، هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی تیا پێشکەش بکرێ شوێنەکە کەلاوە بوو پاکم کردەوە سەیارە بەسەیارە پاکیان ئەکردەوە شوێنەکەم تەواو چاک کرد مێز وکورسیم داناو دەستم کرد بە کار تیایدا ئیشەکە باش ڕۆی بەڕێوە بەڵام شارەوانی وازی لێنە هێنام فەرمانبەرانی شارەوانی هاتن داوایا

کرد کە مێزەکان لا ببەم وتیان ئەمە فەرمانی سەرۆکی شارەوانیە ئەبێ شەقامەکە چۆڵ بکرێ ! خەڵکینە ئەی هاوار شوێنەکە کەلاوە بوو ، پێش پاک کردنەوەی ئەم توانی ڕازیان بکەم دەرگای

نەومەیمونەم لێ دا کە پێێ ئەڵێن بەرتیل ، بەڵام هەر سوودی نەبوو زانیم کە ئەبێ سەدانی سەرۆکی شارەوانی بکەم چووم بۆ لای باس و حاڵ و مەسەلەکەم بۆ کرد وتم :

-" گەورەم ئەو شوێنەی کەکردومە بە کافتریا ئاکەوێتە سەر شەقام سەرەکی شوێنی پیا تێپەڕ بوون نیە شوێنی سەیارەش نیە ، کەلاوە بوو کەس نەی ئەتووانی یەک خولەک لەبەر مێش بوەستێ تیایدا من شوێنەکەم پاک کردۆتەوە دارم چاند تیایدا گوڵ و باخم تیا رواند جوانیەکەم دا بە شارەکە ، من ئامادەم باج و دەرامەت بدەم بەس شوێنەکە بەکرێ بگرم ! " .

هەرچەندەم وت سەرۆک شارەوانی پێی لەسە ووشەی ( نابێ ) داگرتبوو هیچی تر ، فەرمانبەرانی شارەوانی زۆر زیادە ڕیان کرد مێزیان قلپ کردەوە کورسیان شکاند ، جارێکی تر چوومەوە لای سەرۆکی شارەوانی هەر ووشەی نابێ لەسە زمان بوو لەدڵی خۆمدا وتم " پاشازادە نەبم ئەگەر وام لێ نەرکردی کە واتری کردنەوەی کافتریاکە پێشکەش نەکەی ! " پەرژینێکم لەدار دروست کرد لەدەوربەری کافتریاکە بەدرێژایی دروست کرد لەو زەوییە کە قەدەغەرابوو لێم بەرنگێکی زۆر جوان بۆیاخم کرد و پەیکەرێکی بچووکی ئەتاتورکم لەسەر دەرگاکەی دانا و لەوانەی کە لام هەبوون لەناوەڕاستی ئەو باخەشدا یکەرە 10 مەترییەکەی ئەتاتورکم دانا و لەتەنیشتیەوە کورسی ومێزم دانایەوە ، و دوای نێرگەلەو چایەکم لەشاگردەکانم کرد لەسەر کورسیەکە دانیشتم وقاچم خستە سەر قاچ و چاکەم هەڵقوڕاند ونێرگەلەم کێشا ، ئێوارە چوار فەرمانبەری شارەوانی هاتن کەبینیانم لە تەنیشت پەیکەرەکەی ئەتاتورکەوە دانیشتووم لێم نزیک بوونەوە و ڕۆیشتن ، ڕۆژی دواتر من زیاد بۆی ڕۆیشتم و شوێنەکەم ئەوەندەی تر گەورە کرد . لە ڕووبەری خۆی زیاترم داگیر کرد وکورسی ومێزی زیاترم دانا پەیکەرێکی گەورەترم تیا دانا لە تەنیشتمەوە فەرمانبەرکانی دیسان هاتنەوە تۆزێک بەودەورەبەرەدا خولانەوە و هیچیان نەکرد ئاگر لە چاویان ئەباری دانیان جیڕنەکردەوە منیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووبەرەکەم فراونتر ئەکرد و کورسی ومێزی زیاترم دائەنا و لەسەر مێزەکان پەیکەرە بچووکانی ئەتاتورکم دا ئەنا گوڵ و باخ وداری زیاترم ئەچاند و جوانترم ئەکرد دەرگایەکی گەورەتریشم بۆ باخەکە دروست کرد شوێنەکەم کرد بە بەهەشت و ناوم نا باخچەی ئەتاتورک بۆ چا خواردنەوە پاشان کارتێکم بۆ جەنابی سەرۆکی شارەوانی نارد نوسیم :

( بەڕێز چەقماق ئۆغلۆ ...

داواکارم لە بەڕێزتان تەشریف بفەرموون بۆ کردنەوەی باخچەی ئەتاتورک بۆ چا خواردنەوە .... ) !

بۆ فەرمانبەر و گەورەلێپرسروەکانیشمان نارد بەمەشەوە نەوەستام چووم بۆ لای سەرۆکی شارەوانی و پرسیم کە ئایا ئەتوانێ وتاری کردنەوەی بخوێنێتەوە ؟ ئەگەر ناتوانێ ئەوا ئەچم بۆ لای ڕکابەرەکی لە هەڵبژاردندا ، کە ئەو بیخوێنێتەوە ، ئەیتوانی رزای نەبێ ، چونکە ئەو کاتە خەڵک ئەیان وت کە سەرۆک شارەوانی دوژمنی ئەتاتورکە ! بەڵێ براکەم سەرۆک شارەوانی هات و چووە سەر مێز و



Scanned by CamScanner

وتاری کردنەوەی شوێنەکە خوێندەوە ، هەموو شتەکان لەجێی خۆیاندا بوون کەس نەیئەتوانی پەنجەم بۆ بەرێ دوای ئەوەی تەواو قەناعەتیان بەوە کرد کە خۆشەویستیەکی مەزنم بۆ ئەتاتورک هەیە بۆیە بە ئەتاتورکی بانگیان دەکردم ، لە شارەکەدا کەس نەمابوو لە من ئەتاتورکی تر بێت ، ئێستا ڕاستیەکتان پێدەڵێم ئەتاتورکی نیم ؟ بەڵێ ، من ئەتاتورکیەکی زۆر گەورەم ئێمە هەموومان لە قوتابخانەی ئەتاتورک گەورە بووین ڕێزم بۆ ئەتاتورک بێ سنوورە ،بەڵام ئەوەی کردم ئەوەبوو کە کەسایەتی ئەتاتورکم نواند ، چونکە نەمتوانی پارێزگاری لەخۆم بکەم ، باشترین ساختەکاریو بەسوودترینان بوو ، گرنتی هەبوو ، چونکە بە تاوان دانەئەنرا ناکرێ ئەتاتورکی تەزویر دەستگیر بکەن ، چونکە زۆر زەحمەتە ئەتاتورکی ڕاستەقینە و درۆ جیا بکەنەوە لەیەک ، چونکە درۆزنەکان زیاتر هاوار ئەکەن وەک لە ڕاستەقینەکان ، بۆیە دەنگیان دیار تر ئەبێ لەوان ئاوا بیرم ئەکردەوە لە ڕۆژنامەکاندا ئەمبینی ا دکتۆری ساختە ، وپارێزەری ساختە ، ئەفسەری ساختە ، دادوەر و قائیمقام ، و چەندەها کەسایەتی ساختە کە دەستگیر کراون ،بەلام نەم بینبوو کە ئەتاتورکی ساختە دەستگیر کرابی ا ، هەرچەندە ئەوانەی کە ڕقیان لێ بوو زۆر زۆربوون ، بەڵام دەستگیر نەئەکران چونکە نواندنی کەسایەتی ئەتاتورک بەردۆوە تاوان نەبوو ، داوبی چۆن دەستگیر کرام ؟ بەم تاونەوە نەبوو ، ئەو زەمانە باری ئاسایش ڕاگەیاندرا لەشارەکەمان لەهەموو شوێنێکەوە هەواڵ درا کە دەستگیرم بکەن ، ئەگەر بەناوە ڕاستەقینەکەمەوە کافتریام نەکردایەتەوە کەس نەئەتوانی دست گیرم بکات ، هەرچەندە ئەمزانی هۆیەکەی چییە دوو ئەفسەر لەو پارێزگایەوە بردیانم بۆ ئەستەنبوڵ ودایانمە دەست بەڕیوبەرایتی ئاسایش لەوێ ،ئەم کارە نزیکەی مانگێکی برد چونکە بەسەر بنکەی هەموو پارێزگاکاندا ئەیان گێڕام ، لەهەر بنکەیەک دوو ئەفسەر دوای لێکوڵینەوە ئەیاندامە دەست دوو ئەفسەری تر وئەوانیش ئەیان بردم بۆ شوێنێکی تر دوای ئەو لێکوڵێنەوانە پیش ئەوەی بمبەن هۆکەم نەئەزانی بەدرێژایی ڕێگا بیرم لەو تاوانە ئەکردەوە کە کردوومە ، ئاخۆ چی بێ ؟ چونکە جاران کە بەتۆمەتێک ئەیانگرتم ئەمزانی چییە ؟ وئەمتوانی بەرگری لە خۆم بکەم و درۆیەک دروست بکەم ، کە لەگەڵیدا بگونجێ ، ئەم جارەیان نەم ئەزانی کە لەسەر چ تۆمەتێ گیراوم .

گەورەترین ساختەچی لەمێژووی ئێمەدا ا مەحمود ا بوو ڕۆژنامە نووس بوو مامۆستای هەموومان بوو ، گەورەترین ساختەچی بە شاگرد ڕا نەئەگرت ، هیچ دەربارەی ساختەچیەکانی وولاتانی تر نازانم بەڵام مەحمود ئیلهامی ئەدایێ ، من لەسەر دەستی گەورە بووم ، لەگەڵیا لەیەک زیندان بووم زۆری لێ فێر بووم ، زۆربەی ساختەکارییەکانی لە ڕێی ڕۆژنامەوە بوو ، زۆر ڕۆشنبیر و ووریا بوو ، وەکو دەریا وا بوو ، زۆر گەڕام زۆرم بینی بەڵام ڕۆشنبیر و زۆرزانی وەکو ئەوم نەبینبوو ، خوا عافووی بکات کە لەگەڵیا بووم لە زینداندا ئەوسا هەواڵێکم لە ڕۆژنامەکان خوێندەوە یەکێ لەئەمریکیەکان بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە قولە ڕەش سپی ئەکاتەوە !! ئەم چارەیەش بریتی بوو لە گیراوەیەکی زەرد

ئەوەندەی لێ فرۆشتبوو ببوو بە ملیاردێر لەماوەی چەندمانگێکی پێش ئەوەی کە پۆلیس پێ بزانێ و دەستگیری بکات ، کە ئەوەم خوێندەوە پێم وت :

-" برا گەورەکەم مەحمود ئەمە ساختەکاری نیە ، سەیری ئەم کەمەیە بکە ، کابرا کردوویەتی من ناوی نانێم ساختەکاری .." .

وتی :

-" کوڕم هەر میللەتی بەشێوەیەک فێڵی لێ ئەکرێ دۆزینەوەکەی ئەم کابرایەش زۆر خۆشە ، بەڵام لەئەمریکا قبوڵ کراوە ، لەسەدا پانزەی ئەمریکا قوولە ڕەشن نیوەیان ڕوحیان ئەفرۆشن بەس سپی بینەوە ، ئەگەر ئەو شتە لێرە بفرۆشن کەس نایکرێ ئەبێ عەقڵت بەکار بهێنی تا ببیتە ساختەکارێکی زۆر چاک ، ئەگەر عەقڵت باش بەکار هێنا بزانە چ فێڵێک هەیە بەکاری بهێنی بۆ ئەم میللەتەی خۆمان ؟؟؟ ".

بۆ ئەوەی تووڕەی بکەم وتم :

-" وەک چی ....؟ ".

وتی :

-" سەیر بکە کابرا چی کرد لە ئەمریکا ...؟وتبووی کە دەرمانێکی دۆزیەوەتەوە کە ڕەشە قول ئەکات بە سپی چونکە قولە ڕەش ئەیانەوێ سپی بێتەوە ، لەنەرویج ئەو شتە ڕەواجی نیە چونکە هەموویان سپین بەهۆی نزیکیانەوە لە جەمسەری زەویەوە ئێمەی تورک چیمان ئەوێ ...؟ ئەمانەوێ چی لەخۆماندا بگۆڕین ..؟ ".

ئەم مەحمودە پرۆفیسۆر بوو لەکاری ساختەکاری دا خاوەنی ئەزمونێکی زۆر باش بوو ، لەساختەکاریدا زۆر بیرم لە پرسیارەکەی کردەوە بەڵام نەمزانی کە ئەمانەوێ چی لەخۆماندا بگۆڕین ! وتی :

-" درێژیت چەندە ؟! ".

وتم :

-" 160 سانتیمەتر .... ".

وتی :

-" من 158 سانتیمم " .

وتی :

-" ئەی درێژی زیندانیەکان بەچەند ئەنرخێنی ؟ " .

تۆزێک بیرک کردەوە وتم :

-" نزیکەی 160 سانتیمەترە ....! " .

وتی :



Scanned by CamScanner



-" ئەمەش بۆچوونی منە هەروەها ئەگەر درێژی زیندانیەکان هەرچەندێکیش بێ لەسەدو شەست و پێنج تێ ناپەڕێ ، ئەگەر سەر بکەیت بە هەر شوێنێکدا خەڵکی لێ بێ ئەبینی کە ناوەندی درێژی خەڵک لەونێوانەدایە بە کەمی یان زیادی چوار پێنج سانتیمەتر ، بەڵام ئەگەر ناوەندی درێژی ئەمریکیەکان بپێوین لەئەمریکا ئەوا لە 170 سم دا خۆی دەبینێتەوە یان 175 سم بەلایەنی زۆرەوە ئەم ژمارەیەش لە ئەوروپا هەیە کەواتە لای ئێمە بەگشتی بالأمان کورتە باشە باخۆمان بکەین نمونە چ لایەکمان کورتە ......".

وەلأمم نەدایەوە چونکە لە پرسیارەکە تێنەگەیشتم وتی :

-" لای ناوەڕستمان بۆ خوارەوە یان لای ناوەڕستمان بۆ سەرەوە ؟ سەیرم بکە پاشان سەیری خۆت بکە وتێ بگە !! ".

وتم :

-" قاچمان کورتە .....".

وتی :

-" بەڵێ ... ئێمە بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕستمان بۆ خوارەوە کورتە باشە بۆچی لەناوەڕستمانەوە بۆ خوارەوە کورتە ؟ بەڵام ئەمریکیەکان و قولە ڕەشەکان لەناوەڕاستی لەشیانەوە تاخوارێ درێژە .؟!!! ".

وتم :

- " لەکوێ بزانم بۆچی ئەوان درێژن و ئێمە کورتین ..؟! ".

وتی :

-" ئەمانە هەر لەخۆیەوە ڕووی نەداوە ... سەیری قاچی سەگی ڕاو بکە بەرزە بەڵام پشتەوەی بەرزترە وەک لە پێشەوە بۆ ؟ چونکە گیانداریکە بەدرێژایی ئەو چەند هەرار ساڵە کە ڕایان کردووە قاچیان بەرزبۆتەوە درێژ بۆتەوە ، بەڵام شێر نێچیرەکەی بەلێدان بە نینۆکانی ئەکوژێ ، بۆیە ئەمیان قاچەکانی پێشەوەی درێژتر بووە دواوەی کورت بووەتەوە ، تا نەکەوێت بەهاوسەنگی وبەهێزی ئەوەستێ ئەتوانێ لە مەبەستم تێبگەی ، کە ئەمەوێ بڵێم چی ..؟؟! ".

تێنەگەیشتم لە هیچ شتێ بێ دەنگ بووم بەڵام محمود لە قسەکانی بەردەوام بوو و وتی :

-" بۆچی قولە ڕەشەکان هەمیشە لە خۆ هەڵدانی بەرز و ڕاکردنی درێژیدا یەکەم دەبن ؟ چونکە قاچیان درێژن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندەها ساڵە وەرزش دەکەن ، ئەوان عەقڵیان هەیە درکیان بەوە کردووە کە وەرزش مانای بوونە لە ژیاندا بێتاقەتی وتەمبەڵی وقورس بوون وقەڵەو بوون هەموویان دەردێکن دەوایان وەرزشە ، بەڵام ئێمە هەر ئەخۆین و ئەخۆینەوە ، دائەنیشین و پاڵ ئەدەینەوە وسواری ئۆتۆمبێل و ئەسپ بووین ، بۆیە قاچمان کورت بۆتەوە ئاخر کە ئەو هەموو نانە ئەخۆین وورگمان ئەبێ بە بەرمیل ئیتر قاچمان دە چۆن پان نابێتەوە . چۆن کورت

نابینەوە ؟ ئەی وا نیە ؟ تۆ ساختە چییت چی ئەکەی ؟ ئەو سەگی کوڕێ سەگە ئەمریکیە قولە ڕەشەکانی خەڵتاند ئەڵام ئێرە جیایە ئەبێ بڵێی ئامێرێکی قاچ درێژ کردنت دۆزیەوەتەوە ، تێگەیشتی ؟ ئەو کاتە بزانە پارە چۆن وەکو باران بەسەرتا ئەبارێ ؟ " .

ئای مامۆستا مەحمود ، چ پیاوێک بووی وانەی فێری پرۆفیسۆرکانیش ئەدەی ، زۆری دەربارەی مێژوو ئەزانی ، نەک هەر تەنها مێژووە بەڵکو دەربارەی هەموو ژیانیش ! ڕۆژگار ڕۆی مامۆستا مەحمود مرد ، ساڵانێکی زۆر تێپەڕی جارێکیان لە زیندان بەربووم هیچ کارێکم نەبوو بیکەم بمەوێ و نەمەوێ ئەبێ بەرێگاهەڵەکەدا بڕۆم کاتێ کە لە ژووری ئوتێلکە بووم بیرم ئەکردەوە کە چی بکەم نازانم چۆن قسەکانی مامۆستا مەحمود هات بە خەیاڵمدا داوی ئەو هەموو ساڵەی کە وەفاتی کردبوو ! بەپەلەو زۆر بەخێرایی لە ڕۆژنامەدا بانگەشم بۆ ئەوەکرد کە شێوازی خۆ درێژ کردنی ئەمریکی داهاتووە ئەگەر چاپێکمان بەنرخی لیرەیەک بۆ بنێرن ، ئەوا ڕێنامەی ئەو شێوازەتان بە خۆرایی بۆ ئەنێرین ، ناونیشانی ئەو شوێنەشم نوسیبوو کە نامە و پارەکانتی بۆ بنێرن ، هەروەک چۆن مامۆستا مەحمود وتی پێ وتم پارە وەکو باران ڕژا بەسەرما ، ڕێنامەیەکە لە ماوەی دوو ڕۆژ نەما ، ئەبوو بچم چەند سەدا دانەیەکی تریش چاپ بکەم بۆ ئەوانەی ماون کاتێ کە ڕێنمایەکانم دەنارد هیچم لا نەبوودەرباری وانەی خۆ درێژ کردن ، هێشتا نەم نووسیبوو ، ئەوەندە خەریکی پارە ژماردن بووم کە بۆم ئەهات بواری نوسینی ڕێنمایەکانم نەبوو هەموو 3 وانەیەک بەپێنج لیرە ، کەواتە هەموو وانەکان بە 25 لیرە بەڵام لەدواییدا وانەکان هەرزانتر دەبێ بۆ سەرنج ڕاکێشان بە 10 لیرە پارەکە ئەتووت بارانە ئەبارێ کاتێ کە زانیم ناتوانم بە تەنیا ئەو کارە بکەم یاریدەدەرێکم بەکرێ گرت کەسم لە دەوەری زیندان نەئەناسی برادەرێکی ناو زیندانم دۆزیەوە تاوانی کەم بوو متمانەم پێ هەبوو نەئەکرا لە ژووری ئوتێلکەوە کارەکانم بەرێوبەرین نووسینگەیەکم بەکرێ گرتا و سکرتێرەیەکم دانا تیایدا و کارەکان بەباشی ئەڕۆشتن بەرێوە بەڵام بۆ ئەوەی کە چاوی یاریدەرەکەم خێل نەبێ ، پارەکەمان بە نیوەی دابەش ئەکرد ، بەڵام نەئەکرا متامەنەم بەهەر کەس برایە با نزیکیش بوایە ،ئەم کابرایە لەلایەنی پارەو کڵاوی بۆ نەدوریم ، بەڵام لەوە خراپتری کرد کابرا ئەوەندە کەر بوو ، کەری خەجاڵەت کردبوو !! بۆ ئەوانەی کە ئەیان ویست درێژ بن نووسیبوی :

هەی ئاژەڵ خوشتر درێژترە ئەگەر درێژ بی قابیلە چی بەدەست دەهێنی ؟ من ئەم کارەیەم لە ئاکاو بۆ دەرکەوت کاتێ چاوم خشاند بەونامانەی کەبەسەر مێزەکەدا بڵاوبیونەوە تا بەسەریاندا بچمەوە پێش ئەوەی بیانێرین بۆیان چی بخوێنمەوە ؟ باوکە ڕۆ لەکەریتی و سەگبابی ئەم کابرایە ؟ :

( خانمی بەرێز ، ئەگەر دەتەوێ درێژ بی پێڵاوی بن بەرز لەپێبکە ، پاشان کڵاوێک بکە سەرەت ، کە هەمووی پەڕێ ، لەو نامەیەی کە ناردبووت ، درێژی تۆم بۆ دەرکەوت ! هەی مەیمون چی ڕوو ئەیا ؟ وا درێژ بووی ؟ بەخوا کەم عەقڵی !! .

لەدانەیەکی تردا نوسیبووی ا کاکە ئەرێ تۆ عەقڵت نیە ؟ جارێ پێش هەموو شتێ وەرە سەیری بەرزی بالای خۆمان بەک ! بەخوا کورسیەک بەرزتر بانین ئەم دوانەمان ! ا لەدانەیەکی تردا اکاتێ کەنامەکەتم خوێندندەوە زۆر بەزەییم پیاتدا هاتەوە ، تۆ ناکرێ بەباری ستونی دا درێژ ببی ، بەلام ئەتوانی بەهۆی قەڵەوەی پان ببی بەردەوام نان بخۆ ، تاوەکو پانیت لە درێژیت زیارتر ئەبێ بالاکورتیەت کەمێک بشارێتەوە بەرێزم !! .

یان ا بەخوا گەمژەی باشە باوای دابنێن کە بالات بەرز بوەوە ، ئەی باشە چی لەو هەموو جلانە ئەکەی کەهەتە !توخوا گوناح یە هەمووی فرێ بدەی ؟ بابەگیان خوا وایکردووە ! ا ، کاتێ کە ئەم شتانەم خوێندنەوە کە نوسیبووی شێت و هار بووم ، دیار بوو کە پێشتر نامەی لەم جۆروبابەتانەی نوسیبوو وناردوویەتی ، بەلام کەس سکالای نەکردبوو ، لەترسی بێ عەقڵی هەروەکوو ئەم ئەڵێ چونکە خەڵک نایەنەوێ ، ئاشکرای بکەن ، کە ئەیەوێ بالای خۆی درێژ بکات ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەینێ ، کەرۆژێک یەت سکالا بکەن ، زۆر بیرم لەم کارە کردەوە ئەم خوێریەکردەوە ،کە کردومەبەشەریکی خۆم ، ئەو باری بە پارەکان نە ئەکرد لێی نە ئەخوارد ، ئەگەر بیوستایە ئەیتوانی وا بکات ، بەلام لەدوایی گەیشتمە ئەنجامی هۆی کارەکەی ، ئەم کابرایە ئەوەندە کورتە بالا بوو ، شتێک لەقەزم گەڕابووەوە هەستی بەنوقسانی دەکرد کەکۆتایی کارەکەمان باش نابێ ، شتەکانم کۆکردەوە ونووسینگەکەم داخست ، لە ڕێگای دەستگیرکردنم بەرەو ئەستەنبوڵ هەر بیرم ئەکردەوە لەسەر ئەم تاوانە ، گرتوویانم دوای ئەوەی کە لە چاپخانەکەم دەست بەسەر کرام کەواتە ئەم کارەی کە کردوومە ئەوەبوو ، کە ساختەکاری بالادرێژ کردنم کردووە ، بۆیە گیراوم ، یەکێک لەو خەڵکە یان هەندێکیان یان زۆربەیان چوون سکالایان کردووە ، کە فێلم لێ کردوون و پارەکەیانم بردووە ، ئەو سکالایانە هەڵی داوەتەوە لەوانە یەکێ لەبەرپرسە گەورەکان کەویستویەتی خۆی درێژ بکات کەوتەوە بیری کەتوڵە لە خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بکاتەوە کاەرکە کەمێک دواخستبوو ! بەلام چۆن زانیان کەمن ئەم کارەم کردووە ، دیار بوو کە ئەو خوێریە شەریکم ئاشکرا بوەو بەرگەی یەکەم زللەی نەخواردوە لەگەڵ یەکەم لێدانەدا بالای لەگەڵ زەویەکە ڕێک بوەتەوە ودانی بەهەموو کارەکەندا ناوەو ناوی منیشی هێناوە کەشەریکاتیم کردووە ، بەدرێژایی ڕێگا بیرم لە فێڵێک ئەکردەوە وتاوەکو لەم کارە ڕزگارم ببێ کە بەتەواوی لەسزا کە دەربازبم بەلام کاتێ کە گەیشتمە ئەستەنبوڵ ، ودایانمە دەست پۆلیس لەوێ زانیم بەهۆی ئەم کارە ساختەکارییەوە نەگیراوم بەڵکو لەوە خراپتر ئەزانن چی تێکەڵ کردنی ڕۆنی مەکینە بەڕۆنی چێشت لێنان کە بە بنکەی سوپا فرۆشراوە !! ، وەک ئەبینن من هەموو شتێکیتان بەئاشکرا بۆ ڕوون ئەکەمەوە ئەوەی کە کروومە ئەڵێم کردوومە ئەوەی نەم کردووە ئەڵێم نەم کردووە کاری خۆ درێژ کردن کارێکی ساختە کاری بوو کردم ، ئەشتە ناشارمەوە چی بکەم کارێک نەبوو بیکەم ، ناچار بووم بەورێگەدا بڕۆم بەلام ئەم کاری تێکەڵ کردنی ڕۆنی مەکینە وچێشت لێنان ئەم کارەم



Scanned by CamScanner

نەکردووە هەگیز هەر ئاگاداریشم تێکەڵ کردنی ڕۆنی مەکینە وچێشت لێنان ئەم کارەم نەکردووە هەگیز ، هەر ئاگادراش نیم ، بڕوام پێبکەن یان بڕوا نەکەن ، کاتێ لەزیندان بووم نازانم چ ساڵێ بوو یان ئەو تاوانە چی بوو کە زیندانی کرابووم لەسەری کابرایەکی ڕۆن فرۆشم لەگەڵدا بوو ، ئەو کاتە لەناوەندی تەمەنیدا بوو جەنگ لەئارادابوو ، فەرمانێک دەرچوو بوو بەناوی ( خواردن نەشاردرێتەوە ) ئەم فرمانە دەرچوو تاوەکو بازاڕی ڕەش پەیدا نەبێ ، یان دزی گەورە و دەوڵەمەندبوونی خێرا دروست نەبێ ، یان گرانی نەکەوێتە بازاڕاوە ، لەویش گرنگتر شتی تر تێکەڵاو بەخواردمەنی نەکرێ ، تاوەکو زیاتری لێ بفرۆشێ ، ئەوەی کەوای بکردایە ، ئەداریە دادگا وئەگەر لە سێدارە نەدرایە ، بۆ ماوەیەکی زۆر زیندانی دەکرا تا بێت بەپەند بۆ بازرگانەکانی ناو بازاڕ ، ئەم کابرایەش بەهۆی تێکەڵ کردنی شتی تر لەناو خۆرکدا زیندانی کرابوو ، لە زیندانەکەی مندا بوو ، هەر لەو جێگایەی ئەنیشتمەوە ئەخەوت ، کاتێک کە دەوڵەمەندێک یان بازرگانێکی ئاوا ئەکەوێتە زیندانەوە لای دەرمان خۆرو حەشیشە خۆرەکان ئەبێ بەجەژن ، هەموو شتێکی قێزەونیان بەسەردا دەهێنا تاوەکو پارەی لێ بسەنن ، شەوێکیان بەرەبانگ بوو لەسەر دەنگی چرپەچرپ و شتی وا خەبەرم بوویەوە ، یەکێ لەو کەسانە کابرای بازرگانی هەڵسانبوو ئەیویست بەپاڵ بی باتە دەرەوە یەکێ لە نەریتەکانی زیندان ئەوەیە ، کە دەست نەخێتە کاری زیندانیەکانەوە ، زیاتر خۆم بەتانیەکەوە پێچا و قسەم نەکرد ، دوای تۆزێک بازرگانەکە بەگریانەوە گەڕایەوە ، لەسەر پێخەفەکەی ڕاکشاو وبەتانیەکەی خۆی داپۆشی ، پێنج خولەکی بەسەردا تێنەپەڕی دانەیەکی تریان هات ودیسان بازرگانەکەی هەڵساد بردەیە دەرەوە زۆر حەزم ئەکرد بزانم مەسەلەکە چییە ؟ دوایان کەوتم سەیرم کرد بە سێ کەسەوە بەزۆر پاڵ بەبازرگانەکە ئەنێن کە بچێتە ناو سەر ئاوەکەوە ، گوێم لەقەسەکانیان بێت ، چوومە ناو سەر ئاوەکەی ئەنیشتیانەوە پارەیان لە کابرا ئەویست ، من هەرسێکیانم ئەناسی ، هەموو دەرمان خۆر و سەرخۆش بوون ، تۆزێک پاش گەڕانەوەم بازرگانەکەیش گەڕایەوە بەگریانەوە هاتە ژوورەوە ! پرسیاری کارەکەم لێ کرد ، سەرەتا نەی ئەویست قسە بکات زۆرم لێ کرد تاقسەی کرد ، وتی :

-" پارەم پێ نەماوە بەوانیشم وا وت بەڵام هەر بڕوایان پێ نەکردم ....مۆڵتیان تا بەیانی بۆ داناوم کە بچم لە بەڕێوبەرایەتی زیندان ئەگەر دام نابێ لەوێ کاتێ کەهاتوومەتە ئێرە ، ئەوەندەم پارە خەرج کردووە هیچم پی نەماوە ، بەڕێوبەرایەتیش ناهێڵێ زیندانی پارە بەرێتەوە ژوورەوە لەگەڵ خۆیدا تا قوماری پەیدا نەبێ یان باج وسەرانە لەیەکتر نەسەنین !" .

سەرخۆشەکان بردیانە سەر ئاوەکەوە تاوەکو گوێ لەدەنگی نەبێ ، لەلای ملیەوە قۆپچەی کراسەکەیان کردبوەوە و چنگی قالۆنچەیان خستبوو ناو لەشیەوە ، لەوێ ئەو کاتە ئەوەندە قالۆنچە زۆر بوو لە ژماردن نەئەهات ،ئەمزانی کە ئەگەر بازرگانەکە پارەکەیان نەداتی وازی لێ ناهێنن وئەیکەن بەپیشەی خۆیان وهەموو شەوێک خەبەری ئەکەنەوە ، زۆری لێ ئەکەن وئەی ترسێنن ، لە بارێکی وا دانەبوو کە



Scanned by CamScanner

بتوانێ بڕوای پێ بکەی چونکە کە لەشیان داوای ئەو ماددەیەی ئەکرد باوکی خۆیان نەئەناسی، دوای کەمێک ئەوە ڕووی دا کە چاوەڕوان دەکرا یەکێکیان زۆر منالْ کار بوو بازرگانەکەی خەبەرکردەوە :

-" هەستە کوڕی کافر ! .... ".

بەگەنجەکەم وت چییە ؟ وتی :

- " مامە پاشا وەزعمان شڕە و پارەمان پێ نیە تاوەکو بکڕین کابرای فرۆشیاریش بەقەرز نامان داتێ من پێش ئەمە سکالاَی ئەم کارەم کردبوو لەو سیانە بۆیە دەست بەجێ ئەفسەری خەفەر هاتە ژوورەوە و بەشەق وزللە گەنجەکەی بردوو دوانەکەی تریش دەمێک بوو لە لێیان هۆشیان نەمابوو دووریان خستنەوە بۆ زیندانێکی تر و لەوێ ئەوەندەیان لێ دابوون لەشیان پاک بووەوە کابرای بازرگانیش جلەکانی داکەند تا بیبەن بۆ شتن ودانەیەکی تازەی لەبەر کرد کاتێ ئەو کارەی ئەنجام دا ، کابرای بازرگان هەمیشە ئەیوت کە هەرگیز ئەو پیاوەتیەم لە یاد ناکات کە لەگەڵی کردم وتی کە ئەبێ پاداشتم بداتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان نانویشانی خۆی دامێ سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بچم بۆ لای ئەگەر لە زیندان بەربووم دوای ئەم ڕووداوە هاوڕێتیەکەمان بەتینتر بوو ، ئەمووت کە ئەمەوێ ڕزگارم بێ لەم ڕێگەیەی کەبەویستی خۆم هەڵم نەبژاردووە ، ئەویش پەیمانی دامێ کە یارمەتیم بدات من زۆرم بەسەرهاتبوو دنیام زۆر بینیبوو ئەوەی من بینیبوم کەس نەیدیبوو ئەمزانی کە هاوڕێەتی ناو زیندان تا سەر نیە ! بەڵام چیم بکردایە ؟ ژیانی ئێمە ومانان هەر بەخەوەن و ئاواتەوە بەستراوە جگە لەوە هیچی ترمان نەبوو ! لە زیندان هاتمە دەرەوە وتم با بچم بۆ لای بازرگانی ڕۆنەکە وسەردانی بکەم ئەگەر وەک جارانیش نەمابێ هیچ زەرەر ناکەم ، کەچووم بولای لە ناو دوکانەکەیدا بەتەختە نووسینگەیەکی بچووکی دروست کردبوو لەنێوان ئەو هەموو تەنەکەڕۆنەدا وبەسەرقاڵیەوە سەری خستبووە سەر دەفتەرێک و کاپەر ژمێریاری دەکرد شاگردەکانیش بەتەواو خۆیانەوە سەر قاڵ بوون ، کە چووم هیچ هیوایەکم پێی نەبوو بەڵام ئەو کەمێ بینی زۆردڵخۆش بوو ، گرنگیەکی زۆر تایبەتی پێدام !!! وتم لەوانەیە بەهەڵەداچووبم وئەم کابرایە وەک کەسانی تر نەبێ هاوڕێیەتی لەلای زۆر بە نرخ بێ ، دیسان قسەکەی جارانی کردەوە وتی :

- " من هەرگیز ئەو پیاوەتیەت لەیاد ناکەم لەگەڵ مندا کردت " .

ئاخ خۆزگە بەچاکەی دا ئەنا شتێکی ئاسایی بوایە ، بانگهێشتی نان خواردنی نیوەڕۆی کردم ، لەکاتی نان خورداندا ئەوەندەی قسەی خۆش بۆ کردم زۆر گەشبینی کردم بەژیان وتی :

-" کارێکت بۆ ئەکەم ببی بە بازرگان ڕۆن لە ماوەیەکی کەمدا جارێ ئیشەکە فێرببە !" .

بازرگانی ڕۆن کارێک بوو کە نەمدەزانی ؟ بەڵام کاری تریش نەبوو کە بیزانم ، ئەگەر بم وتایە نایکەم چی ڕووی ئەدا ؟ کاتێ کە درکم بەم هەستەم کرد کە دایگرتبووم وتی :



Scanned by CamScanner

-" ماوەیەک لەمەخزەنەکەدا کار بکە ئەگەر ئەتەوێت فێری وردەکاری کارەکە ببە بە تەواوی خەمت نەبێ کارەکەمان ئاسانە ، یارمەتیت ئەدەم تیایدا ".

وتم :

-" قەت پیاوی چاکی وەک تۆم نەبینوە ،نازانم چی بڵێم بەرمابەر بەم چاکەیە !! ".

100 لیرەی دامێ کە بۆ ئەوزەمانە زۆر زۆر بوو ، بەڵام نەم ئەزانی کە دەمم چەور ئەکات ، وتی :

-" پێش هەموو شتێ دەستێک بەخۆتدا بهێنە ن رۆژی دوو رۆژ بۆ خۆت پیاسە بکە و تۆزێ خەم وخەفەتی زیندان لە یاد بکە ودوایی بگەڕێوە بۆ لای خۆم !! جل و بەرگی تازەم کڕی و خۆم کرد گەرماودا ، کە لفکەکەم ئەهێنا بەلەشمدا لەکاتی خۆشتندا وا هەستم ئەکرد کە تاوانە کۆنەکەیان یەک بە یەک لەناخم تەبنەوە ! دوو ڕۆژ پیاسەم کرد و بۆ ڕۆژی سێیەم چووم بۆ لای ووتی :

- " من بەدوای دوکانێکی باشدا ئەگەڕێم بۆت لەم ناوچەیەی خۆماندا زۆر زەحمەتە دەست بکەوێ بەڵام هەر ئەیدۆزینەوە با جارێ مەخزنەکەت نیشان بدەم لەوێ دوو کرێکار و حەماڵێکی لێە سەبارە گەورەکان ناتوان بێتە ئەم کوڵانەوە تەسکەوە هەوەرکو خۆت ئەبینی ئیشەکەی ئەوەیە کە کالاکانی لێ دابگرێ وبیهێنێتە ناو مەخزنەوە یان بەپێچەوانەوە کەسیشم لایە کە کاری ژمێریاریم بۆ ئەکات و خەلکەکە ڕای ئەکات دوو چاوم هەبوو دوانی تریشم بۆ قەرز بکردبوو تاوەکو ببینم کارەکان چۆن ئەڕوات بەڕێوە بەڵام هیچ شتێکم بەدی نەکرد کە بتوانم فێری ببم ن بەم حاڵ و وەزعە نزیکەی 10 بۆ 15 ڕۆژێک مامەوە دوای ئەوە بازرگانەکە وتی دوکانێکی باشی بۆ دۆزیومەتەوە بەیەکەوە چووین تا ببینم دوکانی چی ومەخزنی چی زیندان لەو باشتر بوو لە ناوبینایەکی کۆندا بەچەند قادرمەیەکدا دابەزینە ناو ژێر زەمینێکی تاریکەوە بۆگەنێکی وای لێ ئەهات زەلامی کوێر ئەکرد ، ئەتوت سەر ئاوە شقارتەمان داگیرساند ئینجا بەری پێی خۆمان بینی وتم چۆن کاری کڕین و فرۆشتن لە شوێنی وایا دەکرێ ؟ وتی ئەم شوێنە تەنها لەبەر ناونیشانە ! باوابێ ئەو خۆی لەکارەکە شارەزایە خۆمن هیچی دەربارەی نازانم تۆ بڵێی من بێم کارەکە فێری ئەو بکەم خوا تەمەنی درێژ بکات !!! کابرایەک هەبوو لەبەر دەستی ئەم بازرگانەدا کاری دەر زۆر شارەزای کارەکەی ببوو ، سەرپەرشتی هەموو ئیشەکانی دەکرد کاری وەک گرێ بەست ومامەڵەو شتی تر ، بەڵام من دانرابووم تەنها بۆ ئەوەی ئیمزای ئەو کارانە بکەم لەو شوێنەدا کە لە ڕێبەستەکەدابوو ، وام زانی بەئیمزاکردن بووم بەبازرگانی ڕۆن ،کلیلی مەخزنەتاریکەکەیان دایە دەستم وناوی منیان لەو شوێنە تاریک وبۆگەنە نووسی ئینجا چونکە هیچی تیا نەبوو بۆ جارێکیش نەئەچووم بۆ ئەوێ بەڵام کلیلی دەرگاکەی ئەو شوێنە ، ئەوەندەقورس بوو هەستم بە بوونی خۆم ئەکرد کە لە گیرفانمدا بوو دڵم زۆر خۆش بوو ، هیچ نەبێ شوێنێک هەیە کەبەناوی خۆمەوەیە ، ئەگەر وتیان کارت چییە ؟ ئەتوانم مەخزنەکەیان پێ نیشان بدەم بێ ئەوەی کە بزانن کە هیچی تیا نیە یان ئەتوانم لەو کاتەدا کە باری ئاسایش لە وولاتدا ڕگەیاندرا لەوێ خۆم حەشار بدەم



Scanned by CamScanner

ئەوێ لەزیندان باشترە چونکە کەسی ترم لەگەڵدا نابێ ، ئەتوانم خەریکی خوێندنەوەبم ، وا ئەکەم تاوەزعەکە پەتەوە سەر خۆی ئەگەر پارەیشم پێ نەما هەر لەوێ ئەژیم چاکترە !!لە دوکانی بازرگانەکە ماوەیەکی زۆر مامەوە رشۆژێکیان لێم پرسی وتم :

-" کەی و چۆن چی کارێک دەکەم ؟ خۆ تۆ پارەیەکی زۆریشم ئەدەیی بەڵام من کارم نەکردووە ؟ ".

وتی :

-" وا مەزانە تۆ میوە فرۆشی ، تۆ بەڵێندەری رۆن فرۆشتنی تۆ لەماوەی ساڵێ یان دوو ساڵێکدا کارێکی بەڵێندەرایەتی دەکەیت وپارەکەی بەزیادەوە بەشت دەکات .. ".

وتم :

-" کەی دەست ئەکەم بەم بەڵێندەرایەتیە ... ؟".

وتی :

-" چاوەڕێ بە.... پەلە مەکە هیچ ....، خۆم پێت ئەڵێم ویارمەتیت پێشکەش ئەکەم .. ".

وتم :

-" ئەی باشە ڕۆنەکە ؟ ".

وتی :

-" لەکارگەکەماندا هەیە .. ڕۆنەکەلەکارگەیە ".

ئێواریەکیان وتی :

-" زۆر باشە سبەینێ بەشداری کەم کردنەوە دەکەیت ! ".

وتم :

- " کەم کردنەوەی چی ..؟؟ ".

وتی :

-" کەم کردنەوەیەکی دابین کردنی ڕۆن بۆ چێشتخانەی سەربازگەیەک بڕیاران داوە کە کەم کردنەوەکە بەڕێگەی نهێنی بێ ولەزەرفی داخراو بکرێ ... ".

کاتێ کە بینمی ئەترسم وتی :

-" خۆیشم یەم لەگەڵتا ... ".

هۆی ترسەکەم ئەوەبوو کەیەکەم جار بوو دەست بدەمە کارەکە چونکە هەر لەسەر پارە وەرگرتن و ئیمزا کردن ڕای هێنابووم هەر لە شوێنی خۆمدا دانیشتبووم لەسەر کورسیەکەم لە دووکانەکەیدا ، هەست بە تەمبەڵی کردکەوای وت ! بۆ ڕۆژی دواتر چوین بۆ فەرمانگەی کڕینی سەربازی شوێنەکە زۆر قەرباڵغ بوو ، بازرگانی ڕۆنی تریشی لێ بوو وەکو ئێمە ئەو بازرگانەی کەمترین نرخی دابنایە بۆ

ڕۆنەکە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچوو ن بازرگانێکی ڕۆنەکە ( خوا ماڵی ئاوا بکات ) لە جیاتی من هەموو کارەکانی کرد بەهەموولایەکدا ڕای دەکرد و تاکە بە تاکی فەرمانبەرەکانی ئەبینی دکتۆرەکان و چاودێرەکان وسەرپەرشتیارەکان ولیژنەی نرخاندن و هەموو ئەوکەسانەی کەبەرپرسی بەڕێوچوونی ئەو پرۆسەیە بوون ، کامرکانی بۆ ئاسان کردم بەڵام منیش هەروەکو ئەو هیلاک بووم چونکە هەربەدوایەوە بووم لیستی مەرجەکانی بەدەستەوە بوو :

ئەبێ ئەوەندە تەن ڕۆن بێ لەساڵێکدا .... ئەبێ مەرجە تەندروستیەکانی تیا بی !!! ... ئەم ئەزانی مەرجەانی چییە باش بوو کابرای بازرگان خۆی کارەکانی ئەنجام ئەدا ( خوا تەمەنی درێژ بکات !!! ) ئەوانەی لەوێش بوون هەموو ئەیناسی ، ئەوەندە کاری لەگەڵدا کردبوون ئەم بازرگانە کابرایەکی زۆر دڵپاک بوو !! تەنانەت لە جیاتی من هەموو زانیارەیەکانیشی لەکاغەزەکەدا پڕکردەوە وهەر ئەوەمابوو ئیمزای بکەم شوێنی ئیمزا کردنەکە لەکاغەزەکەدا نیشان دام ووتی ئیمزای بکە !! کاتێ کە ویشتم ئیمزا بکەم بینیم کە ئێمە بە تەما بووین یەک کیلۆ ڕۆن بە 250 قرش بفرۆشین ! شتی وا چۆن ئەبێ ؟ خۆمان بە کۆ بە دووکاندارەکانی ئەفرۆشین کیلۆی بە 4 لیرە و نیو زۆر جاریش بە 6 لیرە وتم :

-" بە 250 قرش ؟!! چۆن ئەبێ ؟؟ ئەمە زەرەرە بازرگانی نیە ، تۆ بڵێی تۆ حکومەت بژێنی ؟؟" .

وەک ئەوەی پێم بڵێ موشکیلەی تۆ نیە ... وتی :

-" تۆ ئیمزا بکە دەرنگمانە !! ".

بەدەم ئیمزاکردنەوە وتم " ئەترسم زەرە بکەین " وام ئەزانی کە چاکەی لەگەڵدا ئەکەم وتی :

-" خەڵک وەستاون ئیزا بکە ، چ پێویست بەم قسانە ئەکات ؟ " .

خەڵکەکە بەدوای ئێمەدا ئەنیش هی خۆیان پێشکەش کرد بازرگانەکە خۆی کارەکانی هەموو ڕاپەڕاند !! بەڵام هەر هەستم بەشتێکی زۆر سەیر ئەکرد زۆر لەخۆم بایی ببوم کەکارەکە هی منە ! ئەوەی کە وتی ڕوویدا کەمترین نرخم پێشکەش کردبوو ، ئیمزای پەیماننامەکەم کرد نامەکەشمان دابنایە تاوەکو پابەندی بین بە کارەکەمانەوە ئەگەر دوابکەوتیانەیەمانگانە ئەو پارەیەی دام نابوو ئەدرا بە ڕۆن کڕین ، ئەو کاتە زەرەرەکە لە قازانجەکە زیاتر ئەبوو بۆیە ئەو پارەیە زۆرەیش کەدامان ئەنا وای لێ ئەکردین کە زیاتر پابەند بین بەوادە و چۆری بڕی ڕۆنەکە .....!! بەم شێوەیە بووم بە بەڵێندەری ڕشۆن فرۆشتن ، بەڵام بم بوورن گوم خوارد وا بڵێم !! باشە پاشازادەی ئاژەڵ کێ لەم ڕۆژەدا چاکەی وا دەکات لەم دنیایە بەتایبەتی بازرگانێکی بازاڕی ڕەش ! بۆیی بۆچی چاکەی لەگەڵ تۆدا دەکات ؟ ئای لە عەقڵی خۆم ! چۆن سووتام ! کارگە ڕۆنەکە ئەم برادەرە بازرگانە لەشوێنێکی زۆر دوور بوو نە ئەناسرایەوە هەزار شایەتی پێویست بوو بیسەلمێنن کە ئەمە کارگەیە ، ڕۆن لە تەنەکەی داخراودا هاتە دەرەوە ولەو کارگەیە ومنیش ئەم دایە دەست بازگە سەربازیەکە دیقەتی کەم عەقڵی من بەن بیرم لەوە نەئەکردەوە کە ئایا سەرچاوەی ئەم ڕۆنە چییە کە لە ناو کارگەکەوە یەتە دەرەوە ؟چۆن



Scanned by CamScanner

دروست ئەکرێ ؟ دیار بوو کەلەشتی تر دروست ئەکرێ ، سەیارە پەتاتە ئەهاتە ناو کارگەکەوە تەنەکە رۆنی لێ ئەهاتە دەرەوە !! ئێمە بە 250 قروش کیلۆیەک رۆنمام بە چێشتخانە سەربازییەکە ئەدا ، بەڵام ئایا ئەوان قەت بۆ خاو خێزانیان بەم نرخە رۆنیان کڕیوە ؟!! چۆن نرخە راستیەکەی نازانن ؟ بەڵام دیار بوو ئەگەر بە 10 قرشیش پێمان بفرۆشتنایە هەر ئەیان وت با بێت ! ، دیار بوو کەسانێک هەبوون کە ئەم کارەیان لەوێ بەبەرتیل بۆ بازرگانەکە ئاسان دەکرد بێ گومان بەتێپەربوونی کات راستی مەسەلەکەم لا ئاشکرا بوو کەمێک رۆن ئەکرێ و زۆرێک پەتاتەی هاڕاو و دوگی مەڕی تێکەڵاو دەکات کە زۆر هەرزانە ، لەگەڵ شتی تریشدا کەنازانم لە کوێ پەیدای دەکات ! لەکارگەکە بە عەمری ئەو خوایە ئەبێ بە رۆن ولیژنەکەش دوای پشکنین وەری دەگرن ، دیارە ئەوانەی تر لە ژێرەوەیە واتە باشەکانی خستۆتە سەرەوە بۆ پشکنین ، خۆی چاک لەکارەکە شارەزابوو ئەم برادەرمان رۆژ بەرۆژ مەوادەکانی تری زیاتر ئەکردە رۆنەکەوە بەڵام یەکەم جار 10 ٪ پەتاتەی هاڕاوو دووگ مەڕیلا تشی تری ئەکردە رۆنەکەوە ، بەڵام پەیتا پەیتا کار گەیشتە ئەوەی کە 90 ٪ رۆنەکە بریتی بوو لە پەتاتە و دووگ و شتی تر ، ئەوسا تۆزێک لەمانەی ئەکردە ناو رۆنەکەوە بەڵام ئێستا تۆزێک رۆن ئەکاتە ئەمانەوە لە کۆتاییدا تەنەکە پەتاتەی هاڕاوی ئەبرد بۆ ئەوێ و ئەیوت رۆنی وا لە جیهاندا نیە !!! بەیەکەوە ئەچووین پارە وەربگرین ، من ئیمزام دەکرد و ئەو پارەی وەرئەگرت من تەماعی پارە لێ نەدابووم دڵنیا بووم کە ئەو ئەیبات بۆ خۆی هیچم نە ئەوت ، چونکە ئەو هەفتانە پارەیەکی زۆرباشی ئەدامێ پەندێکیش هەیە ئەڵێ ا دا بنیشە و راست قسە بکە ا دیار بوو کە گوێ نەدانی من بەو فێڵەی بازرگانەکە دیکرد ئەوە بوو کەپارەیەکی زۆری ئەدامێ ناکرێ هەموو تاوان و تۆمەتەکە بدرێ بە ملی ئەودا بەتەنیا خۆ منیش بەرخێکی چاونەکراوە نەبووم کە نەزانم چی روودەدات و چی ئەکرێ کابرای بازرگان بەتەنیا تاوانبار نەبوو بەڵام نەم ئەزانی کە هەڵەکەی من کامەیە !! .

رۆژێک لە رۆژان سێ هەزار لیرەی دایە دەستم ووتی :

-" هەرگیز ئەو چاکەیەتم لەیاد ناچێ کە کردت لەگەڵما ئەم پارانە بەرەو ئەستەنبوڵ بەجێ بهێڵە و ئاوڕ لەدواتەوە

مەیەرەوە ".

وتم :

-" چی بووە ...؟! ".

وتی " بازگە سەربازییەکە زانیویانە کە دڵۆپەیەک رۆن لە تەنەکە رۆنانەدا نیە کە بۆیان دابین ئەکەین " ا بێ گومان ئاوا بەئاشکرا وای نەیوت چونکە وتی ووتویانە رۆنەکە بەکەڵک نایەت منیش بەرپرسی بەڵێندەرایتەکە بووم ا بەڵام سەیری عەقڵی من بکەن ، لە جیاتی هەموو شتێ وتم :

-" ئەی ژێرزەمینەکەم چی لێ بەسەر دێ ؟ " .



Scanned by CamScanner





دیار بوو کە ڕاهاتبووم کە بە ناوەکەی کە لەسەریان نووسیبوو لەگەڵ کلیلە قورسەکە لەگیرفانمدا زۆر ئەستەم بوو بەجێیان بهێڵم بازرگانەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی :

-" ژێرزەمینی چی ؟ تۆ وڕێنە ئەکەیت ؟ ئەو ژێر زەمینە جگە لە قالۆنچە زیاتر هیچی تری تیایە ؟ تا ئەیان دۆزیویتەتەوە بۆی دەرباز بە و ڕاکە بتگرن قورقوشم لە گەروتا ئەتوێننەوە ئەگیەت ... ".

کابرایەکی زۆر هیچ و پوچ بوو پێ نەوتم کە چووە ڕۆنی مەکینەی دابینکردووە بۆ چێشتخانەی سەربازگەکە لە جیاتی ڕۆنی خواردن لێنان !! بڕوا بکەن بەڕۆی مەکینەکەم نە ئەزانی ، ئەم وت قیچێکە پەتانەی هاڕاو ودووگی مەڕ زەرەری نیە، بەڵام ڕۆنی مەکینە چۆن ئەبێ ئەی هاوار ؟ هەمیشەش ئەیووت " قەت ئەو پیاوەتەیت لە یاد ناکەم کە لەزیندان کردت لەگەڵما !! " کە گەیشتمە ئەستەنبوڵ دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە ولەگەڵمدا زانیم کە کارەکە چییە، خۆزگە ئەو چاپخانەیەم بەناوی خۆمەوە ئەکردایەتەوە ، لەناو هەموو تورکیا وێنەو ئاگادارییان بڵاو کردبۆوە کەزانیاری بدەن دەربارەی من ناوەکو بمگرن منیش بەهەموو عەقڵێکمەوە بە گەورەترین شێواز ناوی خۆم نوسیبوو ماوەیەکی زۆری ویستبوو تا بۆیان دەکەوتبوو کە ئەو ئیمزایانە هی منە بەڵام ئەیان ئەزانی لە کوێم هەرچەندە لەناو زیندان بوم کاتێکیش کەخاوەنی کافتریاکە بووم بەهۆی ئەتاتورکەوە ئەوەندە نیشتمان پەروەر دیار کەوتبووم کەس شکی بۆ من نەئەچوو یەک جار لە ژیانمدا ناوەڕاستەقینەکەم بەکار هێناوە ناوەکو بەوریگایەدا ئەڕۆم کە هەمیشە ناچار ئەکرام پیایدا بڕۆم کەچی یەک بەڵایەشم تووش بوو وا ئەزانن کە من بازرگانەکەم ئەبرد لە بنکەی ئاسایش هۆکەی ئەوەیە کەپیاو بووم بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو چونکە من بەڵێندەرکە بووم من ئیمزاکانم کردبوو ئەوان هەقیان نەبوو کە من لەکوێ ڕۆنیان بۆ ئەهێنم بەلای ئەوانەوە ئەوە گرنگ بوو کە بەهەرزان پەیدای بکەم ولەگەڵ مەرجە تەندروستیەکاندا بگونجێ وئەو بڕەیش کە دیاری کراوە لەگرێبەستەکەدا هەمیشە ئامادە و بەردەست بێ بازرگانەکە یادی بەخێر هەمیشە ئەیوت " قەت ئەو پیاوەتیەت لەیاد ناکەم کە کردت لەگەڵما هەتاکو ماوەم !! ".

کاتێ لە بنکە لێکۆڵینەوەکە تەواو بوو ، لە ژێر زەمینی بنکەکەدا دوای لێدانێکی باش فڕێیان دام لە هۆش خۆم کەوتبووم بەڵام تا ئەو کاتەش هەر نەمزانی کە بۆی منیان دەستگیر کردووە بەڵام شەوەکەی خۆم ڕاهێنا کە چۆن وەڵامیان بدەمەوە ئەگەر پرسیاریان لێ کردم دەبارەی فێڵی وانەکانی خۆ درێژکردنەکە ئەوەندە ناسراوبووم لە بنکەی ئاسایشەکاندا کاتێ کە بەیانیەکەی بردیانم بۆ ژووری بەڕێوبەری ئاسایش لەوێ بەنیوە ناچڵی چاوی بڕیبوە ئەو دەرگایەی کەلێوەی یەمە ژوورەوە کە چوومە لای بە زڵلەیە بەخێر هاتنی کردم وتی :

-" چۆن ئەمەت کرد سەگباب ؟ خوێڕیەتی ئەمابوو ئەمە نەبێ ، ڕوحی ئەو خەڵکە کاڵتەیە ؟ " .

وام زانی باسی ئامێری خۆ درێژ کردنەکە ئەکات وتم :

-" خوا ئاگای لێە گەورەم من ئەوەم لەپێناوی تەندروستیان کردووە ...! " .



Scanned by CamScanner





وتی :

-" هەتیو .....! بت تۆپێنم ؟ کەسیان بەسەلامەتی دەرنەچوون سەربازێ نەماوە بە ساغی کە پارێزگاری لەو ناوچەیە بکات ! نەم ئزانی باسی چی دەکات ، من باسی شتێک دەکەم و ئەو باسی شتێکی تر ئەکات بەسەرسوڕمانەوە وتم :

-" گەورەم من نەم زانیوە سوپایان تیایە من ئەم کارەم بۆ هەموو چین و توێژەکان کردووە ! ".

کێشای بەسەریدا و وتی :

-" قوڕ بەسەر باوکت .....!! چیت لەو خەڵکە کردووە ؟؟ ".

وتم :

- "گەورەم بەخوا بەس ئەوەندە فێری ئەوەم کردوون کە چۆن بالأیان بەرز ئەبێ ...!! ".

وتی :

-" جا تۆ پەیوەندیت بە  بالأی سەربازت چییە ؟ خۆت بالأی خۆتت بینیوە ؟ ".

وتم :

- " گەورەم سەربازی چی .....؟؟!!! ".

وتی :

-" ئەو سەربازانەی لە جیاتی ڕۆنی چێشت لێنان ڕۆنی مەکینەت دەرخوارد داون ئاوا بالأیان درێژ ئەبێ ....؟؟؟!! چی تریشت بەکار ئەهێنا ؟ ئامێر تاکو خۆیانی پیا هەڵواسن ...؟ بۆ جارێ لە بەردەمدا ڕاکشێ با منێ بەئامێر تۆزێ بەرزی بالأت بۆ بگۆڕم !! ".

زانیم بۆچی لەوێم سەرم داخست و هیچ قسەم نەکرد ، دادگایەکی باشیان کردم و بەچەند ساڵ حوکمیان دام ئەگەر ئەو بازرگانە سەگبابە پەنی پێ نەدامایە ئێستا لەو پارێزگایە خاوەنی کافتریاک بووم  وخەڵک لەبەر دەستما ئیشی ئەکرد ئەتاتورکێک بووم کەس شانی نەئەدا لە شانم دەگەیشتم بە ئاواتی ژیانم و پارەیەکی زۆر باشم دەست ئەکەوت ودەوڵەمەند دەبووم ( کە پاشازادە  وای ئەوت دانی جێر ئەکردەوە و چاوی ئاگری لێ ئەباری ) بەلأم بڵێم چی ، یادی بەخێر ئەو بازرگانەی برادەرم هەمیشە ئەیوت " هەرگیز ئەو پیاوەتەیت لەیاد ناکەم ! ".



Scanned by CamScanner

پاشازادە



عەزیز نەسین

# تاکە ڕێگا .....

کاتێ کە پاشازادە باسی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ ئەکردم سەرم گێژی ئەخوارد هەستم ئەکرد وەک ئەوەی شەپۆلی دەریام و بەرەشەبا بەرز و نزم ئەبمەوە ، یان ئاوێکم لەبەرزایی شاخێکەوە دەڕژێمە خوارەوە جوولەیەکی هەمیشە لە گۆڕاندایە ، هەمیشە ڕەنگی ئەگۆڕی هەرچەندە زۆر بە ئازارە ، بەڵام مرۆڤ زۆر کات پێکەنیناویە ، ئەگەر ئەمە هەمووی هەڵبستراو بێ ئایا مرۆڤ ئەتوانێ ئەم هەموو ڕووداوە جیاوازە هەڵبستێ ؟ گرنگ نیە با هەڵبستراویش بێ ڕۆژێکیان پێی وتم :

-" قەت حەزت کردووە کۆتایی ڕۆمانێک بگۆڕیت .. کاتێ کە بۆ جاری دووەم خوێندوتەوە ؟ یان نمایشێک ؟ ئەگەر فلمێکت بینی لەمەوبەر ئایا لە ناختا ناڵێی خۆزگە کۆتاییەکەی وا نە بوایە ؟ ئەزانن ئەمە بەواتای چی یەت ؟ ئەمە هیوا خواستنە شتێک کەهیچ هیوایەکی لێ نابینرێ ، بەهەر حاڵ زانراوە کەئەم کۆتاییە وئەنجامی ئەم فیلمە یان ئەم ڕۆمانە ئەگۆڕە ،بەڵام سەرەڕای ئەوە من هەر ئەمەوێ کە بگۆڕی ئەمەوێ ئەوە بگۆڕێ کە بواری گۆڕانی نیە ، زۆر لەمەم بەسەردا هاتووە فلمێک کە لە ڕۆمانێکەوە وەرگیراوە یان بۆ جاری دووهەم دەیبنم هیچ هیوایەک بەگۆڕینی ئەنجام و کۆتاییەکەی نیە ، چەند جار شانۆگەری ( کەساسەکان ) نمایش کراوە ؟ چەند جارێ تریش لە داهاتوودا نمایش ئەکرێ ؟ ئەنجامەکەی هەروەکو خۆی ئەبێ ، لە ناخما ئەڵێم هەست بەم شتە ئەکەم کاتێ کەمێژوو ئەخوێنمەوە خۆزگە تەنها بۆ جارێک ئەو ڕووداوە بەسەرهاتانەی کە بەلامەوە ناخۆشە وانەبوایە بەو شێوەیە بوایە کە دڵم بیخواستایە ، منیش کەسێکم کاتێک کە هاتومەتە ئەم ژیانەوە بەویستی خۆم



Scanned by CamScanner

نەبووە کە ڕێگای نەهامەتی هەڵبژێرم وانیە ؟ هیچ کەسێ جەز بەو ڕێگەیە ناکات ، ژیانی شادیی مرۆڤ زانراوە کاتێ کە دایک و باوکێکی هەیە دنێرێن بۆ قوتابخانە و هەموو پێدویستیەکانی بۆ دابین دەکەن ، قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێ ئامانجێک لەبەردەمیدایە ن بەدی دەهێنێ دادەمەزرێ لە دەوڵەت و موچەیەک دابین دەکات کە پاداشتی دایک وباوکی پێ دەداتەوە ، یان وەکو ئەوان ئەمیش خێزانێک پێک دەهێنێ ودیان ژێنێ وپێدویستیەکانیان بۆ دابین دەکات هەمان ڕێرەوە ، گرنگ نیە دەوڵەمەند بێ ڕەنگە ئەوەیە کە ئەو ڕێگە ئاساییە بگریتە بەر کە هەموو مرۆڤێک پیایدا ڕەت ئەبێ لە ژیانیدا پێگەیەکی هەبێ ولەناو کۆمەڵگادا کەهەست بە بوونی خۆت بکەیت ، ترس لەسەر ژیانت نەبێ ، خەڵک بەشێوەیەک سەیرت نەکات ، کەخۆت لەوان بە کەمتربزانی من هەمیشە لەخۆم ئەپرسی کەئایا بۆچی ناتوانم وەک ئەو خەڵکە بم کە هەمیشە ناچاریان دەکرد بەو ڕێگەیەدا بڕۆم ئایا باجی تاوانی ئەوە ئەدەم ؟؟ ".

چاوم بڕیە ڕووخساری پاشازادە وچونکە هەستم بەو شتانە کردبوو چەند جارێ وتی :

-" کاتێ کەباسی ئەو ڕووداوانەم بۆ ئەکردی کەبەسەرمدا هاتووە هەستم بەوە ئەکرد و زۆر چاکیش ...! ".

وتم :

-" تێنەگەیشتم چۆن ...؟ ".

وتی :

-" سەرەتای ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا بەسەرمدا هاتووە وەک کۆتاییەکەی زانرابووە نەئەکرا کە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەم بۆ ئەگێڕایتەوە لەناخمدا حەزم لەوە ئەکرد کەکۆتاییەکەی بەو شێوەیە نەبێ کەکۆتایی پێ هاتووە ! ،ئەمە ئەگەری بوونی هەبوو یان وەک ئەوەی کەبتوام کە گۆڕانکاری تیا بکەم ئایا ئەم هەستی من جیاوازە کۆتای ئەو فیلمەی کە دانیشتووین سەیری دەکەین ئەو وێنە جوڵاوەی سەر تەلەفزیۆنەکە یان ئەو ئەکتەرانەی کەلەسەر شانۆکە ڕۆڵێ نواندن نمایش دەکەن ، حەز ئەکەم هەموویان هەڵچن یان کردارێکی جیاواز بکەن وبەویستی خۆیان نمایش بکەن ، وئەنجامەکە بگۆڕن تاوەکو شتێکی کتوپڕ ڕووبدات ، سەرمان پێی بسوڕمێ ..... ".

من و پاشازادە هەمان هەست دای گرتبووین بەڵام هەرکەمان بەشێوەیەکی تر بڕی تیایدا هەروەک چۆن حەزی پێ دەکات بۆ نمونە مەسەلەی ئەوەی کە جلی چاودێرەکەی لەبەر کردوو حەقی مەهدی ڕتبی ودوایش بەفەرمانی چاودێرەکە دەرکرا لە قوتابخانە کاتێک کەئەم ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە ئەیویست کە کۆتاییەکەی بگۆڕێ تا بەشێوەیەکی تر بێ چۆن ؟ جلەکانی چاودێری لەبەر کردووە بەو دەرنەکراوە چونکە کارەکە یەک جار وا گەورە نیە !! ئەو ئەیویست کە هەموئەو ئەنجامەخراپانە

بگۆڕێ لەو ڕووداوانە کە ژیاوە  تیایدا بەڵام نەش ئەکرا کە ئیتر بڕوای پێ نەکەم دوای ئەوەی کەئەم هەستەی بۆ دەربڕیم .

ماوەیەکی زۆر کەم مابوو تاوەکو بەربێ لەزیندان منیش دوای ئەو بە دوومانگ بە ئەبووم دەمێک بوو زیندانە ناخۆشەکەیش بەجێ هێشتبوو وچووبووە زیندانێکی تر و وازیشی لەبازرگانی ڕەحمەت هێنابوو ، ماوەیەک بوو جل وبەرگی بۆ نەهاتبوو ، بەڵام ئەو بەو کارە پارەیەکی باشی کۆکردبووەوە ، کە تا ئەو کاتەی کە لەزیندان بەر ئەبوو بە زیادەوە بەشی ئەکرد ، بەڵام ناو بەناو شتی ئەدایە دەست کابرای جل فرۆش لەو جل و بەرگ و شتانەی کە ئەبوایە تاکاتی بەربوونی لەلای نەمێنێ چونکە زۆر زۆر بوو بۆ یەک کەس بەتەنها ئەیدایە کابرا تاوەکوبۆی بفرۆشێ هەموو جل و بەرگ و پێڵاوە تازەو باشەکانی لێ جیا کردبۆوە کە بەهۆیانەوە بێتەوە ناو کۆمەڵگا !!.

پرسیاری ئەوەم لێ کرد کەئایا چی ئەکات کەلە زیندان بەربوو ، ئاخێکی هەڵکێشا و دوای ماوەیەک بێ دەنگی وتی :

-" ئەگەر بوار هەبێ وئەمەوی کە کەساتیەکی ڕاستەقینەوە بژیم ، بەڵام بەناسنامەیەکی تر توانای ئەوەم نەماوە کە پاشازادە  کۆنەکە بم ! ".

تێ نەگەیشتم لە مەبەستی چۆن بە کەسایتیە ڕاستەقینەکەوە بژی و بە ناسنامەیەکی ترەوە !

زەردەخەنەیکی گرت وەکو ئەوەی کە دانێکی ئازاری هەبێ ، وتی :

- " ناتوانم ئیتر دەست بگرم بەسەر جیهان ! ".

وتم :

-" چیت ئەکرد ئەگەر دەستت بەسەر دنیادا بگرتایە ؟ ".

وتی :

-" لەوە خۆشتر نیە .... بەڵام کار هەیە کە لەوە باشترە ئێستا توانام نەماوە  پیر بووم و پەکم کەوتووە ، بەڵام فێڵ و ساختەکاری بچوک بچوک بکەم یان کاری خوێڕیەتی یان دزی بچوک و پڕکردنەوەی گەدەم  وخۆ گەرم کردنەوەم ، واتا بۆ ئەوەی بژیم ... " .

چاوی پڕ بوو ویستی زەردەخەنەیەک بگرێ بەڵام وەکو خۆرێک وابوو لە ڕۆژێکی باراناویدا ، کاتێ کە باسی ەئو بەسەرهاتانەی قۆناغی گەنجی بۆ باس ئەکردم سەرەتا دەستی بە باسکردنی ئەوە دەکرد کە هەمیشە حەز بەوە دەکات کە پارە بنێرێت بۆ دایک و باوکی بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە  کە ئەو پارەیان بۆ بنێرێ !! ، بەڵام کاتێ کە باسی ئەو بەسەرهاتانەی ئەکرد کە لەسەردەمی پیریدا بەسەری هاتووە باسی دایک وباوکی نەئەکرد منیش لێم نەئەپرسی ، ئەو ئەیزانی کە دایک وباوکی مردوون بەڵام هیچ دەربارەی خوشک وبراکانی نەدەزانی لەوانەیە ئەوانیش مردبن ، یان هیوایی بەوە نەمابێ کە ئەگەر بچێت بۆ لایان یارمەتی بدەن ، هەرگیز  ژنی نەهێناوە و هیچ ماوەیەکیش لەگەڵ



Scanned by CamScanner

ئافرەتێکدا زۆر نەماوەتەوە هەر کاتێ ویستویەتی ماڵ پێکەوە بنێ دەرئەکەوت کەکابرایەکە ڕابردوویەکی خراپی هەیە ، وناتوانێ کۆتایی بەو فایلە بهێنێ کەسەرەتاکانی ژیانی بەشێوازێکی ئازار ئامێز تیادا نوسراوەتەوە هەرگیز خزمەتی سەربازی نەرکردووە ، یەک لیرەش باجی نەداوەتە دەوڵەت هەرکات کە وادەی بەربوونی لە زیندان نزیک دەبووەوە ، کەمتر باسی ڕابردووی خۆی دەکرد یان هەر حەزی نەدەکرد کەباسی بکات منیش زۆرم لێ نەدەکرد ، دیار بوو کە ڕووداوی تر نەمابوو کە ئەوەندە گرنگ بێ وشایەنی باسکردن بێت هەستم ئەکرد کە پاشازادە کەوتۆتە باس کردنی ژیانی خۆی بەناچاری بەو مانایەی کەکاتێ سەرەتا فیلم بەکار هێناوە ئاوەکو باسی ژیانی خۆیم بۆ بکات ناچار بوو کە زیاتر قسە بکات نەوەک لە خەڵکی ترەوە بیبیستم وڕێزم بۆی نەمێنێ ئەگەر درۆیشی لەگێرانەوکەدا کردبێ یان زیادەی پێوە نابێ هەر بۆ ئەوەبووە کە ڕێزی بمێنێ لەلام کاتێ کە ڕووداوەکانیشی بۆ گێراومەتەوە هەوڵی داوە ئەوەندە دوور نەبێ لەوەی کە لەوانەی لەخەڵکی ترەوە بیبیستم یان وەک شتەکانی ئاشکرا کردووە بواری شاردنەوەی تیا نەماوە !! .

ڕۆژی سەردان بوو ، میوانەکانم بەڕێ کردوو گەڕامەوە زیندانەکە کە کابرای جل فرۆشم بینی لەحەوشی زیندانەکەدا جل و بەرگی بە قۆڵەوەوە بوو بۆ فرۆشتن ن لە قۆڵەکەی تریدا بەتانیەکەی پاشازادەی پێ بوو ن بەتانیەکەم ناسیەوە چونکە زۆر گران بەها بوو ، لەوانەبوو کە لەگەڵ جل و بەرگەکاندا بۆیان ناردبوو کاتێ کە بە نامە نووسین خەریکی بازرگانی بەزەیی بوو ئەینارد بۆ خەڵکی خاوەن بەزەیی ، کابرای جل فرۆش بەقوگەنووساوەکەی هاواری دەکرد :

-" برا دزە شوومەکانم ن هاوڕێ قوڵ بڕکانم ! باریدەدەر چەتەکانم ! ئەوی ئەوانەی کەپارە ساختە دەکەن و ڕێ بەخەڵک دەگرن ... براتان هات ! هەموو باش گوێ بگرن ، دوایی نەڵێن نەمانبیستووە ئەوی ئەوانەی کە بەدەرمان خواردن پێستان بە ئیسقانتانەوە نەماوە ئەوەنەتان حەشیشە خواردوە ، ئەی ئەوانەی کە دنیاتان بە فشقیات گرتووە وهیچتان بەخەیاڵدا نایەت ! ئەوەی لەسەرمنە کردم ... ! ".

ئەو ڕۆژە کابرای جل فرۆش زۆر هەڵچوو چونکە هیچ پارەیەکی وای پەیدا نەکردبوو کە دەرمانی بیهۆشکەری دەست کەوێ تاوەکو سەرخۆش بێ و ژیانی بیر چێتەوە ئەوەندە هاواری کرد ئاگای لەجگەرەکەی نێوان پەنجەکانی نەما کە تەواو بوو بوو ، پەنجەکانی سووتان !! ئەیوت :

-" ئێوە ئەی گەوادینە .... ئەی ئەوانەی کە پارە لە گیرفان دەردەهێنن و کل لە چاو ئەفڕێنن ... وەکو مێرووڵە هەر خەریکن ... بەسەر بەفردا ئەڕۆن و و جێ‌پێی قاچەکەتتان بەجێ ناهێڵن ... ئامادە بوو بە ئامادەنەبوو ڕابگەیێنێ ئەوا من هاتم کەس هەیە بەتانیەکەی ئاوای نەوێ ؟ تەواو دەستکردی ئەورییە ... ئینگلیز درۆ بکات من درۆ ناکەم !! ئەمەبەتانیەکەی پاشازادەی مانگایە !! ".



Scanned by CamScanner

کابرای چل فرۆش زۆر جار ناوی خاوەنی ئەو کالأیەی نەئەبرد کە کالأکەی بۆ ئەفرۆشت چونکە کەس حەزی نەئەکرد کە ئابرووبی بچێ و خەڵک بزانێ کە ئیفلاسی کردووە ، بەلأم ئەمجارەیان کابرای چل فرۆش پڕ بەهێزی خۆی هاواری دەکرد هی پاشازادە ... گومانم لەکارەکە کرد پرسیارم لێ کرد و وتم :

-" کوا پاشازادە ...؟! ".

وتی :

-" هەی هووو...... پاشازادە دەمێکە رۆیشتووە لە زیندان بەربوو ...... فڕێ !! ".

دیار بوو کە گوێم لەلیستەکە نەبوو کە لەخوێنرایەوە بەناوی ئەو کەسانەی کە بەربوون چونکە شوێنی سەردانەکە زۆر غەڵبە غەڵب بوو کەس گوێی لەکەس نەبوو لەدەنگی بەرز و قەرەباڵغیدا هەرچەندە کە ئەمزانی کە ئەو رۆژە پاشازادە بەر ئەبێ لەزیندان وتیان کە پاشازادە زۆر بەدوامدا گەڕاوە تاوەکو خوا حافیزیم لێ بکات بەلأم نەیتوانیوە بمدۆزێتەوە کاتێ کەخەڵکیان بەر دەدا ، بواری ئەوەیان نەئەدا کە ماڵئاوایی بکات ، دیار بوو کە ماوەیەکی ئەوەندەی فراوانی لەبەردەمدا نەبوو کە بمدۆزێتەوە و لەهەمان کاتتدا کالأکانی کۆ بکاتەوە چونکە زیندانەکەمان دوو بوو لەیەکەوە کابرای چل فرۆش

هەستی بەوە کرد کە نیگەرانی پاشازادەم کە نەمتوانیوە بۆ دواجار خوا حافیزی لێ بکەم وتی :

-" خەم مەخۆ .... ئەم مانگا پیرە پێش بەربوونت ئەگەڕێتەوە ئێرە ، بزانە وا ئەبێ یان نا ؟ ئەو سەگبابە ئێستا کارێکی وای کردووە هەر کە ئێرە چۆتە دەرەوە کە دەستگیر بکرێتەوە وبێتەوە ئێرە ، ئەوە کەربابە .... ساختەکاری لە خوێنیدا مەلەدەکات ناتوانێ واز بهێنێ !! ".

دوای دوو مانگ منیشیان بەردا جیهانی زیندان جیاوازە ناوەوەی و دەرەوەی قەت لەگەڵ یەکەدا پێک نایەن هەروەکو پاشازادە پێی وتم " ئەو پەیمانەی کە لە ناو زینداندا دەدرێ یان ئەو هاوڕێیتانەی کە لەوێ ورست دەبێ ، هەموو زۆر بە خێرایی لەیاد دەکرێ " لەدەرەوەی زیندان ئەمە رووی دا لە من ، چونکە ئەوەی کە لەسەر زمانی پاشازادەوە نوسیبووم لە زینداندا کە هاتمە دەرەوە لەسەر کتێبخانەی ماڵەکەم دام ناو لە یادم کرد !!!! دوای چەند مانگێک لەدەرچوونم لەزیندان پاشازادەم بینی لە چێشت خانەی ئەو برادەرم کە لەوێ وەک سەرپەشتیاری شاگردەکان کاری دەکرد وبەو رووداوە گەدەمی هێنایە دەرەوە کە زۆر بە شانازییەوە بۆی گێرامەوە کە چۆن گۆرەوییەکانی لەگەڵ خواردندا سوو کردۆتەوە پێشکەشی ئافرەتە فەرەنسیەکەی کردبوو ، شەوێک لە شەوان لەو ئوتێلە ، زۆر قێزم لەو رووداوە دەکردەوە بە کابرایەکی نووقسان هاتە بەرچاووم زۆر لەخۆم تووڕەبووم کە ماوەیەکی زۆر لەزیندان لەگەڵیدا مابوومەوە ئەو هەموو کاتە چۆن هەموو هەست وبیرو هۆشم دا بووە لای کابرایەکی ئاوا ! کە بۆ چەند خولەکێ لەو چێشتخانەیە نەمتوانی بەرگەی ئەو چیرۆکە بگرم ؟ کاتی



Scanned by CamScanner

عەزیز نەسین



# پاشازادە

کەبەڕۆژ گوێم لەڕووداوەکانی دەگرت و شەویش خەوم لە خۆم حەرام کردبوو دا دەنیشتم ودەم نووسیەوە ، بۆچی ؟؟ ئایا ئەو قسانەی ئەو کاتە هیچ نرخێکی هەبوو بەلامەوە لە زینداندا ؟ ئەمە جیاوازییەکە لەنێوان کەسێکی ئازاد و کەسێکی بەندکراو ، جیهانی زیندان جیاوازە لەجیهانی دەرەوەی زیندان پێوەری هەردوو جیهانەکەش جیاوازە ڕۆژگارێکی سەیرم بردە سەر لەگەڵ پاشازادە لە دەروازەی پێوانەکردنی جیهانێکی جیاواز پاشان چاو پێکەتنمان لەو چێشتخانەیە ، وباسکردنی ئەوەی کە چۆن گۆرەوەییە کردووە بەخواردتن وای لێ کردم کە قێزی لێ بکەمەوە دیار بوو ئەو قێزلێ کردنەوەیە بوو کە بۆ هۆی ئەوەی کە لەودەفتەرە پشت گوێ بخەم کە دەربارەی ژیانی و ڕووداوەکانی ئەو نووسیبومەوە ، لەسەر کتێبخانەکەم فەراموشم کردبوو .

زوو پاشازادەم لەیاد کرد تا ئەو ڕۆژەی کە ووتارێکم خوێندەوە لە ڕۆژنامەیەکەدا بەناوی ( پاشازادە پاشای ساختە چیەکان ( گرنگیم پێ داو لە ڕۆژنامەکەم کردەوە پاشان بەدوای ئەو دەفتەرەدا گەڕام کەماوەیەکی زۆر بوو فەراموشم کردبوو دوای گەڕانێکی زۆر ئینجا توانیم بیان دۆزمەوە .



Scanned by CamScanner



عەزیز نەسین

# پاشازادە پاشای ساختەکاران

خوا لە خراپەکارە لاوەکیەکانیان خۆش بێ ن ناویان پەیوەست بوو بە خراپەوە بەلام ئەوان لە ڕاستیدا وا نەبوون ن مامۆستا ( مەحمودی ) ڕۆژنامە نووس و ( خالد ئەیوبی ) ڕاوکەری ئافرەتان و پاشازادە کەپاشای ساختەکاران بوو من تاوانی ئەوان تەنها بەوە دائەنێم کە سالانێکی زۆر ناویان چووبووە ناو دۆسیەی پۆلیس و ئاسایشەوە لەکاتێکدا بەناوبانگ ببون کە هیچ پیاوێک نەبوو ناوبانگێ هەبێ ، ساختەکارەکانی ڕۆژنامەی ئەمڕۆ ئەگەر بیانتوانیایە مامۆستا محمود ببینن وایان لێ ئەکرد بڵێ خۆم ئەدەم بەدەستەوە نەی ئەتوانی لە دەستیان دەرباز بێ تا 10 لیرەیان نەداتێ هەقی بەشدار بوون لەو گەمەیە ، خالد ئەیوبیش ئەگەر بهاتایەتەوە ژیان و بەناوچەی ئۆغلۆ ئاغا دا لای بدایە و زیاتر بڕۆیشتایە بەرەو ناوچەی شیشلی و بچوایە ناو چەند چایخانەیەکەوە بەگەڕەکە تازەکاندا بڕۆیشتایە دڵنیام کەشەرمی لەخۆی دەکرد کەناوی بە ڕاوکەری ئافرەتان بڵاوبوویەتەوە بەدرێژی ئەو هەموو ساڵە چونکە سەری سپی ئەبوو لەو کارانەی کە ئێستا دەکرێ ، بەلام چی بڵێین دەربارەی پاشازادە ؟ ئەو ناوبانگی وەک پاشای ساختەچییەکان بڵاوبیبوەوە ئەیان وت کەهیچ ساختەچیەک نەبووە شان بدات لە شانی ، بەلام ئەگەر ئەو ساختەکاری و تاوان فێڵانەی ئەم سەردەمە بخەینە ڕوو کە لەم سەردەمدا دەکرێت ئەوا پێویستمان بەهەزار شایەت دەبێت کە بیسەلمێنن کە کە پاشازادە ساختە چییە ..

هەرچییەک بێ ئەو سێ کەسە زۆر ڕوح سووک و خوێن گەرم بوون ، بەتایبەت کە ئەو خزمەتەی !!! بە ئێمەیان گەیاند زۆر گەورە بوو لە زۆرترین ڕۆژگاری وەڕسی ئێمە بەکارێکی دڵخۆشکەر و دڵڕفێنەوە دەردەکەوتن ڕۆشتنیان لە ژیان و مردنیان زیانێکی زۆر گەورە بوو بۆ ستونی ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەکاندا !! بێ ئەوان هەواڵەکانی ڕۆژنامەش تای تیا نەما ، ئەوان سەرچاوەی هەواڵ بوون ! ( ئەم ووتارە بە ڕوونی ئاشکرای دەکات کە هۆی تووڕە بوونی پاشازادە لە ڕۆژنامە نووسەکان و حەز

نەکردن بە چارەیان چی بوو تەنانەت نووسەری ئەم ستونە هەرچەندە بە خۆشەویستی وڕێزەوە باسی ئەو سیانە دەکات ، بەلأم ئەو ئامێری دڵخۆشکەریان دادەنێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ڕۆژنامەکان کاتێ کەهیچ بابەتێ نەبێ کە باس بکرێ هۆی دروست کردنی قسەش بۆ پاشازادە لە ڕۆژنامەکاندا ئەوەبوو کەئەیان ویست شتێک بنووسن سەرنجی خەڵک ڕابکێشی لەم ووتارەوە ئەوە تێگەیشتم کە پاشازادە مردووە پێشتر هەواڵی مردنەکەیم لە هیچ ڕۆژنامەیکدا نەبیستبوو ئەم ئەزانی کە مردنی پاشازادە ئەوەندە خەفەتبارم ئەکات وکاریگەری دەبێت لەسەرم تێ نەئەگەیشتم بۆ ئەوەندە خەفەتی بۆ ئەخۆم من بەمردنی نزیکترین کەسیشم ئەوەندە خەفەتم نەخواردەوە زۆر گریام بۆی ! .

کابرا ووتارەکەی بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕکێش نووسیبوو ، نووسیبوی ! پاشازادە کوڕی پاشایەکی ڕاستەقینە بوو !! کوڕێ عارف پاشا بوو بۆ ماوەیەکی زۆر دوور ودرێژ وەک کوڕی پاشا ناسرابوو ، باسی یەکەم بەسەرهاتی کردبوو کە بەسەری دا هاتبوو لە سەرەتای ژیانیدا کە لە گۆڤارێکی هەفتانەدا بلأوکرایەوە ئەو گۆڤارەم ئەماوە ماوەیەکی زۆر دەر نەچووە نووسرابوو :

گەنجێک بووم وەک حوشتر وا بووم چۆن ببینم ئافرەت ڕوو ئەکاتە کۆشکەکەمان وجووڵە ئەکەم ؟ تەمەنم 18 ساڵ بوو کلأوەکەم لار ئەکردەوە ولە سەرما بەلای چاومدا زۆر بە مەکر و فیز بووم ئایا پاشازادە ئەتوانێ هێور بێ ؟ بەلایەوە سەرو زیاد بێ بەئافرەتی یەکەم و سامانی یەکەمەوە ؟ زۆر حەزی بە ناسینی خەڵک ئەکرد پاشان هەڵخەڵتاندنیان و دیقەت دانیان کە چ کاردانەوەیەکی دەبێت لەدوایی دا ! پاشازادە هەرگیز بەم شێوەیە باسی خۆی نەکردووە هەرگیز نەیستووە تاوان بکات یان ساختە لەکەس بکات بەلأم کۆمەڵگا ناچاری کردووە کە بەو ڕێگایەدا بڕوات ! ئەیزانی کە چۆت بە کلیل دەرگای دڵی ئافرەت بکاتەوە وخەڵک هەڵیخەڵتێنێ کار ئەماوە نەیکات کەسایەتی دادوەر و قائیمقام وئەفسەرو پزیشک و ئەندازیار و بەڵێندەری نواندوە !

کاتێ کە کەسایەتی قائیمقامی نواند لای خەڵکە زۆر خۆشەویست بوو لەو ناوچەیدا ئەوەندە خزمەتگوزاری ئەنجام دابوو کردبووی بەبەهەشت کاتێک کە ویستبووی ڕابکات لەو ناوچەیە بەبیانووی ئەوەی کە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەیەکی تر خەڵکەکە لەحکومەت توورە بوو بوون وهەرزاها نامەی ئیمزا کراویان کۆکردۆتەوە بۆ وەزارەت تاوەکو نەیگوێزنەوە لەوێ ! بۆیە وەزارەتیش ئەم قائیمقامە تەزویرەی بۆ ئاشکرا بووە کاتێکە پاشازادە بەدەستگیرکراوی هێنرابوو بۆ ئەستەنبوڵ بەتۆمەتی ترەوە پرسیارمان لێ کرد کە مادام تۆ کاری قائیمقامیت دەکرد بۆچی بڕیارت دا کە وازی لێ بهێنی ؟ وەلأمی گەدایەوە وتی کە ناچار بووە چونکە فەرمانی دامەزراندنی قائیمقامە تازەکە گەیشتبووە ئەوێ ، ڕۆژنامەکان نووسیبویان کە خۆزگە هەموو قائیمقامێ وەکو پاشازادە بوایە ئەگەر ساختەکاریش بوایە کاریان بەسەرکەوتووی بکردایە .



Scanned by CamScanner

# پاشازادە



عەزیز نەسین

ئاخ .... پاشازادە ئایا تۆ کەسێک بووی کەشایەنی مردن بێت ؟ وام زانی کەلە ژیانی پیریەتیدا بەئاسوودەیی دواسات ودوا ڕۆژەکانی ژیانت دەبەیتە سەر کێ ئەیوت کەلاشەکەی پاشازادە لەکەنار دەریایەکی پڕ کەلاوە و زبڵ و خاشاکدا دەدۆزرێتەوە و نیوەی بە ئاو داپۆشرابێ ؟ کێ ئەیوت کەکۆتایی ئەم پیاوە هەروەکوسەرەتاکانی ژیانی هەمان ئەنجامە ؟ چ نەهامەتیەک وای لێ کردی کە لەو شوێنەدا سەر بنێتەوە ؟چ ڕووداوێک مابوو کە نەیتوانیبوو بۆ منی بگێڕێتەوە ؟ .

یەکێ لەرۆژنامەکان نوسیبووی کە پاشازادە نزیکەی ( پەنجا ساڵە ) کابرایەکی خاوەن ڕابردووی پڕ لە تاوانکاریە نیوەی ئەم ماوەیەی ژیانی لەزیندان بردۆتە سەر ئەو ڕۆژنامەیەی ئەمەی نوسیبوو ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە هەواڵی مردنەکەی پاشازادەی بڵاوکردبووەوە ، لەفایلەکانی دا زیاتر لەهەشت سەدا کرداری تاوانکاری و ساختەی تێدا بوو ئ ئەمە ڕاست بوو چونکە کاتێ کە پاشازادە باسی یادگاریە کۆنەکانی دەکرد تەواو نەدەبوو لە ژماردنی تاوانە ساختەکاریەکانی هەریەک لەم تاوانانە ڕووداێکی سەربەخۆ بوون ئ ڕۆژنامەوگۆڤارەکانیش ئەو سەردمە هەموو ئەم تاوانانەیان دەنووسیەوە بڵاوی دەکردەوە چاک بیرم یەت کە بۆ یەکەم جار بوو یەکتر بناسین زۆر خەمبار بوو دیار چونکە بەتۆمەتێکەوە دەستگیر کرابوو کە لەگەڵ ناوبانگی ئەو نەدەگونجا لەرۆژنامەکاندا نووسرا بوو ( پێویستیمان بە شۆفێری ئۆتۆمبیلێکی بار هەڵگرە بەمووچەی 3000 لیرە لە مانگێکدا ) ئەم بانگەوازە پاشازادە بۆ خۆی بڵاوی کردبۆوە لە ڕۆژنامەکەدا کاتێ کە ناونیشانی شوێنی چاوپێکەوتنەکەی نوسیبوو ژمارەی ڤاتێکی دابوو کە بوونی نەبوو لەو بینا بازرگانیەدا باوای دانبنێن کە باڵەخانە 18 ڤاتە پاشازادە نووسیبووی ( سەردانی فلان باڵەخانە بکەن ڤاتی 19 لە کات ژمێر ئەوەندە وە بۆ کات ژمێری ئەوەندە )! بەڵام ئایا کە پاشازادەی مەزن چاوەڕێی کەس ئەکات ئەوهەموو ماوەیە ؟ ئەگەر فێڵیش بکات ناچێ ئەوەندە کات ژمێر چاوەڕێی خەڵکەکە بکات کەیەن بۆ بیناکە ولەوێ چاوەڕێ دەکرد کاتێ کە دەیبینی کەسێک بەدوای ژمارەو ناونیشانی بیناکەدا وێڵە بۆ ئەو مەبەستە ئەیزانی کە نێچیرەکە کاتی ڕاوکردنی هاتووە ئ بۆچی ئاسانە لەو زەمانەدا پاو مانگی 3000 لیرەی دەست بکەوێ ؟ سەیارەکەی بار هەڵگر دەخەنە ژێر دەستیەوە ؟ بەڵام یەکێ لەمەرجەکانی بانگەوازەکە ئەوەبوو کە دەبێ کابرا 1000 لیرە دابنێ بۆ سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکە تا ئەو کاتەی کە کارەکەی تەواو دەبێ ودەیداتە دەست پاشازادە کێ هەبوو ئەو پارەیە نەدات بەرامبەر بەوەی کە 3000 لیرەی دەیت بکەوێ مانگانە ؟ بەو 1000 لیرەیەی کە پێشکیەی ئەیدات بۆ پاشازادەی ئەسەلمێنی کەئۆتۆمبێلەکەی بە تەواوی ئەداتەوە دەست لەکۆتاییدا و متمانەی پێ ئەدات کە دڵنیا بێت !!.

ئێمەی ڕۆژنامە نووس لەبنکەی ئاسایشکە بووین کاتێ کە لەسەر ئەم تۆمەتە گیرابوو پرسیارانەت لێ کرد بە جۆرێک لەگاڵتە پێکردن ووتمان چۆن پاشازادەی مەزن بەم بڕە پارەیە ڕازی بوو ؟ بەڵام



Scanned by CamScanner

پاشازادە زۆر بە ئاسوودەیەوە باسی ئەوەی کرد کە پۆلیس بە تۆمەتێکی تر بەدوایدا دەگەڕا ئەویش ناچار بوو ئەستەنبوڵ بەجێ بهێڵێ وبچێ بۆ شوێنێکی تر بەڵام لەبەد بەختیدا پارەی پێ نەبو ئەم کارەی کرد تا چەند هەزار لیرەیەکی لەگیرفاندا بێ و لە ئەستەنبوڵ رابکات ! .

هەموو رۆژێ قوڵی دووسێ کەس لەو بێکارانەی دەبڕی و کەهاتبوون ناویان بنوسن ، بۆ کارەکە ، سێ رۆژ ئاوا ئیشی کردبوو دوایی بەرێ کەوتبوو بچوایە بۆ هەۆ شوێنێک کارێکی دەکرد وئەچوو بۆ پارێزگا دوور و وشکەکان یان لادێیەکان ئەبوو بە ئەندازیار لەوێ ئەگەر ناوچەکە بێ کارەبا بوایە ئەبوو بە ئەندازیاری کارەبا ، ئەگەر رێگە نەبووایە ئەبوو بە ئەندازیاری رێگەوبان ، ئەگەر بینای دروست بکرایە ئەبوو بەئەندازیاری بینا ئەیووت " روناکیتان بۆ ئەهێنم " " رێگەتان بۆ قرتاو دەکەم " ، پارەی لە بازرگان ودەوڵەمەندەکانی ناوچەکە کۆدەکردەوە ، پارێزگار پشتی دەگرت لەگەڵ بەرێوبەری ناوچەکە وبامرمەتیان ئەدا تاوەکو پارەکە کۆبێتەوە وئاو کارەبا ورێگە بێنە شارەکایانەوە ، پاشازادە وتی :

-" بەرێ کەوت نەبوایە هەرگیز دەستگیر نەئەکرام چونکە ئەو بانگەشەیەی لەرۆژنامەکاندا کردبووم پێش راکردنم کە تیایدا داوای بانگەشەی شۆفێرم دەکرد بۆ ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانم هەر بڵاو ئەبۆوەوە لە رۆژنامەکەدا بێ ئەوەی کە بزانن کەخاوەنی بانگەشەکە کارەکەی راگرتووە ، هەموو رۆژێ ئەو بانگەشەیە بڵاودەکرایەوە وخەڵکەکەش زیاتر ئەبوون ، ئەو کاتە من ئەندازیای کارەبا بووم لە ناوچەیەک وئاگام لەوە نەبوو کە بانگەوازەکە هەر بەردەوامە ، باشە ئەم شۆفێرە هەر بەرەوام پەیدا نەبوو ؟ هەر دەست نەکەوت ؟ پۆلیس سەرنجی بۆ ئەم مەسەلەیە چوو ، ئەو شۆفێرانەش کە هەڵخەڵەتێنرابوون سەردانی بنکەی ئاسایشیان دەکرد و لەوێ وێنەی ساختە چیەکانیان پێشان دەدان ....".

بەم شێوەیە پاشازادە ناسرایەوە ، و دەستگیر کرا لەهەمان رۆژنامەدا ئەبانگەشەکەی تیا بوو کە شۆفێرێک پێویستە هەر لەو رۆژ نامەیەدا وێنەی پاشازادەی تیا بوو لەگەڵ بابەتێک بەناونیشانی ( ئەندازیارێکی کارامە ) ، ئەو رۆژە دەستگیر کرا لەو ناوچەیە قائیمقام ئاهەنگێکی بۆ سازکردبوو !! ، هەتا ئەو کاتەی کە چاوی لێکنا لەژیان هەمیشە میوانێکی راستگۆی زیندان بوو ، یەکێ لەشێوە بەرچاوەکانی رێڕەوەکەی دادگا بوو ، هاورێ پۆلیس بوو ، هەرچەندکەئەم ماوەی زۆرەی تەمەنی لەم کارەدا داو لەو شوێنەدا بەسەر بردبوو ،بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیبوو کەخۆی خانە نشین بکات ، چەندەها جار بەرۆژنامەنووسەکانی برادەری دەوت کە خۆی خانەنشین کردووە کاتێ کەلەسەر جادە دەی بینین ، بەڵام هەمووی چەند مانگێ ئێنەئەپەڕی و بە رووداوێکی ساختەکارانەی تر دەر ئەکەوتەوە ن یەکێ لەرووداوەکانی کە بەم دواییە رووی دابوو هەرگیز بەعەقڵدا ناچێ ، پاشازادە بەتۆمەتێکی زۆر سەیر دەستیگر کرا بوو ، تۆمەتەکە ئەوەبوو کە دووعا لەسەر سکی ئەو ئافرەتانە ئەنووسێ وکەمناڵیان نابێ و فوو ئەکات بە ( ....... ) پاندا تاوەکو مناڵیان ببێ ، بەڵام پاشازادە وەک



Scanned by CamScanner

خۆی باسی کردبوو لەبیکەی ئاسایش کاتی دەستگیر کرا بوو ڕووداوەکە بەم شێوە ڕوویداوە ، لەو هەرگیز بەهیچ کەسێکی نەووتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان کە شێخی ئەو شتانەیە . ئەو ماڵێکی بەکری گرتبوو ئەو ئافرەتەی کە خاوەنی ماڵەکە بوو کە لە قاتی سەرەوەدا دادەنیشت حەزی کردبوو کە لەگەڵ پاشازادە ڕابوێری و چەند ساڵێک بوو شووی کردبوو بەڵام منداڵی نەدەبوو بە پاشازادەی وتبوو کە هەرگیز منالی نابێ ئاوەکو دڵنیایی بکات ونەترسێ ، بۆیە پاشازادە بڕیاری دا بوو کە پەیوەندی بپچڕێنێ لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا ، ئافرەتەکەش لە ڕقی ئەو کارە ئاوبانگی بۆ پەیدا کردبوو کە پاشازادە شێخەو ئافرەتی نەزۆک چاک دەکاتەوە چونکە ئافرەتەکە لەلایەن پزیشکەوە پێ وترابوو کەهەرگیز منالی نابێ ! هەموو ڕۆژێ دووسێ ژنی ئەهێنا بۆ پاشازادە ئەو ئافرەتانەش نەزۆک بوون بەڵام کاتێ لە پاشازادە سکیان پڕ دەبێ بێ گومان ئافرەتی سک نەزۆکی تریان دەهێنا ئەیان ووت شێخێکە خاوەن بەرەکەتە نزا ئەخوێنێ وئەینوسێ لەسەر سکی ئەو کەسە ئەو ئافرەتە فوو بە ! ....! پاندا دەکات و سکیان پڕ دەبێ . بێ گومان ئەی تۆ بڵێیت ئەو ئافرەتە چی بەوانی تر بڵێ ؟ چۆن تێیان بگەیێنێ کە سکی پڕ بووە ؟ هەموو ڕۆژێ دوو سێ ئافرەت ئەهاتن بۆ لای پاشازادە و لێی ئەپاڕانەوە وئەڵێن :

-" دەرمانی دەردمان لای تۆیە مامە شێخ گیان !! " .

پاشازادە بەئافرەتەکە ئەڵێ :

-" من شێخ نیم ...... " .

ئاوەکو لە کۆڵ خۆیانی بکاتەوە . بەڵام بۆ کێ قسە دەکات ؟ چونکە مێردەکانیان پێیان عەیبە کەخۆیان بە نەزۆک بزانن ئەوەندە ئەو تۆمەتە یان داوەتە پاڵ ژنەکانیان کە ژنەکانیان بڕوایان بەوە هێناوە کە خۆیان نەزۆکن ، بەتایبەت کە لەو سەردەمدا ئەمانیش ئاوەکو ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە ئاوەکومێردەکانیان ئەلاقیان نەدەن ئەهاتن بۆ لای پاشازادە ئاوەکو سکیان پڕبێ لێرەدا ئەوە دەر ئەکەوێ کە خەڵکەکە خۆیان درۆیەکیان هەڵبەستووە وهەر خۆیان بڕوایان پێ هێناوە . چونکە پاشازادە زۆری پێوتوون . کە شێخ نیە . بەڵام ناچاریان کردووە کە وابێ !! ئەگەر ئافرەتەکە بێ هیچ شتێک بهانەیە لای پاشازادە پێ ئەووت :

-" خانم برۆ بۆ ماڵەوە وچی ئالتونت هەیە بیکە بە خۆتەوە ودوایی وەرەوە بۆ لام ! چونکە کە نزاکەم خوێندەوە و دەستم کرد بەفووکردن ئەو جنۆکەیەک بانگ کرد کە ئەتکەمە ژنی ئەو ئەبێ تۆی بەدڵ بێ ئاوەکو سکت لێی پڕ بێ برۆ جوان خۆت برازێنەرەوە جنۆکەش ئاوا بێت ئایە بەلاتا کچێ !! " .

نووستنی ئەو ئافرەتانە لەگەڵ جنۆکەدا ئاوەکو سکیان لێی پڕ بێ بەتاوان حەرام و خیانەت زەوجی دانانرێ ، چونکە جنۆکە نابینرێ ودەستی لێ نادەرێ ! هیچی لەگەڵدا ناکرێ بەڵام ئەوئەتوانێ کە



Scanned by CamScanner

ئافرەتەکە نەزۆکەکە سک پڕ بکات ، ئەمەیش حیکمەتی خوایە ...!! ئینجا بۆ ئەوەی کە پاشای جنۆکەکان لەگەڵ ئافرەتەکە بخەوێ و سکی پڕ بکات وبێتە لای ئەبێ خۆیان پاک بکەنەوە و قژیان بۆیەبکەن و بۆن بدەن لە خۆیان و خۆیان برازێننەوە و چی ئاڵتونیان هەیە بیکەن بەخۆیانەوە تاوەکو بەدڵی جنۆکەکە بن !!! پاشازادە ئافرەتە نەزۆکەکە ئەباتە ژوورەوە و بەتەباشیر بازنەیەک دروست ئەکات لەسەر زەوییەکە و بەئافرەتەکە ئەڵێ :

-" چی ئاڵتون و بازنە و گوارەو ئەڵقەو و خلخاڵت پێوەیە فرێێ بدەرە ناو ئەو بازنەیەوە !!".

ئافرەتەکەش لەهۆی ئەم کارە ناپرسێ هەمووبا لەشیان لەرز دایگرتووە ، چونکەلەگەڵ پاشای جنۆکە ئەخەون تۆزێکی تر خۆ ئەوەنەئاسان نیەبەلای ئافرەتێکەوە کە لەگەڵ جنۆکەدا بخەوێ چ جنۆکەیەکیش ؟ پاشاکەیان ! ئافرەتەکە لەسەر دۆشەکەیک پاڵ دەخات و دەست ئەکات بەخوێندنەوەی نزا دوای ئەوەی کە نزیکەی پێنج خولەکێک نزا ئەخوێنێتەوە وەختێ فوو پیا کردن یەت بەتووڕەییەکەوە تاوەکو ئافرەتەکە زیاتر بترسێ وبلەرزێ پێ ئەڵێ :

-" قاچت بەرز بکرەوە ئافرەت .....!! ".

ئەگەر لەئافرەتەکاندا تیا بێ کە پرسیاری هۆی ئەم کارە بکات پاشازادە دەڵێ :

-" ئافرەت ئەگەر فوو نەکەین بەو شوێنەدا چۆن دەرمانەکە جێی خۆی دەگرێ ؟ ئەگەر نەخۆشیەکەسەرەتا یان لە سکتا بوایە فوومان لەو شوێنە نەئەکرد ، بەڵام نەخۆشیەکەی تۆ نەزۆکیە خێرا کە دایکەنە !! ".

فوو بەشوێنی ئافرەتەکەدا دەکات وناو بەناو نزای جنۆکە دەخوێنێتەوە ، پاشان بەئافرەتەکە دەڵێ :

-" چاو دابخە ئافرەت پاشای جنۆکە هات !! ".

بەقسەی پاشازادە بێ ئەو ئەو ئەبێ فوو بەو شوێنەدا بکات و نزای بەسەردا بخوێنێ تاوەکو جنۆکەکە بەدەنگی ئەمدا کونەکە بدۆزێتەوە! چونکە کوێرە !! ئافرەتەکە چاو دا دەهات بۆ ئەوەی کە لە هاتن وبینینی جنۆکەکە نەترسێ کاتێ کە پاشازادە کاری خۆی دەبێتەوە ئافرەتەکە هەڵ ئەستێنێت و ئەڵێ :

-" بە شیفاو بێت ! بڕۆ خوات لەگەڵ ! ".

ئەگەر ئافرەتەکە ویستی پرسیاری ئاڵتونەکانی بکات کە لەزەوویەکەوە فرێ دراوە پێ ئەڵێ :

-" چاک بوونەوەت بە فوویەک تەواو نابێ کە هاتیتەوە وجاری دووەم ئەتوانی بیبەیت ... ".

ئەو ئافرەتانە کە فێڵیان لێ کراوە زۆر ئەترسن کە بە مێردەکانیان بڵێن ، ئەو کاتە پیاوەکانیان ئەزانن کە ژنەکانیان لەگەڵ پاشای جنۆکە خەتوون ! یان شێخێک فووی بەو شوێنەدا کردووە تاوەکو سکیان پڕ بێ .....! پاشای جنۆکە زۆر گرنگ نیە بەڵام فوو کردن بەو شوێنەیاندا کارێکە قبوڵ ناکرێ ئافرەتەکان بە مێردەکیان دەوت کە ئاڵتونەکەنیان دزراوە یان وون بووە تاوەکو ڕاستیەکە ئاشکرا نەبێ !!! ، ئەمە ئەوەبوو کە پاشازادە گێڕایەوە بۆ ڕۆژنامە نووسەکان ڕۆژنامەنووسەکان چەند ڕۆژێک ئەم



Scanned by CamScanner

رووداوەیان لە شێوەی زنجیرەیەک بڵاو دەنووسیەوە تاخ خۆزگە چیرۆکەکەیان لەزمانی پاشازادەوە خۆی نەبیست ئەوانەی کە لەوێ بوون لە پێکەنینا چاویان ئاوی کردبوو پۆلیسەکانیش پێ ئەکەنین بەکری کە پاشازادە باسی ئەمەی ئەکردبێ . بەڵام دوو ئافرەتی پۆلیس دەستگیریان کرد کاتێ کە مێردەکانیان پرسیاری ئاڵتونەکەیان دەکرد لە ژنەکانیان ئەیان وت دزراوە مێردەکانیان دەچوون لە بنکەی پۆلیس شکاتیان دەکرد ژنەکان هەمووی دراوسێ و ناسیاوی یەک بوون رووداوی دزینی ئاڵتونەکان دانەیەک ودوان دە رووداو نەبوو . زۆر زۆر بوو پۆلیس هیچ بەڵگەیەکی نەبوو . بۆیە گومانی لە کارەکە کرد کاتێ کە زۆریان لەبەی لەو ئافرەتانە کرد کە گوایا ئاڵتونەکانی دزراوە نهێنیەکەی ئاشکرا کردبوو بۆ پۆلیسەکان ئیەجا پۆلیسیش دوو ئافرەتیان لای خۆیانەوە رەوانە کردبوو بۆ ماڵی پاشازادە ئاوەکونەو ئاوانەوە بیگرن دانەکیان گەنج بوو ئەوی تریشیان لە تەوەی تەمەنی دا بوو ئافرەتەکە بەتەمەنەکە بە پاشازادەی وتبوو کە خەسووی کچەکەیە ئەوەندەیان ئاڵتون بردبوو بە خۆیانەوە چاوی پاشازادەیان خەل کردبوو هەموو کیانیان لەئاڵتون هەڵکێشابوو . ئافرەتەکە بە پاشازادەی وتبوو :

-" تکات لێ ئەکەم شێخمان ئەگەر هەرچەکمان بۆ نووسراوی ئەوا لەسەر دەستی تۆ رووئەدات ... "

ئەم بووکە وەکو گوڵ واە بەڵام کورەکەم سوێندی خواردوە کە تەڵاقی بدات چونکە منالی نابێت . ماڵی ویران ئەبێ پاشازادە چاوی بڕیبووە ئاڵتونی خەسووەکەیشی بۆیە وتبوی :

-" ئەی تۆ بۆیش ماوتە ماشەڵات لێ بێ هێشتا گەنجیت . ئاتەوی منالێکت بێ ! "

ئافرەتەکە وتبووی :

-" من ئارە بەسەر چووم "

پاشازادە وەڵامی دابووەوە :

-" ئا . ئا چی بەسەرچووە ... حەفت بەبێ ! "

پاشازادە کچەکەی بردبووە ژوورەوەکەوە و خەسووەکە لە دەرەوە دەرگای ژوورەکە وەستابوو پاشازادە بە هەمان شێواز داوای لێ کردبوو کە ئاڵتونەکانی فڕێ بدانە ناو بارنەکەوە لەسەر دۆشەکە رابکشێ وئوزێک دووعای بەسەردا خوێندو وکاتێ کەلە دووعا خوێندن تەواو بوو بەنووزەیەوە داوای لەکچەکە کردبوو کە جلەکانی بەرز بکاتەوە ئاوەکو فوو بەشوێنەکەدا بکات خەسووەکە لە پشت دەرگاکەوە وەستا بوو بە چەکێکەوە چاوەڕێی ئەو کاتە بوو کە پاشازادە خۆی بدات بەسەر کچەکەدا و کاتێ کە پاشازادە هاواری کردبوو وتبوی :

-" دەی ئافرەت ... پاشای جنۆکەکان بەرێوەیە . با زۆر چاوەڕوان نەبێ . جوان بیکەرەوە هەردووقاچت بەرز بکەرەوە !! "



Scanned by CamScanner

لەو کاتەدا ژنەکە بە چەکەوە خۆی کردبوو بەو ژووردا و لە دەرەوەی ماڵەکەش چەند پۆلیسێکی لێ بوو کەچاوەڕێی کاتی گونجاویان دەکرد ، پاشازادە دەستگیر کرا بردیان بۆ بەڕێوبەرایەتی ئاسایش و ڕۆژنامەنووسانیشیان بانگ کرد ئێمەی نوێنەری هەواڵی ڕووداو شتی وا هەر کە ئەوەمان بیست یەکەسەر چووین بۆ ئەوێ ، ئەمە چەند پەڕێەک بوو لە ژیانی پاشازادەی تەمەن 45 ساڵ کە بۆ ماوەی بیست ساڵ جێگەی بوو ، تاونەکانیشی لە 800 تێپەڕی کردبوو )

لێرەدا ووتاری ڕۆژنامەکەکۆتایی هات بە ناوی ( پاشازادە پاشای ساختەکاران ) من لەم ووتارە ڕۆژنامەنووسیەوە بە مردنی پاشازادەم زانی ، دوای ئەوە کە ئەم ووتارەم بەرچاو کەوت دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە چەند ڕۆژێک بوو

کەوتبونە لام ، ئەو ڕۆژنامەیەم دۆزیەوە کە هەواڵی مردنی پاشازادەی تیا بڵاوکراوبوەوە ، نووسرابوو : ( تەرمەکەی پاشازادە لە ناوچەی سماگیا دۆزراوەتەوە لەتەنیشت پەرژینی ئەستەنبوڵ لەسەر دەریا قاچی لەئاوەکەدابوو ، پشتیشی بە پەرژینی گەورەو نابوو ، بە ناسنامەکەیدا ناسرابۆوە کە لە گیرفانی دا بردبوویان بۆ پشکنین تاوەکو هۆی مردنەکەی بزانرێ لەوێ دەرکەوتبوو کە ئەمە تەرمی پاشازادەیە )

بەردەوام من هەستم لەگۆڕانکارییدا بوو بەرامبەر بە پاشازادە ن هەر لەسەرەتاوە کەناسیم تاوەکو بۆ ددواجار بینیم ن زۆر جار بەکەسێکی قێزەوەن ئەهاتە بەرچاوم ن زۆر جار بەکەسێکی بۆگەن وبی ئابڕوو یان دز ، زۆر جاریش وەک داماوێک ئەمبینی کە کۆمەڵگا پاڵی پێوە ناوە بەرەو ئەو ڕێگایە ولە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی کراوەتە دەرەوە ن بەقسەی خۆی ئەو سا پێی وتم :

" یاسا و ڕێساکان کە ناردیە سەر ئەو ڕێگایە "

بەڵام ئەمانەی لێ دەربکە ن هەمیشە ڕێزی شێوازی قسەکردن و ڕێز لێنان لە خوێم گرتووە ن ئەم ئەزانی کە ئەوەندە خەفەت بۆ مردنی پاشازادە دەخۆم ، تا ئەو ڕادەیەی کە ناخم خەمبار دەبێ دیار بوو کە ئەو خەفەتەم بۆ مردنی پاشازادە ئەوەبوو کە هەر نەیتوانی ئەو ژیانە ڕێک ڕەوانەی دابمەزرێنی کە شەو ڕۆژ خەونی پێوە ئەدی هەرچەندە ئەو هەموو هەوڵەکانی بۆ دەخستە گەڕ بۆ ئەو ئامانجە .

ڕۆژگار تێپەڕی و پاشازادەم بیرچووەوە ن دوای دوو ساڵ لە مردنی پاشازادە تەنانەت ئەو چیرۆک و ڕووداوەنەشم بیر چووەوە کە لە زمانی پاشازادەوە خستبوومە سەر کاغەز و لەسەر کتێبخانەی ماڵەوە بیرم چووبۆوە ، بەڵام شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا کە وایکرد پاشازادە بێتەوە خەیاڵم و بچمەوە ماڵەوە ئەو کاغەزانە دابگرم کە باسی پاشازادەم تیا نووسی بوو ئەو ڕووداوەی کە پاشازادەی هێناوە خەیاڵم کەس بەعەقڵی دا ناچێ ئەو ڕۆژنامەیەی کە کارم تێدا دەکرد بە ئەرکێک ناردمی بۆ یەکێک لە ناوچە



سنوورییەکان ، ئەبوایە لەوێ بسورامەیتەوە و ڕاپۆرتێکم ئامادە بکردایە دەربارەی گومرگ لەو ناوچە سنوورییەدا ، دوای ئەوەی کە بەجەستەی دەکەم ، دەبێ بیسنووسمەوە ، پاشان ئەم سەردانە زۆری پێنەچوو ، بۆیە ئەبوایە لەوێ بمایتمەوە ئەو کتێبانەم برد لەگەڵ خۆمدا کە دەمێک بوو نەمخوێندبووەوە ، بۆ ئەوەی کەبە شەوان بواریکم بۆ هەڵکەوێت دوای ڕاپۆرت نووسین کە بیان خوێنمەوە یەکێ لە و کتێبانە کە خوێندمەوە شەوێکیان یەکێک لەم کتێبانە پاشازادەی هێناوەیە یادم ن هەرچەندە کە دوو ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕ بوو بوو !لە زووری ئوتێلکی زۆر خراپدا بووم ، لەو ئوتێلەش باشتری تیا نەبوو ئەوێ ، ئەو کتێبەی کە بەو نیوە شەوە دانیشتبووم دەم خوێندەوە بەناوی ( یادکارییەکانی شایەک ) بوو کە سەرۆکی یەکێ لە وولاتە ئاسیاییەکان بوو ، ڕاستیەکەی ئاشکرا ببوو کاتێکە ناچار کرابوو وولاتەکەی جێبهێڵێ ، یەکێک لە سیاسەت بەناوبانگەکانی ئەوریا ئەم کتێبەی نووسیبوو ئەو پێشەکیەی کە لە سەرەتای کتێبەکە نووسرابوو :

( ئەمە هەمووی پەیوەندی هەبوو بە ڕابردوو ، بەڵام ئایا داهاتوو چی ئەبێ ؟ لە کۆتاییدا ئیمپریالیەکان ئەو وانەیان دایە خۆیان کە زۆر ئازار کێش بوو چونکە لە مێشکیاندا دایان نابوو کە دەستبگرن بەسەر ئەو وولاتدا بەمەش بە تاکە ڕێگایەک نەهێڵنەوە لەبەر دەم میللەتی ئەو وولاتەدا کە بیگرنە بەر بۆ ئازادی ، ئەویش جەنگ بەرپا کردنە دژی دوژمن ن تاکە ڕێگا بۆ بەدەست هێنانی هەموو ئامانجەکان کە سەرکەوتنە و هێنناە دی ئازادیە بۆ خۆیان و وولاتیان ئەو گەلەی وا لە جەنگێکی وا قوورس و درێژ خایەن بەرپا دەکات دژی دوژمن ودەبێ باجێکی قورس و گەورە بدات تاوەکو مافی چارەنوسی خۆی دەست بکەوێت ، دیموکراتی بەدەست بهێنن سەر بەخۆیی نەتەوەییان پێویستە تاوەکو ئەمە بەدی بهێنن بەوەی کە لەلایەنی جیهانیەوە خۆیان یەک بخەن بۆ ئەم کارە چونکە دژمن هەمان کار دەکات و ڕەزامەندی چەند وولاتێ بەدەست دەهێنێ ) .

ئەو ووشەیە ( تاکە ڕێگا ) کە لە سەرتای کتێبەکەدا نووسرابوو بیری بیانوەکەی پاشازادەی خستمەوە کەهەمیشە دەیوت :

" تەنها ئەو ڕێگایەم لەبەردەمدا بوو ... چی بکەم ؟ ناچاریان کردم کە بەو ڕێگەیەدا بڕۆم هیچ ڕێگایەکی تر نەمابوو ن بەکراوەی لەبەر دەمدا " .

هەرچەندە پاشازادە دەمێک بوو کە مردبوو لەو ئوتێلە ناوچە سنوورییە و بەهۆی پێشەکەی ئەو کتێبەوە کە باسی ( تاکە ڕێگە ) ی دەکرد هەر دوژمنان خۆیان میللەتکە ناچار دەکەن کە ڕێگەی جەنگ بگرنە بەر بەرامبەر بەوان کە ئەیانەوێ وولاتەکە داگیر بکەن ، ئەوتاکە ڕێگەیە کە ماوە لە بەردەمیاندا ، چونکە ئەوان هەموو ڕێگەکانیان بەڕووی میللەتەکەدا داخستبوو تەنها ئەو تاکە ڕێگەبەبێ لە بەردەممدا بە جێ ماوە ، مەسەلەکە زۆر ئاڵۆز بوو ، بۆیە ڕۆژی دواتر زۆر درەنگ خەبەرم بووەوە ! لەزۆر کەسم پرسی می ئایا بەسەرتاندا هاتووە کە کەسێکتان بە خەیاڵدا هاتبێ لە

ناکاو لە پڕ چاوتان پێ کەوتبێ ؟ بەڵێ ئەمە لای کەسانی تر ڕوویدا بوو لە شوێنێکیدا ولە کاتێکی دیاری کراودا لە ناکاو کەسێک دێت بەخەیاڵتدا کە هەرگیز لە لەیادماندا نەمابوو و دوای تۆزێک چاومان پێی دەکەوێت ن هەندێ کەس ئەم مەسەلیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لە نێوان ئەو دوو کەسدا بەیەک گەیشتنێکی ڕوح دروست بووە ، من هۆکەیم هەر نەزانی بەڵام زۆر کات ڕوویداوە بۆ بەیانیەکەی کە شەو بیری پاشازادەم کەوتەوە پاشازادە خۆیم بینی ، شتێکە چاو و عەقڵ بڕوای پێ ناکات ، بەڵێ ئەو شەوە بۆ بەیانیەکەی لەو شارۆچکە سنوورییە بینم لە بەردەمم دا بوو لە ژوورێکدا بوو کە بۆیاخی دیوارەکانی هەڵوەریبوو خۆیەتی پاشازادەیە !! تەختەی زەویەکە کەقاچت پیا دەنا جیکە جیکی دروست دەکرد ، بنمیچی ژوورەکەش وورده لەدارەکانیەوە دەباری ، دیار بوو بیناکە کە لە گڵ دروست کرابوو ، ئەم ژوورە ژووری فەرمانگیەکی حکومی بوو لەو پارێزگایە ، پاشازادە بەسەر چەند پەڕەیەکدا چەمابوّوە کە لەسەر مێزەکەی بوو دانیشتبوو دەیخوێندەوە ، سەر مێزەکە پڕ بوو لە فایل و کاغەز وقەڵەم پیاڵەیەک چا دەرگای ژوورەکە کە کرابووەوە ، کاتێ بەسەر قادرمەکە ئەڕۆیشتمە سەرەوە تاوەکو بچم بۆ لای بەڕێوبەرەکە ، لەناکاودا بوو کە بەو فرکە چاوە پاشازادەم بینی لەو کاتەدا دوو ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر مردنی پاشازادەدا ناکرێ کە ئەو کەسەی ئێستا بنیم پاشازادە بووبێ !! ، ئەوەندە لەو ئەچوو نەمتوانی خۆم ڕابگرم ، لە دەرگاکە کراوەکەوە خۆم کرد بە ژوورەکەیدا دوو هەنگاو دوور لێی وەستابووم جوان دیقەتم دا نازانم ، سەرقاڵ بوو بە کارەکەیەوە یان گوێی پێ نەدان بوو ، سەری بەرز نەکردەوە و سەیری نەکردم بەناوی خۆیەوە بانگم کرد سەری بەرز کردەوە لەسەر پەڕەکان و سەیری منی کرد کە بینیمی لەبەردەمیدا هەستم بەپرسەکەی کرد . لە چاویدا سەر سوڕمانێکت بەدی دەکرد کە زۆر ئاشکرا نەبوو تەنکی قووت داو و بەساردییەکەوە وتی

-" کێتان ئەوێ ؟؟ ".

ا خۆی بوو ، ئەم هەموو لەیەک چوونە زۆرئەستەمە ، لەلایەکی ترەوە دوو ساڵ بەسەر مردنی خۆیدا تێپەڕیبوو ن بەڵام ئەو چەناگە چەقیوە و پانەکەیەتی ئەوە دانەکانیشی کە ئەگەر قەپی بکردایە بەئاسن دا لەتی ئەکرد ، ئەوە چاوە زەردەکانیەتی کە سپیەتی تیا نەمابوو ، لاشە کەتەکەی و بێ دەنگیە بەرجستەکەی خۆی بوو ا پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە ئایا پاشازادە نین ؟ بە ڕەقیەکەوە وەڵامی دامەوە بە پرسیارەوە وتی :

- " پاشازادە کێیە ...؟ ".

ئەم وەڵامدانەوەی ڕەتکردنەوەی لە خۆ گرتبوو ، وەک وەڵامدانەوەیەکی ئاسایی قبوڵی نەبوو کە پاشازادە بێ !! لە شێوەش زیاتر لێکچوون هەبوو لەدەنگیدا دەنگەکە دەنگی پاشازادە بوو پەستانی ئەخستە سەر ئەو ووشانەی کە لەدوایی دا بە جۆرە ئاوازێکەوە دەری ئەبڕی ئەو لەزیندان پێی وتم کە ئەو دەنگەی لە کاتی قسەکردندا بەکاری دەهێنی یارمەتی دەدات لە کاری ساختەکردندا کاتێ کە دان



Scanned by CamScanner

دەنێ بەوووشەکانیدا وپاشان دەری دەبڕێ ، چونکە دەنگی شوێزی قسەکردنی متمانە دەخشن بە بەرامبەری لە ڕاستیدا دەنگی و قسەکردن و ئەو دڵە ڕاوکێیەی دادەپۆشێ کە چاوی و سەیرکردنەکانی دروستیان دەکرد لەلای بەرامبەری کەی چۆن ئەکرێ مرۆڤێکی مردوو بکەوێتە قسە لەگەڵمدا ؟ بیری ئەوەم هاتەوە کە لە زیندان پێی وتم وتی کە ئەو گەورەی هەر 7 برا و خوشەکەیەتی لەوانەیە ئەمە یەکێ بێ لە براکانی پاشازادە بێ ، ئەم جارەیان لێم پرسی کە ئایا برای پاشازادە نین ؟ ئاوە ڕاستەقینەکەیم برد ، وتی :

-" چ پەیوەندیەکی هەیە ...؟ ".

ووشەکان لە نێوان ددانەکانیدا وەکو تف کردن وا بوو بەرامبەر بەم پرسیارەم گەڕایە دواوە ، وەک ئەوەی کە بترسێ کە چوڵەکەیەک ڕیقنەی بەسەردا بکات ، بەم ترسە کەدایگرت کەسایتیە ڕاستەقینەکەی خۆی دەربڕی ، ئەتوانی باڵ کە من کەسێکی تر ئەشوبهێنێ ، بەڵام ئەو زۆر بە زیادە ڕەوەی ئەیتوانی بڵێ کە پاشازادە ئەبوایە ئەوا بەبێ گرنگی پێدانەوە ئەیوت کە ئەو نیم تیان یان نکوڵی لەوە دەکرد کە پاشازادە بێ . بۆ ئەوەی کە وام نیشان بدات کە هیچ گرنگیەکی نەداوە بە هەڵوێستم دوای ئەو هەموو وەستانەم لەبەردەمیدا چاویلکەکەی داکەند لە چاوی ولەسەر مێزەکە داینا و بە سەرنج دانیکەوە چاوی بریە چاوم وەک ئەوەی کە بیەوێ بڵێ " دەی ... چی ترت دەوێ ؟! " بەڵام لەو ساتەدا هەموو شتێکم بۆ ئاشکرا بوو بەڵگەکەش چاویلکەکەی بوو ئەو چاویلکەی کە کابرای جل فرۆش هاواری فرۆشتنی دەکرد ئەیوت " برا جەردە ئەگیەتەکانم ، ئەوەی ئەم چاویلکەیە لە چاو بکات هیچ جیاوازیکەی نابێت لەگەڵ بەڕێوبەری فەرمانگەیەکدا ، ئەم چاویلکەیە میکرۆبی نەبینراومان بۆ ئەکات بە حوشتر کێ ئەیکڕێ ...؟ ".

چاویلکەکەم ناسیەوە جارێکیان بە پاشازادەم پێ وتم کە ئەوناتوانێ بەباشی ببینێ بەبێ ئەم چاویلکەیە کە لەسەری ڕاهاتووە . بۆ ئەم هۆیە بیست قاتی ئەو پارەیەی پێ دابوو کە پێ فرۆشتبوو ، تاوەکو دەستی بکەوێتەوە چاویلکەکەم بەرز کردەوە سەیرم کر و بەرەو ڕووی بردم وتم :

- " ناسیمیتەوە تۆ پاشازادەیت ..... " .

بە ڕەقیەکی زیاترەوە وتی :

-" نەخێر ...! ".

وتم :

-" ببورە وام زانی یەکێ لەبراکانی خۆتی !!! ".

تەواو خۆی دا بە دەست منەوە و چوومە دەرەوە سەریەک دوو پلیکانە کەوتم ورای کرد بە دوامدا و لە قوڵمەوە گرتمی ووتی :

-" با قسە بکەین ..... ".



Scanned by CamScanner

وتم :

-" باشە ... ".

وتی :

-" کەی ...؟!! ".

ادیار بوو کە پەلەی بوو ئەیویست بەخێرایی قسە بکات ا وتم :

-" چاوپێکەوتنێکم هەیە لەگەڵ بەڕێوبەرکەتاندا ... ".

وتی :

-" پێی نالێی ...وانیە ؟؟ ".

وتم :

-" من نات ناسم خەمت نەبێ .... ".

وتی :

-" سوپاست دەکەم ... ".

وتم :

-" ناوە تازەکەت چیە ؟ " .

وتی :

- " جەمال ئاڵتن تاش .... ە " .

ئەمە ئەوە دەگەیێ کە پاشازادە ئەمرووە تەنانەت مردنەکەشی ساختە بوو هەرچەندە یەک دنیا خەفەت خوارد ن کە ئەو ووتارەم خوێندەوە دەبارەی مردنی . لە شوێنێکی گونجاوی قسەکردنمدا لەگەڵ بەڕێوبەرەکەمدا خۆم لەقسەکانی گێل کرد و پرسیاری ئەو فەرمانبەرم کرد کە لەو ژوورەدا کار دەکات بە تەنیشت قادرمەکانەوە ، بەڕێوبەرەکە سەروچاوی دا بەیەکدا ، وەک ئەوە وابوو کە شتێکی ترش لە ناو دەمیدا بی ونە و ئەتوانێ قووتی بدات وە تف بکاتەوە پرسی :

-" بێ ئەدەبی کردووە لەگەڵتا ... ؟ ".

وتم :

-" نا ... نا نەخێر بە پێچەوانەوە ..... ".

وتی :

-" ناسیاوتانە ...؟ نزیکتانە ؟ خزمە ...؟ دۆستە ؟ ". ا بەشێوەیەکی قێزەوەن وای وت تا ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر یەکێ لەوانەشم بوایە نەم ئەوت ا .

وتم :

-" نەخێر ..... بەڵام زۆر ئیشکەر دیارە زۆر حەزی لە کارەکەی یەتی ... ".



Scanned by CamScanner

( بەڕێوبەرەکەش وەک ئەوە وابوو کە حەز بکات باسی پاشازادە بکات و خوا بۆی یا زۆر درێژەی بە باسکردنی پاشازادە دا ) وتی :

-" ئەم فەرمانبەرە جەمال ئاڵتون تاش دوو ساڵە لێرە کار دەکات ، جێگیر نیە لە کارەکەدا بەڵکو بە گرێ بەست هێناومانە ، کابرایەکی زۆر ڕەزا قورسە ، کەس خۆشی ناوێ ... ".

وتم :

-" هۆکەی چییە کەس خۆشی ناوێ ........؟ ".

وتی :

-" گومانمان لێ هەیە ....! ".

وتم :

-" گومانی ... چی ...؟ ".

وەڵامێکی ڕوونی نەدامەوە بەڵام وتی کە ئەم کابرایە زۆر شتێکی پیسە کابرایەکی خراپە !! بەڵام هیچی دەربارەی خراپیەکانی نەوت ! ".

بەنەقەست کارەکەم درێژ کردەوە لەو شارۆچەکەیەدا سەفەرەکەم دوا خست ، هەموو بەیانیەک ئەچووم بۆ فەرمانگەکەی پاشازادە و سەرم درێژ ئەکرد بە ژوورەکەی و ئەموت :

-" بەیانیت باش کاک جەمال ! ".

ئەگەر دەرگاکەی داخرابوایە ئەم کردەوە و سڵاوم لێ ئەکرد وئەڕۆیشتم ئەم کردەوەیە مێشکی پاشازادەی تێک ئەدا تا ئەورادەیەی ئەنجامێکی باشی دا بەدەستەوە بەیانیەکیان وەکو هەموو بەیانیەکان سەرم بردە ژوورەوە وسڵاوم کرد و ئاورم دایەوە بەرو قادرمەکان تا سەر بکەوم وتی :

-" نافەرموون ، قاوەیەک بخۆینەوە ، بەیەکەوە ...؟ ".

سوپاسم کرد و چوومە ژوورەوە بۆلای لەسەر کورسیەکە دانیشتم لەکاونتەرەکەی تەنیشتی تەباخێکی بچووک و کوپی قاوەی دەرهێنا لەگەڵ قاوەو شەکر و ئەوشتانە تەواو هەروەکو زەمانی زیندان ، بەدەنگێکی نزمەوە قسەی بۆ ئەکردم وتی :

-" کەسایەتی من لەو کەسانە نیە کە وا بەئاسانی لە بیر بچێتەوە یەکسەر منت ناسیەوە !".

وتم :

-" چۆن نات ناسمەوە ...؟ چەند مانگێکمان بەیەکەوە بەسەر برد ، شەو ڕۆژ ...... ".

وتی :

-" هاتم بۆ ئێرە تاکو کەس نەم ناسێتەوە و بڕوام نەدەکرد کە چاوم پێت ئەکەوێ ! ".

وتم :



Scanned by CamScanner

-" منیش هەروەها ........ ".

وتی :

-" پرسیارت کردبوو دەربارەن لای بەڕێوبەرەکەم وانیە . ؟ ".

وتم :

-" بەڵێ بەڵام هەرگیز ئاشکرام نەکردی هیچ شتێکم دەربارەی ڕاستی تۆ نەووتوە ، " .

وتی :

-" سوپاست دەکەم ... من هەر لە زەمانی زیندانەوە متمانەم پێت هەبووە " .

ڕۆژێکمان دانا تاوەکو لە یەکێ لەو کافتریانەی ئەو شارۆچکە سنوورییە یەک ببینین کە خواردنەوە پێشکەش ئەکات لەو ڕۆژەدا کە پاشازادە پشووی هەیە ، ئێوارەی ڕۆژی دواتر کە چووم بۆ کافتریاکە پاشازادەم بینی لەسەر کورسی ومێزێک دانیشتبوو چاوەڕێی منی دەکرد ، بەر لە هاتنم داوای شیرینی کردبوو دانیشتین و داوای خواردنەوەمان کرد ، دەستمان کرد بە خواردنەوە وگفتوگۆ کردن ، وتی :

-" کێ ئەیوت من تۆ لەم شوێنە دوورە یەتر ئەبنین و دائەنیشین ؟! ".

وتم :

-" بەڵێ .... ".

لە ڕادیۆکە گۆرانیەک پەخش ئەکرا ئەیوت : " تەنها یەک ڕێگە هەیە ئەویش مردنە ... " ، ئەگەر پاشازادە شاگردەکەی بانگ نەکردایە تا بیخاتە سەر وێستگەیەکی تر هەرگیز هۆشم لای گۆرانیەکە نە ئەبوو شاگردە کە خستیە سەر وێستگەیەکی تر کە باسی ژیانی ئاژەڵان و گیاندارانی ئەکرد وتی :

-" مێشکم بەم گۆرانیە هیلاک ئەبێ ... ".

وتم :

-" یادگاریەکی ناخۆش هەیە لات ...؟ ".

وتی :

-" چ یادگاریەکیش بگرە ژیانێکی تەواو ... ئەوەی کە ژیانمی هەڵگێڕایەوە ئەم یەک ئەگەر و ڕێگایە بوو ... ".

وتم :

-" لەمەبەستت تێ ناگەم ..!" . ا من تێ ئەگەیشتم بەڵام ئەم ویست کە وەک جاران قسەم بۆ بکاتەوە حەزم ئەکرد کە پاشازادە هەست بکات ە هاوڕێیەتیەکەی زیندانمان هەروەکو خۆی ماوە هەرچەندە کە من پێش ئەوەی هەواڵی مردنە درۆینەکەیشی بخوێنمەوە لەو ووتارە لە ڕۆژنامەکەدا ماوەیەکی زۆر بوو لە یادم نەمابوو چووبوومە ڕێزی ئەو کەسانەی کە ئەوانیش دوای زیندان



Scanned by CamScanner

فەرمۆشیان کردبوو ، یان بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆیان ڕوویان دابویە دوای ئەوەی کە لە زیندان ئەهاتە دەرەوەو ڕووی تێ ئەکردن تاوەکو یارمەتی بدەن بەهەرشێوەیەک بێت هەروەکو کابرای ڕۆن فرۆشەکە هەستم ئەکرد کە ڕێزگرتنی ئەم کابرایە خۆی لە خۆیدا یارمەتیە ، بە تایبەت کە کەسی نەمابوو لە ژیاندا دوای ڕەجائی ن کە ئەویش زۆرر زیانی پێگەیاندبوو ئەوەی کە وای لێ ئەکردم کە گرنگی بدەم بە پاشازادە چەند شتێک بوو ، لەوانە ئەوە بوو کە زۆر تامەزرۆ بووم بزانم کە بۆچی هەواڵی مردنی بڵاوببوەوە ، پاشام ئەو ڕووداوە کتوپڕە کە زۆر سەیر بوو ، ڕۆژێک دوای ئەوەی کەوتەوە یادم بینیم وا هەست ئەکەم کە قەرزدەر ئەم کابرایەی کردووە بە کەسێکی کاریگەر لە ژیانمدا تاوەکو زۆر شت فێر ببم کە ئەم دەزانی جگە لەوەی کە نووسەرم کارم ئەوەیە کە ڕووداوی کەسەکان و ژیانیان بکەم بە چیرۆک و بە شێوازێ دەری ببڕم بەڵام لە مانە گرنگتر ئەوە بوو کە ئەم کابرایە لە خوارایی نەبوو ناوی بە گەورەترین ساختەچی دەرچووبوو ، چونکە کاریگەریەی زۆر سەیری لەسەر بەرامبەرەکەی جێ هێشت وای لە من کردبوو کە حەز بکەم بزانم لە ساتێکی دیاری کراوادا چی دەکات چۆن ئەژی بەچیەوە خەریکە و کێ ئەناسێ و قوڵی کێی تری بڕیوە ...؟! پاشازادە ئەو کەسە بوو کە گرێی ناخی هەموو مرۆڤێکی ئەکردەوە بۆ نمونە لە نهێنیەکانی ژیان ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین کە ئەو ڕێگەیەی خۆمان پیایدا تێدەپەڕین خۆمان دروستمان کردووە بەڵام ئەو بەشتێکی زۆر سەیر لە زینداندا دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەرەتای ژیای باسی ئەو ئەگەرەی کرد کە هەزار ئەگەری تری لێ دەبێتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕشێرشەی ژیانمان ئەو قسانەی کە بۆی باس دەکردم هەمووی لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجا بۆیە وای لە بەرامبەرەکەی دەکرد کە تامەزۆری فێر بوون و زانینی ئەو شتانە نەبێ کە لێی بێئاگا بووە کاتێ کە پێم وت " لەمەبەستت تێ ناگەم " بۆ ووشەکانی ئەو گۆرانیەی ، ڕادێۆکە کە ناخۆش بوو وتی :

-" ئەگەر زۆرن ..... زۆر زۆرن ... ئەوەندە زورن کەکۆتاییان نایەت ، هیچ کاتێ یەک ئەگەر نیە ، بەڵکو ئەگەری زۆر هەیە کە لە ژماردن نایەت . دوور مەڕۆ بیر لەو دەنگە بکەرەوە کە لە دەمی مرۆڤ یەتە دەرەوە کاتێ کە تەلەفووندا قسەی پێ دەکات ( ئێ ... ئێ ) ئەو ئەگەرانە چەندە کە ئەم دەنگە لە خۆی گرتووە ؟ چونکە ئەتوانێ بەکاری بهێنێ بۆ ئەوەی کە لە مەبەستی بەرامبەرەکەی تێگەیشتووە ، بەڵام زۆر جار بەمانای پرسیار دێت چۆن کاتی کە بڵێم ئەزانی کە تۆم بینی لە فلان شوێن ... پاشان قسەکە لەویادا بوەستێنم ، تۆیە یەکسەر بۆ ئەوەی کە قسەکەم تەواو بکەم بە پرسیارەوە ئەڵێ " ئێ " یان بەکاریش دێنیت بۆ دەربڕینی سەرم سوڕمانەوە بەردوام بوو لە باسکردنی شتێکی سەیر و درێژە پێدانی تاوەکو زانیاری زیاترت دەست بکەوێ لەو باسە بۆ نمونە ئەڵێم : فلان کەس زەمی ئەکردنی ئەیوت وایە و وایە ... تۆیش بەسەر سوڕمانەوە ئەڵێی ( ئێێێ ..؟؟ ) بیر بکەرەوە ئەگەر تەنها ئەو دوو پیتە ( ئێ ) ئەم هەموو واتا جۆراوجۆرەمان پێ بدات لە م دنیایدا باشە وەرە واتا و



Scanned by CamScanner

ئەگەری ووشەیەکم بۆ بژمێرە  کە لە نۆ تا دە نموونە پێک دێت ئەو دەربڕینەش  کە جیاوازە بێ لەوانەی تر !! " .ا ئەوەتا پاشازادە  هەروەک ئەو زەمانە قسە دەکات کە سەرنجی ڕائەکێشام تیایدا ا
پاشازادە  بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و  وتی  :

-" لەهەموو ئەگەرێکدا سەدان وهەزاران ئەگەر هەیە بەڵام ئەڵێن یەک ئەگەر هەیە کە زۆر بێ گوایە ئەویش مردنە !! ئەمە قسەی قۆڕە ! من  دوژمنی تاکە ئەگەرێکم  کە بواری هەڵبژاردن نەبێ تیایدا هەوو شتێکیش کە مافی هەڵبژاردنت نەبێ تیایدا هەرچەندە مەزنیش بێ بەلای منەوە ، ئەگەری ئەوە هەیە کە فێڵی تیا بەکار بهێنێ بۆهەڵبژاردن " .

ا ئەتوت ئەو کەسەی کە قسەم بۆ ئەکات پاشازادە  نیە کەسێکی ئاساییە ا!! وتی :

-" کرداری پەیرەو کردنی  یەک نرخ بەناوی داشکاندن چی ئەگەیەنێ ، لە مەخزەنە بازرگانیەکاندا ؟ ئەویانەوێ بڕوا بەخەڵک بکەن کە کاڵاکە بەهەرزانتر فرۆشراوە تاوەکو بڕێکی زۆر لەو کاڵایە بفرۆشێ کە ماوەتەوە وانیە بەڵام لە ڕاستیدا هەر بە هەمان نرخ دەیفرۆشێ بەخەڵک بەناوی داشکاندنەوە  ".

ا پاشازادە  هەمیشە لەزیندان باسی ئەوەی بۆ ئەکردم کە چۆن کۆمەڵگا هەمو دەرگایەکی بەڕوودا داخستبوو تەنها تاکە ڕێگایەکی بەکراوەی بۆ بەجێ هێشتووە ئەمیش ناچار بووە بەو ڕێگەیدا بڕوات کە حەز ناکات پیایدا بڕوات ئەم تاکە ڕێگایەی کە باسی ئەکرد تاکە بیانویەک بوو بۆخی دروست کردبوو تاوەکو بەو ڕێگەدا بڕوات بۆیە ڕقی لە هەر شتێک دەبووەوە کە ئەگەر کە تاکە ئەگەرێکی هەبێ بە تەنها ا ، پاشازادە  قسەی ئەکرد من گوێم بۆ ڕاگرتبوو ن ئەوەی کە بۆ باس ئەکردم بەلای منەوە ا قسەی قۆڕە ا بوو !! من ئەم ویست مەتەڵی مردنەکە بزانم چۆن خۆی بە مردوو نیشان دا ؟ چۆن بردیان بۆ ناشتن و ئیستا لە بەردەممدایە !! زۆر مان خواردەوە نیشانەی  سەرخۆشی پێوە دیار نەبوو ، دیار بوو کە بەرگەی خواردنەوەی گرتنی هەیە ! قسەی بۆ ئەکردم لە ناکاو قسەکانیم پێ بڕیبوو ، پرسیاری ئەو ڕێگەیەم لێ کرد کە تیایدا ناوی خۆی گۆڕی بۆ ا جمال ئالتون تاش ا ، وتی :

-" کت و پڕ بوو ، چەند جار بۆم باسکردنی دەربارەی  ئەو ڕووداوەکانت و برانەی  کە ڕێڕەوی ژیانمان  بەڕێوە دەبات و ئاراستەی دەکات  ئەو چەندە خولەکەی کە لە ڕێگادا دەکەوین وتا هەڵدەسینەوە وخۆمان دەتەکێنین و پەنە وەسەر خۆو ئەکەوینە ڕێ ، چەند شتێکمان لە کیس دەچێ ، یان چەند شتێکمان  دێتە ڕێ  ".

ا پاشازادە  هەمشە باسی ئەو ئەگەرانەی دەکرد کە کە چەندەها ئەگەری تر لە خۆ دەگرێ لە ژیانمدا ا وتی :

-" ئەی چی ئەڵێ دەربارەی  ئەگەرێک کە ماوەی کەمتر لە خولەکێک  هەموو ژیانم ئەگۆڕێ ؟ ئا با نمونەت بۆ بهێنمەوە .. بیری ڕەجائی کەوتەوە ڕەجائی  پێ کەوتم کە باشترین ساختە ،  ساختە کردنی دەرمان و حەپی ژان و ئازارە کە لە بازاڕدا ناوبەنگی هەبێ ؟! ڕەجائی سەرەتای کارەکانی  بەردوست



Scanned by CamScanner

کردنی ئەم دەرمانانە دەست پێ کردو ئەیخستە بازاڕاوە بەدوای ئەو کاڵایەدا دەگەڕا کە لای خەڵک زۆر ناوبانگی هەبێ زوو دروستی دەکرد و ئەیخستە بازاڕەوە ئەگەر جۆرە گوێزانێکی ڕیش تاشین هەبێ ئەیوت کە ئەم جۆرە تەزویرانە زۆر ئاسانە ، چونکە وڵاتەکەمان کاری چاودێری ئەوەندە کاریگەر نیە ، هەموویان لەسەر ئەوڕێڕەوە دەڕۆن کە قازانجی زۆر بکەن لە ماوەیەکی کەمدا ، بەڵام ئەوانە ساختەکاری چی زۆرگەورەن ، ئەچن کاڵایانە دەهێنن لە ئەوروپا ئەمریکا بە هەزران تاڵان کە ماوەیان بە سەرچوو و کەس لەوێ بەکاری ناهێنێ دەیهێنن ، بۆ ئێرە ە سەرەوەتێکی چاکی پێ پێک دێنن ، ئەوەی کە ڕەجائی بۆی باسکردم ڕاست بوو ، چونکە بەهۆی بەرتیل دان بە دەزگای چاودێری ئەو جۆرە کاڵایانە یان ناسینی کەسی گەورە تیایدا کارەئەکەن ئەنجام دەدران بەرهەمێکی لەو جۆرانە سزایەکی زۆر سووک بوو تەنامت جاری وا هەبوو سزای هەر نەبوو ! ڕەجائی سەرقاڵی ئەوە بوو کە لەو دەرمانە دروست بکات کە بۆ ژانە سەر و ئازاری لەش و لار دەفرۆشرا لە بازاڕ ن ناوی دەرمانەکەم بیر نەماوە ، بەڵام ەئوەندە بە ناوبانگ بوو ڕۆژانە زۆری لێ دەرفرۆشرا ، بۆ ئەم مەبەستە ڕجائی ئەچوو بۆ ئەنقەرە و پارەی لە جوملە فرۆشەکان کۆ دەکردەوە بەرامبەر بەوەی کە دەرمانەکەیان بۆ ڕەوانە بکات بەیەکەوە چوین بۆ فرۆکە خانە ئەچووم خوا حافیزیم لێ ئەکردن و ئەگەڕامەوە جارێکیان کە چووین بۆ فرۆکە خانە هەموو ئەو دەرگایانەی فرۆکە داخرا بوون کە ئچوون بەرو فرۆکە کە بەر لە دەخولەک لە کاتی خۆی واتا پێش وەخت ئەیان هێشت ڕەجائی بچێ سواری فرۆکەکە بێ ڕەجائی زۆر تووڕە بوو ، فرۆکەخانەکەی دەهێنایە خوارەوە ، لەوێ ڕاپۆرتێکی نووسی دەربارەی ئەوەی کە ئەو بەر لە دە خولەکیش هاتووە بەر لەوادەی فڕینی فرۆکەکە تاوانی چیە کە ئەمانیش زوو دەرگاکانی داخستووە ؟ دایە دەست بەڕێوبەری فرۆکەخانەکە چەند شایەتیککێش پەیدا بووم ئیمزیان بۆ کردو شایەتیان بۆ دا چونکە ئەوانیش حاڵیان وەک ڕەجائی بوو ڕەجائی وتی " سکاڵایەک دژی فرۆکە خانەکە بەرز دەکەمەوە و داوای قەربوویان لێ دەکەمەوە لە ڕێی دادگاوە " ئەیتوانی ئەوە بکات چونکە شایەتەکان زۆر بوون فرۆکەکە دەمێک بوو فڕیبوو کارمەندەکانی ئەوێ ئەیان وت کە ڕەجائی بەر لە دوو خولەک هاتووە لە هەڵفڕینی فرۆکەکە نە دە خولەک دوو خولەک یان دەخولەک گرنگ ئەوە بوو کە ڕەجائی داماوە و ئەیتوانی سورای فرۆکەکە بێت سەفەرەکەی بکات ، بەڵام ئەوەی کە گومانی تیا نەبوو ئەوەبوو کە ڕەجائی لە ڕاستیدا 10 خولەک بەر لەوادەی خۆیشی هاتبوو بە تەکسیەک گەڕاینەوە ، چووین بۆ لای پارێزەرێک ڕەجائی ئاگری لە چاو ئەباری بۆ پارێزەرەکەی باس کرد کە چۆن لەگەشتەگەی دواکەتووە ، پارێزەرەکەش دڵنیای کردەوە کە ئەتوانی داوایەک لە دژی فرۆکە خانەکە تۆمار بکات لە داداگا و ئەمیش بۆ جێبەجێ بکات و داوای ئەو قەرەبووە کردنەوەی دواکەوتنەکەی بۆ بکاتەوە بەدوای کارمەندەکانی فرۆکەخانەکە و شایەتەکان ڕەجائی زۆر ئاسوودە بوو بەو کارە بەو بۆنیەوە من وپارێزەرەکەی داوەتێ نانی نێوەڕۆ کرد لە چێشتخانەیەک لە ناوەڕاستی شار لەوێ

رادیۆکـە هـەواڵی نیـوەڕۆی دەخوێنـدەوە ، بـە بیستنی یـەکێ لـە هەواڵـەکان ڕەجائی کەوچکەکەی لـە دەسـت کەوتـە خـوارەوە ، سـڕبووم لـە جێگـەی خۆمـدا تامـاوەی خولـەکێک بـۆ دوو خولـەک هیچمان قسەمان نەکرد بێژەرەکە هەواڵی کەوتنە خوارەوەی ئەو فڕۆکەیە ئەخوێندەوە کە ڕەجائی ویستی پێ بچێ بۆ ئەنقەرە داوای سکاڵانامەکەی کرد لە پارێزەرەکە و ئەویش لە جانتکەی دەری هێنایەوە دایە دەستی ڕەجائیش سکاڵاکەی دڕاند ، بەڵێ ... یـەک دوو خولـەک دەرنـگ کـەوتن بـووە هـۆی ڕزگـار بوونی ژیانی ڕەجائی لە مردن ، بەڵام لە دواییدا بە ماوەیەکی زۆر بەهۆی ڕووداوێکی زۆر سانا و خۆی کوشت ئەگەریش وایە ، ژیانێک ڕزگار دەکات وا دانەیەکی تریش لە ناو دەبات !! مردنی منیش کت و پڕ بوو ئەم کوت و پڕیە سوودی پێگەیاندم لـە ئەنجامی دانی هاوکێشیەک کە زۆر دەمێک بوو لەمێشکی خۆمدا دام نابوو بەڵام هەر نەئەهاتە دی ! با پێش هەموو شتێک بۆت ڕوون بکەمەوە کە ئەو هاوکێشە پیلانەچی بوو ؟ تۆ ئێستا من ئەبینی کە کەسایەتیەکی ترم هەیە ، ناوم ( جمال ئاڵتون تاشە ) ، زۆر لەمێژە بوو کە ئەم ویست ڕەوڕەوی ژیانم بگۆڕم هەرچەندە من لەو کەسە کەمانەم کە هەن لە دنیادا بڕوایان بەوەبێ کە قەدەر دەستی لە گۆڕینی ئاراستەی ژیانی تاکەکەسدا هەیە زۆر بە داخی ئەو ژیانە وەبوو کە ببمە کەسێکی ئاسایی وژیانم وەکو خەڵکی تر بەرمە سەرە تەماشابکە لەدنیادا ئەم ئاواتە سادەیەش کەهی هاوڵاتیەکی شەریفە ئەویش نایاتە دی !! ساختەکاری ... ئای چەند باشە کە لـەم شارۆچکەیە سـەر سنور مـن تـۆ چاومان بـەکتر کـەوت ... ئەگـەر منیش نەناسیایەتەوە خۆم ئـەهاتم بـەدواتا و ئـەموت پاشـازادەت نەناسیەوە ؟ چـۆن نـەت ناسیمەوە ؟ هاوڕێیـەتی ئـاوا دەبـێ ؟ هەرچی کەسایەتەیک بنوێنم هەرچییەک بێ و هەرچەندە خۆم بگۆڕم تێ دەگەم کە لە ڕاستیدا من بێزار بـووم لـەوەی کـە بـۆ مـاوەی دو سـاڵەمن لیـرەم بـەناوی جمالـەوە نـازنی ئێشتا چـەند دڵـم خۆشـە کە بەکەسایتیە ڕاستەقینەکەم قسەت لەگەڵ دەکەم تۆ پرسیاری پیشەو کارەکەمت لێ کردم کارو پیشەی من ساختەکارییە ، تۆ خۆت چاک دەزانی کە یاسای تورکی کەمتر سزای بۆ ئاوانی ساختەکاریی داناوە وا نیە ؟ ئەگەر 1000 لیرە لەکەسێک بدزی ئەوا سزاکەی زۆر توندە کەناوەی بەندەکەی زۆر زۆرە بەڵام ئەگەر بە فێڵ لێی بسنرێ ئەوا سزکەی زۆر کەمەو چونکە لەکابرای ساختەچی و ساختە لێ کراو نایانەوێ ساختە لەیەکتری بکەن ، با زیاتر بۆت ڕوون بکەمەوە ساختە کارێک دەیەوێ زەویەک لە شوێنێکی زۆر خۆشـدا بـەنرخێکی هـەرزان بفرۆشـێ هەرچـەندە زەوی لـەو شـوێنەدا زۆر گرانـە ولـەو نرخانەددانیە بەڵام چونکە ئەوتا کە زەویە بەکەڵک نایەت و خزمەتگوزاری نیە کابرای ساختەچی ئەو شتانەی ئەو زەوییە واتا ئەو کێشانەی ئاشکرا ناکات بینووی ئەوە دەهێنێتەوە کە لەسەر سەفەرە ئەگینا بەو نرخە هەرزانەی نادات ، کابرای کڕیاریش ئەزانی کە زەوی لـەو ناوچـەیەدا ئەوەنـدە هـەرزان نیە بۆیەاتی کە ئەیکڕێ هەست بەوە دەکات کە توانیوتی هـەلی ئـەوە بقۆزێتـەوە وە کـە کـابرای فرۆشیار لەسـەر سـەفەر و پێویستی بەپارەیـە بۆیـە ونرخـەی هەرزانـە دیفرۆشـێ کـابرای کڕیـار هـەوڵ دەدات





هەرچۆنێک بی ئەو زەوییەی دەست بکەوێ ... هەموو ئەم کارە زیرەکانە کە ئەکرێ بەرەزامەندی هەردوو لایە واتا ناکرێ لایەنێکیان رای لەسەر ئەو شتە نەبێ چونکە ئەو کاتە بەتوان لەقەڵەم دەدرێ ، ئەوەی کە من مەبستەمە لەم قسانە کە بۆ تۆی روون بکەمەوە بە ئاسانی ئەوەیەکە ساختە چییەکە وا خۆی نیشان دەدات کە هەڵئەخەڵتێنرێ لەلایەن کریارەوە و نازانێ تاوەکوبتوانێ فێڵ لەبەرامبەرکەی بکات کریارەکەش دەکەوێتە تەڵەوە چونکە ئەیەوێ فێڵ لەساختەکارەکە بکات ، واتا ئاو لەگەرەکی ئاو فرۆشان بفرۆشێ !! لە راستیدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کەسەش کە فێڵی لێ کراوە بەشێوەیەک لەشێوەکان بەشدارە لەو تاوانە لەگەڵ ساختەکارەکەی بۆیە سزای کابرای ساختەچی کەمەو سووکە ئەم نمونەیەی کە بۆم روون کردیتەوە بەکورتی ئەوە بوو کە لەو ماوەییەی دواییدا سەرقاڵی کردبووم تێگەیشتم کە مەترسیدارترین ساختە ئەوەیە کەسەکە خۆی ساختە لە خۆی بکات من زیاتر ساختە لە خۆم دەکەم وەک لەوەی کە ساختە لەخەڵک بکەم بەڵام هەروەک وتم یەکێک لە پێدوایستەکانی کاری ساختەکاری ئەوەیە کە دوولا بەشدار بن لەو کارەدا بەڵام من بۆ خۆم بوو بووم بە هەردوولایەنەکە بۆخۆم یەکێکیان فێڵ بازەکەیە و فێڵکردنەکەم هەبێ باوای دابنێن ئەم کەرەستانە ئەو دەرمانەیە کە ئازار ناهێڵێ یان گوێزانی رشیش تاشینەکەیە یان بروانامەیەکە یان ناسنامەیەکی ساختە یان کارتێکی دزراوی لێپرسراوێکی گەورەی شارەکەیە ، لاسایی کردنەوەی ئیمزا کەیەتی من چۆن ساختە لەخۆم دەکەم ؟ بەو بیانووە ساختە لە خۆم دەکەم بیانوی ئاکە رێگا کە چەند مانگێک لە زیندان بۆم باس دەکردی وا بروا مەکە کە من ویستوومە هەڵت بخەڵتێنم ... نا ...نا نەمویستووە کە هەڵت بخەڵێنم ئەو خنم بوو خەڵکیش هەروەکو من بە هەمان درۆ خۆیان هەڵدەخەڵتێنن ئەو ئافرەتە بەدەرەوشتەی کە بیانوی هەیە بۆ ئەو رێگەیە کەبیانوی هەیە بۆ ئەو رێگەیەی کە پیایدا رۆیشتووە واتە ( لەش فرۆشی ) ئەڵێ :

- " چی بکەم چارەم نیە کەوتمە ئەم رێگە خراپەوە !! ".

بەڵام لە راستیدا رێگە چارەی تری لە بەردەم دا نەبوو ؟ یان ئەوە وا ئەڵێ تاوەکو فێڵ لە خۆی بکات و بروا بەخۆی بهێنی بەو کارە کە دەیکات ؟چونکە ئەوەی ئاشکرایە هەرێگەیەکی چوت چەند لەلایەنی دەروونیەوە بۆ ئەو کەسەناخۆشە بەڵام لەلایەنی داراییەوەن سەربگرێ ئەوا قازانجی باشی تیایە ! لەوانەیە ئافرەتێکی تر هەبێت لەو ئافرەتە خراپتری لێ بەسەر هاتبێ بەڵام ناڵێ چارەی ترم نیە ، بەدوای چارەیەکدا دەگەرێ و نابێت بەلەش فرۆش پیاو هەیە هەر لەسەرتاوە پیاوی خێزان پێکەوەنان بوە و تاقەتی کارکردنەی نەبوەوە وهەمیشە لە چایخانەکان کەوتووە و هەرچیەکی دەست بکەوتایە بەقەرز و سواڵکردن لە جیاتی ئەوەی بیدات بەنان بۆ منداڵەکانی لە مەشرۆب قومارەدا دۆراندوویەتی وئەو دو پیشەیی کردووە بە بەهانەیەک بۆ لە بیر چوونەوەی ژیانە کەساسەکەی خۆی یان دزی کردەوە و گیراوە ئەڵێ :

- "هیچ ڕێگە چارەیەکم لەبەردەمدا نەبوو .... ناچار بووم دزی بکەم ... چیم بکردایە ، منداڵەکانم برسیان بوو ژنەکەشم نەخۆش بوو پێویستی بەنەشتەرگەری بوو کرێچی بووم قەرزار بووم ! " .

واتە ئەگەر هەموو چارەسەرەکانی بەستەوە بەو تاکە ڕێگەیەوە ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دەستی کاتێ دەڵێین " هەموو ڕێگەیەوە لەبەر دەماندا داخرابوو ، هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەردەممدا بوو جگە لەوەی کە خراپ بوو ئەوا بەوشێوەیە ڕێگەیە ئاسانەکەمان بۆ خۆمان هەڵبژاردووە یان ئەوەی کە وامان زانیوە کە ئاسانە وە بۆ ئەوەی بەو رشێگە ئاسانەدا بڕۆین نکوڵیمان لە هەموو ڕێگەکانی تر کردووە پاساومان بۆ خۆمان و خەڵک هێناوەتەوە و وامان داناوە کەرێگەکانی تر نەبوون لەبەردەماندا ئەمەیش هۆی کەوتنی منە لەم ڕێگەیەدا زۆر درەنگ لەوە تێگەیشتم کە من دوژم لەگەڵ خۆمدا کردووە بەدرێژایی ژیانم لەسەرو هەموو ئەمەیشەوە وام زانیوە کە من ساختەم لەخەڵک کردووە بەدرێژایی ژیانم لەسەرو هەموو ئەمیشەوە وام زانیوە کە من ساختەم لە خەڵک کردووە ا من هیچ بروایەکم بەم قسانەی پاشازادە نەبوو بۆ چوونانەی لەگەڵ بۆ چوونی مندا نەئەگونجا ا .

وتم :

-" کەواتە ئێوەو وائەبینن کە کۆمەڵگا یاسای کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر مرۆڤ نیە کاتێ بەو ڕێگەیە دەڕوات ؟؟ ".

وتی :

-" ئەکرێ کاریگەری نەبێ ؟ بێ گومان ئێمە مرۆڤین تەنانەت ئامێرە کاتێ کە بەشێکی پەکی کەوت بەدانەیەکی چاکی دەکەنەوە ئەگینا کار ناکات ، کەواتە دوو ئەگەر هەیە لەبەردەم ئامێرەکەدا یان پارەچەکەی بۆ بگۆردرێت و چاک بکرێتەوە و کار یان فەرامۆش بکرێ ... بەلام مرۆڤ جیاوازە مرۆڤ بەرەنگاری کۆمەڵێک ئەگری بێ کۆتایی دەبێتەوە بۆ ئەم هۆیە وتنی ! هیچ چارەیەکی ترم نیە ، یان جگە لەو ڕێگەیە کراوە یە هیچی ترم لەبەردەمدا نیە ! واتە فەرموش کردنی ڕێگەیە قوورسەکانی تر و هەڵبژاردنی ئاسانەکەسان پاشازادە ئەڵێ کە تەنها تاکەکان نین بەتەنیا کە بەبیانوی تاکە ڕێگەدا خۆیان هەڵدەخەڵتێنن بەڵکو کۆمەڵگاکان و دامەزراوەکان و حکومەتی توورکی چووە ناو جەنگی جیهانی یەکەمەو هەورها هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم دەرەئنجامی ئەوەبوو کە زۆرینەی گەلی ئەڵمانی خۆیان هەڵخەڵتاند چونکە وایان زانی کە تاکە ڕێگایەک لەبەردەمیاندا هەبێ تەنها جەنگە .. " !

کاتێ کە پاشازادە درکی بەوە کرد کە ساختەی لە خۆی کردووە بەپێ قسەی خۆی کات بەسەر چووبوو کاتێ گەیشتە ئەو ئەنجامە بیری لەوە کردەوە کە خۆی بکات بە کەسێکی تر ویشستی ببێ کەسێکی تر لەمەودوا بە بیانوی تاکە ڕێگا خۆی هەڵنەخەڵتێنێ چونکە کەسایتیە تازەکەی لەبەردەم چەندەها ئەگەر و ڕێگایەکی گونجاوی هەیە مرۆڤ ئازادە لەهەڵبژاردنی تاکە ڕێگایەک لە نێوان ئەو ڕێگایانەی کە



Scanned by CamScanner

لەبەردەمیاتی پاشازادەش بیانوی تاکە ڕێگا ی کردبوو هۆیەک بۆ گوێ پێ نەدان وبەردەوام خۆی خەڵەتاندبوو تا ئەو تەمەنە !! بوونی تەنها یەک هەڵبژاردن لەبەردەم خەڵکدا ولە هەر بارودۆخێکدا و لەهەر بابەتێکدا بەمانی ئەوە یەت کە ئەو خەڵکە ئازاد نین هەڵبژاردنی تاکە ڕێگە بە واتای هەڵبژاردنی کۆیەلایەتی دێت بەڵام بیرمان نەچێ کە تەنها کەسە ترسنۆکەکان ئەم ڕێگایە دەگرنە بەر ئەوانەی کە هەمیشە ئەترسن !! ! وتم :

-" لەکێ ئەترسن ....؟ ".

وتی :

-" زۆر شت هەیە کە لێی بترسین .... لە ژیان دەترسین لە خۆمان لە ئەستەم لەخەڵکانی تر لە تاقی کردنەوەی هەڵبژاردن و ڕێگاکانی تر ... ئەو کەسانەی کە ئەترسن ناهەقیان نیە چونکە زوو وتراوە کە ترس ئازایەتیە پاشان ئێمە و مانان کەسمان نیە پشتمان بگرێ و پشت و پەنامان بێ ".

پاشازادە ئەڵێ :

-" تاکە ڕێگا واتە ئەو بیانوەی کە خەڵکێک گوێ بە ژیان نەدەن تەڵەیەکە بۆ خۆیانی ئەنێنەوە ، کاتێ کە کەسێک بەتەنها یەک ڕێگە چامر ئەهێنێتەوە بەرچاوی خۆی ئەیێتە ڕاوکەر نێچیر و فێڵەکەرو فێڵ لێ کراو ، ئایا ڕاستە کە هیچ هەڵبژاردەیەک نیە لەبەردەم ئەوانەی کە دەڵێن یەک ڕێگەمان لەبەردەمایە ... هیچ هیوایەکی ترمان نیە .... ؟".

بۆ قووڵ کردنەوەی قسەکانی نەبوو بەڵام لەبرە ئەوە بوو کە بڕوام بە بیرکردنەوەکانی نەبوو لە ڕاستیدا بۆیە پێم وت :

-" بەڵام مرۆڤ ناتوانێ لەیەک کاتدا هەموو مرۆڤێک یەک ڕێگای لەبەر دەممدا کە ئەتوانێ پیایدا بڕوات ! ".

پاشازادە لە وەڵامدا وتی :

-" بەڵێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو تاکە ڕێگایە هەڵبژێرێ کە ڕێگەیەکی گونجاو هەڵبژێرێ لە نێوان ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕێگاو ئەگەرەکان ئەبێ مرۆڤ ڕێڕەوی ئاراستەی ژیانی دیاری بکات ، لەسەر بنەمابەی گونجاو و هەروەها لەگەڵ ئەو تواناپانەدا نەبێ بەڵام ئایا کەسێک ی وەک من توانی کە ئەو ڕێگە گونجاوە بۆ خۆی دیاری بکات ؟ " .

ا پاشازادە لەوە تێگەیشتبوو کە بەدرێژایی ژیانی نەیتوانیوە کە ئەو ڕێگەیە بۆ خۆی هەڵبژێرێ کاتی کە گەیشتبووە ئەو دەرئەنجامەی وابە خەیاڵی داهاتبوو کە خۆی بکات بە کەسێکی ترەوە بژی ، وەک ئەوە وایە کە تازە لە دایک بووبێ ەئو کاتە ساختە لە خۆی ناکات واتە لەو کەسە تازەیە چونکە وەک مرۆڤێکی پاک و بێگەرد کە هەموو لاپەڕکانی ژیانی سپی بڵا دەست پێ دەکاتەوە بەڵام ئەمە ئەستەمە چونکە ئەو تەمەنی بەسەر چووە ! چۆن ئەتوانێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە ؟ ئەوە خەیاڵ بوو



Scanned by CamScanner

بەڵام ئەم خۆی دابوە دەست خەیاڵە ، هەموو ڕاستیەکان سەرەتا خەیاڵت پاشان دەبن بە ڕاست ، ئەو ئەم قسانەی کرد بە شێوازێکی ترەوە بەڵام هەمان مەبەستی ئەدا ..



Scanned by CamScanner



# تۆش شتێک بڵێ ...!!!

کەس بەهۆ تاوان ناکات ئەگەشێت نەبێ یان نەخۆشی دەروونی نەبێ ، کەسم نەبینیوە کە بەبێ هۆ دزی بکات یان ساختە لەخەڵک بکات بۆیە من هەمیشە ڕەجائیم بە کەسێکی نەخۆش ئەبینی چونکە ئەگەر پیویستایە تاونی نەئەکرد ن بەڵام ئەو بەبێ تاوان نەئەژیا چونکە وای دەزانی کە زۆر زیرەکە لە کردیدا ، بڕوای بەوە بوو کە لە سزای هەر تاونێک ڕزگاری بێ کە دەیکات بڕوای بەوە بوو کە کەس نازنێ کێ ئەو تاوانەی کردووە بەمەش ئەیویست کە بۆ خۆی بسەلمێنێ کە لەلایەنی بیرکردنەوەوە زۆر لێهاتووە ئینجا چونکە بەم بیرکردنەوانە ژیانی دەبردە سەر بۆیە یەکەم جار لە ژیایندا دەستگیر کرا خۆی کوشت چونکە وا هەستی کرد کە زۆر لەوە لاوازترە کە خۆی بیری لێ دەرکردەوە بۆی دەرکەوت کە زۆر هەڵە بیری کردوەتەوە چونکە ئەوەی کە ەوێ هەموو تاوانە ساختەکاریە گەورەیەی ئەنجام دابێ کەس نەیزانیبێ کێیەو دەستگیر نەکرابێ چۆن ئەبێ لەسەر تاونێکی زۆر بچووک ئاشکرا بێ ؟ هەڵگرتنی چەند دۆلارێک لەگیرفاینیدا بووە هۆی دەستگیرکردنی ئەو کاتە ئەو کارە توان بوو بەڵام ئەگەری لەسەدا سەدیشی هەبوو کە ڕەجائی دادگایی نەکرێ لەسەر ئەو تاوانە و هەر لەبنکەی پۆلیسەکە بەری بدەن ، بەڵام ڕەجائی ئەوەی بۆ خۆی پەسەند نەدەکرد ، ئەو لە خۆی شەرمەزار بوو بۆیە خۆی کوشت ، لەو خۆ بەزل زانینە و زیرەکیەی کەوت کە شانازی پێوە دەکرد بە چیش ؟ بە تاوانێکی وا بچوک و ئاسان کە نووکە دەرزیەکە لە دەریای تاوانەکانی ڕەجائی دا ، ئەو تاوانەی کە ڕەجائی پێ دەستگیر کرا منالێک ئەیتوانی زۆر بەباشی کارەکە ئەنجام بگەیێ ئەمە بووە هۆی خۆ کوشتنەکەی ! منیش هەستم بەوە کرد کە بەشێوەیەکی هەڵە ژیاوم بەڵام درەنگ هەستم بەوە کرد بۆ هۆیە بوو کە ویستم خۆم بکوژم بەڵام خۆ کوشتن بەمانای ڕاستەقیەنەکەی نا بەڵکو خۆ کوشتنێک کە ڕابردووم پێ ئەویست ئەو ڕابردووەی کە تیایدا ژیام و درەنگ زانیم کە هەمووی هەڵە بووە ئەم جارەیان ویستم بەشێوەیەکی ڕاست بژیم توانیم تێت بگەیێنم مەبەستم ؟ ئەمەێ پاشازادە بکوژم ،





پاشان بەکەسێتیەکی تازەوە ژیانم بەرمە سەر ، وا بزانم کە تۆ هاوڕا نیت لەگەڵما کە کەس بێ هۆ تاوان بکات چونکە تۆ هیچ کام لەو کارانەت نەکردووە کە کۆمەڵگا لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانیدا بە تاوان دای دەنێ نموونەی زۆر هەیە بۆ ئەمە بەلام من تەنها ئێستا دوو نمونەت بۆ ئەهێنمەوە وە کە لە یادم ماون لەو زیندانە خۆشەدا کە منت بینی تیادا و هاتی سەرت لێ دام بەرتیل خۆری زۆری تیا بوو بەلام دوان لەو بەرتیل خۆرانە زۆر پیاوی چاک بوون ، تەنانەت من سەرم سوڕمابوو لەوەی کە چۆن ئەم دوو کەسە بەرتیلیان وەرگرتووە ! هەردووکیان هەژار بوون زۆر بە زەحمەت ژیانیان ئەبردە سەر لە زیندانداً ، ئایا ئەکرێ کە بەرتیل خۆر هەژار بن ؟؟ ئەستەمە بەلام ئەم دوانە زۆر هەژار بوون ، نابێ باسی بکەم ، بەلام من بە نهێنیەوە یارمەتیم زۆر ئەدان ن یەکێکیان چاودێری دارایی بوو ئەوی تریشیان بەڕێوبەری گومرگ بوو چاودێری داریەکە نەی ئەوت کە ستەمی لێکراوە هەوەکو چۆت هەموو زیندانیەک ئەڵێ من بەغەڵەت هاتوومەتە ئێرە ن ئەو دانی بەوە دا ئەنا کە بەرتیلی وەرگرتووە بۆکەسی باس نەدەکرد کەچی بەسەردا هاتووە بەلام بۆ منی گێڕایەوە چونکە ئەو لە ناوەندەکاندا بەوە ناسراوە کە بەرتیل وەرناگرێ ، تەنانەت بچوکترین دیاریش بۆ ئەم هۆیە ئەمیان دەست نیشان دەکرد و دەیان نارد بۆ پشکنینی دزیە داراییە گەورەکان یان ئەوانەی کە لە باج و دەرامەت خۆیا دشارنەوە ، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دوومدا ... هەژاریەک و تەنگانەیەکی وا لە ئارادا بوو بە تایبەت فەرمانبەرەکان کە لەهەموو خەڵک داماوتربوون هەواڵی ئەوە هاتبوو بۆ وەزراتی دارایی کە یەکێ لە بازرگانە گەورەکان باجێکی گەورەی لەسەرە ، بازرگانەکە کالای لە دەرەوە دەهێناو ناسراو بوو ئەم چاودێرەیان ڕاسپارد کە بچی ووردەکاریی بکات لە تۆمارەکانی ئەم بازرگانە کاتێ کە چوو بۆ لای کابرای بازرگان فەرمانبەرەکەی بردە نووسینگەکەی خۆی و لەسەر مێزێک هەموو دەفتەرکانی بۆ دانا تاوەکو بەسەریدا بچێتەوە و وتی :

-" فەرموو بەسەریدا بچۆرەوە ........" .

کاتێ کە فەرمانبەرەکە بەسەر دەفتەرەکاندا دەچۆوە بازرگانەکە بەدەوریدا دەسووڕایەوە سەرەنجی دەدا ن بینی کە پێلاوەکانی دڕاوە زۆر کۆنە کابرای بازران لێی پرسی :

-" چا دەخۆیتەوە .....؟ ".

فەرمانبەرەکە وتی :

-" نەخێر ... ".

-" قاوە ...؟ ".

- " ناخۆمەوە ... ".

-" ساردەمەنی و شەرەبەت ..؟ ".

-" نامەوێ سوپاس ... ".



Scanned by CamScanner





هەرچەندە کە دەیوت ناخۆمەوە بازرگانەکە بەمەکرەوە پێ دەکەنی ، لەسەر کورسیەکە دانیشت و لەسەر ئەو مێزە گەورەیە لەلایەکەوە فەرمانبەرە چاودێرەکە دانیشتبوو خەریکی کاری خۆی بوو ، لەلایەکی تری ئەولای مێزەکەوە بەرامبەری بازرگانەکە دانیشتبوو پشتی لەخەزنەیەکی گەورە بوو خەزنەکەی کردەوە ، خەزنەکە پڕ بوو لە پارە دیار بوو کە بازرانە پێشتر ئەم کارەی ئامادە کردبوو ئەتوت شانۆگەرییەک پێشکەش دەکات بڕێک پارەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینا و دەستی کرد بە ژماردن کاغەزە 500 لیرەییەکانی دەژمارد و کاتێ دەبوو بە 10000 لیرە لەوەلاوە دای دەنا ، هەر کە لە سفتەیەکی 10000 لیرەیی و ژماردنی تەواو دەبوو لە فەرمانبەرەکەی دەپرسی :

-" ماڵەکەت هی خۆتە ...؟ ".

-" نەخێر کرێ .... ".

-" ئێ ... ئێ .... ".

دەستی دەکردەوە بە ژماردنی پارەکانت دیسانەوە ، 48000 ، 49000 ، 50000 ، ... ئەمە پەنجا هەزارە منداڵت هەیە ؟

-" بەڵێ .. ".

-" ژمارەیان چەندە ...؟ ".

-" چوار .... ".

- " ئەخوێنن ....؟ ".

-" یەکێان سەربازە ئەوی تریان خوێری خوێری ئەسورێتەوە و دووانەکەی ترم ئەخوێنن ... ".

-" ماشەڵا ....خوا لێت ئەسێنن منیش دوو منداڵم هەیە یەکێکیان لە بەریتانیا و ئەوی تریشیان لە سویسرایە ... هەردووکیان لەوێ قوتابین ئەخوێنن ... ".

بازرگانە دوای هەموو پرسیارێ دەستی دەکردەوە وبە پارە ژماردن :

-" 248000 ، 249000 ، 25000 ، زۆر چکە ئێستا بوو بە 300000 هەمووی مانگی چەند وەردەگری ..؟ ".

-" 78 لیرەو شتێ .... ".

-" وای ... وای دیارە زۆرت چەشتووە ۆن شتی وا نەبێ ؟ بچووکترین شاگردی لای من لە 200 لیرە کەمتر وەرناگرێ بەخوا حەیفە چۆن ئەم حکومەتە ستەمکارە قەدری جەنابت نازانێ ؟ ئاخر چۆن مرۆڤ بەچوار منالەوە و بە 78 لیرە دەژێ ..؟ ".

سەفتەی پارەی زیاتری لە خەزێنەکە دەرهێنا و دەستی کرد بە ژماردنی :

-" 348000 ، 349000، 35000، زۆر چاکە ئێستا هەمووی بوو بە 400000 لیرە !! ".

فەرمانبەرەکە توورە بوو وتی :



Scanned by CamScanner





-" تکایە لە شوێنێکی تر پارەکانت بژمێرە ... ".

-" گوێ بە من مەدە گەورەم ، تۆ کاری خۆت بکە .. ئەم جارە بە بێ دەنگی دەیان ژمێرم .... ".

دەستی کردەوە بە پارە ژماردن و لەبەردەم فەرمانبەرە داماوەکە دادەنا کاتێ کە فەرمانبەرەکە ئەم زیرۆکەی بۆ گێڕشامەوە وتی :

-" ویستم گوێ بە بازرگانەکە نەدەم ، بەڵام ئەوە بەدەست خۆمە ؟ کاتێ کە بەسەر دەفتەرکانیدا دەچوومەوە لە ناکاو مێشکم لای کارەکە نەما هەستم بەسووتانەوەیەک ئەکرد لە چاوما ... چاوم ئاوی ئەکرد قەلەمەکەیش ئەلەرزی ، بەدەستمەوە ژمارەکانیش دەستیان کرد بە لەرەزین لە دەفتەرەکەدا ، کابرا لە پارە ژماردن تەواو نەئەبوو پاشان لەبەردەممدا دای دەنا بازرگانەکە پارەکانی بێ وەستان دەژمارد 455000 ، 456000 ..... 457000 هەرچەندە ژمارەی پارەکان بەرز دەبووەوە حاڵم پەرێشانتر دەبوو ، ".

کاتێ کە چاودێرەکە ئەم چیرۆکەی بۆ دەگێرامەوە دەستی کرد بە گریان وتی :

-" بازرگانەکە ئەیزانی لەکۆتاییدا شل ئەبم چونکە پارەکانی زۆر لەوە زیاتر بوو کە بتوانم بەرنگاری ببمەوە لە کۆتاییدا پارەکانی کردە دەستمەوە بەڵام زۆر بە شێوەیەکی گاڵتە جاری پێم پێ دەکەنی پارەکانی شاخێکی دەڕوخاند دوای ئەم بەرتیلە ڕاهاتم لەسەر بەرتیل وەرگرتن ؟ کێ تاوانبارە بازرگانەکە بەو پارەیەی گوزرانی منی بردە ئاسمان ن بووم بە پاشا پاش ئەوەی کە مانگانە وەک سواڵکەر تەنها 78 لیرەم وەردەگرت خەفەتم بۆ ئەوە دەخوارد کە چۆن زوو تر فێری ئەو کارە نەبووم ؟ منیش نەبوومایە ئەیدا بەکەسێکی تر ............! ".

بەڕای من ئەو فەرمانبەرە داماوە لەو ساتەوە کە ئەو هەموو پارەیە هاتە دەستیەوە تەواو لە ژیانی پێشوو تری پەشیمانبوو تۆڵەکردنەوەی یەک لەوەی کە برادەرکانی لە فەرمانگە زووتر بەم کارە دەوڵەمەند ببوون و ببونە خاوەنی ماڵ و دارایی و سامان و سەرمایە ئەمیش ویستی فریای ئەوە بکەوێت کەماوە ..دوومیشیان کە بەڕێوبەری گومرگ بوو لەیەکێ لە پارێزگاکانی خۆرهەلاتی وولات کابرایەکی زۆر سەر ڕاست و پاک بوو نموونەی ئەبوو لەو بنکە گومرگەیە لەسەر سنوور بەرتیل بەشێوەیەکی وا بڵاوببۆوە کە سکاڵای زۆر دەربارەی ئەم کارە بۆ وەزارتی دارایی بەرز کرابوویەوە ئەمەیش وەزارەتی نیگەران کردبوو ، ویستی ئەم کارە قێزەونە ڕابگرێ .باشە بەڵام ئایا ئاسانە کە بەڕێوبەرێکی وا بدۆزیتەوە بۆ ئەو فەرمانگەیە کە بتوانێ بەرتیل قەدەغە بکات ؟ گەرنگ دوای گەرانێکی زۆر ئەو جۆە بەڕێوبەریان دۆزییەوە ، ناردیان بۆ ئەو فەرمانگەیە کابرایش ئەوەندە توونددو توڵ بوو نەیهێشت ، کە سیان هەناسە بدەنن ، نەهێشت تەنانەت پاداشتی حکومەتیش وەربگرن ، هەمیشە بەسەر سەریانەوە بوو ... بەویش خەوی نەبوو ، ئەترسا تا ئەم ئەنوێ فەرمانبەرەکانی بەرتیل وەبگرن ن لە دووسێ کاتژمێر زیاتر نەدەخەوت ، چونکە هەر ئەوەندە چاوی لێک دەنا



Scanned by CamScanner

فەرمانبەرەکان دەستیان دەکرد بە بەرتیل وەرگرتن !! فەرمانبەرەکان دەستیان کرد بە پاڕانەوە لە بەڕێوبەرەکە پێیان وت کە پارەیەکی زۆریان داوە تا بگوێزرێنەوە بۆ ئەم فەرمانگەیە بۆ شەش مانگ سالێک ئێرە بەکری دراوەتێ !! ئەمانیسش بۆ ئەم مەبەستە وا تاوەکو بەشێوەیەکی کاتی لێرەن ودوایی دەگەڕێنەوە فەرمانگەکەی خۆیان پارەیان قەرز کردەوە و داویانە بەو کەسانەی کە هێناونی بۆ ئێرە تاوەکو بەبەرتیل وەرگرتن ئەو پارە قەرزە دەربهێننەوە و پاشان پارەیەکی باش بۆ داهاتوویان دابین بکەن ، بچووکترین فەرمانبەر لەو شوێنە لەماوەی سالێکدا بەبەرتیل خواردن بالە خانەیەکی دروست دەکرد بۆیە ئاسان نەبوو کە کەس لەوێ بەئاسانی دابمەزرێ ، یان بگوازرێتەوە بۆێ ....!

فەرمانبەرەکان بوون بە دوژمنی بەڕێوبەرەکە چونکە تازە گوازرابوونەوە بۆ ئەوێ و ئەبوایە هیچ نەبێ ئەو پارەیە دەربهێننەوە کە پارەیان کۆکردۆتەوە داویانە تاوەکو بچنە ئەو شوێنە و ببن بە فەرمانبەر تیایدا و بەرتیلی باشی تیا وەربگرن ئەبوایە کارێکی وایان بکردایە کە ئەم کابرایە لسەر ڕێگەی خۆیان لابردایە بەهەر شێوەیەک بوایە ، بەدوای ڕێگەچارەیەکدا گەڕان ئەزانی چییان کرد ؟ دەرمانێیان ئەخستە خواردن و خواردنەوەی بەڕێوبەرەکە کەتووشی سک چوونی دەکرد ئەمەیان هەموو ڕۆژێ دەکرد بەڕێوبەرە داماوەکە هەمیشە لەسەر ئاو بوو ن کاتێ کە ئەو ئەچووە سەر ئاو ئەمان دەستیان دەکرد بە بەرتیل وەرگرتن ، گەشتیارەکانیش ئامادە بووم ئەو پارە بەرتیلە بدەن چونکە ئەوانیش کاڵاو شتی قەدەغەکراویان پێ بوو ، لە کۆتاییدا بەڕێوبەرەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم هەولانە سەر ناگرێ وهیچ سودی نیە ، نەیتوانی کە زاڵ بێ بەسەر گەندەلیدا لەوێ ، بۆیە وزای لێ هێنان و گرنی پێ نەئەدان و کارەکەی فەراموش کرد چاوی لێ ئەنووقان هیلاک بوو بەدەستیانەوە !

کاتێ کە وازی لێ هێنان سەربەست بن لەو کارەی کە دەیکەن فەرمانبەرەکان دەستیان کرد بە دیاری کردنی برێک پارە لەو بەرتیلە بۆ بەڕێوبەرەکە سەیربکە چەند پیاو بوون !!! مافی بەڕێوبەرەکەیان نەخوارد هەقی ئەوەیان بۆ کردەوە کە چاوی لێ پۆشیبوون ، بەڵام لەکۆتاییدا هەموویان گیران .

ئێستا ئەتوانن بڵێن کە ئەم بەڕێوبەرە ئەم تاوانەی بەبێ هۆ کرد ؟ ئایا تاوانبار بوو بەبەرتیل خواردن ؟ ئایا ئەو گەشتیارانەش تاوانبار نەبوون کە بەرامبەر بەوەی کە کالای قەدەغەکراویان پێ بوو ن بەرتیلیان دەدا ؟ بەلای منەوە تاوانی بەڕێوبەرەو فەرمانبەرەکان لەوەدا نیە کە بەرتیلیان وەرگرتووە بەڵکو لەیەک باردا تاونبارن ئەویش ئەوەیە کە بلێن چی بکەن ؟ ڕێگەچارەیەکی تر لە بەردەمیاندا نەبووە ؟!!.

پاشازادە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و وتی :

-" کاتێ کە منیش خۆم کرد بە چاودێری دارایی بەڵی ماوەیەکی زۆر وەک چاودێری دارایی خۆم نیشان دت لەو کەساتیەشم نواندووە ، ئەچوومە شوێ،ە گشتیەکانەوە بێ ئەوەی کە جیاوازی بکەم لە نێوان گەورەو بچوکدا میوە فرۆش بێ سان بەرگدروو یان نووسینگەی ناردن و هاوردەی گەورە داوای



Scanned by CamScanner





ئینجا چونکە کەسیان تیا نەبوو کارەکەی فرت و دەفتەرەکانیانم دەکرد بۆ بە بەسەردا چوونەوەی فێلی تیا نەبێ . گومانیان لەم نەدەکرد کە چاودێر نەبم بۆیە بەبێ ئەوەی هیچ بلێچم خۆیان بەرتیلیان دەدامێ هەبوو بەرتیلی نەئەدا بەلام ئەوەندەم درێژە بەکارەکەم دەدا ئەترسا هەلەبەکی کردبێ بەرتیلی ئەدا باشە لێرە من تاوانبارم ؟ یان ئەوانەی کە بەرتیلیان ئەدامێ لەبرە ئەوەی کە حساباتەکانیان تەواو نەبوو ؟ هەرچەندە ئەوان لەدانی باج و دەرامەت بە بەرتیل خۆیان دەرباز کردبوو ، بەلام لە جیاتی ئەوەی کە ئەوان بخەنە زیندانەوە منیان خست ، ئەگەر سەرم بەو مەخزەنە شوومایە نەکردایە دەستگیر نەدەکرام !! کاتێ کە خۆم کرد بە مەخزەنێکدا و داوای دەفتەر و حیساباتی بازرگانێکی گەورەم کرد بردمیە پەنایەکەوە وتی :

- " چ پێویست بەوە دەکات ؟ تۆ حەز ناکەی کە مووچەی سالێکی فەرمانگەکەت لە ڕۆژێکدا دەست بکەوێ ؟ ".

وتم :

-" کێ هەیە حەز نەکات ...؟ بەلام ئەوە ئەستەمە ... ".

وتی :

- " من بۆت ئەکەم بەراست !! ".

پارەیەکی زۆر باشی ئەو سەردەمەی کردە دەستمەوە وپاشان بۆ زیاتر متمانەیش داوەتی نانی نیوەڕۆی کردم لە یەکێک لە کافتریاکان تاوەکو ببێتە هاورێی فەرمانبەرێکی چاودێری و پیاوەتی هەبێت بەسەریدا وله هەمان کاتتدا برادەرەکانی تری فەرمانگەکەشمی پێ بناسێنم تاوەکو ئەوانیش کار ئاسانی بۆ بکەن !! لەوێ وەک دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی بۆ یکتر وێنەیەکیشمان گرت بۆ یادگاری !! نانێکی چاکی بۆ بانگ کردم و دوای ئەوەیش تێر سەرخۆش بووم دوای چەند ڕۆژێک چاودێرە ڕاستەقینەکە خۆی کردبوو بە بەو مەخزەنەدا بۆ کاری پشکنین خاوەن مەخزەنەکەیش زۆر سەری سوڕما بوو زۆر توورە ببوو خەریک بوو بیکات بەئاژاوە لەگەلیدا وای زانیبوو کە کابرای چاودێر ساختەچیە !! دوای مشت ومڕێکی زۆر ئاشکرا ببووم چونکە کابرا وێنەکەی منی نیشانی چاودێرەکە دا بوو وتبووی " ئەمەیە لەگەلْ خۆتتدا فەرمانبەرە !! ".

بۆیە وێنەکەم لەهەموو ڕۆژنامەکاندا بلاوکرابۆوە لە ژێر ناونیشانی ا فەرمانبەری چاودێرێکی ساختە ا نوسرابوو :

" ئاگاداری بۆ هەموو خەلک ئەم کابرایەی وێنەکەی لەسەرەوەیە ساختەچیەکی بەناوبانگە و نازناوی پاشازادە بەفلان ناو دەستی کردووە بە کاری ساختەکاری و خۆی وەک چاودێرێکی وەزارەتی دارایی نیشان دەدات بۆ پارە کێشانەوە لەخەلک ساختەی لە زۆر کەس کردەوە هەر کەسێک زانیاری دەبارەی



Scanned by CamScanner





ئەم ساختەچییە دەزانێ بیدات بەهەر بنکەیەکی پۆلیس و پاداشتێکی باشی دەردێنێ و خەڵاتی دەکەین
"

فایلکەمیان نارد بۆ بەڕوبەرایەتی گشتی ئاسایشی ئەنقەرە لە کۆتاییدا پۆلیس خۆی دەستگیری کردم کاتێ کە خۆم کردبوو بە دوکانێکدا بۆ هەمان مەبەست خاوەن دووکان ئەوەندە دەفتەری درۆینەی لەبەردەممدا دانابوو تاوەکو بەسەریدا بچمەوە مەبەستی ئەوە بوو کە بە هەر شێوەیەک بی درەنگم بخات و پپۆلیس ئاگادار بکاتەوە لێم من بەمەسەلەی وێەکەم نەزانیبوو کە لە ڕۆژنامەکاندا بلأوبیوەوە ، نەم زانیبوو کە ئاشکرا بووم بەدەفتەرەکاندا کەوتبووم ووردەکاریم تیا ئەکرد زۆر دڵم خۆش بەوە خۆش بوو کە دەفتەرەکان زۆرن ئەم ویست ئەوەندە خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم کە کابرای خاەن دووکان ناچار بکەم بەرتێلم بداتێ نەم ئەزانی کە چ قوڕێکم بۆ خۆم گرتووەتەوە !! کاتێکم زانی پۆلیس وەک هەنگ خۆیان کرد بە ژووردا و لە قۆڵمەوە بەرزیان کردمەوە دیسان کەوتمەوە سەر زمانی ڕۆژنامەکان ونووسیان :

( پاشازادە بە تۆمەتی خۆ نواندن بەکەسایەتی چاودێر دەست گیر کرا )( پاشازادە ساختەی لە هەموو نوسینگەو دوکاندار وووردەفرۆشەکان کردووە ) ، ( فەرمانبەرێکی بەرتیل خۆر ) .

لە بەرێوبەرایەتی ئاسایش لە پۆلیسەکانم پرسی :

-" باشە من ساختەچییم بەڵام ئایا ئەوانەی کە بەرتیلم لێ وەرگرتوون بەویستی خۆیان نەیان دوامتێ ؟... "

من لە ڕاستیدا نەم ئەویست کە کاری ساختە بکەم بەویستی خۆم نەم ئەکرد بەبێ هۆ نەبوو ن بەڵام کاتێ بە خۆمم دەوت کە تەها ئەو ڕێگەیە چارەیەم لەبەردەمدا ماوە ئەوا من ساختەم لە خۆم کردووە بەر لە هەموو شتێک پێم وتی کە ئەمە کت و پڕ بوو ڕاستە .. لە ڕۆژێکی باراناوییدا لە پاسێک دابەزیم لە ناوچەی ( سەماتیا ) ئەم ویست بپەڕمەوە بۆ شەقامەکەی ئەو بەر لەناکو خۆم لە ناوەڕاستی جادەکەدا بینیەوە ئۆتۆمبێلێک لەلاتەنیشتەوە لێی دام و بۆی دەرچوو ... کەوتم بە زەویدا زۆر ترسانم کەشوێنێکم شکابێ سەرنجی خۆمم دا سەرم کرد هیچم نیە ، بەڵام ئازارێکی لە قاچمدا پەیدا بوو کە نەم ئەتوانی بکەومەوە رێ هەستامە سەرپێ و بەهەزار حاڵ خۆم گەیاندە دیوارێک تا پاڵی پیا بدەمەوە تۆزێک پشوو بدەم کاتێکە لەو یادا پاڵم دابوویەوە گوێم لە کەسێک بوو بانگی کردم پاشازادە .... سەیرم کرد ( جەمال ) بوو ( جەمال ئاڵتن تاش ) لەو کەشە باراناویە سادەدا قۆنەرەیکی دڕاوو جلێکی زۆر شڕی لەبەردا بوو ڕیش و قژی تێکەڵاو ببوو ، لەسەرمادا هەڵ ئەلەرزی شێوەی ئەم کابرایە زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوو ئەو هەمیشە شێوەی ئاوا بوو ، لە کۆنەوە فێری دەرمان خواردن ببو کار گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە بوو بوو بە گەواد بۆ دەست کەوتنی پارەی دەرمان مەبەستم لەدەرمان ماددەی بیهۆشکەرە ، من لەسەردەمی زیندانەوە دەم ناسی نزیکەی سێ ساڵ ئەم کابرایە

پیشەی تاوانکاری بوو نۆزدە ساڵی لە زینداندا بەسەر بردبوو ، هەرچەند کە دەرمان خۆرێکی سەرسورهێنەر بوو بەڵام نەمردبوو نەم دیبوو بارودۆخی لە مردوو خراپتر بوو ن من خۆم گەوادم خۆش ناوێ جارە وەرە دەرمان خۆریش بێ بەڵام جەمال جیاواز بوو خۆشم ئەویست ، باسی ڕابردووی خۆی بۆ ئەکردم بۆیە خۆشم ویست پینەچییەکی زۆر لێهاتوو بوو وەرشەیەکی بۆ ئەو کارە کردبووەوە قازانجێکی باشی لەو کارە کرد ، ژنێکی جوانی هێنا و دوو منداڵیان بوو ، بەڵام لەبەر هۆیە کە بەس خۆی دەیزانی فێری دەرمان خواردن بوو بیە تەواو لێ بۆوە ، وەرشەکەی لە دەست ڕۆی توانای کارکردنی نەما فرۆشتی بۆ پەیدا کردنی پارەی دەرمان دەستی کرد بەدزی بچوک بچوک لەوەیش خراپتر ژنەکەی فێری دەرمان خواردن کرد چونکە ژنەکەی خۆش دەویست بەهۆی دەرمان خوادرنەوە پیاوەتی لەدەست دابوو ، ترسا کە ژنەکەی بچێ بۆ لای پیاوی تر بۆیە فێری دەرمان خواردنی کرد ، کاتێ کە مرۆڤ فێری دەرمان خواردن دەبێ هیچ پیرۆزییەکی لە لا نامێنێ ، زەمانێک هات کە ژنەکەیشی فرۆشت ، تاوەکو تۆزێک دەرمانی دەست بکەوێ کە ئەوەی بۆ گێڕامەوە لە زیندان زۆر گریا ژنەکەی جار جار ئەهات و سەردانی دەکرد و پارەو جل و خواردنی بۆ دەهێنا کاتێ کە لەو شوێنەدا جەمالم بەرچاو کەوت بەبێ گوێ پێدانەوە وتم :

-" چۆنی .....؟ ".

بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە دەستی کرد بەگریان بەزەییم پیایدا هاتەوە زۆرم لێ کرد تاوەکو قسە بکات وتی :

-" ژنەکەم مرد ......... خۆم زۆر بە تاونبار دا ئەنێم ئێشتا تەنیام و کەس نیە و شوێن نیە ڕووی تێ بکەم .. ".

ئەیوست تاونێک بکات تاوەکو بچێتەوە زیندان و زستان لەوێ بەسەر ببات زیندان پەنای بوو لەوێ تۆزێک ڕێزی هەبوو بەحووکمی ئەوەی کە لە زیندانە کۆنەکانە زیندانیە گەنجەکان زۆر ڕێزیان لێ دەگرت ن بەڵام هۆکارە ڕاستەقینەکەی ئەوە بوو لە ناو زیندان بەئاسانی حەشیشەو دەرمانی دەست دەکەوت ، وەک لە دەرەوەی زیندان ئەو سەردەمە من بیرم لەوە دەکردەوە کە ببم کەسێکی تر و بە ناسنامەیەکی تر بژیم بۆیە ن تێ ڕوانینم بۆ ژیان گۆڕابوو ، لە جەمال دا خۆمم ئەبینی بە حەزکردن بە گۆڕان ئامۆژگاریم کرد لە ڕاستیدا ئامۆژگاری خۆمم دەکرد ئەم ویست ببێت بەو کەسەی کە خۆم حەز دەکەم وا بم وتی :

-" چی لەدەستمایە بیکەم ....؟ ".

وتم :

-" ئەتوانم وات لێ بکەم کە دەستبەرداری دەرمان خواردن بی ئەتبەم بۆ نەخۆشخانە ... ".





لە ڕاستیدا شەش مانگ لە نەخۆشخانە دەروونی بکوتایە ئەیان توانی کە لە دەرمان ڕزگاری بکەن کارێکی وا ئاسان نیە بەڵام ئەستەمیش نیە ... کەوام پێ وت لە ناکاو وتی :

-" باشە ...!! ".

کاتێ کە لە پڕ ووتی " باشە " زانیم کە درۆ دەکات چونکە ئەبوایە تۆزێک بیری لە قورسی واز هێنان لەو خووە بکردایەتەوە و ئینجا ڕازی بوو واز هێنان لە خویەکی وا یان جگەرە کێشان لەوەندە ئاسان نیە مرۆڤ یەکسەر بڵێ باشە ! وتی :

-" سبەینێ بمبە بۆ نەخۆشخانە ... بەس ئەمڕۆ پارەمەتیم بدە کە بۆ دواجار سەرم پڕ بکەم لە دەرمان .. ".

یەکسەر زانیم چی ئەوێت ئەیویست پارەی بدەمێ تا بچێ بیکڕێ ئەیویست بەوە هەڵم بخەڵەتێنێ کە وتی بەیانی بمبە بۆ ئەوێ تاوەکو پارەکەی بدەمێ وا خۆم نیشان دا کەبڕوای پێ ئەکەم لەوانەیە ڕاست بکات ! وتم :

-" لە کوێ ئەت دۆزمەوە سبەینێ ...؟ ".

وتی :

-" شوێنەکە لێرەوە نزیکە بەیەکەوە چوین بۆ شوێنەکە سەیرم کرد ئەشەکەوتێکە بۆ خۆی ن لە ژێر پردێکدا بوو وەکو ژوورێکی تاریک و تەسک وا بوو سەگی تۆپیو و خۆڵ و خاشکی ئەوە ناوەی تێک دابوو چۆن ئەکرێ مرۆڤ لێرە بژی ؟ بەڵام کەسێکی وەکو جەمال لەوێ ئەژیا دەرمان خۆر هەست بەزۆر شت ناکات ، لە ژیانیدا وەک سەگ ئەژیا !! بڕێک پارەم پێ دا وتی :

-" ئەمڕۆ بۆ دوا جار مەست ئەبم بەیانی بمبە بۆ نەۆخشخانە ! ".

ئەمزانی کە درۆ ئەکات بەڵام ڕۆژی دواتر هەر چووم بۆ لای ئەگەرێکی زۆر لاواز بوو کە ڕازی بێت بیبەم بۆ نەخۆشخانە لەوانە بوو داوای پارەی تر لێ بکات ، کە چووم بۆ ژێر پردەکە لەوێ نەبوو ن ئەم لا ئەولا بانگم کر وەڵامی نەبوو ، دیار نەبوو ! کاتێ کە ویستم بگەڕێمەوە بینم پاڵی داوەتەوە بەتاشە بەردێکی زۆر گەورە لە ژێر پردەە نیوەی لەشی تا قاچی لە ناو ئاوەکەدایە سەیری دەریاکەی دەکرد بانگم کرد وەڵامی نەدامەوە بەهێواشی بەقاچم پاڵم پێوە نا کەوت بەلادا دەستم لێ دا سەیرم کرد دڵی وەستاوە .... مردووە .... دیارە کە زیاد لە پێویست دەرمانی خواردوە هۆی ئەمەش لەونەیە ئەوە بێ کە بڕیاری داوە بۆ دواجار دەرمان بخوانت و بیبەم بۆ نەخۆشخانە لەگەڵ خۆمدا !! ئەگەرێکی لاوازە بەڵام ناتوانم دڵنیا ببمەوە وەک وا بوو یان نا تازە مرد ، لە ناکاو شتێک هات بەخەیاڵمدا ئەو هات بەخەیاڵم کە ببم بەکەسێکی تر ، هەلەکەیش هاتووەتە بەردەستم گیرفانەکای گەرام وناسنامەکەیم لەگیرفانی داواوەی پانتۆڵەکەیدا دۆزیەوە ا جمال ئاڵتن تاش ا ناسنامەکەی خۆمم خستە گیرفانیەوە لە ڕاستیدا شێوەمان زۆر لەیەک دەچوو ئەگەر بەر لەمردنی دەستێکی بهێنایە



Scanned by CamScanner

بەخۆیدا کەس لەیەکەی جیا نەئەکردینەوە ! ئەمە تاقی کردنەوەیەک بوو هیچم لەدەست نەئەدا ئەگەر سەرکەوتوو نەبوومایە ، تیایدا لەوانەیە بزانن کە ئەمە تەرمە هی من نیە ، بەلام ئاشکرا نەبوو نەیان زانی .... ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان نووسیبوویان کە لاشەکەی پاشازادە ساختەچی بەناوبانگ لە سەماتیا دۆزراوەتەوە لە ناو ئاوەدا لە ژێر پردی ( کۆپەک ئۆغلو ) تەرمەکیان برد بۆ پکشنین منیش چوو بووم بۆ ئەوێ ئەگەر منیان ناسیەوە ڕنگ نیە با بم ناسنەوە بەلام کە چووم بۆ ئەوێ کەس منی نەناسیەوە ئەگەر لە پۆلیسە کۆنەکانی لێ بوایە بێ گومان ئێستا لە زیندان بووم لەوێ چووم بۆ شایەتی دان بەویستی خۆم وتم :

-" بەڵێ ئەمە تەرمی پاشازادەیە ".

ئیمزام کرد و ڕۆیشتمە دەرەوە ، ئەم کارەم بۆیە کرد تا پاشازادە لە دنیادا نەمێنێ بەناوی کێوە ئیمزام کرد بەناوی ( جمال ئاڵتن تاش ) بۆ ڕۆژی داوتریش لەو ڕۆژنمەیەدا کەباست کرد من خۆم بووم کە ئەو ووتارەم دەرابەری خۆم و مامۆستا مەحمود و خالد ئەیوبی بلاوکردەوە دەستم بەستایش کردنی خۆم و ئەوان تیایدا من بووم کە بەدنیام ڕاگەیاند کە مردووم ! ، حەزم کرد کە یەکێ بم لەوانەی کە تەرمەکەم ئەبم بۆ گۆڕستان ، حەزم ئەکرد ببینم کە چۆن پاشازادە بەخاک ئەسپێرن و پاشان لە تەعزێکەمدا دائەنیشم ڕۆژی دواتر چوومەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تەرمەکەی لێیە وتیان کە تەرمەکەی پاشازادە براوە بۆ ناشتن ، نەم زانی چۆن و لەکوێ تەرمەکەمیان ناشت ، خۆ پرسەشیان بۆ دانەنام !! بەم شێوەیەک دۆسیەی تاوانباری ساختەچی پاشازادە لە بنکەکانی پۆلیسی تورکیادا بەتەواوی لە ناوبرا کەسێک نەما لەم دنیایە بەناوی پاشازادە کە پۆلیس دوای بکەوێ نەم توانی دوای ئەم ڕووداوە لە ئەستەنبوڵ بمێنمەوە چونکە ئەگەر یەکێ لە لە پۆلیسە بەتەمەنەکان منی ببینایە خانەنشینیش کابرایە هەر ئەچوو لێ بدات ( قەی چێکە برادەری کۆنە ئەو مافەی هەیە بەسەرمەوە )!! بیربکەنەوە ئەگەر ئەو سەیارەیە خۆی لێ نەدامایە کاتێ کە بەشەقامەکەدا دەپەڕیمەوە ئەگەر دوای ئەوە پاڵم بە دیوارەکەوە نەیایتەوە و تۆزێک خۆم دەرنگ نەخستایە جەمالم نەئەبینی ، بەلام قەدەر وا کرد کە ببم کە سێکی تر هەروەک چۆن خۆیشم حەزم ئەکرد بووم بە ( جمال ئاڵتن تاش ) ئەمەوێ لە شوێنکی دوور بژیم زۆر دوور کەس نەم ناسێوەتەوە وتیایدا بۆ ئەم هۆیەم هاتم بۆ ئەم شارۆچکەیەی سەر سنوور ، پاشازادە مردووە لێرەش کەس ( جمال ئاڵتن تاش ) ناناسێ کەواتە ئێستا ئەتوانم بژیم بێ ئەوەی کە ساختە لەخۆم بکەم بێ ئەوەی کە بلێم کە هەموو ڕێگەکان بەڕوودا داخرابوون ، و تەنها یەکیان کراوەبوو بێ ئەوەی کە بلێم چیم بکردایە ؟ هیوام نەمابوو ، هەر ئەبوو بەو تاکە ڕێگایەدا بڕۆیشتمایە کە خراپە !! وەک ئەبینن کارێکی بچوکم دۆزیەوەتەوە تۆ چاک ئەزانی کە من زۆر بە ئاسانی ئەتوانم اری وا بدۆزمەوە بەتایبەت لە شوێنێکی ئاوادا ... کاتێک کە دووهەفتە



Scanned by CamScanner



تێپەڕ ببوو بەسەر دوام کردنمدا واتا لە کۆتایی ڕۆژی پازدەهەم دا فەمانبەرێکی گەنج هات ئەو ژوورەوە و کەکاری تێدا دەکەم بڕێک پارەی بۆ هێنام وتم :

-" ئەمە چییە ...؟ ".

وتی :

-" بەشی خۆتە .......... ".

وتم :

-" بەشی خۆم لەچییدا ... ؟!!! " .

گەنجەکە پێ‌کەنی !! پارەکەم دایەوە دەستی وتم :

-" نامەوێ .... ".

( ئەو پارەیە دوو ئەوەندەی مووچەکەم بوو ) ! گەنجەکە پارەکەی هەڵگرتەوە و چووە درەوە دوای دووسێ ڕۆژ بەڕێوبرەەکە بانگی کردم ئەو بەڕێوبەرەی کە بەتۆی وتبوو شتێکی پیسە گومانم لێی هەیە کەس خۆشی ناوێ !!! بانگی کردم بۆ ژوورەکەی ... دانیشاندم ... داوای چای بۆکردم وای زانی کە من ئەو پارەیەم بۆیە گێراوەتەوە ئەم ویستووە چونکە بەکەمم زانیوە ، باسی ئەوەی کردم کە هەمیشە پارەکە وا کەم نیە جار وا هەیە کەمە و جاری وا هەیە زۆرە ، ئەم جارەیان ئەوەندەیە زوڵمم لێ نەکراوە چونکە پارەکانبەیەکسانی دابەش کراوە خەمم نەبێ !!! بەڕشێوبەرەکە مافی کەسانی وەکو منی ئەپاراست کە لە پشت مێزێکەوە دانیشتوین و پەیوەندیمان لەگەڵ کەسدا نیە ، بڕشی پارەکەی بە پێورێکی تایبەت دابەش دەکرد کە نازانم چی بوو ، دیارە بەپێی خزمەت و تەمەن باری دارایی و شتی وابوو لە نێوانیاندا !! ئەوپارەیە کەباسی دەکەم بەرتیل بوو کە لە خەڵکیان وەردەگرت بەرمبەر بە زوو ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ئەو بەرتیلە نەبوایە فەرمانبەرەکان حاڵیان شڕ بوو ، بەڕێوبەرەکە ئەیوت کە تەنانەت کرێ خانوەکەی لەم بەرتیلە ئەتوانێ بدا ئەگینا ناتوانێ بژی ، جاوەرە فەرمانبەرە بچووکەکان چۆن ؟ وتی :

-" وا نیە ...؟ ".

من ئەم وت ئا یان نا چونکە بەردەوام بوو لەسەر قەسەکردنی تاوەکو بڕوام پێ بهێنێ وبیانوو بۆ تاوانەکەی بهێنێتەوە ئەیانی کە من تا ئەو کاتە بەم بەرتیلەم نەزانیوە ، کە وەری ئەگرن لەخەڵکی هەموو خەمی ئەوە بوو کە ببم بە کەسێکی دیکە !! دوو ساڵە من لێرەم کار دەکەم هەموو 10 ڕۆژ جارێک بەشەکەمم بۆ ئەهێنن و لەسەر مێزەکە بۆم دائەنێن ، منیش هەموو جارێ ئەیدەمەوە دەستیان و نامەوێت ، هەمیشە گومانم لێ دەکەن ، ئەگەر بیان زانیایە من لە بنەڕەتدا چی بووم ؟ ئەمردن لە پێکەنیندا لەو بڕوایەم کە ئوەشیان نەئەدامێ ئەو کاتە بەڵام من ئاواتم ئەوە بوو کە بە ئاسوودەیی بژیم و نەگەڕێمەوە زیندان ئەم ئەویست کە کەساتیە تازەکەم بەنووکە دەرزیەک خراپە

برشوشن ئەوان بۆیە گومانیان لێم بوو چونکە ئەترسان سکالآیان لێ بکەم زۆر بە برواوە بەو ویژدانێکی ناسوودەوە پارەکەم نەئەویست ، شەوو ڕۆژ نزام دەکرد کە نەزانن من کێم ئیتر چۆن من ئەچم شکاتیان لێ ئەکەم بەلآم لە چاویاندا ئەمینی کە کیان لەسەر ئەو هەڵوێستەم منیان خۆش نەدەویست ن نەم ئەتوانی پێیان بڵێم کە من کەسێ:ی ترم شتی وا نابێ ! ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە ڕۆژی پێشوتر خراپتر ئەبووم چەند ئەو پارەیان بۆ ئەهێنام دەقاتی ئەوەی یەکەم جارم بوو بەلآم من بەخوێنێکی ساردەوە ئەموت نامەوێ ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ویستیان قەناعەتم پێ بهێنن وتیان :

- " لێرە مەترسی گرتنمان نیە لەم کارەدا کە دەیکەین ن چونکە پشتمان هەیە لە شوێنان و پارەیان ئەدەینێ بۆ ئەم مەبەستە ".

من خۆم چەندەها جار ئەم بینی کە چۆن پارە لە هاولآتیان وەردەگرن زۆر لەو ڕێگەیانم بینی کە بەکاراین دەهێنا بۆ بەرتیل وەرگرتن بەلآم وەکو ئەم شیوە و شێوازەی کە ئێستا بۆتان باس دەکە هەرگیز بەرتیل وەرگرتنی وام نەدیوە لە ژیانمدا ..

جارێکیان لە ژووری هەر شارەزاییەکان دانیشتبووم لە بواری بەرتیل وەرگرتن لەم کاتەدا هاولآتیەک هاتە ژوورەوە ئەیویست مۆڵەتی شوفێری دەر بهێنێ بۆیە ئیمزای ئەو فەرمانبەرە شارەزاییەی ئەویست کەمن لەلای دانیشتبووم ، فەرمانبەرەکە ئەوەی کە ئەبێ ئیمزای بکات بە هاولآتیەکی وت :

-" لە دووری چەند کیلۆمەترەوە ئەتونی ببینی ؟ ".

هاولآتیەکە سەری سوڕمابوو لەم پرسیارە نەیزانی کە ئاخۆ ئەم پرسیارە چی پەیوەندەیەکی هەیە بە ئیمزا کردنەوە وتی :

-" تێنەگەیشتم ...! ".

فەرمانبەرەکە دەنگی بەرز کردەوە بەڕەقی وتی و دیسان وتی :

-" لە دووری چەند کیلۆمەترەوە ئەتونی شت ببینی .........؟ ".

-" وەک چی ...؟ ".

-" چی وەک چی ؟ چاوت تا چەند کیلۆمەتر بڕ دەکات ؟ ".

هاولآتیەکە وتی :

-" بەپێی کەش هەوا ئەگر دنیا باران بێ و تەم مژ بێ ئەوا چاوم زۆر دوور نابینێ ؟ ".

فەرمانبەرەکە لێی پرسی :

-"ئەی ئەگەر کەش وهەوا خۆش بوو ؟ ".

وتی :

-" نازانم شوێنکە کەوتووە ؟ ".

فەرمانبەرەکە پەست بوو وتی :



Scanned by CamScanner

-" باشە ئەو باڵەخانەیەی کە شووقەکەی تۆی تیایە چەند چینە ؟ ".

هاوڵاتیەکە وتی :

-" لە بینادا نازیم گەورەم ماڵی خۆمم هەیە .. ".

فەرمانبەرەکە دای جیڕکردەوە لە ڕەقدا هاوڵاتیەکەش لە ڕاستیدا کەم فام بوو تێنەئەگەیشت کە مەبەستی فەمانبەرەکە لەم قسانە چییە ؟

-" چەند منالّت هەیە ... ؟ ".

-" یەک منالّ ... ".

-" تەمەنی چەندە ..؟ ".

-" نەبووە بەیەک سالّ ".

ئەتوت کابرا لە مەبەرستی فەرمانبەرەکە تێدەگا کە داوای بەرتیلی لێ دەکا لە ڕقدا هیچ ژماریەک نادرکێنێ بەلام داماوە وا نەبوو ! .ئەم جارە فەرمانبەرەکە خۆی گرت و وتی :

-" چۆن ...؟ ".

کابرای وای زانی پرسیاری منتداڵەکەی لێ دەکات وتی :

-" باشە وەلا خوا پارێزراوت کات ! " .

کابرای فەرمانبەرەکە خەریک بوو لە تووڕەییدا بتەقێتەوە و بەرامبەر نەفامی ئەم کابرایە ن شوور و شین هەڵگرابوو منیش وزۆر بەسەر سوڕماویە سەرنجی ئەم گفتوگۆ سەیرم ئەدا فەرمانبەرەکە تۆزێک هاتەوە سەر خۆ و هاوڵاتیەک بەسەر سوڕمانەوە وەستاو نازنێ مەبەست چییە و چاوەڕێی ئیمزاکە دەکات کە لەکاتی خۆی زۆرتری پێ چوو فەرمانبەرەکە پێنج پەنجەکەی دەستی بۆ کردەوە و چوار جار بەڕووی هاوڵاتیەکەدا بەرزی کردەوە و ئەملاو ئەولای پێ کرد و لێی پرسی :

-" تۆیشس شتێک بڵێ ....؟ ".

هاوڵاتیەکە ئەوەندە نەفام بوو نەی ئەزانی ئەم بێنەو و بەرەیە وتی :

- " بڵێم چی نازانم ... ؟ چیت دەوێ ؟ ".

وتی :

-" ئەرێ هەر تێنەگەیشتی ..؟ تۆیش شتێک بڵێ کابرا ".

بەگەمژییەکەوە دیسان وتی :

-" چی بڵێم گەورەم ....؟!! ".

وتی :

-" ئەی خوایە مردم بەدەستەوە ....!!! شتێک بڵێ ... باشە لەماڵی خۆتانەوە تاناو بازاڕ بڕۆیت چەند خولەکمت پێ ئەچێ ....؟! " .



Scanned by CamScanner



کابرا وتی :

-" بەپێ توانام ئەگەر پەلە بکەم زوو ئەگەم بەڵام ئەگەر بەهێواشی بڕۆم درەنگ ئەگەم " .

فەرمانبەرەکە گەیشتە لووتی هاواری کرد و بە تووڕەییەکەوە وتی :

-" بڕۆ ... بڕۆ لێرە .... ون لەبەر چاوم ... " .

کابرا وتی :

-" ئەی ئیمزاکەم بۆ ناکەی ...؟ " .

فەرمانبەرەکە تۆزێک هێوای مابوو کابرا تێبگات وتی :

-" بەیانی لە چ کات زمێرێکدا ئەتوانی بێت ؟ " .

وتی :

-" کاتم بۆ نیە ...لەو کاتەدا یەم کە جەنابت فەرمان بفەرمووی تیایدا ئەگەر بڵێی بەیانی وەرە ەیانی یەم ئەگەر بڵێی ئێوارە وەرە ئێوارە یەم ... " .

فەرمانبەرەکە هاورێ‌ی بێ کرد کە کەس نەیزانی وتی چی بەڵام کابرا لە ترسا ڕایکردە دەرەوە فەرمانبەرەکانی تر لەسەر هاوری برادەرەکەمان هاتن بە هانایەوەە قەرمانبەرەکە لەسەر کورسیەکە کەوتبووە خوەروە لە ڕاستیدا مێشکی تێک چووبوو ئەوەندە تووڕە بوو بوو ، دەستی ئەلەرزی و دەم وچاوی ڕەش داگیرسابوو خەریک گیانی ئەهاتە دەرەوە چاوی زەق بوو بوو هەناسەی بۆ نەئەدرا بە فەرمانبەرەکەی بردای وت :

-" چەند ساڵە فەرمانبەرەم لە ژیانما کەسی دەبەنگی وام نەبینوە ....!!! " .

خەڵکینە هاواری ئەکردوەک هاوڵاتیەک لەبەردەمیدا بێ وتی :

-" وورچە زل ژمارەیەک بەسەر زمانتا نایەت ؟ " .

ئەمە بەکورتی ئەو شوی‌یە کە تیایدا دەژین ئەگەر پاشازادە کۆنەکەمان بوومایە چیم نەئەکرد وەڵا هەموویانم بە شاگرد ڕا نەئەگرت لە ماوەی ساڵێکدا ئەبووم بەسەرمایەدارێکی گەورە نەک ئاوا بە دوو هەفتەجارێ پارەم بۆ بهێنن بەڵام من لێرە پاشازادە نیم ، بەڵکو کابرایەکی ترم کە سیوێندم خواردەوە بەو ڕێگەیەدا نەڕۆمەوە ، من ئەم زانی لە کۆتاییدا بەڵایەمکم بەسەردا دەهێنن چونکە من بەدژی ئەوانەوە کارم دەکرد وەک دەبینن بەشێوەیەک لە شێوەیەکان ئەو قسەیەم ڕاست دەرئەچێ کە کۆمەڵگا خۆی پاڵم پێوە ئەنێ کە بەو ڕێگەیەدا بڕۆم ئایا من خۆم ئەموێ وا بکەم قز بگرە من تادوەا هەناسە سور بووم کەکاری وانەکەم کاتێ کە فەرمانبەرەکە وەک هەموو جارێ بەشی خۆمی بۆ ئەهێنام لە بەرتیلەکە و منیش هەروەکو جاران لێم وەر نەگرت سەیرێکی سەروچاوی کرد بە ڕقەوە وتی وەک ئەوەی کە منالێک بترسێنێ وتی :

-" بەڵام ئەمەی کە تۆ ئەیکەیت باش نیە بۆ تۆ " .



Scanned by CamScanner

فەرمانبەرەکان وبەڕێوبەرەکەیان سوو بوون لەسەر ئەوەی کە من ببم بەیەکێک لەوان تاوەکو دڵنیا بن ئەوەی کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبم بە مەترسی لەسەریان ن بابەڕاستی قسە بکەین من لاریانم نەئەگرت چونکە ئەوان زۆر بوون و منیش تەنها بووم وا باشترە کە ڕووبکەمە شوێنێکی تر ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە من زۆر ئەترسم بکەومەوە دەست پۆلیس چونکە ئەو کاتە هەموو هیوایەکم بەوە نامێنێ کە دواساتی ژیانم بە ئاسوودەیی ببمە سەر پاشان بۆشیان دەردەکەوێ کە مردنەکەیشم درۆ بووە ئەو کاتە ڕۆژنامەکانت دەنووسن ( پاشازادە زیندوو بۆتەوە ) !! .

لای کاتێکی درەنگ لەگەڵ پاشازادە هاتینە درەوە لەو کافتریایەماڵئاایم لێ کرد و درەنگ گەڕامەوە لە ئوتێلەکە زۆریشم خواردبۆوە ن بۆیە ئەو شەوە شتانەم نەنووسیەوە کە پاشازادەی بۆی گێڕامەوە لەو کافتریایەی بەیانیەکەشی ئەو شتانەم نەنووسیەوە کە پاشازادە بۆی گێڕامەوە لەو کافتریایە بە یانیەکەشی زۆر درەنگ خەبەرم بوویەوە ، بۆیە کاتی کە دستن دایە نووسینەوەیان تەنها ئەوەم نوسیەوە کە لە بیرم مابوو بۆیە کاتێ کە دەستم دایە نووسینەوەیان تەنها ئەوەم نووسیەوە کە لە بیرم مابوو ، ئەوەی گومانی تیا نیە ، ئەوەیە کە ئەوەی کە نووسیبوم بەتەواوی ناگونجێ لەگەڵ ئەوانەی کە ئەو باسی کرد واتە ووشە بەو ووشەم نەنوسیەوەتەوە ، بەڵام من کارم لەسەر ئەوە کرد کە ئەوە بنووسم کە ئەو مەبەستێتی و بەشیوازی خۆم بەڵام بێ ئەوەی کە خۆم هیچی بۆ زیاد بکەم و هیچی خۆمی بخەمە سەر چونکە کاتێ کە کەسێک باسی ڕووداوێکت بۆ دەکات زۆر لە ووردەکاری باسەکە لە ناو ئامازە پیداندا بەسەر لەقاندنێک دەردەبڕی بەڵام بە نووسین زۆر زۆری دەوێ بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکەم تەواو بکەم ئەبوایە بچوومایە بۆ شارۆچکەکانی تری سەر ئەو سنوورە و لەوێش لێکوڵینەوەم بکەم بۆیەکە کەوتمە ڕێ بوار نەبوو کەبچم بۆ لای پاشازادە و خوا حافیزی لێ بکـــــــــەم ببـــــــــورن ( جمــــــــــال نــــــــــاڵتن تــــــــــاش )

بەڵام دام نابوو لەوسەرەوە کە گەڕامەوە بەم شارۆچکەیەدا بێمەوە و پاشازادە ببینمەوە و ئینجا بەرەو ئەستەنبوڵ بگەڕێمەوە ، کارەکەی خۆم 15 ڕۆژی پێ چوو کارەکەم تەواو کرد وێنەکانم گرت وبەڵگەنامەی پێویستیم کۆکردەوە و پێشنیارو بۆچونەکانم نووسی و گەڕامەوە بۆ شارۆچکەکە کاتەکە زوو بوو چونکە پاساکەم بۆ ئەستەنبوڵ دوا نیوەڕۆ دەردەچوو ، بلیتی گەڕانەوەم بڕی چووم بۆ فەرمانگەکەی پاشازادە دەرگاکە داخرابوو بێ ئەوەی لەدرەگای بدەم کردمە سەرم برد بە ژووردا وتم :

-" مەرحەبا .... ".

بەخەیاڵمدا نەهات کە پاشازادە لەوێ نەبێ پیاوێکی تر لە جێی ئەو دانیشتبوو سەرم سوڕما وتم :

-" کاک جەمال لەکوێیە .... ؟".

کابرای تۆزێ ترسی لێ نیشت و پاشان وتی :



Scanned by CamScanner





-" ڕۆی .... "

پێم نەوت بۆ کوێ ڕۆیشتووە چونکە دیار بوو کابرا لەم پرسیارکردنەم زۆر ترسا ، چووم بۆ لای بەڕێوبەرەکە وتم:

-" من هاتووم بۆ لای جەنابت ، تاوەکوخوا حافیزیت لێ بکەم چونکە ئەگەڕێمەوە ئەستەنبوڵ ، لەکاتی گفتوگۆدا لەکاتی گفتوگۆکردندا پرسیاری ( جمال ئاڵتن تاش ) لێ کرد واتە پاشازادە کابرا بەسەروچاووی دایەوە بەیەکدا هەروەکویەکمە جار کەپرسیارم لێ کرد وتی :

-" زانیمان کە کەریتیەک دەکات چونکە بەرتیلی لەخەڵک وەرگرتووە و ئەو کەسەش کە بەرتیلەکەی دەواتێ ژمارەی پارەکانی لای خۆی نوسیبوو ، پاشان داویەتی بە ئاسایش و شایەتیشی هەبوو لەسەر ئەو کارە بۆیە بەو تۆمەتەوە دەستگیر کاروە ڕاپێچی ئاسایش کراوە ( بڕوام بەوە هێنا ە پاشازادە لە دوا جاری یەکتر بینینمان پێ وتم ئەو شەوە لە کافتریاکە ) وتم :

-" ئەستەمە ... ".

( من وام زانی کە زانیویانە کە پاشازادەیە نەک جەمال ئاڵتن تاش بەڵام دەربارەی ئەوەیان نەزانیبوو ( بیری قسەکەیم

کەوتەوە کە وتی " ئەترسم لەوەی کە جارێکی تر ڕەوانەی زیندانم بکەنەوە " . ئایا بەرتیلی وەرگرتووە وەک ئەم بەڕێوبەرە باسی دەکات ؟ ئایا کۆمەڵگا دیسانە پاڵیان پێوە ناوەتەوە تاوەکو ئەو تاوانە بکات و بەو ڕێگەیە دا بڕواتەوە ؟ ئایا دیسان وتوویەتی هیچ هیوایەکم نەماوە؟ یان چی؟ تۆبڵێی بەپێچەوانەی ئەمانەوە بەرگەی گرتبێ و هەوڵی دابێ کە نەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕێگەیە؟ پاشان بەدەستی فەرمانبەرەکان ئەو تەڵەیەی بۆ دانرابێ!! کاتم بەدەستەوە نەبوو کە بچم بۆ زیندان و سەردانی بکەم، چونکە نەمزانی کە زیندانی دەکرێ، من بۆ ماڵئاوایی چووم بۆ فەرمانگەکە بۆ لای ، دیار بوو ئەوکەسانەی کە لێی دەترسان، هەموو هەوڵێکیاندا بوو تالەوێ نەمێنێ، هەوڵەکەیان بەئەنجام گەیشتبوو.دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو کاتە، ئێستا دەتوانم بێ درۆ قسە بکەم، ئارەزووی ئەوەم تێدا نەمابوو لەهەموو دڵمەوە بچم سەردانی پاشازادەبکەم لەزیندان، هەرچەندە ئەمتوانی کاتێک بۆ ئەو سەردانە تەرخان بکەم، کاتم زۆر بەدەستەوە بوو، گەڕامەوە ماڵەوە، ئەو تێبینیانەم دەنوسی لەسەر ئەوەی کە پاشازادە ئەو شەوە لەو کافتریایەی ئەو شارۆچکە سنوریەوە بۆی باسکردم، بۆ دواجار بەسەر ئەوشتانەدا چوومەوە کە بەدرێژایی یەکترناسینمان بۆی باسکردبووم و نوسیبوومەوە، نازانم پاشازادە خۆیوادێری قسەکانی تەواو نەکردبوو، چونکە من پێموتبوو"بۆچی یادگاریەکانت نانوسیتەوە؟ پاشازادە وەک وەڵامێک بۆ پرسیارەکەم وتی" ناتوانم یادگاریە



Scanned by CamScanner



عەزیز نەسین

ڕاستەقینەکەم بنوسمەوە، ئەگەر بڵاوبکرێتەوە، ئەوا زۆرکەس هەن خۆیان بەشەریف دادەنێن..."
لێرەدا نوسینەکە تەواوو نەکراوە و وەستاوە.

وەک ئەوە وابو کە بەئەنقەست دێڕەکەم تەواو نەکردبێ، هەروەک چۆن ژیانی پاشازادە تەواو نەبووبوو بەوشێوەیەی کە خۆی حەزی پێدەکرد، لەڕاستیدا هەموو ژیانێک بەکارێک کۆتایی دێت کە تەواو نەکراوە بەتەواوەتی، بەوشەیەک کە نەدرکاوە، چونکە مردن خاڵێک نییە لە کۆتایی قسەکردنێکدا، بەڵکو بڕینە لەناوەڕاستەکەی، پاشازادەیش نەیتوانی دوا وشە بدرکێنێ، لەکۆتایی نوسینەوەم دەربارەی پاشازادە، قسەیەک هەبوو کە کۆتاییەکەی خاڵی پێوەنەبوو "... زۆرکەس هەن کەخۆیان بەشەریف دادەنێن" ... هەموو مرۆڤێک بەدوای خۆیدا قسەیەک بەجێدێڵێت کە تەواو نەکراوە.

جا تۆ بڵێی بێ شێخ کارمان بڕوات بەڕێوە ؟ خەڵکی ئەم ناوچەیە پێویستیان بە شێخە ، شێخکمان هەبوو چەند تایبەمەندیەکی باشی تیا بوو ، تایبەتمەندی خراپیشی هەبوو ، کاری ئەبرد بە ڕێوە گەوادێکی عەجایب بوو حەدی نەبێ لە ڕووتاندا .... ، بەڵام کاتێ کارەکانی شێواند بەڵای بەسەر خۆیدا هێنا ، دەرمان کرد خەڵکەکە بەبێ شێخ مایەوە ، لێرە خەڵک ئەتوانن بەبێ نان بژین بەڵام ناتوانن بەبێ شێخ بژین ، زۆر دەمێکە ئێمە بە دوای شێخدا ئەگەڕێن هەواڵمان بۆ هەموو لایەک نارد کە ئەگەر شێخی باشیان دەست کەوت بۆمان بنێرن بەڵام هەر سوودی نەبوو ، خەڵک زۆر هەبوو کەوت بەدەست و قاچمدا کە بیکەم بە شێخ بەڵام کەسیانم پێ پەسەند نەبوو ".



Scanned by CamScanner

نێوەندی بڵاوکردنەوەی ئارام

ئامادەین بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانتان بە جوانترین شێوەی هونەری
بەچاپ گەیاندنی رۆمان و چیرۆك و شیعرو بابەتی فەلسەفی و هونەری

ئاسیا: 07701918565
سانا: 07301241518

نرخی (( 5000 )) دینارە

نرخی فرۆشتن تەنها پێنج هەزاردینارچاپی نوێیە



Scanned by CamScanner